حامید گەوهەری

# ئیدریس مستەفا بارزانی
# و
# بارزانییەکان باشتر بناسین
# مێژووی زارەکی

ستۆکهۆڵم

ناوی کتێب : ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ : حامید گەوهەری
هەڵەگر : کەمال گروێسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
دیزاینی بەرگ : حامد محمد سەقزی (مەریوان گرافیك)
چاپ یەکەم : چاپخانەی شەهاب – هەولێر 07504483863
بەسوپاس وێنەی چیای شیرین کەلەسەر بەرگی یەکەم دانراوە بەزومی کامیرای ڕەزا خالید گیراوە.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (791) ساڵی 2014 پێی دراوە

بەیادی حەفتایەمین ساڵی لە دایکبوونی
ئیدریس مستەفا بارزانی
پێشمەرگەو سەرکردەی هەمیشە زیندوو



ڕوانگە و داخوازی گەل پەسەند دەکەین،
تەنانەت ئەگەر
بەپێچەوانەی ڕوانگە و داخوازی ئێمە بێت

ئیدریس بارزانی

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 9 |
| سەرەتا | 11 |
| بارزان و بارزانییەکان | 14 |
| شێخ ئەحمەدی بارزان | 21 |
| مەلا مستەفا بارزانی | 33 |
| لەدایکبوونی ئیدریس بارزانی | 38 |
| ئاسایش و ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ ئیدریس و منداڵە بارزانییەکان لە مهاباد | 47 |
| هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و پاشەکشەی بارزانییەکان لە مهاباد | 50 |
| بەرەو چارەنوسێکی نادیار و دوور کەوتنەوەی بارزانی بە ... | 64 |
| چارەنوسی شێخ ئەحمەد، ئیدریس و بارزانییەکان لە عێراق | 84 |
| ئیدریس بارزانی تێکەڵاوی خەبات سیاسی دەبێت | 92 |
| ڕاوەستانی شەڕ و وتووێژی دووبارە | 121 |
| هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ | 123 |
| گەلاڵە دەبێت بە بارەگای گشتیی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان | 127 |
| وتووێژ و ڕێککەوتنی ڕژێمی بەعس لەگەڵ کورد | 129 |
| هاتنی بنەماڵەی بارزانی بۆ گوندی دێرێ | 132 |
| هاوسەرگیری و زەماوەندی ئیدریس بارزانی | 135 |
| کۆنگرەی ماوەت و لەتبوونی پارتی دیموکرات | 141 |
| کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان | 152 |
| دەستپێکردنەوەی شەڕ و نامەیەکی ئیدریس سەبارەت بەو شەڕانە | 161 |
| تاکتیکی نوێ لە شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندز | 172 |
| مردنی عەبدولسەلام عارف و پلانی نوێی ڕژێم بۆ کورد | 176 |
| ئیدریس دەبێت بە بەرپرسی بارەگای بارزانی | 181 |
| ساڵی ١٩٧٨ بەشەڕ و ئاژاوە دەست پێدەکات | 185 |
| دوو کودەتا لە مانگێکدا | 188 |
| قەرەداغ و داستانی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد | 190 |
| هەنگاونان بەرەو ئاشتی | 193 |
| دوورخستنەوەی جاشەکان لە کوردستان | 200 |
| لە نێوان ڕێککەوتن و هەڵگیرسانەوەی شەڕدا | 204 |
| ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ | 208 |
| کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان | 218 |
| هەوڵی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانی | 220 |
| عێراق دەچێتە ناو بەرەی یەکێتی سۆڤیەتەوە | 238 |
| دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی | 245 |

| | |
|---|---|
| دوا مۆڵەتی ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان | 252 |
| ڕێککەوتنی جەزائیر | 260 |
| کشانەوە بۆ ئێران و بەرپرسایەتی نوێی ئیدریس بارزانی | 272 |
| ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی | 283 |
| ناساغی ڕوو لە بارزانی دەکات | 289 |
| سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان | 301 |
| کۆمیتەیەکی نوێ بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری پەنابەران | 307 |
| ئیدریس بارزانی پێشمەرگەیەکی سادە و سەرکردەیەکی بەوەفا | 312 |
| چوونی ئیدریس بارزانی بۆلای بارزانیی باوک | 321 |
| سەرۆک مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد | 323 |
| ئیدریس بارزانی دیپلۆماتکارێکی شایستە | 336 |
| ئیدریس بارزانی هەڤاڵ و دۆستی گەنجان و مێرمنداڵان | 344 |
| کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان | 349 |
| بۆمبارانی کۆمەڵگای زێوە | 352 |
| هەڵوێستێکی کوردانەی ئیدریس بارزانی | 356 |
| بەرەی کوردستانی | 362 |
| کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە تاران | 366 |
| کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی | 378 |
| دۆست و هەڤاڵانی نزیکی یادی ئیدریس بارزانی دەکەنەوە | 390 |
| گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی بۆ زێدی خۆیان | 406 |
| پاشبەند | 410 |
| وێنەکان | 437 |
| بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر | 358 |

# پێشەکی

لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک کتێبی چەواشەکەرانە لەلایەن نوسەرانی سەربە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دژی شۆڕش و بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورد و سەرکردەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان، بەتایبەتی مەلا مستەفا بارزانی و پێشەوا قازی محەمەد و شێخ ئەحمەدی بارزان بڵاوکراوەتەوە. وەڵامی چوار لەو کتێبانەم، بە دوو کتێبی "تراویلکەی پیلانەکان" و "چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان" لە ساڵی ۲۰۱۳دا، دایەوە کە خوێنەرانی بەڕێز لەلایەک ڕاستییەکانی ژیان و خەباتی نەتەوەی کورد، پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک مستەفا بارزانییان بۆ ڕوون بێتەوە و لەلایەکیتردا بەڵگەیەک بدەمە دەست لاوان و نەوەکانی دوایی کورد کە فریوی چەواشەکارییەکانی دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەمان نەخۆن و تا گەیشتن بە ئاوات و ڕزگارکردنی کوردستان لە چنگ داگیرکەران، لە خەبات و تێکۆشان نەوەستن.

یەکێکی تر لەو سەرکردانەی کە خامەبەدەستان و پیاوانی سەربە دەزگاکانی هەواڵگریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بە زمان و بە نوسین هێرشی بۆ دەکەن و بە سەرکردەیەکی شەڕانی و شەڕخواز ناوی دەبەن، ڕەوانشاد ئیدریس مستەفا بارزانی نەمرە کە دەیانەوێت لەبەر چاوی نەوەی نوێ، ناشیرینی بکەن. لە ڕاستیدا ئامانجی دوژمن لەو چەواشەکارییانەی، دوور کردنەوەی نەتەوەی کوردە لە ئەزموونی باشوری کوردستان و هەرەسپێهێنانیەتی و دەیانەوێ بە خوێنەرانیان و نەوەی نوێی گەلەکەمان بڵێن، زاخاوی فیکریی ئەزموونی باشوری کوردستان لە هەست و ڕێبازی ئەو سەرکردانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە و جگەلە شەڕوشور چی تریان لە جانتادا نییە و ئەزموونی باشوری کوردستان لە دواڕۆژدا گەلی کورد تووشی داماویی و هەناسەساردیی دەکات!!!

لەو دوو کتێبانەی پێشوودا هەوڵمدا بە دوو شێوازی زانستی و مەیدانی، بە بەڵگە و شایەتی زیندوو وەڵامی چەواشەکارییەکانی دوژمن بدەمەوە. لەم بەرهەمەشمدا هەوڵدەدەم ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێنم و ڕاستییەکانی ژیانی کورت و خزمەتی زۆری ئیدریس مستەفا بارزانی و ڕادەی خۆشەویستیی ئەو لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بۆ

خـوێنـەران ڕوون بـکـەمەوە، تـا دۆسـت و دوژمـن ئـیـدریس مسـتـەفا بـارزانی و بارزانییـەکان باشتر بناسن و بزانن ڕەوانشاد ئیـدریس بـارزانی تـا چ ڕادەیـەک دۆست و یاوەری نەتەوەکەی و ئاشتیخواز و دوژمنـی شـەڕ و خوێنڕشتن بـووە و تا چ ڕادەیەکیش لە خزمەت نەتەوەی خۆی و خەڵکی فەقیر و هەژاردا بـووە و ڕێگای چارەسەریی کێشەکانی نەتەوەی کوردی لە ئاشتیدا دیوە.

لە نوسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە توێژینەوەیەمدا، ژمارەیەک دۆست و دڵسۆزی کورد یارمەتیـان کـردوم. بەشێکیان بە ڕێکاری شیکاریی و ناسـاندنی کەسـانی شـارەزا و شـوێنی ڕووداوەکـان، هانیانـداوم باشـتر بچـمە نـاخی ڕووداوەکـانەوە. پێشـمەرگە و سـەرکردەکانی شۆڕشـی ئەیلـول و گـوڵان و هاوکاران و نزیکانی کاک ئیدریس بە تێکڕا گوێیـان لە وتەکانم گرتووە و بە دوور لە هەستی زیادەخوازی، بە وردی ڕووداوەکانیـان بـۆ شـی کـردومەتەوە. بەتـایبەتی مامۆستا نیعمەت شـەهاب مامۆسـتای قۆنـاخی چـوارەمی بەشـی مێژووی زانکۆی سەلاحەدین، بە بەردەوامـی لە دۆزینـەوەی کەسایەتییەکانی بەشدار لە ڕووداوەکاندا، وێنەگرتن لێیان و هاتووچۆ بۆلایان زۆری زەحمەت بۆ کێشاوم.

جگەلەوە پێویسـتە پـڕبەدڵ سوپاسـی کـاک کەمـال گروێسـی و کـاک هەژار گەوهەری بکەم کە وەک هەمیشە کـاتی خۆیـان بـۆ بژارکردن و مۆنتـاژ کردنـی کتێبەکەم تەرخان کرد، سوپاس بۆ یارمەتییەکانیان.

حامید گەوهەری
سوید: ٢٠١٤

# سەرەتا

ڕۆژی ۲۳ ی ئاوگۆستی ئەم ساڵ، پێنج سەدە یان باشترە بڵێم ٥٠٠ ساڵ بەسەر شەڕی چاڵدیران لە نێوان ئیمپراتۆرەکانی سەفەویی و عوسمانییدا تێدەپەڕێت، لەو شەڕەدا کە ڕۆژی ۲۳ ی ئاوگۆستی ساڵی ١٥١٤ بە هێرشکردنی لەشکری سوڵتان "سەلیم عوسمانی" بۆ سەر لەشکری شا "ئیسماعیل سەفەوی" دەستیپێکرد، کوردستان بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانی نێوان دەوڵەتانی سوننەی عوسمانیی و شیعەی ئێران کە دامەزرێنەرەکەی شا ئیسماعیل سەفەویی بوو.

چونکە کوردەکان سوننە بوون و شەڕەکەش لە هەرێمی ئەواندا ڕوویدا بوو، زۆربەی سەرۆک خێڵە کوردەکان لەو شەڕەدا پشتی عوسمانییەکانیان گرت و لە ئەنجامدا سوڵتان سەلیم توانی لەشکری سەفەویی بشکێنێت.

شکانی سەفەوییەکان لە شەڕی چاڵدیراندا، سەرەتای دابەشبوونی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد بوو بەسەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا. هەرچەندە ئێران لە شەڕی چاڵدیراندا شکا، بەڵام بە ئاسانیی ملی نەدا و بە زوویی کۆتایی بە شەڕەکە نەهێنا. لەبەر ئەوە هەردوو دەوڵەت بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی پتری خۆیان بەسەر کوردستاندا، دەیان ساڵ بەربەرەکانیی یەکتریان کرد، تا سەرئەنجام سوڵتان "موراد"ی چوارەم توانی بەسەر شا "سەفیەدین"ی یەکەمدا زاڵ ببێت و ساڵی ١٦٣٩ لە شارۆچکەی "زەهاو" پەیمانی دابەشکردنی کوردستانی پێ مۆر بکات. لە ڕاستیدا سوڵتان سەلیمی گەورە ئەم پەیمانەی لە ساڵی ١٥٥٥ دا بەسەر شا "تەهماسب"ی یەکەمدا سەپاندبوو. بەپێی پەیمانی زەهاو، سێ لەسەر چواری خاکی کوردستان کەوتە ژێردەستی دەوڵەتی سوننەی عوسمانییەوە و یەک لەسەر چواریشی چووە ژێردەستی دەوڵەتی شیعەی ئێرانەوە.(١)

هەوڵ و تێکۆشانی دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانیی، دوای شەڕی چاڵدیران بۆ دەستەمۆکردنی سەرۆک خێڵە کوردەکان و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کوردستاندا، بە ئاسایی نەکرا و کوردەکان ئامادەنەبوون بە ئاسانیی خۆیان بەدەستەوە بدەن و دەست لە ژیانی ئازاد و سەربەستی خۆیان هەڵبگرن. لەبەرئەوە هەردوو دەوڵەت بۆ بەچۆکدادانی خێڵە کوردەکان، توشی زۆر شەڕی دژواری ناوچەیی بوون. لە هەموو ئەو شەڕانە گرنگتر، ڕاپەڕینی

"خانی لەپ زێڕینی برادۆست" بوو کە ساڵی ١٦٠٨ دژی دەسەڵاتداریی شا "عەباسی سەفەوی" لە قەڵای دمدم ڕوویدا. ڕاپەڕینی قەڵای دمدم کە بەیتەکانی لە لایەن "ئۆسکارمان"ی ئاڵمانی لە ناوچەی مهاباد کۆکراوەتەوە، بەشێوەی بەربڵاو و یەکنەگرتوو هەستی کوردایەتی تێدا دەبینرێت.

هەستی کوردایەتی لە ناو خێڵە کوردەکاندا لە سەدەی حەڤدەی زایینیدا سەریهەڵداوە و بووە بە هۆی بزواندنی هەستی نەتەوایەتی ژمارەیەک نوسەری کورد، لەوانە: "فەقێ تەیران" و "مەلای جەزیری" بۆ نوسینەکانیان لە زمانی زگماکیی کوردی کەڵکیان وەرگرت و "ئەحمەدی خانی" داستانی مەسنەویی مەم و زینی نوسی. مەم و زینی ئەحمەدی خانی یەکەم نوسراوەی کوردییە کە هەستی ناسیۆنالیستیی کورد زەق دەکاتەوە، بەڵام بیری پاشکەوتووی دەرەبەگایەتی لە قۆناخی دەرەبەگایەتی ئەوکاتی کوردستاندا و بەهێز بوونی بیری ئیسلامیی لەناو کوردە دەسەڵاتدارەکاندا، پێشی بەگەشەسەندن و هەڵدانی تەندروستی ئەو هەستە نەتەوایەتییە داڕێژراوە گرت و نەیهێشت بەشێوەی سروشتیی گەشە بکات و پەرەبستێنێ و بگاتە ئاستی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد، لەو قۆناخەدا.

کوردستان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بە دەست سەرۆک خێڵە کوردەکان هەڵدەسوڕا. میرەکانی "هەکاریی"، "بۆتان"، "بادینان"، "سۆران"، "بابان"، "ئەردەڵان" و "موکری"، بەشی هەرە زۆری کوردستانیان بە دەست بوو. هەرکام لەو میرە کوردانە، بە دابونەریتی ئەوکاتە، خاوەنی دامەزراو و دەزگای بەڕێوەبەریی حکومەتی و هێزی پارێزەر بوون، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی لەسەر دەسەڵاتێکی گشتیی و هاوبەشی نەتەوەیی یەکبگرن و دەوڵەتی کورد دامەزرێنن و بچنە ژێرفەرمانی چوارچێوەداری دەوڵەتییەوە و ئەوان بە بەردەوامیی بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان، تێدەکۆشان و ئەگەر ژیان و سەربەستیی ناوچەکەیان کەوتبێتە مەترسییەوە، ماوەیەک دژی نەیاران بەربەرەکانییان کردوە، تا سەرئەنجام دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورک و ئێران بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندی حکومەتەکانیاندا، کۆتاییان بە ژیانی ئەو میرنشینانە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیان لە کوردستاندا هێنا.

گرنگترین بزووتنەوەی کورد بۆ ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ "عوبەیدیلا نەهریی" لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا بوو.

شێخ کە ڕێبەرێکی ئایینی و کەسایەتییەکی ناسراوی سیاسی کورد بوو، ساڵی ١٨٨٠ بە هاوکاریی "بەحری بەگ بەدرخان" توانی سەرۆک خێڵەکانی زەرزا، گەورک، مامەش، پیران و مەنگوڕ لە یەکتر نزیک بکاتەوە و بە دروشمی ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، ناوچەکانی ماکۆ، خۆی، سەلماس، ورمێ، شنۆ، مهاباد و مەراغە ڕزگار بکات. لەشکری شێخ بەرەو تەورێز دەچێت، بەڵام لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەشکێت و بەرەو سنوری تورکیا دەکشێتەوە و تورکەکان دەستبەسەری دەکەن. شێخ عوبەیدیلا سەرەتا لە ئەستەمبوڵ دەستبەسەر دەکەن و دواتر دووری دەخەنەوە بۆ مەککە و ساڵی ١٨٨٢، شێخ لەوێ کۆچی دوایی کرد(٢)

شکانی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدیلا نەهەری، هۆزە کوردەکانی بۆ بەدەستخستنی مافی چارەنوسی نەتەوەیی سارد نەکردەوە و بە دوای ئەودا چەندان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا سەریانهەڵدا کە گرنگترینیان بزووتنەوەی شێخانی بارزانە.

---

١- کورد تورک عەرەب، نوسینی سیسیل ج ئیدمۆندس، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر. دەتوانن ئەم کتێبە لە ویکیپیدیای کوردیدا بخوێننەوە

٢- کوردەکان، نوسینی حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ٥٠، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.

## بارزان و بارزانییەکان

بارزان ناوچەیەکە لە باشوری کوردستان و لە سنوری پارێزگای هەولێر دایە. یەکێکە لە سێ ناحیەکانی مەڵبەندی مێرگەسور: "مێرگەسور، بارزان و شێروان" لە خۆرهەڵاتی قەزای ڕەواندز، خۆرئاوای قەزای ئامێدی و باشوری قەزای ئاکرێ هەڵکەوتووە و لە باکورەوە دەگاتە باکوری کوردستان. دانیشتوانی ناوچەکە بە کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتەوە خەریکن و ژمارەی گوندەکانی ٤٠٠ گوندن. ڕێژەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری شۆڕشی ئەیلول لە کۆتایی شەستەکاندا، ٣٥ تا ٤٠ هەزار کەس بووە و ئێستا نزیکەی ٣٥٠ هەزار کەسە. ناوچەیەکی شاخاوییەو ڕوباری زێی گەورەی بەنێودا دەڕوات و دەچێتە گەلی بێخمە و لە خواروی موسڵ تێکەڵی ڕوباری زێ دەبێت. هەروەها ڕوباری "ڕۆکوچک" لە باکورەوە دێت و بە ناوچەکەدا تێدەپەڕێ و لە نزیک گوندی "ڕێزان" تێکەڵی زێی گەورە دەبێت. لە چیا بەرزەکانی کوردستان، چیای شیرین بەسەر گوندی بارزان دا دەڕوانێت، چیای "بۆتین"، "پیران"، "قەلەندەر"، "برادۆست"، "زەردەنە" و "کوڕی هۆری" دەوری ناوچەی بارزانیان تەنیوە.

بارزان مەڵبەندی شێخەکانی بارزانە کە بارزانییەکان ناوی خۆیان لەو گوندە وەرگرتووە. ئەو شێخانە لە بەرەبابی فەرمانڕەواکانی ئامێدی بوون. مەسعود باپیرە گەورەیان هاتووە لە گوندی "هەڤنکا"ی نزیک گوندی بارزان نیشتەجێ بووەو لەوێ لەگەڵ کچێک هاوسەرگیریی کردوەو کوڕێکی لێی بووە بەناوی سەعید کە نەوەی ئەویش شێخ تاجەدین زانایەکی ناوداری ئایینی بوو. گەلێک مرید لە دەوری شێخ تاجەدین کۆبوونەتەوە. ناوبراو تەکیەی "بارزان"ی دامەزراند و هەموو ژیانی خۆی لەوێ تێپەڕاند.

پاش ئەو، شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی و دواتریش شێخ عەبدوڵای کوڕی جێی گرتەوە کە بە دینداری و خۆپارێزی ناوبانگی دەرکردبوو. شێخ عەبدوڵا، شێخ عەبدولسەلامی کوڕی ناردە "نەهریە" تا لەسەر دەستی شێخی گەورە "سەید تەهای نەهری" زانیارییە ئایینییەکانی وەربگرێت و ئەویش بە دوای کۆچی دوایی باوکیدا کاروباری تەکیەی بارزانی بەدەستەوە گرت و ژمارەی مریدەکانی زۆر زیادی کرد. شێخ عەبدولسەلام خوێندنگەیەکی ئایینی لە گوندی بارزان دانا کە لە هەموو ناوچەکاندا دەنگی دایەوە و ژمارەیەکی زۆر بۆ خوێندن ڕویان تێکردو پێوەندیی زۆر گەرمیشی لەگەڵ سەید تەهای نەهری هەبوو.

مەولانا خالید نەقشبەندی لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ ناوچەی بارزان سەردانی تەکیەی بارزانی کرد و شێخ عەبدولسەلامی بە خەلیفە وەرگرت و لەگەڵ خۆی بردی بۆ نەهری کە سەید تەها ببینێ کە ئەویش ببوو بە خەلیفەی مەولانا خالید.

شێخ عەبدولسەلام ساڵی ١٨٧٢ کۆچی دوایی کرد. سێ ساڵ بەرلە مردنی، کتێبێکی بەنرخی لەسەر فقهی ئیسلام بڵاوکردەوە. پاش ئەو، شێخ محەمەدی کوڕی شێخایەتی وەرگرت. ئەو خوێندنی لای باوکی تەواوکرد و لە بڕوا و خۆپارێزیدا زۆر بەناوبانگ بوو. لە سەردەمی شێخ محەمەددا تەکیەی بارزان ببوو بە مەکۆی زۆرلێکراوان و لێقەوماوانی هۆزەکانی دەوروپشتی بارزان، تا وایلێهات سەرۆک هۆزەکان لەلای کاربەدەستانی عوسمانی شکاتیان لە شێخ محەمەد کردو حکومەتی عوسمانی شێخی گرت و ساڵێک لە شاری بتلیس زیندانی کرد. دوای گەڕانەوەی بۆ بارزان، شێخ محەمەد زۆری دەوام نەهێناو ساڵی ١٩٠٣ کۆچی دوایی کرد. شێخ محەمەد پێنج کوڕی بەو ناوانە لەدوای خۆی بەجێهێشت:

شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد، محەمەد سدیق، بابۆ و مەلا مستەفا.

لە سەردەمی شێخایەتی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دا کۆمەڵێک چاکسازیی و گۆڕانی بنەڕەتی لە ناوچەی بارزان و لەناو بارزانییەکاندا پێکهات. ئەگەر بەرلە شێخ عەبدولسەلام تێکڕای بارزانییەکان هاوبیری شێخانی بارزان نەبوون، لەوکاتە بەدواوە بەتێکڕا پشتگیریی و دڵسۆزی خۆیان بۆ شێخ دەربری و هۆزەکانی "شێروانی"، "دۆڵەمەری"، "مزوری"، "بەڕۆژی"، "نزاری"، "گەردی" و "هەرکی بنەجێ" ملیان بۆ پێشەوایەتی شێخ عەبدولسەلام دانەواند و لەوکاتەوە ناوی بارزانی، ئەو هۆزانەشی گرتەوە، واتە بارزانییەکان لەو حەوت هۆزانە پێکهاتوون.

چاکسازییەکانی شێخ عەبدولسەلام بریتی بوون لە: تێکدانی ڕێوڕەسمی ئاغایەتی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا، نەهێشتنی مارەیی و بەشودانی زۆرەملی، ڕێکخستنی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی یەکسان، دروستکردنی مزگەوت لە هەموو گوندەکاندا بۆ نوێژکردن و شوێنی کۆبوونەوە و چارەسەرکردنی گێروگرفت و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی گوند، دانانی لیژنە لە گوندەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گوندەکان، ڕێکخستنی گروپی چەکدار لە هۆزەکاندا و دیارییکردنی لێپرسراو بۆیان. شایانی باسە کە ئەحمەد ئاغای "بێرسیاڤ" خاڵی بارزانی دەوری باڵای هەبووە لە پشتگیریی و پاراستنی ئەو چاکسازیانە و خۆی و هۆزەکەی هێزێکی بنەڕەتی بوون لەدەست شێخ عەبدولسەلام دا.

هەرچەندە سەردەمی پێشەوایەتی شێخ عەبدولسەلام کورت بوو، بەڵام ئەو بە لێهاتوویی و لێزانی تەواو لە کاری دین و دنیادا سەلماندی کە دەبێ خزمەتی خەڵک بکرێت. لەو ڕێیەوە ئەو توانی لەگەڵ زۆربەی هۆزەکاندا پێوەندی نزیک پێکبێنێت. شێخ هەستی

بەو ستەمە کرد کە نەتەوەی کورد بەدەست عوسمانییەکانەوە دەیچێژێ. بۆ ئەو مەبەستە بەشوێن ڕێیەکدا گەڕا کە گەلی کورد لە زوڵم و ستەم ڕزگار بکات. لە یەکەم هەنگاودا بۆ بینینی سەرۆک و گەورەی هۆزە کوردەکان، بە گەشتێک دەستیکرد. شێخ دەورێکی بناخەیی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری چاکسازیی سیاسی لەنێو خەڵکی کوردستاندا و لە نزیکەوە پێوەندیی بە کۆمەڵەی "تەعالی و تەرەقی کورد"، "کۆمەڵەی هیڤی"، "کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد"، شێخ مەحمودی حەفید، شێخ عەبدولقادری نەهری و سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ"وە کرد. شێخ لە بەهاریساڵی ١٩٠٧دا بەشداریی کۆبوونەوەیەکی کرد کە لە "بریڤکان" و لە ماڵی شێخ نورمحەمەد بریڤکانی پێشەوای تەکیەی قادری پێکهات. لەو کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر سەرۆک هۆز و گەورەکانی کورد لە بروسکەیەکدا داوایان لە "بابی عالی" لە ئەستەمبوڵ کرد کە ئەم داخوازانەی کورد جێبەجێ بکات:

١- زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا بکرێت بە زمانی ڕەسمی.

٢- خوێندن بە زمانی کوردی بێت.

٣- قایمقام و مودیر ناحیە و کاربەدەستانی ناوچە کوردییەکان دەبێ زمانی کوردی بزانن.

٤- چونکە ئایینی دەوڵەت ئیسلامە، بڕیارەکانی بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەربکرێن.

٥- باجەکان "باجی خزمەتە میرییەکان" وەکوو خۆی بمێنێ بە مەرجێک بۆ چاککردنی ڕێگاوبان و کردنەوەی خوێندنگە لە ناوچە کوردییەکاندا خەرج بکرێت.

"دەمەلۆجی" لە کتێبەکەیدا "ئەمارەتی بەهدینان" دەڵێت: کۆپی ئەم بروسکەیە نێردرا بۆ شێخ عەبدولقادری عوبەیدیلای نەهری،

بۆ ئەمین عالی بەدرخان و بۆ فەریق شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشا، کە ئەم کۆپی ناردنە پێچەوانەی بیری مۆرکردوەکانی بروسکەکە بوو، چونکە دەیانویست لە ڕەسمیەتی خۆی دەرنەچێ، بەڵام بە ویستی شێخ عەبدولسەلام بەو شێوەیەی لێهات.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووان سوێندیان خوارد کە ئەم داخوازییانە بپارێزن و وازی لێنەهێنن و لە جیاتی هەمووان، شێخ عەبدولسەلام بروسکەکەی واژۆ کرد. کاتێ "بابی عالی" ئەو بروسکەیەی وەرگرت، ئەوی بە دەرچوون لە فەرمانی میریی و داوای جیابوونەوە دانا و لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٧دا، هێزێکی پۆشتە لە سوپا بە فەرماندەیی فەریق "محەمەد فازل پاشای داغستان"ی ناردە سەریان. هیچکام لە سەرۆک هۆزەکان بەربەرەکانیان نەکرد و تەنانەت هەندێکیان پاڵیان بە داگیرکەرانەوە دا و هەموو قورساییەکەیان خستە سەر بارزان. شێخ عەبدولسەلام فەرمانی بەرگری دا و بۆ ماوەی دوو مانگ، بارزانییەکان بەرگرییان کرد، تا سەرئەنجام شێخ ناچاربوو ناوچەکە بەجێبهێڵێت و پەنا بۆ "مارشەمعون"ی ئاسوری بەرێت. داغستانی گەیشتە بارزان و گوندەکەی سوتاند و مستەفا بارزانی تەمەن سێ ساڵانەی لەگەڵ دایکی بەدیل گرت و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەندیخانەی موسڵدا ڕایگرتن.

شێخ عەبدولسەلام ساڵی ١٩٠٨ گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، جەنگاوەرەکانی کۆکردەوە و لە پشت چیای شیرین کە دەکەوێتە باکوری گوندی بارزان، پەلاماری ئەو هێزەی تورکانیدا کە لە ناوچەکەدا بوون و زیانێکی زۆری بە سوپای عوسمانی گەیاند. لە ئاکامی ئەو سەرکەوتنە مەزنەدا، حکومەت داوای وتووێژی لە شێخ عەبدولسەلام کرد و لە ئاکامی ئەو وتووێژەدا، شێخ بە دیلگیراوەکانی عوسمانی ئازاد کرد و ئەوانیش قەرەبووی زیانی

بارزانییەکانیان کردەوە، بەڵام ساڵی ١٩١٣ "سلێمان نەزیف" والی موسڵ سەرلەنوێ پەلاماری ناوچەی بارزانیدا و دیسان شێخ ناوچەکەی بەجێهێشت و ئەم جارەیان ڕویکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چوو بۆلای سەید تەهای محەمەد سدیق نەهری لە گوندی ڕاژان لە نزیک ورمێ. بابی عالی خەڵاتێکی زۆری بۆ گرتن، یان کوشتنی شێخ دیاریکرد. لە ڕاژانەوە شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ سمایل ئاغای شکاک "سمکۆ" چوون بۆ تفلیس و چاویان بە نێردراوی قەیسەری ڕوس "تزار" کەوت و ئەویش بەڵێنی پێدان کە پشتگیری لە کورد بکەن بۆ ڕزگاربوونی لە دەست تورکانی عوسمانی. لە گەڕانەوەدا کە ماڵئاوایی لە سمکۆ کرد، لە گوندی "گەنگەچین" میوانی سۆفی عەبدوڵا خاوەنی گوندەکە دەبێت. سۆفی شەو لە خەودا، شێخ و سێ هاوڕێکانی دەگرێت و لە "سێرو" دەیانداتە دەست تورکان و خەڵاتی خۆی وەردەگرێت. تورکە عوسمانییەکان شێخ عەبدولسەلامیان گواستەوە بۆ موسڵ و ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤، واتا ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ سێ هاوڕێیەکانی لە سێدارەیاندان.

بە شەهیدبوونی شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەدی بارزان لە تەمەنی هەژدەساڵیدا جێی شێخ عەبدولسەلامی گرتەوە و لەسەر ڕێباز و ڕێنوێنییەکانی شێخ چووە پێشەوە و مەلا مستەفای پەروەردە کرد کە درێژە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد بدات. لەناو شێخەکانی بارزاندا مەلا نازناوی کەسانی خوێندەوار بوو، وەک چۆن لە ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خوێندەوارەکانیان دەگوت میرزا.[١]

١- بۆ نوسینی ئەم بەشە، لەم سێ کتێبانەی خوارەوە کەڵک وەرگیراوە:
ئـا- بـارزانـی و بـزووتـنـەوەی ڕزگـاریخوازانـەی کـورد، ١٩٣١- ١٩٥٨ نوسـینـی مـەسـعود بارزانـی، وەرگێڕانی سەعید ناکام لـە عەرەبییـەوە بۆسەر زمانـی کوردی، ١٩٩٨.
ب- کتێبی بارزانی- لە مهابادی خوێناویەوە هەتا لێوارەکانی ئاراس، نەجەف قولی پسیان
پ- کتێبی اوضاع سیاسی اجتماعی تاریخی ایل بـارزان، گـردآوری و پـژوهش: محمد علی سلطانی، سازمان اسناد و کتابخانە ملی جمهوری اسلامی ایران، ١٩٨٣.

# شێخ ئەحمەدی بارزان

شێخ ئەحمەد لە کاتێکدا جێی شێخ عەبدولسەلامی برای گرتەوە کە سوپای ئینگلیز هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٤دا خاکی عێراق و باشوری کوردستانی داگیرکرد. دوای بڕانەوەی جەنگ و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، گەلانی ناوچەکە بە گەلی کوردەوە ڕاپەڕین و داوای ئازادیی و سەربەخۆیی و مافی زەوتکراوی خۆیان کرد و لە ئاکامدا خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانی دابەشکرا و چەند نەتەوە بە مافی خۆیان گەیشتن.

سەبارەت بە نەتەوەی کوردیش کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٢٠، پەیمانێکی لەژێر ناوی پەیمانی "سێڤەر" پەسەندکرد کە ئامانجی بەشێک لە نەتەوەی کورد بێنێتەدی. بەندی ٦٤ی پەیمانی سێڤەر دەڵێت:

- (لە ماوەی ساڵیک بە دوای ئەم پەیماننامەیەدا ئەگەر کوردی ناوچە باسکراوەکان لە بەندی ٦٢، داوا لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات بۆ سەربەخۆیی و ئەگەر سەلماندیان زۆربەی کوردەکان خوازیاری سەربەخۆیین و کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بەوەدانا کورد شیاوی سەربەخۆیین، تورکیا لە ئێستاوە بەڵێنی بەجێهێنانی ئەو ڕاسپاردەیە دەدات و هیچ مافێکی بەسەر ئەو ناوچانەوە نامێنێ. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پەیمانە، تورکیا و

**هاوپەیمانەکان ڕێکدەکەون و ڕێگە لەو کوردانە ناگرن کە تا ئێستا سەربە موسڵ بوون، بێنە ناو ئەم دەوڵەتە کوردییەوە[1])**

باشوری کوردستان کە سەربە پارێزگای موسڵ بوو، لەگەڵ بەشێکی زۆری باکوری کوردستان بە تێکڕا کەوتنە ناو ئەو پڕۆژەوە، کەچی دواتر کە مستەفا کەمال دەسەلاتی گرتەدەست، هاوپەیمانان پشتیان لە پەیمانی سیڤەر کرد و لە ١٩٢٣/٧/٢٤دا پەیمانێکی تریان لەژێر ناوی پەیمانی "لۆزان" لەجێی پەیمانی سێڤەر دانا و کەمال ئاتاتورکیش بەرامبەر بە کورد خۆی کۆکردەوە و بە هاوکاریی هاوپەیمانان، هەموو ئاواتی کوردیان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای سەربەخۆیی پوچەڵکردەوە. بڕگەی دووەم لە بەندی سێیەمی پەیمانی لۆزان دەڵێت:

**- (ئەگەر تا نۆ مانگ لە مێژووی پەیماننامەکە، ناکۆکیی سنوریی نێوان عێراق و تورکیا لەسەر ویلایەتی موسڵ ڕوبدات و تورکیا و بریتانیا ڕێگاچارەی ئاشتیانەیان بۆ کێشەکە نەدۆزییەوە، کێشەکە دەدرێ بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.)**

ئەو گفتوگۆیانە بە یادداشتێکی بریتانیا، لەژێر چاودێریی سێر "پرسی کاکس" و "ڕ. ف. جاردین" جێگری ئیداریی پارێزگای موسڵ لە ڕۆژی ١٩٢٤/٥/١٩ دەستی پێکرد، بەڵام ئاکامیان لێوەرنەگیرا و سەرئەنجام کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ١٩٢٤/٩/٣٠ ئەرکەکەی گرتە ئەستۆی خۆی و لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پێکهێنا کە ئەندامانی بریتی بوون لە: ئا.ف. ونرسێن A.af. wnrsen لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە

هەنگاریا، کۆلۆنێل ئا. پاول A. Pauli لە بلژیک. هەروەها سینیۆر ڕۆدۆلۆ Signor Roddolo لە ئیتالیا و کۆنت هۆراس دوپرتالن Count Horacede Portales لە سویس بۆ نوسینی پرۆتکۆڵی لیژنەکە دیاریکران.

لیژنەی چارەسەرکردنی سنوری نێوان تورکیا و عێراق ڕۆژی ١٩٢٤/١٢/١٦ گەیشتە بەغدا و ڕۆژی دوایی چووە موسڵ و دوای دوو مانگ گەڕان بە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا و وەرگرتنی بیروڕای خەڵکی ناوچەکە، ڕاپۆرتێکی ئاراستەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و داوای کرد ناوچەکانی خوار هێڵی برۆکسل[٢] بدرێت بە عێراق، بەو مەرجە کە عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێردەستی بەریتانیادا بمێنێتەوە و حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق بەرژەوەندیی کورد بپارێزێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیدا و زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی لە خوێندن، نوسین، ئیدارە و دادگاکاندا کە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم پرۆژەیەی پەسەندکرد و حکومەتی تورکیا دوای ململانێیەکی زۆر، سەرئەنجام ڕۆژی ١٩٢٦/٦/٥ ملی بۆ مۆرکردنی پەیمانێکی سێ قۆڵی لەگەڵ عێراق و بریتانیا ڕاکێشا. بەو پەیمانە دوو پارچەی تر لە خاک و نەتەوەی کورد لە کوردستان کرایەوە، بەشێکی درا بە سوریا و بەشەکەی تری خرایە سەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق، بەڵام ئەو دابەشکردنە جێی ڕەزامەندی کورد نەبوو و قبوڵی نەکرد.

لە ڕەوتی ئەو ململانێیە نێودەوڵەتییەدا شێخ مەحمودی حەفید ساڵی ١٩١٩ بە دژی دەسەڵاتدارییەتی ئینگلیز ڕاپەڕی و ڕۆژی ١٩٢٤/٩/١٤ خۆی وەک مەلیکی کوردستان ناساند، هێزەکانی ئینگلیز ساڵی ١٩٣١ بزووتنەوەکەیان لەناو برد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەزاشا بە فێڵ سمایل ئاغای سمکۆ سەرۆکی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کوشت.

لە نۆڤێمبەر "تشرینی دووەم" ١٩١٩، کۆلۆنێل "بیل" حاکمی موسڵ لەگەڵ کاپیتان "سکۆت" حاکمی ئاکرێ گەشتێکی ناوچەی عەشیرەتەکانی سورچی و زێبارییان کرد و چوون بۆ ناوچەی بارزان، لە بارزان کۆلۆنێل هەڕەشەی لە شێخ ئەحمەد کرد و سەرانەیەکی زۆری خستەسەر سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە. لەبەر ئەوە سەرۆک هۆزەکانی سورچی و زێباری بڕیاریاندا بۆسەیەک بۆ کۆلۆنێل بیل و هاوڕێیانی دانێن. لە گەڕانەوەیاندا لە نزیک گوندی "بیرەکەپرە"، فارس ئاغای زێباری، بابەکر ئاغای زێباری خزمی نارده بارزان کە شێخ ئەحمەد ئەم پلانەیان پەسەند بکات و پشتیان بگرێ کە شیخ بەو مەرجە پەسەندی کرد کە هەموو لایەک بەرامبەر بەم کارە بەڵێنەکانیان بەجێ بگەیەنن و گوتی: **"ئینگلیزەکان بێگومان هەڵوێستی توند دەنوێنن."** دوای وەرگرتنی بەڵێن لە سەرۆک هۆزەکانی ناوچە، ناوبرا شیخ محەمەد سدیق بارزانی برای نارده بیرەکەپرە تا لەگەڵ ئەواندا بەشداربێت لە دەست وەشاندنەکە و لە ئەنجامدا ڕۆژی ١٩١٩/١١/٤ کۆلۆنێل بیلیان کوشت.

ڕۆژی ١٩١٩/١١/١٤ ئەو هــۆزانە بەپــێچەوانەی بەڵێنەکەیـــان، پەلامـاری شـارۆچکەی ئاکرێیـان دا و گرتیـان و گەنجینـەی شـاریان تالان کرد، بەڵام لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی پارەکان، ناکۆکیان تــێکەوت. شــێخ ئەحــمەد لەو کارەیـــان تـــوڕە بـــوو و ئەوی بە نیشانەیەکی مەترسیدار لە قەڵەمدا و گوتی: **(ئەگەر ئێوە لەسەر پارەیەکی کەم کە ئەمڕۆ لە ئاکرێ دستتان کەوتووە، بچن بەگژ یەکتردا، ئەی ئەگەر گەنجینەی موسڵتان دەستکەوێ چیدەکەن؟)** لەبەر ئەوە شــێخ ئەحــمەد بڕیاریـــدا بـــارزانییە چەکـــدارەکان بگەڕێنەوە بـارزان و ئـاکرێ بەجێهێڵن. لە ئەنجامـدا هێزەکـانی تریش ئاکرێیان بەجێهێشت.

دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە بەهاری ١٩٢٠دا، ئاسورییەکانیان لە باکوری کوردستانەوە هێنایە ناوچەی بادینان و لەوێ نیشتەجێیان کردن و دواتر هانیدان هێرش بکەنە سەر کوردەکان. لە ئەنجامدا لە ناوچەی بارزان شەڕێکی قورسو خوێناوی لەنێوان ئاسورییەکان بەسەرۆکایەتی "پەترۆس" و بارزانییەکاندا ڕوویدا. لەو شەڕەدا یەکێک لە فەرماندەکانی بارزانیی بە ناوی "سەعیدی وەلی بەگ" شەهید بوو. لەم بارەیەوە سیسیل جۆن ئیدمۆندز لە کتێبی کورد تورک عەرەب دا دەڵێت: **(ئەوان بەچەشنی حوشتری داستانێک کە ســەری لە خێــوەت بردبـــووە ژوورەوە و دەیویســـت خـــاوەنەکەی دەربکات، دەیانویست بۆخۆیان جێی خەڵکی ئەو گوندانە بگرنەوە و بەهۆی بوونی ئەو کەمایەتییە ئایینی و ڕەگەزییەوە، دەزگای**

ئیداری ئینگلیز توندوتیژییەکیپتری لێرە بەنیسبەت ناوچە ئارامەکانیتر گرتبووەبەر(3)

شێخ سەعیدی پیران سەرۆکایەتی بزووتنەوەیەکی کوردی باکوری کرد. ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٨، بە تێکهەڵچوونێک کە لە ماڵی عەبدولڕەحمانی برای شێخ سەعید لە گوندی پیران ڕویدا، دوو ئەفسەری تورک بە ناوەکانی "حەسەن حوسێن ئەفەندی" و "مستەفا عاسم" و ١٥ ژاندارمی تورکیا کوژران. لە بەرامبەردا، دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرکوتکردنی هێزی چەکداری کورد لە لەشکرەکانی ٢ و ٣ و ٨ و ٩ و ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٧ی پیادە و لەشکرەکانی ١و ١٤ ی سوارە و گوردانەکانی ٣ و ٤ ی ژاندارمە و بەشێک لە لەشکرەکانی ٧ و ٩ و ١٤ی پیادە و هێزی هەوایی کەڵکیوەرگرت. بەپێ ڕاگەیاندنی "ئیسماعیل هاکی" یەکێک لە بەشداربووانی بزوتنەوەکە، ژمارەی هێزەکانی دوژمن ٢٠٠ هەزار چەکدار بوون.

لە ڕەوتی ئەو بزووتنەوەیەدا شێخ ئەحمەدی بارزان، مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ پۆلێک لە بارزانییەکان نارد کە هاوکاریی شێخ سەعید و خەباتکارانی باکور بکەن. هەروەها دەوڵەتی فەرەنسا بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزوتنەوەیە، دەستی بەسەر سوریادا گرت و ڕێی بۆ سوپای تورکیا خۆشکرد کە بە خاکی سوریادا گەمارۆی کوردەکان بدات. جگە لەوە، دەوڵەتی تورکیا ٨٠٠٠ لیرەی تورکی بۆ گرتن، یان کوشتنی شێخ سەعید تەرخان کرد. شێخ سەعید، شێخ عەبدولا، شێخ غالب، ڕەشید ئاغا، محەمەد

ئاغا، تەیمور ئاغا و ٢٦ کەسی تر، بەهۆی خیانەتی یەکێک لە ئەندامانی بزووتنەوەکە بەناوی "قاسم جبرانلی"، لەسەر پردی "موراد چایی" بەدیل گیران.

دەوڵەتی تورکیا ڕۆژی ١٩٢٥/٦/٣٠، شێخ سەعید و ٤٦ کەس لە سەرکردە کوردەکانی لە شاری دیاربەکر لە سێدارەدا.

لە عێراق، دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بە هاندانی ئینگلیزەکان ڕۆژی ١٩٢٨/٣/٩ ویستی ئاسورییەکان لە ناوچەکانی برادۆست، ڕەواندز، ئاکرێ و نەهلە نیشتەجێ بکات و بەرە بەرە یەهودییەکان و نەستورییەکانیش بەرێتە ناوچەی بارزان و بە هۆی ئەوانەوە بەسەر ئەو ناوچانەدا زاڵ بێت. شێخ ئەحمەد هۆزی بارزانی دژی ئەو پلانەی ئینگلیزەکان ئامادەکرد. جگەلە شێخ ئەحمەد و کوردەکان، عەرەبەکانیش ئەو هەڵوێستەیان بە مەترسییەکی گەورە بۆسەر ناوچەکانیان زانی. لەو پێوەندییەدا ژمارەیەک ئەفسەری کورد وەک: جەمال عارف، مەحمود جەودەت و لەناو عەرەبەکانیشدا مەهدی ئەحال و ژمارەیەکی تر، پشتیوانیان لە شێخ ئەحمەد کرد. هەڵوێستی شێخ ئەحمەد و پشتیوانیی کردنی ئەفسەرە کورد و عەرەبەکان، بە نێوبژیی کردنی خەلیل شەوقی و جەمال عارف و عەبدولڕەحمان ئەتروشی و کۆکردنەوەی ئیمزا لەلایەن سەرۆک هۆزە کوردەکانەوە و ئاراستە کردنی بۆ مەلیک فەیسەڵ و پەرلەمانی عێراق و هەروەها هەڕەشەی شێخ ئەحمەد لە دۆخی پێکهاتوو، هەوڵی دەوڵەتی ئینگلیز و عێراقی بۆ هێرش بردن بۆسەر ناوچەی بارزان پوچەڵ کردەوە. ئەم هەڵوێست و

ئاکام وەرگرتنە و پاشەکشەی ئینگلیز و عێراق لەو پلانە، بە شۆڕشی یەکەمی بارزان ناسرا.(٤)

لە هاوینی ١٩٣١دا، هۆزی برادۆست بە هاندانی ئینگلیزەکان، پەلاماری هۆزی شێروانیی ناوچەی بارزاندا و گوندەکانی "کرکاک، کۆلەل و بابکێ"یان تالآن کرد و سوتاندیانن. لەو سەردەمەدا بارزانی سەردانی ئەو ناوچەیەی کرد و چەند کەسێکی کۆکردەوە و وەشوێن تالآنچییەکان کەوت و ئەوانی لە دەشتی "هێرت" لە داوخست و لە تێکهەڵچوونێکی کتوپڕدا، ماڵ و مالآتی ئەو گوندانەی لە تالآنچییەکان سەندەوە. ئەو پەلامار و تالآنانە دوو جاری تریش لە ڕۆژانی ١٩٣١/١١/٢٥ و ١٩٣١/١١/٢٧ دووپات کرایەوە، بەڵام تالآنچییەکان بەتوندی شکان. پاش تێکشکانی برادۆستییەکان، قایمقامی "زێبار-بلە" بە ناوی حکومەتی عێراقەوە پێوەندی بە شێخ ئەحمەدەوە گرت و گوتی: (حەز دەکات ناکۆکی نێوان برادۆستییەکان و بارزانییەکان نەمێنێ.) شێخ ئەحمەد ئەو داخوازەی حکومەتی قبوڵ کرد.

هەرلە ساڵی ١٩٣١دا حکومەتی عێراق بەهاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیز پەلاماری شاری سلێمانیدا، شێخ ئەحمەد بە نامەیەک سەرۆک هۆزەکانی ئاگادارکردەوە کە یارمەتی شێخ مەحمود بدەن و بۆخۆشی هێزێکی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بۆ یارمەتیدانی شێخ ڕەوانە کرد. مەلا مستەفا بە دوو هێڵی "باڵەک"و "دۆڵی پیاو"دا بۆ یارمەتی شێخ مەحمود بەڕێکەوت. هەردوو هێز دوای تێپەڕین لە چەند کەمین، خۆیان گەیاندە

سلێمانی، بەڵام بینییان ئینگلیزەکان شێخ مەحمودیان لە دەربەندی بازیان بەدیل گرتووە و شۆڕش تێکچووە. مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ بارزان و لەژێر فەرمانی شێخ ئەحمەددا درێژە بە ژیان و خەبات دا.

ئەم جارەیان سوپای عێراق ڕۆژی ١٩٣١/١٢/٩ لە سەربازگەی "بلە"وە هێرشی کردە سەر گوندی بارزان و لە ئەنجامدا شیخ ئەحمەد لە بەرامبەر دوژمندا ڕاوەستا و هێزی دوژمن شکا. دوژمن سەرلەنوێ ڕۆژی ١٩٣٢/٢/١٩ بە هێزێکی پۆشتە و بە هاوکاریی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئینگلیز پەلاماری گوندی بارزان و گوندەکانی دەوروبەری دایەوە. بە نوسینی "عەبدولعەزیز عوقەیلی" لە کتێبی "یەکەم پەلاماری سەربازیی"، حکومەتی عێراق بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی R.A.F ی ئینگلیز ڕۆژی ١٩٣٢/٢/١٩ پەلاماری گوندی بارزان و گوندەکانی دەوروبەری دا. لە درێژەی ئەو شەڕەدا کە "عەقید حاجی سڕی ئەحمەد" سەرۆکایەتی دەکرد، ڕۆژی ١٩٣٢/٤/٣ لە گوندەکانی "مامیسک، ژاژۆک، ڤاژی، بێرسیاف، بنی بیاو، کۆرکی و بانی" لە نێوان مێرگەسور و شێرواندا، شەڕێکی سەخت بەڕێوەچوو. لەو شەڕەدا حکومەت جگە لە ژمارەیەکی زۆر بریندار، ٢٥٣ کەسی لێکوژرا و ژمارەیەکیش لە لایەن بارزانییەکانەوە بەدیل گیران. لە بارزانییەکانیش ١٢ کەس بەم ناوانەی خوارەوە شەهید و ٣٤ کەسیش بریندار بوون: عەبدوڵا میرخان مێرگەسوری، چاوشین کوورانی، حوسێن محەمەد هۆستانی، بابەکر بێخشاشی، شەریف کانی دێری، عەزۆ سپینداری، محەمەد

کۆڕی مامیسکی، مستەفا حەیدەری دۆڵەمەر، خدر خەرەجی، مەلا سەلیم کۆرکەیی، ئیبراهیم شاوەلی کۆرکەیی، شیخ وەسمان دۆڵەمەری.

لە بەردەوامیی ئەو شەڕ و پەلاماردانانە و هەڕەشەی توندی ئینگلیزەکاندا، شێخ ئەحمەد هەموو لێپرسراوانی هۆزی بارزانی وەکوو: "وەلی بەگ، خەلیل خۆشەوی، ئەحمەد نادر، عەبدوڵا کرکەمۆیی و حەسەن محەمەد ئەمین"ی بانگ کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٣٢/٦/١ بەڕێوەچوو، بڕیاریاندا ژمارەیەکیان بە خێزانەوە ناوچەی بارزان بەجێبهێڵن و پەنا بۆ تورکیا بەرن. ئەو ژمارەیە بە هاودەنگی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، ڕۆژی ٢١ و ١٩٣٢/٦/٢٢ چوون بۆ ناو خاکی باکوری کوردستان، بەڵام حکومەتی تورکیا لە بەهاری ساڵی ١٩٣٣دا شێخ ئەحمەدی گرت و دایەوە بە حکومەتی عێراق. لە ئاکامدا مستەفا بارزانی و شەڕکەرەکانی بارزان، باکوری کوردستانیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندەوە ناوچەی بارزان و لە چیای شیرین و شوێنە سەختەکانی ناوچەکەدا خۆیان حەشاردا. حکومەتی عێراق نەیدەویست شەڕیان لەگەڵدا بکات و هەولیدا ئەو ژمارەیە بگەڕێنێتەوە گوندەکانیان، بەڵام مستەفا بارزانی و شەڕکەرەکان ڕایانگەیاند تا شێخ ئەحمەد نەگەڕێتەوە بارزان، ئەوانیش ناگەڕێنەوە. لە ئەنجامدا حکومەتی عێراق لە کۆتایی مانگی ئاوگۆستی ١٩٣٣دا، شێخ ئەحمەدی بە ڕێگەی هەولێر و مێرگەسوردا گەڕاندەوە بۆ بارزان.

دوای ماوەیەک، حکومەت داوای لە شێخ ئەحمەد کرد سەردانی موسڵ بکات، شێخ ئەحمەد چوو. بە دوای ئەودا مستەفا بارزانیی‌و دواتریش شێخ محەمەد سدیق و شێخ بابۆ و منداڵەکانی شێخ عەبدولسەلام و هەموو خێزانەکانیان برد بۆ موسڵ و لەوێ ڕایانگرتن. بە دورخستنەوەی شێخانی بارزان لە ناوچەکە و ڕاگرتنیان لە موسڵ، هێمنی گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و ئەم جارە حکومەت ویستی باقی سەرکردەی بارزانی بگرێت کە خەلیل خۆشەوی و ئەحمەد نادر و عەبدوڵا کرکومۆیی ڕایانکرد و پەنایان بۆ چیا برد. حکومەت بۆ گرتنیان خەڵاتی دیاریکرد و سەرئەنجام لە فیبروواری "شوبات"ی ساڵی ١٩٣٦، خەلیل خۆشەوی و چەند هاوڕێیان شەهید کردن.

هەروەها لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٦دا موتەسەریفی موسڵ، مەلا مستەفای بانگ کردە نوسینگەکەی خۆی و لەوێ ژەهری بۆ لەنێو قاوە کرد کە بارزانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە مردن ڕزگاریبوو و بەیارمەتی شێخ عەجیل یاوەری سەرۆک هۆزی شەمەر و بنەماڵەی کەشمولە و عەباوی، پاش دوو هەفتە تەندروستی بۆ گەڕایەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٦ دا حکومەتی عێراق، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بانگهێشتکراوەکانی بۆ موسڵ، گواستەوە بۆ بەغدا. ئەوە هەلێکی باشبوو بۆ پێوەندیی نێوان شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لەگەڵ شێخ مەحمود، بەڵام حکومەت گومانی لەو پێوەندییە کرد و

شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لە بەغداوە دوورخستەوە بۆ ناسریە.(٥)

ساڵی ١٩٣٩ کە جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا حکومەتی عێراق، شێخ ئەحمەد و خێزانەکانی لە ناسرییەوە گواستەوە بۆ ئالتون کۆپری و کفری و دوای ماوەیەکی کورت بردنی بۆ سلێمانی. شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لە سلێمانی ئازادیی پتریان دەستکەوت و توانیان تێکەڵاوییەکی زۆر لەگەڵ خەڵکی سلێمانی پەیدا بکەن و سەرلەنوێ پێوەندیی بە بارزانییەکانەوە بگرن و دیداریان لەگەڵ پێکبهێنن.

---

١- بەندی ٦٢: لیژنەیەک لە سێ ئەندام لە شاری ئەستەمبوڵ پێکدێ کە حکومەتەکانی بریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا دیاریی دەکەن. ئەم لیژنەیە دەبێ لە ماوەی شەش مانگ پاش مۆرکرانی ئەم پەیمانە، پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانە دابنێ کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی فورات و خوار سنوری خوارووی ئەرمەنیا -کە دواتە بڕیار دەدرێ، لەگەڵ باکوری سنوری تورکیا لەگەڵ سوریا و وڵاتی میزوپۆتامیادا.

٢- هێڵی برۆکسل: پاش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەیەکی لە برۆکسل پێکهێنا بۆ کێشانی سنور لە نێوان تورکیا و عێراقدا. دوای پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تری لە سێ ئەندام بەناوەکانی: ئا.ف. ڤێرسۆن A.af. wnrsen لە سوید، کۆنت پاول تلکی Count Paul Telcki لە هەنگاریا، کۆلۆنێل ئا. پاولس A. Pauli لە بلژیک، دامەزراند کە ئەندامانی بریتی بوون لە: ئەرکی ئەو لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو لە کێشەی سنوری نێوان تورکیا و عێراق.

٣- کورد تورک عەرەب، سیسیل جۆن ئیدمۆندس، وەرگێڕانی حامید گەوهەری لاپەڕەی ٥٠٨.

٤- دۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هۆزی بارزان، محەمەد عەلی سوڵتانی، سازمان اسناد و کتابخانەی میلی جمهوری اسلامی ایران، تارا، ١٣٨٣.

٥- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، مەسعود بارزانی، لاپەڕەی ٥٤، چاپی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.

## مەلا مستەفا بارزانی

مەلا مستەفا بارزانی لە سەرەتای منداڵییەوە بەشێوەیەکی نەخوازراو، تێکەڵاوی سیاسەت و ڕووداوەکانی ناوچەی بارزان و کوردستان بووە. شەڕ دژی هۆزە کوردە بەکرێگیراوەکان، شەڕ دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی عێراق، تورکیا و ئینگلیز و هەروەها پەنابردنی بۆ چیاکان، دەرمانخۆر کردنی، دەستبەسەر کردنی و دوورخرانەوەی لەلایەن دوژمنانەوە، بەشێک بوو لە ژیانی مێرمنداڵی و لاوەتی مستەفا بارزانی کە هەرکامەیان وەک زانکۆیەک یارمەتیان کردوە بە پەروەردە بوون و گەیاندنی بە پلەی سەرکردەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بە ئەزموونی نەتەوەی کورد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموون وەرگرتنی لە ئامۆژگارییەکان و هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانەی شێخ ئەحمەدی برای کە خوێندنگەی پەروەردەیی خوێندنی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بووە لەگەڵ ئەزموون وەرگرتنی لە کرداری مرۆڤانەی سەرکردەکانی ئەو سەردەم وەک: شێخ عەبدولقادر، شێخ مەحمود، شێخ سەعید و ...تد، مەلا مستەفای گەیاندە پلەیەک کە لە بوارەکانی سەداقەت و ڕاستگۆیی، نیشتمانپەروەریی و نەتەوەدۆستیی، چاونەترسی و ئەزموونی زۆری جەنگی و سیاسیی، قورسایی و گرنگایەتی بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوێت.

هەرکە لە سلێمانی هەستی بە هەندێک ئازادیی کرد، لە کۆمەڵەی هیوا کە ساڵی ١٩٣٩ بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی لە سلێمانی دامەزرابوو، نزیک بۆوە، گەورە پیاوانی سلێمانی بەسەر کردەوە و سەرلەنوێ پێوەندی بە ئەندامانی هۆزی بارزانەوە گرتەوە و بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ بارزان.

بەم مەبەستە لە مانگی مای "ئەیار"ی ١٩٤٣ بە یارمەتی ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا و کوردانی نیشتمانپەروەری سلێمانی توانی سلێمانی بەجێبهێڵێت لەگەڵ دوو کەس بە ناوەکانی "مستەفا عەبدولا ئاکرەیی" و "سلێمانە سور" خۆی بگەیەنێتە سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم بارەیەوە بارزانی بۆخۆی دەڵێت:

- (کاتی ماڵئاوایی کردن لە شێخ ئەحمەد، داوام لێکرد کە هەندێ ئامۆژگاریی پێویستم بکا، فەرمووی کاتی هەڵسوکەتت لەگەڵ خەڵک، ئاگاداری حەق و ڕاستی بە. هەرگیز لەخۆ باییبوون نەچێتە دڵتەوە. هەتا دڵنیا نەبی لە سەرکەوتن و هەتا بۆت دەکرێ خۆت لە لێکدان لەگەڵ حکومەت بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستیان دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە.[١])

بارزانی بە بەرگی مەلایەتییەوە چوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەیشتە ناوچەی شنۆ و لە گوندی "کویچ" میوانی مامەند ئاغا سەرۆکی دەستەی قادری لە هۆزی مامەش بوو. ژمارەیەک لە بارزانییەکان لە دەست ڕاوەدوونانی پۆلیس، لە ناوچەی بارزانەوە ڕایانکردبووە گوندی کویچ و بە یارمەتی کاک مامەند لەو گوندە دەژیان. بارزانی لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (لە دیوەخان دانیشتبووم، قەرەنی ئاغای مامەش "مەبەست لە قەرەنی ئاغای پیرانە- نوسەر" هات و هەواڵی ڕاکردنی منی لە سلێمانییەوە بە کاک مامەند ڕاگەیاند و گوتی هەرکام لە حکومەتەکانی عێراق و ئێران خەڵاتێکی پەنجا هەزار دیناریان داناوە بۆ هەرکەسێ کە مەلا مستەفا بە زیندوویی یان بە مردوویی بگرێ. داوای لە مامەند ئاغای کرد ئەگەر من بە ناوچەی ئەودا تێپەڕیم، ئەو دەرفەتە لەکیسی خۆی نەدات. دیاربوو قەرەنی ئاغا منی نەدەناسی. کاک مامەند وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەوە

ئابرووچوونە بۆ هەرکەسێ بیرلە شتی وا بکاتەوە، ئەو کەسە **هێشتا لە دایکی خۆی نەبووە کە بتوانی بارزانی بگرێ.[٢])**

بارزانی و هەڤالانی لە شنۆوە بە ڕێگەی کێلەشین دا خۆیان گەیاندە مێرگەسور و لەوێوە چوونەوە بۆ بارزان. بە گەڕانەوەی بارزانی بۆ ناوچەکە جەژن و شادی هەموو ناوچەکەی داگرت. لاوەکان پۆل پۆل گەیشتنە لای و بە دوو هەفتە ژمارەیان گەیشتە ٧٥٠ کەس کە هەندێکیان چەکیان هەبوو و ئەوانی تریش بێچەک بوون. ڕاکردنی مستەفا بارزانی لە سلێمانی و گەڕانەوەی بۆ بارزان لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا دەنگی دایەوە و هەرکامەیان بە جۆرێک لە ئازایەتی بارزانی دوان. دوو ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز و هێراڵد تریبوون" مستەفا بارزانییان بە شەڕکەر و پاڵەوان ناساند.

دوای گەڕانەوەی بۆ بارزان، مەلا مستەفا سەرەتا خۆی لە لێدانی حکومەت پاراست و چوو دانیشتوانی گوندەکانی "پیرەساڵ، سەکۆ، کانی دێر، لێرەبیر، سێلکی، موکا دێزۆ، سپینداری، دۆڵی و....تدی" بەسەرکردەوە و لەگەڵ ڕێکخستنەوەی ڕیزی بارزانییەکان و دۆزینەوەی چەند تفەنگێک کە پێشتر بە دوای شۆڕشی یەکەمی بارزان، لە ساڵی ١٩٣٢دا شاردبوویانەوە، بە وتەی عەبدوڵا حوسێن جەرگیس کە لەگەڵ باوک و برایەکی لە سەرەتاوە لەگەڵ بارزانی کەوتبوون، **(مەلا مستەفا بە بارزانییەکانی ڕاگەیاند کە چەک بکڕن.)** بارزانی دوای پڕچەک کردنی چەند کەسێک لە هەڤالانی، بە پرۆگرامێکی ورد و لەناکاو، ڕۆژی ١٩٤٣/١٠/٢ بنکەی پۆلیسی "شانەدەر" و دواتریش بنکەی پۆلیسی "ڕێزان"، بیرەکەپران، تێل، مێرۆز، ئەرگوش، سێرک، کانی بۆتێ، بێدارون، زێت، شێروانی مەزن، چەمێ، کانی ڕەش و خێرۆزۆکی لە ماوەی چەند ڕۆژدا چەککرد و ژمارەیەکی زۆر تفەنگ کەوتە دەست شۆڕشگێڕەکانەوە.

لە چەککردنــی قشـڵەی کـانی ڕەش، شۆڕشـگێرێک بەنـاوی خەلیـل ئەمەر مێــروزی و لە بــنکەی "خێــرۆزۆک" شۆڕشــگێڕێک بەنـــاوی محەمەد ئـاکرەیی ناسراو بە محەمەد ئەفەندی برینپێچ، شەهید بوون.

لێوەشاوەیی بارزانییەکان لەو شەڕانەدا لەلایەک دوژمنی شپرزە کـرد و لەلایەکـی تـر لە مـاوەی دوو مانگـدا ژمـارەی شۆڕشـگێڕانی گەیانــدە پتــرلە دوو هەزار کەس. حکـومەت هەمــوو چەککــراو و ڕزگاربووەکانی شەڕی لە سێ بنکەی بـارزان، "بلـە" و "مێرگەسور" کۆکردبۆوە. مەلا مستەفا لە پڕۆگرامیدا بوو کە ئەو سێ بنکەیەش چەک بکـات کە نـوری سەعید داوای وتـووێژی لێکـرد. بـارزانی بەم مەرجە قبـوڵی کـرد کە شــەڕ ڕابگرێـت و لەگەڵ حکـومەت وتـووێژ بکـات کە لە یەکەم هەنگـاودا، حکـومەت شـێخ ئەحـمەد و هەمـوو دورخراوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکەیان کە نوری سەعید قبوڵی کرد.

ڕۆژی ١٩٤٣/١١/٢٩، مەلا مســتەفا بــارزانی و حکــومەتی عیــراق دەســتیان کــرد بە وتــووێژ و شــێخ ئەحــمەد و دورخراوەکـــان بە ســـەربەرزییەوە گەڕانەوە بــۆ ناوچەکانیـــان. بــۆ دەســتپێکردنی وتـووێژ، مەلا مستەفا ئەم هەشت خـاڵەی ئاراستەی کرد کە نـوری سەعید پەسەندی کردن و بڕیـاری جێبەجێکردنـی داواکارییەکـانی دا:

١- دەرکردن و گواستنەوەی ئەو موچەخۆرانەی بە بەرتیل خواردن و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ناسرابوون.

٢- ڕێکخســتنی ویلایەتــی کوردســتان لە لیواکــانی "کەرکــوک، سـلێمانی، هەولێـر" و قەزا کوردییەکــانی لیــوای موسـڵ "دهــۆک، ئــاکرێ، شـێخان، شـنگار، زاخـۆ و ئامێـدی" لەگەڵ هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە.

٣- زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی بناسرێت.

٤- بۆ هەموو وەزارەتەکان یاریدەدەرێکی کورد و هەروەها وەزیرێکی کورد دابنرێت.

٥- وەزیرێکی کورد لە وەزارەتدا، بەرپرسایەتی ویلایەتی کوردستان لە ئەستۆ بگرێت.

٦- قەرەبووی زیان لێکەوتوانی کوردستان بکرێتەوە.

٧- دروستکردنی خوێندنگە و نەخۆشخانە و کردنەوەی ڕێگە و ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکان.

٨- کاروباری سوپایی، دارایی و دەرەوە تایبەت دەبێ بە حکومەتی ناوەندیی.

١- بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد ١٩٣١- ١٩٥٨، مەســعود بــارزانی، لاپەڕەی ٥٨، چــاپی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢.
٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٩.

## لەدایکبوونی ئیدریس بارزانی

لە ڕەوتــی ئەو وتــووێژانەدا کە نــاوچەی بــارزان لە دۆخێکــی نە شــەڕ و نە ئاشــتیدا بــوو، ئیــدریس بــارزانی ســاڵی ١٩٤٤ لە گونــدی بارزان چاوی بە ژین کردەوە. ناوبراو هێشتا پێی هەڵنەگرتبوو کە نــوری ســەعید و کــابینەکەی ڕۆژی ١٩٤٤/٦/٣ دەســتیان لەکــار کێشایەوە و پاچەچی کابینەی نوێی دامەزراند و ڕایگەیاند: **(من بەرپــرس نــیم لە جێبەجێکردنــی بڕیارەکــانی کــابینەی نــوری سەعیددا.)**

بە نوســینی حەســەن ئەرفەع کە ئەوکــاتە ســەرۆکی ئەرکــانی ســوپای ئێــران بــوو لە کتێبــی کوردەکانــدا، دوای دامەزرانــدنی کابینەی پاچەچی، لە سەرەتای مانگی ئاوگۆستی "ئاب"ی ١٩٤٥، زنجیرەیەک وتووێژ لەنێوان کوردەکان و ئەفسەرانی ئینگلیزی بە ســەرۆکایەتی "مــاژور مــوور" کاپیتــان "ســتاک" ئەنجــامی گــرت. ئینگلیزەکان هەڕەشەیان لە مەلا مستەفا و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد کرد کە دەست لە هەڕەشەی شەڕی چەکدارانە هەڵگرن و بچن بۆ باشوری عێراق و جگەلە کوردستان لەهەر جێیەک دەیانەوێ نیشتەجێ بن، بەڵام مەلا مستەفا ئەو پێشنیازەی قبوڵ نەکرد، لەبەر ئەوە دەوڵەتی عێراق بڕیاریدا لە بەرامبەر بارزانییەکاندا توندوتیژیی زیاتر بەکار بهێنێت.[١]

لە ئاکامی ئەو هەڕەشە کردنەی ئینگلیزەکاندا، شەڕ لە زاخۆوە تا سلێمانیی و خانەقینی داگرت. مەلا مستەفا ناوچەی بارزانی

کـــرد بە مەڵبەنـــدی ڕونـــاکبیریی نەتەوەیـــی و بـــزووتنەوەی ئـــازادیخوازی نەتەوەی کـورد و چەنـدان هەزار کـوردی مەدەنـی و ژمـــارەیەکی زۆر لە ئەنـــدامانی ســوپای عێــراق و بەشــێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا چوونە ڕیزی شۆڕشـی بـارزانەوە و بە ئەزموونی خۆیان شۆڕشەکەیان دەوڵەمەند کرد و مەلا مستەفا بە هاوکاریی ژمارەیەک لەو خەباتکارانە ساڵی ١٩٤٥ پارتی ئـازادیی کوردستانی لە بارزان دامەزراند.

دوای ڕێکنەکەوتنی مەلا مستەفا لەگەڵ ئەفسەرە ئینگلیزەکان بە سەرۆکایەتی کاپیتان "ستاک"، ڕۆژی ١٩٤٥/٨/٢٥ سوپای عێراق بە هێزێکـــی زۆر، هێرشـــی کـــردە ســـەر ناوچەکـــانی ژێردەســـەڵاتی شۆڕشـــگێڕان. لە ئاکامـــدا لە ڕۆژی ١٩٤٥/٩/٥ شـــەڕێکی قـــورس و جەرگبڕ لەنێوان هێزەکـانی پارتی ئـازدیی و چەکدارانی سوپای عێراق هەڵگیرسا کە شەش خەباتکاری کورد بە ناوەکانی: حەسەن بەگ میرمحەمەد بێرسیاقی، یوسف کرکەمۆیی، مەلاسوار عومەر ســواری، عەلـــی جوجـــک خەردونـــی و مســـتەفا عـــومەر بـــاوەیی شەهیدبوون و محەمەد سەدیق برای مستەفا بارزانی، مەلا سلێمان شـێخانی، مـحەمەد عیسـا سـێلکی، عەبـدولا سـاڵح مێرگەسوری و چەند کەسی تر برینـدار بـوون. لەو شـەڕەدا کە لە مەیدان مۆریک ڕوویدا ٨٠ چەکداری دوژمن بەدیل گیران و لاشەی ٤٨٠ چەکداریشی لە مەیدانەکانی شەڕدا مانەوە کە دواتر ڕێگایان پێدرا کە خەڵکی ناوچەکە تەرمەکانیان بۆ بەرنەوە.

مـــن لەنێـــوان ســـاڵانی ٢٠١٢- ٢٠١٤دا، لە نـــزیکەوە چـــاوم بە ژمـــارەیەک لەو خەباتکـــارانەی شۆڕشـــی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی نـــاوچەی بـــارزان کەوت کە خۆیـــان، یـــان بـــاوک و برایـــان بەشـــداریی شـــەڕی مەیـدان مۆریک و شـەڕەکانی تریـان کردبـوو. ئەوان هەرچەنـدە بـۆ جەنگـــاوەرە شـــەهیدەکانیان بە تاســـە بـــوون، بەڵام شـــەڕی مەیـــدان

مۆریکیان بە یەکێک لە سەرکەوتنە مەزنەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان (١٩٤٣- ١٩٤٥) دەزانی و دەیانگوت لەو شەڕەدا دوژمن وەک کەو دەکەوتە داوی شۆڕشگێڕانەوە.

دوای شکانی دوژمن لە زنجیرە شەڕەکانی "مەیدان مۆریک"، ئینگلیزەکان سەرلەنوێ سوپای عێراقیان ڕێکخستەوە و بە هێزێکی زیاتر و بە هاوکاریی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانیان و جاشە خۆماڵییەکان و لەژێر ئاگری توندی تۆپخانەدا، لە چوار بەرەی ئاکرێ، ڕەواندز و دیانا، دۆڵی خەلیفان و ئامێدی" پەلاماری ناوچەی بارزانیان دایەوە. لە بەرەی خەلیفان جاشە سورچییەکان هاوکاریی سوپای عێراقیان کرد و توانیان پاشەکشە بە شۆڕشگێڕەکان بکەن. لە بەرەی ئاکرێ سێ تۆپ و لە مەزنێ سێ تۆپی تری دوژمن کەوتە دەست شۆڕشگێڕەکانەوە. لە ئاکامی بەردەوامیی شەڕەکە دوژمن توانی لە پردی مەزنێ و لە بەرەی ئامێدیی لە ڕووباری مەزن بپەڕێتەوە و بگاتە ناوچەی مزوری و بەرۆژی. لەوێ بۆ ئەوەی کە کارەساتێکی گەورە سەرهەڵنەدا، مەلا مستەفا فەرمانی پاشەکشەی دا و شۆڕشگێڕەکان و خەڵکی گوندەکان بە سەدان منداڵی ساوای وەک ئیدریس کە تەمەنی کەمتر لە دوو ساڵ بوو، بەرەو گوندی "کەکلە" لە ناوچەی پیران و دەشتی "بەرازگر" پاشەکشەیان کرد. فڕۆکەکانی ئینگلیز لە بەیانییەوە تا ئێوارە، بە بەردەوامی بەسەر شۆڕشگێڕەکانەوە دەسوڕانەوە. ژن و منداڵێکی زۆر شەهید و ئاژەڵێکی زۆریش لە بەرەکانی شەڕدا کوژران و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا شەهیدەکانیان دەناشت، بەڵام ئیدریس لە ناو ئەو ئاگر و ئاسنەدا ڕزگاری بوو.

خەڵکی ناوچەی بارزان کە بەتێکڕا گوندەکانیان بەجێهێشتبوو، بە ڕێچکەکاندا دەڕۆیشتن و گوللەی تۆپ و فڕۆکە وەک باران بەسەریاندا دەباری و جێ نەبوو کە خۆیانی تێدا بشارنەوە. بە

دۆڵـی گونـدەکانی "سێرو و زەروا"دا بەرەو گونـدی "ئاسـی" لەسـەر سنوری تورکیـا بـۆ نـاوچەی برادۆست چـوون. ناوەڕاسـتی یەکەم مـانگی پـاییز بـوو کە گەیشـتنە کوێسـتانەکانی سـێ سـنور. ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵەکان پێڵاویان لە پێدانەبوو و بەنێو بەفر و قوڕ و باراندا دەڕۆیشتن و ئیدریسیش هەرجارەی بە کۆڵ و باوەشی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیەوە بوو. نزیکەی دە ڕۆژ بە ڕێگاوە بوون، برسییەتی تینـی بۆ هێنـابوون و نـان و خۆراکیـان نەمـابوو، گریـان و هـاواری ئیـدریس و منـداڵەکانیتـر لە برسـان ئاسمانی پڕ کردبوو، گەورەکـان ناچـاربوون هەنگاوەکانیـان تونـدتر بکەن، تـا سـەرئەنجام لە "شـەترە و کێلەشین پەڕینـەوە و خـزانە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان[٢] و برسییەتیان وەپشتسەر خست. لەم بارەیەوە کازم مستەفا ئومەر شانەدەری دەڵێت:

**- (هاوکات لەگەڵ پەڕینەوەمان بۆ ئێران، ئێمەیان بە بنەماڵەوە دابەشـکرد. ئـێمە لەگەڵ ژمـارەیەک چـووین بـۆ مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ. ئەوانی تر لە: دەشتی شنۆ، دەشتی سندوس، دەشتی لاجان و دەشتی باراندوز جێگیرکران و ژمارەیەکیش لەگەڵ شێخ ئەحمەد چوون بۆ مهاباد.)**

بەهەر حـاڵ کـاتی گەیشـتنی بارزانییەکـان بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ئەو بەشـەی کوردسـتان بەدەست ڕوسـەکانەوە بـوو. لە ڕەوتی جەنگی دووەمی جیهانییدا، ڕۆژی ١٩٤١/٨/٢٥ هاوپەیمانانی جەنـگ "سۆڤیەت، ئینگلیـز و ئەمریکـا" ئێرانیـان داگیـر کردبـوو و هەروەکـوو گـوتم ئەو بەشـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەدەسـت ڕوسـەکانەوە بـوو. کـاتێ بارزانییەکـان ڕۆژی ١٩٤٥/١٠/١١ خـزانە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانەوە، هێشـتا حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕانەگەینرابـــوو. پەنجـــاوپێنج (٥٥) ڕۆژ پـــاش جێگیربـــوونی بارزانییەکـان لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، گۆڤـاری کوردسـتان

"بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان" لە لاپەڕەی ١ی ژمارە یەک، ڕۆژی ١٥ ی سەرماوەزی ١٣٢٤- ١٩٤٥/١٢/٦ی خۆیدا بە ناونیشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بۆ دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبە لە ١٩٤٥/١٠/٢٣ کرد.(٣)

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەسەر ناوچەکەدا ڕادەگەیشت. لەبەر ئەوە، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بارزانییەکان لە لایەن حوسێن فروهەر "زێڕینگەران" سەرۆکی پێشوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و چەند ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و خەڵکی ناوچەکانەوە پێشوازیی کران. شێخ ئەحمەدی بارزان لەگەڵ ژمارەیەک چوو لە مهاباد جێیگرت و مەلا مستەفا و بنەماڵەکەی بە ئیدریسەوە لە گوندی "نێرکێ" لە ناوچەی تەرگەوەر کە فەرماندەی سوپای سۆڤیەتی لێبوو و هەڤاڵانیشی لە شنۆ، نەغەدە، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ و گوندەکانی ئەو ناوچانە نیشتەجێکران.

شەش ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی گۆڤاری کوردستان لە مهاباد و ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٢ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە بەشداریی کۆنسولی سۆڤیەت، نوێنەری باڵیۆزخانەی فەرەنسە و میژونی کاتۆلیکی فەرەنسیی لیژنەیەک لە نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری ئازەربایجانی لە تەوریز ڕاگەیاند.

قازی محەمەد سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە دوای ٤٠ ڕۆژ پاش دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز، بەبێ هاودەنگیی کردن لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت و ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان، ڕۆژی ١٩٤٦/١/٢٢ لە کۆبوونەوەیەکی ٢٠ هەزار

کەسییدا لە شاری مهاباد کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. جگەلە مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی ئازادی، نوێنەری هیچ لایەن و وڵاتێک بەشداریی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نەبوو.

دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، مەلا مستەفا لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی ئازادیی کوردستان چوو لە شنۆ نیشتەجێ بوو. لەوێ گەڵاڵەی دامەزراندنی پارتییەکی سیاسیی هاوشێوەی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"ی ئاراستەی هەڤاڵانی کرد و ئەوانیش قبوڵیان کرد. لەو چوارچێوەیەدا مەلا مستەفا، هەمزە عەبدوڵا، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، مستەفا خوشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خیروڵا عەبدولکەریم و عیزت عەبدولعەزیز لە مانگی فیوریە "شوبات" ١٩٤٦ لە شاری شنۆ کۆبوونەوە و بە گوێرەی هەلومەرجی ئەوکاتی ناوچەکە و جیهان، بنەمای پارتییەکی سیاسیی چەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان داڕشت کە لەلایەک مافی دیموکراتیی نەتەوەی کوردی لە باشوری کوردستاندا تێدا بگونجێ و لەلایەکی تر خاوەنی پڕۆگرامێکی ڕوونی دیموکراتی بێت بۆ بە دیموکراتی کردنی عێراق. پارتی دیموکراتی کورد، ڕۆژی ١٩٤٦/٨/١٦ بە ئامادە بوونی ٧٠ ئەندام کۆنگرەی یەکەمی خۆی لە بەغدا پێکهێنا.

پێشتر گوتم پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبێ ڕەزامەندیی ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان و کاربەدەستانی سۆڤیەت، کۆماری کوردستانیان دامەزراند. هەرچەندە دواتر کۆماری کوردستان بوو بە ئەمرێکی واقیع و ڕێبەرانی ئازەربایجان و سۆڤیەت نەیانتوانی چاوی لێ بپۆشن، بەڵام یارمەتییەکی ئەوتۆیان نەدەکرد کە بتوانێ گەشەبسێنێت و

لە کاتی مەترسییدا بەرگری لەخۆی بکات. لەبەر ئەوە دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە مهاباد و جێگیربوونی لە شنۆ، ڕێبەرانی کۆماری کوردستان پێوەندیان بە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفاوە کرد کە بێن هاوکاریی کۆماری کوردستان بکەن.

کۆماری کوردستان جگەلە ژمارەیەک پێشمەرگەی[٤] خەڵکی شاری مهاباد، ئیتر هێزێکی بەرگریی نەبوو کە وەڵامدەری کاتی پێویست بێت. تەنانەت دوای پەیوەستبوونی بارزانییەکانیش بە کۆمار، هەرچەندە سوپایەکی ١٢٧٥٠ کەسیی پێکهێنا، بەڵام جگە لە ٢٢٠٠ پێشمەرگەی بارزانییەکان، ئەوانی تر سەربە عەشیرەتەکان بوون[٥] و بە فەرمانی ئەوان هەڵدەسوران، نەک ڕێبەرانی و فەرماندەکانی سوپای کۆمار.

دوای تێپەڕبوونی ٢٧ ڕۆژ بەسەر ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، ڕۆژی ١٩٤٦/٢/١٩ لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی قەوامولسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئێران، سەردانی مۆسکۆی کرد. لەو سەفەرەدا قەوام چاوی بە ستالین و مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت کەوت و گەڕایەوە بۆ ئێران. دوای گەڕانەوەی دەنگۆ داکەوت کە قەوام و ستالین لەسەر نەوت و کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران ڕێککەوتوون. ئەوە مەترسییەکی زۆری خستەسەر هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان. بەم بۆنەیەوە پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان پێوەندییەکانیان لەگەڵ شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و ڕێبەرانی پارتی ئازادی چڕتر کردەوە و لە ئاکامدا ڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێوانیاندا پێکهات و پەسەندیان کرد کە بارزانییەکان باڵی سەربازیی کۆمار پێکبهێنن.

لەو چوارچێوەیەدا، هێشتا قەوامولسەڵتەنە لە سۆڤیەت بوو کە مەلا مستەفا ڕۆژی ١٩٤٦/٢/٢٨ بە شێوەیەکی ڕەسمیی گەڕایەوە بۆ مهاباد و لە لایەن ڕێبەرانی حیزبیی و حکومەتی کۆماری

كوردستانەوە پێشوازیی كرا. ڕۆژنامەی كوردستان دەربارەی هاتنی بارزانی بۆ مهاباد چەند هەواڵ و بابەتی جیاواز و دەقی وتارێكی بارزانیی لە لاپەڕەی ٣ی ژمارەی ٢٣ دا بڵاوكردەوە كە باسی لە ڕێككەوتنی نێوان پێشەوا قازی و ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكرات لە لایەک و مستەفا بارزانیی و شێخ ئەحمەد و ڕێبەرانی پارتی ئازادی لە لایەكەیتردا دەكرد كە: بۆ سەربەخۆیی كۆمار، ئازادكردنی بەشەكانی

تری كوردستان، بەئاشتی و دیموكراتی بەڕێوەبردنی كۆمار، خزمەتكردن بە فەرهەنگ و بەرزكردنەوەی ئابووریی و بژیوی خەڵكی كورد هەوڵبدەن.

---

١- كوردەكان، نوسینی حەسەن ئەرفەع، سەرۆكی ئەوكاتی ئەركانی سوپای ئێران، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، لاپەڕەی ١٩٤، چاپ و بڵاوكردنەوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠٠٧.

تێبینی: بۆ نوسینی ئەم بەشە، **"مەلا مستەفا و شۆڕشی دووەمی بارزان"** بە شێوەی ڕاستەخۆ وتووێژم لەگەڵ ئەم هەڤاڵانەی مەلا مستەفا بارزانی كردوە كە شۆڕشی دووەمی بارزان، كۆماری كوردستان لە مهاباد، یەكێتی سۆڤیەت، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی گوڵان لەگەڵ مەلا مستەفا بوون: ئەسعەد ڕەشۆ مەلا، بابەكر شێخ حوسێن لاج، بەدرۆ لەشكری حوسێن، تەیمز ئارەب قەتران، حەسۆ محەمەد كەكشار، حەسەن عەلی حەسەن، خانۆ جۆج خان، ڕەشید حەمۆ حاجی، سەعید وەلی بەگ، شەریف قورتاس مەلا، سدیق خەلیل یەحیا، عەبدولرەحمان یەحیا عەبدولرەحمان، عەبدوڵا حوسێن جرگیس، عەزیز حوسێن میرخان، عەلی حوسێن شین، عومەر عەزیز حەدۆ "شێخومەر"، عومەر فەقێ عومەر، عیسا حەكیم یاسین، قادر محەمەد عومەر، كازم مستەفا ئومەر شانەدەری، لاوكۆ مامەند مەسیح، محەمەد ئەمین تاهر مەحمود، مەلا ئەحمەد حەدۆ، محەمەد عەبدوڵا حەسەن، محەمەدئەمین سەعید عوسمان، محەمەدئەمین حەسەن دەرگەڵەیی، مەلو حەسەن مەلو، مەلا ئیبراهیم بابەكر ئیسماعیل، مەلا ساڵح عەلی، ملكۆ عەباس محەمەدئەمین، میرۆ جوج چاوشین، میرۆ محەمەد ئیسماعیل، ناوخۆش حەدۆ قورتاس، سلێمان حەدۆ شینۆ زراری. هەمووی

ئەوانە خاوەن پلەی خوێندنی ئەندازیارییین لە بوارە جیاوازەکانی میکانیک، جادە، نەوت، مێژوو، کشتوکاڵ لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.

٢- وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ: کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، شەریف قورتاس مەلا، تەیمز ئارەب قەتران، محەمەد ئەمین تاهر، بابەکر شێخ حوسێن، عەبدولرەحمان یەحیا عەبدولرەحمان، عومەر فەقێ عومەر، عەزیز حوسێن.

٣- گۆڤاری کوردستان "بڵاوکراوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان" لاپەڕەی ١١، ژمارە ١، ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤.

٤- لە چەند شارەزایەکی سەردەمی کۆماری کوردستانم بیستوە، بەرلە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە پێشمەرگە دەگوترا چەکدار. لە کۆماری کوردستاندا، پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان ناوی پلە سەربازییەکان دەکەن بە کوردی و دەیانەوێ ناوێکیش بۆ چەکدارانی کۆمار بدۆزنەوە. لە ماڵی پێشەوا دەبن و خەریکی چایی خواردنەوە کە کاک "ئەحمەد دەسماڵ" چایچی پێشەوا کاتی دانانی چایی لەپێش میوانەکان، دێتە ناو باسەکەیان و دەڵێت: ئەوانەی گیانیان لە ڕێگای بەرگریی میلەتەکەیاندا دەدەن، دەبن بە "پێشمەرگ"، ئەو وشەیە لەلایەن قازی محەمەد و هەڤاڵانییەوە دەقۆزترێتەوە و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە جیاتی چەکدار بۆ ئەندامانی سوپای کوردستان دادەنێن.

٥- کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦، نوسینی ویلیام ئیگلتۆن، لاپەڕەی ٩٣.

## ئاسایش و ئارامی دەگەڕێتەوە بۆ ئیدریس و منداڵە بارزانییەکان لە مهاباد

دوای کۆمەڵێک دیدار و بەسەرکردنەوەی بارزانی لە کۆماری کوردستاندا، ئیدریس و بنەماڵەی مەلا مستەفا گوازرانەوە بۆ مهاباد و لەوێ نیشتەجێ کران. هەرچەندە بە هاتنی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەک ئاسایش و ئارامی گەڕابۆوە بۆ بنەماڵەکانیان، بەڵام لە مهاباد هەلێکی باشتر بۆ پەروەردە کردنی ئیدریس و منداڵە بارزانییەکان ڕەخسا.

منداڵەکان تا ڕادەیەک ئازارەکانی شەڕ و ڕاوەدوونان و برسییەتیان دەرمان کرا و ڕێگەی خوێندن و پەروەردەبوونیان لە دۆخێکی ئارامی کوردەواریدا بۆ کرایەوە. جگەلە ژمارەیەک لە گەورە پیاوان، ئەوانی تر بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ڕەنگە سەرلەنوێ توشی کارەسات ببنەوە کە لەپڕ دێوەزمەی شەڕ لە بەرەکانی شەڕی قاراوا، مامەشە و بەرزاییەکانی مەلقەرەنی و ناوچەی سەردەشت بەربینگی پێ گرتنەوە. جەنگاوەرانی بارزانی بەهەر شێوەیەک بوو، بە کەمترین زیان چارەسەریی شەڕەکانیان کرد و جگەلە پێشمەرگەیەکی قارەمان بەناوی خۆشەوی خەلیل خۆشەوی و چەند بریندار، بە سەرکەوتنێکی زۆرەوە بەسەر دوژمندا زاڵ بوون، بەڵام ئەوەی بارزانییەکانی لەپێ خست نەخۆشی تایفۆئید بوو کە تەنگی بە بارزانییەکان هەڵچنی و نزیکەی دوو هەزار بارزانی بە گەورە و بچووکەوە لە مهابادو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لێ کوشتن و ژمارەیەکی زۆر لەو منداڵانەی بەبێ دایک و باوک هێشتەوە. لەم بارەیەوە کازم مستەفا ئومەر شانەدەری گوتی:

- (لە ماوەیەکی کەمدا ١٠٨ کەس لە مهاباد مردن کە ٢٤ کەسیان شانەدەریی بوون.) مەمۆ حەسەن باسی لە مردنی پێنج برای لە مزگەوتی گوندی حەمامیان کرد کە خەڵکی گوندی بێلکیس بوون، بە دوای یەکتردا مردن و تەیمەز ئاراب گوتی:

- (لەماڵی سەعید محەمەد لە حەوت کەس، چواریان بوونە قوربانی. بەگشتی هیچ ماڵێک نەبوو کە چووبێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەک یان چەند کەسی قوربانی نەدابێت.)

شەریف قۆرتاس مەلا یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە کۆماری کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت، دەڵێت: (ئەسپێ هەموو لەشی بارزانییەکانی داگرتبوو. دەرمان نەبوو کە لەناویان بەرین، باوکم لە قەلاتان بە نەخۆشی تایفۆئید کۆچی دواییکرد. ماڵ هەبوو کە گەورە و بچوکیان بە نەخۆشی تایفۆئید تێدا چوون.)

هەروەها شێخ عەبدولواحد ئیبراهیم شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەڵێت: (لە مزگەوتی سور نزیکەی ١٨٠ بارزانی بە نەخۆشی تایفوئید کۆچی دواییان کرد.[1])

١- وتوێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ: کازم مستەفا ئومەر شانەدەری، سەعید وەلی بەگ، تەیمز ئارەب قەتران، شەریف قورتاس مەلا و شێخ عەبدولواحد ئیبراهیم شێخ عەبدولسەلام بارزانی.

## هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و پاشەکشەی بارزانییەکان لە مهاباد

دوای ئەو وردە شەڕانەی کە ئاماژەم بۆ کردن، یەکەکانی سوپای ئێران ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٠، بە فەرماندەیی سەرتیپ هاشمی بەرەو تەورێز بەڕێکەوتن و ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٣ سوپای ئێران گەڕایەوە بۆ تەورێز.

ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٦ بارزانیی لە بەرەی شەڕەوە گەیشتە مهاباد و بۆی دەرکەوت کە هیچکام لە لێپرسراوانی مهاباد نیازی بەرگرییان لە کۆمار نیە و هەموویان خۆیان بەدەستەوە دەدەن. بارزانی چاوی بە پێشەوا قازی کەوت و لێی پرسی، دەتەوێت چی بکەیت؟ پێشەوا لە وەڵامدا گوتی: دەمەوێت خۆم فیدا بکەم، بۆ ئەوەی خوێنی خەڵکی مهاباد نەڕژێت، خۆم بەدەستەوە دەدەم، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە پێوەندیم بە ژەنەڕاڵ هومایونییەوە کردوە. لەو کاتەدا کە فرمێسک لە چاوی پێشەوادا قەتیس ببوو، بە بارزانیی دەڵێت:

- (جگەلە پیاوەکانی خۆت، پشت بە کەس مەبەستە. زۆرن ئەوانەی سوێندیان بۆ من خوارد بوو، کەچی ئێستا بۆ خزمەتکردنی سوپای ئێران پێشبڕکێیانە. هەروەها دەمەوێت لە سەرۆک هۆزەکان وریا بی و بڕوایان پێ نەکەیت. تکاش دەکەم بە زووترین کات مهاباد بەجێبهێڵە، تا لێرە لەگەڵ لەشکری ئێران بەگژ یەکدا نەچن.) بارزانی دەڵێت:

- (قازی هەستایە سەرپێ و بە گریانەوە ماچمیکرد و گوتی: لە خوا دەپاڕێمەوە بتپارێزێ و سەرکەوتوو بیت. با ژیانی من فیدای هاونیشتمانەکانم بێ و ببێت بەهۆی دورخستنەوەیان لەو بەڵایەی هەڕەشەیان لێ دەکات. ئەوەی گوت و ئاڵایەکی کوردستانی دامێ و

گوتی: ئەمە ڕەمزی کوردستانە دەتدەمێ، وەک سپاردەیەک لات بێت، چونکە پێموایە تۆ لە هەموو کەس باشتر پارێزگاریی دەکەی[١])

سەعید هومایون کاتب و خوشکەزای پێشەوا قازی محەمەد لە کۆماری کوردستان کە یاوەریی پێشەوای دەکرد لە دیدار و وتووێژەکانیدا لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران لە تاران، لە لاپەڕەی ١٢٧ی کتێبەکەیدا "پیشوای بیداری" سەبارەت بە سپاردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە بە ژەنەڕاڵ بارزانی دەڵێت:

- (لە دوا دیداریدا، پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی کە لەسەر مێزی کارەکەی بوو، قەد کرد و ماچی کرد و دایە دەست مەلا مستەفا و گوتی: "ئاڵای کوردستان بە ئەمانەت لە لای خۆت ڕابگرە. ئومێدەوارم نەهێڵی ئەم ئاڵایە بکەوێتە سەر زەوی." ژەنەڕاڵ بارزانی ئاڵاکەی لە دەست پێشەوا وەرگرت، ماچی کرد و لەسەر سەری خۆی دانا و بەڵێنی دا، نەک هەر ناهێڵێت ئاڵای کوردستان بکەوێتە سەر زەوی، بەڵکوو ڕۆژێک دێ کە بەرزی بکاتەوە. دیمەنی ئەوکاتە مێژووییە بە ڕادەیەک دڵتەزین و لە هەمانکاتدا جێی دەستخۆشانە بوو کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ژوری مەحکەمە بوون، بە توندی گریان. ژەنەڕاڵ بارزانی و سەرهەنگ میرحاج و پاسەوانەکانی مەلا مستەفا و ئەفسەرە کوردە عێراقییەکان لەنێوان خەم و پەرۆشی زۆردا، یەکە یەکە دەستی قازی محەمەدیان ماچکرد و ماڵئاواییان لێکرد. قازی محەمەد گوتی: "ژەنەڕاڵ بارزانی و هاوڕێیانی هەرچی پێویستە، بیاندرێتێ." من شاهیدی ئەو ڕووداوە مێژووییە بووم کە دوو قارەمانی نەتەوەیی کورد لێک جیابوونەوە و تا دەمرم لەبیری

ناکەم. بەیانیی ڕۆژی دوایی بارزانییەکان بەرەو نەغەدە و شنۆ و عێراق بەڕێکەوتن(٢))

پێشەوا داوا لە ژەنەڕاڵ بارزانی دەکات کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی مهاباد بەجێبهێڵێ و نەبێتە هۆی شەڕ لە شاری مهاباددا. بەو فەرمانە، بنەماڵە بارزانییەکان لە ناوچەی مهابادەوە دەبەن بۆ نەغەدە و شنۆ و لە گوندەکانی نزیکیان کۆیان دەکەنەوە. شێخ ئەحمەد دەگاتە شنۆ. کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردەکان دەکات، بڕیاردەدەن دوو هێڵی بەرگریی لە نێوان نەغدە و مهاباد و دوو هێڵی بەرگرییش لە دۆڵی "باراندوز" لەنێوان ورمێ و مەرگەوەڕ و هێڵێکیش لە دۆڵی "قاسملوو" دانێن، تا بۆشیان بکرێت بە هۆی سەرما و سۆڵەی زستان خۆیان لە تێکهەڵچوونی هێزەکانی جاش و سوپای ئێران بپارێزن.

پاشەکشەی بارزانییەکان لە مهاباد، گەڕانەوەی سوپای ئێرانی بۆ ئەوێ و ڕوخانی کۆماری کوردستانی بە دواوە بوو. ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٦ دوای دیداری لەگەڵ بارزانی، قازی محەمەد لەگەڵ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و حاجی سەید بابا شێخ پەیمانی تەسلیم بوونی کۆماری کوردستان و دورخستنەوەی بارزانییەکانیان لە مهاباد واژۆ کرد. ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٧، پێشەوا قازی و سەرکردەکانی کۆماری کوردستان، تا نزیک گوندی "گوێکتەپە"، ١٢ کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەلاتی مهاباد، بە پێشوازیی سوپای ئێرانەوە چوون و هێزەکانی سوپای ئێرانیان بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ "غەفاری" هێنایەوە بۆ مهاباد و لەو ڕۆژەدا سوپای ئێران مهابادی داگیرکردەوە کە ساڵێک پێشتر لەوێ پێشەوا قازی محەمەد ئالای کوردستانی هەڵکردبوو.

دوای گەڕانەوەیان بۆ مهاباد، سوپای ئێران پێشەوا قازی محەمەد، محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی، ئەبولقاسم سەدری قازی و ژمارەیەک لە وەزیران و کاربەدەستانی حزبیی و حکومیی لە مهاباد، سەقز و بۆکان دەستبەسەر کرد و دادگای سەحرایی سەردمی شەڕی بۆ دانان و بە فەرمانێکی پێشوەخت قازی محەمەد و هەڤالانی بە ئیعدام مەحکوم کرد و ڕۆژ ١٩٤٧/٣/٣١، قازییەکانی لە سێدارەدا.

کاتێک پێشەوا قازی و هەڤالانی لە زیندانی ڕژێمدا بوون، سەرلەشکر هومایونی فەرماندەی لەشکری چواری ورمێ داوای بینینی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی کرد. سەرلەشکر هومایونی و سەرگورد غەفاری بە یەکەوە لە ماڵی "قوڵیخان قەرەپەپاخ" سەرۆک هۆزی قەرەپەپاخەکانی نەغەدە، چاویان بە شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا، هومایونی لە شێخ ئەحمەدی پرسی: دەتانەوێت چی بکەن؟ شێخ ئەحمەد گوتی:

- **(نامانەوێت لەگەڵ سوپای ئێران بە شەڕ بێین، تەنیا ئەوەندەمان دەوێت کە وازمان لێ بهێنن، تا دەگەینە بەهار، ئەوسا خاکی ئێران بەجێدێڵین، حکومەتی عێراق ڕازیی بێت یان نا.)**

هومایونی لە وەڵامیدا گوتی: **(باشترە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ کاربەدەستانی تاران باس بکەن[٣])**

شێخ ئەحمەد پێشنیازی هومایونی قبوڵکرد و بڕیاریدا مستەفا بارزانی بچێت بۆ تاران. بارزانیی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢١ لەگەڵ عیزەت عەبدولعەزیز، نوری ئەحمەد تەها، میرحاج ئەحمەد، حەمەدەمین میرخان، جەمیل تۆفیق بامەڕنی و خالید زراری بەرەو تاران کەوتەڕێ و سەرگورد غەفارییش لەگەڵیان چوو. لە تاران

زۆر بە ڕێزەوە پێشوازییان لە بارزانی و هەڤاڵانی کرد. لەو سەفەرەدا، ژەنەڕاڵ بارزانی چاوی بە محەمەد ڕەزاشا، قەواموسلتەنە سەرۆکوەزیران و سەرۆکی سوپای ئێران کەوت. بە نوسینی نەجەفقولی پسیان، محەمەد ڕەزاشا سێ ڕێگای بۆ بارزانییەکان دانا:

١- ئەگەر بارزانییەکان بخوازن لە ئێران بمێننەوە، دەبێ چەک دابنێن و لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ شوێنێکی تر بچن کە دەوڵەت بۆیان دەستنیشان دەکات. دەوڵەت بۆ ماوەی ٦ مانگ لە بواری ئابوورییەوە یارمەتیان دەکات و دواتر دەبێ بۆخۆیان کار بکەن و ئابووریی خۆیان دابین بکەن.

٢- لە نێوان بارزانییەکاندا ئەگەر کەسێک دۆسیەی حوکمدراوی لەسەر بێت، دەوڵەتی ئێران پشتی دەگرێت و ڕێی پێدەدات لە ئێران بمێنێتەوە و ئەوانی تر دەبێ بە زوویی خاکی ئێران بەجێهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

٣- ئەگەر بارزانییەکان ئەم دوو مەرجە قبوڵ نەکەن، دەبێ دەستبەجێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان، ئێران بەجێهێڵن و بەو ڕێگایەیدا کە پێیدا هاتوون، بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان(٤)

لە وەڵامدا بارزانیی دەڵێت: **(من ناتوانم بڕیار بدەم، تا نەچمەوە بۆ لای شێخ ئەحمەد کە ئەو دەسەڵاتدارە.)**

هەرلەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری لە وتوێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم:

**- (مەلا مستەفا دوای گەڕانەوەی لە تاران کە نوری ئەحمەد تەهاشی لەگەڵ بوو، گوتی: شا پێیگوتم ئێوە دوو ڕێگەتان لەپێشە، یان دەبێ بڕۆن و لە خاکی ئێران بچنە دەرەوە، یان وەرن خۆتان تەسلیم بکەن و من لە ناوچەی هەمەدان داتاندەنێم. ئەو دوو ڕێگەتان لەپێشە و دەبێ چەک دانێن. بارزانی گوتی چارە نەبوو،**

چۆن خۆم لە دەستی شا ڕزگار بکەم؟ قەناعەتم هات کە ئەگەر ئەوە نەکەم دەمگرن. گوتم جەنابی ئەعلاحەزرەت من بەتەنیا نیم و براگەورەم هەیە و تەقالید و عاداتی ئێمە وایە کە لە ئەمری براگەورەی خۆمان دەرناچین. شێخ ئەحمەد براگەورەی منە. من ئەمری جەنابتم زۆر لا پەسەندە و زۆریش حەز دەکەم. ئێران وڵاتی خۆمانە، بەڵام دەبێ بچم لەو بپرسم، بەڵام جەنابیشت یەکێک لە باوەڕپێکراوانی خۆتم لەگەڵ بنێرە کە بەناوی جەنابیشتەوە پێی بڵێین و هەردوومان قەناعەتی پێ بێنین. بارزانی بەو فێڵە خۆی نەجات دا[٥])

حکومەتی ئێران دەیویست بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی، مستەفا بارزانی بە بارمتە بگرێت، بۆ ئەوەی کە شێخ ئەحمەد و بارزانییەکانی پێ تەسلیم بکات. بەو مەبەستە لیژنەیەکی نارد بۆ لای شێخ ئەحمەد. لیژنەکە پێی ڕاگەیاند: یان بە پەلە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، یان چەک بن و ئامادەی گواستنەوە بن بۆ هەمەدان، ئەگەرنا مەلا مستەفا ناگەڕێتەوە. وەڵامی شێخ ئەحمەد ئەوە بوو کە دوای کەوتنی سەرما و سۆڵە و توانەوەی بەفر، لە بەهاردا ئێران بەجێدێڵین. دەربارەی مستەفا بارزانییش، گوتی:

- (ئێمە سەر بۆ هەڕەشە دانانەوێنین، هەر یەکێک لە بارزانییەکان مستەفایەکن.)

حکومەتی ئێران بە بیستنی هەڵوێستی شێخ ئەحمەد، ناچاربوو ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٩ بارزانی و هەڤاڵانی بگەڕێنێتەوە بۆ نەغەدە[٦]

دوای گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی و هەڤاڵانی لە تاران، سەرتیپ هومایونی و سەرگورد غەفاری سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ نەغەدە تا ئەگەر بارزانییەکان ئامادەی گەڕانەوە نەبن بۆ باشوری

کوردستان، بیانگوازنەوە بۆ هەمەدان. شێخ ئەحمەد لە وەڵامی هومایونیدا گوتی:

**- (پێشتر گوتومانە هەرکاتێک بەفر توایەوە و ڕێگاکان کرانەوە، ئێمە خاکی ئێران بەجێدێڵین، بەڵام چەکدانانێین، ئێمە شەڕخواز نین و ئەگەر پەلاماریشمان بدەن، بەرگری لەخۆمان دەکەین.)**

بێ ئاکام بوونی گفتوگۆکانی هومایونی لەگەڵ شێخ ئەحمەد، کاربەدەستانی ڕژێمی ئێرانی هاندا کە بە هاوکاری ئەو عەشیرەتانەی کە پێشتر لایەنگریی کۆماری کوردستان بوون، پەلاماری بارزانییەکان بدەن و ئەوان لە سنوری ئێران دور بخەنەوە. لەبەر ئەوە ژەنەراڵ بارزانی چوو چاوی بە سەرۆک عەشیرەتەکانی مامەش، پیران و مەنگوڕ کەوت و داوای لێکردن، کاتی هێرشی سوپای ئێران بۆسەر بارزانییەکان، بێلایەنی بگرنەبەر. لەگەڵ ئەوەشدا، نەغەدەیان بەجێهێشت و بەرەی بەرگریی کردنیان لە نەغەدەوە گواستەوە بۆ سنوری نێوان نەغەدە و پیرانشار و شنۆ و ورمێ و لە بەرزاییەکانی قەڵاتان" و گوندەکانی دەوروبەری دابەزین.

لە ڕەوتی ئەو ڕووداوانەدا، بارزانییەکان لە چەند لاوە توشی شەڕ لەگەڵ سوپای ئێران و عەشیرەتە پرچەککراوەکان بوون و بە بەردەوامی لەلایەن فڕۆکەکانی ئێران و تۆپخانەکانی ئێرانەوە ژن و منداڵەکانیان بۆمباران کران. لە چەند شەڕی وەک: شەڕی سێڵوێ، شەڕی نەڵۆس، شەڕی گۆجاڕ، شەڕی قاڕنێ، شەڕی دەشتی شنۆیە، شەڕی هەڤرین و هەلەج لە بەرەی مەرگەوەڕ و شەڕی نێرگێ "بەری زەر" لە بەرەی مەرگەوەڕ، سەدان پێشمەرگە و ژن و منداڵی پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی شەهید و بریندار بوون. نەجەفقوڵی پسیان لە کتێبی "لە مهابادی خوێناوییەوە تا

لێوارەکانی ئاراس" پەنجە بۆ زیانەکانی سوپای ئێران لە شەڕ بەدژی بارزانییەکان ڕادەکێشێت و ناو، یان ئاماری کوژراو، بریندار و بەدیل گیراوەکانیان ئاشکرا دەکات کە بریتی بوون لە: ٦٣ کوژراو. سەرگورد کەلاشی، ستوان یەکەم سەید محەمەد ئیمامی، ستوان یەکەمی فڕۆکەوان غولام حوسێن نەجەفی، ستوان ڕەزا قەرەباغی و گروبان یەکەم عەلی ئیفتخاری، لەگەڵ ئەفسەرێکی تر کە پسیان ناوی نەنوسیوە، لەگەڵ دوو پلەداری ژاندارمەری لە هەنگی سوارە و ٣٤ سەرباز و ٢١ جاش لەنێو کوژراوەکاندابوون و ٤٨ کەس بریندار: ٤٢ ئەفسەر، پلەدار و سەرباز لەگەڵ ٦ جاش. هەروەها بەدیل گیراوەکان ٩٤ ئەفسەر، پلەدار و سەرباز بوون کە خۆیان دابووە دەست بارزانییەکان. پسیان لە کۆتایی نوسینەکەیدا ژەنەڕاڵ بارزانی بە خوینەرانی کتێبەکەی دەناسێنێت و دەڵێت:

**- (مەلا مستەفا پیاوێکی دەستە بالا، بەخۆوە، ئەسمەر و نێوچاوان پان و چاو درشتە، برۆکانی پڕ و تێکەڵاون. هەموو سفەتی، هەیبەت و ئازایەتی و جەنگاوەریی و کارزانیی لێدەردەکەوت. زمانەکانی ئینگلیزیی، عەرەبی، تورکی و فارسی بەباشی دەزانی. پتر لە ١٧ ساڵ دژی دەوڵەتەکانی ئینگلیز و عێراق و ئێران شەڕی کردبوو و شاهید و بەشداری گەلێک شەڕی خوێناوی بوو[٧])**

بەهەر حاڵ لە بەرامبەردا ئەو ئامارەدا کە دوژمن بۆخۆی ڕایگەیاندوە، بارزانییەکانیش ٢٦ پێشمەرگەیان لێ شەهید بووکە ناوەکانیان ڕاگەینرا. جگەلەوە خۆشەوی خەلیل خۆشەوی پێشتر لە ١٩٤٦/٦/١٥ لە شەڕی مامەشە شەهید کرابوو. هەروەها ڕژێمی عێراق ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩، چوار ئەفسەری هێزی بارزانیی بەشدار

لە کۆماری کوردستاندا لە سێدارەدا کە ناوەکانیان بریتی بوو لە: مستەفا خۆشناو، خێرولا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود قودسی و عیزت عەبدولعەزیز.

لە ڕەوتی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی سوپا و جاشە خۆفرۆشەکانی ئێران دژی بارزانییەکان، هەر سێ دەوڵەتی ئێران، عێراق و تورکیا لە پێوەندیی ڕۆژانەدا بوون. ڕۆژی ١٩٤٧/٣/٢٤، سەرلەشکر فەزلولا هومایونی چوو بۆ حاجی ئۆمەران و چاوی بە "عەلی حیجازی" بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی عێراق کەوت، تا بە هاوکاریی دوولایەنە کێشەی بارزانییەکان یەکلا بکەنەوە.

لە سەرەتای مانگی ئاپریل "نیسان"ەوە، فڕۆکەکانی ئەو سێ دەوڵەتانە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارزانییەکان بەسەر سنورە دەستکردەکاندا دەخولانەوە. سوپای ئێران بە هاوکاریی ئەو جاشانەی سەردەمێک بە ڕواڵەت پارێزەری کۆماری کوردستان بوون، لە سێ بەرەی "خانێ، نەغەدە و ورمێ"وە گەمارۆی بارزانییەکانیدابوو. لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم پانتایی ڕێڕەوی بارزانییەکان بەڕادەیەک بەرتەسک ببۆوە کە هەر گوللە تۆپ و خۆمپارە یان ڕاکێتێکی فڕۆکە دەیتوانی کارەساتی مەزن بخولقێنێت. لەم بارەیەوە سەرۆک مستەفا بارزانی لە وتارێکیدا کە ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩ لە سێیەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کوردەکانی ئێران و عێراق لە باکۆ پایتەختی ئازەربایجان پێشکەشی کرد، دەڵێت:

- (نوقتەی هەرە زەعیفی ئێمە لەوەدا بوو کە ژن و ماڵ و منداڵ لەگەڵ ئێمە لە جەبهەدا لەژێر گوللەباران و بۆمبای دوژمندا بوون. ئەوە بوو کە دوژمن ئەم نوقتە زەعیفەی لە ئێمە دۆزییەوە و بەبێ ڕەحم و ئینساف، وەحشییانە ماڵ و منداڵی ئێمەیان بۆردومان

دەکردو لە نەتیجەدا قسمێکی لەشکرەکەمان لە بەینی لەشکرەکانی عێراق و تورکیادا محاسرە کران، لەپاش کوشتارێکی زۆر ئەسیر کران. لەپاش ئەم حادیسەیە، ئێمە مقاوەمەتی مونتەزەمی خۆمان بەحەرەکاتی پارتیزانی عەوەز کرد، کەوا ئێستاش ئێمە هەر لەو موبارەزەیەدا دەوام دەکەین. لەپاش ئەوەی کە ئیرتجاعی تاران، کوردستانی ئیشغال کرد، دەستیان کردە ئەو جنایەتە وەحشیانەی کە لە عەسری ناوەنجیدا ئەو نەوعە جنایەتانە نەبینراون و هەتاکو ئێستاش هەرلە ئیرتکابی ئەو جنایەتانە ناکشێنەوە.)

ئەو هەلومەرجە شێخ ئەحمەدی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە لەگەڵ ژن و منداڵ و بەساڵداچووەکان بگەڕێتەوە بۆ عێراق و ئەگەر دەوڵەتی عێراق ئامادە بوو، ژەنەراڵ بارزانی و پێشمەرگەکانیش بەمەرج قبوڵ بکاتەوە، ئەوانیش بگەڕێنەوە و بارزانی مەرجەکانی ئاراستە بکات. بۆ ئەو مەبەستە، بارزانییەکان لە گادەر نزیکبوونەوە و ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٠ شێخ ئەحمەد لە سنور پەڕییەوە و چوو چاوی بە عەلی حیجازی کەوت تا ڕێگا بۆ پەڕینەوەی ژن و منداڵ و بەساڵداچووەکان خۆش بکات. حیجازی دەیوست شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لەپێش ئەوانی تردا بگەڕێنەوە کە شێخ ئەحمەد تێیگەیاند، بارزانی و چەکدارەکان دوائاژۆی خێزانەکانن. بەم جۆرە خێزانەکان پەڕینەوە دیوی عێراق.

ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٥ ژەنەراڵ بارزانی ماڵئاوایی لە شێخ ئەحمەد و براکانی و خێزان و دۆستەکانی کرد و لەگەڵ ٥٦٠ پێشمەرگە کە پێشتر هەڵبژارد بوون، دوا ماڵئاواییان لە خزمانیان کرد و بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ مەرگ و چارەنوسێکی نادیار لە بەری ئێران مانەوە و ڕۆژی ١٩٤٧/٤/١٩ بە ڕێگای "ئازدار داغی"دا،

ڕوویان لە خواکورک کرد. لەوێ بارزانی هێزەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن:

- (پاش تۆزێکی تر دەچینەوە ناو عێراق و ڕوو دەکەینە باکوری ناوچەی بارزان، بێگومان حکومەتی عێراق هەرچی لە توانایدا بێت بە ماڵ و بە گیان دەیخاتە کار. جگەلە سوپا، کەڵک لە جاشە خۆفرۆشەکانیش وەردەگرێ و بگرە داوای یارمەتی لە تورکیا و ئێرانیش دەکات. ئێمە دەبێ چەندەی بۆمان دەکرێ، نەهێڵین بگەینە لێکدان، چونکە قولایی ستراتیژییەکی ئەوەندە بەرفرەوانمان نییە کە برینداره‌کانی خۆمانی لێ دانێین و پێداویستییەکانی خۆمانی لێ دابین بکەین. وەکوو دەزانن چەک و فیشەکی پێویستمان هەر ئەوەندەیە کە هەر یەکەتان هەڵیگرتوە. کەوابوو لەسەرمانە ئەوپەڕی خۆڕاگری و گوێڕایەڵی و بەربەڵێنیی خۆمان بپارێزین. خەریکم پێوەندی بە حکومەتی عێراقیشەوە دەکەم، بەڵکوو ڕێگاچارەیەکی لەبار بدۆزینەوە، هەرچەندە سەرکەوتنمان ڕێی تێناچێ، بەڵام دواتر بیرلە چارەیەکی تر دەکەینەوە.

براکانم: ئێمە بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەچین، نازانم لە برسان دەمرین، یان لە سەرمان ڕەق دەبینەوە، یان گوللەی دوژمن دەمانپێکێ. واتە مردن نزیکترین ڕێی تێداچوونە، بەڵام خوا گەورەیە و لە هەموو دوژمنەکانمان بە دەسەڵاتترە. منیش پشت بەخودا ئەم ڕێگەیەم گرتوەتەبەر و بەتەمای خوا بە ڕوی دوژمناندا دەچمەوە. جا هەرکەس توانای هەڵگرتنی ئەم کۆڵە گرانەی هەیە و ئەم چارەنوسەی پێ هەڵدەگیرێ، با بمێنێتەوە و هەر کەسیش دەزانێ ئەوەی پێ ناکرێ، دەتوانێ بگەڕێتەوە و خۆی بەدەستەوە بدات، منیش زۆری سوپاس دەکەم[٨])

لەو ٥٦٠ پێشمەرگەیە تەنانەت یەک کەسیش نەهاتەدەر و هەموو بە یەک دەنگ هاواریان کرد، لەگەڵتین، مردن لەگەڵتدا لە ژیانی بێ تۆ خۆشترە. لە ڕاستیدا ٨٥%ی ئەو پێشمەرگانەی کە بارزانی هەڵیبژارد بوون، تەمەنیان لە نێوان ١٧- ٢٥ساڵدا بوو. هەموویان لە باوک و باپیرانیانەوە بە بنەماڵە پێشمەرگە و کوڕە شەهید و خەباتکاری ڕێی کوردایەتی بوون. چاو نەترس بوون و ئامادە بوون بە فەرمانی بارزانی خۆیان لە زاری گورگ هاوێن.

بارزانی کاتێک وەڵامی خۆی لە پێشمەرگەکان وەرگرتەوە، سەرلەنوێ ئەوانی ڕێکخستەوە بەسەر پێنج بەشدا و بۆ هەر بەشە فەرماندەیەکی دیاری کرد کە بریتی بوون لە: شێخ سلێمان، ئەسعەد خۆشەوی، مامەند مەسیح، محەمەدئەمین میرخان و مستۆ مێروزی.

کازم مستەفا شانەری کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێر فەرماندیی محەمەد میرخان مێرگەسوری بوو، دەربارەی وتەکانی بارزانی و ڕێکخستنی نوێ و مانەوەیان لە ناوچەی مزوریان دەڵێت:

- (بە ڕاستی ئەو ڕێگایەی کە ئیمە پێیداچووین هەربەم جۆرە بوو کە پێشتر مەلا مستەفا بۆ ئێمەی ڕوونکردبۆوە. لەو ڕێیەدا ئێمە تووشی زۆر کارەسات و برسیەتی و تونیەتی و کەمینی دوژمن بووین. کە گەیشتینە ناوچەی مزوری مەلا مستەفا شارەزاییەکی باشی هەبوو و هێزەکانی بەم جۆرە دابەشکرد:

- مەلا مستەفا و دەستەی سەرۆکایەتی کە سەعید وەلی بەگ بەرپرسی بوو، بنکەکەی لە گوندی ئەرگوش دانا. ئەرگوش گوندێکی ئاوەدان بوو و دەیتوانی زیاتر لە ١٠٠- ١٥٠ کەس جێ بکاتەوە و خواردنیشیان بۆ دابین بکات. دوو دەستەش کە محەمەدئەمین میرخان و ساڵح کانیەلینجی سەرۆکایەتیان دەکرد، لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی مەلا مستەفادا بوون.

- ئەسعەد خۆشەوی بە سەرۆکایەتی دەستەیەک لە گوندەکانی مێروز و دێزۆ دامەزران کە چەند کەسی تری وەک "مەلۆ لێری" هاوکاریان دەکرد.
- حارس بێدارونی و میرزاغا ڕەشۆ مێرگەسوری سەرۆکایەتی بەرەی زید بوون و هێزەکانیان لەچیای خنگێل دامەزراند(٩))

بە دوای ئەو دابەشکردنەدا، بە گوندەکانی "موسلۆک" و "ئەموش"دا ڕوویان لە ناوچەی مزوری کرد. ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٤ بەسەر بۆسەیەکی دوژمندا کەوتن کە پۆلیس و جاشەکانی بنکەی شێروانی مەزن لەنێوان شێروانی مەزن و ئەرگوش لە نزیک گوندی "زێت"ێ دایاننابوو. لە دەستڕێژێکدا پۆلیسێکی کوردی بادینان کوژرا و جاشێکیش بەدیل گیرا و ئەوانی تریش ڕایان کرد. هەروەها یەکێک لە پێشمەرگەکانیش بە ناوی "تێلی عەبدولکەریم" شەهیدبوو. بە دوای ئەو شەڕەدا، پێشمەرگەکان ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٥ گەیشتنە ناوچەی مزوری، بارزانی لە گوندی "ئەرگوش" دابەزی و پێشمەرگەکانیش دابەشبوون بەسەر گوندەکانی تردا.
بارزانی لە ئەرگوش بوو کە حکومەتی عێراق ڕۆژێک بەرلە شەڕی نزیک گوندی زێتێ واتە ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٣ بە "معاون عەلی بەگ قامچی ڕەش(١٠)" و وەلی ئیبراهیم هەسنیدا وەڵامی بۆ ناردەوە کە ڕازییە بارزانی و هەڤاڵانی بەبێ مەرج بگەڕێنەوە بۆ عێراق و بەڵێنیشیدابوو کە یاسای ساڵی ١٩٤٥یان سەبارەت بە لە سێدارەدانی بەسەردا ناسەپێنێت و ئەگەر بەگوێی حکومەت نەکات، حکومەتی لایەنی تر دەگرێتەبەر کە بارزانی وەڵامی دانەوە: (بەبێ مەرج و داوا نایەتەوە و خۆشی بەدەستەوە نادات.)

---

١- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ١٦٩، نوسینی مەسعود بارزانی.

٢- پیشوای بیداری، نوسینی سەعید هومایون، کۆکردنەوەی هاشم سەلیمی، لاپەڕەی ١٢٧.

٣- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ,١٧٢

٤- از مهاباد خونین تا کرانەهای اراس، لاپەڕەی ٨ و ٤٤- ٤٨، نوسینی نجفعلی پسیان، ١٣٢٨- ١٩٤٩. پیسیان ئەو هەواڵنێرە بوو کە لەگەڵ سوپای داگیرکەری ئێران هاتبوو هەواڵی داگیرکردنەوەی مهاباد و شەڕی سوپای ئێران بە دژی بارزانییەکان بگوازێتەوە.

٥- عەبدوڵا ئاغای پشدەری لە وتووێژێکیدا لەگەڵ من، دەنگی پارێزراوە.

٦- بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، لاپەڕەی ,١٧٢

٧- از مهاباد خونین تا کرانەهای اراس، لاپەڕەی ٢٨، ١٣٢٨,/٩/٢١

٨- بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ١٩٣١- ١٩٥٨، نوسینی مەسعود بارزانی، لاپەڕەی ٢١٧ و ٢١٨، چاپی ئاراس ٢٠١٢.

٩- وتووێژی ڕاستەخۆ لەگەڵ کازم مستەفا ئومەر شانەدەری.

١٠- بە وتەی هەڤاڵانی بارزانی، معاوین عەلی پۆلیسێکی تاوانبار بوو، خەڵکێکی زۆر ئازاردابوو و خەڵک ناوی قامچی ڕەشیان لەسەرنابوو. پێشتر بارزانی لە گوناحەکانی خۆش ببوو کە چیتر خەڵک ئازار نەدات.

## بەرەو چارەنوسێکی نادیار و دوور کەوتنەوەی بارزانی بە مەودایەکی زیاتر لە ئیدریس و بنەماڵەکەی

وەلامی بارزانی کە بە عەلی بەگدا ڕەوانەی حکومەتی کرد، بە دڵی کاربەدەستانی حکومەت نەبوو. لەبەر ئەوە سوپای عێراق سەرلەنوێ بە هاوکاریی جاشە خۆفرۆشەکان لە بەرەی ڕەواندزەوە بەرەو شێروانی مەزن، لە ئاکرێوە بەرەو بارزان و چیای شیرین و ئامێدییەوە بە ڕۆژئاوای ناوچەی ڕێکانییەکاندا بەرەو ڕوباری شین "ڕۆی شین" هێرشیان کرد. هەروەها لەگەڵ ئێران و تورکیاش پێکهات کە هاوکاریی بکەن بۆ لەناو بردنی مەلا مستەفا و هەڤالانی. ئەمە وای لە مەلا مستەفا کرد کە بە مەودایەکی زیاتر لە ئیدریس و بنەماڵەکەی دوور بکەوێتەوە و بەرەو چارەنوسێکی نادیار بچێت.

ڕۆژی ۱۹٤۷/٥/۱۹ لە هێرشێکدا کە دوژمن بە هاوکاریی جاشەکان، لە بەرەی شێروانەوە بۆ سەر پێشمەرگەکانی کرد، ژمارەیەک جاش و چەکداری ڕژێم کوژران و بریندار بوون. یەکێک لە جاشە بریندارەکان محەمەدئەمین شیقی "چاو شوشە" بوو. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی "عەریف عەبدولڕەحمان خۆشناو" و "عەزیز زراری" شەهید بوون و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی وەسمان مێرگەسوری بریندار بوو.

بە فەرمانی ژەنەڕاڵ بارزانی، پێشمەرگە هاوڕێکانی بەهۆی بازنەی بەرتەسکی شوێنی مانەوەیان، کەمی فیشەک، ئازوقە و خواردەمەنی و نەبوونی دوکتۆر و دەرمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندارەکانیان، بە ڕادەی توانا هەوڵیاندەدا خۆ لە شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ جاش و چەکدارانی ڕژێم بپارێزن.

بەپێچەوانەوە دوژمن بە زانیارییی لە دۆخی پێشمەرگەکان، بە بەردەوامی خەریکی پێشڕەویی و تەنگتر کردنەوەی گەمارۆیان بوو. تا سەرئەنجام بارزانی بیری لەو بیرۆکەیە کردەوە کە پێشتر ئاراستەی شێخ ئەحمەدی کردبوو و بەشێک لە پێشمەرگەکان ئەویان بە خەون و خەیاڵ دەزانی.

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ۲۲۱ی کتێبەکەیدا، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، دەنوسێت: (بارزانی بۆی گێڕامەوە کەوا لەکاتی ماڵئاوایی لە شێخ ئەحمەد لە ۱۹٤۷/۳/۱٥دا لێی پرسیوە، ئاخۆ ئەگەر نەیتوانی لەناو عێراقدا درێژە بەشەڕ بدا، دەتوانێ پەنا بباتە بەر یەکێتی سۆڤیەت؟ شێخ ئەحمەد بەوە ڕازی بوو. بارزانی ڕۆژی ۱۹٤۷/٥/٦ دوا بڕیاری مێژوویی خۆیدا و گشت هێزەکانی لە ئەرگوش کۆکردەوە و ئەم دوا بڕیارەی پێڕاگەیاندن کە بریتی بوو لە پەنابردن بۆ ئاخی سۆڤیەت و هۆیەکانیشی بۆ شیکردنەوە. بەئەنجام گەیشتنی ئەم ئامانجە بەلای هەندێ کەسەوە لە خەون و خەیاڵ دەچوو. ئەو کەسانە لە بڕیاری پێشوی خۆیان کە شوێنکەوتنی بارزانی و گرێدانی چارەنوسی خۆیان بەوەوە بوو، پەشیمان بوونەوە و خۆیاندا بە دەست حکومەتەوە، ژمارەیان لە پەنجا کەس تێنەدەپەڕی.)

کازم مستەفا ئومەر شانەدەری و تەیمز ئاراب دوو لە پێشمەرگەکانی ئەو سەردەمە، لە وتوویژێکی تایبەتدا پێیان ڕاگەیاندم: (ئەوانەی گەڕانەوە بۆلای ڕژێم بەم جۆرە بوون: شانزدە پێشمەرگەی دۆسکی، نۆ پێشمەرگەی شێروانی مەزن و حەوت پێشمەرگەی زێباری کە گەڕانەوە لای جاشەکان.)

ڕۆژی ۱۹٤۷/٥/۱۹ بارزانی لە گوندی ئەرگوشەوە فەرمانی بە هێزەکانیدا یەک بە دوای یەک بەرەو ناوچەی "هەرکی بنەجێ"

بەڕێکەون. ڕۆژی ۱۹٤۷/٥/۲۲ هێزەکان گەیشتنە گوندەکانی "دری، باسیا، ستونی، بێداو و ناوشەلا". دوای کۆبوونەوەی هێزەکان لەو شوێنانە، حکومەت بە کۆبوونەوەی ئەوانی زانی. لەبەر ئەوە ڕۆژی ۱۹٤۷/٥/۲۳، چواردە فڕۆکەی ناردە سەریان و بەتوندی ناوچەکەیان بۆمباران کرد. لە ئاکامی ئەو بۆمبارانەدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی "تەمۆ مستەفا بناوی و تەها عەزیز سپینداری" شەهید و چوار پێشمەرگەش بریندار بوون.

ڕۆژی ۱۹٤۷/٥/۲٤ هێزەکانی بارزانی گەیشتنە بێداو کە دوا ئاوایی سەرسنوری نێوان عێراق و تورکیایە. چونکە دوو لە بریندارەکان بەناوی ساڵح حوسێن گوێزی و حەمۆ هیزانی برینەکانیان قورس بوو و بۆ گواستنەوە نەدەبوون، بارزانی داوای لە موختاری گوندی "بێداو" کرد کە ئەو دوو بریندارە بگەیەنێتە شێروان و بیانداتە دەست حکومەت.

بە وتەی هەڤاڵانی بارزانی کە لەناو شەڕ و ڕووداوەکەدا بوون، حکومەت برینی ئەو دوو پێشمەرگەیەی دەرمان کرد، بەڵام بە دوای سارێژ بوونی برینەکانیان لە موسڵ زیندانی کردن و سەرئەنجام هەردوویان لە زینداندا مردن.

ڕۆژی ۱۹٤۷/٥/۲٥، بارزانییەکان گوندی بێداویان بەجێهێشت و بە ڕێگای تەشی بێداو "تەستا- بێداو"دا کە هێجگار ڕژد و ئاستەمە و بەرازییەکەی نزیکەی سێهەزار مەترە و بەفر دایپۆشیبوو، سەر کەوتن. هەرجارەی یەکێک لە پێشمەرگەکان دەکەوتە پێشەوە و هەندێک جار بە قۆنداخی تفەنگ لە بەفرەکە پلەکانیان دروست دەکرد، پێیان لە جێی پێی یەکتر دەنا و بەم جۆرە نەخۆش و برینداره‌کانیان بەشان سەرخست.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتنە گوندی "بای" لە باکوری کوردستان. خەڵکی گوندەکە کە نزیکەی بیست ماڵ دەبوون، زۆر بە گەرمی پێشوازیی لە پێشمەرگەکان کرد و ئەوەی هەیانبوو، لەگەڵ پێشمەرگەکان دابەشیان کرد. بارزانی لە موختاری گوندەکەی پرسی نزیکترین و باشترین ڕێ بۆ سنوری ئێران کامەیە، ئەو گوتی ڕێی "زینیا ئاسنگەرا"یە کە دەکەوێتە نێوان گەوەڕ و شەمدینان. بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتن تا هێزی بەرایی سەربازەکانی تورکیان بینی کە خەریکی سەنگەر لێدان و خۆقایم کردن بوون و ڕێگەیان گرتبوو. هێزەکان ناچار بوون لەناو دەوەن و قامیشاندا خۆیان حەشار بدەن. ئەو شوێنە سەرچاوەی زێی گەورەیە و "نهێلا گەڤەر"ی پێدەڵێن. هاوکات فڕۆکەکانی تورکیاش بۆ پشکنین بەسەر پێشمەرگەکاندا دەگەڕان، بەڵام چونکە خۆیان باش شاردبۆوە، نەیاندۆزینەوە.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٧ هەموو هێزەکانی بارزانی گەیشتنە "جیرمی" کە یەکەم گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. پاش خواردن و حەسانەوە بەرەو ناوچەی بەگزادەکان و گوندەکانی "ئەنبێ"، "دەربەند" و "تلوێ" بەڕێکەوتن و بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٢٨ گەیشتنەجێ. هەموو ئاغاکانی بەگزادە لەترسی تۆڵەسەندنەوەی ناپاکیی و خیانەتەکانی پێشویان ڕایانکردبوو بۆ ورمێ. بارزانی فەرمانی بە پێشمەرگەکاندا کە هیچ شتێک بە زۆر لە خەڵکی گوندەکان نەستێنن و تەنانەت بۆ تاقە نانێکیش نابێ خەڵک بڕەنجێنن.

بارزانی و هەڤالانی ڕۆژی ٢٩-١٩٤٧/٥/٣١ لە ناوچەی هەرکییەکاندا مانەوە، بەتایبەتی لە کوێستانەکانیان و ئەوانیش پێشوازییەکی باشیان لێکردن. حکومەتی ئێران هەموو سەرۆک

عەشیرەتەکانی بانگکردبوو تا ڕێگەیەک بۆ لەناوبردنی بارزانییەکان بدۆزێتەوە. داوای لێکردن نامەیەک بۆ بارزانی بەرن. ڕەشید بەگ سەرۆکی هۆزی هەرکی ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند و نامەکەی گەیاند. لە نامەکە پرسیار لە بارزانی کرابوو کە بۆچی گەڕاوەتەوە بۆ ئێران و دەیەوێ چی بکات؟ داواشی لێکرابوو کە دەستبەجێ ئێران بەجێهێڵێت. بارزانی وەڵامی ئەو نامەیەی نەدایەوە.

لە ناوچەی هەرکیان دوو کەس بە ناوەکانی محێدین بابازادە خەڵکی گوندی باڵانیش و لاوکۆ "داود یوحنا" هاتنە ڕیزی بارزانییەکانەوە. یەکەمیان لە سۆڤیەت کۆچی دوایی کرد و ئەویتریان کە زۆر هۆگر و دڵسۆزی ژەنەڕاڵ بارزانی بوو، ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بارزانییەکان گەڕایەوە بۆ عێراق.

ڕۆژی ١٩٤٧/٥/٣١ پێشمەرگەکان ناوچەی هەرکی یان بەجێهێشت و ڕویان کردە ناوچەی شکاکان و بە گوندی "سێرۆ"دا تێپەڕین و ڕۆژی ١ و ١٩٤٧/٦/٢ لە ناوچەی شکاکان مانەوە. خەڵکی گوندەکان بەگەرمی و بە نان و دۆ پێشوازیی کردن. خاڵی سمکۆی شکاک "خاڵی میرزێ" و یەکێک لە خزمانی سمکۆ بەناوی "سەعید عەدۆ" لە گوندی "دۆستان" ڕێی گوندەکان و بیروڕای ئاغا و موختاری گوندەکانیان بۆ ڕوونکردنەوە.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٣ گوندی دۆستانیان بەجێهێشت و بە گوندی "دێڵێز" و "حاجی جڤان" و "گۆزەڕەش"دا تێپەڕین. لاوێک لە گوندی حاجی جڤان بەناوی سەید کەمال بە گوێرەی توانا خزمەتی پێشمەرگەکانی کرد، بەڵام ئاغای گوندەکە بەناوی "قۆرتاس" گوندەکەی بەجێهێشتبوو و ڕایکردبوو بۆ سەڵماس.

لە گوندەکانی ناوچەی شکاکان پێنج کەس بەناوەکانی بێجان جوندی، تەیمور جەعفەر موسا، کامل زولمات، عومەر حوسێن و

ئیبراهیم جەلال هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە. لەم بارەیەوە تەیمور جەعفەر موسا لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم:

- (لەگەڵ باوکم و سوارەکانی عومەرخانی شکاک بەشداریی کۆماری کوردستانم کرد و باوکم لە ناوچەی سەردەشت شەهید بوو. دوای شکانی کۆماری کوردستان، نەگەڕامەوە گوندەکەمان و چووم بۆ گوندی "هۆدەر" لە نزیک شاری "سەلماس" و لەوێ بەنهێنی دەژیام. کاتێک بیستم بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ئیبراهیم جەلال کە دواتر لەگەڵ بارزانییەکان ئەنفالیان کرد، بێجان عەلی جوندی، کامل زلمات و عومەر حوسێن شکاک بڕیارماندا لەگەڵ بارزانی بکەوین. بارزانی خەریکبوو بە گوندی سمایل ئاغادا دەڕۆیشت کە ئێمە چووین و گوتمان دەمانەوێ لەگەڵت بێن. چەک و ئەسپی باشمان هەبوو. بارزانی قبوڵی کرد و ئێمەش ڕەگەڵی کەوتین. داوام لە بارزانی کرد سواری ئەسپی من بێت.) گوتی: "تەیمور هەتا یەک هەڤاڵی من بەپێ بچێ، منیش بەپێ دەچم" و سوار نەبوو. بۆ ماوەی نۆ ڕۆژان لە ڕێگەدا بووین بەبێ نان و خواردن. ئەسعەد خۆشەوی لە گوندەکان نانی کۆدەکردەوە و هەریەک لە ئێمە نانێکمان وەردەگرت. مەلا مستەفا وەک ئێمە، بەبێ ئەوەی کە زیاتر لە ئێمە وەرگرێت. مانگی شەش بوو، گیا بڵندبوو و ئێمە بە ڕۆژ خۆمان دەشاردەوە و بە شەو دەڕۆیشتین. تەیارەی تورکان دەهاتن، تەیارەی ئێران دەهاتن، بەڵام ئێمەیان نەدەبینی و ئێمەش تەقەمان لێنەدەکردن. جارێک تورکەکان لە نزیک گوندی "ڕاویان" لەسەر حدود پێشیان پێگرتین و ئێمەش لێماندان و دوو سەربازی تورکمان کوشت. کوژراوەکانیان بەجێهێشت و ڕایان کرد. گوندی ڕاویان هاوسنوری ماکۆیە لەگەڵ تورکیا.)

پێشمەرگەکان لە گوندی گۆزەڕەشەوە دەگەنە گوندی "هەڤلۆران" و لەوێوە بۆ گوندی "بڕوشخۆران". لە بڕوشخۆران قازیی ناوچەکە بەناوی "خلیفە سادق" سیخوڕی ئێران بوو، ناردبوویان بارزانی بخەڵەتێنێ و لە داوی حکومەتی بخات، بەڵام کەسێکی هاوڕێی بەناوی "عەلی" پیلانەکەی بۆ پێشمەرگەکان ئاشکرا کرد. بارزانییەکان بۆ ئەوەی لە داوی سوپای ئێران نەکەون بەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٥ لە دۆڵی قتور پەڕینەوە و چوونە ناو هۆزی "عروسی". خەڵکی گوندەکانی "گەلەتی، تودان و ئەلەند" زۆر خزمەتی بارزانییەکانیان کرد، بەتایبەتی "کوچو ئاغای عەلی بەگ و بالی بەگ و بەحری بەگ" لە گوندی ئەلەند.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٦، بارزانییەکان گوندی ئەلەندیان بەجێهێشت و چوونە گوندەکانی "بلەسور و بلەڕەش" کە لێرەش پێشوازیی گەرمیان لێکرا، بەتایبەتی لەلایەن "مەلا مەعمی" گەورەی ئەو دوو گوندانەوە، دوای حەسانەوە گەیشتنە هەوارگەی حاجی بەگی جەمیل کە وەک بەهەشت دەچوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە چوونە گوندی "مەلهەمی" کە دەکەوێتە ناوچەی هۆزی "ملی" و شەو لەوێ مانەوە. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٧ گەیشتنە گوندی "عەمبار"، لەوێ توشی پیاوێکی شارەزا بە ڕێگاکە بوون بەناوی "میرزا عەبدی" کە هەرچەند تەمەنی گەیشتبووە حەفتا ساڵ، بەڵام بە گوڕ و گورج بوو. بارزانی باشترین ڕێگای بۆسەر ڕوباری ئاراس لێپرسی. میرزا عەبدی گوتی ڕێگای ماکۆ- هاسۆن لە هەمووان باشترە، چونکە ڕێگاکە هێجگار دژوارە، بەتایبەتی ئەگەر بچیتەوە تورکیا، دیارە مەترسیش لە ڕێگادا هەیە. بارزانی قسەی ئەو پیاوەی پەسەندکرد و بڕیاریدا بە گوێی بکات. ئەو بەشەی ڕێگاکە زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوە پێویست بوو بە وردی نەخشەی بۆ داڕێژێت. ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٨ گوندی عەمباریان بەجێهێشت و چوونە گوندی قەرە

کلیسا "کلیس کەند و ئاخداش" لە نزیک ماکۆ کە گوندی تورکان بوون. گوندەکە چۆل بوو، خەڵکەکەی ڕایانکرد بوو بۆ ماکۆ و ماڵ و کەلوپەلەکانیشیان بەجێهێشتبوو.

هێزێکی زۆری سوپای ئێران بە تانک و تۆپ گەیشتنە ماکۆ و هەموو ڕێگاکانیان گرتبوو. چارەنوسی بارزانییەکان بە دەرچوونیان بەو ڕێگایە بەسترابۆوە. بارزانی پاش پشکنینی ناوچەکە شوێنی هێزەکانی ئێرانی بۆ دەرکەوت. پێشمەرگەکانی کردە دوو بەش و بڕیاری هەڵمەتێکی خۆکوژانەی دا. خۆی فەرماندەیی هێزی پەلاماری لە قەرە کلیسا بەدەست گرت و حەمەدەمین میرخان، مامەند مەسیح و مستۆ مێروزی یارمەتیان دەدا. بەشی دووەم لە ئاخداش لەلایەن ئەسعەد خۆشەوییەوە فەرماندەیی دەکرا و ساڵح کانیە لنجی و سەعید وەلی بەگ یارمەتیان دەکرد.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٩، پێشمەرگەکان لە چیای سوسوز و دەشتی ماکۆوە پەلاماری هێزەکانی ئێرانیان دا و هێرشەکەیان هەتا ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١١ بەبێ پسانەوە بەردەوام بوو. هەرچەندە ئەو شەڕە زۆر قورس و دڕندانە بوو، بەڵام لە بەرامبەر ویستی پۆڵایین و بڕوای لەبن نەهاتووی پێشمەرگەکاندا بە سەرکەوتنەوە کۆتاییهات. بارزانییەکان لەو شەڕەدا حەماسەیەکی مێژوییان بۆخۆیان و بۆ گەلی کورد تۆمار کرد و توانیان شەوی ١١- ١٩٤٧/٦/١٢ لە ڕوباری "زەنگی" بپەڕنەوە و بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٢ خۆ بگەیەننە گوندی هاسون. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٢٩ی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ١٩٣١- ١٩٥٨ دا دەڵێت:

- (هێزی ئێرانی لەو شەڕەدا بە سەدان کوژراو و برینداریدا و ٢٧١ چەکداری بەدیل گیرا کە دوای کۆتایی شەڕەکە بەڕەڵا کران.

هەروەها گەلێک تانک تێکدران و باڵەفڕێک خرایە خوارەوە و تۆپێک شکێنرا. بە سەدان تفەنگ و پەنجا ئێستر و ئازوقەیەکی زۆر کەوتە دەست پێشمەرگەکان. لەم ئێسترانە بۆ گواستنەوەی بریندار و ئازوقە کەڵکوەرگیرا. بارزانییەکان لەو شەڕەدا چوار شەهید و چواردە بریندارایان هەبوو. ناوی شەهیدەکان بریتی بوون لە: مەل لێری، حاجی گوێزی، محەمەد مەلا محەمەد مێرگەسوریی و ساڵح لێری.) هەرلەم بارەیەوە تەیمور جەعفەر موسا دەڵێت:

- (کە گەیشتینە سەر ڕوباری ماکۆ. چەند عەسکەری ئێرانیمان بینی کە بە تۆپ و تانک لەسەر پردی ماکۆ ڕاوەستابوون. لە بەرامبەریاندا ئێمە تەنیا تفەنگمان پێبوو. فڕۆکە بە شەست تیر لە ئێمەی دەدا، بەڵام ئێمە تەقەمان نەدەکرد. مەلا مستەفا زۆر زیرەک بوو، دەیزانی چۆن تاکتیکی شەڕ دابڕێژێ و چۆن شەڕ بکات، ئەوە بوو کە ئێمە لە شەڕێکی دەستەویەخەدا توانیمان ئەو سەربازانە و سوپای ئێران تێکبشکێنین و نزیکە ٣٠٠ عەسکەر بەدیل بگرین و خۆمان بگەیەنینە گوندی هاسون و لە ناوچەی شەڕ دور بکەوینەوە.)

هەرلەو پێوەندییەدا، ڕژێمی ئێران دانی بە شکانەکەیدا نا، بەڵام ژمارە و ئاماری زیانەکانی ڕوون نەکردەوە و بەتەنیا ڕایگەیاند لە شەڕی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٠دا لە ناوچەی "شوت" کە مەبەستی پردی ماکۆ و ڕوباری "زەنگی"یە، ٣١ کەسی لێکوژراوە و ٣٥ کەسیشی بریندار بووە و بارزانییەکانیش توانیویانە بەرەو باکور درێژە بە ڕێگاکەیان بدەن.

سوپای ئێران بە هێزێکی زۆر هەوڵیدا بەسەر بارزانییەکاندا زاڵ بێت، بەڵام هەموو هەوڵ و پیلانەکانی بۆ لەناو بردنی مستەفا بارزانی وەک بڵقی سەر ئاویان لێهات و ئەگەر ئاغا جاشە

خۆفرۆشەکان نەبووایەن لەمەشیان خراپتر بەسەر دەهات و توشی ڕیسواییەکی زیاتر دەبوون کە بۆخۆیان سەلماندیان. لەم بارەیەوە سەرنج بدەنە ئەم چەند ڕاپۆرتانەی خوارەوە:

١- ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوی وەزارەتی جەنگ، نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا، ژمارە ٢٠٤٣/آ، مێژوو ١٣٢٦/٣/٢١- ١٩٤٧/٦/١٢، بە ئیمزای سەرلەشکر ڕەزمئارا سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا بۆ سپەهبود شابەختی.

٢- نامەی وەزارەتی جەنگ نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا بە ژمارە ٢٠٤١/ آ، بە مێژووی ١٣٢٦/٣/٢١-١٩٤٧/٦/١٢، بە ئیمزای سەرلەشکر ڕەزمئارا سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا بۆ سەرلەشکر خەسرەوانی.

٣- نامەی وەزارەتی جەنگ نوسینگەی فەرماندەری سەربازی شاری ماکۆ، بە ژمارە ٩٣٣ کاتژمێر ٢٠:١٥ بە مێژووی ١٣٢٦/٣/٢٦- ١٩٤٧/٦/١٧، بە ئیمزای سەرهەنگ ڕەزا زەلتاش بۆ سەرلەشکر وسوق.

٤- وتەی ئەفسەرانی بەرپرس سەبارەت بە سەرنەکەوتنیان لە شەڕ بەدژی بارزانی:

- سەرلەشکر هومایونی سەبارەت بێ توانایی لە پێشگرتنی بارزانییەکان لە چوونیان بۆ باکور.

- وتەی سەرتیپ بێگلەریی سەبارەت بە سەرنەکەوتنیان لە پێشگرتنی بارزانییەکان لە دەربازبوونیان لە دۆڵی قتور.

- وتەی سەرهەنگ فولادوەند لە شکستهێنانیان لە قتور.

- وتەی سەرهەنگ دووەم نەفیسی فەرماندەی گوردانی ئاسن و گوردانەکانی سەرگورد پەرهیزکار و سەرگورد زرەپۆش سەبارەت بە شکستەکانیان.

- وتەکانی سەرتیپ زەنگنە سەبارەت بە سەرنەکەوتنیان لە بەرزاییەکانی سوکار، یومورداش، قزلّداش و شوت.
- وتەکانی سەرهەنگ لەشکریی سەبارەت پێوەندیی گرتن لەگەڵ بارزانییەکان لە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩- ١٩٤٧/٦/١٠
- وتەکانی سەرهەنگ سەردادوەر سەبارەت بە شەڕی شوت لە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩- ١٩٤٧/٦/١٠
- وتەکانی سەرگورد زرەپۆش سەبارەت بە شەڕی قزلّداغ.
- ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و وتەی بریندارەکانی شەڕی شوت. بە ئیمزای سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزن و سەرتیپ وسوق.

چونکە شکانی سوپای ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنجی محەمەدڕەزا شای ڕاکێشابوو، ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٢١- ١٩٤٧/٦/٢٢ وەزارەتی جەنگ لە سەرکردایەتی سوپاوە، ئەم نامەیەی خوارەوەی ئاراستەی سپەهبود شابەختی کرد تا لەگەڵ سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزەن و سەرتیپ وسوق کۆمیسیۆنێک پێکبهێنێت و تاوانبارانی شکستەکان دەستنیشان بکات:

وەزارەتی جەنگ
نوسینگەی سەرکردایەتی سوپا
ژمارە ٢/٢٠٤٣ مێژوو ١٣٢٦/٣/٢١ -١٩٤٧/٦/١٢

بە ئەمری شاهەنشا بە ئیوە ڕادەگەیەنین، هەر وەک ئاگادارن بارزانییەکان ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٦-١٩٤٧/٥/٢٨ خزاونەتە ناو خاکی ئێران و بە ڕاگەیاندنی پەیتا پەیتامان بە لەشکری چوار بۆ ڕاونان و سەرکوتکردنیان، لەشکر تەنیا توانی ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩- ١٩٤٧/٦/١٠ توشی سەربزێوەکان بێت. ژمارەی ئەندامانی لەشکر دە بەرامبەری ژمارەی سەربزێوەکان بووە و چەکی هەمەجۆرە و

ئۆتومبیل و شتی تریان پێبووە و بارزانییەکان بەتێکرا پیادە بوون و هیچ چەشنە ئامێر و کەرەسەیەکی گواستنەوەیان پێنەبووە. خاوەنشکۆ شاهەنشا کە بەو کارەساتەی زانی، فەرمووی: (دەبێ لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا کۆتایی بەو مەسەلەیە بهێنرێت.) ویستی بەڕێزیان هەرگیز بەجێنەگەیشت و تەنانەت ڕۆژی ١٣٢٦/٣/١٩-١٩٤٧/٦/١٠ سەربزێوەکان لە ناوچەی "شوت" توشی لەشکر بوون و لە تێکهەڵچوونێکدا کە لەشکر ڕایگەیاند، ٣١ کەسی لێکوژراوە و ٣٥ کەسیشی بریندار بووە و بارزانییەکانیش توانیویانە بەرەو باکور درێژە بە ڕێگاکەیان بدەن. چونکە ئەو مەسەلەیە گەلێک گرنگ و سەرنجڕاکێشە، شاهەنشا ئەمری فەرموو کە کۆمیسیۆنێک بە سەرۆکایەتی ئێوە و ئەندامەتی سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزەن، سەرتیپ وسوق پێکبێت و بچنە ناوچەکە و لەوێ بە وردی لە هەموو ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و ڕوون بکرێتەوە:

١- بۆچی لەشکر لەکاتی خۆیدا فەرمانەکەی بەجێنەگەیاندوە؟

٢- بۆچی کاروانەکان بەو هەموو چەک و کەرەستانەیانەوە، سەرنەکەوتوون؟

٣- کێ لەو عەمەلیاتەدا کەمتەرخەمی کردوە؟

٤- هۆی دوا عەمەلیات چی بووە و کێ کەمتەرخەمیی لە بەڕێوەبردنیدا کردوە؟

ئەو ڕووداوە ئابرو و کەرامەت و پلە و پایەی سوپای ئێرانی لەلای دراوسێکان و تەنانەت لەلای عەشایری ناوچەکەش دابەزاند و دەریخست سوپای ئێران تا چ ڕادەیەک لاواز و بێدەسەڵاتە. زۆر زوو ئاکامی لێکۆڵینەوەکەتان ڕابگەیەنن تا بە خزمەت شاهەنشا بگات.

سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران

سەرلەشکر ڕەزمئارا. (پاشبەندی ١)

کۆمیسیۆن لە دوا لێکۆڵینەوەی خۆیدا کە ڕۆژی ١٣٢٦/٣/٢٧-١٩٤٧/٦/١٨ بە ئیمزای سپەهبود شابەختی، سەرلەشکر خەسرەوانی، سەرتیپ گەرزەن و سەرتیپ وسوق ئاراستەی کرد، تاوانی سەرنەکەوتنەکانی سوپا و جاشەکانی خستە سەرشانی فەرماندەکانی بەرەی شەڕ.

بەهەرحاڵ، گەیشتنی بارزانییەکان بۆ گوندی هاسون بە واتای کۆتاییهاتنی شەڕ بوو. بارزانییەکان ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٣ چوون بۆ گوندی "ئاخ گول" لە ڕۆژهەڵاتی ئاگریداغی بچوک و ئاگریداغی مەزن "ئارارات" لەناو خاکی تورکیا و ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٥ بەدەشتی "قەرەقۆین"دا خۆیان گەیاندە نزیک ڕوباری ئاراس لە سنوری ڕوسیا و ئێران. لەوێش هێزەکانی زەمینی و فڕۆکەکانی سوپای ئێران بە شوێنیانەوە بوون و پێشمەرگەکان خۆیان لەناو قامیشەڵانێکدا حەشاردا کە لەنزیک ڕوبارەکە بوو.

لەوێ مەلا مستەفا لەگەڵ دوو بەربەستان ڕووبەڕوو بوو، یەکەمیان بەرینیی و قوڵیی ڕوباری ئاراس و ئەویتریان ڕێگەنەدانی پاسەوانانی سنوریی سۆڤیەت بەچوونی بارزانییەکان بۆ ڕوسیا. لەبەر ئەوە بارزانی نامەیەکی بە زمانی عەرەبی نوسی و بە میرحاج ئەحمەد تاهیر و پێشمەرگەیەکدا بە ناوی "داود یوحان دەیخنا" ناسراو بە "لاوکۆ" کە پێشتر لە کۆنسولخانەی سۆڤیەت لە ورمێ کاری کردبوو و هەندێک زمانی ڕوسی دەزانی و لە ناوچەی شکاکانەوە لەگەڵ بارزانییەکان کەوتبوو، ناردە ئەوبەری ئاراس کە ئیزنی پەڕینەوە لە پاسەوانانی سنوری سۆڤیەت وەرگرن کە پێیان ڕاگەیاندن ئێمە ناتوانیین ئیزنتان پێبدەین و داواکەتان دەگەیەنین و دەبێ لە مۆسکۆ ئیزنی پەڕینەوەتان پێبدەن:

بۆ جەنەرالیزمی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ستالین ی. ڤ

١- هەروەک دەزانن ئێمە لە عێراق بۆ ڕزگاریی کورد لە دژی دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕین، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا هاتینە ئێران و پەنامان بردە بەر سوپای سۆڤیەتی جێگیربوو لەوێ، ئێمە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بۆ ڕزگاریی گەلانی ئازەربایجان و کورد لە ئێران بەشداریمان کرد.

٢- لە ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/١٠، هێزە دیموکراتییەکانی ئێران لەژێر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا خۆیان بەدەستەوەدا، بەڵام ئێمە لە بەربەرەکانی بەردەوام بووین و گەلانی تریش لەگەڵ ئێمەدا بەشدارییان کرد. ئەگەر ئاغا و بەگە کوردەکان یارمەتی دەوڵەتی عێراقیان نەدایە، ئێمە پاشەکشەمان بۆ ئێران نەدەکرد و لە خەباتی خۆمان بەردەوام دەبووین.

٣- لەو ماوەیەدا بە هاوبەندیی کۆنەپەرستانی تورکیا و عێراق ئێمە لە مەترسی لەناوچووندا بووین. ئێمە هێزێکی زۆرمان نەبوو، بەڵام هێشتاش خۆمان لەبەر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا ڕاگرت و زیانێکی گەورەمان لێدان. ئێمە لە سایەی ورەی شۆڕشگێڕانەی خۆمانەوە سەرکەوتین و هێزەکانی خۆمان پاراست. ئێمە ئامانجمان کوردستانی عێراق بوو، بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی هەندێ تاقمی کۆنەپەرست ناپاکیمان لەگەڵدا کرا. ئێمە لە عێراق سوپای تورکیامان بینی کە یارمەتی کۆنەپەرستانی عێراقیان دەدا و ئەمە وای کرد کە ئێمە ناچار بین بۆ ماوەیەک واز لە خەبات بهێنین و هێزەکانمان بۆ خەبات لە داهاتوودا بپارێزین.

٤- ئێمە ناچار کراین بێینە سەر سنورەکانی یەکێتی سۆڤیەت و لە گەمارۆی سوپای ئێران خۆمان ڕزگار کەین، ئەمەش پاش ئەوە بوو کە چووینە ناو خاکی تورکیا و لەوێوە بۆسەر سنوری سۆڤیەت.

لە ماوەی ٢٠ ڕۆژی ڕێپێواندا تا سەر ڕوباری ئاراس، ئەم ٢٠ ڕۆژە کۆنەپەرستانی ئێران نیازیان ئەوە بوو لەناومان ببەن، بەڵام پاش شەڕێکی سەخت و خوێناوی گەیشتینە سەر سنوری یەکێتی سۆڤیەت.

٥- لەم وەختەدا پێنج سەد شۆڕشگێری بارزانی لەسەر سنوری یەکێتی سۆڤیەتن، لەناو ئێمەدا بریندار و شەکەت زۆرن. ئێمە وەک هەموو گەلانی دیموکراتخواز پێویستیمان بە ئازادی هەیە، چاوەڕێی یارمەتی لە هاوڕێ ستالین دەکەین.

بۆیە هاتینە ناو خاکی سۆڤیەت، دەزانین دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت دیموکراتیترین دەوڵەتی کرێکار و جوتیارە. لەبەر ئەو بارودۆخەی ئێمە تێیکەوتووین، تکایە یارمەتیمان بدەن. هەر بژی هاوڕێ ستالین و هەموو گەلانی یەکێتی سۆڤیەت.

ڕێبەری بزووتنەوەی دیموکرات و شۆڕشگێڕانەی کوردستانی عێراق

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد:

مەلا مستەفا بارزانی (پاشبەندی ٢)

پاسەوانەکانی سنور نامەکەیان وەرگرت، بەڵام ئیزنیان بە میرحاج و لاوکۆ نەدا کە بگەڕێنەوە و پەیامەکەیان بە بارزانی بگەیەنن. ئەوە لە کاتێکدابوو کە هەڤاڵانی بارزنی نزیکەی سێ ڕۆژبوو بە برسێتی مابوونەوە و جگەلە خواردنەوەی ئاو، شتێکی تریان نەخواردبوو.

ژەنەراڵ بارزانی لە لایەک ترسی لە هێرشی سوپا و جاش و فرۆکەکانی ئێران هەبوو کە لەو هەلومەرجە خراپەدا پەلاماری پێشمەرگەکان بدەن و لەلایەکی تر برسێتی تینی بۆ هێنابوون. لەبەرئەوە، گوێی بۆ فەرمانی ڕوسەکان شل نەکرد و دوای دۆزینەوەی بوارێک بۆ پەڕینەوە، ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٧، یەکەم

دەستەی پێشمەرگەکانی کە ١٦٠ کەس بوون، بە سەرۆکایەتی شێخ سلێمان ڕەوانەی ئەوبەری ئاوەکە کرد. بارزانییەکان بەگشتی مەلەوان بوون و ئەو ژمارەیەش کە مەلەیان نەدەزانی، بە هاوکاریی مەلەوانەکان لە ئاراس پەڕینەوە. بارزانی خۆی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٨ لەگەڵ دەستەی دووەم لە ئاراس پەڕییەوە. بەشێک لە پێشمەرگەکان کە مەلەیان نەدەزانی، چەک و تەقەمەنییەکانیان لە خاکی ئێران بەجێهێشت و ژمارەیەکیان کە مەلەیان دەزانی و ترسی خنکانیان لە ئاراسدا نەبوو، بە چەک و تەقەمەنییەوە پەڕینەوە بۆ سۆڤیەت.

هەواڵی پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ئاراس لە دنیادا دەنگی دایەوە و هەرکام لە ڕادیۆکانی هیندستان و لەندەن، بە حەماسەوە هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە. لەم بارەیەوە جێگری وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت لە نامەی ڕۆژانی ١٩٤٧/٦/١٩یدا بۆ ستالین دەنوسێت:

١٩٤٧/٦/١٨

بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێ ستالین ی. ڤ

بەپێی ئەو هەواڵانەی بە وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت گەیشتووە، لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی ڕەزائیە "باکور- ڕۆژئاوای گولی ورمێ" لە مانگی مارسی ١٩٤٧دا شەڕ لەنێوان سوپای ئێران و کوردەکانی عێراق "هۆزی بارزانی" دەستی پێکردوە، ئەویش لەبەر ئەوەیە کوردەکان ئامادە نەبوون چەکدابنێن و گوێڕایەڵی یاسای ئێران بن. کوردەکانی " هۆزی بارزانی" لە ١٩٤٥دا لە عێراقەوە هاتوونەتە ئێران.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٥ یەکەکانی سوپای سنوروانیی ٤١ی نەخجەوان لە ناوچەی باشوری گۆلی "ئاخ گول" لە ئێران لە ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای سەرسنوری ئێران و یەکێتی سۆڤیەت چاویان بە فڕینی فڕۆکەکانی ئێران کەوتووە، یەکێک لەو فڕۆکانەی ئێران بە قوڵایی دوو کیلۆمەتر هاتە ناو خاکی ئێمەوە، هەر لەم ماوەیەشدا چەند بۆمب تەقیوەتەوە. لە سەعات ١٣:٠٠ لە سنوری ئێرانەوە دەستەیەکی چەکدار نزیکەی ٢٠ کەس بەرەو لای ئێمە کەوتبوونە ڕێ و لە سەعات ١٦:٠٠ دوو کەس لەم چەکدارانە هاتنە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت. یەکێک لەوانە بە ناوی میرحاج ئەحمەد تاهیر خۆی بە ئێمە ناساند. ڕایگەیاند سکرتێری تایبەتی سەرکردەی کورد لە " هۆزی بارزان" مەلا مستەفایە و لەلایەن مەلا مستەفاوە نامەیەکی بۆ کۆمیساری سنوروانی یەکێتی سۆڤیەت هێناوە. لە نامە و وتەکانی ڕاگیراواندا وا دیارە کە گروپی مەلا مستەفا پاش ئەوەی لەگەڵ سوپای ئێران توشی تێکهەڵچوون و شەڕ بوون، خێڵە کوردەکانی ئێران پشتیوانییان لێ نەکردون، لە هەمانکاتیشدا پێویستیان بە خواردەمەنی هەبووە، لەبەر ئەوەیە هاتوونەتە سەر سنوری سۆڤیەت- ئێران بەو مەبەستەی بێنە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە.

لە ١٩٤٧/٦/١٦ سەعات ٠٨:٠٠ سەرۆکی ئەو هۆزە مەلا مستەفا لەگەڵ پارێزەرەکانی تایبەتی خۆی کە ژمارەیان ٢٠- ٢٥ کەس دەبوون بە مەبەستی وتوویژ و چاوپێکەوتن لەگەڵ سنوروانانی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بە هاتنیان بۆ ناو خاکی ئێمە، هاتە سەر سنور. وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت دەستوری بە فەرماندەکانی سوپای سنوروانانی ناوچەی ئازەربایجان داوە کەوا پاراستنی سنورەکان بەهێزتر بکەن. هەروەها لەم ناوچەیەدا بەهیچ شێوەیەک هیچ وتووێژێک لەگەڵ کوردەکاندا نەکرێت و

ئەگەر هاتوو کوردەکان ویستیان بێنە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە ڕێیان لێبگرن و چەکیان بکەن.

ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٧ لەلای ئێرانەوە هاتنی هەندێ دەستەی بچووکی مەلا مستەفا بۆناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت دەستی پێکرد، لە همانکاتیشدا دەستەکانی سنوروانی ٤١ی نەخجەوان هاتنی دوو دەستە لە سوپای دەوڵەتی ئێرانیان لەناو خاکی ئێراندا بەدی کردوە کە بۆ دۆزینەوەی دەستە چەکدارەکانی مەلا مستەفا دەگەڕێن.

کاتژمێر ٢٢:٠٠ ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٧، ١٦٠ کورد هاتوونەتە ناو خاکی ئێمە کە ٤٠ تفەنگ، ٦ دەمانچە، ٤ دوربین و ١٦٢٠ فیشەکمان لی سەندن. هاتنی دەستبەسەر گیراوەکان بۆ ناو سنورمان، ئێمە واتێدەگەین بەهۆی مەترسییان لە سوپای ئێران بێت کە بەدوایان کەوتوون. ئەمانە ڕاپانگەیاند کە مەلا مستەفا بە چەکدارەکانیەوە نزیکەی ٣٠٠ کەس دەبن و لەسەر ڕۆخی ڕوباری ئاراس لەناو خاکی ئێران لەسەر سنوری سۆڤیەت- ئێرانن. کوردە هاتووەکان دەگوازرێنەوە بۆ پشت سنور و لەلایەن سنوروانانەوە پارێزگارییان لێ دەکرێت. لەلای یەکێک لەو ڕاگیراوانە بەناوی میرحاج ئەحمەد حاجی تاهیر نامەیەک دۆزراوەتەوە کە بە زمانی عەرەبییە و وەرگێڕاوەکەی پێشکەش دەکرێت.

# ژەنەڕاڵ لیتینانت ساخانۆف

## ١٩٤٧ /٦/١٨ (پاشبەندی ٣)

دوای پەڕینەوەی بارزانییەکان لە ئاراس، پاسەوانانی سنور، بارزانییەکانیان لە دەشتێکی تێلبەندکراو لە نزیک نەخجەوان کۆکردەوە. ژەنەڕاڵ "مالتسۆف" فەرماندەی سوپای سنوروانانی ناوچەی ئازەربایجان چاوی بە مستەفا بارزانی کەوت و ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٩ ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوەیان دەربارەی بارزانییەکان نووسی:

١٩٤٧/٦/١٩

بۆ هاوڕێ ستالین ی- ف، بۆ هاوڕێ مۆلۆتۆف ف- م، بۆ هاوڕێ بیریال- پ

لە پێوەندیی لەگەڵ ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٤٧/٦/١٨، سەبارەت بە دەستەکانی کوردی عێراق، ڕادەگەیەنم: لە کۆتایی ڕۆژی ١٩٤٧/٦/١٨ دەستەکانی کورد بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی کە ژمارەیان ٤٩٩ کەسە هاتوونەتە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت و ئەم چەک و تەقەمەنییانەیان لێ سەندرا: تفەنگ ٣٠٣ دانە، تەماتیک ٥ دانە، دەمانچە ٥٥ دانە، نارنجۆک ٥٤، دوربین ١١٣ دانە و فیشەک ١٣٠٠٠ دانە. کوردە ڕاکردووەکان نێردران بۆ شاری نەجخەوان و لەژێر پاراستنی سنوروانانن، بەپێی ڕاگەیاندنی مستەفا بارزانی لەبەر زەحمەتی پەڕینەوە لە ڕوبای ئاراس بەچەک و

تەقەمەنییەوە، ناچار بوون ٣٠٠ تفەنگ و ١٠٠ دەمانچە و ١٥٠ نارنجۆک و هەندێک تەقەمەنی تر لەناو قامیشەکانی ڕۆخی ئاراس لە ناو خاکی ئێران بەجێ بهێڵن. سنورەوانان ڕایانگەیاند کەوا ئەم چەک و تەقەمەنییە لەلایەن سوپای ئێران دۆزراونەتەوە و دەستیان بەسەردا گیراوە. بە دەستوری ئێمە فەرماندەی سوپای سنوروانی ناوچەی ئازەربایجان ژەنەڕاڵ مایۆر هاوڕێ مالتسۆڤ لەگەڵ مستەفا بارزانیدا قسەی کردوە، بارزانی گوتویەتی:

**- (ئێمە لە بزووتنەوەی دیموکراتی لە ئازەربایجانی ئێران چالاکانە دژی کۆنەپەرستان خەباتمان کردوە و ئەم خەباتەش تا ئەم ڕۆژانەی دوایی هەر بەردەوام بووە. لەبەر ئەوەی بۆ لەناو بردنی خەباتکارانی ئێمە، ئێران سوپایەکی زۆری بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی بەکارهێناوە، ئێمە بڕیارماندا لە پێناو پاراستنی دەستەکانی خۆماندا بێینە ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوە).**

هەروەها مستەفا بارزانی ڕایگەیاند: **(ئەو و هەموو هەڤالانی وازیان لە کشتوکاڵ هێناوە و هۆگری شەڕی چەکداریی بوون و ئێستا ئامادەی هەر شێوە دەستوورێکی یەکێتی سۆڤیەتن بۆ خەبات لە دژی کۆنەپەرستانی ئێران.)**

ئێمە دەستوورمان پێدراوە بە وردی ئاگامان لە مستەفا بارزانی و هەڤالانی بێت.

جێگری وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت: سیرۆڤ (پاشبەندی ٤)

## چارەنوسی شێخ ئەحمەد، ئیدریس و بارزانییەکان لە عێراق

دوای گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد و بارزانییەکان بۆ عێراق، حکومەت ئەوانی گواستەوە بۆ دیانا و لەژێر چیای حەسەن بەگ، لە نێوان چیاکانی زۆزک و گۆڕەز لە دەشتێکی تێلدرک کراودا زیندانی کردن کە لەوێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات. بە دوای یەکەم لێپێچینەوەدا گروپ شێخ ئەحمەد و پیاوە بارزانییەکانی گواستەوە بۆ زیندانی شارەکانی بەسرە، بەغدا، کەرکوک و موسڵ و جگەلە شێخ ئەحمەد کە تا کودەتای تەموزی ١٩٥٨ لە زینداندا ڕایانگرت، ئەوانی تریان بەرەبەرە لە زیندان ئازاد کرد، بەڵام ڕێیان پێنەدان کە بگەڕێنەوە گوندەکانیان و لە بەغدا و شارەکانی بەسرە، موسڵ، کەربەلا، دهۆک، ئاکرێ، هەولێر و...تد بەبێ یارمەتی ئابووریی لەژێر چاودێریدا ڕایانگرتن.

ئیدریس بارزانی تەمەن نزیک چوار ساڵە، لەگەڵ بنەماڵەی شێخ ئەحمەد بۆ بەسرە گواسترایەوە. سەبارەت بە چارەنوسی شێخ ئەحمەد و بارزانییەکان بە دوای گەڕانەوەیان بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٤٧دا، شێخ عەبدولواحد ئیبراهیم شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (لە گادەر ئێمە بووین بە دوو بەش، بەشێک لەگەڵ بارزانی ڕۆیشتن، بەشەکەی تر لەگەڵ شێخ ئەحمەد بوو. پردێکیان لەسەر ڕوباری گادەر بەدەست دروست کرد، محەمەد ئاغای مێرگەسوری لەسەر پردەکە ڕاوەستا و هەر کەسێک لەو پردە دەپەڕییەوە، چەکەکەی لێوەردەگرت. کۆمەڵێکی زۆریان تفەنگ لەوێ هەڵدابۆوە. دوای وەرگرتنی تفەنگ یەکە یەکە لە پردەکە دەپەڕینەوە، سەید عەلی حیجازی کە فەرماندەیەکی عێراقی بوو،

پێشوازی لە شێخ ئەحمەد و قەومی بارزان دەکرد. لەوێوە ئێمەیان بردە لۆلان. لەوێ شێخ ڕەشیدی لۆلان لەسەر گردێک لەنێوان سۆفییەکانی دانیشتبوو. خودانی بارزان لەنێوان کۆمەڵێک عەسکەر دا دەڕۆیشت و ئێمەش بە دوای ئەودا. لەوێوە گەیشتینە سیدەکان. لەوێ دوو ڕۆژ ماینەوە و دواتر ئێمەیان بردە دیانا. دیانا گوندێکی گچکە بوو بە چەند دوکانێک، لە دەشتێکی تیلدڕک کراوی نزیک دیانا کە دوو دەرگای بە حەرەسەوە هەبوو، ئێمەیان دەستبەسەر کرد، بەڵام ماڵی شێخ ئەحمەد لە دەرەوەی تێلدڕکەکە بوو. ماڵی ئێمە حەوت ماڵە شێخن، چوار مام و سێ برازا. مامەکان بریتین لە: شێخ ئەحمەد، محەمەد سدیق، بابۆ و مەلا مستەفا، سێ برازاکانیش بریتین لە: ئیبراهیم کە من و مەجدەدین لە ئیبراهیمین. سلێمان و ئەوی تریش لە ئیسماعیل.



بەری ئێوارە بوو کە ئێمە گەیشتینە تێلدڕکەکە. بەیانی ڕۆژی دوایی خێوەیتیان لە دەرەوەی تێلدڕکەکە هەڵدا و گوتیان شێخ ئەحمەد لەگەڵ خزمەکانی بێنە ژێر خێوەت. لەوێ ئاو و چایی و قاوەیان بۆ هێناین. دیارە ئێمە گچکە بووین و لەگەڵ باوکمان چووین. زۆر کەم یەکترمان دەدی. ئەو ڕۆژە ئوتۆمبیلیان هێنا و شێخ ئەحمەدیان سوار ئۆتومبیلێک کرد و هاوکات ژمارەیەکی زۆریش خۆیان خزاندە نێو ئوتۆمبیلەکانو لەگەڵی چوون. دوای بردنی شێخ ئەحمەد، ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ نێو سیمەکە. دانی

نیوەڕۆ بوو، چاوەڕوان بووین شێخ ئەحمەد بگەڕێتەوە کە گوتیان نیگەران مەبەن لە لای قاعید فیرقەی "باپشکێ"یە. ئێوارەی ئەو ڕۆژە بنەماڵەکانمان کۆبوونەوە و داوای شێخیان کرد، ڕۆژی دوایی بەرپرسەکانی حکومەت هاتنە لامان و گوتیان نیگەران مەبن، شێخ دەبەنە لای مەلیک و دوای دیداریی لەگەڵ مەلیک دەیگەڕێننەوە لای عایلەکەی، بەڵام ئەو قسەیان بۆ ئەوە بوو کە بڵاوە بە خەڵکەکە بکەن.

دوای بردنی بابەکانمان، ئەوانیان لێک جیا کردەوە. شێخ ئەحمەد، محەمەد سدیق، محەمەد خالید، سادق، عوبەیدوڵا و مەلا حەسەن باوانی مەلای گوندی باوانی کاتبی شێخ ئەحمەدیان گواستەوە بۆ بەسرە.

باوکی من ئیبراهیم، مامی ئێمە بابۆ و مامی ئێمە ئیسماعیلیان لەگەڵ حاجی تەها ئامێدی، مام ڕەشە شەنگێلی، سەمیر برای چەلۆی هەسینی و ئەحمەدی خاڵ یان بە سواری ئوتۆمبیل برد بۆ بەغدا. عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحمود قودسی یان لە ئێمە جودا کردەوە. عەبدولحەسەن تەفریشیان، زەربخت، ئەسغەری و سێ ئەفسەرەکانی تری ئازەربایجانیشیان برد بۆ زیندانی ئەبو غەریب و دواتر من بیستم تەسلیمی ئێرانیان کردنەوە. ئێمەشیان لە تێلدڕکەکەدا هێشتەوە.

یەکێک لە بارزانییەکان بەناوی عومەر تەیر کە لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی لە مهاباد بوو، لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپای عێراق دەهات و بە ئیشارات هەندێک لە بارزانییەکانیان جودا دەکردەوە. جەمال کوڕی شێخ ئەحمەدیان نەگرتبوو، بەڵام بە هاتنی عومەر تەیر، پاش چەند ڕۆژان جەمالیان برد و دوای چەند ڕۆژی تریش نیرو کوڕی محەمەد سدیقیش هەرچەندە گچکەش بوو، بردیان بۆ بەغدا.

بە دوای ئەوەدا هەر چەند ڕۆژەی جارێک بارهەڵگرێک دەهات و بارزانی تێداویشت و دەیبرد بۆ "باپشکیان" لە نزیک گوندی باڵەک و دیانا و زارکی گەلی عەلی بەگ. شەوێک لەوێ لێپیچینەوەیان لەگەڵ دەکردن و بۆ ڕۆژی دوایی دەیانبردن بۆ بەغدا. شەریفی مەلا حەسەنی دەلانی، زوبیری مەکای شەکرێ بارزانی، وەهاب جوندیانی، ساڵح سەفیای، محەمەد ئاغای مێرگەسوری و چەند کەسێکی تر کە ناوێکیان لای حکومەت هەبوو، بردیانن و بیست ساڵیان حوکم دان و نزیکەی هەزار بارزانییان برد بۆ کەرکوک و بۆ ساڵێک مەحکومیان کردن.

مەلا مستەفا و هاوڕێکانی لەلای سێلکی و ئەرگوش بوون. ژمارەیەک لە ترسی گیرانیان چوون بۆلای مەلا مستەفا و ئێمەش نزیکەی سێ مانگ لەناو تێلدڕکداماینەوە. بە دوای ئەوەدا هاتن و گوتیان خۆتان ئامادە بکەن، حکومەت ئێوە دەباتە کەربەلا. دیارە پێویستە ئەوەش بڵێم دوای ئەوەی کە بابی ئێمەیان برد، حکومەت بۆ ڕۆژی دوایی خێوەتی دا بە ئێمە و ئێمە لە خێوەتدا دەژیان.

٦-٧ بێوەژن لە ماڵی ئێمە بوون. دوای نزیکەی سێ مانگ ئێمەیان سواری لۆری کرد و بردیانین بۆ نێو قشڵەیەک کە پێیان دەگوت قشڵی خەیاڵە لە هەولێر. هەوای قشڵەکە سارد بوو، دوای ئەوە ئوتۆمیبلیان هێنا و ئێمەیان برد بۆ کەرکوک. لە کەرکوک سواری شەمەنەفەریان کردین و بردیانین بۆ حەوشەی "قوەت سیارە عام" لە بەغدا، بابم و ئیسماعیل لەوێ دەستبەسەر بوون. کە ئێمە گەیشتین ئەوانیشیان ئازاد کرد. لەوێ بە دوو ئوتۆمبیل کە دەورەکەیان دار بوو و پێیان دەگوت پاس، ئێمەیان بردە کەربەلا. لەوێ لە "ئەلمەدرەسە فەیسەڵیە" دایاننایین.

مەدرسەی فەیسەڵی دوو قات بوو. مدیر شۆرتەی مدرسە هات و ئامۆژگاری کردین و بۆ ماوەی سێ مانگ دەرگایان لێ نەکردینەوە،

بەڵام دواتـر هەنـدێک ئـازادتر بـووین، بەردەرگـای مەدرەسـەکە پاسەوانـی لێبوو. ئێمەیان بۆ ماوەی چوار ساڵ لەوێ ڕاگرت ئەوانەی بەسرە لە "محلەتن قیبلە" بوون. مزگەوتـی خەفـاف و زیندان لە ناوەندی قەیسەری بوون. زیندانەکە نزیکەی چوار هەزار کەســی تێــدابوو و بە زینــدانی گەورەی بەســرە دەناســرا و نەخۆشخانەیەکیشی لەکن بوو.

لە بەسـرە عـایلەی ئـێمە چـوون بـۆ مەکـتەب. دواتـر سـادق و منداڵەکانی مەلا مستەفا نەقلی موسڵ کران. سەعید قەزاز وەزیری داخلە زۆر یارمەتی سادق و ئێمەی کرد، بەڵام دژی شێخ ئەحمەد بوو.)



هەر لەم بــارەیەوە ڕەبیــع شــێخ مــحەمەد خالیـد شـێخ ئەحـمەد لە وتـووێژێکی تایبەتـدا پێـی گـوتم: (بـۆ ماوەیەکی کورت لە دیانا لە تێلدرکدا ڕایـانگرتین و ڕۆژی ١٩٤٧/٤/٢٤ شـێخ ئەحمەدیـان بـرد بـۆ بەسـرە. شـێخ ئەحمەد و بنەماڵەی شێخانی بارزان حوکمی ئێعدامی غیابی‌یان بەسـەردا سەپا و لە بەسرە زیندانی کران.

دیــارە بنەماڵەکانیــان لە کەربــلا بوون و دواتر ڕەوانەی بەسرە کران. سادق، عەوبەیدوڵا، جەمـال، مـحەمەد سدیق سـاڵی ١٩٥٦ لە زینـدان ئـازاد کـران، بەڵام شـێخ ئەحمەدیـان ڕاگـرت و دوایــی وەبەر بەخشـینی مەلیـک کەوت و ئیعدامەکەی بۆ کرا بە زیندانی هەمیشەیی،

محەمەد قەزاز خەڵکی سلێمانی کە ئەوکاتە وەزیر بوو، بە شێخ ئەحمەدی گوتبوو، سەری فیتنەکە ئەتۆی و دەبێ لە زیندان بمێنی. شێخ ئەحمەدیش لە وەڵامیدا دەڵێ هەتا ئێوە لە حکومەتدا بن، منیش لێرە دەمێنمەوە. کاتێ شۆڕشی تەموز کرا، شێخ ئەحمەد ڕۆژی ٢١ی تەموز لە زیندان ئازاد کرا و ڕۆژی دوایی شێخ ئەحمەد چوو چاوی بە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف کەوت. بە ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، قەزاز گیرا و بنەماڵەکەی هاتنە لای شێخ ئەحمەد کە هەوڵی ئازاد کردنی بدات.

کاتێک شێخ ئەحمەد و شێخەکان لە زیندان چاوەڕوانی ئیعدام بوون، سادق بە شێخ ئەحمەد دەڵێ: با نامەیەک بنوسین بۆ حکومەت و بپرسین بۆچی ئیعدامامان ناکەن؟ شێخ ئەحمەد وەڵامی دەداتەوە: "چونکە لە ئیعدامی شێخ عەبدولسەلام سودیان نەبرد، ئێمە ئیعدام ناکەن و پێویستی بە نوسینی کاغەز نییە.")



شێخ میسر شێخ جەمال شێخ بابۆ بارزانی لەدایکبووی ١٩٤٦ لە گوندی خنخنە لە نێوان نەغەدە و شنۆ، دەربارەی خوێندنی ئیدریس بارزانی دەڵێت: (ئیدریس دوو ساڵ لەمن مەزنتر بوو. پێکەوە لە خوێندنگەی قیبلە دەمانخوێند. ئیدریس لە خوێندنگەی محزومیە بەغدا دەیخوێندو لەوێ پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواو کرد.)

سەبارەت بە چارەنوسی بارزانییەکانی تر کە لە موسڵ زیندانی کران و دواتر بە شارەکانی کوردستاندا بڵاوکرانەوە و ڕێگەیان پێنەدان کە بگەڕێنەوە گوندەکانیان و بە ڕێگەی کرێکاریی و دەستفرۆشی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکرد، ناسر مەحۆ شینۆ سێلکی دەڵێت:

(دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، بەشداریی شەڕەکانی نەلۆس و دەشتی شنۆم کرد و بەهۆی کۆچی دوایی خۆشکم لە ناوچەی شنۆ کە سەرپەرشتی سێ برای بچوکتر لەمنی لە ئەستۆ بوو، نەمتوانی لەگەڵ بارزانی بچم بۆ ڕوسیا و بە ناچاریی لەگەڵ شێخ ئەحمەد گەڕامەوە بۆ عێراق. دوای گواستنەوەی شێخ ئەحمەد و بنەماڵەی بارزانی لە دیانەوە بۆ بەغدا و کەرکوک و بەسرە، ٢٠٠ پێشمەرگەیان بە ماڵ و منداڵەوە برد بۆ موسڵ و لەوێ لە زیندانیان کردن کە من خۆم



یەکێک لەو پێشمەرگانە بووم. دوو ساڵ لە زیندانی موسڵ ڕایانگرتین و دواتر بەسەر شارەکاندا دابەشیان کردین. منیان لەگەڵ سێ برای ترم بەناوەکانی جادر، فارس و محەمەد لە دهۆک نیشتەجێ کرد و نەیانهێشت بگەڕێینەوە بۆ گوندەکەمان. دوو ساڵیش لە دهۆک ماینەوە و دواتر ڕەوانەی ئاکرێ کراین و بۆ ماوەی چوار ساڵیش لەوێ بووین و کرێکاریمان دەکرد. ساڵی ١٩٥٨، کە بارزانی لە ڕوسیاوە گەڕایەوە بۆ عێراق هەلمان بۆ ڕەخسایەوە

**کە بگەڕێینەوە بۆ سێلکێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١دا کە بارزانی شۆڕشی ئەیلول ڕاگەیاند، چەکم هەڵگرتەوە و بوومەوە بە پێشمەرگە.)**

هەروەکوو شێخ میسر شێخ جەمال شێخ بابۆ بارزانی گوتی ئیدریس سەرەتا لە شاری بەسرە وەبەر خوێندن نرا. دواتر لە موسڵ و سەرئەنجام لە خوێندنگەی "ئەلغەربیە" لە گەڕەکی "ئەعزەمییە" پۆلی سییەمی ناوەندی لە بەغدا تەواو کرد. بە وتەی نزیکانی ئیدریس بارزانی، ناوبراو یەکێک بووە لە خوێندکارە زیرەک و دیارانەی خوێندنگە و سەرنجی زۆری بە خوێندن و خۆ پەروەردەکردن داوە و کەسێکی ژیر و قسەزان بوو. لەم بارەیەوە، مەسعود بارزانی برای کە دوو ساڵ لە ئیدریس بچوکتر بوو، دەڵێت: **(من لەم قوتابخانەیەدا دەمخوێند کە ئیدریس تێیدا قوتابی بوو. ئیدریس بارزانی لە هەموو وانە ئەدەبی و مرۆیییەکاندا نمرەکانی ئەوەندە بەرز بوون کە جێگای سەرسوڕمانی مامۆستاکانی بوون.)**

بە ڕوخانی حکومەتی پاشایەتی و بەدەسەڵات گەیشتنی عەبدولکەریم قاسم لە عێراق لە مانگی تەموزی "یولی" ١٩٥٨ و گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە پلەی قارەمانێکی نەتەوەیی کورددا بۆ عێراق، ئیتر ئیدریس و بنەماڵەی بارزانییەکان لە دەرد و ئازاری ڕۆژانی سەخت و زیندان و ئاوارەیی ڕزگاریان بوو. شێخ ئەحمەد و بەشێکیان گەڕانەوە بۆ بارزان و گوندەکانیان و مەلا مستەفا و بنەماڵەکەی لە بەغدا گیرسانەوە.

## ئیدریس بارزانی تێکەڵاوی خەبات سیاسی دەبێت

ئیدریس بارزانی قۆناخی ژیانی منداڵی و مێرمنداڵی لە شەڕەکانی ساڵی ١٩٤٥ی بارزان، کۆماری کوردستان، بەسرە، موسڵ و بەغدا تێپەڕاند. لە ساڵانی ١٩٥٥- ١٩٥٨، ئازاری زۆری لە دووریی سەرۆک بارزانی باوکی بینی. عەشقی ئیدریس بە باوکی و شێخ ئەحمەد و دواتریش بە شیخ عەبدولسەلام و مامەکانی و ڕێبازی شێخانی نەقشبەندی لە خزمەتکردن بە گەلی کورد، لە سەرەتای مێرمنداڵییەوە ئەوی بەرەو لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونی ژیان و خەباتی بارزانییەکان پاڵپێوەنا. ئەو بە وردی شارەزای مێژوو و بەسەرهاتی بارزانییەکان بوو، زۆر حەزی دەکرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەژێر دەستی باوکیدا بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەی کورد پەروەردە بکرێت. دوای گەڕانەوەی باوکی لە سۆڤیەت، لە ١٩٥٨دا، بە زۆریی لەگەڵ سەرۆک بوو و بە وردی گوێی بۆ وتەکانی شل دەکرد.

هەموو جارێ کە چێژی لە وتە و ئامۆژگارییەکانی سەرۆک وەردەگرت، لەژێر دەستی باوکیدا چۆکی دادەدا کە دەستی ماچ بکات، بەڵام چونکە بارزانی دژی دەست ماچکردن بوو، ئەو ئاواتەی بەجێنەدەگەیشت، تا سەرئەنجام کاتێک بارزانی توشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و دەیویست بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی لە ئێرانەوە بچێت بۆ ئەمریکا، ئیدریس بە یارمەتی کاک موحسین دزەیی بەو ئاواتەی گەیشت. لەم بارەیەوە ڕێزدار موحسین دزەیی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

**- (کاک ئیدریس زۆر لە باوکی نزیکبوو، من لە بەرگی سێی کتێبەکەمدا کە هێشتا چاپ نەکراوە، نوسیومە کە من لە ژیانمدا نەمبینیوە پێوەندی نێوان کوڕ و باوک تا ئەو ڕادەیە نزیک بێت و**

مەلا مستەفا تا ئەو ڕادەیە گوێ لە قسەی ئیدریس بگرێ، هەروەها ئیدریسیش ئەوەندە گوێڕایەڵی باوکی بێت.

سەفەری یەکەم کە بارزانی ساڵی ١٩٧٦ بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی دەچوو بۆ ئەمریکا، کاک ئیدریس هاتە لای من و گوتی: "داوایەکم هەیە، دەبێ یارمەتیم بدەی." گوتم کارەکەت چییە؟ گوتی: "کاتی ڕۆیشتنی بارزانی من پێمخۆشە دەستی ماچ بکەم و دەزانم ئەو نایەوێت." ئەوە ڕاست بوو کە بارزانی نەیدەهێشت هیچ کەس و تەنانەت کوڕەکانیشی دەستی ماچ بکەن. گوتی: "دەبێ یارمەتیم بکەی کە ئیزن بدات دەستی ماچ بکەم." من بەڵێنم پێدا، بەڵام گوتم نازانم تکای من قبوڵ دەکات، یان نا. ئەوە بوو کاتێک من دەمویست لە خزمەت بارزانیدا بچم بۆ ئەمریکا، کاتی بەڕێکردنی لە فڕۆکەخانەی تارانەوە بۆ ئەمریکا، من چوومە لای و گوتم" ئەزبەنی تکایەکمان هەیە، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت ئیزن بدە، ئیدریس دەستت ماچ بکا." پێکەنی و گوتی قەیدی ناکا و لێیگەڕا و ئەویش دەستی ماچ کرد. ئەوە یەکەم جار بوو بارزانی ڕێگا بدات کە دەستی ماچ بکەن و بەو ماچکردنە، ئاواتی ئیدریس بەجێگەیشت.)

بەرلەوەی کە سەرۆک بارزانی ئەرکی سەرۆکایەتی کوردی باشور لە ئەستۆ بگرێت و بەرلەوەی کە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بزووتنەوەی ناوچەی بارزان بۆ بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی کوردستان بگوازنەوە و بارزانی لە ساڵی ١٩٤٥دا پارتی ئازادی دامەزرێنێت، هەرلەو سەردەمەوە کە هۆزەکانی شێروانی، دۆڵەمەری، مزوری، بەرۆژی، نزاری، گەردی و هەرکی بنەجێ ڕێبازی شێخ عەبدولسەلامیان قبووڵ کرد و ناوی بارزانییان بۆ خۆیان هەڵبژارد، کار و باری ناوچەی بارزان لە بڕیاردانی تاکەوە گوازرایەوە بۆ بڕیاردانی بەکۆمەڵ و ناوچەی بارزانیان بە پڕۆگرام و بە بەرنامەی پێشوەخت بەڕێوەدەبرد. کارەکانیان بەشێوەیەک

دابەش دەکرد کە بەبێ گیروگرفت و بە دروستی بەڕێوە بچن و ئەگەر هاتوو لە کارێکدا کۆتایی کرا، بەرپرسی بەجێنەگەیاندنی کارەکە دیار بێت.

ئەوە بوو هاوکات لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ئیدریس بارزانی بەهۆی لێوەشاوەیی لە کاری نوسین، قسەکردن و پێوەندیی و تێکەڵاویی لەگەڵ خەڵک و پێشمەرگەدا، ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی سەرۆک بارزانی لە گوندی بارزان و کاروباری پێشوازیی کردنی پێشمەرگەی پێسپێردرا. لەم بارەیەوە حەسەن عەبدوڵا کەشار گوتی:

**- (لە بارزان کاری شۆڕش و کاری بارزان لێک جودا کرابۆوە. ئیدریس بارزانی کە لە بەغدا گەڕایەوە بۆ بارزان، لە ساڵی ١٩٦١وە نوێنەری بەڕێوەبردنی کارەکانی نوسین و پێشوازییکردنی پێشمەرگەی لە بارزان لە ئەستۆ بوو. لە هەمانکاتیشدا عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەد کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کاروباری گوندو میوانداریی و پێڕاگەیشتن بەکێشەو گرفتی بارزانییەکانی لە ئەستۆ بوو.)**

سەرۆک بارزانی لە مانگی سێی ساڵی ١٩٦١دا بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ بارزان، ئیدریس و بنەماڵەکەی هێشتا لە بەغدا بوون، بەڵام زۆری نەخایاند و بەرلە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١دا، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ بارزان و هەروەکوو حەسەن عەبدوڵا کەشار دەڵێت ئیدریس لە بارزان بە نوێنەرایەتی بارزانی، ئەرکی پێوەندیی و پێشوازییکردنی پێشمەرگەکانی گرتە ئەستۆ.

کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا و بارزانی و پێشمەرگە هاوڕێیەکانی ناوچەی بادینانیان لە جاش و سوپای عێراق پاککردەوە، بارزانی بڕیاریدا بپەڕێتەوە ناوچەی خۆشناوەتی و لە نزیکەوە هەوڵی ئازادکردنی ئەو ناوچەیە و بەشەکانی تری

کوردستان بدات. بەو ئومێدە ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٢ لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠ پێشمەرگە لە بێخمەوە بەرەوە ناوچەی خۆشناوەتی چوو. بارزانی ئیدریسی لە بارزان بەجێهێشت کە درێژە بە کارەکانی بدات و مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان، کە تەمەنی گەیشتبووە ١٧ ساڵ، لەگەڵ خۆی برد و شەرەفی پێشمەرگایەتی پێبەخشی و تفەنگی لە شان کرد.

هێزەکانی هاوڕێی بارزانی دوای حەوت ڕۆژ، لە ١٩٦٢/٣/٢٨ گەیشتنە "سەری بەردی" لە نزیک سیدەکان و دوای چەند تێکهەڵچوونێک لەگەڵ جاشەکانی سەربە شێخ ڕەشیدی لۆلان و دواتریش چەککردنی قەڵای ڕایات لە ڕۆژی ١٩٦٢/٧/١١دا، ناوچەکانی باڵەک، سیدەکان و خۆشناوەتی ئازاد کرد و ڕێکخراوەکانی پارتی لەو جێیانە وەگەڕخستەوە. بەگشتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا هەموو شوێنە ستراتیژییەکانی کوردستان کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و سنوری دەستکردی ئێران و عێراق لە خانەقینەوە تا حاجی ئۆمەران و سنوری دەستکردی عێراق و تورکیا لە دالانپەڕەوە تا زاخۆ لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی شۆڕشدا بوو.

ئەم بارودۆخە نوێیە، دەستی بارزانی بۆ هەندێک کاری کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی دابینکردنی بەشێک لە مافەکانی ئافرەتانی کوردستان کردەوە و ناوبراو چەند فەرمانێکی بۆ دەستەبەر کردنی مافی ئافرەتان لە کوردستان ڕاگەیاند. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری "عەبدوڵا ئاغای پشدەری" لە لاپەڕە ١٦٢ی بەرگی سێیەمی کتێبەکەیدا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەڵێت:




- (... سەرۆک بارزانی هەرلە یەکەم ساڵیدا کە هات بۆ ناوچەی سۆران واتە ساڵی ١٩٦٢ ئەوە بوو، فەرمانێکی زۆر توندو تۆڵی دەرکرد بە قەدەغە کردنی ئەو کارە ناشەرعیانەی خوارەوە و هەمووشی دەربارەی "ئافرەت".

١- مارەکردنی "ژن" بەزۆر و زۆرداری هەروەکوو پێشتر لەناو کوردەواریدا ئەنجام دراوە.

٢- گەورە بە گچکە، واتە ژن خواستن و هێنانی بەرامبەر بەخشینی کچی بچووک.

٣- مارە کردنی کچی منداڵ "دون البلوغ".

٤- پارە وەرگرتن لە بەشوو دانی "ژن" کە پێی دەڵێن "شیربەها".

٥- منع کردنی "ئافرەت" لە خوێندن، کاروکاسبی کردن، ئیش کردن لە نووسینگەکانی میری و هەروەها ئیش کردن لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا، بەڵام ئەویش بە مەرجی "جلکی ئیسلامی" بپۆشێت و ئەوەی لێرەدا شایانی باسە "سەرۆک بارزانی" ڕێزێکی زۆر تایبەتی هەبوو، بەرامبەر بە ئافرەتانی کوردستان و هەمیشە دەیووت "ئافرەتی" کورد بەشێکی زۆری هەیە لە گەشەپێدان و جۆشدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسی دەکرد و دەیوت، ئافرەتی کورد لەو شۆڕشەدا دوو دەوری سەرەکی هەیە:

یەکەمیان// ئەویە کەوا لەماڵەوە جێگای پیاوەکانی خۆیانیان گرتووەتەوە بۆ ئیش و کار لە کاتێکدا پیاوەکانیان پێشمەرگە بوون و دوور بوون لە ماڵەوە.

**دووەمیان// ئەوەیە کەوا ژنەکان جگەلە بەجێهێنانی ئیش و کاری ناوماڵ، دیسانەوە هەڵدەستن بە "پەزینی نان" کەوا بۆ "بەرەکانی شەڕ" ڕەوان دەکرێت و ئەوە بوو دەقی قسەکانی سەرۆک بارزانی نەمر و هەمیشە دووپات و چەند پاتی دەکردەوە و....)**

لە زستانی ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٣دا تا ڕادەیەک کوردستان ئارام بۆوە و چونکە مەلا مستەفا وەک نەریتی خۆی بە بەردەوامی لە هەڵسوڕان و بەسەرکردنەوەی ناوچە جیاوازەکاندا بوو، لە خۆشناوەتییەوە چوو بۆ ناوچەی پشدەر و ئاکۆ و بۆ ماوەیەک میوانی هەباسی مامەند ئاغا و ئەنوەربەگی بێتواتە بوو. بەچوونی مەلا مستەفا بۆ بێتواتە، ئەو گوندە بوو بە بارەگایەکی گرنگی سەرکردایەتی شۆڕش.

بارزانی بەگوێرەی پرنسیپی حیزبیی بەرپرسایەتی ئەو ناوچەیەی بە مەلا عەبدوڵا "مەلا ماتۆر" و عەلی شەعبان وەک جێگری ئەو سپارد. لەوکاتەدا تاقمێک لە ئاغاکانی میراودەلی بەنهێنی لەگەڵ حکومەت سازا بوون کە بە مەرجێک حکومەت پارە و چەکیان بداتێ و لە بواری سەربازیشەوە پشتیان بگرێ، ئەوان ئەندامان و ڕێکخراوەکانی پێشمەرگەی پارتی لە ناوچەکەیان دەردەکەن. لەبەر ئەوە مەلا مستەفا لەگەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی پارتی دیموکرات ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٤ بەرەو قەڵادزێ کەوتەڕێ و ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٧ لەشکری شۆڕشگێری کوردستان لە گوندی "سارکێو" لە "دۆڵەڕەقە"وە چوو بۆ قەڵادزێ. ڕۆژی ١٩٦٣/٢/١٠ بارزانی لە گوندی "دووگۆمان" بوو کە هەموو ئاغاکانی میراودەلی هاتن بۆلای و لایەنگریی خۆیان لە مەلا مستەفا و شۆڕشی ئەیلول پێڕاگەیاند.

هاوکات لەگەڵ دیداری بارزانی لە قەڵادزێ، بەعسییەکان کە بە دوای کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دا، خەریکی لەناو بردنی کەریم قاسم بوون و دەیانویست دەسەڵاتی عێراق بەدەستەوە بگرن، لە

بڵاوبوونەوەی هێزەکانی سوپای عێراق و چەقینیان لە کوردستاندا کەڵکیان وەرگرت و ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ بە کودەتایەکی سەربازیی کەریم قاسمیان لە حکومەت خست و دەسەڵاتی عێراقیان خستەدەست خۆیان و بە فەرمانی عەقید عەبدولغەنی ڕاوی، عەبدولکەریم قاسم و تەها شێخ ئەحمەد و مەهاویان بەبێ دادگایی کردن گوللەباران کرد و دەسەڵاتی عێراقیان بە عەبدولسەلام عارف سپارد.

بەرلە کودەتا، چەند ئەفسەری سوپای عێراق بەرپرسانی نهێنیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە کەرکوک سەبارەت بەو کودەتایە ئاگادار کردبۆوە و ڕایانگەیاندبوو: ئەوان مافی گەلی کورد بە ڕەسمی دەناسن. چوار ڕۆژ بەرلە کودەتا، ساڵح یوسفی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە ڕەوانەی بەغدا کرا کە پێوەندی بە "عەلی ساڵح سەعدی" ڕازڕاگری سەرکردایەتی قوتریی بەعس بگرێ و سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کورد قسەی لەگەڵدا بکات کە سەعدی دووپاتی کردەوە بەعسییەکان ئۆتۆنۆمی بە کورد دەدەن. لە یەکەم ڕۆژی کودەتادا عەمید فوئاد عارف و ساڵح یوسفی لە ڕادیۆ بەغدا ئامادە بوون کە یەکەم ڕاگەیاندنی کودەتاچییەکان بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕادیۆ خوێندرایەوە. بەڵام لەو ڕاگەیاندنەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ مافی گەلی کورد نەکرا.

تاهیر یەحیا سەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و نوێنەری کودەتاچییەکان لە گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە نامەیەک ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی ئاگادار دەکاتەوە کە ناوی چەند کەسێک بدات کە لە پێکهاتەی نوێی وەزارەتدا جێ بگرن. مەکتەبی سیاسی بە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی بارزانی، ئەم وەڵامەی خوارەوەی ئاراستە کرد:

- (دروشمی ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان: دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانە" و ئەو کەسانەش کە ئێمە پێشنیازیان دەکەین بریتین لە: "باباعەلی شێخ مەحمود، فوئاد عارف، بەکر عەبدولکەریم، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری".)

ڕۆژی ۱۹٦۳/۳/۱۸ بارزانی کۆنفرانسێکی بە بەشداریی نزیکەی دوو هەزار کەس لە نوێنەرانی پارتی دیموکرات، سەرکردایەتی سوپای شۆڕشی ئەیلول، نیشتمانپەروەران، ڕۆشنبیران، سەرۆک خێڵەکانی لایەنگری شۆڕش، نوێنەرانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، لەسەر ئەرکی کاکە حەمە زیادئاغا لە کۆیە پێکهێنا. کۆنفرانسەکە چوار ڕۆژی خایاند و لەودا پرۆژەیەکی داواکاریی نەتەوەیی کورد ئامادەکرا و لیژنەیەکیان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامەتی: ساڵح یوسف بارزانی، مەسعود محەمەد، حوسێن خانەقا، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەگید سدیق، شاخەوان نامق "شوان"، بابەکر ڕەسوڵ، مستەفا عەزیز، فوئاد عارف و ...تد دەستنیشانکرد کە بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی نوێ سەردانی بەغدا بکات. هێشتا کۆنفرانسی کۆیە بەکۆتا نەهاتبوو کە ئەم بروسکەیەی خوارەوە لەلایەن سەرۆکی فیرقەی دووەمی سوپای عێراق بە بارزانی گەیشت:

- (بۆ مەلا مستەفا بارزانی- حەرەکات- سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکان

لە فیرقەی دووەوە

ژمارە ۱۱٤۳- ۹ مێژوو ۱۹٦۳/۳/۲۰

تکایە فەرمانتان بدەن بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو چەک و دەزگا بێتەل و کەلوپەلە حکوومەتییانەی تر کە کۆمەڵەکەی ئێوە لە سەرەتای دەست پێکردنی حەرەکاتی باکوورەوە تا ئێستە

گرتوویانن. بدرێنەوە بە نزیکترین پێگەی سەربازیی. تکایە خەبەردارمان بکەن.)

بارزانی بەبێ گوێدان بەو بروسکەیەی سەرەوە، ڕۆژی ١٩٦٣/٣/٣٠ بەگوێرەی گەلاڵەی کۆنفرانسی کۆیە، وەفدەکەی ڕەوانەی بەغدا کرد کە وتووێژ لەگەڵ حکومەت بکەن. نوێنەرانی حکومەت لەو وتووێژەدا بریتی بوون لە: ساڵح مەهدی عەماشی وەزیری بەرگریی، حازم جەواد وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەرکۆمار، ناجی تالیب وەزیری پیشەسازیی و عەلی حەیدەر سلێمان باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوە. ئەم نوێنەرانە چەند جار لەگەڵ نوێنەرانی کورد دانیشتن، بەڵام بە بەردەوامی خۆیان لە باسەکان دەدزییەوە و ئامادەنەبوون ناوچەکانی کەرکوک، خانەقین، شنگار و زەمار بخەنە ناو وتووێژەکانەوە و هەموو جارێ کە باس لە سنوری جوغرافیایی کوردستان دەکرا، بە بیانوویەک خۆیان لە وتووێژ دەدزییەوە.

بۆ سەرکردایەتی کورد و بارزانیی ڕوونبۆوە، مەبەستی بەعسییەکان لە دانی ئۆتۆنۆمی بە کورد لە سەرەتاوە فریودانی کورد و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بووە نەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و عێراق و لە سەرەتای مانگی ئاپریل "نیسان"ی ١٩٦٣دا دەرکەوت کە سوپای عێراق بەنیازە سەرلەنوێ هێرش بکاتەوە سەر کوردستان.

بۆ ئەو مەبەستە، سەرلەنوێ پێوەندییان بە سەرۆک خێڵە جاشەکانی کورد و عەرەبەوە گرت و بە دانی چەک و پارە دوو هێزیان لێ پێکهێنان. جاشە کوردەکان لەژێر ناوی "سوارەی سەلاحەدین" و جاشە عەرەبەکان لەژێر ناوی "سوارەی خالیدی کوڕی وەلید" ڕێکخران و دواتر دۆخەکەیان بە ڕادەیەک ئاڵۆزکرد کە لە هەر ئان و ساتێکدا چاوەڕوانی تەقینەوەی لێدەکرا.

یەکەم قوربانیی کودەتاچیان بە دوای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم و هەڤاڵانیدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شیوعی عێراق و لایەنگرانی کەریم قاسم بوون. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەیاننامەی ژمارە ١٣ی خۆیدا بڕیاری قەلاچۆکردنی شیوعییەکانی ڕاگەیاند و کوشتنی شیوعییەکانی بە حەڵاڵ زانی. لەو چوارچێوەیەدا سەلام عادل "حسێن الرضی" سکرتێری حیزبی شیوعی و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی گرت و بە دوای ئەشکەنجە دانێکی دڕندانە ئیعدامی کردن. شیوعییەکان جگەلە کوردستان جێیەکی تریان شک نەدەبرد کە بۆ پارێزگاریی کردن لەخۆیان ڕووی تێبکەن، لەبەر ئەوە بەتاک و بەکۆ ڕایانکردە کوردستان، کەچی لەوێش مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ شێوعییەکان کرد، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو هەڵوێستە ناشۆڕشگێڕانەیە، بارزانی شێوعییەکانی دالدەدا. لەم بارەیەوە ئەحمەد بانیخێڵانی "ئەبو سەرباز" لە لاپەڕەکانی ٢١٤-٢١٦، کتێبی "بیرەوەرییەکانم" کە ساڵی ١٩٩٧ لە ستۆکهۆڵم بڵاویکردۆتەوە، دەڵێت:

- (... دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق ناکۆکییەکان زیاتر ئاشکرابوون، بەتایبەتی لە هەڵوێستە سیاسییەکاندا. بۆ نمونە لەوکاتەدا کە حکومەتی عێراق بەیاننامەی ژمارە "١٣" ی بۆ ئیبادەکردنی شیوعییەکان دەرکرد. مەکتەبی سیاسیی پارتیش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی بە هەمان ناوەڕۆک دەرکردبوو بۆ فشار خستنەسەر شیوعییەکان و نەهێشتنیان لە کوردستاندا، دەیان هاوڕێمان لە گوندی "مالومە" کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێبوو، لە زینداندا بوون و ئەشکەنجە و ئازار دران و داوای پاکانە کردنیان لێدەکرا و ژمارەیەکی زۆریان لە هاوڕێیانمان چەککرد و هێرشیان کردە سەر

چەند بنکەیەکی پێشمەرگەکانمان لە شاخی "بەمۆ"ی ناوچەی خانەقین و "وەڵەسمت" لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و شوێنەکانی تر. لەو هێرشانەدا ژمارەیەک هاوڕێمان لە بنکەی "بەمۆ" شەهید کران. .. ئەوە بوو کە نوری شاوەیس بە ڕەحمەت بێ، بە توندی دژی ئەو بڕیارە بووەوە و لە ئەنجامدا وازی لە ڕێبازی (م. س) هێنا و لەگەڵ خەتی شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی درێژەی بە تێکۆشاندا.)

سەبارەت بە داڵدەدانی شیوعییەکان لەلایەن بارزانییەوە، بە دوای کودەتای بەعس لە ١٩٦٣/٢/٨دا، ئەحمەد مستەفا ئاغای حەویزی "دڵزار" لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی:

- (من و کەریم ئەحمەد چووین بۆلای بارزانی لە "کورەی کانی ماران" بوو. بارزانی کەریم ئەحمەدی دەناسی و لەگەڵ ناوی منیش ئاشنا بوو. لە کەریم ئەحمەدی پرسی، ئەوە کێیە و ئەویش منی ناساند و گوتی: دڵزار بەرپرسی حیزبی شیوعییە لە کۆیە. بارزانی گوتی: نوسیومە شیوعییەکان داڵدە بدەن و خزمەتیان پێ بکەن. بارزانی بە حەق داڵدەی دابووین و لە ڕاستیدا برادەرانی ئێمەش لایەنگری بارزانی بوون. گوتم برادەرانی ئێمە لە "دێگەڵە"ی کۆیە چەککراون. عەولائاغای پشدەریی کاتبی بوو، بانگی کرد و گوتی: دوو نامە بنوسە بۆ سەعید مەسیفی لە کۆیە و عەریف سەمەد لە دێگەڵە و بڵێ ئەگەر دڵزار کەسێکی نارد بەچەک یان بێچەک بە ڕێزەوە ڕەوانەی بکەن و پێشیان مەگرن. هەروەها گوتی ئامادەم هەموو یارمەتییەکتان بدەم. نامەکانم برد و سەرەتا چوومە لای سەعید مەسیفی، خوێندییەوە و گوتی بەسەر سەر و بەسەر چاو، ئێوە چۆنتان دەوێ ئێمە وادەکەین. مام نادری ئیسماعیل ئاغامان هەبوو کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا بوو، بە قومبەلەی خۆی کە دەیهاویشتە سەنگەری جاشان شەهیدبوو.

لەگەڵ ئەو نامەی عەریف سەمەدمان برد و ئەویش کە نامەکەی خوێندەوە، خستیە سەر سەری و گوتی بەچاوان هەرچی ئێوە دەڵێن، ئێمە هەرئەوە دەکەین.)

هەرلەم بارەیەوە سەرنج بدەنە دوکتۆر تاهیر بابان کە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و نزیکەی سێ مانگ زیندانیی بەعس. ڕوویکردۆتە ناوچەی سلێمانی و چووەتە چەمی ڕێزان. ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە سەبارەت بە هەڵسوکەتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لەگەڵیدا، دەڵێت:

- (دوای ئازادبوونم لە زیندان، دەمویست بچم بۆلای مەلا مستەفا، بەڵام حاکم ئەحمەد باوکی دوکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح منی برد بۆ چەمی ڕێزان، کە چووم مەلا ناسح، محەمەدئەمین فەرەج و مستەفا قەرەداغی لەوێ بوون. لە سەرەتادا پێوەندیمان باشبوو، تا ئەوکاتەی کە داوایان لێکردم بیروبۆچوونی خۆمیان بۆ بنوسم. منیش نوسیم شیوعیم و ئێستا حیزبی شیوعی پشتگیریی شۆڕش دەکات. ئەوکاتە دارا تۆفیق و عەریف عوسمانیش لەوێ بوون. دیارە داوایان لەوانیش کردبوو. دارا پرسی چیت نووسیوە؟ گوتم ڕاستییەکەم بۆ نووسین. گوتی بۆچی وات بۆنووسیون، مەگەر ئەوانە ناناسی؟ دوای ئەو نوسینەم گوتیان بچم بۆ قەرەداغ، کەچووم و ئەوانم بینی تێگەیشتم کە ئەخلاقیان لە بەعسییەکان نزمترە، بەرپرسەکەیان کابرایەک بوو بەناوی کەمال موفتی کە زۆر بێ ئەخلاق بوو، هەتا ئاخر ڕۆژەکانی سەدام، سەدام وەک ئەو نەبوو. پێوەندیم لەگەڵ ئەوان بڕا، نەمدەتوانی لەگەڵیان بم. منیان نارد بۆ بیارە، مستەفا فوئاد بەرپرسیان بوو. تێگەیشتم کە لە کەمال موفتی هیچ و پوچترە، مرۆڤێکی لوت بەرز و بێ ئەخلاقە. زیندانەکەیان پڕبوو لە کەسانی شیوعی و دیموکرات. زیندانەکەیانم بینی، برینی زیندانییەکانیان دەرمان نەدەکرد و بۆنیان کردبوو. گوتم ناتوانم لێرە بمێنمەوە، لەبەر ئەوە منیان

نــارد بــۆ قەرەداغ. بەیــانییەک کەمــال پێشــی پێگــرتم و گــوتی دەمانچەکەت دانێ، گوتم دەمـانچەم پێ نییە. لەوێوە چووم بۆ بـنکەیەک کە ئەویـش سـەربە مەکتەبـی سیاسـیی بـوو، بەڵام هەموویان خەڵکی سلێمانی بوون. لەگەڵ بەرپرسەکەیان برایمـی حەمەخۆرشە، لە منالییەوە ناسیاو بووین. ماوەیەک لایان مامەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە توشی گرفت نەبـن، گـوتم دەچـم بـۆلای مەلا مستەفا. برایم گوتی لە رێگـادا دەتگرن و دەتکوژن. گـوتی بچـۆ پێیان بڵێ دەچی بۆ نـاوچەی بادینـان و لەوێوە بچۆ بـۆلای مەلا مستەفا. پێشنیازەکەم بەدڵ بوو، چووم بۆ ماوەت و پێمگوتن دەچم بۆ بادینان. جەلال تاڵەبانی لەوێ بوو. گوتیان دەتەوێ چی بکەی؟ گوتم دەمەوێ پێوەندیم بە ئێوەوە نەبێ. خواهەڵناگرێ مام جەلال زۆر بەئەدەب و لەسەرخۆ قسەی کرد، گوتی دەتکەین بە بەرپرسی هەموو کوردستان. گوتم ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دژتان نیم، بەڵام ناتوانم لەگەڵ ئێوە ئیش بکەم. گوتی کاغەزێک بۆ ڕەئیس عەبدوڵا لە بادینـان دەنوسین، بچۆ بـۆلای. ڕێگـای بادینـان بە قەڵادزێ دا بـوو. چەنـد ڕۆژێـک لە قەڵادزێ مـامەوە، لەوێ برادەرانـی حیزبـی شـیوعیم بینـی و داوام لێکـردن یـارمەتیم بـکەن بچـم بـۆ دەرەوە. ئاغایەکی ناوچەکە، نامەیەکی بۆ شێخێک لە بەردەپان نوسی، وا بزانم شێخ حوسێنی بەردەپان بوو. ئەو ئاغایە هاوکات جەماعەتی مەکتەبی سیاسیشی لە چوونی من بۆ ئێران ئاگادار کردبـۆوە. مـن لە ماڵێـک بـووم، دوو پێشـمەرگە هـاتن و بردیـانم بـۆ مـقەڕ. مەلا عەبـدوڵا "مـەلا مـاتۆڕ" بەرپرسـی نـاوچەکە لەگەڵ چەنـد کەسێک دانیشـتبوون. گـوتی بیسـتوومانە دەچـی بـۆ خـاریج؟ گـوتم ڕاسـتە. گوتی تۆ لەسەر پشتی ئێمە ئیش دەکەی. گوتم پشتی چی؟ ئەگەر پەساپۆرتتان هەیە، فەرموو پەساپۆرتم بدەنێ، دەچـم بـۆ خـاریج. مـن پێوەنـدیم بە ئێـوەوە نیـیە. دیسـان تەئکیـدی دەکەمەوە کە ئەخلاقییەتـی ئەوانە زۆر لە بەعسـییەکان نزمتـر بـوو. منیـان

زیندانی کرد. لە زیندانی بەعسەوە هاتم بۆ زیندانی مەکتەبی سیاسی و نزیکەی دوو مانگ لە زیندان ڕایانگرتم. نەیاندەهێشت هیچ کەس بێت بۆلام. ڕۆژێک برادەرێکم بەناوی عەبدولڕەحمان کە خەڵکی هەولێر بوو، هاتبوو بۆ دیتنم کە ئەویشیان زیندانی کرد. بەرپرسی زیندانەکەیان ناوی مولازم جەمال مەحمود بوو. جار جارە منی دەبرد بۆ دەرەوە کە هەوا بخۆم، بەم تاوانە نەقڵیان کرد.

هاوڕێ عەزیز محەمەد دواتر پێی گوتم، ئەوە لە کاتێکدابوو کە مەلا مستەفا بەبروسکە مەکتەبی سیاسی ئاگاداردەکردەوە کە تاهیر بێت بۆلای من، بەڵام وەڵامیان نەدەدایەوە. دوای مانگ و نیوێک مەلا ماتۆر هات بۆ زیندان و گوتی: مەکتەبی سیاسی تۆی ویستووە و ئازادت دەکەین، بچی بۆ ماوەت. گوتم ناچم، گوتی چۆن ناچی؟ ئەوە ئەمرە و دەبێ بچی. گوتم وەڵامیان بدەوە کە من ئەمرەکەیان بەجێ ناهێنم. دوای حەوتوویەک هاتەوە کە دیسانیش وەڵامم نەداوە. پیرە پیاوێک هەبوو بە ناوی مام عەبدوڵا کە دەهات ژوورەکانی خاوێن دەکردەوە. ڕۆژێک هات گوتی: دوکتۆر دەستت ماچ دەکەم، برۆ، گوتم ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی، من دەستی تۆ ماچ دەکەم، گوتی: تۆ نازانی ئەوانە زۆر بێناموسن، دەتکوژن. شەوێک بە ناوی لێپرسینەوە دەتبەن و ئیتر ناگەڕێیەوە. بینم قسەکەی ڕاستە. حەوتوویەکی تر مامەوە و دواتر مام عەبدوڵایان لەگەڵم نارد کە بچم بۆ مەکتەبی سیاسی و ئەم جارە خۆم لە دەستیان ڕزگار کرد.)

بەهەرحاڵ، لە بەرامبەر خۆ ئامادەکردنی دوژمندا، سەرکردایەتی شۆڕشیش یەکەکانی خۆی ڕێکخستەوە تا لەکاتی هێرشکردنی دوژمن بۆسەر کوردستان، بتوانێ بەرگری لە ناوچەکانی ژێردەستی بکات. بارزانی ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢ لە گوندی بناڤێ وە بەرەو گوندی "سرێشمە" لە ڕۆژئاوای خەلیفان چوو. بۆ گەیشتنی بۆ ئەو گوندە

دەبــــووایە لە جـــادە بپەڕێـــتەوە. لەبەر ئەوە، بە نــــامەیەک فەرماندەی لیوای سێی سوپای عێراقی لە خەلیفان ئاگادار کردەوە، بەڵام فەرماندەی لیوا پێیڕاگەیاند، دەبێ چەکەکانیان تەحویل بدەن کە ئیزنی پەڕینەوەتان پێ بدرێت. بارزانی بەبێ ئاگاداریی لیــوای خەلیفــان، هەمــوو هێــزەکەی پەل بە پەل پەڕانـــدەوە و پێشـــمەرگەکانی بەســـەر گونـــدەکانی ســـوورچی و دەوروبەری سرێشمەدا بەشکرد، بە چەشنێک هەموو بەرزاییەکانی خەلیفان و ڕێـگەی ســەرەکی هــاتوچۆی هێـزەکەی سـوپا بە مەودای تفەنـگ هاوێژی پێشمەرگە، کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

ڕۆژێـک دوای گەیشـتنی بـارزانی بـۆ گونـدی سرێشـمە لوقمـان و ئیـدریس و سـابیر بـارزانی کە بەرلە پێکهـاتنی کۆنفرانسـی کـۆیە لەگەڵ مەلا مســتەفا کەوتبــوون، گەڕانەوە بــۆ گونــدی بــارزان و مەسعود بارزانی لای باوکی مایەوە. بارزانی بۆ ماوەی سێ هەفتە بارەگـای خـۆی لە گونـدی سرێشـمە دانـا. لەو مـاوەیەدا ژمـارەیەک سەرۆک جاش بە تاک و بە کۆمەڵ چوونە لای بـارزانی و پشـتیوانی خۆیـان لە شـۆڕش ڕاگەیانـد. بەشـێکیان لەســەر بەڵێنــی خۆیــان مانەوە و ژمارەیەکیان وەفایان بە بەڵێنەکەیان نەکرد و درێژەیان بە جاشــەتی دا و لە خــزمەت ئیسـتخباراتی سـوپا و دەزگاکــانی ئاسایشدا بوون.

دوای گەڕانەوەی کــوڕانی بـــارزانی بـــۆ گونـــدی بـــارزان، ڕۆژی ١٩٦٣/٥/١١ شـێخ بـابۆی بـرای مەلا مسـتەفا گەیشـتە سرێشـمە و ســەردانی مەلا مســتەفای کــرد. ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢٠ ڕژێمــی بەعــس گەمارۆی ئابووری خستە سەر کوردستان و پیاوانی سەربە دەزگـای "حەرەس قەومــی" دەسـتیان کـرد بە تــاڵان کردنــی گونــدەکان و سزادان و زیندانی کردنی خەڵک. بەکرێگیراوە پڕچەکە عەرەبەکان بە سەرۆکایەتی شێخ "حەنەش و محەمەد شەحادە" بە پشـتیوانیی تانــک و زرێپــۆش و لەژێــر ئــاگری تۆپخــانەدا پەلامــاری گونــدی

"تەلخێم"یان لە دەشتی هەولێردا و شەش کەسیان لە خەڵکی ئەو گوندە کوشت. هاوکات ڕژێم هێزێکی زۆری لە جاشەکان کۆکردبۆوە و دەیویست هێرش بکاتە سەر ناوچەی بارزان.

ڕۆژی ١٩٦٣/٥/٢٧ بارزانی بەرەی سپیلکی بە عەقیدی ڕوکن عەبدولکافی سپارد و لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە کە مەسعود بارزانی یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو، بەرەو بارزان بەڕێکەوت و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١ گەیشتە هەواری "بیرکا ستری" لە داوێنی چیای شیرین و چاوی بە شێخ ئەحمەد کەوت. هۆی چوونی شێخ ئەحمەد بۆ ئەو جێیە بەرگریی کردن بوو لە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق.

شەڕی بەکردەوەی بەعسییەکان دژی گەلی کورد، کاتژمێر ٠٨:٠٠ی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٠ بە بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بۆسەر گوندی بارزان دەستی پێکرد. هێزی هەوایی عێراق بۆ بۆمباران کردنی گوندی بارزان و دەوروبەری لە فڕۆکەی "باجەر"، ئیلیووشن" و مێگ کەڵکی وەگرت و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٢ بۆمبێکی ٥٠٠ کیلۆیی لە مزگەوتی بارزاندا و چونکە خەڵکەکە پێشتر گوندیان بەجێهێشتبوو، تەنیا دوو کەس شەهید بوون کە ناوێ یەکێکیان عوسمان ئاغا بوو.

ڕژێمی بەعس جگەلە هێزەکانی خۆی لە شەڕدا، کەڵکی لە لیوایەکی سوپای "بەرمووک"ی سوریا بە فەرماندەیی فەهد شاعیر وەرگرت. ئەو لیوایە لە موسڵەوە بە تانک و تۆپخانەی قورس پەلاماری کوردستانیدا کە دواتر ئاماژە بە چارەنووسەکەی دەکەم. جگەلەوە هەردوو ڕژێمی ئێران و تورکیا کە لایەنگری ڕژێمی بەعس و کودەتای ١٩٦٣/٢/٨ بوون، لە بوارەکانی هەواڵگریی و شناسایی ئاسمانیی یارمەتی ڕژێمی بەعسیان دەکرد. لەو پێوەندییەدا مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٢٣ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم،

شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا، دەقی بروسکەیەکی گوێڕایەڵی بڵاوکردۆتەوە:

بۆ/ فق ١- سەرەکی. فق ٢- سەرەکی
لە/ بزاوتگەی سەربازییەوە
ژمارە ٣٤٧٨ س مێژوو ١٩٦٣/٧/٢

لەگەڵ حکومەتی تورکیا و ئێران ڕێککەوتووین کە ڕێگە بە باڵەفڕەکانی ئێران و تورکیا بدرێ لە هێڵی سنوور بپەڕنەوە و بگەنە ئەو هێڵەی لە سەرسەنگەوە تێپەڕ دەبێ- هێڵی ئاکرێ- ڕەواندز بۆ سەرانسوێی شوێنەکانی کۆبوونەوەی خائینەکان لە خاکی عێراقدا. تکایە هەموو پارچە سوپاییە عێراقییەکان لە ناوچەی کاری سوپاییدا ئاگادار بکەن خۆیان لە قەرەی ئەو باڵەفڕانەی ئێران و تورکیا نەدەن و لە ڕوویاندا نەوەستن. بەم نزیکانە دوو ئەفسەری پێوەندی یەکێکیان لە سوپای تورکیا و ئەویتریان لە سوپای ئێرانەوە دێن. یەکەمیان لە موسڵ دەبێ و ئەویتریان لە کەرکوک. هەردووکیان یەکی دەزگایەکی بێتەلیان پێیە لەگەڵ بەکارهێنی خۆیان بۆ دابینکردنی هاوکاریی لەگەڵ کەرتە سوپاییەکانی ئێمەدا.

سەعات ١٤:٠٠

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دوژمن بۆ لەناو بردنی شۆڕشی کورد، ناوچەی بارزان و گرتن یان کوشتنی مەلا مستەفا بارزانی بوو. لەبەر ئەوە قورسایی هێرشە سەرەکییەکانی خستە سەر ناوچەی بارزان و بۆ ئەو مەبەستەش لەو تاکتیکە کەڵکیوەردەگرت کە بەرەکانی بە شەڕی ئاساییەوە خەریک دەکرد و قورسایی هێرشەکەی دەخستە سەر خاڵێکی دیارییکراو کە بارزان بوو. لەو تاکتیکەیدا بۆ گەیشتن بۆ بارزان دوو بەرەی

ئـاکرێ و پیرسـی هەڵبژاردبـوو کە فیـرقەی یەکەم بە فەرمانـدەیی عەمیـد ڕوکـن عەبـدولکەریم فەرحـان و فیـرقەی دووەم بە فەرمانـدەیی عەمید ڕوکن ئیبـراهیم فەیسـەڵ ئەنساری لە بەرەی مێرگەسورەوە هێرشی کردە سەر بارزان.

ڕژێمـی بەعـس ئەو پلانەی لـەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی سـالح مەهـدی عەممـاش وەزیـری بەرگریـی و تـاهیر یەحیـا سـەرۆکی ئەرکانی سوپادا بەڕێوە دەبرد و عەبدولسەلام عارفیش ناوبەناو سەردانی بەرەکانی شەڕی دەکرد. هەروەها ئەو شەڕانە لەلایەن یەکەکانی تۆپخانە و هێـزی ئاسمانیی بە فەرمانـدەیی عەقیدی ڕوکـن عـارف عەبـوود ڕەزاق پشـتیوانی دەکـران. شـێوازی بەڕێوەچوونی شەڕ لەو دوو بەرەیەدا بەم جۆرە بوو:

**بەرەی سـەری ئـاکرێ:** بۆ ئەوەی کە دوژمـن بـارزان داگیـر بکـات، جگەلە داگیرکردنـی زنجیرە چیای سـەری ئـاکرێ چارەیەکی تـری نەبوو. بە داگیرکردنـی سـەری ئـاکرێ، داگیرکردنـی دۆڵـی نەهلـە و زنجیرە چیای پیرس و شارەدێی "بلـە"ی بۆ ئاسان دەبۆوە. بـارزانی بەرگریـی کردنـی ئەو بەرەیەی بە مەلا شـنی قرتـاس بێـداروونی سپارد و هەریەک لە عومەر ئاغا دۆلۆمەری، حادی حسکۆ، غەزالـی میرخان ژاژۆکی و حەسۆ میرخان ژاژۆکی کرد بە سەرقۆڵ و جێگری مەلا شـینی. ئەو پێـنج فەرمانـدەیە پێشـتر لەگەڵ بـارزانی لە سۆڤیەت مەشقی سەربازییان پێکرابوو.

شـەوی ١٤- ١٩٦٣/٦/١٥، دوژمـن سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەی بە خەسـتی تۆپبـاران کـرد و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١٥ بە چەنـد فـڕۆکە لە ناوچەکەیدا و دوو لیـوای پیـادە و هێزێکـی پشـتیوانی کە لە پێـنج هەزار جاش پێکهاتبوو، بۆ داگیرکردنی زنجیرە چیای سەری ئـاکرێ بەڕێخسـت، بەڵام ئەو هێـزانە بەدانـی کـوژراو و بریـندارێکی زۆر پاشەکشەیان کرد. دوژمن سەرلەنوێ بە هێزێکیتر و لەژێر ئـاگری

تۆپخانەدا هاتە پێشەوە و ئەم جارەیان توانی لوتکەی ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکە بگرێت و پێشمەرگەکان بەهۆی تەواوکردنی فیشەک پاشەکشەیان کرد. بارزانی بڕیاریدا زنجیرە چیای پیرس بکاتە هێڵی بەرگریی. لەو شەڕانەدا پێنج پێشمەرگە شەهید و حەڤدە پێشمەرگەش بریندار بوون. زیانی دوژمنیش بریتی بوو لە کوژرانی ٢٣ جاش و ٣٧ جاشی بریندار. لەگەڵ کوژرانی ٩٦ چەکداری سوپا و ١٢٣ چەکداریش بریندار کە لاشەی کوژراوەکانی لە مەیدانی شەڕدا بەجێمابوون.

گوتم بارزانی چیای پیرسی کردە هێڵی بەرگری. بۆ ئەو مەبەستە عەقید عەبدولکافی نەبەوی کردە جێنشینی خۆی و عەبدوڵائاغای پشدەری بە یاریدەدەری و بەرەی سپیلک و گەلی عەلی بەگی بەوانە سپارد و فەرمانیدا ئەو بەرەیە بکەن بە هێڵی داکۆکی. بارزانی لە سەرچاوەکانی حکومەتەوە زانیاریی پێگەیشتبوو کە یەکەکانی سەربە فیرقەی دووەم خۆیان ئامادە دەکەن کە هێرش بکەنە سەر ناوچەی مێرگەسور کە هێڵێکی زۆر پڕ مەترسی بوو بۆ پێشمەرگە. لەبەر ئەوە شەوی ١٨- ١٩٦٣/٦/١٩ هێزەکانی لە نزیکی بلە لە زاب پەڕاندەوە. ئەو هێزە لە سەروی گوندی "سەفتی" کە دەکەوێتە داوێنی باکوری چیای پیرس، لەلایەن چوار فڕۆکەوە بۆمباران کرا، بەڵام زیان بە پێشمەرگەکان نەگەیشت.

بارزانی لەوێ هێزێکی پێشمەرگەی بە فەرماندەیی عومەر ئاغای دۆلۆمەری نارد بۆ ناوچەی شووش لە ڕۆژئاوای چیای ئاکرێ کە لە دواوە لە دوژمن بدەن و هێزێکیشی بە فەرماندەیی، حادی حسکۆی ڕەوانەی سەری "سادە" لە ژوور گەلی زەنتە کرد بۆ لێدانی دوژمن لە ڕۆژئاواوە کە هەڕەشە لە ڕێگای هاتوچۆ بکەن و گوشار بخەنە سەر هێزەکانی سوپا لە چیای پیرس. هەروەها عەقید عەبدولکافی نەبەوی بەرەی سپیلک گوشار بخەنە سەر لیوای سێ لە ناوچەی خەلیفان کە لە گەمارۆی پێشمەرگەکاندا بوو.

**بەرەی پیـرس:** ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٥ چەکـدارەکانی فیـرقەی یەک و لیوای چواری فیرقەی دووەم و پتر لە دە هەزار جاش بە پشتیوانیی دوو یەکەی تۆپخـانە و چـوار فـڕۆکەی بۆمبهـاوێژ لە نـاحیەی "دینارتە"وە هێرشیان کردە سەر زنجیرە چیای پیرس. سەرەتا بە تۆپ و دواتر بە بۆمبارانی فڕۆکە ناوچەکەیان لە ئاگردا نوقم کرد. لەو دۆخە پـڕلە مەترسـییەدا پێشـمەرگەکان سـەرەڕای کەمیـی فیشەک و خۆراک، بە ورەیەکی بەهێز لە سەنگەرەکانیاندا مانەوە و سـەرئەنجام ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٦ دوژمنیـان شـکاند و پاشەکشـەیان پێکرد.

بە دوای ئەو شـکانەیدا، دوژمـن دوو نـاوچەی "نـزار" لە داوێنـی پیـرس لە بـاکور و "بەڕۆژ" لە داوێنـی چیـای شـیرین لە باشـوری بەتونـدی بۆمبـاران کـرد و دەسـتی لە ئـاژەڵ و کـێڵگە و دێـبەر و خەڵکـی ئاسـایی نەپاراسـت. ئەو هێـزەی پێشـمەرگە کە بە فەرمانـدەیی عـومەر ئاغـای دۆڵـۆمەریی لە نـاوچەی "شـووش" و "شـەرمن" بـوو، هێرشـی بـۆ کـرا، بەڵام هێرشـکەران شـکان و بە پەشـۆکاوی پاشەکشـەیان کـرد. تەنـانەت زۆری نەمـابوو کە پێشـمەرگەکان عەقیـدی ڕوکـن سـەعب حەردان فەرمانـدەی سـوپای هێرشکەران بەدیل بگرن، بەڵام بەهۆی برینداربوونی عـومەر ئاغا، سەعب حەردان ڕزگاری بوو.

بە گواستنەوەی عومەر ئاغا بۆ پشت بەرەی شەڕ بۆ تیمار کردنی، هورمز مەلەک چەکۆ جێی عومەر ئاغای گرتەوە و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٧ توانی هێرشی دووەمی دوژمن تێکبشکێنێ. لەو شکانەیدا دوژمن ١٢ لاشەی لە مەیدانی شەڕدا بەجێهێشت، بەڵام بە گـوێرەی بروسکەی ژمـارە ١٠٤٥ی ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٨ی دوژمـن کە کەوتە دەسـت پێشـمەرگەکان و مەسـعود بـارزانی لە لاپەڕەی ١٣١ی کتێبـی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگـی سێیەم، بەشی

یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا بڵاوی کردۆتەوە، دوژمن ٢٧ چەکداری لێ کوژراوە و ٥١ چەکداریشی بریندار بووە و لە جاشەکانیش لاشەی ١٠ جاش لە جێیەک و ١٥ جاشیش لە باسکی چەپی لوتکەی چیای پیرس دۆزرایەوە.

شایانی باسە، دوژمن بە دوای ئەو شکانەیدا، چاوپۆشی لە هێرشی زەمینی کرد و هەموو هەوڵەکانی لە بۆمبارانی هەواییدا چڕ کردەوە و زیانێکی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە گەیاند.

هاوکات لەگەڵ ئەو هێرش و پەلامارانە، ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٥ هێزێکی حکومەت بە فەرماندەیی عەقید سەعید حەمۆ، بە یارمەتی هێزێکی پشتیوان کە لە هەزار جاش پێکهاتبوو، لەژێر ئاگری تۆپخانە و زرێپۆشدا ویستی چیای هەیبەت سوڵتان لە ڕۆژهەلاتی کۆیە داگیر بکات. پێشمەرگەکانی پارتی کە لە دوو خاڵی تەقتەق لەنێوان کەرکوک و کۆیە و دێگەڵە لەنێوان هەولێر و کۆیە بوون و عومەر مستەفا دەبابە فەرماندەیی دەکردن لەگەڵ هێزێکی پشتیوان بە فەرماندەیی عەبدولائاغای پشدەری پێشیان بە هێزەکانی سوپا و جاش گرت و لە شەڕێکی سەختدا کە تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو، دوژمنیان شکاند و ناچاریان کرد پاشەکشە بکات. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک شەهید و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون کە عەبدولا ئاغا یەکێک لە بریندارەکان بوو.

دوژمن لە شکانی هێزەکانی نەپرینگایەوە و بەشێک لەو هێزانەی کە فیرقەی دووەمیان پێکهێنابوو، بە دوای کشانەوەی پێشمەرگەکان لە هەیبەت سوڵتان لەگەڵ ئەو هێزانە کەوتن کە ئەرکی داگیرکردنی ناوچەی بارزانیان پێسپێردرابوو و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٩ بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری هێرشیانکردە سەر دەربەندی کۆڕێ و پاشەکشەیان بە

پێشمەرگەکان کرد بۆ بەرزاییەکانی "میراوە" لە پشت شەقڵاوە، بەڵام لەوێش دوژمن تێپەڕی و چونکە پێشمەرگەکان نەیاندەتوانی هێڵی بەرگری لە دەشتی هەریر دابنێن، دوژمن گەیشتە دەوری بەرزاییەکانی سپیلک کە عەقیدی ڕوکن عەبدولکافی نەبەوی، بە یارمەتی هەشت لقی پێشمەرگەی ئازا و قاڵبوو لە شەڕەکاندا بەشێوەی خوارەوە بەرگرییان لێدەکرد.

لقی یەک بە فەرماندەیی کەکۆ مێرگەسوری، لقی دوو بە فەرماندەیی حاجی بێرۆخی، لقی سێ بە فەرماندەیی مستەفا نێروەیی، لقی چوار بە فەرماندەیی عەریف یاسین، لقی پێنج بە فەرماندەیی ئەمین حاجی محەمەد هۆستانی ناسراو بە مەلا ئەمین بارزانی، لقی شەش بە فەرماندەیی حەمە زیاد، لقی حەوت بە فەرماندەیی عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی و لقی هەشت بە فەرماندەیی حەمید بیری.

لەو بەرەیەدا بەهۆی هەڵەی یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بەناوی مقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی کە لقێکی بە فەرماندەیی سلێمان شاوالی شانەدەریی ناردبوو بۆ گوندی "بەردین" و ئارایشی هێزەکانی پێشمەرگەی لەگەڵ هێزەکانی عەبدولکافی نەبەوی تێکدابوو، هەروەها خیانەتی حوسێن ئاغای سورچی کە یارمەتی کرد لیوای سێی سوپای عێراق لە خەلیفان و باڵەکیان خواردنیان بۆ بچێ و خۆیان لە گەمارۆی پێشمەرگەکان ڕزگار بکەن، دوژمن توانی ڕۆژی ١٦-١٩٦٣/٦/١٧ بە هاوکاریی جاشەکانی سەربە حوسێن سورچی و عومەر سورچی، برای زنجیرە چیای سپیلک و گەلی عەلی بەگ و کۆڕەک لەدەست پێشمەرگەکان دەربهێنن و بەوەش سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بخەن و ڕێگا بۆ ئەو هێزە خۆش بکەن کە ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٢٩ بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری بەرەو سپیلک دەهاتن.

ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٣١ فیـــرقەی یەکەم بە هاوکـــاریی جاشـــەکانی زێبـاری، سـورچی، گـۆران، هەرکـی، شـەرەفانی، ئێـزدی، کـۆچەر و بەروارییـی و لـەژێـر ئـاگری فـڕۆکە و تۆپخـانەدا، لە چیـای پیـرس دابەزین و بەرەو بارزان هاتنە پێشەوە. پاش شەڕێکی قورس کە ٦ پێشـمەرگەی تێدا شـەهید و ٢٧ پێشـمەرگەش برینـداربوون، دوژمـن تـوانی گوشـار بخـاتە سـەر بارەگـای بـارزانی لـە "گەلـی دەلاش" و زۆری نەمـابوو کە داگیـری بکـات و تەنیـا ١٥ پێشـمەرگەی لەگەڵ مابوو.

پێشمەرگەکان لە پاشەکشەدا بوون، بەڵام بـارزانی لەجێی خۆی نەجولا. دوژمن لە بارەگای بارزانی تێپەڕی و لەژێر چەتری چەند هێلیکـۆپتەردا هێزەکـانی لە زێ پەڕانـدەوە و ئەمـبەر و ئەوبەری زێـی بە جاشـەکان قـایم کـرد و بەرەو "بـلە" چـووە پێشـەوە. دوای تـاریکبوونی هەوا، بـارزانی لە ڕووبەڕووی ڕێـزان بە کەڵەک لە زێ پەڕییەوە و لەکاتێکدا کەمتـر لە دوو کیلـۆمەتر لەگەڵ هێزەکـانی دوژمن مەودای هەبوو، گەیشتەوە پێشمەرگەکان. وورەی پێشـمەرکان بە تەواوی دابەزیبـوو، هەریەکەیـان لە جێـیەک کەوتبـوون، یـان خەریکـی هەڵکەنـدنی قەبـر و گواسـتنەوەی برینـدارەکان بـوون بـۆ ئەشکەوتێک کە دوکتۆر مەحمود عوسمان بنکەی تیمـار کردنـی لـێ دانـابوو. لەم بـارەیەوە دوکتـۆر مەحمـود عوسـمان لە وتـووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (سـاڵی ١٩٦٣ ئـێمە لە نـاوچەی بـارزان بـووین. چـونکە مەلا مستەفا لـەوێ بـوو، حکـومەت هەمـوو گوشارەکانی خـۆی خسـتبووە سـەر ئەو نـاوچەیە و شـەڕی قـورس لـەوێ بـوو. هەر لە سـپیلکەوە بگرە تا دەگاتە ناوچەی بارزان شەڕ بوو. حکومەت بەو هیـوایەوە بوو لـەوێوە کۆتایی بە شۆڕشی کورد بهێنێت. شەهید و بریندارێکی زۆرمان هەبوو. منیش لـەوێ بووم، خەستەخانـەیەکی سـەفەرییمان لە ئەشـــکەوت دانـــابوو، لەو ســـاڵەدا حەوت ئەشـــکەوتمان لە

دەوروبەری چیای شیرین و پیرس گۆڕی. لەگەڵ ڕۆیشتنی شەڕەکە بۆ دواوە و هاتنە پێشەوەی ئەوان، ئێمە ئەشکەوتمان دەگۆڕی. بە تەیارە لێیاندەداین و بەردەوام تۆپبارانیان دەکردین. سەدان شەهیدمان هەبوو لەگەڵ نزیکەی ٣٥٠ بریندار کە بەبێ بەنج و سڕکردن دەرمانمان دەکردن. وەزعەکە زۆر ناخۆش بوو. بەکورتی دوژمن دەیزانی بارزانی لەوێیە و کورد گوتەنی دەیویست لەوێ سەری مارەکە پان بکاتەوە.)

بارزانی زانیاریی بەدست کەوتبوو کە ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٤ دوژمن پەلاماری بارزان دەدات. پێشمەرگەکان بڵاوببوونەوە و بارزانی بەو ١٥ پێشمەرگەیەی کە لەگەڵی بوون، نەیدەتوانی بەرگریی لە بارزان بکات. ڕۆژێکی سەخت و زۆر دژوار و یەکێک لە ڕۆژە هەرە ڕەشەکانی ژیانی پێشمەرگە بوو لە ناوچەکەدا. لەو دۆخە نالەبارەدا، بە وتەی مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٣٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا، بارزانی ڕووی لە پێشمەرگەکان کرد و پێی گوتن:

- (وا من دەڕۆم بۆ داکۆکی، کێ دەیەوێ لەگەڵم بێ، بابێ.)

ئەمەی گوت و ڕێی داگرت کە حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسوریی هەستایە سەرپێ و گوتی:

- (ئەز قوربانی تەمە. ناهێڵم تۆ تەنیا بچی. ڕەنگە لەم کۆمەڵەدا کەسانێک هەبن دووت بکەون. ئێمە پەیمانت دەدەینێ دوژمن هەرچەندە زۆر و زاڵ بێ، ئەم شەڕە هەر دەکەین و دەیکەین. ئەگەر پیویستیشی کرد ناهێڵین بەسەر لاشەماندا نەبێ، تێپەڕێ.)

بەدوای حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسورییدا هەریەک لە پێشمەرگە و سەر لقەکانی وەک: شیت سەرکیر، حادی حسکۆ، ئەحمەد حاجی تاتکی، مەحمود شڤان شانەدەری، عەلی سلێمان

هۆستانی و مستەفا ئەحمەد هۆستانی هەستانە سەرپێ و گوتیان خۆمان و تاقمەکەمان لەگەڵتین.

بارزانی بەو پێشمەرگە ئازا و بە جەرگانە، هێڵێکی بەرگریی لە بەرزاییەکانی نێوان بلە و بارزان کە پێیدەگوترێ "ملە" دانا. ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٤ دوژمن سەرەتا ناوچەکەی بە توندی بۆمباران کرد، بە چەشنێک هەموو چیاکان لە ئاگردا دەسوتان و دوای ئەوە کە پێیوابوو کەس لە ناوچەکەدا نەماوە، بەڕێکەوت بارزان داگیر بکات کە تەنانەت یەک خانووبەرەی نەمابوو کە مرۆڤ تێیدا بژی، بەڵام گرتنی بارزان بۆ دوژمن قەڵای سەرکەوتن بوو.

دوژمن لە پێشڕەوییدا بوو کە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە گوللەی بەسەردا باری و پێشمەرگەکان نەیانهێشت لە جێی خۆیان ببزون و بۆ ماوەی دە کاتژمێر بەرنگاریان بوونەوە، تا بەرە بەرە دوژمن پاشەکشەی کرد، بە چەشنێک لە بلەش خۆیان ڕانەگرت و تا گوندی ڕێزان کشانەوە و لاشەی چل لە چەکدارەکانی بەجێهێشت. لەو شەڕەدا، بە داخەوە دوو لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بەناوی




حوسێن محەمەد ئاغا مێرگەسوریی و شیت سەرکیر و دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی سەعید تاجەدین سەرکیر و ئەحمەد شێخ زادە زێوکی شەهید بوون.

دوژمن بۆ شاردنەوەی ئەو شکستەی و ڕێگرتن لە دابەزینی ورەی ئەندامانی سوپاکەی لە ڕادیۆ بڵاویکردەوە کە سەربزێوەکانی شکاندوە و گوندی بارزانی گرتووە. ئەو درۆیەی نەک دوژمنانی گەلی کورد، بەڵکوو کۆمەڵێک لە بەناو دڵسۆزانی کوردییشی

خۆشحاڵ کرد کە بەهۆی دووبەرەیی لە بۆچووندا، دەیانویست مەلا مستەفا نەمێنێ، هەرچەندە بە شکانی بارزانی، شۆڕشیش هەرەس بێنێت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە پەڕاگرافی ١٧ی، لاپەڕەی ١٣٩ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (کە ئیبرایم ئەحمەد هەواڵی گرتنی بارزانی لە ڕادیۆی حکومەت گوێ لێبوو، بە حوزووری سەلیم فەخری، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان، دارا تۆفیق و کەسانێکی تر بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "دەبا بیخوا." مەبەستی لە بارزانی بوو. ئەمە بۆ دەربرینی خۆشحاڵی بوو بەو شکستە درۆینەی کە ڕادیۆ بڵاویکردەوە.)

لە ڕاستیدا حکومەت بە تۆپ و بۆمبارانی فڕۆکەکان گوندی بارزانی کاول کردبوو، هیچ خانوویەکی نەمابوو، بەڵام پێشمەرگەکان بەڵێنی خۆیان بردەسەر و بە ورەیەکی بەرز بەسەر دوژمندا زاڵبوون. دوژمن ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٦ دەوروبەری پردی ڕێزانی بۆمباران کرد و لە پردەکە پەڕییەوە کە کەوتە کەمینی ئەو پێشمەرگانەوە کە عوزێر دۆڵۆمەریی و عومەرئاغای دۆڵۆمەریی سەرکردە و حالی دۆڵۆمەریی یاریدەدربوو، لە ئاکامدا دوژمن ڕایکرد و ٣٦ کەلاکی کوژراوەکانی لەوێ بەجێهێشت و خەڵک ١٤ کەلاکی دوژمنیشی لە ئاودا گرتەوە. دوژمن بەو شکانانەی بەتەواوی ورەی دابەزی. ڕۆژی ١٩٦٣/٨/١٣ هێزەکانی بەرەو چیای پیران کشاندەوە و ڕۆژی ١٩٦٣/٨/١٨ دوو فڕۆکەی جۆری "ئیلیووشن" چوار بۆمبی ٥٠٠ کیلۆییان لە گوندی "لێڕەبیر" دا کە بارەگای بارزانی لێبوو. یەکێک لەو بۆمبانە لە نزیک بارزانی و مەسعود بارزانی کەوت، بەڵام نەتەقییەوە. دوژمن هەتا ئەو ڕۆژە بە تۆپ و بۆمبارانی فڕۆکەکانی درێژەی بەشەڕدا، بەڵام ئیتر پشووی لێبڕا.

سەعید حەمۆ فەرماندەی لیوای پێنجەمی سوپای عێراق لە کتێبی یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ شەڕی ڕۆژی ١٩٦٣/٩/١٧ دەکات کە ١٢٠ کەلاکی کوژراوەکانی دوژمن کەوتە دەست پێشمەرگەکان و دەڵێت:

**- (ئەگەر پێشمەرگەکان خۆیان بە گرتنی دیلەوە خەریک بکردایە، عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری فەرماندەی فیرقەی دووەم و فەرماندەی لیوایان دەگرت، بەڵام پێشمەرگەکان خۆیان لە گرتنی دیل دەپاراست.)**

هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەو کۆمەڵە شەڕ و پێکدادانە لە ناوچەی بارزان و ئەو زەبرەی کە دوژمن لە بلە و ڕێزان لێیکەوت، مۆڵگەیەکی لە تەختایی سەر چیای پیرس و دەروبەری گوندی "بیرەکەپران" دانا کە جێی لیوایەک و نزیکەی دوو هەزار جاش دەبووە. دەوری مۆڵگەکەی بە چاندنی مین و تێلدڕک قایم کرد و هێزە زیادەکەی بۆ ئامێدی، دهۆک و زاخۆ گواستەوە کە لەگەڵ لیوایەک یەکتر بگرنەوە کە لە سوپای سوریاوە بۆ پشتیوانیی سوپای عێراق هاتبوو. بەدوای یەکگرتنەوەی ئەو هێزانە، دوژمن ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٢٠ پەلاماری چیای مەتینیدا و داگیری کرد.



بەهۆی ستراتیژیی بوونی چیاکە، فەرماندە و پێشمەرگەکان کۆبوونەوە کە پلانێک بۆ گرتنەوەی چیای مەتین دابڕێژن. نزیکەی ٤٠٠ پێشمەرگەی فیدایی بەڵێنیاندا کە چیای مەتین ئازاد بکەن. بەو پلانەی کە فەرماندەکانی پێشمەرگە دایانڕشت، شەوی

٤- ١٩٦٣/١٠/٥ لقەکانی پێشمەرگە بە فەرماندەیی عیسا سوار هەڵمەتیان بردە سەر چیای مەتین و دوای شەڕێکی سەخت کە ئەنجامەکەی گەیشتە شەڕی خەنجەر و نێزە، پێشمەرگەکان چیای مەتینیان لە دوژمن پاککردەوە و سوپای عێراق و ئەو لیوا داگیرکەرەی سورییان شکاند و پاشماوەی لەشکری شکاوی سوریایان ناچار کرد بەرەو سوریا بکشێتەوە.

لەو شەڕەدا، دوژمن ١١٣ کەلاکی کوژراوەکانی لە مەیدانی شەڕدا بەجێهێشت لەگەڵ دوو تۆپی ٧٥ میلم چیایی و ٤٠٠ تفەنگ و ١٥ شەستتیر و ژمارەیەکی زۆر فیشەک و کەلوپەلی سەربازیی. هەروەها ٣٨ پێشمەرگە شەهید و ٧٨ پێشمەرگەش بریندار بوون. بە دوای ئەو شەڕەدا پێشمەرگەکان ورەیان زیاتر بەرز بۆوە. لەم بارەیەوە دەرویش یوسف ڕەشید نێعمەت سندی ناسراو بە عەریف دەرویش لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (ئێمە لەسەر زنجیرە چیای مەتین لە ڕۆژهەڵاتی زاخۆ بووین کە دوژمن لە پێنج بەرەوە: ئامێدی، ڕاستەی بامەڕنی لە پشت مەتار، قەڵای شێخۆ، گوندی ئەدنا و بە ڕێی گوندی قەدشێدا هێرشی بۆ کردین. بەرلە هێرش بە تەیارە و خۆمپارەی ١٢٠ ملیم و تۆپی دوورهاوێژ لێیاندایین. من و سەعید عەبوش سلیڤانا، عەلی عەلی سێڤدین و حاجی قادر گڕاوی ئامر بەتالیۆن بووین. ئێمە بەهۆی قایم بوونی شوێنەکەمان تا ماوەیەک تاقەتمان هێنا، بەڵام دواتر پاشەکشەمان کرد. هێشتا دوژمن خۆی قایم نەکردبوو کە بە دژە هێرشێک سەرلەنوێ چیاکەمان گرتەوە. شەڕی مەتینا ٤٨ ڕۆژی خایاند و پتر لە ١٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران. عەلی خەلیل و سەعید خەلیل فەرماندەمان بوون و عیسا سوار فەرماندەی گشتی هەمووومان بوو. لەو شەڕەدا هەموو عەشیرەتەکانی سندی، گولی، دۆسکی، سلیڤانا هاتن و دژی دوژمن بەشداریی شەڕەکەیان کرد.)

شایانی باسە ئیدریس، مەسعود، لوقمان و سابیر و هەموو بنەماڵەی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا لەو شەڕانەدا بوون و شاخ و ئەشکەوت و چڕیی ناوچەکە لە بۆمبارانی فڕۆکەکان ڕزگاری کردن.

## ڕاوەستانی شەڕ و وتووێژی دووبارە

شکانی سوپای دوژمن لە بارزان، بلە، ڕێزان و دواتریش لە چیای مەتین، دۆخی سوپا و حاکمانی حیزبی بەعسی بەتەواوی شپرزە کرد. هەرچەندە گوشاری زۆریان خستەسەر ناوچەی پێشمەرگەکان و بە دەیان خەڵکی ئاسایییان شەهید کرد، بەڵام پێشمەرگە بە زەبری کوشەندەی نەچاری کردن واز لە بیری داگیرکردنی ئەو بەشەی کوردستان بێنن کە بارزانی فەرماندەیی دەکرد، لەبەر ئەوە عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری فەرماندەی فیرقەی دووەمی سوپای عێراق داوای بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەکانی لە تاهیر یەحیا سەرۆکی ئەرکانی سوپا کرد. تاهیر یەحیا وەڵامی ئەرێنی بە خواستی ئەنسارییی دایەوە و ئەویش ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٢٢ نامەیەکی بە ئەسعەد شێتنەدا ئاراستەی شێخ ئەحمەد کرد و لەودا داوای کرد کە وەفدێک بۆ گفتوگۆ بنێرنە لای فەرماندەی فیرقەی دووەم و لە پارێزگای هەولێر گفتوگۆ بکەن. شێخ ئەحمەد داخوازی ئەنسارییی خستە بەر ڕای مەلا مستەفا و هەردووکیان بەگوێرەی ئەو دۆخە نالەبارەی کە بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا هاتبوو، بە مەسڵەحەتیان زانی وەڵامی ئەرێنی بە ئەنساری بدەنەوە.

ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٢٣ شێخ ئەحمەد بەو نامەیەی خوارەوە، وەڵامی ئەنساری دایەوە. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ١٤٦- ١٤٧ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" دا دەقی نامەی شێخ ئەحمەدی بەشێوەی خوارەوە بڵاوکردۆتەوە:

بۆ جەنابی سەرکردەی فیرقەی دوو

پاش پێشکێشکردنی سەلام و حورمەت

نامەکەتانمان پێگەیشت، ئێمە سوپاستان دەکەین لەسەر ئەم بۆچوونەتان. ئێوە دەزانن ئێمە لە ئەسڵدا دەستپێکەری شەڕ نەبووین، بگرە ئێوە بوون هێرشتان هێنایە سەر گوندەکانی ئێمە وماڵتان سوتاندین و ژن و منداڵتان کوشتین. گوللە تۆپ و بۆمبای باڵەفڕەکانتان شەو ڕۆژ بەسەرماندا دادەوەرێ، بۆیە پێویست بوو لەسەرمان داکۆکی لەخۆمان بکەین. ئێمە شەڕ دەوەستێنین بە مەرجێ ئێوەش لای خۆتانەوە شەڕ بوەستێنن و هەموو هێزەکانتان لە خاکی ئێمە بکشێننەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وا لەگەڵ ئەم نامەیەمدا شێخ سلێمانی برازام و هەردوو کوڕەکەم محەمەد خالید و نەزیر دەنێرمە لاتان. لەخوا دەپاڕێمەوە ڕێگەی ڕاستمان پێشان بدا و هەموو بەلا و مسیبەتێ لە عێراقییەکان دوور بخاتەوە.

ئیمزا شێخ ئەحمەدی بارزان

١٩٦٣/٩/٢٣

بە گەیشتنی وەفدی شێخ ئەحمەد بۆ وتوویژ بەو مەرجەی کە سوپا لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر "تشرین"ی یەکەم لە ناوچەی بارزان بکشێتەوە، ئاگربەس ڕابگەیەنن کە هێزەکانی سوپا لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەردا ناوچەی بارزانیان بەجێهێشت.

## هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ

لەوکاتانەدا کە هێزەکانی سوپا و جاش بەپشتیوانی یەکەکانی تۆپخانەو فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان گوشاریان خستبووە سەر ناوچەی بارزان و گوندەکانیان وێران دەکرد و دارستانەکانیان دەسوتاند و کێڵگەکانیان بە تۆپ و بۆمبای فڕۆکەکان دەکێڵا، بارزانی چەند بروسکەی بۆ مەکتەبی سیاسیی نارد و داوای لێکردن بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر ناوچەی بارزان کەم بکرێتەوە لە چەند خاڵێکەوە دەست لە دوژمن بوەشێنن.

ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لەلایەک بە ڕواڵەت داخوازی بارزانی بە لقەکانی پێشمەرگە ڕادەگەیاند و لەلایەکی تردا بە فەرماندەی پێشمەرگەکانی ڕادەگەیاند  کە نەجوڵێن و لە جێی خۆیان بمێنن. تەنانەت ئەو پێشمەرگانەشی کە گوێیان بۆ ڕاسپاردەکەی شل نەدەکرد، دەخستە ژێر لێپێچینەوە. نمونەی ئەو پێشمەرگانە زۆر بوون لە کوردستاندا، بەڵام مەسعود بارزانی لە پەراوێزی ٢٦ی لاپەڕەی ١٤٨ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بۆ ناوی چەند پێشمەرگە دەکات کە لە جێگەی جیاوازدا، بەبێ پێچ و پەنا ڕێگەی ئەوەیان لێگیراوە کە بەگژ دوژمندا بچن، وەک: شەهید ئیبراهیم ئەفەندی لە دەشتی هەولێر، فازڵ تاڵەبانی لە ناوچەی خانەقین و تاریق ئەحمەد لە ناوچەی شوان.

کردەوەکانی ئیبراهیم ئەحمەد و پێوەندی نزیکی بە ئێرانەوە بەهۆی سەرگورد عیسا پژمان نوێنەری ساواک، بارزانی بەو قەناعەتە گەیاندبوو کە نەکا ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ حاکمانی بەعسیش ڕێککەوتبێ کە پێشمەرگەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوە

لەگەڵ دوژمن دوور ڕادەگرێت کە ئەم بۆچوونەی بارزانی دواڕۆژ سەلمێندرا و زانرا کە شای ئێران گفتی بە ئیبراهیم ئەحمەد داوە کە ئەگەر بارزانی لەناو بچێ، لەگەڵ ڕژێمی بەعس پێکیدێنێت، بەڵام بۆچی بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی جگەلە عەلی عەسکەریی کە بەرپرسی ناوچەی پێنجوێن بوو، عومەر دەبابە کە بەشداریی شەڕی هەیبەت سوڵتانی کرد و جەلال تاڵەبانی کە لە دەرەوەی وڵات لە ئەوروپا بوو، ئەوانی تر لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد لە ماوەت پاڵیاندابۆوە و گوێیان لە ڕادیۆکانی دوژمن بوو کە بزانن کەنگێ سوپای داگیرکەر بەسەر بارزاندا زاڵ دەبێت. کەچی ڕەوتی ڕووداوەکان بە پێچەوانەی ویستی ئیبراهیم ئەحمەد سوڕانەوە و کاتێک سکرتێری حیزب بەو گۆڕانە نوێیەی زانی، کەوتە هەوڵدان کە پێوەندیی لەگەڵ بارزانی قایم بکاتەوە و ئەم بروسکەیەی خوارەوەی ئاراستەی بارزانی کرد کە بارزانی بروسکەکەی بێ وەڵام هێشتەوە:

بۆ بەڕێز مستەفا بارزانی

ژمارە ٤٤٧ مێژوو ١٩٦٣/١٠/١٠

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لەو بروسکانەی کە دەزگای بێتەلمان وەریانگرتوون، دەرکەوتووە کە حکوومەت دەستی کردووە بە کشاندنەوەی ژمارەیەک لە فەوج نیزامییەکانی بۆ کەرکووک. ئەم کشانەوەیە تێکڕا واتە کشانەوەیەکی گشتی لە ناوچەکانی بارزان. جگە لەم برووسکەیە، لەملا و لەولاشەوە دەنگوباسمان پێ دەگات لە بارەی گفتوگۆی جەنابتانەوە لەگەڵ حکوومەت. هەندێ کەسیش ئەم کشانەوەیە ئەبەستنەوە بە پێشکەوتنی گفتوگۆکەوە. لەبەر ئەمە و لەبەر ئەوەی کە ڕێی تێ ئەچێ مەبەست لەم کشانەوەی هێزانە بۆ کەرکووک بەکارهێنانیان بێت بۆ هێرش بردنێک لە

ناوچەیەکی تردا. پێویستە لەسەرمان هەر لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەم ڕێ تێچوونە، بەڵام و بۆ ئەوەی بە تەواوی لەم جوڵانەوە نوێیەی حکوومەت تێ بگەین، تکایە ئاگادارمان بکەن لەو گۆڕان و بەرەوپێش چوونەی بەسەر گفتوگۆکەدا هاتووە ئەگەر ڕاستە و هەیە. هیوای سەرکەوتنمان بۆتان هەیە لە پێناوی کوردستاندا. ئیتر بۆ پێشەوە. تکایە وەڵاممان بدەنەوە.

مەکتەبی سیاسی

هەروەکوو گوتم بارزانی ئەم بروسکەیەی پشتگوێ خست و وەڵامی نەدایەوە و بە دوای ئەوەشدا چەندان ڕاپۆرت لە کادیرەکانی پارتی بە بارزانی گەیشت کە هەموویان باسیان لە ناپاکی ئیبراهیم ئەحمەد سەبارەت بە بارزانی و بەستراوەیی ئەو بە ئێرانەوە دەکرد. لەم بارەیەدا حەبیب محەمەد کەریم لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (کێشەکەی لەگەڵ بارزانی لە سەرەتادا زیاتر کێشەیەکەی شەخسی بوو، ئەوکاتە شتێکی گرنگیان لەنێواندا نەبوو، تا سەرئەنجام ئیبراهیم کەوتە لایەنی دژبە خەتی بارزانی و لەگەڵ ئێران کەوت. کێشەی سیاسی لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەدو مەلا مستەفا زیاتر لەسەر بەستراوەیی ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە ئێران و بارزانی دژی ئێران بوو. بە کورتی بە ئەمری ئێران دەجوڵاوە کە ئەوەش لای بارزانی مەمنوع بوو.)

هاوکات لەگەڵ بەجێهێشتنی ناوچەی بارزان، دوژمن ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١ بە دوو لیوای سێ و پێنج هێرشی کردە سەر بەرەی چەمی ڕێزان لە نێوان کەرکوک و سلێمانی. بەهۆی تەخت بوونی ناوچەکە دوژمن توانی لەو هێرشەیدا لە تانک و زرێپۆش کەڵکوەرگرێت. پێشمەرگەکان بە لەخۆبووردوویی توانیان بۆ

ماوەیەک لە بەرامبەر دوژمندا خۆ ڕابگرن و دواتر شوێنەکە بەجێهێڵن و پاشەکشە بکەن.

# گەڵاڵە دەبێت بە بارەگای گشتیی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان

بە کشانەوەی هێزەکانی ڕژێم لە ناوچەی بارزان، ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٠ بارزانی ناوچەی بارزانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ناوچەی باڵەک. ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٣ کە خەریکبوو دەگەیشتە گوندی "گەزنە" لە لایەن عەقید عەبدلکافی نەبەویی و فەرەنسۆ هەریرییەوە پێشوازی کرا و ئەو دوو بەرپرسانە ڕاپۆرتێکیان سەبارەت بە دۆخی ناوچەکەو ئەو سەرکەوتنانەی کە پێشمەرگەکان بەدەستیان هێنابوو، ئاراستەی بارزانیی کرد. گوتیان پێشمەرگە چیای هەندرێن، زۆزک و حەسەن بەگیان پاککردۆتەوە و جەنگاوەرانی ناوچەی باڵەک و هێزێکی سرێشمە بە فەرماندەیی مەجید ئەحمەد شاباز و هێزەکانی عیزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی و چەند پەلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بە فەرماندەیی مولازم خدر و فاخر حەمەدئاغای مێرگەسوری هاوکارییان کردون کە بارزانی دەستخۆشیی لێکردن.

بارزانی چەند ڕۆژ لە گوندی گەزنە و "گرتک" میوانی مەلا وەیسی گرتکی بوو. پاشان چوو بۆ گەڵاڵە و ئەو ناوچەیەی بە بارەگای گشتیی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵبژارد. مەسعود بارزانی کە یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی هاوڕێی بارزانی، لە لاپەڕەی ١٥١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- (هەرکە گەیشتینە دەوروبەری گوندی "داروسەلام" محەمەد نەجیب بەرواریمان پێگەیشت و ئاگاداری کردین لە بەغدا کودەتا ڕوویداوە. ئەوە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا بوو.)**

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئامـاژەم بـۆ دڕنـدەیی ڕژێمـی بەعس لە کوردسـتاندا و بەتـایبەتی لە نـاوچەی بـارزان کـرد. ئەو ڕژێـمە هەزاران کەسی کردە قوربـانیی و سەدان میلیۆن دینـاری زیان بە ئابووریی عێراق و کوردستان گەیاند و دەیویست بە شەڕ و مرۆڤ کوشتن درێژە بە ژیـان و پێشێلکارییەکانی بدات و بەم ڕێگـایەوە کێشەکانی چارەسەر بکات کە نەیتوانی.

بارودۆخی پێکهاتوو بەهۆی شەڕ لە کوردستان و ئاژاوە لە بەغدا، پەرەی بە کێشـەی لایەنەکـانی بەشـدار لە حکـومەت وەک سـوپا، حەرەس قەومـی، حیزبـی بەعس و ناسرییەکاندا و کـاری گەیانـدە جێـیەک کە ئەم جـارە بە دژی یەکتـر بـڕژێنە نـاو شـەقامەکانی بەغـدا و خـوێنی یەکتـر بڕێـژن. لەو چوارچێـوەیەدا بەعسـییەکان کـۆنترۆڵی دۆخەکەیـان گـرتە دەسـت و کۆمەڵێکیـان لە ئەفسـەرە ناسرییەکان گرت و تاوانی کودەتایان لێدان و لەژێر ئەشکەنجەدا لەناویان بردن. دواتـر کێشـەکان کێشرایە نێو دوو بـاڵی چەپڕەو و ڕاسـتڕەوی حیزبـی بەعـس و ڕۆژی ١٩٦٣/١١/١٨ شـەڕێکی خوێنـاوی لەنێوان ئەو دوو باڵەدا ڕوویدا و لە ئەنجامدا عەبدولسـەلام عـارف و عەلی ساڵح سەعدون لە بەرەی ڕاست دەستیان بەسەر حکومەتدا گرت.

## وتوویژ و ڕێککەوتنی ڕژێمی بەعس لەگەڵ کورد

دوای هاتنی سەرۆک بارزانی بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، دەنگۆی سازانی حکومەتی عێراق لەگەڵ کورد بڵاوبۆوە. ڕژێمی بەعس کە لە تاقیکردنەوەکانی ساڵی ١٩٦٣ و دوای کودەتای ٨ی فیبرواریی شکستی خواردبوو، بیری لە چارەسەرییەکی بە ڕواڵەت ئاشتیانەی کێشەی کورد کردەوە و داوای گفتوگۆی لە بارزانی کرد. بارزانی بۆ ئەوەی شۆڕش هەناسەیەکی بێتەوەبەر و گەلی کورد هەرچەندە بۆ ماوەیەکیش بێت، بە ئارامی بژی و ئابووریی کوردستان بخرێتەوە گەڕ و پێشمەرگەش بۆ ماوەیەک بحەسێتەوە و برینەکان سارێژ بکرێن، قبوڵی کرد کە وتوویژ لەگەڵ حکومەت بکات. لەو پێوەندییەدا نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی لە مەکتەبی سیاسییەوە هاتن بۆلای بارزانی و لەگەڵی چوون بۆ ڕانیە کە بڕیاربوو وتوویژەکە لەوێ بەڕێوەبچێت. دوای چەندجار پێوەندیی گرتن، ڕۆژی ١٩٦٤/١/١٩ حکومەت بە بروسکەیەک ڕایگەیاند کە ڕۆژی ١٩٦٤/١/٣٠ وەفدێک بە هێلیکۆپتەر دەنێرێتە ڕانیە. لەو ڕۆژەدا بارزانییش گەیشتە ناوچەی ڕانیە و ماڵی حەسەن کانەبی بۆ کۆبوونەوەکە دەستنیشان کرا. جەلال تاڵەبانی و چەند کەسیی تر چوون بۆ شوێنی نیشتنی هێلیکۆپتەر کە پێشوازیی لە وەفدی حکومەت بکەن. کاتژمێر ١٠:٠٠ وەفدی حکومەت گەیشتەجێ.

لەوێ شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا کە ئەویش هاتنی شێخ ئەحمەد بوو لەگەڵ وەفدی حکومەت بۆ ڕانیە. جەلال تاڵەبانی بەپەلە گەڕایەوە لای بارزانی و هاتنی شێخ ئەحمەدی پێڕاگەیاندو بارزانی دەستبەجێ هات و پێشوازیی لە شێخ ئەحمەد کرد. سەبارەت بە هاتنی شێخ ئەحمەد بۆ ڕانیە، دەرکەوت عەبدولسەلام عارف قورئانێکی بۆ شێخ ئەحمەد ناردوە و تکای

لێکردوە لەگەڵ وەفدی حکومەت بێت بۆ ڕانیە و ئەویش قبوڵی کردوە.

ئەندامانی وەفدی حکومەت بریتی بوون لە: عەمید عەبدولڕەزاق سەید مەحمود پارێزگاری سلێمانی، عەمید عەبدولعەزیز چەڵەبی فەرماندەی هێزی فائیزە، عەقید سالم فەرماندەی شوێن "موقع"ی سلێمانی و ئەندامانی وەفدی کوردییش لە نوری سدیق شاوەیس، جەلال تاڵەبانی، عەقید عەبدولکافی نەبەوی، مەسعود محەمەد و هەباسی مامەندئاغا پێکهاتبوو و بڕیاریشدرا ڕاوێژ بەو سەرۆک خێڵانە بکەن کە لە شوێنی کۆبوونەوەکە بوون.

مەبەستی حکومەت لەو وتووێژە زیاتر کڕینی کات بوو بۆ خۆڕێکخستنەوە و بارزانییش بەو فێڵەی حکومەتی دەزانی، بەڵام خەڵکی کوردستانیش کە لە بواری ئابوورییەوە زیانی زۆری پێگەیشتبوو، پێویستی بە ڕاگرتنی شەڕ و بوژانەوە هەبوو، لەبەر ئەوە بارزانی ئەو وتووێژەی وەک تاکتیک قبوڵ کرد. لەنێوان وەفدی کورد و وەفدی حکومەتدا لەسەر بڕگەی یەکەمی ڕێککەوتنەکە ناکۆکی هەبوو. هەرچی وەفدی حکومەت بوو، دەیویست بنوسرێت: (**دەوڵەت دان بە مافی هاونیشتمانەتیی کوردانـدا دەنێ**)، بەڵام وەفدی کورد خوازیاری ئەوە بوو کە بنوسرێت: (**دەوڵەت دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورداندا دەنێ.**)

وەفدی حکوومەت لە ماوەی گفتوگۆکاندا دوو جار لە ڕۆژانی ٥ و ١٩٦٤/٢/٧دا گەڕایەوە بۆ بەغدا و سەرئەنجام عەبدولسەلام عارف هاودەنگی لەگەڵ داخوازی وەفدی کوردیی کرد و کاتژمێر ١٠:٠٠ ڕۆژی ١٩٦٤/٢/١٠ ڕێککەوتن و بارزانی ڕێککەوتنامەکەی ئیمزا کرد. پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەکە، ئاگربەس ڕاگەینرا و هەریەک لە عەبدولسەلام عارف و مستەفا بارزانی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە. دەتوانن دەقی ئەم دوو بەیاننامەیەی لە لاپەڕەکانی

١٦٠ و ١٦١ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" نوسینی مەسعود بارزانیدا بخوێننەوە.

دوای ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنە، جەمال عەبدولناسر لە نامەیەکدا کە بە ئەندازیار شەوکەت ئاکرەییدا ڕەوانەی بارزانی کردبوو، خۆشحاڵیی خۆی لەو ڕێککەوتنە دەربڕیبوو. بارودۆخی کوردستان بە دوای ئاگربەسدا گۆڕا، زەرەر و زیانی جوتیاران و خەڵکی زیان لێکەوتوو قەرەبوو کرایەوە و بازاڕی کوردستان ئارامیی و بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی.

## هاتنی بنەماڵەی بارزانی بۆ گوندی دێرێ

هاوکات لەگەڵ وتوێژەکانی نێوان وەفدی کورد و ڕژێمی عێراق، بارزانی گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتی، بەسەر دەکردەوە و بنەماڵەکەی لە بارزانەوە گواستەوە بۆ ناوچەی ڕانیە و لە گوندی دێرێ لە دۆڵەڕەقەی نیشتەجێی کردن و خۆشی بۆ ماوەیەک لە ئەشکەوتی مارەلاسەی نۆڕێ بوو.

حەمایل خان و ئیدریس و منداڵەکانی بارزانی لە ماڵێکی چوارژورەی گوندی "دێرێ" جێیان گرت و بارزانی خۆی لە ئەشکەوتی مارەلاسەی سەرووی گوندی نۆڕێ. گوندی نۆڕی دەکەوێتە نێوان چیاکانی ماکۆک و بێترخێن و کێوەڕەش لە دۆڵەڕەقەی ناوچەی ڕانیە و لەگەڵ گوندی دێرێ جادەیەکیان



لەنێواندا و هەرکامیان لە سەر تەپۆڵکەیەک، لە ڕووبەڕووی یەکتر و لە بناری چیا هەڵکەوتوون.

بۆ بینینی ئەو دوو گوندانە و لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و مانەوەی بارزانی و بنەماڵەکەی دوو جار سەردانی ئەو گوندانەم کرد. جاری یەکەم، ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٢٩ لەگەڵ مامۆستا نیعمەت شەهاب و کاک کەمال محەمەدئەمین و جاری دووەم لە ٢٠١٣/٨/٢٤ لەگەڵ ڕوحەنگیز خانی هاوسەرم و منداڵەکانم لە هەولێرەوە چووم و لە نزیکەوە چاوم بەو دوو گوندانە و ماڵی بارزانی کەوت کە هەندێک بەرد و گڵی لێ ماوەتەوە. خەڵکی گوندەکان گوتیان ڕژێمی بەعس بە بۆڵدزێر ماڵی بارزانی خراپ کردوە. مام حەسەن بایز و خدری برای و پورە هەمینی هاوسەری مام حەسەن دراوسێکانی ماڵی بارزانی، لە نزیکەوە شوێنەکەیان پێشانداین و دانیشتوانی گوندەکانی دێرێ و نۆڕێ و هەروەها گوندی لێڕێ کە ئەویش لە باسکی چەپی گوندی دێرێ هەڵکەوتووە، دەربارەی ژیان و مانەوەی مەلا مستەفا و بنەماڵەکەی گوتیان:

- حاجی مەلا کاک نەبی، خەڵکی گوندی لێڕێ دەڵێت: (بەهاوی ساڵی ١٩٦٤ کە بارزانی هاتە ئێرە، ئێمە پێنج ماڵ بووین. پێنج ماڵەکەمان کردە سێ ماڵ و حاجی نەبی، حەمەدەمین مام کاک و



عومەر قادر لێی مایندەوە و دوو ماڵەکەی ترمان بۆ مەلا مستەفا دانا.)

- پورە هەمین و مام حەسەن و خدری برای مام حەسەن گوتیان: (بارزانی خۆی لە ئەشکەوتی مارەلاسەی نۆڕێ دەمایەوە و دواتر هاتە ئێرە. ئێمە نان و خواردنمان بۆ دەبردە ئەشکەوتەکە و حەمایل خان و منداڵەکانی لەم گوندەی ئێمە بوون. ئێمە کارمان بۆ دەکردن. حەمایل خان تەشی دەڕست و ژنێکی زۆر ئاسایی و دڵگیر بوو. هەموو خۆشیان دەویست. ئەو خواردنەی کە بارزانی دەیخوارد، منداڵەکانیشی هەمان خواردنیان دەخوارد و ئێمە و پێشمەرگەکانیش بە هەمان شێوە. قەسابی تایبەت بەخۆیان هەبوو، کە حەیوانیان سەر دەبڕی، گۆشت بۆ هەموو ماڵەکانی ئەم گوندە و گوندەکانی دەوروبەر دەچوو. دوای ژن هێنانی کاک ئیدریس و کاک مەسعود و وتوویژ بارزانی و حکومەت، بارزانی لێرە گواستییەوە و چوو بۆ دیلمان.)

- خەدیجە محەمەد نەبی: (بارزانی مانگێک بەرلە دەستپێکردنی وتوویژ لە ئەشکەوتی مارەلاسە بوو، کە کاک ئیدریس و کاک مەسعود و بنەماڵەی بارزانی هاتن، ئێمە نانمان بۆ دەکردن. ئەوکاتە دنیا خۆش بوو، بەبوونی بارزانی هیچ کەس نەیدەتوانی زوڵم لە خەڵک بکات و لە بواری خواردنیشەوە هەموو وەک یەک بووین. مانگێ سێ جار گۆشتیان دەداینێ.)

## هاوسەرگیری و زەماوەندی ئیدریس بارزانی

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ پێوەندییەکانی بارزانی لە سلێمانی کرد و گوتم گواستنەوەی بارزانی بۆ سلێمانی لەلایەن حکومەتەوە هەلی بۆ ڕەخساند کە لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵەی هیوا و گەورە پیاوانی سلێمانی پێوەندیی دامەزرێنێت. پێوەندیی ئەو لەگەڵ محەمەد ئاغا "حەمە ئاغای سلێمانی" دەگەڕایەوە بۆ ئەو ساڵە.

سەردەمێک باپیرە گەورەی محەمەدی عەبدولڕەحمان ئاغای، بە ناوی مەحمود ئاغای مەسرەف وەزیری مالیەی حکومەتی ئیبراهیم پاشای بابان بوو. ساڵی ١٨٢٠ مستر ڕێچ بە درێژی باس لە کەسایەتی ئەو دەکات. حەمە ئاغا خۆی بەشداریی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدی کرد و یەکێک بوو لە وەزیرانی حکومەتی شێخ مەحمود. ئەندامی حیزبی هیوا بووە. ساڵی ١٩٤٣ کە مەلا مستەفا گواسترایەوە بۆ سلێمانی، پێوەندییەکی گەرم لە نێوان بارزانی و حەمە ئاغادا دروست بوو و کاتێک مەلا مستەفا بەنهێنی سلێمانی بەجێهێشت و گەرایەوە بۆ ناوچەی بارزانی، حکومەتی عێراق حەمە ئاغا و چەند کەسی‌تری بە تاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ ڕاکردنی مەلا مستەفا دەستگیر کرد.

ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕشی ئەیلول سەریهەڵدا، داوایان لێکرد، تائیدی حکومەتی کەریم قاسم بکات، بەڵام حەمە ئاغا تائیدی نەکرد و ئەوانیش گرتیان و لە زیندنی سلێمانی ڕایانگرت. حەمە ئاغا لە زینداندا نەخۆش کەوت و حکومەت دوای سێ مانگ ئازادی کرد، کەچی ئەو نەژیا و کۆچی دوایی کرد. دوو ساڵی دوای مردنی حەمە ئاغا، هەباسی مامەند ئاغای و ئیسماعیلی سواراغای بە ڕاسپاردەی شێخ بابۆ، چوون بۆ ماڵی سەرداری حەمەئاغای و

خـوازبێنی نـازدار خانیـان بـۆ ئیـدریس بـارزانی کـرد کە ئەویـش نازدار خانی خوشکی پێشکەش بە ئیدریس بارزانی کرد.

دوای بەئەنجـام گەیشتنی کـارە سـەرەتاییەکانی هاوسـەریی، لـە پاییزی ساڵی ١٩٦٤دا، بوک لە سلێمانییەوە بۆ ئیـدریس بـارزانی هـاتە ڕانـیە و لـە گونـدی دێـرێ دابەزی. لەم بـارەیەوە کەمـال محەمەد ئەمین مەحمود دەڵێت:



- (بەرلە گواسـتنەوەی نـازدار خان بۆ کاک ئیدریس، چادرێکی دوو پـایەی گەورە و سـپیمان لـە گونـدی دێـرێ هەڵـدا. گوتیـان سـبەینێ بـووک دێـت. مـن و سلێمان حادی، ئەحمەد سەعید و محەمەد عیسا کە هەر چوارمان پاسەوانی خوالێخۆشبوو ئیـدریس بـارزانی بووین، ڕۆژێک بەرلە گەیشتنی بـووک بە دوو ئێسترەوە چووین بۆ ڕانیە. لەوێ مقەرێکمان لە خوێندنگەیەکدا هەبوو، شەو لەوێ ماینەوە و ڕۆژی دوایی بووکیان بە ئوتۆمبیل گەیاندە ڕانیە. ئێمە بەو دوو ئێسترانە بووکمان گواستەوە بۆ گوندی دێرێ. ئێسترێک بۆ بـووک و ئەوەیتریـان بـۆ دایکـی مـقەدەم عەزیـر ئـاکرەیی. سـەری ئێسـترمان گـرت، بـووک لە پێشـەوە و دایکـی مـقەدەم عەزیـز بە دوایـدا. کـاتی دابەزیـن لاقـی دایکـی مـقەدەم عەزیـز لە ڕکێفـی ئێسترەکە گیرا و کەوتە خوارەوە. نزیکە ١٠٠٠ کەس پێشمەرگە و خەڵکـی نـاوچەکە لە زەماوەنـدەکەدا بـوون. هەمـوو ئـاغـا و گەورە پیاوانی ناوچەکە بە ڕیز ڕاوەستابوون. گەردییەکان بە دوو تەبەق

شاییان دەکرد. شایی دوو تەبەق تایبەتمەندیی گەردییەکانە و تەنیا لە زەماوەندی گەورە پیاواندا بەو شێوازە شایی دەکەن و ئەو جۆرە شایی کردنە بۆ خەڵکی ناوچەکە جێی سەرسوڕمان بوو. ئەوانەی ژێرەوە لە جێی خۆیان بە شان هەڵدەپەڕین و زۆر بە ئارامی دەجوڵان و دەچوونە پێشەوە. ساڵی ١٩٦٥ بارزانی گوندی دێرێی بەجێهێشت و ئێمە چووین بۆ دیلمان.)

حاجی مەلا کاک نەبی، خەڵکی گوندی لێڕێ دەڵێت: (کە ئیدریس بارزانی هاوسەرگیری کرد، خێوەتێکی گەورەمان بۆ هەڵدا و ژوورێکیشمان بە بەرد و قوڕ بۆ مەسعود دروست کرد. هەردووی ئەوانە لە گوندی دێرێ ژنیان گواستەوە و دواتر چوون بۆ دیلمان.)

شایی کردنی چیمەن کە بە شایی دوو تەبەق دەناسرێت، بۆمن تازە بوو، لەبەر ئەوە هەوڵمدا هەندێک بەشوێن ئەو کەلتورە دێرینەی نەتەوەکەم بکەوم. دوای وەدواکەوتنێکی زۆر دوو وێنەی یەک شکڵم لەلایەن مامۆستا نیعمەت شەهاب و کاک نەوزاد شەمسەدین حوسین پێگەیشت کە هەردوویان هی ساڵی ١٩٦٤ و زەماوەندەی کاک ئیدریس بارزانی بوون. هەروەها ناو و تەلەفۆنی کەسێکم وەرگرت کە لە هەریر دەژیا و تیپی هەڵپەڕکێی گوڵانی بۆ زیندوو ڕاگرتنی شایی دووتەبەق پێکهێناوە.

ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٢٣، تەلەفۆنم بۆ کاک کازم ئەحمەد گەردی کرد و داوام لێکرد ئەگەر تەنانەت بۆ چەند خولەکێکیش بووە گروپەکەی کۆ بکاتەوە لە نزیکەوە بیانبینم. دوای دوو ڕۆژ بۆ بینینی ئەو چووم بۆ هەریر و لە فرۆکەخانەی هەریر چاوم بە کاک کازم و شازدە ئەندامی گروپەکەی کەوت کە جلوبەرگ و پێڵاوی هەموویان یەک ڕەنگ و یەک شکڵ بوو. ئەوان چەندان جۆری هەڵپەڕکێ دەزانن و لەبەر چاوی من بۆ ماوەی چەند خولەکێک هەڵپەڕین.

کازم ئەحمەد سەبارەت بە بەشدارانی هەڵپەڕکێی دوو تەبەق لە شایی کاک ئیدریس و کاک مەسعود گوتی:



- (نادر زێتی، سەلیم سەعید، فیکری یەحیاخان، عیزەت خان دەروێش ساڵی ١٩٦٤ لە زەماوەندی کاک ئیدریس دا گۆرانیان گوتووە و قەرەنی حەدۆ تووزەلەی لێداوە. ئەوانەش کە هەڵپەڕیون، پێشمەرگەکانی گەردی بوون.) کازم ئەحمەد دەربارەی خۆی و تیپی هەڵپەڕکێی گوڵان دەڵێت: (ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی زێتێ لە پشت شێروانی مەزن لە قەزای مێرگەسور لە دایکبووم. بە منداڵی لە داوەتەکاندا فێری شایی دوو تەبەق بووم و منیش ئەم برادەرانەم فێر کردوە. ساڵی ١٩٩٩ تیپی هەڵپەڕکێی گوڵانم پێکهێنا و ژمارەی ئەندامانی تیپەکەم ٢٥ کەسە کە بەتێکڕا خەڵکی گوندی زێتێی سەر بە دەڤەری بارزانن و ئێستا لە سۆران، هەریر و مەسیف سەلاحەدین نیشتەجێن. بەشداریی دوو فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیمان لە دهۆک و هەولێر کردوە. لە دهۆک، لەنێوان ٢٤ گروپاندا پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە و لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بووین بە دووەم.)



سەبارەت بە گواستنەوەی ماڵی بارزانی لە دێرێوە بۆ دیلمان، غەریب یوسف مزوری "غەریب ئاکرەیی" دەڵێت:

- (بەرەو زستان بوو کە مەلا مستەفا ماڵەکەی گواستەوە بۆ دیلمان. ئەو بۆخۆی ئەو شوێنەی دۆزیبۆوە. مانگی ٩ یان ١٠ ی ساڵی ١٩٦٥بوو کە چوون بۆ دیلمان. مەلا مستەفا چوو بوو بۆ گوندەکە و چاوی بە کویخا ئیبراهیم کەوت و پێیگوت: ئەگەر قبوڵمان بکەی، دێم دەبم بە ڕەعیەتی تۆ و تۆش ببە بە موختاری ئێمە. کوێخا ئیبراهیم پێشوازی لێکرد و بەم جۆرە ماڵ و بارەگای مەلا مستەفا لە گوندی دێرێوە گواسترایەوە بۆ دیلمان.)

ئاکرەیی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (ساڵی ١٩٦٦ چوون بۆ گوندی وەسان لە دۆڵی باڵەک و ماڵی بارزانی لە پشت گوندەکە بوو. دوای ماوەیەک لەوێوە گواستیانەوە بۆ دۆڵی سێبەر و تا هاوینی ١٩٦٦ لەوێ مانەوە و دواتر چوون بۆ گوندی ماوەتان لە نزیک شێوەڕەش و حاجی ئۆمەران و لەوێوەشەوە گواستیانەوە بۆ بەری کلورێ و چیای کدوو لە زنجیرە چیای قەندیل. کاتێک مەکتەبی سیاسی لە هەڵشۆوە چوو بۆ بناری قەندیل و لە بۆڵی دانرا، من بە بەردەوامی لەنێوان مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی

کاک ئیدریسدا لە هاتووچۆدا بووم.) هەرلەم بارەیەوە کوێخا ئیبراهیم محەمەد ئەمین ئەمین دەڵێت:



- (سەرۆک بارزانی هات بۆ دیلمان و گوتی: ئێمە دەمانەوێ بێین بۆ لای تۆ ئایا من ڕادەگری. منیش گوتم پێیەکانتان لەسەر چاومان، تا تۆ هەبی کەی من خاوەن ماڵم. بەم جۆرە بارزانی بە بنەماڵەوە تەشریفی هێنا بۆ دیلمان و تەنانەت شایی گواستنەوەی هاوسەری سابیر و شێخ نیهاد لەوێ کرا. بارزانی هاوینان لە حاجی ئۆمەران دەمایەوەو بە زستانیش دەگەڕایەوە بۆ دیلمان و نزیکەی دە ساڵ لەوێ پێکەوە بووین.)

هەر لەم بارەیەوە ئازاد سوڵتان شێروانی دەڵێت: (ساڵی ١٩٦٩ لە دیلمان چایچی بارزانی بووم. سەرۆک هاوینان دەچوو بۆ حاجی ئۆمەران و زستانانیش دەگەڕایەوە بۆ دیلمان. بنکەی ئیدریس و مەسعود لە قەسرۆک بوو. کە میوان دەهاتن، بارزانی دەچوو بۆ قەسرۆک و لەوێ پێشوازی لە میوانەکانی دەکرد.)

## كۆنگرەی ماوەت و لەتبوونی پارتی دیموکرات

لەکاتی ڕێککەوتنی کورد و حکومەت لە مانگی فیبرواریی "شوبات" ١٩٦٤دا کە نوری سدیق شاوەیس و جەلال تاڵەبانی لە مەکتەبی سیاسییەوە بەشدارییان لە وتووێژەکاندا کرد، ئیبراهیم ئەحمەد لە تاران بوو. دەیویست محەمەد ڕەزاشا ببینێ کە بۆی نەگونجا، بەڵام چەند بەرپرسی حکومەتی ئێرانی بینی. پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان، بە ئامۆژگاریی ئێران گومانی خستەسەر ڕێککەوتنەکە و بەدناو کردنی بارزانی کە کوردستانی فرۆشتووە، هەوڵیدەدا ئەو ڕێککەوتنە سەرنەگرێ. لەم بارەیەوە عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤٤٥- ٤٤٦دا دەنوسێت:

- (حیزب بڵاویکردبۆوە کە بارزانی کوردستانی بە چەند سندوق پورتەقاڵ و چەند کراسێکی دیاری عەبدورەزاقی وتوویژکەر فرۆشتوە. وای لێهاتبو ئەگەر پارەمان دەدا بە دوکاندارێک دەیگوت بۆنی پورتەقاڵی لێ دێ... بەڕاستی منیش ئیمزای ئەو ئاگربەسەم زۆر لا گران بو. ڕۆژێک لە سەنگەسەر دەگەڵ مەلا مستەفا لێمان بو بە کێشە، گوڕەی وای لێ هات کە حەرەسی بارزانی هاتە ژور، وەیزانی شەڕی بەڕاستە. بارزانی بە حەرەسەکەی گوت بچۆ دەر. گوتم: کاکە تۆ زۆر ساڵت زەحمەت کێشاوە، بە پاڵەوانی ڕێگەی ئازادی کورد ناسراوی، پیر بوی، زۆر حەیفت کرد ئەو ئیمزایەت کرد. ئەگەر بتگوتایە بیست ملیۆن دینارم حەقی ئیمزا کردن دەوێ، دەیان دایەی. من چاوەنۆڕ بوم ئەگەر نەسڵی دوای ئێمە پرسیان ڕێگەی ئازادی بەکوێ دایە؟ لە عێراق جێ قەبری تۆی نیشان دەن و لە تورکیا قەبری شێخ سەعید و لە ئێران قەبری قازی محەمەد، قبرتان نیشانگەی ڕێگەی ئازادی خوازان بێ، نەک بچی ئیمزای

ئاگربەسێکی وا بکەی کە خەڵک گاڵتەی پێ بکا و بڵێن کوردستانی فرۆشتوه...

لە تورەییان گوتی: کوردستانی چی؟

گوتم: کوردستانی هەمو شت. من و هەزارانی وەک من بۆیە تۆ وەک بت دەپەرستین کە خەمخۆری کوردستانی. وەک لە قورعان دا دەڵێ: لە ئێستاوه جیایی نێوان من و تۆیە، خوا حافیز. هەر ئەمڕۆ دەڕۆمەوه بەغدایە و فەقیریی خۆم دەکەم....

دەرکەوتم. لە حیرسانیش دەگریام... سواری جیپێکی کرێ بوم و چومە ماڵی قادری باغەوان لە ڕانیە. سەعاتێک شەوی مابو، لە دەرگایان دا. گوتیان هەژار وەرە کارمان پێتە. دو چەکداری بارزانی بوون. خواحافیزی یەکجاریم لە ماڵە مام قادرکرد و لێم ڕون بو لەسەر ئەم بێ ئەدەبی‌یەی دوێنێ گوللەبارانم دەکەن. گەیشتینە پشت ڕانیە، چوار جیپ لە دوی یەک وێستابون، مەلا مستەفا وێستابوو، گوتی: تۆ لەگەڵ جیپی مەلا برایم سوار بە. چوینە "سەروچاوە" بوینە میوانی خێوەتی "ئەحمەد شاباز". پاش نانی نیوەڕۆ گوتی: حەرەس بە جیپەکان بڕۆنەوە "دۆڵەڕەقە" ئەسپی من زین کەن و ئێسترە شینیش بۆ هەژار زین کەن. ئێمە بە سواری دێین. لە ڕێگە تاوێکی چاک هیچ دەنگی نەکرد. لەپڕ بێدەنگی شکاند:

- هەژار تۆ هەر خۆت بە کورد مەزانە، زۆر پیاوی وامـاون کە گیانیان بە قوربانی ئازادی کوردستان بکەن. من لە تۆ دڵسۆزترم، چۆن بەجێم دێڵی و دەڕۆی و دەڵێی "هذا فراق بيني و بينك"؟ قەرارمان وانەبو لەسەر زوێڵە چەرم بێ؟... هەژار تۆ نازانی وەختێ هاتمە سەنگەسەر، چەند کەسێکم نارد لە حاڵی خەڵک بپرسن. تەنیا لە "ژاراوە" یەک تەنەکە گەنم لە ماڵێکدا هەبو، کەسی‌تر نانی دوو ڕۆژی شک نەدەبرد. بەرلەوە شەڕ لە بارزان

بوەستێ مردو لە مێرگەسور لە برسان مردوە، کەس لە برسان هێزی نەبو بینێژێ. من دەبو نان بۆ ئەو هەمو برسیانە پەیدا کەم. ئێمزام کرد و گەنم و پارەی زۆریشم ساند و لە ئازادی کوردستانیش واز ناهێنم، خەم مەخۆ.)

ڕۆژی ١٩٦٤/٣/١٧، ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ عومەر مستەفا دەبابە و دوکتۆر عەزیز شەمزینی چوون بۆ سەنگەسەر و لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە و دژایەتی خۆیان لەگەڵ وەستاندنی شەڕ و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت ڕاگەیاند. بارزانی ڕێککەوتنەکەی بۆ ڕوونکردنەوە و گوتی ئەم ڕێککەوتنە بە کارێکی تاکتیکی دەزانێ و داوای لێکردن بۆ ماوەیەک لە ڕانیە یان قەڵادزێ بمێننەوە تا ئەگەر وەفدێکی تری حکومەت هات، پرس و ڕاوێژیان پێ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی متمانەی بە ئیبراهیم ئەحمەد نەبوو و لە فیکری ئەوەدابوو کە لە کۆنگرەی دواییدا هەوڵبدات جەلال تاڵەبانی جێی بگرێتەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی چەند ڕۆژ لە قەڵادزێ مانەوە و دواتر بەبێ ئاگادارکردنەوەی بارزانی گەڕانەوە بۆ ماوەت و ئەم نامەیەی خوارەوەیان بۆ بارزانی نوسی کە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٦٨ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" بڵاویکردۆتەوە و دەڵێن:

- برای گەورە و بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی

دوای سەلام و ئیحترام

ئەوە بۆ بیست ڕۆژ دەچێ کە لەسەر ئەمری ئێوە لە قەڵادزە ماینەوە بە تەمای چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت، بەڵام داخمان ناچێ کە نە ڕەئیس وزەرا و نە وەزیر و نە متەسەرفیشمان

نەدی لەم ماوەیەدا، وە دیاریش نییە کە بەم زووانە بێن بۆ لاتان. لە سەرێکی کەشەوە، وەکو بەسەرهاتی ئەم ماوەیە دەری خستووە بوونی ئێمە لە نیزیکتانەوە هیچ کارێکی نەکردۆتە سەر باشکردنی عیلاقەی ئێوە و پارتی. جگە لەمانەش مانەوەمان بەم چەشنە بێ ئیش و بێ کار و بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو بووەتە هۆی پروپاگەندە و قسەیەکی زۆر لەناو خەڵکدا کە هەر دوژمن کەڵکی لێ وەردەگرێ و وا دیارە هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە برادەرانمان ئیمڕۆ بەپەلە داوای گەڕانەوەمان بکەنەوە بۆ بەربەستکردنی ئەو چەشنە پروپاگەندانە. ئێمەش لەبەر پەلەپەلیی ئەوان و کەم وەختی ئێوە و لەبەر ئەوەش وەختی خۆی تەنیا بۆ چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکوومەت داوای مانەوەت لێ کردبووین بۆیە هیوامان هەیە لێمان ببووری کە بەبێ چاوپێکەوتنەوەتان ڕۆیشتینەوە. وە لەبەر ئەوەی کاک عومەریش دوای لابردنی لە فەرماندەیی هێزی کاوە هیچ ئیشێکی لەم ناوچەیە نامێنێ بۆیە ئەویشمان لەگەڵ خۆمان بردەوە.

ئیتر خواتان لەگەڵ: سەید عەزیز ئەفەندی عومەر مستەفا

براتان ئیبراهیم ئەحمەد (پاشبەندی ٥)

پاش گەڕانەوەیان بۆ ماوەت پەرەیان بە دژایەتی خۆیان لەگەڵ ئاگربەس و بارزانی دا، بەجۆرێک کە ژمارەیەک لە کادیرە دیارەکانی پارتی لە بەشی سیاسیی و سەربازییدا وەک: عەقید نوری مەعروف، ڕەشید سندی، تاریق ئەحمەد، خالید شەمسەدین، فازل تاڵەبانی، فازل سۆرانی. محەمەد سەیدعەلی حافز، تاهیر عەلی والی، نەوزاد خۆشناو و ....تد، لە بەرامبەر ئەو چەواشەکارییانەدا، بە نوێنەرایەتی کادیر و پێشمەرگەکان چوون بۆ سەنگەسەر و لەگەڵ پشتیوانیکردنیان لە بارزانی، ئەو پیلانە

پــــڕلە مەترســـــییەیان بــــۆ بــــــارزانی ڕوونکـــــردەوە. بـــــارزانی کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەو ژمارەیە لەگەڵ نافیز جەلال، عەبدولکافی نەبەوی و عەزیز ئاکرەیی ڕێکخست. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا دەبابە، عەلی عەسکەریی و کەمال موفتی کە لایەنگرییان لە مەکتەبی سیاسیی دەکرد لەکار لابەرن و نوری مەعروف، نوری مەلا حەکیم، حافیز جەلال و عەزیز ئاکرەیی لە شوێنی ئەوانە دانێن کە بە ئەستاندنەوەی کار لەو چوار کەسە، زۆربەی پێشمەرگەکان پاڵیان بە بارزانییەوە دا و بە سەرکردە نوێیەکان ڕازی بوون، لەبەر ئەوە ئیبراهیم ئەحمەد بەپەلە بانگهێشتی کۆنگرەی پارتی لە ماوەت کرد.

کۆنگرەی ماوەت بە بەشداریی نزیکەی ٨٠ ئەندام ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٤ پێکهات و ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٩ کۆتایی بە کارەکانی هێنا. مەبەست لەو کۆنگرەیە شەرعیەت دان بە کودەتایەک بوو کە ئیبراهیم بە دوای گەڕانەوەی لە ئێران دەیویست بەسەر بارزانی دا بسەپێنێت.

یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە سڕکردنی بارزانی بوو لە سەرۆکایەتی پارتی، بەڵام کۆنگرە ئەم بڕیارەی ڕاگرت و پێنج لە ئەندامانی نارد بۆلای بارزانیی تا بەڵکوو ڕێیەکی مامناوەندیی بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. ئەم نوێنەرانە بریتی بوون لە عەلی سنجاری، ئەسعەد خەیلانی، جەلال عەبدولڕەحمان، تاهیر بابان و مستەفا کرێکار. کۆنگرە بڕیاریدا تا گەڕانەوەی ئەو پێنج نوێنەرانەی کارەکانی خۆی بوەستێنی و دواتر دەست بەکار بکاتەوە و بڕیار بدات. نوێنەرانی کۆنگرەی ماوەت لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە و بە چارەسەرییەکی مامناوەندی گەیشتن، کەچی بەرلە گەڕانەوەیان بۆ ماوەت، مەکتەبی سیاسیی بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی "ڕێککەوتنەکەی مشیر و بارزانی ئاشتییە یا خۆبەدەستەوەدان؟".

ئیبراهیم ئەحمەد هەرچی بوغز و کینەی بوو لەو بەیاننامەیەدا گونجاندبووی. لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر، لاپەڕەی ٦٠-٦١، خەباتنامە، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢دا دەڵێت:

- (لە نیسانی ١٩٦٤ دا واتە لە ١٩٦٤/٤/٦ کۆنفرانسێک لەلایەن مەکتەبی سیاسی سازدرا لە ماوەت کە کادیرانی سەربە ئەوان بەشدارییان کرد و ژمارەیان نزیکەی ٨٠ کەس دەبوو. لەم کۆنفرانسەدا بڕیاری ڕووت کردنەوەی بارزانییان لە هەموو جۆرە بەرپرسییەک دا، ئەمەش بە پێچەوانەی دەسەڵاتی کۆنفرانس بوو، ئەم کۆنفرانسە و بڕیارەکانی بووە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو حیزبدا. لیژنەی چاودێری و پشکنین ویستیان دەور ببینن لە چارەسەری ئەم لەتبوونەدا سەردانی هەدوو لایان کرد و ویستیان کۆنگرە ببەستن، بارزانی ڕازی بوو، مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو.)

سەبارەت بە ئاگربەس و ڕێککەوتنی وەفدی کورد و حکومەت هەتا ئێستا گەلێک وتاری جۆراوجۆر لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە. منیش بەشێوەی ڕاستەوخۆ و تایبەت پرسیارم لە چەند کەسی شارەزا و شاهیدی ڕووداوەکانی کۆنگرە کردووە. ئەحمەد بانیخێڵانی "ئەبو سەرباز" ئەندامی پێشوی حیزبی شیوعی عێراق لە کتێبی، بیرەوەرییەکانم، لاپەڕەی ٢١٦، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧، دەڵێت:

- (.. هۆیەکیتری توندوتیژ بوونی ناکۆکی لەنێوان هەردوو لابالەکەی ناو پارتی لەوکاتەدا ئەوە بوو کە گوایە (م.س) بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف ڕازی نیە. من لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە "دێرێ" چوومە لای بارزانی، سەبارەت بەو خاڵە گوتی: (خۆ من هیچ هیوایەکم بە گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولسەلامی شۆڤێنیدا نەبووە. بڕواشم وانییە ئەمانە دان بە حەقی کورددا

بنـێن، بەڵام ئـێمە وەزعمـان خـراپە و هێزەکانمـان مانـدوون. فیشـەکمان کەمە، چەکـی باشـمان نیـیە و پێویسـتیمان بە پشوودانێکە.)

محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت کە دەنگی لای من پارێزراوە و هەروەها خەباتنامە، لاپەڕەی ٦٠، چاپی سێیەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢دا دەڵێت:

- (لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا عەبدولسەلام کودتای لە بەعسییەکان کرد، داوای شەڕ ڕاگرتنی کرد و بارزانی پەسندی کرد. وتووێژ دەستی پێکرد، نوێنەری پارتی: بارزانی نەمر نوری شاوەیس و جەلال تاڵەبانی بوون. شاندی حکوومەتیش پارێزگاری سلێمانی حاجی مەحموود عەبدولرەزاق بوو، ڕێککەوتن لەسەر بڕیارەکە کرا، بەڵام کاتێ جەلال و نوری شاوەیس چوونە ماوەت مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوو، لەوێ جەلالیش هەڵوێستی گۆڕی. مەکتەبی سیاسی بەیانێکیان دەرکرد لەژێر مانشێتی "ئایا ڕێککەوتنی مشیر- بارزانی ئاشتییە یان خۆدانە دەستە" و قسەی ناشیرینیان بە بارزانی گوت.)

ژەنەڕاڵی خانەنشین حەسەن ئەرفەع سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێران، بە وتەی خۆی نزیکەی ٢٥ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی سمکۆ و مەحمود خانی کانی سانان شەڕی کردوە و بۆ لەناوبردنی کۆماری کوردستان هەوڵی زۆری داوە. دایکی ئینگلیز و باوکی تورکی تەوریز بووە. باوکی بۆ ماوەیەک نوێنەری شای ئێران بووە لە لای شای سوید و خۆشی بە دوای خانەنشین بوونیدا سەفیری ئێران بووە لە تورکیا. لەوێوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کێشەی

کورد کردوه و ئاکامەکەی لە کتێبێکدا لەژێر ناوی "کوردەکان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی" بە زمانی ئینگلیزی کۆکردۆتەوە، زانکۆی ئاکسفۆرد وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و منیش وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و چاپی دووەمی، ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەزگای وەرگێڕان، لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ناوبراو لە لاپەڕەکانی ١٩٨- ٢٢٤ی کتێبەکەیدا ئاماژە بە کێشەی ئیبراهیم ئەحمەد دژی بارزانی دەکات و دەڵێت:

- (مەلا مستەفا بۆخۆی فەرماندەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بوو، باشتر لە هەر کەسێکی تر ئاگاداری بارودۆخ و بیروباوەڕی پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان بوو، دەیزانی لەوە پتر دەرەتانی شەڕ نییە، تەواوی ناوچەکان بەهۆی بۆمبارانی دوژمن وێران بوون، زەوی، دانەوێڵە و کەلوپەلی ژیان بۆ درێژەدان بە خەباتی چەکدارانە لەناو چووبوون. ژمارەی زۆری ئاوارە و ڕاکردووەکانیش کۆسپێکی تری سەر ڕێگای بەردەوامیی شەڕی چەکدارانە بوو. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر دابەزینی ورەی خەڵک بوو کە بەهۆی پشتیوانیی نەکردنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە کوردان، زیانی بینیبوو. ... دورلە باوەڕە کە ئەگەر بڵێین مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییانەی کە ئامាژەیان بۆ کرا، نەزانن حیزبەکەیان دەرەتانی درێژەدانی بە شەڕی چەکدارانە نەماوە، بەڵام بە ڕوونی دیاربوو کە ئەوان لەهەر هەلێک دەگەڕان تا خۆیان لە چنگ مەلا مستەفا ڕزگار بکەن. لە بەرامبەر نەتەوەی کوردا بە خایینی بناسێنن و بڵێن بووەتە داردەستی دەوڵەتی عێراق و ئەم جارە بۆخۆیان وتووێژ لەگەڵ عێراق بکەن. .... مەکتەبی سیاسیی کە بارەگاکەی لە ماوەت لە نزیک چوارتا بوو لە باکوری سلێمانی، دژی مەلا مستەفا

دەستی كرد بە پروپاگەندە و ئەویان لە بەرامبەر داخوازەكانی نەتەوەی كورددا بە خایین ناساند.)
بە دوای كۆنگرەی ماوەت و پاش ئەو هەڵە چەوتەی كە ئیبراهیم ئەحمەد بە ئامۆژگاریی ئێران خۆی و لایەنگرانی تێوەگلاند، لیژنەی چاودێری هەڵبژێردراوی كۆنگرەی پێنجەمی پارتی كە لە حەبیب محەمەد كەریم، عەباس حوسێن، جەمال شاڵی، یەدوڵا كەریم، خالید حەسەن یوسفی پێكهاتبوو، هەوڵی چارەسەر كردنی ئەو لێكدابڕانەیدا، بەڵام مەكتەبی سیاسی ڕازی نەبوو.
دواتر كۆمەڵێك كەسایەتیی نەتەوەییو ڕۆشنبیری كورد بۆ ئەو مەبەستە هاتنە پێشەوە. بارزانی بۆ ئەوەی كە یەكڕیزیی كورد ڕابگرێ و نەهێڵێت كورد یەكدەنگیی خۆی لە بەرامبەر حكومەتی بەعسدا لە دەست بدات، لە بەرامبەریاندا نەرمیی نواند و ئامادە بوو سەرلەنوێ هاوكاریی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەكەی بكات.
ڕۆژی ١٩٦٤/٤/٢٤ گروپێكی كورد وەک ناوبژیوان كە لە فوئاد عارف، مەجید عەلی، فەتاح سەعید شاڵی، دوكتۆر عەبدولڕەحمان، ڕەئوف ئەحمەد و ڕەشید عارف پێكهاتبوو، لە بەغداوە هاتنە ڕانیە و چاویان بە بارزانی كەوت. ئەندامانی ئەو گروپە داوایان لە بارزانی كرد كە ئیزن بدات ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەكتەبی سیاسیی و كۆمیتەی ناوەندیی بێن بۆ ڕانیە و لە نزیک بارزانی بمێننەوە و گیروگرفتەكانیان لەگەڵ بارزانی چارەسەر بكەن كە بارزانی قبوڵی كرد.
بە قبوڵكردنی بارزانی، ناوبژیوانان چوون بۆ ماوەت و بە ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەكتەبی سیاسیان ڕاگەیاند كە بارزانی ڕازی بووە، بێن بۆ بارەگاكەی و لەوێ درێژە بە كاری حیزبی بدەن. ناوبژیوانان بەشێک لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسیی

و کۆمیتەی ناوەندیان لەگەڵ خۆیان هێنا و بارزانییش بە گوێرەی بەڵێن، لێیان خۆشبوو. بڕیاردرا ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕوویداوە، پشتگوێی بخەن و ناکۆکییەکان ڕابگیرێن و بە گوێرەی ئەم خاڵانەی خوارەوە پێوەندییەکانیان ئاسایی بکەنەوە:

١- شۆڕش بەهیچ شێوەیەک دەستپێشخەریی ناکات بۆ شەڕ لەگەڵ حکومەت. پەلاماردانی هێزەکانی حکومەت بەتەواوی قەدەغەیە و هەڵوێستی شۆڕش هەڵوێستی داکۆکی لەخۆ کردنە.

٢- لیژنەیەکی ئامادەکار دادەنرێ بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی.

٣- مەکتەبی سیاسی بارەگای خۆی لە ماوەتەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕانیە تا لەگەڵ بارزانی بێت.

ئەم ڕێککەوتنە هیوایەک بوو بۆ بەرگریی کردن لە شەڕی چەکدارانە لەنێوان لایەنی ئیبراهیم ئەحمەد و بارزانی دا.

گروپی ناوبژیوان لە ڕانیەوە گەڕایەوە بۆ ماوەت و لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسیی کۆبوونەوە. هەموویان پێشوازیان لەو گەڵاڵە پێشنیازییە کرد کە بارزانی پەسەندی کردبوو. لەو پێوەندییەدا و بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بە ناوەکانی: عەلی عەبدولا، جەلال تاڵەبانی، سەید عەزیز شەمزینی، نوری سدیق شاوەیس و نوری ئەحمەد تەها ڕۆژی ١٩٦٤/٥/٤ ئەم نامەیەی خوارەوەیان ئاراستەی بارزانی کرد:

١٩٦٤/٥/٤

بۆ جەنابی کاک بارزانی مستەفا بەڕێز

دوای سڵاو و ئێحترام

بەپێویستی سەرشانی خۆمانی دەزانین كە ئەم داخوازیانەی خوارەوەتان بخەینە بەرچاو بەنیازی ئەوەی كە لە چاكترین ڕێگەوە خزمەتی شۆڕش و گەلەكەمان بكەین:

١- مەكتەبی سیاسی شوێنی بۆ دابنرێت لە بنگرد یان مەرگە یان قەڵاتوكە تا بگەڕێتەوە سەر ئیشی خۆی لە پەناتاندا.

٢- دەست بكەین بە هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەكانی پارتیدا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی كۆنگرێس و لیژنە ناوچەییەكان.

٣- دەست بكەین بە جێبەجێكردنی ئەو نوقتانەی جەنابتان لەگەڵ كاك فوئاد و برادەرانی تر باستان كردووە و ڕازی بوون پێیان. جا تكایە وەعدێكمان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی هەمووومان چاومان پێتان بكەوێ.

ئیتر خۆشیتان: عەلی عەبدوڵا- مام جەلال- سەیدعەزیز- نوری شاوەیس - نوری ئەحمەد تەها (پاشبەندی ٦)

هەوڵی گروپی ناوبژیوان لەگەڵ مەكتەبی سیاسیی بۆ نزیكبوونەوە و هاوكاریی كردنی دوو لایەنی پارتی دیموكرات، تا ڕادەیەك جێی گرت و ئەو پێنج ئەندامانەی مەكتەبی سیاسیی خەریكبوون لە نزیك بارزانی درێژە بە خەبات بدەن كە هەوڵەكە بە هاندانی ئیبراهیم ئەحمەد هەڵوەشایەوە.

## کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

بە مەبەستی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کۆنگرەی شەشەم لێژنەیەکی ئامادەکاری کۆنگرەیان لەم کەسانە پێکهێنا: عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، نوعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شێخ عومەر، ئەحمەد گەرۆتە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل و ...تد. لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە داوای لە ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی کرد بێن و بەشداری کۆنگرەی شەشەم بکەن، تا لەوێ کۆنگرە کێشەکەیان چارەسەر بکات، بەڵام ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو و وەڵامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەیان نەدایەوە. لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات کە خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئامادەکاریی کۆنگرەی شەشەم، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (.... بارزانی ناچار بوو کۆنگرە ببەستێ. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی لەم کەسانە پێکهێنا: عەزیز عەقراوی، هاشم عەقراوی، نوعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد هەرسینی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، محەمەد مەلا قادر، بابە شێخ شێخ عومەر، ئەحمەد گەرۆتە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل و هی تریش. سەرەتای تەموزی ١٩٦٤ کۆنگرەی شەشەم لە قەڵادزێ بەستراو وەفدێکی نارده ماوەت تاکو بێنە کۆنگرە، بەڵام نەهاتن و شاندەکەش لە ١٢ هەڤاڵ پێکهاتبوون و ئەمانەی تێدا بوون: عەلی هەژار، مەجید ئەتروشی، ئەحمەد ئەتروشی، فاتح محەمەدبەگ، ئیسماعیل مەلا عەزیز، جەلال مەحمودبەگ و چەند کەسێکی تر.)

هەرلەم بارەیەوە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە "سەید کاکە" ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (لە کۆنگرەی شەش کە لە قەڵادزێ پێکهات، بارزانی سێ جاری وەفد نارد. ئەوان لە ماوەت بوون و گوتی ڕجا دەکەم وەرن خۆتان هەڵبژێرن، ئەگەر میللەت دەنگی پێدان، بەڵێنتان پێدەدەم کە بچمەوە بۆ بارزان، بەڵام ئەوان نەهاتن. دیارە ئەوان پێشتر بە دەستوری شای ئێران، بارزانییان لە حیزب دەرکردبوو. بە دوای کەریم قاسمدا ئەم جارە شا دەیویست شۆڕشەکە تێکبدات و جیابوونەوەیان لە نێودا دروستکردن.)

کۆنگرەی شەشەم ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١ بە بەشداری ٦٠٠ ئەندام لە ناوچەی قەڵادزێ پێکهات. لە کۆنگرەدا باس لە چەند بابەتی نێوان کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەم، کۆنفرانسی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت، دەرکردنی بارزانی لە پارتی کرد. هەروەها ئاماژە بۆ ماددەی دووەمی دەستوری عێراق کرا کە دەڵێت "عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی" کۆنگرە ڕایگەیاند "بەشە عەرەبییەکەی عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی."

کۆنگرە سەرکردایەتی نوێی بۆ پارتی هەڵبژارد و بە کۆی دەنگ مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژاردەوە. کۆنگرە ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا "دەبابە"، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەلی عەسکەری، عەلی حەمدی، ئەحمەد عەبدوڵا، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل "مەلا ماتۆڕ"، نوری سدیق شاوەیس، حلمی عەلی شەریف، عەلی عەبدوڵا و محەمەد حاجی تاهیری لە حیزب دەرکرد. هەروەها کۆنگرە بڕیاریدا، کەلوپەلی حیزب وەک ئیزگەی

ڕادیۆ و چاپخانەی پارتی لە مەکتەبی سیاسی کۆن لە ماوەت وەربگرێتەوە.

کۆنگرە ئەم ئەندامانەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد: مستەفا بارزانی سەرۆک، حەبیب محەمەد کەریم سکرتێر، دوکتۆر مەحمود عوسمان، مستەفا قەرەداغی، ئیسماعیل عارف، دوکتۆر فوئاد جەلال، هاشم حەسەن ئاکرەیی، ڕەمەزان ئاکرەیی، عەزیز ئاکرەیی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، یەدوڵا کەریم فەیلی، فاتیح محەمەد بەگ، ساڵح عەبدوڵا یوسفی، نوعمان عیسا، عەلی سنجاری، عومەر شەریف و محەمەد هەرسینی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی. هەروەها شەوکەت حاجی عەلی، محەمەد مەلا قادر، فارس کورە مارکی، مەلا ساڵح حاجی و مەلا حەیدەر بۆ دەستەی چاودێری پارتی هەڵبژێردران. ساڵی ١٩٧٣ کە عەزیز ئاکرەیی ریزی پارتی بەجێهێشت، ئیدریس بارزانی جێی ئەوی پڕکردەوە و بوو بەئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

کۆنگرەی شەشەم و بڕیارەکانی، دوو ڕێیان خستەبەر دەمی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی کۆنی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی کە یان شەڕی پارتی و بارزانی بکەن، یان ماوەت و دەوروبەری بەجێهێڵن و ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. ئیبراهیم ئەحمەد بەهۆی لایەنگریی کردنی زۆربەی کادیر و پێشمەرگەکان لە بارزانی و کۆنگرەی شەشەم، توانای شەڕکردنی لە خۆیدا نەبینی و ڕێی دووەمی هەڵبژارد.

لەو چوارچێوەیەدا، هاوکات لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆنگرەی پارتی، سەرەتا خۆی و خێزانەکەی و دواتریش ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو و کەسانی دەوروبەریان، ماوەتیان بەجێهێشت و چوون بۆ ئالان. ئەوان بەڵگەنامەو

کەلوپەلی پارتی و بەشێک لەو ئازوقەیان لەگەڵ خۆیان برد کە لە بارەگاکەیاندا هەبوو.

لەلایەکەی ترەوە، کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم، ڕێکخراوەکانی بەرپرس کرد لە پاککردنەوەی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەرکی پاککردنەوەی ناوچەکانیشی بەم فەرماندانە سپارد: عەقید نوری مەلا مەعروف، نوری مەلا حەکیم، عەبدولوەهاب ئەتروشی، ڕەشید سندی، تاریق ئەحمەد، حەمە شەمێرانی، حاجی شێخ قادر، حەمید بەرواریی و چەند کەسی تر. ئەو ژمارەیە ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٢ بەرەو مەئموریەتی خۆیان چوون. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٨٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٢ی تەمووزی ١٩٦٤ کەوتینە ڕێ و ڕوومان کردە گوندی سەرسیان. پێشمەرگەکانی سەربە بارزانی لە ناوچەی سۆران، هەر بەشێکیان لە ناوچەی خۆیاندا، بەپێی پلانێکی ورد و باش داڕێژراو، ناوچەکەی خۆیان ئازاد کرد و لە ڕەگەزەکانی سەربە مەکتەبی سیاسیی دەرکراو، خاوێن کردەوە. .... پاش ئەمە و بۆ بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و جەماوەر، عیسا سوار بە سەرۆکایەتی هێزێک لە پێشمەرگە بارزانییەکان کە لە ١٠٠ کەس پێکهاتبوو و لوقمانی براشمیان لەسەر داوای خێڵەکان کە هەموو لایەنگری بارزانی بوون، لەگەڵدا بوو، کەوتەڕێ بۆ پێنجوێن و ئەوان خۆشیان لە خاوێن کردنەوەی ناوچەکەیان لە لایەنگرانی مەکتەبی سیاسی لەکار خراو، بەشدارییان کرد.)

ڕۆژی ١٩٦٤/٧/١٧، لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد بە هاوکاریی ئێران هێرشیان کردە سەر ناوچەی شلێر و سیوەیل لە دەوروبەری پێنجوێن و هەندێک شوێنیان داگیر کرد کە پێشمەرگەکان بە دوای

شەڕێکی سەخت و دژواردا توانیان پاشەکشەیان پێبکەن. لەو شەڕەدا شەش پێشمەرگەی هێزی خەبات شەهید بوون. ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ یارمەتی ئیبراهیم ئەحمەدی دەکرد کە بەڵکوو ناوچەی پێنجوێن و چوارتا بخاتە دەست خۆی، بەڵام بە گەیشتنی هێزی یاریدەدەری پێشمەرگە و بارزانی بۆ ناوچەکە، ئەوان گەڕانەوە بۆ ئالان. بارزانی تا هێڵی سنور چووە پێشەوە و لەوێوە هەڕەشەی لە ئێران کرد:

- (کە ئەگەر جارێکیتر یەک کەسیان لە سنور بپەڕێتەوە، منیش لە سنوری ئێران دەپەڕمەوە و شۆڕشێک لە کوردستانی ئێراندا هەڵدەگیرسێنم.)

ڕژێمی عێراق هەڕەشەی بارزانی بەهەل زانی و پێیڕاگەیاند ئامادەیە بۆ ئەو مەبەستە یارمەتی بدات کە بارزانی سوپاسی کردن و پێی گوتن ئێستا هەموو شتێک بڕاوەتەوە و پێویستی بە یارمەتی نییە. دەربارەی ڕاکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی لە ماوەت و چوونیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەشید حاجی بەدری سندی لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٦ لە زاخۆ پێی گوتم:

- (ئێمە چووین بۆسەر ئاوەکونتێ لە ناحیەی ماوەت کە بنکەی مەکتەبی سیاسیی لێبوو، بەڵام کەسی لێنەمابوو. نزیکەی یەک کیلۆمەتر دوور لە ئێمە لە بەری ڕۆژهەڵات لەسەر سنوری ئێران تەقە هەبوو. ئێمە گەیشتینە جێی تەقەکە و ئەوان لە ڕووبار پەڕینەوە و خۆیان گەیاندە ناو خاکی ئێران و ئێمە بەدوواياندا نەچووین. لە ڕاستیدا ئەوان شەڕیان نەکرد و هەوڵی دەرچوونیان دەدا.)

ڕژێمی ئێران کە تێگەیشت ئیبراهیم ئەحمەد و گروپەکەی ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ باشوری کوردستان، ئەوانی لە ئالانی سەردەشتەوە گواستەوە بۆ هەمەدان.

دوای ئارامبوونەوەی ناوچەکە، بارزانی بە دامەزراندنی "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول" بڕیاری بەڕێکخراوکردنی شۆڕشی دا کە حیزب نەبێت بە تاکە بڕیاردەر لەسەر گەلی کورد و ڕێگای بۆ نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی گەل کردەوە کە لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیان و ئەرکەکاندا شەریک و بەشدار بن. بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنێکی بەرفرەوان لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات، فەرماندەکانی لەشکری کوردستان، دوو ئەندام لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق، خەڵکی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیر، سەربەخۆ، دوو مەلای ئایینی و قەشەیەکی کریستیان و ژمارەیەک سەرۆک خێڵی ناوچە جیاوازەکان وەک: عەباسی مامەند ئاغای، کاکە زیاد حەمە ئاغا، ئەنوەربەگی بێتواتە، مەحمود بەگی گولی، شێخ ڕەئوفی هەنجیرە، وەهاب ئاغای جوندیان، بابەکر ئاغا، حاجی برایمی چەرمەگا، کوێخا سمایلی تەلان، شێخ حوسێنی بۆسکین، شێخ محەمەدی بالیسان و قەشەیەکی کریستیان بەناوی "ئەبوو نا" کە بە گشتی نزیکەی ٦٥ کەس بوون ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادەکانیان پێسپێردرا. ئەنجومەن لەناو خۆیدا لیژنەی بەڕێوەبەریی "مەکتەبی تەنفیزی" هەڵبژارد کە لە سەرەتادا، مستەفا قەرەداغی سکرتێری بوو و دواتر نافیز جەلال و سەردەمێکیش ئەو پۆستە بە دوکتۆر مەحمود عوسمان سپێردرا. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ڕۆڵی پەرلەمان و مەکتەبی تەنفیزی ڕۆڵی حکومەتی هەبوو لە شۆڕشی ئەیلولدا کە بەشە جیاوازەکانی حکومەتیان لە دڵی شۆڕشی ئەیلولدا بە دانانی بەشەکانی شارەوانی، دارایی،

دادوەریـی، زانیـاری، پزیشـکی، هەواڵگریـی و...تـدی بەڕێـوەدەبرد. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتـووێژێکی تایبەتـدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (بـارزانی ڕەحمەتـی ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی دروستکرد و ئێمەش لە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا هاوکارییمان کرد. ماوەیەک من سکرتێری ئەو ئەنجومەنە بووم. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بەشی تەندروستی و بەشی زانیاریی و پەروەردەمان هەبوو کە من ماوەیەکیش سەرپەرستیان بووم. چەند خولی برینپێچ و پەروەردە کردنی مامۆستای شۆڕشمان دانا. کاتێک ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەت ڕێککەوتین، ئیعترافیان بەو شەهادانەی ئێمە کردو خاوەنەکانیان بەشێوەی ڕەسمی لە حکومەتدا دامەزران.)

هەروەها محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات و یەکێک لە بەشدارانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی لە وتـووێژێکی تایبەتـدا کە دەنگی لای مـن پارێزراوە، لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا کە بیرۆکەی دانانی ئەنجومەنی نیشتمانی و بە ڕێکخراو کردنی شۆڕشی ئەیلول لە کێوە هات؟ دەڵێت:

- (ئەوەندەی من بزانم و زانیارییم لەسەری هەبێت و لە کۆنگرەی شەشەمدا باسی لێکرا و لەوێ بڕیاری لەسەر درا کە ئەگەر بکرێ بە هەڵبژاردن بێت، ئەگەرنا بەشێوەی کاتی دابنرێت بۆ کاتێکی گونجاو تا دوخەکە هێمن دەبێتەوە، ئەوکاتە هەڵبژاردنی بۆ بکرێ، ئەوە بڕیاری کۆنگرە بوو. بەحەقیقەت ئەو بیرۆکەیە لە شەخسی بارزانییەوە بوو. بارزانی گوتی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە موئەسیسەیەکمان هەبێت کە بەتەنیا حیزبی نەبێت. حیزب لیژنەی مەرکەزی هەیە، ئەندامانی لەشکر هەمووی حیزبیین، ئیتر ئەو هەمووە موئەسیساتە بۆ کورد باش نییە و کورد دەبێ لەوە فرەوانتر بێت. ئەو پێشنیازەی بارزانی بە دەنگی تێکڕای

ئەندامانی كۆنگرەكە بوو بە بڕیاری حیزب. ١٧ ئەندامی كۆمیتەی ناوەنـدی، ١٧- ١٨ ئەفسـەری بـالا و لێهاتوومـان هەبـوو، وەک: عەبدولڕەحمان قازی، عەزیز ئەقراوی و عەبدولوەهاب ئەتروشی و.....تـد كە ژمارەیەكیـان تەنـانەت حیزبـی نەبـوون، لەگەڵ ژمارەیەكیش خەڵكی كۆمەلایەتی، ڕۆشنبیر، سەربەخۆ، ئـایینی و ئاغاكان لە ناوچە جیاوازەكان وەک بابەكر ئاغا، حاجی برایمی چەرمەگـا، كوێخـا سمایلی تەلان، شێخ حوسێنی بۆسكین، شێخ محەمەد بالیسانی و قەشەیەكیشمان هەبوو پێیان دەگوت ئەبوو نـا. بە گشـتی ٦٣ كەس بـوون. لە ئەنجـومەنەكەدا مەكتەبێكـی تەنفیزیان دروستكرد كە سەردەمێک مستەفا قەرەداغـی سكرتێری بـوو، دواتـر نـافیز جەلال جێـی گـرتەوە و سـەردەمێكیش دوكتـۆر مەحمـود عوسمـان كە ئەنـدامی مەكتەبـی سیاسـیی بـوو كـرا بە سـكرتێری ئەو ئەنجـومەنە. هەركـام لە ئەنـدامانی مەكتەبـی تەنفیـزی بەرپرسـی بەشـێک بـوو. بـارزانی بۆخـۆی بەشـداریی كۆبوونەوەكـانی ئەنجـومەنی دەكـرد، بەلام دەسـتی لە كـاری ئەو ئەنجومەنە وەرنەدەدا.)

هەرلەم بـارەیەوە موحسـین دزەیـی وەزیـری كاروبـاری بـاكوری عێراق لە سەردەمی حوكمی عەبدولڕەحمان عارفو باڵیۆزی عێراق لە چێكوسلۆڤاكیا و كەنەدا، لە وتووێژێكی تایبەتدا كە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (هەڵوێسـتی بـارزانی ئەوە بـوو كە دەسـەلاتی شـۆڕش بەتەنیـا بەدەسـت حیـزبەوە نەبێـت و حیـزب لەسـەر هەمـوو شـتێک بڕیـار نەدات، بەڵكـوو بەشـی زۆری مـیللـەت بەشـداریی شـۆڕش بـكەن و بڕیـاردەریش خۆیـان بـن. ئەوە بـوو كە بیری كـردەوە ئەنجـومەنی نیشـتمانیی شـۆڕش دابـمەزرێ. ئەو ئەنجـومەنە لە ئۆكتـۆبەری ١٩٦٤، لە پیـــاوانی كـــۆمەلایەتی، عەشـــایر، نیشـــتمانپەروەر،

ڕۆشنبیری سەربەخۆ، پیاوانی ئایینی، سەربازیی و ئەوانەی لە ڕیزی حیزبدا بوون پێکهێنا. زیاتر لە ١٠٠ کەس کۆبوونەوە و ئەنجومەنی نیشتمانی شۆڕشیان دامەزراند. ئەنجومەن لە ناو خۆیدا ١٠- ١٢ کەسی هەڵبژارد بۆ مەکتەبی تەنفیزی سەرکردایەتی شۆڕش و کارەکانی بەشکرد لەناو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیدا و بەشی جۆراوجۆری وەک: دادپەروەریی، دارایی، عەسکەریی دانا. من خۆم کە لە کۆلیجی داد دەرچوو بووم و چەند ساڵێک محامی بووم، بەشی دادپەروەرییان بەمن سپارد. ئێمە لە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا دادگامان لە کەسانی شارەزا دامەزراند. ئەنجومەنی نیشتمانیی شۆڕش هەر سێ چوار مانگەی جارێک کۆدەبۆوە و لەگەڵ هەڵسەنگاندنی کارەکانی سەرلەنوێ ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی هەڵدەبژاردەوە. بارزانی بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی شۆڕشی دەکرد، بەڵام دەستی لە کارەکانی وەرنەدەدا.)

پێکهاتەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی بریتی بوون لە: بەشی بەڕێوەبەرایەتی، دارایی، دادوەری، تەندروستی، هەواڵگری و ئاسایش. هەروەها بەشی کاروباری ناوخۆ بریتی بوو لە: پارێزگای سلێمانی، پارێزگای کەرکوک، پارێزگای هەولێر، پارێزگای موسڵ. هەرکام لەو پۆستانە بەرپرسێکیان بۆ دانرا و بەرپرسەکان ئەرکی خۆیان بەدەستەوە گرت. لەگەڵ ئەو ڕێکخستنە نوێیە، لەشکری شۆڕشی کوردستانیش ڕێکخرایەوە.

## دەستپێکردنەوەی شەڕ و نامەیەکی ئیدریس سەبارەت بەو شەڕانە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول زۆر هەوڵیدا کە شەڕ نەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و کێشەکانی بەغدا لەگەڵ کوردستان بەڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەو هەولانە بێسود بوون. لە سەرەتای مانگی مارس "ئادار"ی ١٩٦٥وە چەند تێکهەڵچوونی بچووک لە ناوچەکاندا ڕوویدا. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەوڵیدا پێش بەو شەڕانە بگرێت، بەڵام نەیتوانی و شەڕە بچووکەکان خۆیان لە گەلێک شەڕی مەزن و پڕلە زیاندا دیتەوە، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی شۆڕش بارەگای خۆی لە ناوچەی پشدەرەوە گواستەوە بۆ ناوچەی باڵەک. هەروەها بە سەرهەڵدانەوەی شەڕ، ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک خێڵەکان پشتی شۆڕشیان گرت و ژمارەیەکیشان پاڵیان بە حکومەتەوەدا.

ئیدریس بارزانی کە چاودێریی بەسەر ئەو شەڕانەدا دەکرد، بەو نامەیەی خوارەوە مەسعود بارزانییان لێ ئاگادار دەکات و ئەویش نامەی کاک ئیدریسی لە پاشبەندی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥" بڵاوکردۆتەوە. ئیدریس بارزانی لە نامەی ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٨یدا ئاماژە بەو شەڕانەی خوارە دەکات:

**١- شەوی ٢١- ١٩٦٥/٤/٢٢، هێزێکی لقی ٢ی لەشکری ٣ی عەبدولوەهاب ئەتروشی هەڵیانکوتایە سەر سەنگەری جاشان لە هەڵەبجە و بە موشەک لە سەنگەرێکی جاشانیانداو ٦ جاشیان کوشت و ژمارەیەکیان بریندار کرد.**

٢- هێزێکی لقی ٢ لە بەتالیۆنی لەشکری ٢ی عەلی شەعبان هێرشی کردە سەر گوندی شێخ مەموودیانی سەربە عەبدولڕەحمان سیساوەیی ناپاک و دوای شەڕێک کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، جاشەکان خۆیان بەدەستەوەدا. دەستکەوتی ئەو شەڕە ١٩ تفەنگی ئینگلیزیی و بڕنەو بوو.

٣- شەوی ٢٩- ١٩٦٥/٤/٣٠، هێزێک لە لەشکری سەفین بە خۆمپارە هێرشی کردە سەر سەربازگەی شەقڵاوە و زیانێکی زۆری پێگەیاند.

٤- دوای شەڕێکی بەرفرەوانی نۆ ڕۆژە لە دەشتی هەولێر، دوژمن زیانێکی زۆری گیانی لێکەوت و ٧٣ کەلاکی جاش و سەربازی لە مزگەوتی هەولێر کۆکردەوە و...

٥- هەر لەو شەوەدا، ٢٩- ١٩٦٥/٤/٣٠، دوو مەفرەزە لە لەشکری ٢ هێرشیان کردەسەر بەستۆرە. سەنگەرێک دەستی بەسەردا گیرا و ئەوانەی لە سەنگەرەکانی تردا بوون، هەڵاتن. دەستکەوتی ئەو شەڕە پێنج تفەنگی ئینگلیزیی و پەڕەشوتێک و دەمانچەیەک بوو لەگەڵ کەلوپەلی سەنگەرەکان.

٦- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/١، مەفرەزەیەک لە لەشکری ٢، کەمینێکی لەسەر جادەی ئەسڵی کەرکوک- هەولێر دانا و ئوتۆمبیلێکی جاشان لە کەمینەکە کەوت و لێیاندا و سەرنشینەکانی کوژران و ٧ تفەنگی بڕنەو و ئینگلیزیی دەسکەوتی پێشمەرگەکان بوو.

٧- ڕۆژی ١٩٦٥/٤/٢٧، هێزێکی زۆری سوپا و جاش بە پشتیوانیی تۆپخانە و فڕۆکە هێرشێکی گەورەیان کردە سەر چیای دهۆک. دوای سێ ڕۆژ شەڕ چیاکەیان گرت، بەڵام پێشمەرگەکان لە دژە هێرشێکدا دوژمنیان شکاند و چیاکەیان ئازاد کردەوە. لەو شەڕەدا دوژمن زیانی زۆری لێکەوت و یەکێک لە پێشمەرگەکانیش شەهید بوو.

٨- دوژمن لە گەلی زاخۆ بە هێزێکی زۆر و لەژێر ئاگری تۆپخانە و فڕۆکەی بۆمبهاوێژدا هێرشی کردە سەر "ڕالو"، باغلیجە و بە زنجیرە چیای "بێخێر"دا بەرەو فیشخابور چووە پێشەوە. لەو هێرشانەدا، دوژمن ٤٠ چەکداری لێکوژرا و تانکێک کەوتەسەر مینی چاندراوی پێشمەرگەکان. لە هەمانکاتدا هێزێکی گەورەی سوپا بە هاوکاریی جاشەکان و بە پشتیوانی تۆپخانە و فڕۆکە بەرەو گوندکانی باشوری زاخۆ چووە پێشەوە و هێزێکی تریش بۆ گوندی حەسەناوا بەرەو گوندەکانی بێتاس پێشڕەوی کرد کە پێشمەرگەکان لێیاندان و زیانێکی زۆریان پێگەیاند. لەو شەڕانەدا ٦ پێشمەرگە شەهیدبوو و ٣ پێشمەرگەش بریندار بوون.

٩- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٤، پێشمەرگەکانی لقی ٦ لە بەتالیۆنی ٩ی لەشکری ٣ لە ناوچەی قادرکەڕەم و کانی شیرینکا بەرەنگاری هێزەکانی سوپا و جاش بوونەوە. لە شەڕێکدا کە نزیکەی چوار کاتژمێری خایاند، دوژمن بە ١٥ جاش و سەربازی کوژراو و ٣٠ بریندار پاشەکشەی کرد. لەو شەڕەدا هیچ زیانێک لە پێشمەرگەکان نەکەوت.

١٠- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٤، پێشمەرگەکان لە جادەی دهۆک- موسڵ، کەمینێکیان بۆ دوژمن دانا کە ئوتۆمبیلێکی جاشان لە کەمینەکە کەوت. پێشمەرگەکان دەستڕێژیان لێکرد و ٧ جاشیان کوشت و جاشێکیشیان بەدیل گرت. دوژمن بە بۆمباران کردنی ناوچەکەو ناردنی ٨ تانک توانی پاشەکشە بە پێشمەرگەکان بکات. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان زیانیان نەبینی و دوو تفەنگیش دەستکەوتی پێشمەرگەکان بوو.

١١- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٤، هێزەکانمان کاروانێکی سەربازیی لەنێوان کەرکوک و چەمچەماڵ لە کەمین خست. هێزی یاریدەدەری دوژمن لە کەرکوک و چەمچەماڵەوە بە فریای کاروانەکە کەوت. شەڕ بۆ

ماوەی کاتژمێرێک بەردەوام بوو. پێشمەرگەکان زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند و ناچاریان کردن بکشێنەوە. لەنێو کوژراوەکانی دوژمندا مولازم عەدنان سوبحی و حوسێن حەمید شناسایی کران. هەر لەو ڕۆژەدا هێزێکی گەورەی سوپا و جاش بەرەو گوندی زەنگەنە هاتن کە پێشمەرگەکان لێیاندان و پاشەکشەیان پێکردن. دوژمن کوژراو و بریندارەکانی بە هێلیکۆپتەر گواستەوە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بریندار بوو.

١٢- شەوی ٢٧- ١٩٦٥/٤/٢٨، دوو جاشی سەلام عارف لە کۆیە پێوەندیان بە بارەگای مەلا عەبدوڵاوە کرد. شەوی ١- ١٩٦٥/٥/٢، هەقی ئاغا کە لە دەستپێکردنی جوڵانەوەی ئەم دواییە بووبوو بە جاش، پێوەندی بە بارەگای مەلا عەبدوڵاوە لە سەرکەپکان کرد و پەشیمانی خۆیانیان ڕاگەیاند. ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٥، سەربازێکی عارەب پێوەندی بە هێزەکانی تاریق ئەحمەد و لەشکری ٣وە کرد. لە ١٩٦٥/٥/٣، سێ سەرباز بەناوەکانی موتلەگ محەمەد، سەید یونس و عەلی ساڵح پێوەندیان بە بەتالیۆنی ٣ی لەشکری ٣ی تاریق ئەحمەدەوە کرد.

١٣- کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ١٩٦٥/٥/٦، تۆپچییەکانمان باڵەفڕگەی بامەڕنییان تۆپباران کرد و زیانێکی زۆری گیانییان لە دوژمن دا. سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٧، بۆ جاری دووەم باڵەفڕگەیان تۆپباران کردەوە. ورەی دوژمن ڕووخاوە و بە فڕۆکە گوندەکان بۆمباران دەکات و...

١٤- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٥، یەکێک لە مەفرەزەکانی لقی ٢ی بەتالیۆنی ٥ی لەشکری ٣، ١٨٠ سەر مەڕی لە نزیک کۆمپانیای زەنبوور لە ٢٥ کیلۆمەتری کەرکوک وەدەست کەوت کە هی جاشەکان و سوپای عارفن.

١٥- شـــەوی ١٩٦٥/٥/٥، یەکێـــک لە مەفرەزەکـــانی لقـــی ٢ی بەتـــالیۆنی ٥ی لەشـــکری ٣، بە نـــارنجۆک هێرشـــی کـــردە ســـەر سـەنگەرێکی جاشـان لە گونـدی بـاداوا و چـوار جاشـی کوشـت کە تاهیر جاشی سەربە خالیدی سەرۆک جاش لەنێو کوژراوەکاندا بوو.

١٦- لە نـاوچەی لقـی ٦ی ڕزگـاری لەشـکری ٣ مـقەدەم عەزیـز، حکومەت دوو ناوەندی پۆلیسی گوازتەوە.

١٧- ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٦، هێزەکانمان لە ناوچەی ئاکرێ لەگەڵ جاشە ئێزیدی و زێبارییەکان تێکگیران و چوار جاشیان کوشت.

١٨- هێزێکـی حکـومەت بە یـارمەتی فەوجێـک لەگەڵ هێزێکـی گەورەی جاشـــان بەرەو ســـەفین "ســـپیگرە" هـــاتە پێشـــەوە کە پێشمەرگەکان بەرنگاریان بوونەوە و شکاندیانن.

١٩- سەعات پێنجی ئێوارەی ئەمڕۆ پێنج باڵەفڕی "میگی ٢١" بـۆ مـــاوەی ٢٠ دەقـــیقە گەلاڵەیـــان بۆمبـــاران کـــرد و ئوتـــۆمبیلێکی هـاووڵاتییەک بەر بۆمبـارانەکە کەوت و هـیچ زیـانێکی گیـانی بە دواوە نەبوو.

براتان ئیدریس
١٩٦٥/٥/٨ (پاشبەندی ٧)

جگە لەو نامەیە و نامەکانی تری ئیدریس بـارزانی لە بەرەکـانی شـــەڕدا کە لە لاپەڕەکـــانی دواییـــدا ئامـاژەیـــان بـــۆ دەکەم، نـــاوبراو کۆمەڵێک چالاکی تریشی لە بەرەکانی شەڕدا هەبووە کە نەکراون بە ڕاپۆرت، بەڵام پێشـمەرگەکان لەنێـو خۆیانـدا باسـیان لێدەکەن. لەم بارەیەوە حوسێن عەزیز حوسێن لە عەشیرەتی هەرکی بنەجێ دەڵێت:

- (ئـێمە ٤٠ کەس بـۆ مـاوەی ٨ مانـگ لە چیـای زۆزک بـووین. فەرماندەکەمان میتۆ ئەحمەد ستونی بوو. ڕۆژێک خوالێخۆشبوو

ئیدریس بارزانی هات سەردانی ئێمەی کرد. یەکێک لە پێشمەرگەکان بەناوی عیسا عومەر دری چوو بۆ لای و گوتی: "ئێمە هەشت مانگە لێرەین و دەڵێن دەبێ چوار مانگی تریش بمێنینەوە. بەڕاستی من تاقەت ناهێنم و ئەگەر دەتەوێ چوار مانگی تر لێرە بمێنمەوە، داوات لێدەکەم، یان ئیزن بدە بگەڕێمەوە، یان کەسێک بنێرە بمخەسێنێ." کاک ئیدریس قسەکەی زۆر پێخۆشبوو، لەبەر ئەوە دەمی خۆی گرت و پێکەنی و گوتی: "من ناتوانم ئیجازەی ئێوە بدەم، بەڵام من مەئمورم و دەچم ڕاپۆرتی خۆم دەدەم بە سەرۆک. تۆ ئامادەی ئەگەر سەرۆک بەو وتەیەت خەڵاتت بکات، یان سزات بدات؟" گوتی: "بەڵێ." کاک ئیدریس گوتی: "من دەڕۆم و دوای سێ ڕۆژ دەگەڕێمەوە و وەڵامت بۆ دێنمەوە." ئەو دوای سێ ڕۆژ هاتەوە و دە دیناری دا بە عیسا و گوتی: "ئەوە خەڵاتی تۆیە و بە ئێمەشی گوت خۆتان ئامادە بکەن، جەماعەتی فارس کورە مارکی دێن و ئێوە دەگۆڕن." بەم جۆرە ئێمەیان عەوەز کرد.)




هەرلەم بارەیەوە مستەفا ساڵح عەبدولا نێروەیی دەڵێت: (لە شەڕی هەندرێندا، هەرچەندە بارزانی خۆی سەرپەرشتیی شەڕەکانی دەکرد، بەڵام ئیدریس ڕاستەوخۆ لەوێ بوو تا شەڕەکە سەرکەوت. هەموو کارەکانی مەلا مستەفا لە دەست ئیدریسدا بوو. سەلاحیەتێکی پان و بەرینی هەبوو، مرۆڤێکی باوەڕپێکراو بوو، خەڵکی دەناسی و دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت

له‌گه‌ڵ خه‌ڵک بكات. له ساڵی ١٩٦٤وه چ ئه‌وكاته‌ی سه‌رقۆڵ بووم و چ ئه‌وكاته‌ش كه ئامر به‌تالیۆن بووم، من به‌تایبه‌تی پێوه‌ندیم به كاك ئیدریسه‌وه هه‌بوو و ئه‌و ئیشه‌كانی ڕاده‌په‌ڕاندم.)

هه‌رله‌و باره‌یه‌وه و ده‌رباره‌ی شه‌ڕی هه‌ندرێن فه‌ریق نعمان علوان سوهێل "مولازم خدر" یه‌كێك له فه‌رمانده‌كانی شه‌ڕی هه‌ندێن له حیزبی شیوعی عێراق له وتووێژێكی ڕاسته‌وخۆدا ده‌ڵێت:

(ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١ لیوای چواری سوپای عێراق له‌ژێر چاودێریی لیوا سه‌عید حه‌مۆ وه‌زیری به‌رگریی عێراق، به هاوكاریی ٤٠٠٠ جاش و هێزێكی تێكه‌ڵاو له تۆپخانه، به پشتیوانی فڕۆكی جه‌نگی هێرشی كرده سه‌ر چیای هه‌ندرێن. ئه‌وكاته له ده‌ربه‌ندی ڕایات



زه‌ماوه‌ندی مولازم ڕیاز بوو و ژماره‌یه‌كی كه‌م پێشمه‌رگه له چیاكه مابووین. ڕژێم نیوه‌ی چیای هه‌ندرێنی گرت. كه‌پكه موو به‌ده‌ست ئێمه‌وه بوو. بارزانی خۆمپاره‌ی ٨١ و ٨٢ و تۆپێكی ٢٥ ڕه‌تڵی بۆ ناردین و به‌و چه‌كانه توانیمان به‌سه‌ر دوژمندا زاڵ بین.

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١٠ من به پریشكی بۆمبارانی فڕۆكه بریندار بووم، به‌ڵام برینه‌كه‌م سوک بوو، ته‌نیا شه‌وێك له نه‌خۆشخانه مامه‌وه و ڕۆژی ١٩٦٦/٥/١١ گه‌ڕامه‌وه بۆ به‌ره‌ی شه‌ڕ. شه‌و بارزانی و كاك ئیدریس هاتن و له كۆسپی سپی له نزیک گوندی چۆمان كۆبووینه‌وه. كاك ئیدریس فه‌رمانده‌یی شه‌ڕه‌كه‌ی ده‌كرد. حكومه‌ت هێرشه‌كانی گه‌یانده گه‌رووی عومه‌رئاغا و زۆزک و به‌شێكی كه‌م له چیای زۆزک به‌ده‌ست پێشمه‌رگه‌كانه‌وه مابوو. چوونكه زۆزک به‌سه‌ر هه‌ندرێندا زاڵ بوو، ئه‌گه‌ر زۆزكیان به‌ته‌واوی گرتبا، ئێمه نه‌مانده‌توانی له هه‌ندرێن بمێنینه‌وه. له‌گه‌ڵ كاك ئیدریس بڕیارماندا به‌رگری له

زۆزک بکەیـن و نەهێڵـین بکەوێـتە دەسـت دوژمن.کـاک ئیـدریس کە فەرمانـدەیی هەمـوو بەرەکـانی شـەڕی دەکـرد نەیدەهێشت لـە هـیچ شـــتێکدا کەم بێنـــین و پردێکـــی گواســـتنەوەی کەلـــوپەل و پێداویسـتییەکانی لەنێـوان نـاوپردان و هەنـدرێن دروسـت کـرد وهەرچی دەمانەویست دەستبەجێ بۆی دەناردین.)

هەروەهـا کەمـال مـحەمەد ئەمـین مەحمووددەڵێـت: (لە شـەڕی هەندرێن لەگەڵ کاک ئیدریس هاتینە بەرزێوە. چەند ڕۆژێک بـوو کاک ئیدریس سەری خۆی نەشوشتبوو. گوتی کەمال هەندێکم ئاو بۆ گەرم بـکە، سـەرم بشـۆم. ئەوکـاتە تەنەکەی ڕۆن هەبـوو، دوو تەنەکەم بۆ گەرم کرد، پێی ناخۆشبوو، گوتی ئەو ئاوە لەسەر من حیسـابە، بـۆچی دوو تەنەکەت گەرم کـردوە، تەنەکەیەکـی لە ڕووبارەکە کردەوە.)

بەهەرحـاڵ، بە سـەرهەڵدانەوەی شـەڕ لە کوردسـتاندا، ڕژێمـی ئێـران پێوەنـدییەکانی خـۆی لە گروپـی ئیبـراهیم ئەحـمەدەوە گواستەوە بۆ پارتی دیموکرات و بـارزانی و هێڵـی پێوەندیی خۆی لەگەڵ شۆڕش لە گوندی "شابادین" لە ناوچەی بانەوە گواستەوە بۆ حاجی ئۆمەران. محەمەد ڕەزاشا، سەرهەنگ عەلـی مودەریسـی کە کورد و خەڵکی سنە و سەرۆکی ڕوکنی دووەمی سەربازگەی مهاباد بـوو لە جیاتی عیسا پژمان کرد بە بەرپرســی پێوەنــدییەکانی لەگەڵ شـۆڕش و چـوار خۆمپـارە "هـــاوەن"ی ٨١ میلـــیم و ٥٠٠ تفەنگی بڕنەوی نارد و لە مانگی یـــولی "تەمـــوز"ی ١٩٦٥یشـــدا، هەشت خۆمپـارەی تـری نـارد کە چواریان ١٢٠ میلیم بـوون لەگەڵ



ژمارەیەكی زۆری فیشەكی بڕنەو و تفەنگی ئینگلیزیی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگای بۆ پارتی دیموكرات كردەوە كە بریندارەكانی لە ئێران دەرمان بكات كە ئەوانە دەرفەتیان بۆ پێشمەرگەكان ڕەخساند كە زەبری قورس و كوشندە لە ڕژێمی بەعس بدەن. یەكەم شەڕی گەورەی ڕژێمی عێراق بۆسەر چیای سەفین بوو كە ڕەشید حاجی بەدری سندی فەرماندەی بوو. ناوبراو لە وتووێژێكی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١٦، لە ماڵی خۆی لە زاخۆ، پێی گوتم:

- (من فەرماندەی هێزی سەفین بووم. هێزی زەربەتی سوپای عێراق بە فەرماندەیی عەمید ڕوكن عیسا شاوەیی لەگەڵ تۆپخانە هاتن چیای سەفین بگرن. تاهیر عەلی والی جێگری من بوو. فارس باوە فەرماندەی بەتالیۆنی دەشتی هەولێر، نزیكەی ٦٠٠- ٧٠٠ كەس دەبوون. شەڕكەری باشبوون و سەید كاكە سەرلق بوو. عەریف عوسمان، محەمەدی حاجی، سەعدی عەزیز "سەعدی گچكە" سەرلق بوون و عەلی حەسەن بلباس ئامر بەتالیۆن بوو. سمكۆ عەلی و كاكڵی زاوای فارس باوە لەوێ شەهید بوون. لەو شەڕەدا نزیكەی ٣٠ شەهید و ١٤٠ بریندارماندا. شەڕێكی درێژخایەن بوو، ٥٤- ٥٥ ڕۆژی خایاند و درێژترین شەڕی بەرگریی بوو. هێزەكانی عێراق جگەلە هێزی زەربەت، نزیكەی ٤٠- ٥٠ هەزار جاشیان لە زاخۆوە تا خانەقین لەگەڵ بوو. هەندێك جار ئێمە دەشكاین و هەندێك جاریش دوژمن دەشكا. لە چوار جێی وەك: گۆمە ئەسپان، سەری مەیدان لەنێوان شەقڵاوە و مەسیف، لە سەری ڕەش و گوندی چنێران "چناران"ەوە بە تۆپ لێیان دەدراین و كاتێك تۆپخانە دەوەستا، تەیارە دەهاتە سەرمان. چیای سەفین قایم بوو. ئەوان بە ڕۆژ هێرشیان نەدەكرد و بەشەو دەهاتن. ئەوكاتە پارتی بەشی پاراستنی نەبوو، بەڵام سەرۆك بارزانی هەندێك خەڵكی خۆی هەبوو لەناو حكومەتدا لە بەغدا و هەولێر و

موسڵ هەبوو. بە هۆی ئەو خەڵکەوە، ئێمە زانیاریی تەواومان لە سەرۆک بارزانی وەردەگرت. ئاکامی شەڕەکە بەوە گەیشت کە ئەوان دەیانویست چیای سەفین بگرن و جادەی حاجی ئۆمەران بخەنە دەست خۆیان. دوو سێ کەپکی شەقڵاوەیان گرت، بەڵام لەو شەڕە درێژخایەنەدا سەرنەکەوتن.)

بە دوای شەڕی چیای سەفین، سوپای عێراق بە دوو لیوا و نزیکەی سێهەزار جاشی کورد و دووهەزار جاشی عەرەب، بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن زەکی حوسێن حیلمی، ڕۆژی ١٩٦٥/٤/٢٨ هێرشی کردە سەر چیای پیرەمەگرون و دەیویست سەرەتا بارەگای هێزی ڕزگاری لە گوندی "زێوە" داگیر بکات و پاشان بەرەو دۆڵی جافایەتی بچێت. دوژمن توانی گوندی زێوە و بەشێک لە چیای پیرەمەگرون داگیر بکات، بەڵام پێشمەرگەکان بە دژە هێرشێک بە فەرماندەیی تاریق ئەحمەد، دوژمنیان شکاند و ناچاریان کرد ناوچەکە بەجێهێڵێت. ئەو شکانەی دوژمن بەجۆرێک بوو کە هەموو پلانەکانی سەبارەت بە داگیرکردنی ناوچەکە پوچەڵ کردوە. هەروەها ڕۆژی ١٩٦٥/٦/٤ دوژمن بە لیواکانی ٣ و ٥ و ٢٠ و ٢٥ و بە هاوکاریی ژمارەیەکی زۆر جاش و بە پشتیوانیی یەکەیەکی فڕۆکەوانی لە بنکەی ئاسمانیی کەرکوک و دوو یەکەی تۆپخانە و یەکەیەکی تانک هێرشی کردە سەر ناوچەی قەرەداغ. لە پێنج ڕۆژی یەکەمی شەڕدا دوژمن توانی بەشێک لە ناوچەکە داگیربکات و پاشەکشە بە پێشمەرگەکان بکات.

لەو شەڕەدا حەمید بەرواری سەرلقی بەتالیۆنی پێنجەمی هێزی قەرەداغ ، قارەمانەتی گەورەی نواند. ناوبراو بەپێچەوانەی فەرمانی موقەدەم ڕوکن عەزیز ئاکرەیی کە فەرمانی کشانەوەی بە پێشمەرگەکاندا بوو، لە ناوچەکە پاشەکشەی نەکرد و لە ئاکامدا بەو نەکشانەوەی دوژمنی شکاند. دواتر مینێکی لەسەر ڕێگای

هـاتوچۆی ئوتۆمبێلەکـانی دوژمـن چانـد کە لەژێـر ئوتـۆمبێلی مـوقەدەم ڕوکـن مەحمـود عەزیـزو سـێ لە فەرمانـدەکانی دوژمـن تەقییـەوە. بە کـوژرانی ئەو چـوار ئەفسـەرانە، دوژمـن ناچـاربوو پاشەکشە بکات. دەنگۆی ئەو قارەمانەتییەی حەمید بەرواری لەنێو پێشـمەرگەکاندا بڵاوبـۆوە و پێشـمەرگەکان گەڕانەوە نـاوچەی قەرەداغ و دوژمنیان لە ناوچەکەیان دەرکرد.

مـوقەدەم ڕوکـن عەزیـز ئـاکرەیی بەبـێ لەبەر چـاوگرتنی ئەو سەرکەوتنە، لە نامەیەکدا بۆ بـارزانی داوای لێپێچینەوەی حەمید بەرواری کـرد بە تـاوانی لەژێـر پێنـانی فەرمـانی کشـانەوەی لە نـاوچەکە کە بـارزانی وەڵامـی دایەوە: حەمیـد بەرواری شـایانی خەڵاتکـردنە نەک لێپرسـینەوە و پـلەی فەرمانـدەی بەتـالیۆنی پێنجەمی پێبەخشی.

ڕۆژی ١٩٦٥/٦/٢٥ دوژمن بە لیواکـانی ٥ و ٢١ هێرشی کـردە سەر چیای ئەزمەڕ و پاش شەڕێکی خوێنـاوی یەک ڕۆژە تـوانی ئەزمەڕ داگیر بکات و خۆی بگەیەنێتە چوارتـا، لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان لاوازییان پێشاندا کە دوژمن توانی ئەو ناوچە گرنگە داگیر بکات.

لە کۆتایی پاییزی ساڵی ١٩٦٥ دوژمن بە هێزێکی گەورەی سوپا و ژمارەیەکی زۆر جاش، پەلاماری چیای "بەنی هەریر- زینەتیر"ی دا و لە شـەڕێکی دژواردا کە سـێ ڕۆژ بەردەوام بـوو، تـوانی چیـاکە داگیـر بکـات. لەو شـەڕەدا پێشمەرگەیەکی ئـازا بە نـاوی جەعفەر ساڵح مستەفا ئاکرەیی شەهید بوو.

لەشکری کوردستان بە مەبەستی پارچە پارچەکردنی هێزەکـانی سـوپای دوژمـن و لێـک بڵاوکردنیـان و هەروەهـا زیانگەیانـدن بە ئابووریی حکومەت، بڕیاریدا بیرە نەوتییەکان بکاتە ئامانج کە لە لایەک زیـانی ئـابووریی بە حکـومەت بگەیەنێت و لەلایەکـی تـردا نەهێڵێت هێزەکانی لە کوردستاندا کۆبکاتەوە. لەو چوارچێوەیەدا،

پۆلێک لە پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی محەمەد دەروێش نادر، بەنهێنی خۆیان گەیاندە بیرە نەوتییەکانی زەنبوور و لێیاندان. ئەم کردەوەیە، کاری گەورەی کردە سەر بەغدا و ناچاری کرد دوو فەوج سەرباز و نزیکەی هەزار جاش لە مەیدانەکانی شەڕ بکێشێتەوە کە پارێزگاریی لە بیرە نەوتییەکان بکەن.

## تاکتیکی نوێ لە شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندز

لە لاپەڕەکانی پێشوودا بینیمان، لە شەڕەکاندا دوژمن هێرشی دەکردە سەر ناوچەی پێشمەرگەکان و پێشمەرگەش حاڵەتی بەرگریی بەخۆیەوە دەگرت. ئەمجارەیان فەرماندەیی لەشکری پێشمەرگە لە بەرەی ڕەواندز، تاکتیکێکی نوێی بەکار هێنا بەمەبەستی دورخستنەوەی دوژمن لەو ناوچەیە. بە سەرکەوتنی پێشمەرگە لەو تاکتیکە نوێیەدا، ناوچەیەکی بەرینتر لە کوردستان ئازاد دەکرا. لەو تاکتیکە نوێەدا، سەرەڕای دابەشکردن چەند خۆمپارەی ١٢٠، بارزانی کە مەسعود بارزانیشی لەگەڵ بوو، لە ڕۆژانی ١٩٦٥/٨/١ و ١٩٦٥/٨/٥دا بەرەکانی شەڕی بناری چیای هەندرێن و چیای سەرتیزی بەسەر کردەوە و چاوی بە فەرماندەکانی ئەم بەرانەی شەڕ کەوت و دوای ڕێنوێنی کردنیان، گەڕایەوە بۆ بارەگاکەی.

پێشمەرگەکان دوای وەرگرتنی فەرمان و خۆمپارە بارانی خەستی مۆڵگەکانی دوژمن، کاتژمێر ٢١:٠٠ی ١٩٦٥/٨/٦ هێرشیان کردە سەریان و لە یەکەم کاتژمێری هێرشەکەدا، پێشمەرگەکان دوو پێگەی گرنگی دوژمنیان لە چیای کۆڕەک گرت، بەڵام لە پێگەی "کەپکە قەڵەو"دا بەرەو ڕووی بەربەرەکانی سەخت بوونەوە و نەیانتوانی بیگرن. ئەمەش وایکرد کە نەتوانن دەست بەسەر گەلی

عەلی بەگدا بگرن. لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگە بریندار بوون كە یەكێك لەوان مولازم ڕیاز بەدرخان فەرماندەی بەتالیۆنی حیزبی شیوعی بوو كە چاوێكی لەدەستدا. هەروەها دوژمن ٤٠ كەلاكی كوژراوەكانی خۆی لە مەیدانی شەڕەكەدا بەجێهێشت.

لە بەرەی ملتۆكر، سەربازەكان ڕایانكرد و مۆڵگەكەیان بەجێهێشت و پێشمەرگەكان دەستیان بەسەر مۆڵگەكەدا گرت. لەوە گرنگتر ئازادكردنی گەرووی عومەر ئاغا بوو كە جێیەكی زۆر مەترسیدار و ستراتیژی بوو. پێشمەرگەكان لە بەرەبەیانیدا لە دوو مۆڵگەی پشت گوندی "بادلیا" و "دێڵزیا" كشانەوە. هۆی كشانەوەكەیان ئەوە بوو كە ئەو دوو مۆڵگەیە لەژێر دید و تیری مۆڵگەیەكی ئازادنەكراوی دوژمندا بوو.

لە بەرەی كۆڕەك زیانێكی گەورە لە پێشمەرگەكان كەوت، لە كاتێكدا پێشمەرگەكان خەریكی حەسانەوە بوون، ڕیزێك گوللە تۆپ كەوتنە نێوانیان و لە ئاكامدا ٢٧ پێشمەرگە شەهید بوون. ئەو كارەساتە پێشمەرگەكانی لە هێرش كردن بۆسەر كۆڕەك سارد كردەوە.

شەڕ لە ناوچەی ڕەواندز تا ڕۆژی ١٩٦٥/٨/٢٣ بەردەوام بوو. سەبارەت بە زیانی دوژمن لەو شەڕانەدا، مەسعود بارزانی لە ژێرنوسی ژمارە ٣ی لاپەڕەی ٢٠٢ی كتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەكەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- (بە گوێرەی ئەو زانیارییە باوەڕپێكراوانەی گەیشتە دەستمان، زیانی هێزەكانی حكوومەت لەم شەڕانەدا ٢٧٥ كوژراو و ٣٨٧ بریندار بوو.)**

ئەم تاكتیكەی پێشمەرگەكان لە ناوچەی ڕەواندز گۆڕانی زۆری بەسەر نەخشەی بەرەكانیدا نەهێنا، لەبەر ئەوە بارزانی

فەرمانیدا بەشوێن ئەو تاکتیکە نەکەون و هێڵەکانی داکۆکی کردنی خۆیان پتەو بکەن و وریایی لەدەست نەدەن و بە توندی وەڵامی جوڵەکانی دوژمن بدەنەوە.

سوپای عێراق لە بەرامبەر ئەو تاکتیکەی لەشکری کوردستاندا، کاردانەوەیەکی دڕندانەی لەخۆی پێشاندا. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٠٣ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (لەوکاتەدا خێزانی ئێمە لە هاوینەهەواری کۆدۆ بوون لە نزیک حاجی ئۆمەران. ناوچەکە پڕ بوو لە خێڵی کۆچەر. وادیاربوو لایەنە حکوومەتییەکان لەوە ئاگەدار کرابوون کە ئێمە لە کوێین، چوار باڵەفڕی هۆکەر هەنتەر کەوتنە بۆمباران کردنی ئەو شوێنەی خێزانی ئێمەی لێبوو، بەڵام باڵەفڕەکان نیشانەی خۆیانیان نەپێکا و بۆمبەکانیان بەسەر کۆمەڵێ ماڵی کۆچەردا فڕێدا کە خزمانی حاجی محەمەد ئەمینی بۆڵێ و حاجی عومەری بۆڵێ بوون. چوار کەسیان شەهید بوون کە دووانیان منداڵ بوون و ١٤ کەسیش بریندار بوون کە بەشی زۆریان ئافرەت بوون.)

لە کاتێکدا هێشتا پەلەکانی پێشمەرگە بە شەڕەکانی ناوچەی ڕەواندزەوە خەریکبوون لیوای چواری سوپای عێراق بەهاوکاریی لیوای بیست و لەژێر ئاگری تۆپخانەو فڕۆکە بۆمبهاوێژەکاندا، ڕۆژی ١٩٦٥/٩/٦ هێرشێکی بەربڵاوی کردەسەر ناوچەی ڕانیەو کێوەڕەشی داگیر کرد. هۆی ئەو سەرکەوتنەی دوژمن پتر بۆ کەمترخەمی تاریق ئەحمەد فەرماندەی پێشمەرگەکان دەگەڕایەوە کە بە بەردەوامی دووپاتی دەکردەوە کە هێزەکانی دوژمن هەرگیز ناتوانن کێوەڕەش بگرن، کەچی قسەکەی ڕاست نەبوو و کاتی

هێرشـــی دوژمـــن خۆیـــان ڕانەگـــرت و تـــا "ماخووبزنـــان" و دۆڵـــی شـــەهیدان و بنـــاری مامەنـــدە و هەڵشـــۆ كشـــانەوە. لە بەرامـــبەردا پێشـــمەرگەكانی مەرگە كە مـــام وســـو دزەیـــی فەرماندەیان بـــوو، توانیـــان بە لەخۆبـــوردوویی تـــا ڕۆژی ١٩٦٥/٩/١٠ خۆیـــان ڕابگـــرن و دواتر پاشەكشە بكەن.

بە كشانەوەی پێشمەرگەكان لەو ناوچەیە و سەركەوتنی ڕژێم لە شەڕەكاندا، كاربەدەستانی حكومەت لەو باوەڕەدابوون كە دەتوانن میراودەلییەكـان لە شۆڕش دووركەنەوە و ڕایانكێشنە لای خۆیـان، بەڵام شێخ حوسێن بۆسكین و مەحمودی هەباس ئاغای و بـاییزی بابەكر ئاغا و ژمارەیەكی تر ئەو هیوایەی دوژمنیان كوێر كردەوە. پاش داگیركردنی قەڵادزێ لەلایەن دوژمنەوە، عەبدولسەلام عـارف هاتە ئەو شارە و وتارێكی گەوجانەی بۆ سەربازەكان خوێندەوە و گوتی: **(ئەمە خاكێكی عەرەبانە، ئەوەی ڕازی نییە با ملی خۆی بشكێنێ و بڕوا.)**

داگیركردنـــــی قەڵادزێ لەلایەن دوژمـــــنەوە دەنگـــــدانەوەیەكی ناخۆشـــی لـــێكەوتەوە و نـــاوچەیەكی بەرفـــرەوان كەوتە دەســـت جاشـــەكان و هێزەكـــانی ســـوپای عێـــراقەوە، لەبەر ئەوە تـــاریق ئەحمەد ئەركی فەرماندەیی هێزی ڕزگاری لێوەرگیرایەوە و حەسۆ میرخـــان ژاژۆكـــی كـــرا بە فەرمانـــدەی هێـــزی ڕزگـــاری. بارەگـــای مەكتەبی سیاسی لە هەڵشۆوە گوێزرایەوە بۆ نـاوچەی ناودەشت و لە بـــۆڵێ دانـــرا و لە زستانیشـــدا گـــوازرایەوە بـــۆ گەلـــی بەدران. نەخۆشـــخانەیەكی مەیـــدانییش بـــۆ خزمەتكـــردن بەخەڵـــك و پێشمەرگەكان لە گوندی بۆڵێ دانرا كە دوكتۆر حیكمەت حەكیم بەڕێوەی دەبرد.

## مردنی عەبدولسەلام عارف و پلانی نوێی ڕژێم بۆ کورد

ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٣ عەبدولسەلام عارف لەکاتێکدا بەسواری هێلیکۆپتەر دەچوو بۆ باشوری عێراق، بەهۆی ڕووداوێکی گوماناوی، یان گەردەلوولی لمیی، هێلیکۆپتەرەکەی لە ئاسمانەوە کەوتەخوار و لەگەڵ چەند گەورە بەرپرسی عێراقی لە ئاگردا سوتا. لە کاتی کەوتنی هێلیکۆپتەری عەبدولسەلام، عەبدولڕەحمان محەمەد عارفی برای کە وەکیلی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بوو، لە مۆسکۆ بوو، بەڵام بەبیستنی مەرگی براکەی دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ عێراق.

مەرگی عەبدولسەلام و دیارییکردنی جێنشینی ئەو، ناکۆکی خستە نێوان حکومەتەکەی عەبدولڕەزاق بەزاز و کاربەدەستانی باڵای عێراق کە سەرئەنجام پۆستی سەرۆکایەتی عێراق بە عەبدولڕەحمان محەمەد عارفی برای سپێردرا. بەرلە مردنی سەلام عارف، عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگریی عێراق پلانێکی لەژێر ناوی "توکلت علی اللّە" داڕشتبوو و دەیویست ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٥ پلانەکەی لەسەر کوردستان جێبەجێ بکات کە مەرگی سەلام عارف ڕێی پێنەدا.

عەبدولڕەحمان محەمەد عارف بەچەشنی براکەی سەرۆکێکی شەڕخواز نەبوو، پێیخۆشبوو کێشەی کورد لە عێراقدا بە گفتوگۆ و ئاشتنی چارەسەر بکات. لەبەر ئەوە ڕۆژی ١٩٦٦/٤/١٨، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی پێکهێنا و لەودا داوای لە کورد کرد کە یەکێتی وڵات بپارێزن و لەگەڵ برا عەرەبەکانیان ئاسایشی نیشتمان بپارێزن. ڕۆژی ١٩٦٦/٤/٢٨ نوێنەرێکی خۆی بە ناوی زەید محەمەد عوسمان ناردە گەڵاڵە کە چاوی بە بارزانی بکەوێت. لەو چاوپێکەوتنەدا بارزانی سوپاسی ئەو دەستپێشخەرییەی

سەرکۆماری کرد، کەچی دوای گەڕانەوەی زەید بۆ بەغدا جەوەکە گۆڕا.

ئەفسەرە گەورەکانی سوپا دژی ئەو دەستپێشخەرییەی سەرکۆمار ڕاوەستان و گوشاریان خستەسەر کە پلانی "توکلت علی اللّٰە" لە کوردستان جێبەجێ بکرێ. چونکە عەبدولڕەحمان کەسێکی خاوەن هەڵوێست نەبوو، لەسەر هەڵوێستی خۆی نەمایەوە. یەکێک لە هۆیەکانی سوور بوونی عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگریی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی، جیابوونەوەی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد بوو لە پارتی دیموکرات و شۆڕش کە بەڵکوو بتوانێ بە هاوکاریی ئەو تاقمە کە ساڵی ١٩٦٥ لە ئێرانەوە گەڕابوونەوە لای شۆڕش و لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٦وە پاڵیان بە حکومەتەوە دابوو، شۆڕشی کوردستان تێکبشکێنێت. بەو تێبینییە، عەبدولڕەحمان محەمەد عارف ڕەزامەندی پێشاندا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە و پێوەندیی خۆی لەگەڵ بارزانی بڕی.

دوژمن بۆ جێبەجێکردنی پلانی "توکلت علی اللّٰە" چەند تاکتیکی بەربڵاو و مەترسیداری بۆ پاشەڕۆژی شۆڕشی کوردستان دەستنیشانکرد کە ئامانج داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش بوو لە ناوچەی باڵەک و پاشان کەرتکردنی کوردستانی ئازادکراو بۆ دوو کەرت و بڕینی پێوەندیی ئەو دوو کەرەتە بە یەکتر. بەم مەبەستە هێزەکانی دوژمن قورسایی هێرشەکەیان خستەسەر دوو چیای هەندرێن و زۆزک کە بەسەر ڕێگای هاملتۆندا دەڕوانن و ناوچەی باڵەک دەبڕن و ئەو هێزانەی خوارەوەشیان بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکە تەرخان کرد:

- لیوای ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ١٤ و ١٥ بە هاوکاریی ١٥ هەزار جاش.

- هەردوو بنکەی ئاسمانیی کەرکوک و موسڵ کە خاوەن دوو پۆل فڕۆکەی میگ و دوو پۆل فڕۆکەی هۆکەر هەنتەر و هەشت بۆمبهاوێژی ئیلیووشێن و شەش بۆمبهاوێژی باجەڕ- تۆپولیفی ١٦ بوون.

- پێنج یەکەی تۆپخانە: یەکەی ١٢٢ میلمی کەوان، یەکەی تۆپخانەی ١٢٠ میلمی مەیدانی، یەکەیەکی تۆپخانەی ٢٥ ڕەتڵی کێوی، یەکەیەکی تۆپخانەی ٧٥ میلم و یەکەیەکی تۆپخانەی ٤/٢٠ میلم و شەش تۆپی ٥/٥ی گرێ.

سەرکردایەتی شۆڕش ئاگای لە پلان و نەخشەی دوژمن هەبوو، بەڵام بەهۆی مردنی عەبدولسەلام عارفەوە نەیدەزانی کەنگی پلانەکەیان جێبەجێ دەکەن. لەبەر ئەوە، بەتەواوی خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکان ئامادە نەکردبوو.

ڕۆژی ٢- ١٩٦٦/٥/٣، زۆربەی فەرماندەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی هەندرێن لە ئاهەنگی ژن گواستنەوەی مولازم "ڕیاز"دا بوون. بەم هۆیەوە مولازم ڕیاز کە خۆی یەکێک بوو لە فەرماندە چالاکەکانی پێشمەرگە، بارەگای فەرماندەیی خۆی بەجێهێشتبوو. دوژمن بەو زانیارییە، لە هەل کەڵکیوەرگرت و زۆر شوێنی گرنگی چیای هەندرێنی داگیر کردو زۆزک و دەرگەڵەو بەرسیرینیشی خستە دەست خۆی و بەم جۆرە توانی بەشی یەکەمی پلانەکەی جێبەجێ بکات.

بەشی دووەمی پلانی دوژمن بە داگیرکردنی گەڵاڵە و بەشی سێیەمیشی داگیرکردنی حاجی ئۆمەران بوو. سەعید حەمۆ فەرماندەی لیوای پێنجەمی سوپای عێراق کە هەوای سەرکەوتن مێشکی ئاخنی بوو و سەرخۆشی سەرکەوتنەکان بوو، گوتبووی: (هەتا دەگەمە حاجی ئۆمەران، ڕیشم دەهێڵمەوە.)

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/٢، هێزی باڵەک لە بروسکەیەکدا بۆ بارزانی ڕایگەیاند هێزەکانی سوپا لە بەرەی هەندرێن پشێوییان تێکەوتووە. بارزانی بە وەرگرتنی ئەم بروسکەیە، دەستبەجێ ئیدریس بارزانی نارده ئەو بەرەیە کە لە ڕاستیی ڕووداوەکان ئاگاداری بکاتەوەو نەهێڵن دوژمن پتر پێشڕەوی بکات. بە گەیشتنی ئیدریس بارزانی بۆ بەرەی شەڕ، لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە کۆبۆوە و لەو کۆبوونەوەیەدا فەرماندەکان بڕیاریاندا هەتا مردن، ناهێڵن چیتر دوژمن بێتە پێشەوە و هەرلەو کۆبوونەوەیەدا بروسکەیەکیان بۆ بارزانی نارد و پەیمانیان پێدا کە دوژمن دەبەزێنن.

ئەرکی مەزنی داکۆکی لە چیای هەندرێن لە ئەستۆی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بوو، لەبەر ئەوە شەڕەکەیان بە شەڕێکی مان و نەمان دەزانی و پێشمەرگەکانی تریش لەم هەستەدا هاوبیر و هاوبەشیان بوون.

چیای هەندرێن بە بۆمبای سوتێنەر و ناپاڵمی دوژمن بەتەواوی لە گڕدا دەسوتا و گوللەی تۆپ و خۆمپارەی دوژمن بست بە بستی چیاکەی دەکێڵا، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەکان وانەیەکی لەبیرنەکراویان بە دوژمندا.

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/٣، شەڕێکی گەورە لە زۆزک و گەرووی عومەرئاغا ڕوویدا. فڕۆکەکانی دوژمن ٧٩ جار ناوچەکەیان بۆمباران کرد.

ڕۆژی ١٩٦٦/٥/٦، دوو لیوای عێراق بە پشتیوانی تۆپخانە و فڕۆکە، بەنیازی داگیرکردنی گەرووی عومەرئاغا سەرلەنوێ هاتنە پێشەوە. لە شەڕێکی دژواردا ژمارەیەک لە فەرماندە قارەمانەکانی پێشمەرگە، وەک: یونس بیرێژی، ناجی بێرۆخی، ئەحمەد حاجی محەمەد و میخائیل شەهیدبوون و دوژمن هەندێک شوێنی گرنگی گرت.

لەوکاتەدا، مام وسو دزەیی لەگەڵ هێزێک بۆ یارمەتیدانی هێزی باڵەک گەیشتە زۆزک. ئیدریس بارزانی لە نامەیەکیدا بۆ مەسعود بارزانی کە ئەویش لە لاپەڕەی ۲۱۸ کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ۱۹٦۱- ۱۹۷۵"دا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێت:

- (بەهۆی ئەو زیانە گەورەوە کەوا لە پێشمەرگە کەوتبوو، ناچار بوون زۆزک چۆل کەن، ئا لەوکاتەدا کە ئەوان زۆزکیان چۆل دەکرد، هێزەکانی مام وسو گەیشتنەجێ و چوونە پاڵ ئەوانەی داکۆکیان لە چیاکە دەکرد و هێرشێکی بەرامبەریان برد و توانیان بەو هێرشە چیاکە لە دوژمن بستێننەوە. ئەگەر مام وسو پاش ئەم کارە مەزنە مەردانەیەی بەجێی هێنا، گرانبەهاترین شتمی لێ داوا بکردمایە کە گیانمە، دەستم بەڕوویەوە نەدەنا و دەمدایە.)

مەسعود بارزانی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیەی ئیدریس بارزانی، سەبارەت بە هێزە یارمەتیدەرەکانی پێشمەرگە لە شەڕەکاندا، لە پاشبەندی ۲٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ۱۹٦۱- ۱۹۷۵"، دەڵێت:

- (لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمندا دوو بەتالیۆن بە سەرکردایەتی عەریف عوسمان و حەسەن عەلی لە هێزی دەشتی هەولێر و بەتالیۆنێک بە سەرکردایەتی مستەفا حاجی ئەمین لە هێزی سەفین و هێزێک لە لەشکری یەک بە سەرکردایەتی فارس کوورە مارکی هاوکارییان کرد.)

## ئیدریس دەبێت بە بەرپرسی بارەگای بارزانی

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا کە ئاماژەم بۆ کردن، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری پێکهێنانی کۆنگرەی حەوتەمی ڕاگەیاند. بۆ ئەو مەبەستە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦دا لیژنەیەکی ئامادەکاری کونگرەی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و علی عەبدولا و نوری شاوەیس کە لە گروپی ئیبراهیم ئەحمەدەوە گەرابوونەوە، پێکهێنا و دوای هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە لە ڕیزەکانی پارتیدا، کۆنگرە ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٥ بە بەشداریی ٢٤٥ نوێنەر دەستی بەکارەکانی کرد و پێنج ڕۆژی خایاند.

لەو کۆنگرەیەدا بە پەیڕەوی کردن لە کۆنگرەی شەشەم بۆ بە ڕێکخراو کردنی شۆڕشی ئەیلول، بڕیاردرا چەند ڕێکخراوی تریش بۆ خزمەتکردن بە خەڵک لە ناوچە ئازادکراوەکان دامەزرێنن، وەک دامەزراندنی دەزگای زانیاریی "پەروەردە" و دەزگای تەندروستی و بنکەی تەندروستی ئاژەڵ و پەروەردەکردنی کادیر بۆ ئەو دەزگایانە و...تد. هەروەها لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە بڕیارێکی گرنگیاندا کە دابی "ژن بە ژنە و کچ بە زۆر بەشودان و گەورە بە بچووک" لە کوردستاندا نەهێڵدرێت.

کۆنگرە بەدەنگی تێکڕایی مەلا مستەفای بەسەرۆکی پارتی هەڵبژاردەوە و ئەم کەسانەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و دەستەی چاودێر هەڵبژارد: حەبیب محەمەد کەریم، دوکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، علی عەبدولا، نوری شاوەیس، مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدولڕەحمان"، عزیز ئاکرەیی، شەوکەت ئاکرەیی، هاشم ئاکرەیی، حەمەدەمین بەگ، عەلی سنجاری، نوعمان عیسا، شەفیق ئەمین، فاتح محەمەدئەمین، شێخ

محەمەد، مەجید ئەتروشی و ئەحمەد ئەتروشی. لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندییدا، حەبیب محەمەد کەریم، دوکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، علی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی عەبدولڕەحمان"، عزیز ئاکرەیی بە ئەندامەتی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران و حەبیب محەمەد کەریم پۆستی سکرتێری پارتی پێبەخشرا. هەروەها ڕەشید عارف ئەتروشی، نەجمەدین یوسفی، مەلا حەیدەر حەمەد، سەبری بۆتانی و مەلا ساڵح حاجی بۆ دەستەی چاودێر هەڵبژێردران و ڕەشید عارف کرا بە سەرۆکی ئەو دەستەیە.

کۆنگرە بڕیاریدا سەرۆک بارزانی یادداشتێک بۆ سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بنێرێ و داوای جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزێرانی ١٩٦٦یان لێ بکات. کۆنگرە هەروەها چەند بڕیاری سەبارەت بە کاری ڕێکخراوەیی و سەربازیی پارتی پەسەندکرد و دەستورێکی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئامادە کرد.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات لە یەکەم هەنگاویدا بە دوای کۆنگرەی حەوتەم، دەزگای پاراستن "هەواڵگری و ئاسایش"ی شۆڕشی لە ساڵی ١٩٦٧دا دامەزراند. ئیدریس بارزانی کرد بە بەرپرسی بارەگای بارزانیی و مەسعود بارزانی یاریدەدەری. لەو ساڵەدا مەکتەبی سیاسی لەسەر پێشنیازی مەسعود بارزانی دەزگای ئاسایش و هەواڵگریی دامەزراند کە ناوی دەزگای پاراستنی لێنا. ژمارەیەکی زۆر کاریان بۆ ئەو دەزگایە دەکردو مەسعود بارزانی بە هاوکاریی شەکیب ئاکرەیی کاروباری دەزگای پاراستنی لە ئەستۆ گرت.

بە دوای کۆنگرەی حەوتەمی پارتیدا عەبدولڕەحمان عارف سەرکۆماری عێراق ١٩٦٦/١٠/٢٨ چاوی بە بارزانی کەوت. هەروەها

چەندجارێک داوای لە بارزانی کرد کە ئیدریس و مەسعود بارزانی بنێرێتە بەغدا کە چەند ڕۆژێک میوانی بن. بەم بۆنەیەوە بارزانی قەبووڵی کرد هەرکام لە ئیدریس و مەسعود لەگەڵ لیژنەیەکدا بچن بۆ بەغدا و چەند دیدارێک ئەنجام بدەن. لەو چوارچێوەیەدا، ڕۆژی ١٩٦٦/١١/١٦ ئیدریس بارزانی چوو بۆ بەغدا و بۆ ماوەی هەفتەیەک میوانی سەرکۆمار بوو. لەو دیدارەیدا چاوی بە چەند بەرپرسی باڵای حکومەت و ژمارەیەک دۆستی کورد کەوت. دوای گەڕانەوەی ئیدریس، حەبیب محەمەد کەریم، ساڵح یوسفی و بەدوای ئەوانەدا مەسعود بارزانی ڕۆژی ١٩٦٧/٣/١٩، لەگەڵ نافیز جەلال و موحسین دزەیی چوو بۆ بەغدا و لەگەڵ ئەو دوو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیی یەکتریان گرتەوە و دیدارەکانیان ئەنجامدا. مەبەستی عەبدولڕەحمان عارف و کاربەدەستانی عێراق لەو دیدارانەدا پتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە عەبدولڕەحمان و کاربەدەستانی حکومەتی عێراق بە ڕای گشتیی دەرەوە بگەیەنن کە کێشەی کوردیان چارەسەر کردوە، ئەگەرنا چوونی ئەو بەڕێزانە بۆ بەغدا، جگەلە دیداریان لەگەڵ دۆستانی کورد، سەردانێکی ئاسایی بێسود بوو. لەو سەردانەیدا بەڕێز ئیدریس بارزانی لە هەل کەڵکی وەرگرت و بەپێچەوانەی خواستی عەبدولڕەحمان عارف، لەگەڵ موحسین دزەیی چوو سەردانی سەید موحسین حەکیمی کرد کە پێوەندی باشی لەگەڵ بارزانی هەبوو. لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- (من دووجار لەگەڵ کاک ئیدریس و کاک مەسعود چووم بۆ بەغدا. بە ڕواڵەت عەبدولڕەحمان عارف بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە بانگهێشتی کردبووین. لەوێ سەرەڕای دیدارەکانمان، کاک ئیدریس لە هەل کەڵکی وەرگرت و گوتی دەچین سەردانی

سەید موحسین حەکیم دەکەین. عەبدولڕەحمان عارف بەهۆی مەسەلەی تایفییەوە لای گران بوو، بەڵام دواتر کارئاسانییان بۆ کردین‌و ئێمە چووین سەردانمان کرد. دووبارە لەگەڵ کاک مەسعودیش ئەو سەفەرەم بۆلای سەید موحسین حەکیم کردەوە. بنەماڵەی حەکیم پێوەندی باشیان لەگەڵ بارزانی هەبوو.)

## ساڵی ١٩٧٨ بەشەڕ و ئاژاوە دەست پێدەکات

هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە بۆ گەڕێکی تری شەڕ ئامادە کران. غازی حاجی مەلۆ لە ناوچەی شێخان بە پشتیوانی ڕژێم لە شۆڕش یاخی بوو. ناوبراو مەترسیی ئەوەی لێدەکرا کە هێزەکانی ڕژێم بگەیەنێتە ناوچە ئازادکراوەکان و ئەو کارەشی کرد، بەڵام هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیان پێکرد. جاشەکان جموجۆڵێکی شەڕفرۆشانەی زۆریان لەخۆیان نواند، کەمینیان بۆ پێشمەرگە دادەنا و ڕێگەیان بە خەڵک دەگرت.

بەم بۆنەیەوە، بارزانی بروسکەیەکی ئاراستەی سەرکۆمار، سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئەرکانی سوپا کرد و داوای لێکردن، سنورێک بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنێن. ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری سەرۆکی ئەرکانی سوپا وەڵامی بارزانی دایەوە کە جموجۆڵی سوپا بۆ پاراستنی ئاسایشە و جەختی لەسەر نیازپاکی حکومەت کردەوە. لە بەرامبەر ئەو وەڵامەی ئیبراهیم فەیسەڵدا، بارزانی فەرمانیدا بە هێزەکانی پێشمەرگە کە وریا بن و بەتوندی بەرگریی لەخۆیان بکەن. پێشمەرگەکان بەگوێرەی ئەو فەرمانە هەڵسوکەوتیان کردو وەڵامی جموجۆڵ و دەستدرێژییەکانی دوژمنیان دایەوە و لە گەڵەزەردە چەند سەربازیان کوشت و فەرماندەی سەربازەکانیان بەناوی مولازم حەمید عەمماش بەدیل گرت، بەڵام دواتر لەسەر داوای شێخ نازم عاسی ئازادیان کرد.

لە دشتی هەولێر یەکەیەکی سوپا بە هاوکاریی جاشەکان هێرشیان کردە سەر چەند گوندێک کە پێشمەرگەکان لێیاندان و سەربازێک و حەوت جاشیان کوشت و دوو جاشیشیان بەدیل گرت. بە دوای ئەو ڕووداوانەدا، هەریەک لە سەرکۆمارو سەرۆکوەزیران وەڵامی بروسکەکەی بارزانییان دایەوە. شێخ بابە عەلی شێخ

مەحمود و ئیحسان شێرزاد ئەم دوو نامەیەیان گەیاندە دەست بارزانی. لە نامەکەیاندا ئومێدی گەڕانەوەی ئارامی و ئارام بوونەوەی کوردستانیان خواستبوو.

عەبدولڕەحمان محەمەد عارف لەگەڵ ناردنی ئەو نامەیەی بۆ بارزانی چوو بۆ فەرەنسا، بەڵام داوای لە بارزانیی کرد، دوای گەڕانەوەی لە فەرەنسا پێیخۆشە ئیدریس بارزانی بنێرێتە بەغدا کە چەند بابەتی زۆر گرنگ هەیە، بەودا بۆ بارزانی بنێرێت کە ئەو سەفەرەی کاک ئیدریس سەری نەگرت.

عەبدولڕەحمان بۆ ئەوە چووبوو بۆ فەرەنسا کە پۆلێک فڕۆکەی میراژ بکڕێت کە بە هەوڵی میر کامەران بەدرخان و ڕۆژنامەنوسیی فەرەنسی "ڕێنی مۆریس" نوسەری کتێبی "کوردستان یا نەمان" کە دۆستی ژەنەراڵ دیگۆل سەرکۆماری فەرەنسا بوو، نامەیەکی بارزانییان کە دەستبەجێ ئاراستەی ژەنەراڵ دیگۆلی کرد و پێیراگەیاند: عێراق ئەو فڕۆکانە بە دژی کورد بەکار دەهێنێت، دەوڵەتی فەرەنسا لە فرۆشتنی فڕۆکە بە عێراق چاوی پۆشی کرد. دواتر دیگۆل بە ڕێنی مۆریس دەڵێت:

- (دیتت چۆن تکای دۆستەکەم "مەبەستە لە بارزانی" بەجێهێنا و ڕێگەم نەدا مامەڵەی میراژ سەربگرێت.)

ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١٣، پێشمەرگەکان لە دەشتی هەولێر سەرۆک جاشێکی عەرەبیان بەناوی شێخ حەنەش و چەند جاشی هاوڕێیان کوشت. ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١٥، شەڕ لە دەشتی هەولێر گەرم بوو. دوژمن دەیویست تۆڵەی شێخ حەنەش و جاشە عەرەبەکانی بکاتەوە. لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان لە دوو تفەنگی ١٠٦ میلم کەڵکیان وەرگرت. بە ڕاپۆرتی فارس باوە فەرماندەی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر، پێشمەرگەکان چەند تانک و ئوتۆمبیلی دوژمنیان تێکشکاند و ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١٨ دوژمنیان شکاند و پاشەکشەیان پێکرد. لەو شەڕەدا

دوژمـــن ٦٠ کـــوژراوی لـە مـەیـــدانی شـــەڕدا بـەجێهێشـــت و ٨٤ چەکداریشـــی بریـنـــدار بـــوون. هەروەهـــا لـە شـــەڕەکەدا دوو پێشمەرگەش شەهید و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون.

## دوو کودەتا لە مانگێکدا

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بە پێنج کودەتای سەربازیی کرد کە لە ساڵی ١٩٥٨وە تا ئەم دوو کودەتای کە دەمەوێ ئاماژەیان بۆ بکەم، ڕێژەیان لە ماوەی دە ساڵدا دەبێتە حەوت کودەتا. هیچکام لەو کودەتایانە نەیانتوانی ئاسایش و ئەمنیەتی عێراق بپارێزن و کودەتاچییەکانیش توانایان نەبوو کە عێراق بەرەو دیموکراتیی بەرن و مافی مرۆڤ بپارێزنو دان بەمافی نەتەوەی کورد، تورکمان و کریستیان لە عێراقدا بنێن. کودەتاچییەکان کە بەتێکڕا ئەندامانی سوپا بوون، حکومەتیان لەنێوان ئەفسەرانی کودەتاچیدا ئەم دەست و ئەو دەست کرد و هەزاران کەسی بێتاوانیان کوشت و سەدان میلیار دۆلاریان زیانی ئابووریی بە عێراق گەیاند و گیانی خۆشیان لە کودەتایەکانیاندا پێ ڕزگار نەکرا.

هۆی سەرهەڵدانی ئەو کودەتایانە لە عێراق بۆ دوو دیاردەی بەستراوە بەیەکتر دەگەڕێتەوە. یەکەمیان وڵات لەلایەن سوپاوە بەڕێوە دەچێ و حکومەتەکەیان حکومەتی سەربازییە و دووەم لە حیزبی بەعسی دیکتاتۆردا جگە بەڕێگای کودەتا هیچ گۆڕانێک لە ستروکتور و شێوەی بەڕێوبەریی وڵاتدا بەدی نایەت. لە کودەتاکانیشیان پترلە تاقیکردنەوەی کودەتای فیبرواریی "شوبات"ی ١٩٦٣ و مرۆڤی خاوەن دەسەڵاتی ناو حکومەتەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە.

ڕۆژی ١٩٦٨/٧/١٧، عەبدولڕەزاق نایف، ئیبراهیم داود و سەعدون غێدان کودەتایان بەسەر عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا کرد. بە دوای ئەو کودەتایەدا بەعسییەکان لە ١٩٦٨/٧/٣٠، سەرلەنوێ کودەتایەکی تریان بە سەرۆکایەتی ئەحمەدحەسەن بەکر کردەوە

و عەبدولڕەزاق نایفیان بە سواری فڕۆکە لە عێراق دەرکرد. بەرلە کودەتای ١٩٦٨/٧/٣٠، واتە کودەتای دووەم، عەبدولڕەزاق نایف سێ ڕۆژ دوای کودەتای یەکەم، ڕۆژی ١٩٦٨/٧/٢٠ نامەیەکی ئاراستەی بارزانی کرد. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٥٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"، دەقی نامەکەی بڵاوکردۆتەوە کە نوسیوییەتی:

بەغدا ٢٠ی تەمووزی ١٩٦٨

برام مەلا مستەفا بارزانیی بەڕێز

سڵاوم هەیە و هیوای تەندروستی و بەختیاریتان بۆ دەخوازم.

کورتەیەکەم بە ساڵح یوسفی برامان ڕاگەیاندووە لە بارەی ئەو ڕێگە تازانەی پێڕەویان دەکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی لەبار بۆ ئەو کێشەیەی ئەوە چەند ساڵێکە هەر بە چارەسەر نەکراوی "هەڵواسراوی" ماوەتەوە. بۆیە دڵسۆزانە هیوام وایە گوێ لە دید و بۆچوونمان بگرن و هاوکاریمان بکەن لە پێناوی وەدیهاتنی یەکیەتی نیشتمان و ئەوەی کە خێر و خۆشگوزەرانی بۆ گەلی عێراقی تێدایە بە عارەب و کوردەوە. لەگەڵ جوانترین سوپاس و ڕێز و سڵاوم بۆ ئێوە و هەموو برایان بەتایبەتی کاک ئیدریس و مەسعود و سوپاستان دەکەم.

دڵسۆزتان: عەبدولڕەزاق نایف (پاشبەندی ٨)

## قەرەداغ و داستانی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد

لە بەشی پێشوودا گوتم ڕژێمی نوێی عێراق پترلە ڕژێمەکانی پێشوی، پشتی بە لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد بەستو ئەوانیش پێوەندییەکانیان بەو ڕژێمەوە قایمتر کرد و پلانیان دانا کە زەبری زیاتر لە شۆڕش بدەن و خزمەتی زیاتریش بە ڕژێمی بەعس بکەن. لەو چوار چێوەیەدا بە هاوکاریی دوو فەرماندەی بەتالیۆنی شۆڕش لە قەرەداغ بە ناوەکانی جەعفەر بەرزنجی و کامیل مەلا وەیسی پلانیان داڕشت کە دەست بەسەر ناوچەی قەرەداغدا بگرن و ناوچەکە لە پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕش پاک بکەنەوە. لەو بارەیەوە ئیدریس بارزانی لە نامەیەکدا بەمێژووی ١٧-١٩٦٨/١٠/١٨ بۆ مەسعود بارزانی کە ئەویش لە لاپەڕەی ٤١١ی پاشبەندی ژمارە ٣٠دا بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بە شەڕی قەرەداغ دەڵێت:

- (بێگومان ئێوە دەنگوباسی ئەو شەڕەتان بیست کە لە قەرەداغ ڕوویدا، کاتێک ڕۆژی ١٠/٦ هێرشیان کردە سەر بنکەی هێزەکانمان و لە ئەنجامی ئەمەدا، جەماعەتی ئێمە دوای چەند وردە شەڕێک لە گەلێک خاڵدا کشانەوە و جاشەکان ٢٠ کەسیان لە جەماعەتی ئێمە بەدیل گرت، پاش ئەوەی کە لە ئەنجامی کشانەوەی جەماعەتەکەی ئێمە، بەرگرییان کرد تا فیشەکیان لێ بڕا، ئینجا تەسلیمی جاشەکان بوون. ڕۆژی ١٠/١٣ هێزەکانمان هێرشێکی بەهێز و گشتگیریان کردەسەر خائینەکان و لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموو بنکەکانیان گیرا و ٣٤٠ چەکدار لە جاشەکان کوژرا و بریندار بوون و بەدیل گیران و دەسکەوتیشمان ١٩٩ تفەنگ و ٢ شەستتیری بڕێن و ٨ دەمانچەی چواردەخۆر و ٦ دوربین بوو و بەمەش هێزەکانی خائینەکان بەتەواوی تێک شکێنران. ئەم

شــەڕانە عەلــی شــنگاریی برامــان ســەرکردایەتیی کــردن و پاڵەوانیەتی و توانایەکی زۆر باڵایان لەو سەرکەوتنە نایابەدا تۆمار کردو....)

دوای داگیرکردنــی بنکەکــانی پێشــمەرگە لە نــاوچەی قەرەداغ لەلایەن لایەنگرانــی ئیبــراهیم ئەحــمەدەوە، ڕۆژی ١٢/١٠/١٩٦٨، هێزەکـانی خەبات، ڕزگـاریی و هێزەکـانی دەشتی هەولێر بەرەو قەرەداغ بەڕێکەوتــــن و ڕۆژی ١٣/١٠/١٩٦٨ لە پەلامــــارێکی هەمەلایەنەدا بە فەرماندەیی عەلــی شنگاریی پاشەکشەیان بە جاشــەکان کــرد. لە ئاکــامی ئەو شــەڕانەدا پێشــمەرگەکان ٧٠ چەکداری لایەنگریی ئیبراهیم ئەحمەدیان کوشت و ١٢٠ کەسیشیان بەدیل گـرت کە کامیل مەلا وەیسـی یەکێک لە کوژراوەکـان بـوو. مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٥٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا سەبارەت بەو شەڕە دەڵێت:

- (لە ساڵی ١٩٧٠دا کە وەفدەکەی حکوومەت هات بۆ گەلاڵە بۆ گفتوگۆ، بەڕێوەبەری بـزاوتگەل عەمید ڕوکـن مـحەمەد عەلـی سەعیدیشیان لەگەڵ بوو کە باسی ئەو بزاوتگەلەی قەرەداغی کرد و وتــی: گفتیــان دابــووینێ "مەبەسـت لە جاشــەکانی شەست و شەشــە" ئەوان نــاوچەکە خــاوێن کەنەوە و دەســەڵاتی تەواوی بەسەردا بگرن، بەتایبەتی پاش ئەوە جەعفەر بەرزنجی و کامیل مەلا وەیسی دایانە پاڵیان و جەختیشیان لەسەر ئەوە دەکرد ئەمە تەنیـا ســەرەتایە، بەڵام ئـێمە پـاش ئەوەی پێشـمەرگە هێرشــە ڕاماڵـەکەیـان کـرد و ئەوانـیش هەڵاتـن بـۆ کەرکـووک، فەوجێـک سەربازمان نارد بۆ یارمەتیدانیان و گێڕانەوەیان بۆ مەیدانی شەڕ و ڕێ لێگرتنیـان نەوەک بێـنە نـاو شـارەوە، بەڵام نەمـانتوانی و بەگوێیان نەکردین.)

بە دوای سەرکەوتنی پێشمەرگەکان لەو شەڕەدا بارزانی ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/١٨، بروسکەیەکی سوپاس و پیرۆزبایی ئاراستەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی قەرەداغ کرد، مەسعود بارزانی لە کۆتایی نوسینەکەیدا دەقی بروسکەکەی بارزانی بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێت:

- (بۆ هێزەکانی قەرەداغ: دووبارە بۆ مەکتەبی تەنفیزی و هەموو هێزەکان و هەموو بارەگاکان

سوپاستان دەکەین و پیرۆزبایی لە ئێوە و هەموو برا پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین لەسەر ئەو سەرکەوتنانەی بە ئازایەتی خۆتان و بە لەخۆبوردوویتان لە پێناوی پرسی بە دادی گەلەکەماندا وەدەستتان هێناوە. شانازی بە قارەمانەتی و دڵسۆزیتانەوە دەکەین. مێژوو هەرگیز خوێنی شەهیدەکانمان لە یاد ناکات. دڵنیابن، بڕاینە بە ویست و یارمەتیی خودا سەرکەوتنی دوواجار بۆ ئێمە دەبێت.

بارزانی

١٩٦٨/١٠/١٨

# هەنگاونان بەرەو ئاشتی

لە سپتێمەر "ئەیلول"ی ١٩٦٩دا، دوو ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە ناوەکانی ئەنوەر عەبدوڵا و عەبدولقادر محەمەدئەمین لە بەغداوە هاتن بۆ کوردستان و چاویان بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کەوت. ئەو دوو خوێندکارە لە لایەن مورتەزا حەدیسی نوێنەری حکومەتەوە، چەند پێشنیاز و ڕێگاچارەی ئاشتیانەیان بۆ کێشەی کورد هێنابوو. یەکێک لەو ڕێیانە بەڵێنی حکومەت بوو بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات لەگەڵ ئەو دوو خوێندکارانە کۆبۆوە. ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی دوو لەو ئەندامانە بوون کە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا، مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا چەند هەنگاوێک بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی بنێ کە ڕێگا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت خۆش بکات. دوای گەڕانەوەی ئەو دوو خوێندکارە، مامۆستا عەزیز شەریف کە لە بەشی "پێوەندیی بارزانی بە سەرۆک و کاربەدەستانی چەند وڵاتی بیانی"دا هاوکاریی بارزانی دەکرد، ڕۆژی ١٩٦٩/١٠/٢٤ گەڕایەوە بۆلای بارزانی و گوتی:

- (ئەحمەد حەسەن بەکر چەند جار پێوەندی پێوە کردوم. لە قاهیرە نامەیەکی بەکرم پێگەیشت و داوای لێکردبووم بگەڕێمەوە بۆ عێراق و بەو پێوەندییە تووندەوە کە من لەگەڵ ئێوەم هەیە، پێوەندی ئێوە و ئەوان پێکەوە گرێ بدەم. گوتوویانە ئێمە لە دوای ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد دەگەڕێین و داوایان لێکردوم بێمە کوردستان و بزانم بیروڕای ئێوە چۆنە؟)

بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی تەنفیزی کۆبۆوە و وەڵامی پێویستیان بە عەزیز شەریفدا ڕەوانەی حکومەت کرد. ڕۆژی ١٩٦٩/١١/١٤ عەزیز گەڕایەوە و نامەیەکی سەرکردایەتی حکومەتی بۆ بارزانی هێنا کە تێیدا نوسرابوو: **(ڕژێم ئامادەیە نوێنەرێکی خۆی لەگەڵ نوێنەرێکی کورد کۆبێتەوە.)**

بارزانی بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی تەنفیزی کۆبۆوە و دوای وەرگرتنی بڕیار لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سیاسی، ئامادەبوونی شۆڕشی بۆ ئەو بەیەک گەیشتنە لە کوردستاندا ڕاگەیاند. بەرلە هاتنی وەفدی ڕژێم، "یڤگینی پریماکۆڤ" ڕۆژی ٨/ ١٩٦٩/١٢ لە بەغداوە هات بۆلای بارزانی و نامەیەکی سەرۆکی سۆڤیەتی پێبوو کە پێشنیازیان کردبوو، هەلێکی زێڕین بۆ کورد ڕەخساوە و لە دەستی نەدەن.

ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/١٨، سەمیر عەزیز نەجم ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ عەزیز شەریف و فوئاد عارف هاتن بۆ ناوپردان و میوانی بارزانی بوون. سەمیر عەزیز پەنجەی بۆ سیاسەتی ئێستای ڕژێم سەبارەت بە کوردستان ڕاکێشا و گوتی: **(بەعس پێشتر کەمئەزموون بووە و سیاسەتێکی هەڵەی هەبووە سەبارەت بە کوردستان و ئێستا تێدەگات تاقە ڕێگەی ئاشتی بریتییە لە ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانیدا.)**

دوای گەڕانەوەی سەمیر عەزیز نەجم بۆ بەغدا، وەفدێکی گەورە لەلایەن حکومەتەوە سەردانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی کرد. ئەندامانی وەفدی حکومەت بە سەرۆکایەتی حەماد شەهابی، بریتی بوون لە: فەریق حەماد شەهاب سەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئەندامی ئەنجومەتی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، فەریق

سـەعدون غـەیـدان ئـەنـدامی ئـەنجـومـەنی سـەرکردایـەتی شۆڕشـی عێـراق، عـەبـدولخالق سـامـەڕایی ئـەنـدانی سـەرکردایـەتی وڵات و ئـەندامی ئـەنجومـەنی سـەرکردایـەتی شۆڕشـی عێراق، تـارق عـەزیز سـامـەڕایی ئـەنـدانی سـەرکردایـەتی وڵات و ئـەنـدامی ئـەنجـومـەنی سـەرکردایـەتی شۆڕشـی عێـراق، سـەمیر عـەزیـز نـەجـم سـامـەڕایی ئـەندامی ئـەنجومـەنی سـەرکردایـەتی وڵات و ئـەندامی ئـەنجومـەنی سـەرکردایـەتی شۆڕشی عێراق، عـەمید ڕوکن محـەمـەد عـەلـی سـەعید بـەڕێوەبـەری بزاوت لـە وەزارەتی بـەرگری عێراق. هـەروەهـا عـەزیز شـەریف و فوئـاد عـارفیش لـەگـەڵ ئـەو وەفـدە بـوون. ئـەم وەفـدەی حکـومـەت ڕۆژی ١٩٧٠/١/١ گـەیشـتـە ڕەوانـدز. ئـەنـدامانی مـەکتـەبـی سیاسـیی، مـەکتـەبـی تـەنفیزیـی و ئـیـدریس و مـەسـعود بـارزانی لـە بـەرزێـوە پێشـوازیی ئـەو وەفـدەیان کـرد و بـەیـەکـەوە چـوون بـۆ بـارەگـای سـەرکردایـەتی شـۆڕش لـە نـاوپردان. وەفـدی حکـومـەت و وەفـدی شـۆڕش کـە بـە سـەرۆکـایـەتی بـارزانیی، لـە حـەبیب مـحـەمـەد کـەریم، دوکتـۆر مـەحمـود عوسمـان، سـاڵـح یوسفـی، نـوری شـاوەیس، عـەلـی عـەبـدوڵا، مـحـەمـەد مـەحمـود عـەبـدولرەحمان "سـامـی"، دارا تۆفیـق و ئیـدریس بـارزانی پێکهـاتبوو، پـێکـەوە گفتوگۆیـان کـرد. وەفدی حکومـەت هـەڵگری ئـەم نـامـەیـەی خوارەوەی ئـەحمـەد حـەسـەن بـەکر سـەرکۆماری عێراق بوو بۆ بارزانـی:

**نـامـەی سـەرکۆمار بۆ بارزانـی ١٩٦٩/١٢/٣١**

**برای بـەڕێزم مـەلا مستـەفا بارزانـی**

سـڵاوێکی برایـانـە. پـاش ئـەمـە هیـوام وایـە تـۆ و برایـانی تـر لـە تـەندروسـتی و ڕەحـەتیـی تـەواودا بـن لـەم بـارودۆخـە گـرانـەدا کـە نـەتـەوەی عـارەب و گـەلانـی تێکۆشـەری وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاستی تێدا دەژین، کـە زایۆنیی ستـەمکار دەستدرێژی دەکات و ئـیمپریـالیزمی بێزراوی نێودەوڵـەتی سـەرەمڕ مـافی ڕەنجکێشـانی

گەلەکانمان پێشێل دەکات، دەڵێم: لەم بار و دۆخەدا دڵی ملیۆنان لە ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان و گەلانی تێکۆشەری سەر زەوی داویەتە شەقەی باڵ و چاویان بە هیوایەکی گەورەوە بڕیوەتە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لە نێوانماندایە و هیوای ئەوەیان بۆ هەیە کە ببێ بە مایەی کۆتاییهاتنی هەموو ئەو ناخۆشییانەی کە ئەم گەلە تێکۆشەرە مەزنە تووشی بووە. ئێوە، ئەی برا، وەک جەنگاوەرێک کە تاڵیی شەڕی چێشتووە، بێگومان لە تەنگژەی متمانەدا دەژین تا بەتەواوی لە ڕووی هەر گفتوگۆیەکی لەم جۆرەدا بکرێنەوە، ئێمەش لای خۆمانەوە، لەبەر هەمان هۆ لە هەمان تەنگژەدا دەژین، ئەم تەنگژەیەی کە ماوەیەکی دوورودرێژە بارودۆخی شەڕی خەڵکان هاری ناوخۆیی و بە شێوەکاری کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم دروستی کردووە و گەشەی پێداوە، بەڵام قسە لەبارەی تەنگژەی متمانەوە پێویستە لە چوارچێوەی گەڕان بە دوای باشترین شێوەی خۆ لێ لادانیدا بخولێتەوە، نەک دەست پێوەگرتنی بۆ ڕووخاندنی هەر پردێک کە بەنیازی چارەسەریی ئاشتیخوازانە و دیموکراسییانەی پرسی کورد دروست دەکرێ، تا عارەب و کورد وەک دوو میللەتی دۆست و برا لە چوارچێوەی یەک نیشتمان لەژێر سایەیدا بژین و پێکەوە تێبکۆشن بۆ ماف و ئاواتە دوورەکانیان، بەشان و شکۆ و بە گەشانەوەوە.

لە کۆتاییدا ئاواتەخوازی سەرگرتنی ڕەنج و تەقەلای ئاشتیخوازانەتانم. خوا هەموومان سەربخات بۆ ئەو شتانەی کە چاکەی گەلی عێراقیان بە عارەب و کورد و چاکەی گەلانی تری تێکۆشەر و چەوساوەشیان تێدایە.

براتان: ئەحمەد حەسەن بەکر

سەرکۆمار (پاشبەندی ٩)

حکومەتی عێراق بۆ پێکهێنانی ئەو متمانەیەی کە لە نامەی سەرکۆماردا ئاماژەی بۆ کرابوو، هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵگرت لە ئامادەکردنی زەینی گەلی عەرەب بۆ ڕێککەوتنی لەگەڵ کورد و ڕێزگرتنی لە مافەکانی. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژنامەی "الثورة" ڕۆژنامەت حیزبی بەعس زنجیرە وتارێکی لەژێر ناوونیشانی "ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد کامەیە؟" بلاوکردەوە و ڕۆژنامەی خەباتیش بە زنجیر وتارێکی لەو چەشنە، گەشبینی و نیازپاکی ڕێگەی چارەسەر کردنی پرسی کوردی بۆ زەق دەکردەوە. هەروەها بەبێ ئەوەی کە عەزیز شەریف خۆی ئاگادار بێ، پۆستی وەزارەتی دادی پێبەخشی کە ناوبراو لەسەر جەختی بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرات قبووڵی کرد.

هەردوو وەفدی حکومەت و شۆڕش بەدرێژی لەسەر ناوەڕۆک و سروشت و مەودای ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی و ڕاگرتنی شەڕ دوان. وەفدی پارتی بەڵێنی ڕاگرتنی شەڕی دا، بەلام سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕ بەدژی جاشە شەست و شەشەکان ڕازی نەبوو. لەلایەکی تردا هێشتا وەفدی حکومەت لە ناوپردان بوو کە هێزی کاوە بە بروسکەیەک سەرکردایەتی شۆڕشی ئاگادار کردەوە کە بەشێک لە ئاغاکانی میراودەلی چوونەتە پاڵ جاشە شەست و شەشەکان و ئێستا خەریکی کاری تێکدەرانەن لە ناوچەکەدا کە فەرمانیان بە هێزەکانی دەوروبەری هێزی کاوەدا بچن پاڵ بە هێزی کاوەوە بدەن و بەتوندی لێیان بدەن و لە ناوچەکە پاکیان بکەنەوە.

جگەلەوە، وەفدی حکومەت داوای کرد، ڕێگەیان پێبدەن کە چاویان بە فڕۆکەوانێکیان بکەوێ کە ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/١٢، فڕۆکە میگ ١٧کەی بە ئاگری دۆشکەی پێشمەرگەکان لە دۆڵی هیران خرابووە خوارەوە و خۆی بەدیل گیرابوو. بەفەرمانی بارزانی ئەو

فڕۆکەوانەیان هێنا و ئیزنیاندا شەوێک لەلای وەفدی حکومەت بمێنێتەوە. دواتر ئەم فڕۆکەوانەیان بەڕەڵا کرد و حکومەتیش لەسەر داوای ناڕاستەوخۆی بارزانی، دوکتۆر کازم شوببەی ئازاد کرد، بەڵام ناوبراو بەهۆی بێ هێزیی و تێکشکانی لە زینداندا، نەیتوانی پتر لە مانگێک بژی و کۆچی دوایی کرد.

وەفدی حکومەت ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢ بە دەستکەوتێک کە لە کۆبوونەوەکانیدا بەدەستی خستبوو، لەگەڵ ئەم نامەیەی خوارەوەی بارزانی کە لە وەڵامی نامەی ئەحمەد حەسەن بەکردا نوسیبووی، گەڕایەوە بۆ بەغدا.

ڕێزداری برا، موهیب ڕوکن ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری موحتەرەمی عێراق، سەلام و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لەسەر بێ و لە خوا دەپاڕێینەوە ڕێ پێشانی هەموولایەکمان بدات بۆ هەرشتێکی کە خێر و چاکەی گەلەکەمان و نیشتمانەکەمانی تێدا بێت. بە زۆرترین شانازی و قەدر زانینەوە نامە برایانە گەورانەکەتم وەرگرت و چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ ڕێزداری برایاندا کرد کە لەلایەن ئێوە و لەلایەن حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست و ئەنجومەنی بەرزی سەرکردایەتی شۆڕشەوە نێردرابوون.

لە ئەنجامی بە یەکگەیشتنی برایانەماندا پێشکەوتنێکی گەورەمان لە بواری نەهێشتنی تەنگژەی متمانەدا دەستگیر بوو، ئەو تەنگژەیەی سالانی ڕابردوو دروستیان کردووە و ئێستە ئێمە چاومان بڕیوەتە گەڕانەوەی متمانە و باوەڕی تەواو بۆلای هەموومان لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆیانەوە کە خوا یاربێ لەم چەند ڕۆژە کەمانەی دادێن، نوێنەرانی ئێمە لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هاوڕێ بەڕێزەکانتان دەیانکەن و دڵسۆزانە بە هیوای ئەوەین بگەینە دوایی پێهێنانی شەڕی براکوژی و کارکردنی پێکەوەمان بۆ پێشکەوتن و گەشانەوەی نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کە لەم چەند ساڵەی دواییدا تووشی چەندین کارەسات و مەینەت بووە و بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی فڕوفێڵەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی.

ئـێمـه زۆر بـاش لـەو بـارودۆخـه دژواره دەگـەیـن کـه وڵاتـەکـەمـان و نـەتـەوەی عـارەبـی برامـان پـێیـایـدا دەڕۆن و لـەمـەولاش وەک چـۆن هـەمیشه بووین، هـەر هاوبـەشی خۆشی و ناخۆشیی یـەکتر دەبین. لـه کۆتاییدا لـه خـوای گـەوره و گـران دەپاڕێینـەوه هـەمـوومان سـەربـخـات بۆ کردنـی هـەرچییـەک کـه چاکـه و پایـه بڵندیی نیشتمانـی تێدابێ، ئیتر سەلامتان لێ بێ.

دڵسۆز، براتان: مستـەفا بارزانـی

١٩٧٠/١/١

## دوورخستنەوەی جاشەکان لە کوردستان

حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە ڕەوتی گفتوگۆکاندا بەرەبەرە لە یەکتر نزیک دەبوونەوە. نوێنەرانی حکومەت بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانیان ڕاگەیاند، ئێوە بە دەسەڵاتداری کوردستان دەناسین و بەڵێنی چەککردنی جاشەکانیان پێدان، کەچی هێشتا ناوچەکانی گەرمیان، قەرەداغ، شوان، شێخ بزەینی و دۆڵی خەلەکان بەدەست تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییەوە بوو. لەبەر ئەوە مەکتەبی سیاسیی پارتی، مەکتەبی تەنفیزیی شۆڕش و بارەگای بارزانی لە ناوپردان کۆبوونەوە بڕیاریاندا ئەگەر بارزانی ڕازی بێت، ئەو تاقمە لە ناوچەکان دوور دەکەنەوە کە بارزانیی ڕەزامەندیی پێشاندا.

هۆی ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ دوو خاڵ دەگەڕایەوە. یەکەمیان لە وتووێژەکاندا سەرکردایەتی شۆڕش قەبووڵی ئاگربەسی بەدژی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد نەکردبوو و دووەم چاوەڕوان نەدەکرا حکومەت وتووێژەکانی لەگەڵ شۆڕش بۆ ئەو تاقمە هەڵبوەشێنێتەوە، یان بەکردەوە یارمەتیان بکات. بەو بۆچوونەی سەرکردایەتی شۆڕش، تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی بەتەنیا دەمانەوە و بەرگەی پێشمەرگەکانیان نەدەگرت. لەو چوارچێوەیەدا پلانیان داڕشت و هێز و بەرەکانی شەڕیان بەم جۆرە دابەشکرد: هێزی کاوە و هێزی سەفین ئەرکی خاوێنکردنەوەی دۆڵی خەلەکانیان پێسپێردرا. هێزی ڕزگاری بەرپرسکرا لە خاوێن کردنەوەی ناوچەی شوان و شێخ بزەینی. هێزی قەرەداغ و هێزی خەبات ئەرکی خاوێنکردنەوەی گەرمیانو قەرەداغیان لە ئەستۆ گرت. بەو هێزانە ڕاگەینرا ڕێز لە ئاگربەس

بگرن و ئەگەر جاشەکان لە پاشەکشەدا پەنایان بۆ مۆڵگەکانی سوپای عێراق برد. دەستیان لێ نەوەشێنن.

سەرکردایەتی شۆڕش کاتژمێر ۲۳:۰۰ ڕۆژی ۱۹۷۰/۱/۲۳ی وەک سەعاتی سفر بۆ هێرشی هێزەکان دیارییکرد. لەو کاتژمێرەدا، پێشمەرگە هێرشێکی سەرتاسەری کردە سەر ئەو ناوچانە. لەو شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆر لە جاشەکان کوژران و پتر لە ۱٤۰۰ کەسیان بەدیل گیران و بەشێکیشیان لەگەڵ فەرماندەکانیان پەنایان بۆ مۆڵگەکانی سوپا برد. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (حکومەتی بەعس یەک ساڵ شەڕی ئێمەی کردو سودێکی زۆری لە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال و ئەوانی تر وەرگرت کە لەگەڵ حکومەت بوون، بەڵام نەیانتوانی شۆڕشی کوردستان تێکبشکێنن، لەبەر ئەوە، حکومەت گفتوگۆی لەگەڵ کردین. لەکاتی گفتوگۆکاندا هەندێک پەلامار و شەڕ هەبوو، هێزەکانی پێشمەرگە لەکاتی گفتوگۆکان و پێش ئەویش هەندێک شەڕیان لەگەڵ ئەو تاقمە کرد. حکومەت کاتی وتووێژەکان، دەستی لە مام جەلال و ئەوان بەردا و ئەوان تێگەیشتن کە حکومەت لەگەڵ ئێمە ڕێکدەکەوێت، لەبەر ئەوە ژمارەیەکیان گەڕانەوە ڕیزی شۆڕش و ئەوانەی مابوون کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی پێشمەرگە و بەشێکی زۆریان هاتنەوە ڕیزی شۆڕش و خۆیان تەسلیم کرد و ژمارەیەکیشیان بەدیل گیران.)

سەبارەت بەئاکامی ئەو شەڕانە، مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ۳۷- ۳۸ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد،

بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (عەلی عەسکەری بروسکەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسیی خۆیان لێدا و نووسیبووی: "ئێمە قوربانیی زۆرماندا بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی حکوومەت کەچی ئێستە ئەوان دەستبەرداری ئێمە بوون و گورگان خواردیان کردین. چارەی ئەو دۆخە بکەن. بارەکە زۆر خراپە و کارەکە بەتەواوی لە دەستی ئێمە دەرچووە.)

لە دۆڵی خەلەکان لیوای ٢٧ی سوپای عێراق ویستی بەرگریی لە جاشەکان بکات و دوای تێکهەڵچوونێکی بچوک لەنێوان چەکدارەکانی ئەو لیوایە و پێشمەرگەکان، شەڕەکە کۆنترۆڵ کرا. هەروەها لە ڕەوتی شەڕەکاندا، سەدام حوسێن ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢٥ ئەم بروسکەیەی خوارەوەی ئاراستەی ئیدریس بارزانی کرد:

لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە
زۆر نهێنی و بەپەلە ١٩٧٠/١/٢٥
بۆ ئیدریس بارزانی

لە بەیەک گەیشتنەکەی نێوان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەلا مستەفا بارزانیدا، جێگر داوای لە بارزانی کرد کاری سوپایی لە دژی هێزە نانیزامییەکان بوەستێنن کە لە قۆناغەکانی شەڕ لەگەڵ سوپادا کاریان کردووە. ئەو زانیارییانەی لامانە بە جەختەوە وا دەگەیەنن کە دەستدرێژی بۆ سەریان لەلایەن تاخمی بارزانییەوە بەردەوامە. تکایە وریابن کە ئەمە کۆسپ دێنێتە ڕێی ئەو هەوڵ و تەقەللایەی بەنیازی گەیشتن بە چارەسەریەکی ئاشتییانەی پرسی کورد دەدرێ. حکوومەتی

عێراق وای دادەنێ هەموو ئەوانەی شان بەشانی سوپای عێراق جەنگیون، حکومەت و سوپا بەرپرس دەبن لە پارێزگاریی کردنیان.

لە وەڵامی ئەو بروسکەیەی سەدام حوسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقدا، ئیدریس بارزانی لەو بروسکەیەی خوارەوەدا پێیڕاگەیاند:

بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لە ئیدریس بارزانییەوە

بەپەلە ١٩٧٠/١/٢٧

بروسکەی ڕۆژی ١/٢٥ تانم شەوی ٢٦- ١/٢٧ پێگەیشت. پاکتاوکردنی تاخمی تاڵەبانی کە ئێمە بە سوود لێوەرگریی شەڕ و وێرانکەر و کۆسپی ڕێگەی سەرخستنی گفتوگۆیان دادەنێین، بەش بەحاڵی ئێمە یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان. متمانەی ئاڵوگۆڕ کراوی نێوان ئێمە و ئێوەش، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بەم پاکتاوکردنەوە هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا و لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گفتی دەست نەبردن بۆ ئەمانەمان نەداوە، بەدەنگ برووسکەکەتانەوە هاتین و ڕێنوێنیمان دەرکرد کەوا دەستیان بۆ نەبردرێت تا وەفدەکەی ئێوە دێت، ئەوکاتە بە درێژی لە پرسەکە دەدوێین. کشانەوەی ئەم تاخمانە لە گشت ناوچەکانی لێککەوتن زۆر پێویستە بۆ دابینکردنی ڕوونەدانی پێکدادان و پابەندبوونی تاخمی ئێمە بەم ڕێنوێنییەوە بە شێوەیەکی هەمیشەیی.

## لە نێوان ڕێککەوتن و هەڵگیرسانەوەی شەڕدا

ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢٨، وەفدێکی حکومەت بە سەرۆکایەتی فەریق ڕوکن حەردان عەبدولغەفار تکریتی و ئەندامەتی عەبدولخالق سامەڕایی، عەبدوڵا سەلوم سامەڕایی، مورتەزا حەدیسی، سەعدون غەیدان، سەمیر عەزیز نەجم، عەمید ڕوکن ئیسماعیل تایە نەعیمی، عەمید ڕوکن محەمەد عەلی سەعیدی بەڕێوەبەری بزواتگەی سوپا، عەبدولفەتاح زلّتی ڕاوێژکاری یاسایی و ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی "خەڵکی سوریا"، کە مامۆستا عەزیز شەریف و فوئاد عارفیان لەگەڵ بوو، گەیشتنە ناوپردان. حەردان عەبدولغەفار ئەو کەسە بوو کە ڕۆژی ١٩٦٩/١/١١ تەرمی شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ نوێنەری خۆی بە هێلیکۆپتەر گەیاندەوە بۆ بارزان. بەم بۆنەیەوە، بارزانی زۆر بە گەرمی وەریگرت.

کاتێک وەفدی حکومەت گەیشتە ناوپردان، ئیتر کێشەی جاشەکانی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد بەکۆتا هاتبوو، لەبەر ئەوە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر نەکرا. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە وەردەکارییەکانی ڕێککەوتن دەکرا کە عەبدوڵا سەلومە هەڵیدایە و گوتی: **(کەرکوک کوردستان نییە، کێ دەتوانێ پێچەوانەی ئەم قسەیە بسەلمێنێت؟)**

لە بەرامبەریدا بارزانی کە خۆی بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کردبوو، بە توڕەییەوە وەڵامی سەلومەی دایەوە و گوتی: **(من دەڵێم کەرکوک کوردستانە! خۆت لەوە بپارێزە کە بڵێیت کەرکوک کوردستان نییە، بڵێ: ئێمە داگیرمان کردوە. تا کوردێک لە کەرکوک بمێنێ، کەرکوک کوردستانە. زۆر باش بزانە ئێمە بەهیچ جۆرێ دەستبەرداری کەرکوک نابین.)**

هەڵوێستی بارزانی، عەبدوڵا سەلومە و ئەندامانی وەفدی عێراقی پەرێشان کرد و بەمەش دۆخی کۆبوونەوەکە شڵەژا و بۆ ماوەی نزیک بە دوو کاتژمێر وەستا. دوای هێوربوونەوەی ئەندامان سەرلەنوێ دەست کرایەوە بە گفتوگۆ و خاڵەکانیان شیکردەوە و لەسەر زۆربەیان ڕێککەوتن. وەفدی حکومەت ڕۆژی ١٩٧٠/١/٣٠ گەڕایەوە بۆ بەغدا و بڕیار درا ڕۆژی ١٩٧٠/٢/٣ وەفدی شۆڕش بۆ درێژەدان بە گفتوگۆکان بچێتە بەغدا.

هێشتا وەفدی حکومەت لە ناوپردان بوو کە "یڤگینی پریماکۆڤ" ڕۆژی ١٩٧٠/١/٢٩ گەیشتە لای بارزانی و نامەیەکی لە پێوەندیی لەگەڵ ڕێککەوتن لە کرێملینەوە پێبوو. ناوبراو ڕۆژی ١٩٧٠/١/٣١ گەڕایەوە بۆ بەغدا.

ڕۆژی ١٩٧٠/٢/٣ وەفدێک بە سەرۆکایەتی دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئەندامەتی ئیدریس بارزانی، نوری سدیق شاوەیس، محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان "سامی"، نافیز جەلال. موحسین دزەیی و دارا تۆفیق بەرەو بەغدا وەڕێکەوتن. ئەو وەفدە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە بەغدا مایەوە. کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت کەم جۆش و خرۆش بوو. وەفدی حکومەت کۆبوونەوەکەی بەجیددی وەرنەگرت و وەفدی کوردیش ناچار بوو ڕۆژی ١٩٧٠/٢/٨ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.



ئەندامانی وەفدەکە ڕاپۆرتی کەش و هەوای کۆبوونەوەکانیان ئاراستەی بارزانی کرد و گوتیان لەو ماوەیەدا هیچ بەرپرسێکی گەورەی حکومەتیان نەبینیوە. ناکۆکیی و توندوتیژیی لەنێوان سەرکردەکانی حیزبی بەعس

پەیدابووە و ئاکامیان لە کۆبوونەوەکان وەرنەگرتووە. ئەو دۆخە تا دوارۆژەکانی مانگی شوباتی ١٩٧٠ بەردەوام بوو و لە نزیکەوە هەست بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەکرا. لەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (بەرلە ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازار، ئێمە بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ حکومەت لە گفتوگۆدا بووین. سێ مانگ لەو شەش مانگە بەشێوەی ناڕاستەخۆ بوو، بەهۆی سۆڤیەتییەکان، بەهۆی عەزیز شەریف، بەهۆی کەسایەتی لابەلا و میسرییەکانیش دەوریان تێیادا دی، بۆ ئەوەی کە زەمینەی گفتوگۆ خۆش بکەن. لە کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٦٩ گفتوگۆکان ڕەسمییەتیان پەیدا کرد. "سەمیر عەزیز نەجم"یان نارد کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعس بوو. ئێمەش شەهید دارا تۆفیقمان نارد و لەوێوە گفتوگۆکان بەڕەسمی دەستی پێکرد. لە شەوی سەری ساڵ، ١٩٦٩/١٢/٣١ وەفدێکی گەورەی ئەوان هاتن بۆ ناوپردان و کاغەزێکی ئەحمەد حەسەن بەکریان هێنابوو بۆ مەلا مستەفا و دوای حەوتوویەک ئێمەش وەفدێکمان پێکهێنا کە حەوت کەس بووین و من سەرۆکایەتی وەفدەکەم دەکرد. چووین بۆ بەغدا و ئیتر هاتووچۆیەکان بەردەوام بوون. ئەگەر دەمانویست باس لە خاڵی بەهێز بکەین، وەفدەکەمان بەهێزتر دەکرد و کاک ئیدریس و کاک مەسعودیش لەگەڵمان دەهاتن بۆ بەغدا و هاوکارییان دەکردین. لە ١٨ی شوباتی ١٩٧٠ لەسەر جوغرافیای کوردستان لەگەڵیان تێکچووین. ئەوان دەیانگوت: ئۆتۆنۆمی تەنیا بۆ میللەتە و بۆ خاک نییە و ئەو خاکە، خاکی عەرەبە کە ئێمە لەگەڵیان تێکچووین و گەڕاینەوە کوردستان. بیست ڕۆژ لە کوردستان بووین و هیچ پەیوەندیمان لەگەڵیان نەما، لەپاش ئەو بیست ڕۆژە، سەدام

حوسین لەگەڵ وەفدێکی زۆر گەورە هاتن بۆلای مەلا مستەفا و سێ شەو و سێ ڕۆژ لەلامان مانەوە و ئیتر لەسەر بەیاننامەکە ڕێککەوتین.)

## ڕێککەوتنی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰

پاش گەڕانەوەی وەفدی کورد بۆ کوردستان، حکومەتی ناوەندیی لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆی مایەوە کە ئۆتۆنۆمی بۆ میللەتە و بۆ خاک نییە و کوردستان خاکی عەرەبە. لەبەر ئەوە بۆ ماوەی نزیک بە بیست ڕۆژ پێوەندی نێوان حکومەت و شۆڕش پچڕا و هیچ هەواڵێک لە حکومەت و ڕێککەوتنی لەگەڵ کورد نەبوو. بەپێچەوانەوەش دەنگۆی خۆئامادە کردنی سوپای عێراق بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ، زمان بە زمان دەگەڕا و چەند تێکهەڵچوونی بچووکیش لەنێوان چەکدارەکانی سوپا و پێشمەرگەدا ڕوویدا کە پێشمەرگەکان بە ورەی شۆڕشگێڕانەوە وەڵامی دوژمنیان دایەوە.

کوردستان بەو شێوەیە لەنێوان شەڕ و ئاشتیدا بوو کە ڕۆژی ۱۹۷۰/۳/۲ خالید عەبدولحەلیمی پارێزگاری هەولێر و حوسین شێروانی بەڕێوەبەری پۆلیس و عەبدولجەبار دلێمی بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای هەولێر گەیشتنە ناوپردان. دلێمی ئەو کەسە بوو کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا و گوتم پاراستنی پارتی بە مۆرس و ژمارە کۆدێکی تایبەت پێوەندی پێوە دەگرت. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٤١ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ۱۹٦۱- ۱۹۷۵"دا دەڵێت:

- (مەبەستم بوو بەرلەوەی کۆبوونەوەی ڕەسمی لەگەڵ پارێزگار دەست پێ بکات، بەتەنیا لەگەڵ ئەو کۆببمەوە. لێمپرسی: ڕژێم چی لەژێر سەردایە، نیازی چییە؟ وەڵامی دایەوە: پرسەکە گیروگرفتی زۆری تێکەوتووە. پارێزگار بۆ ئەوە هاتووە دوا ڕای بارزانی بزانێ، ئاخۆ هەر لەسەر گفتەکەی خۆیەتی و ئامادەیە بۆ

مۆرکردنی ڕێککەوتننەکە، یا لێی لاداوە؟ ئەگەر هێشتا هەر سوور بێ لەسەر ڕێککەوتن، ئەوا وەفدێکی حکومەتی ئامادەیە بێت و بۆ ئەوەی دەست پێداهێنانی دواجار بخەنە سەر ڕێککەوتننامەکە.)

مەسعود بارزانی وتەکانی عەبدولجەبار دلێمی گواستەوە بۆ بارزانی و ئەویش لەگەڵ پارێزگای هەولێر و یاوەرانی کۆبۆوە و هاودەنگی لەگەڵ کردن کە دەست بەگفتوگۆ بکرێتەوە. بارزانی بە خالید عەبدولحەلیمی پارێزگاریی گوت:

- (ئێمە هەر لەسەر ڕاکەی پێشوومانین، لەوەمان لانەداوە کە پێویستە بگەینە چارەسەرییەکی بەئاشتی.)

خالید عەبدولحەلیمی بەو پەیامەی بارزانییەوە گەڕایەوە بۆ هەولێر و ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٧ لەو نامەیەی خوارەوەدا بۆ بارزانی، ئاگاداری کردەوە کە پەیامەکەی گەیاندوە و ئەگەر ڕازی بن، ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٩ وەفدێکی بالای حکومەت بە سەرۆکایەتی سەدام حوسین دێت بۆ کوردستان. ئەمەش دەقی نامەی پارێزگای هەولێر بۆ بارزانی:

هەولێر ١٩٧٠/٣/٧

سلاو و سۆزم

هیوام وایە تۆش و برایانیش هەموو چاک و تەندروست و سەرکەوتوون مادام بۆ چاکەی گەلی کورد تێدەکۆشن کە ئارەزوومەندی ئاشتی و هێمنییە و یەکەتی خاکی عێراقتان دەوێ.

برای خاوەن فەزڵم

هەموو هەستی بەخشندانەتانم گەیاندە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەو ئەنجومەنەی باوەڕی بەپێویستی دوایی پێهێنانی شەڕی براکوژی هەیە بەجۆرێ کە هیواکانی گەلی کورد بهێنێتەدی و یەکەتیی عێراق و پێشکەوتنی بپارێزێ، هەفتەی

دادێ وەفدێک لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە سەرتان لێدەدا بۆ دوایی پێهێنانی دواقۆناغی پرسەکە و مژدەی خێری پێیە. بەڕیز سەدام حوسێن حەزدەکا، ئەگەر تەندروستی ڕێی بدا، لە چوارچێوەی وەفدەکەدا بێت. لە کۆتاییدا، لە ناخی دڵمەوە داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و بەپێویستی سەرشانی دەزانم سوپاسی ئەو پێشوازیی و میواندارییەتان بکەم .

سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێ

دڵسۆزتان: خالید عەبدولحەلیمی

١٩٧٠/٣/٧

بە گەیشتنی ئەم نامەیەی خالید عەبدولحەلیمی، بارزانی دەستبەجێ وەڵامی دایەوە و ئامادەیی سەرکردەکانی شۆڕشی بۆ پێشوازیی کردن لە وەفدی حکومەت بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن دەربڕی. ئەمەش دەقی نامەکەی بارزانی بۆ پاریزگاری هەولێر:

سیادەتی برای خاوەن فەزڵ خالید عەبدولحەلیمی ڕێزدار

سڵاوێکی برایانەی بێگەرد

هیوای تەندروستی تەواو و سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لەو هەوڵە خێردارەتان کە لە پێناوی چاکەی گەلی عێراقدا، بەهەموو نەتەوەکانییەوە، دەیدەن.

برای ئازیز!

نامە بەخشندانەکەی ١٩٧٠/٣/٧تانم وەرگرت و لەوەی تێیدا نووسرابوو ئاگادار بووم. دەمەوێ بۆتان ڕوون بکەمەوە کەوا ئێمە ئەوپەڕی ئامادەییمان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو برایانی دڵسۆزدا بەشداری بکەین بۆ گێڕانەوەی ئارامی و ئاشتی بۆ نیشتمانی خۆشەویستمان و دوایی پێهێنانی گیروگرفتەکە بەو شێوەیەی کە چاکە بۆ گەلی عێراقمان بە عارەب و کوردەوە دابین بکات. زۆریشمان پێخۆشە برایانمان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی

شۆڕش بێن بۆلامان و پێخۆشحاڵیمان زیاتر دەبێ بەوەی کە برای بەخشندەمان سەدام حوسێن تشریف بهێنێ بۆلامان و ئێمە چاوەڕوانیانین.

لە کۆتاییدا تکام ئەوەیە سەلامی بێگەرد و قەدرزانیمان لە هەوڵ و تەقەللای خێرخوازانەتان قبووڵ بفەرموون. سەلام و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێ.

براتان: مستەفا بارزانی

١٩٧٠/٣/٧

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٩، سەدام حوسێن لەگەڵ وەفدێکی حکومەت کە لە عەبدولخالق سامەڕایی، ساڵح مەهدی عەماش، مورتەزا حەدیسی، تاریق عەزیز، ئیسماعیل تایە نەعیمی، محەمەدعەلی سەعید پێکهاتبوو لەگەڵ فوئاد عارف و عەزیز شەریف گەیشتنە ڕەواندز و لەلایەن حەبیب محەمەد کەریم، دوکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، نوری سدیق شاوەیس و مەسعود بارزانییەوە پێشوازیی کران و پێکەوە چوون بۆ ناوپردن.

دوای خواردنی فراوێن، وەفدی کورد و حکومەت کۆبوونەوە. کۆبوونەوە تا کاتژمێر ٢٤:٠٠ی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو و ڕۆژی دوایش لە کاتژمێر ٠٩:٠٠وە تا درنگایەکی شەو گفتوگۆکان بەردەوام بوون. کاتژمێر ٢٣:٠٠ی ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٠ بەڵگەکان بۆ ئیمزا ئامادەکران و بارزانی و سەدام حوسین بەڵگەکانیان واژۆ کرد و ڕێککەوتنەکە بەناوی **"ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠"** لە مێژوودا جێی گرتووە.

ئیمزاکردنی ئەو بەڵگە مێژووییە کە نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژوودا دەستی پێگەیشت و یەکێک لە چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەشێوەی یاسایی قبووڵی کرد، کوردی

گەیانــدە قۆنــاخێکی نــوێی ژیــانی سیاســییەوە. بەو ڕێککەوتــنە، کوردی ئەم بەشەی کوردستان لەسەر خاکی خۆی بە بەشێک لە مافە نەتەوەیی و یاساییەکانی خۆی گەیشت. دەوڵەتی عێراق قەبووڵی کرد کورد نەتەوەیە و لەسەر خاکی خۆی لە مافەکانی بێبەش و زوڵم لێکراو بووە. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ نەتەوەی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا، بۆ سەرکردایەتی شــۆڕش، بــۆ پــارتی دیمــوکرات و بــۆ پێشــمەرگە قارەمانەکــانی کوردســتان کە بەدڵ و گیــان لە پشــت مەلا مســتەفا بــارزانی سەرۆکیان وەستان. ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، جاشە خۆفرۆشەکانی هۆشیار کردەوە کە لە کردەی خۆیان واز بێنن و بگەڕێنەوە ڕیزی گەل و چیتر خوێنی ڕۆڵەکانیان بۆ دوژمن نەڕێژن.

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١١ ســەدام حوســێن و یــاوەرانی لەگەڵ وەفــدی شۆڕشی کوردستان کە لە دوکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، نــوری ســدیق شــاوەیس، ئیــدریس بــارزانی، مــحەمەد مەحمــود عەبدولڕەحمان "سامی"، موحسین دزەیی، دارا تۆفیق و مەسعود بــارزانی پێکهــاتبوو، گەڕانەوە بــۆ بەغــدا. بــارزانی بە چــوونی ئیــدریس و مەســعود بــارزانی ڕازی نەبــوو، بەڵام لەســەر داوا و پێداگریی سەدام حوسێن و یاوەرانی ڕەزامەنــدیی پێشــاندا. لەم بارەیەوە بەڕێز مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٤٥ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد، بەرگــی ســێیەم، بەشــی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (ســەدام و ئەو شــاندەی لەگەڵــی بــوون زۆر جەختیــان لەســەر بارزانی کرد من و ئیدریسیش لەگەڵ شاندەکە بنێرێ بۆ بەغدا تا لەو ئاهەنگانەدا بەشداربین کە بەبۆنەی ڕێککەوتنەکەوە دەکرێن. بــارزانیش بەناچــاری ڕەزامەنــدی پێشــاندا چــونکە حەزی دەکــرد بڕۆێن، ئیتر ئێمەش کەوتینە پاڵ وەفدەکە. بارزانی بۆ ماڵاوایی و

بەرپێکردن تا بەرزێوە لەگەڵ وەفدەکە هات. پاشان لەگەڵ من و ئیدریس وەلاکەوت و پێی وتین: ئاگاتان لەخۆتان بێ و وریا بن. لەخۆتان بایی نەبن و بێ فیزی پێشان بدەن و زیرەک بن و لەگەڵ هەموو کەس ڕووخۆش بن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئەو کەسانە لە چ پایە و پلەیەکدان.)

کاتژمێر ٢٠:٠٠ "هەشتی شەو"ی ١١ی ئادار، ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق، دەقی ڕێککەوتننامەکەی لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ خوێندەوە و دوکتۆر مەحمود عوسمانیش پەیامی بارزانی خوێندەوە. بە بیستنی پەیامی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار زۆربەی خەڵکی بەغدا بە عەرەب و کورد و نەتەوەکانی ترەوە بە بەرگی ڕازاوە، ڕژانە نێو شەقامەکانی بەغدا و بە شایی و هەڵپەڕکێ و



گۆرانی گوتن، پشتیوانی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە کرد.

ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٢، ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و حکومەت، جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی بەغدا و دەوروبەری بە

عارەب و کورد و کریستیان و تورکمان لە گۆڕەپانی ئازادی "ساحة التحرير" کۆبوونەوە. داوایان لە وەفدی کوردییش کردبوو کە بێتە ئەو گۆڕەپانە. کاتی هاتنی ئوتۆمبیلی وەفدی کورد، خەڵکی کۆبۆوە لە گۆڕەپانەکە و دەوروبەری، بە گوڵباران و شیرینی پێشوازییان لە وەفدی کورد کرد. ئەحمەد حەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی خوێندەوە و دوکتۆر مەحمود عوسمانیش پەیامی بارزانی پێشکەشی بەشداران کرد.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە وەفدی شۆڕشی کورد لەسەر بانگهێشتی سەرکۆمار چوو بۆ کۆشکی کۆماریی. لە سەرەتادا ئەحمەد حەسەن بەکر، سەدام حوسێن و وەفدی کوردیی لە یەکێک لە ژورەکانی کۆشک کۆبوونەوە. لەوێ ئیدریس بارزانی خەنجەرێکی بارزانی باوکی بە دیاریی پێشکەشی ئەحمەد حەسەن بەکر کرد و پێی گوت:

- **(خەنجەر لای گەلی کورد نیشانەیەکی پیرۆزە. پێشکەش کردنی ئەم خەنجەرە بەتۆ ئەوە دەگەیەنێ کە چەکی پێشمەرگە لەمڕۆ بەدواوە تەرخان دەبێ بۆ داکۆکی کردن لە سەرجەمی گەلی عێراق.)** لەوکاتەدا فرمێسک زایە چاوەکانی سەرکۆمارو ئەویش و لە وەڵامیدا گوتی: **(ئەم ڕۆژە لە بەختیارترین ڕۆژەکانی ژیانی منە.... سێ کوڕم هەیە و محەمەد ئازیزترینیانە لام و من پێشکەشی دەکەم بە بارزانی.)**

بە دوای ئەو گفتوگۆیانەدا، سەرکۆمار، سەدام حوسێن و ئەندامانی وەفدی کورد چوونە هۆڵی پێشوازیی کردنی میوانان. ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شوڕش، کاربەدەستە گەورەکانی حکومەت، فەرماندەکانی باڵای سوپا و چەندان کەسایەتی مەدەنی، ڕۆشنبیر، هونەریی و سیاسیی وەک عەزیز محەمەد سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعی عێراق و محەمەد مەهدی

جەواهیری شاعیری ناوداری عەرەب و چەند باڵیۆزی وڵاتانی بیانی بۆ ئەو ئێوارەخوانە بانگهێشت کرابوون. هەموو لایەک خۆشحاڵیی خۆیان لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار دەربڕی، لەو ڕێوڕەسمە و بەدوای ئەودا چەندان نامە و بروسکەیان ئاراستەی بارزانی کرد، وەک: نامەی محەمەد مەهدی جەواهیری و نامەی لیۆنید برژنێڤ سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت و نامەی جەمال عەبدولناسر سەرکۆماری میسر.

بە پێشنیازی ئەحمەدحەسەن بەکر سەرکۆماری عێراق، ڕۆژی ١٩٧٠/٣/١٣ هەردوو وەفدی حکومەت و شۆڕشی کوردستان پێکەوە سەردانی چەند شاری عێراقیان کردو لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵک کۆبوونەوە. خەڵکی شارەکان بەجۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لە نوێنەرانی عارەب و کورد کرد. هەنگاوی دوایی حکومەت پێکهێنانی کابینەی نوێ بوو. لەو کابینەیەدا نوێنەرانی کورد بەشێوەی خوارەوە لە وەزارەتەکاندا جێیان گرت:

- ساڵح یوسفی: وەزیری دەوڵەت.
- محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی": وەزیری کاروباری باکور.
- نوری سدیق شاوەیس: وەزیری کار.
- نافیز جەلال: وەزیری کشتوکاڵ.
- ئیحسان شێرزاد: وەزیری شارەوانییەکان.

بۆ جێبەجێکردنی خاڵە پەسەندکراوەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، لیژنەیەکی هاوبەشی ئاشتی لەژێر ناوی "لیژنەی سەلام" لە کاربەدەستانی حکومەت و نوێنەرانی شۆڕش پێکهات کە پێکەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە کار بکەن. ئەندامانی ئەو لیژنەیە

بریتــی بــوون لـە: مـورتـەزا حـەدیسـی سـەرۆکی لیـژنـە و سـەعدون غـەیدان، خالید عـەبدولحـەلیم، شوکری حـەدیسـی و ئیسماعیل تـایـە نـەعیمـی لـە بـەرەی حکـومـەت و مـحـەمـەد مـەحمـود عـەبـدولرەحمان "سـامـی"، سـالْح یوسـفـی، نـوری سـدیق شـاوەیس و نـافیر جـەلال لـە بـەرەی شۆڕش.

لـە سـالْی یەکەمـدا، ئەو لیـژنـەیە تـوانی هـەنـدێک لـە کارەکـانـی بەباشی ڕاپەڕێنێ وەک: بڕینـەوەی مـوچـە بـۆ بنـەمـالْـەی پێشـمـەرگـە شـەهیدەکان، ١٠ دینار لـە مانگدا، قـەبوولْکردنـی ١٢ بـەتـالیۆن "هـەر بـەتـالیۆن ٥٠٠ پێشـمـەرگـە" وەک پاسـەوانانـی سـنور و چـەککردنـی جاشـەکان کـە لـەژێرەوە ژمارەیـەک لـە جاشـەکانیان هێشتبۆوە.

دوای گـەڕانـەوەی وەفـدی شـۆڕش بـۆ کوردسـتان، ژمـارەیـەکی زۆر ڕۆژنامـەنوسـی عـەرەب، ئـەوروپـایی، ئـەفریقـایی، ئـاسـیـایی و ولاتـە سۆسیالیستـەکان ڕژانـە کوردستان و سـەردانـی بارەگاکانـی شـۆڕش و بارەگـای سـەرکردایەتی شۆڕشـیان کـرد و هـەوالْـی جۆراوجۆریـان سـەبارەت بە ڕێککەوتنـی کـورد و حکـومـەت بلاوکـردەوە. هاوکـات لـەگـەلْ ئـەوەدا ژمـارەیـەکی زۆر لـە سـەرۆک جاشـەکان گـەڕانـەوە و گوتیان پەشیمانن و تۆبـەیان کردوە و داوای لێبوردنیان لـە بارزانی کرد.

هـەروەها سـەرکردایـەتی شۆڕش، ئـەنـدامانی سـەرکردایـەتی بـەسـەر شـار و ناوچـەکـانـی: کـەرکـوک، موسـلْ، سـلێمانی، هـەورامـان، شارەزوور، شاربازێر، دوکان، هـەولێر، دهـۆک، زاخـۆ، شێخان و...تد بلاوکردەوە کـە لـە نزیکـەوە کـۆڕ و کـۆبـوونـەوە بـۆ خـەلْـک پێکبهێنن و ئاکـامی خـەبـات و ڕێککـەوتنـەکـەیـان پێـڕابگـەیـەنن و وەلامـی پرسـیارەکانیان بـدەنـەوە. لـە هـەمـوو ناوچـەکـانـدا، خـەلْـک بـەدلْـی فرەوان پێشوازییان لـەو نوێنـەرانـەی خۆیان کـرد. لـەنێو ئـەنـدامانی

سەرکردایەتیدا، ئیدریس بارزانی چوو بۆ ناوچەی موسڵ و دهۆک و مسعود بارزانی بۆ ناوچەی سلێمانی و کەرکوک. لەم بارەیەوە محەمەد عەزیز قادر "حەمە عەزیز" دەڵێت:

- (لە مانگی نۆی ساڵی ١٩٧٠ کاک ئیدریس تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی: "بابە دەڵێ لەگەڵ تۆ جەولەیەکی بادینان بکەین. لەسەر ئەمری کاک ئیدریس پێداویستیی سەفەرەکمان کرد و هەموو ناوچەی بادینان بە کورد، عەرەب، ئێزەدی و کریستیانەوە گەڕاین و قسەمان بۆ خەڵک کرد. مەبەست لەو گەڕانانە پێوەندی کردنمان بوو بە خەڵک تا لەلایەک زانیارییان لەسەر ڕێککەوتنی ١١ی ئادار بدەینێ و لەلایەکی تر وانەزانن سەرکردایەتی شۆڕش لە یادی کردون. خەڵک سکاڵای هەبوو، کاک ئیدریس هەموو سکاڵاکانی لێوەرگرتن و لە ڕادەی خۆیدا بە دڵی فرەوان وەڵامی خەڵکەکەی دایەوە و داخوازەکانی بەجێهێنان.)

## کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەو گۆڕانکارییانە نەتەوەی کوردی گەیاندە قۆناخێکی نوێی ژیانەوە، لەبەر ئەوە پارتی دیموکراتیش پێویست بوو بەسەر پێڕەو و پڕۆگرام و سیاسەتی دواڕۆژی خۆیدا بچێتەوە و ئۆرگانەکانی نوێ بکاتەوە. بەم مەبەستە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات بڕیاریدا کۆنگرەی هەشتەمی خۆی پێکبهێنێت، بەڵام چونکە لەو هەلومەرجەدا نەیتوانی کۆنفرانس پێکبهێنێت و ئەندامانی نوێنەری کۆنگرە لە کۆنفرانسەکانەوە هەڵبژێرێ، ئەندامانی کۆنگرەی هەشتەمی بەگوێرەی کار و چالاکیی ئەندامان، بە شێوەی بانگهێشت بەشداریی کۆنگرەکە کرد. کونگرەی هەشتەم ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١ بە بەشداریی ٤٨٨ نوێنەر و چەند نوێنەری میوان وەک: نوێنەری حیزبی شیوعی عێراق، نوێنەری حیزبی بەعسی عێراق و نوێنەری ڕێکخراوی ئازادییخوازی فەلەستین و لە جەوێکی دیموکراتییدا پێکهات. کۆنگرە پێڕەو و پڕۆگرامی نوێی پەسند کرد و بە دەنگی هەموو ئەندامانی، بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژارد و ئەم ٢١ ئەندامانەی خوارەوەشی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسیی حیزب هەڵبژارد:

- حەبیب محەمەد کەریم، نوری سدیق شاوەیس، ساڵح یوسفی، ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵا، عەزیز ئاکرەیی، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی" دوکتۆر مەحمود عوسمان، هاشم ئاکرەیی، عەلی شنگاری، عەبدولوەهاب ئەتروشی، عەبدوڵا سۆران، دارا تۆفیق، فاخیر میرگەسۆری، فارس باوە، ڕەشید سندی، شەکیب ئاکرەیی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، سدیق ئەفەندی و زەکیە ئیسماعیل حەقی.

هەروەها ئەم ئەندامانەی خوارەوەش بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران: ڕەشید عارف، عەلی هەژار، نوعمان عیسا، شێخ ڕەزا گوڵانی، جرجیس فەتحولڵا، محەمەد مەلا قادر، شەعبان سەعید، حەمید بەرواری و عەبدولقادر عەزیز.

شایانی باسە بە دوای ئەوەدا کە عەزیز ئاکرەیی پارتی دیموکراتی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ عێراق، ئیدریس بارزانی جێی ئەوی پڕکردەوە و کرا بەئەندامی مەکتەبی سیاسیی و سەرپەرستیاری مەکتەبی عەسکەریی پارتی دیموکرات.

## هەوڵی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانی

ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/١، ئیدریس بارزانی بۆ جێبەجێکردنی هەندێک ئەرکی شۆڕش کە پێوەندییان بەڕێککەوتنی ١١ی ئادارەوە هەبوو، لەگەڵ محەمەد عەزیز قادر، ناسراوە بە "حەمە عەزیز" دەچێت بۆ بەغدا. لەوێ بەشێک لە ئەرکەکان جێبەجێ دەکات و سەردانی چەند کاربەدەستی حکومەت و شۆڕش دەکات کە لە بارەگای بارزانییەوە ئاگاداری دەکەنەوە، بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. کاک ئیدریس، حەمە عەزیز لەگەڵ پێشمەرگەیەک لە بەغدا بەجێدەهێڵێ کە یەک دوو ڕۆژیتریش لەوێ بمێنێتەوە و باقی کارەکان جێبەجێ بکات و پێی دەڵێ: **(ئەگەر تا دوو ڕۆژی تر کارەکانت بۆ جێبەجێ نەبوون، بگەڕێوە.)**

لەوکاتەدا حەمید بەرواری کە لە بەشەکانی پێشوودا چەند جارێک ئاماژەم بۆ ناو و ئازایەتی ئەو لە شەڕەکاندا کردوە، دێتە لای کاک ئیدریس و دەڵێ: **(لیستەی پێشمەرگەکانی فەوجی پاسەوانی سنورم هێناوە و داوا لە کاک ئیدریس دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەی یارمەتی بدات.)** کاک ئیدریس ئەو ئەرکەش بە کاک حەمە عەزیز دەسپێرێ کە بەهۆی وەزیرەکانی سەربە شۆڕش کارەکەی بۆ ئەنجام بدات و ئوتۆمبیلە مارسیدسەکەی بۆ حەمە عەزیز بەجێدەهێڵێ و ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٦ خۆی بە سواری تاکسی دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر.

کاتژمێر ١٩:٠٠ "حەوتی ئێوارە" حەمە عەزیز و حەمید بەرواری لەگەڵ حوسێن کاوانی شۆفیری ئوتۆمبیلەکە و دوو پێشمەرگەی هاوڕێیان دەچن بۆ بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکرات "مقەڕی خەبات"، بەڵام نافیز جەلال و وەزیرەکانیتری سەربە شۆڕش لەوێ نابن. لەبەر ئەوە دەچن بۆلای کاک سەرداری حەمە ئاغای خاڵی

نێچیرڤان بارزانی لە هۆتێل سەندباد. لەوێوە حەمە عەزیز تەلەفۆن دەکات بۆ مقەڕی خەبات کە نافیز جەلال وەڵامی دەداتەوە. حەمە عەزیز لە زاری کاک ئیدریس بارزانییەوە داخوازەکەی حەمید بەرواریی پێڕادەگەیەنێ و ئەویش دەڵێت: (زوو بیانهێنن.) حەمید بەرواری لەگەڵ حوسێن کاوانی و پێشمەرگەیەکی هاوڕێی دەچن، لیستەکان دەگەیەنن و دەگەڕێنەوە هۆتێل سەندباد و لەلای کاک سەردار شیو دەخۆن.



لەم بارەیەوە سەردای حەمەئاغای خاڵی نێچیرڤان بارزانی لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە دەنگی لای من پارێزراوە لە لەندەنەوە پێی گوتم:

- (من بە بەردەوامی هاتووچۆی بەغدام دەکرد، کە کاک ئیدریس چوو بۆ بەغدا، منیش چووم، ئەو شەوە بەو ئوتۆمبیلەی کە کاک ئیدریس بەکاری دەهێنا، هەموویان هاتن بۆلای من. نزیکەی ٥- ٦ کاتژمێر بەرلە هاتنیان، شێخ بابۆ بەڕەحمەت بێ، بە شێخ ڕەزای گوڵانی مودیری شۆرتەی هەولێری گوتبوو، ئیدریس ئاگادار بکەنەوە کە بگەڕێتەوە. ئیدریس چوو بۆسەر دیدارەکانی لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەت و بەمنی گوت، سەردار تۆ لێرە لە هۆتێل بمێنەوە تا ئەگەر تەلەفۆنیان کرد، وەڵام بدەیەوە. شێخ ڕەزا کە ئەو تەلەفۆنەی بۆمن کرد، من واتێگەیشتم کە شێخ ڕەزا دەڵێت، هەرئێستا ئیدریس

بگەڕێتەوە. کە کاک ئیدریس هاتەوە، گوتم شێخ ڕەزا تەلەفۆنی کردوە و لەسەر ئەمری شێخ بابۆ دەبێ بگەڕێتەوە، گوتی بە چاوان و هەرئەو کاتە بەسواری تاکسی گەڕایەوە. من لەگەڵ حەمە عەزیز و عەریف حەمید لە هۆتێلەکەیان مامەوە و گوتم منیش دەگەڕێمەوە بۆ هۆتێلەکەی خۆم و داوام لەوانیش کرد کە شەو بۆ نان خواردن بێنەلام. شەو هاتن و لە گەڕانەوەیاندا، بۆیان دانیشتبوون و تەقەیان لێکردن.)

شەو دەوروبەری کاتژمێر ١٢، هەموویان سواری ئوتۆمبیل دەبن کە بگەڕێنەوە هۆتێل ئۆپەڕا. دەگەنە گۆڕەپانی "ساحەت عەقەبە بن نافع" و دەوری گۆڕەپانەکە لێدەدەن و دەگەنە گۆڕەپانێکی بچووکتر کە لەنێوان "ساحەت عەقەبە بن نافع" و هۆتێل ئۆپەڕا هەڵکەوتبوو. لەوێ دوو چەکدار لە ناوەڕاستی ئەو گۆڕەپانە و چەکدارێکیش لەوبەری کۆڵانی هۆتێلەکە وەبەر دەستڕێژیان دەدەن. لەوکاتەدا حوسێن کاوانی بە لێزانیی خۆی ئوتۆمبیلەکەی لە تەقەکە دوور دەکاتەوە و دەچێتە شەقامی ٥٢. لە ئاکامی ئەوکارە تیرۆریستییەدا حەمید بەرواری بە توندی بریندار دەبێ. لەم بارەیەوە مشیر قادر سادق هەرکی و محەمەد ئەسعەد فەتاح هەرکی کە لەو سەردەمەدا هەردووکیان چەکی ڕژێمیان پێبوو، لە وتووێژێکدا کە دەنگیان لای من پارێزراوە، گوتیان: (ئەرشەد و لەتیف ئەحمەد زێباری دەستیان هەبوو لەو تەقە کردنەدا.)

هەروەها مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ٦٢- ٦٣ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (ئێوارەی ئەو ڕۆژەی "مەبەست ١٩٧٠/١٢/٦- نوسەر"، ئیدریس بەغدای بەجێ هێشتبوو، حەمید و محەمەد سورای ئوتۆمبیلەکەی ئیدریس بووبوون و پێی چووبوون بۆسەر بانگهێشتێکی شیو

خواردن. دەرکەوت هەندێک لە جاشەکانی لەتۆ زێباری و محێ هەرکی بە هاوکاریی لەگەڵ نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی پیلانێکیان سازکردبوو بۆ لەناوبردنی ئیدریس... تاخمی جێبەجێ کردنی پیلانەکە لە چەند شوێنێکی ستیراتیجیدا خۆیان داگرتبوو بۆ ڕێگرتن بە ئوتۆمبیلەکەی، سەعات ١٠ی شەو چەندین ڕستە گوللە بەسەر ئوتۆمبیلەکەدا بارین، وایان زانی ئیدریسی تێدایە و حەمیدیان بە ئیدریس زانیبوو چونکە لە هەندێک شتدا لەیەک دەچوون. حەمید بەرواری بریندار کرا و چەند برینی سەختی لێ کرا کە بوون بەهۆی سەقەتییەکی وا لە لەشیدا تا ئێستەش پێیەوە گرفتارە. .... زانیمان ئەوانەی پیلانەکەیان جێبەجێ کردبوو، هەرکە لە کارەکەیان بووبوونەوە، چووبوون بۆ ئوتێل کەشخەی ئۆمباسادۆر تا لەوێ ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕن، نەیاندەزانی ئیدریس لە ئوتۆمبیلەکەدا نەبووە. ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ فوئاد عارف و سەمیر نەجم بە ناوی سەرکۆمار و جێگریەوە هاتن بۆلامان بۆ ئەوەی ناڕەزایی و بێزاریی ئەوان لەو تاوانە ناشیرینە دەرببڕن و گفت و پەیمانێکی زۆریان لە بارەی لەدووگەڕان و سزادانی تاوانبارەکانەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوو و نامەیەکی دەستنوسیشیان لە سەدامەوە بۆ بارزانی پێ بوو.)



هەرلەم بارەیەوە حەمە عەزیز قادر لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

(سەرەتای مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٠، کاک ئیدریس گوتی: "بابە دەڵێ بچین بۆ بەغدا." پرسیم بۆچی دەچین؟ گوتی: "دەچین بۆ پیرۆزکردنی جەژنی قوربان و چەند کاری تر." لەگەڵ کاک ئیدریس چووین بۆ ماڵی حەمەئاغای باپیری کاک نێچیرڤان لە سلێمانی. لەوێوە باسی ئەوە کرا، بچین بۆ کام هۆتێل کە لەسەر هۆتێل سەندباد ساخ بووینەوە. کە چووین، بینیمان کاک سەرداری حەمە ئاغای خاڵی کاک نێچیرڤانیش لەوێ بوو. دوو ژورمان گرت. نازانم بۆچی چووم بۆ قاتی خوارەوەی هۆتێلەکە کە لەوێ چاوم بە بابەکری مەحمود ئاغای هێرۆ کەوت کە لەگەڵ جەماعەتی جەلال تاڵەبانی بوو. گەڕامەوە سەرێ و گوتم ڕەنگە ئەمشەو نەتوانین، بەڵام سبەی شەو لێرە نابین. سبەی شەو چووین بۆ هۆتێل ئۆپەڕا. لەوێوە دەستمان کرد بە جەولە. سەدام بانگهێشتی ئێمەی کرد بۆ ماڵی خۆی و نانی نیوەڕۆمان لەگەڵ سەدام خوارد. هەر هەموو بەعسییەکان بانگهێشتیان کردین. وەزیرە کوردەکانیش هەربەم جۆرە، کاک نافیز جەلال، نوری شاوەیس و ئەوانی تر. هەندێک لە ماڵی خۆیان و هەندێکیشیان وەک سەعدون غێدان لە ڕەستوران. دیارە سەردانی کەسایەتییە نیشتمانیەکانی وەک نوردەین مەحمود، دارا تۆفیق، فوئاد عارف و.... مان کرد.

چووبووین بۆلای کاک نافیز و بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ هۆتێل و نانی نیوەڕۆ لەوێ بخۆین. کە هاتینەوە مودیری هۆتێلەکە گوتی: "کابرایەک نزیکەی سەعات و نیوێک لێرە چاوەڕوانی ئێوە بوو، نەهاتنەوە و ئەویش ڕۆیشت و ئەم کاغەزەی بۆ بەجێهێشتوون." کە خوێندمەوە، سەعید ناکام بوو، نوسیبووی من چاوەڕانی ئێوە بووم، نەگەڕانەوە. لە سەرەوە تەلەفۆنیان کردوە کاک ئیدریس بگەڕێتەوە. کاک ئیدریس کەسێکی زۆر موتیعی ئەوامری باوکی بوو. گوتی: "دەگەڕێمەوە." گوتم بڵێ دەگەڕێینەوە. ئەگەر تۆ لێرە

نەبی، من چ ئیشێکم لێرە هەیە؟ گوتی: "دوو سێ ئیش لەلای سەعدون غێدان ماوە، یەک دوو ڕۆژ لێرەبە و بچۆ بۆلای ئەگەر ئیشەکانی جێبەجێ کرد، یان جێبەجێ نەکرد، وەرەوە." گوتم لەسەر ئەمرتانم. لەوکاتەدا حەمید بەرواری هات و گوتی: ئێوە لەکوێن؟ من هەموو دنیا بەدوای ئێوەدا گەڕاوم. کاک ئیدریس گوتی: بۆچی؟ گوتی قایمەم هێناوە و دەبم بە ئامر فەوجی حەرەسی حدود و بەڵکوو ئێوە ئیشەکەم بۆ جێبەجێ بکەن. کاک ئیدریس گوتی: "من دەگەڕێمەوە و کاک محەمەد لێرەیە و بە برادەران دەڵێت ئیشەکەت جێبەجێ بکەن." کاک ئیدریس بە سواری تاکسی گەڕایەوە بۆ هەولێر جگەلە من و پێشمەرگەیەک بەناوی عومەر کە لەگەڵ من بوو، لەگەڵ حەمید بەرواری و پێشمەرگەیەکی هاوڕێی و حوسێن کاوانی و دواتریش کاک سەردار هیچ کەس بە گەڕانەوەی کاک ئیدریسی نەدەزانی. ئەوەش بڵێم کە کاک ئیدریس و حەمید بەرواری بە باڵا وەک یەک بوون. لەگەڵ کاک حەمید بڕیارماندا سەعات حەوت بچین بۆ مقەڕی خەبات. لەوناوەدا کاک سەرداری حەمە ئاغای هات. دوو تاکسی هاتن و ئوتۆمبیلی خۆشمانیان لەگەڵ بوو. کاک سەردار گوتی: "ئێوارە میوانی منی." بەڵێنم پێدا سەعات حەوت و نیو بچم. کاک حەمیدم برد بۆ مقەڕی خەبات کەچی هیچکام لە وەزیرەکان لەوێ نەبوون. بۆ ئەوەی لە کاتی دیاریکراودا بگەمە لای کاک سەردار بە کاک حەمیدم گوت لێرەبە و من دەڕۆم و بە تەلەفۆن پێوەندی بە بەرپرسانەوە دەکەم. گوتی: "منیش لەگەڵت دێم." هەوڵمدا خۆم بچم، بەڵام قبووڵی نەکرد و ئەویش لەگەڵم هات. چووین بۆلای کاک سەردار. لەوێوە تەلەفۆنم کرد بۆ مقەڕی خەبات، کاک نافیز وەڵامی دایەوە. باسی ئیشەکەی کاک حەمیدم بۆ کرد و گوتم کاک ئیدریس گەڕایەوە و منی ڕاسپاردوە کە لەگەڵ ئێوە قسە بکەم و

ئیشەکەی کاک حەمید جێبەجێ بکەن. گوتی: "هەر ئێستە بینێرە." بە کاک حەمیدم گوت هەر ئێستە لەگەڵ حوسێن کاوانی بچۆ. بە کاک حوسێنیشم گوت، دوای تەواو بوونی ئیشەکەی، ئەگەر ویستی بۆجێیەک بچێ یان بگەڕێتەوە ئێرە، لەگەڵی بە. کاک حەمید گوتی: "دەگەڕێمەوە لای ئێوە." چوو، لیستەکانیان لێوەرگرتبوو کە بەیانی بینێرن بۆ لیژنەی ئاشتی سەلام. کاک حەمید دەوروبەری ١١ی شەو گەڕایەوە و پێکەوە نانمان خوارد و نزیکەی ١٢ی شەو بوو، هەستاین ڕۆیشتین. لە ڕێگەدا کاک حوسێن خەریکبوو لەگەڵ سەیارەیەک موشکلە دروست بکا. گوتم چیدەکەی؟ گوتی: "دەڵێی ئەو کابرایە وەشوێنمان کەوتووە و تەعقیبمان دەکا." گوتم حەقی خەڵکت نەبێ، لێخوڕە بڕۆین. چووین گەیشتینە گۆڕەپانی "ساحەت عەقەبە بن نافع"، دەوری گۆڕەپانەکەماندا لە نزیکی، گەیشتینە گۆڕەپانێکی بچووکتر کە لەنێوان "ساحەت عەقەبە بن نافع" و هۆتێل ئۆپەڕا هەڵکەوتبوو. لەوێ بینیمان دوو کەس بە دەمانچە و کلاشینکۆف تەقەیان لە ئوتۆمبیلەکەی ئێمە کرد و چەکدارێکیش لەوبەری کۆڵانی هۆتێلەکە لە ماڵێکەوە کە دیواری نزم بوو، تەقەی لێکردین و حەمید هاواری کرد. نزیکەی ٥٠- ٦٠ گوللەیان لە سەیارەکەماندا. ١٧ کونی گوللە لە پشت سەری من لە سەیارەکە کەوتبوو. حوسێن کاوانی بە لێزانیی خۆی ئوتۆمبیلەکەی لە تەقەکە دوور کردەوە چوو بۆ شەقامی ٥٢. لەوێ ڕامانگرت، ژنێک لەسەر باڵکۆنی ماڵێک ڕاوەستابوو، گوتم دەکرێ بێم تەلەفۆنێک بکەم بۆ نەجدە "فریاکەوتن"، گوتی مێردم لە ماڵ نییە. لەوکاتەدا دوو سێ ئوتۆمبیلی نەجدە گەیشتن. کاک حەمیدیان برد بۆ "مدینەتولتۆب" و من و حوسێن کاوانی و دوو پێشمەرگەکانیشیان بردە مەرکەزی شورتەی عەلەوییە. لەوێوە تەلەفۆنم بۆ کاک نافیز

جەلال کـــرد و لەســـەر داوای ئەو ئێمەیـــان گواســـتەوە بـــۆ مدینەتولتۆب.)

شـایانی باسـە سـاڵی ١٩٩١ حەمید مـوراد مـحەمەد "حـەمیـد بەرواری" و حـاجی بەرواریـی بـرای و بنەمـاڵەکەی لە شـاری لێنشـۆپێگ لە سوید دەژیـان و مـن هـاتۆچۆم لەگەڵیـان هەبـوو. لە بواری پشت و قاچەکانییەوە ئازاری هەبوو و بە گۆچان دەڕۆیشت. لە یەکێـک لە دانیشـتنەکانماندا پرسـیاری ئەو ئـازارەیم کـرد. هەربەو شـێوەیەی سـەروو کە کـاک حەمە عەزیـز باسـی ڕووداوی تیـرۆرەکەی بـۆ گێـڕامەوە، ئەویـش گـوتی لە جیـاتی خوالێخۆشـبوو ئیدریس بارزانـی لەویان داوە.

بەهەرحـاڵ، بەڕێـز مەسـعود بـارزانی لە کۆتـایی نوسـینەکەیدا، نـامە دەستنوسـەکەی سـەدام حوسـێنی سـەبارەت بەو کـارە تیرۆریسـتییە بـۆ بـارزانی بڵاوکـردوەتەوە کە ئەمەی خـوارەوە دەقەکەیەتی:

برای ئازیز باوکی ڕێزدار ئیدریس

سڵاوێکی برایانە... هیوام وایە چاک بی

ڕێکەوت هەروای دەوێت لە بارەی گیروگرفتێکەوە نەبێت نـامەت بـۆ نەنووسم. من هیوام وایە هەوڵ و تەقەلامان هەمیشە سەرکەوتوو بێت بۆ هەرچییەک کە چاکەی گەلەکەمان و بەتین کردنـی برایەتیمانـی تێدا بێت.

بـرام بـاوکی ئیـدریس... ئوتـۆمبیلەکەی ئیـدریس شـەوی دووشـەممە نزیکەی سەعات یەک تووشی دەستدرێژییەک بوو بە تەقە لێکردن. لەو ڕووداوەدا حەمید بەرواری پێکرا و ئەوانـی تـریش ڕزگاریـان بـوو. ئەی برا، مەبەست لەم ڕووداوەدا ئیدریس نەبوو... هەرچەند ویستی خـودا ئەوی لادا کە بوو... مەبەست لەم ڕووداوەدا پێوەندی ئێمە و ئێوە بوو... مەبەست ئەوە بوو عێراق سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ خوێن لەبەرچوون و ڕۆڵەکـانی ئەم گەلە و سـەرکردە دڵسـۆزەکانی کە بڕیاریـان دابـوو

یەکەتییەکەی وڵاتەکەیان پتەو بکەن و لەسەر بنەمایەکی نەلەقیوی دامەزرێنن.

لام وابێ ئەو قسەیەت لەبیربێ کە ئەورۆژە پێم وتی، کاتێ بەیانەکەمان ئیمزا کرد بەوەی پێویستە گەشبین نەبین و ئیتر لامان وانەبێ نارەحەتیمان لەگەڵ ئیمزاکردنی بەیانەکەدا بڕایەوە و پیاوخراپە چڵکاوخۆرەکانی نۆکەری ئیمپریالیزمیش بڕانەوە. ئەو ئیمپریالیزمەی بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا لە عێراق بەرەو ڕووی کاری مەزنی بەیانی ئاشتی، بەیانی ١١ی ئادار بووەوە. بێگومان هەناسەی هاتووەتەوە بەبەردا و دەستی کردووە بە نەخشەکێشان بۆ خراپە کردن لە پێوەندیی نێوانمان و لەگەڵ ئەم وڵاتە خۆڕاگرە پاڵەوانەدا. ڕووداوی لێدانی ئوتۆمبیلەکە یەکەمین خراپە نەبووە کە لە ئاست پێوەندیی نێوان ئێمە و ئێوە کراوە و هەروەها دواخراپەش نابێت، بەڵام بەهیمەتی ئێوە و بە هیمەتی هەموو دڵسۆزانی ئەم وڵاتە ئێمە لە بەتین کردنی برایەتیماندا هەر بەرەوپێش دەڕۆین و بای شەڕ و شوومیش لەمەوپاش ناتوانێ زیانی پێ بگەیەنێت. ئێمە لەمەوپاش لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە ڕاستەوخۆ چاودێری و سەرپەرشتی دەکەین، دەگەینە ئەو سەرە داوانە کە لە پشت ئەم ڕووداوە نامەردانەیەوە خۆیان حەشار داوە. نۆکەرانیش لەمەولا دەبینن کەس نییە لەپێش دەمی سزای مێژوودا تکایان بۆ بکات.

سڵاوم بۆ گشت برایان و بەهیوای سەرکەوتنم بۆتان.

براتان سەدام حوسێن ١٢/٧

بە پێداگریی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، سەرئەنجام حکومەتی ناوەندیی حوکمی دادگایی کردنی تاوانبارانی هەوڵی تیرۆر کردنی ئیدریس بارزانیاندا و دادگای شۆڕشی عێراق ڕۆژی ١٩٧٢/٤/٢٠ ئاکامەکەی بەشێوەی خوارەوە ڕاگەیاند، بەڵام حوکمەکەیان بەڕێوەنەبرد.

سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش

بەغدا
ژمارە: ١٧٥٨/ج/١٩٧١
مێژوو: ١٩٧٢/٤/٢٠

لە ١٩٧٢/٤/٢٠دا دادگەی شـــۆڕش بەســـەرۆکایەتی دادوەر عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجاڕ و ئەندامەتی عەقید یونس مەعروف دووری و مقەدەمی یاسا ڕاغیب فەخری و بەناوی گەل ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

١- حوکمدانی عاسیف زێباری بە بەندکردنی تا کۆتایی تەمەن "مؤید" بە مەرجێک بەگوێرەی ماددەی ١٩٤/٣٠/ ق.ع. ماوەی گیرانەکەی بۆ ئەژمار بکرێت.

٢- حوکمدانی هەردوو ڕاکردوو، محەمەد دێوانە و قەرتوس موسا بە پاشملە "غیابی" بەندکردن تا کۆتایی تەمەن "مؤید" بەگوێرەی ماددەی ١٩٤/٣٠/ ق.ع.

٣- حوکمدانی هەریەک لە عەبدولقەهار فارس زێباری و لەتیف ئەحمەد زێباری بە بەندکردنی بۆ ماوەی حەوت ساڵ بە مەرجێک ماوەی گیرانەکەیان بۆ ئەژمار بکرێت. ئەمەش بەگوێرەی بڕگەی "١" لە ماددەی ٥٦ ق.ع.

٤- دەست بەسەر داگرتنی چەک و فیشەک و قەوانە بەتاڵەکان و ناردنیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی "عینة" بەپێی ئوسول.

٥- ئیعتیبارکردنی تاوانەکەیان بە کەتنێکی ئاسایی زیان بەشەرەف نەگەیەن بەپێی ئەحکامی یاسای ئیعتیبار بۆ گەڕاندنەوەی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٦٧ هەموار کراوە.

بڕیارەکە بە ڕێککەوتنی هەموو ڕاکان دەرچوو و بە ئاشکرا لە ١٩٧٢/٤/٢٠ تێی گەینرا.

دادوەر عەبدولکەریم ئیبراهیم نەجاڕ سەرۆکی دادگای شۆڕش
عەقید یونس مەعروف دووری ئەندام

مقەدەمی یاسا ڕاغیب فەخری ئەندام (پاشبەندی ١٠)

دەستدرێژی بۆسەر ئوتۆمبیلی ڕێزدار ئیدریس بارزانی بەمەبەستی تیرۆرکردنی دوا پیلانی دوژمن نەبوو. دوژمن کە بەشەڕ نەیتوانی لە بەرامبەر چەکی پێشمەرگەدا تاقەت بهێنێت، ئەم جارەیان لە ڕێگەی ئاشتی و ملدان بە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، دەیویست بە تیرۆرکردنی بارزانی، شۆڕشی کوردستان لە سەرکردایەتیی شۆڕشەوە تێکبشکێنێت. واتە هەر ئەوکارەی ساڵی ١٩٦٣ لە هێرشە گەورەکەیدا بۆسەر ناوچەی بارزان کردی، بۆ لەناوبردنی بارزانی کە نەیتوانی.

لە پیلانی ئەم جارەیدا، دوژمن بە زانیاریی لە هەستی مرۆڤدۆستانەی بارزانی لە بەرامبەر خەڵک و بەتایبەتی میوانەکانیدا هەوڵیدا بە ڕێگەی میوانانەوە بارزانی تیرۆر بکات. بەرلەوەی کە دوژمن پیلانەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ، ئیدریس و مەسعود بارزانی دوو پلانی حکومەتیان پوچەڵ کردبۆوە و هەوڵی ئەوەیان دابوو کە باوکیان ڕازی بکەن بەوەی هەندێک چاودێری وردتری بۆ بکەن لە کاتی پێشوازییکردنی میوانەکانیدا، بەڵام بارزانی ڕێی پێنەدەدان کە میوانەکانی بپشکێنرێن، نەخوازە ئەگەر مەلا و پیاوی ئایینی چووبانە لای.

بەو زانیاریانەی کە دوژمن، واتە عێراق لە بارزانی هەیبوو، ڕۆژی ١٩٧١/٩/١٥ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، دوو مەلا بە ناوەکانی عەبدولجەبار ئەعزەمی و عەبدولحوسێن دەخیلی سەعید دەنێرێتە حاجی ئۆمەران کە چاویان بە بارزانی بکەوێ. بارزانی بەگەرمی پێشوازیی لەو دوو مەلایانە دەکات و گوێ لە وتەکانیان دەگرێ. مەلاکان دەڵێن:

- (بەهۆی کزبوونی پێوەندیی نێوان شۆڕش و ڕژێم و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕای گشتی هاتوون، بارزانی ئاگادار بکەنەوە کە دەیانەوێ هەڵمەتێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، لەنێوان زانایانی ئایینی و خەڵکدا بەڕێوەبەرن.) بارزانی نیازەکەیان پەسند دەکات و بە ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەو هەنگاوەیان.

شۆفیری ئوتۆمبیلی ئەو مەلایانە یەکێک بوو لە کاربەدەستانی دەزگای هەواڵگریی "موخابرات" بەعس و بۆ ئەوە ڕەوانە کرابوو کە شناسایی ناوچەکە و بارەگای بارزانی بکات و شارەزایی لەسەر جێی کۆبوونەوەکان و شوێنی دانیشتنی بارزانی لە کۆبوونەوەکان و پێشوازیی کردنی لە میوانان بزانێت.

دوای گەڕانەوەی ئەو دوو مەلایانە، ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩، وەفدێکی چاوەڕوان نەکراو بە دوو ئوتۆمبیلی تۆیۆتا ستێشن و شیفرۆلێت دەگەنە حاجی ئۆمەران. ئەفسەری بەرپرسی سەیتەرەی حاجی ئۆمەران ئوتۆمبیلەکان ڕادەگرێ، بەڵام عەبدولجەبار ئەعزەمی کە پێشتر سەردانی بارزانی کردبوو، هەڕەشەی لێدەکات و پێی دەڵێ لای بارزانی شکاتی لێ دەکات و ئەویش بۆ ئەوەی میوانی بارزانی نارەحەت نەکات، ڕێیان پێدەدات.

کاتژمێر ١٦:٤٥، بارزانیو دوکتۆر مەحمود عوسمان لەگەڵ میوانەکان دادەنیشن کە بریتی بوون لە: عەبدولجەبار ئەعزەمی، ئیبراهیم خوزاعی هەڵگری بۆمبەکە، ئەحمەد عەبدولا یاسین هیتی، عەبدولوەهاب ئەعزەمی، ئەحمەد محەمەد قاسم، باقر موزەفەر و سەید نووری حوسێنی کە هەموویان مەلا بوونو شۆفیرەکانیش بریتی بوون لە: محەمەد کامیل ئیسماعیل و عەبدولڕەحمان سلێمان کوخی کە هەردوویان ئەفسەری ئاسایش بوون.

کاتژمێر ١٦:٥٥، یەکێک لە مەلاکان بەناوی ئیبراهیم خوزاعی کە ڕووبەڕووی بارزانی دانیشتبوو، دەتەقێتەوە و دەبێتە هۆی کوشتنی خۆی و چوار لە مەلا هاوڕێکانی کە لە دەستی ڕاست و چەپیدا دانیشتبوون. بۆمبی شاراوە لە جلوبەرگی ئەو مەلایەدا زیانی بە بارزانی نەگەیاند، هۆیەکەشی بۆ ئەوە گەڕایەوە کە لەکاتی تەقینەوەی بۆمبەکەدا، محەمەد شەریف هۆستانی لەنێوان ئیبراهیم خوزاعی و بارزانیدا خەریکی دانانی چایی لەپێش بارزانی بوو کە بۆمبەکە جەستەی ئەنجن ئەنجن کرد و لە ئاکامدا بارزانی و ئەوانەی دەستی ڕاست و چەپی زیانی قورسیان لێ نەکەوت و بە تەقینەوەی بۆمبەکە ڕایانکردە دەرەوەی ژوورەکە. بارزانیش ژوورەکە بەجێدەهێڵێ و بانگی پێشمەرگەکان دەکات کە دەست ڕاگرن و نەیانکوژن، بەڵام پێشمەرگەکان مەودایان پێنادەن و هەموویان دەکوژن.

لەوکارە تیرۆریستییەدا، محەمەد شەریف هۆستانی و سەلیم زوبێر بارزانی کە لە هەولێرەوە هاتبوو شەهیدبوون و ١٤ پێشمەرگە و دوو کیژ بریندار بوون کە ناوی یەکێک لەوانە زوبێدە محەمەد میرخان بوو، هەروەها دوکتۆر مەحمود عوسمانیش ڕزگاری بوو. دەربارەی شەهیدبوونی محەمەد شەریف هۆستانی، ئازاد سوڵتان شێروانی دەڵیت: ( **ڕۆژی ١٩٧٢/٩/٢٩ کە مەلاکان خۆیان تەقاندەوە و محەمەد شەریف کاتی دانانی چایی لەپێش بارزانی شەهید بوو، ئەو ڕۆژە لە جیاتی من چایی دادەنا و من لە پشودان بووم و بەیانی ڕۆژی دوایی گەڕامەوە.**)

کاربەدەستانی حکومەت و دەزگاکانی هەواڵگریی عێراق، بەردەوام بوونی شۆڕشی ئەیلولیان لە چاوی مەلا مستەفا بارزانیدا دەبینی و واتێگەیشتبوون بە نەمانی ئەو شکست بەشۆڕشی کوردستان دەهێنن. لەبەرئەوە بە بەرنامەیەکی بەردەوام و بەبێ

ئەوەی کە پەنـــد لە شکســـتەکانی پێشـــوویان ســـەبارەت بە تیرۆرکردنی بارزانی وەرگرن، سەرلەنوێ پەنایان بۆ تاوانێکی تری تیرۆریستی برد.

ئەوان لە لایەک پاکەتی بۆمبڕێژکراویان دەنارد و لەلایەکی تردا، میوە و شیرینی ژاراوی و ڕادیۆ و ڕیکۆردەری پڕلە تەقەمەنیان ڕەوانەی ناوچەی پێشمەرگەکان دەکرد و بۆیان گرنگ نەبوو بۆمبە نێردراوەکانیان لە دەستی کێدا دەتەقێتەوە. ڕۆژی ١٩٧١/١٢/٢٦ شۆفیری ئوتۆمبیلێک پاکەتێکی پڕلە تاید و وردەشتی تر دەهێنێ بۆ چایخانەی ناوکێلەکان، لەگەڵ پاکەتێکی باقلاوە بۆ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی و دەیەوێ بیبات بۆ بنکەی "کانی زیل" کە پێشمەرگەکان پێشی پێدەگرن و ناهێڵن بچێتە شوێنی مەبەست. لەوێ قادر سەنگ سفید "بێکەس" خەریکی پشکنینی پاکەتەکە دەبێ کە پاکەت لە دەستیدا دەتەقێتەوە و قادر بێکەس و سێ کەسی تر شەهید دەکات و حەسەنی کوڕی قادر و چەند کەسی تریش بریندار دەبن. لەم بارەیەوە کەمال عەبدوڵا ڕەسوڵ یەکێک لە بریندارەکانی ئەو تەقینەوەیە کە لەودا چاوێکی خۆی لەدەستداوە لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٣/٥/١١ پێی گوتم:

- (من لە بنکەی کانی زیل حەرەس حدود بووم. ڕۆژانە لە کانی زیلەوە دەچووم بۆ قاوەخانەی ناوکێلەکان و ئەرزاقم دەهێنا بۆ فەوجـــی حەرەس حـــدود. ڕۆژی ١٩٧١/١٢/٢٦، لە چایخـــانەی ناوکێلەکان بووم کە جیپێک هات و ئێمە نەمانهێشت جیپەکە بچێتە سەرێ. تاید و شتی تری تێدا بوو. قادر بێکەس ویستی بارەکە بپشکنێ کە پاکەتێک تەقییەوە و قادر و زاهید عومەر و کوڕێکی مام عەبدوڵای ناوکێلەکانی شەهیدکرد و ١٢ کەسیش

بریندار بوون کە ناوی هێندێکیانم لەبیرە، وەک: ڕەمەزان حەسەن، محەمەد حەسەن، خدری حاجی حەسەن، حەسەن بێکەس و کەسێکی شیوعی. هەروەها منیش لەو ڕووداوەدا چاوی چەپەم لەدەستدا. جگەلەوە لە سەیتەرەی بەرزێوەش پێشمەرگەکان دەستیان بەسەر پاکەتێکدا گرت کە هێنەرەکەی ویستی بیکاتەوە و بە پێشمەرگەکان بڵێت کە پاکەتێکی ئەمینە، بەڵام پاکەتەکە تەقییەوە و کابرای هێنەری کوشت.)

کوردێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بەناوی ئیبراهیم گاباری لە سوریاوە هاتبوو لە بەغدا دەژیا. ناوبراو چەند جارێک سەردانی مقەڕی خەبات "لقی پێنجی" پارتی دیموکراتی کردبوو. بەرپرسانی پارتی و شۆڕشی کوردستان بە کەسێکی خەباتکاریان دەزانی کە گوایە لەترسی ڕاوەدوونانی ڕژێمی سوریا ڕایکردوە. ڕاستی و دروستی وتەی گاباریی ڕوون نەبوو کە ئایا لە ترسی ڕاوەدوونانی ڕژێمی سوریا ڕایکردوە، یان بۆ ئاژاوە نانەوە لەنێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق نێردراوە.

ڕۆژی ١٩٧٢/٦/١ دەزگای پاراستنی شۆرش، مەسعود بارزانی ئاگادار دەکاتەوە کە ئیبراهیم گاباری بۆ کارێکی زۆر نهێنی، دەیەوێ چاوی پێی بکەوێ. گاباری دەبەنە لای کاک مەسعود. لەوێ گاباری نهێنییەک سەبارەت بە تیرۆرکردنی بارزانی ئاشکرا دەکات. دەڵێت:

- (نازم گزار پێی ڕاسپاردووم بە هاتووچۆ کردنم بۆلای ئێوە، متمانەی ئێوە بۆلای خۆم ڕابکێشم و بەدوای ئەوەدا کە متمانەتان بەمن کرد، بە هەگبەیەکی پڕلە TNT بێمەوە لاتان و ئەگەر کرا بارزانی و ئەگەرنا کاک ئیدریس یان تۆ بکوژم.)

مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٧٨ی کتێبی "بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بەو ڕووداوە دەکات:

**- (چەند پرسیارێکم لێکردو لە وەڵامەکانییەوە دیار بوو هەرچی دەیڵێ ڕاست دەکا. گومانم لەوەدا نەما کە ئەو کوڕە گەنجە نیازی پاکە و بەڕاستی نیشتمانپەروەرە. ستایشی ڕەوشتی بەرزیم کرد و پیرۆزباییم لەسەر ئەو هەستە خاوێنەی لێکردو داوام لێکرد لەسەر نەخشەکەی خۆی بەردەوام بێ و هەوڵبدا بزانێ چییان لێی دەوێ لە قۆناخی داهاتوودا بۆیان بکا.)**

گاباری بەو ڕێنوێنییەی کاک مەسعود بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک دەچێتەوە لایان و دەڵێ داوایان لێکردوم وێنەیەکی فتوگرافی لەگەڵ بارزانی، یان کاک ئیدریس، یان تۆ بگرم کە ئەو داوایەی بۆ جێبەجێ دەکەن و سەرلەنوێ گاباری دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا.

ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٥، گاباری بە هەگبەیەکی پڕلە **TNT** دەچێت بۆ حاجی ئۆمەران. دەزگای پاراستنی شۆڕش بەوردی دەیخاتە ژێر چاودێری و لە حیزبیشەوە بە ڕۆژنامەی "التاخی" دەڵێن هەواڵی دۆزینەوە و پێزانینی پیلانەکە بڵاوبکاتەوە. وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەتوندی نکۆڵیی لەوە دەکات کە دەستی هەبێ لەو پیلانەدا و لەسەر داوای سەدام حوسێن لیژنەیەکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە لە پیلانەکە دەستنیشان دەکەن کە ئەندامانی بریتی بوون لە: عەبدولخالق سامەڕایی، عەزیز شەریف، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی"، دارا تۆفیق، ئیحسان شێرزاد و موکەڕەم تاڵەبانی.

ئەندامانی لیژنەکە دەچن بۆ حاجی ئۆمەران و لەوێ هەموو بەڵگەکانیان دەخەنە دەستیان و ئیبراهیم گابارییش دەهێنن و

ئەویش لە یەکەم ڕۆژی پێوەندیی کردنی بە نازم گزارەوە تا دووا قۆناخ بە ئەندامانی لێژنەکە ڕادەگەیەنێ و ناوی چەند ئەفسەری سوپاش لە داڕشتنی ئەو پیلانە تیرۆریستییەدا ئاشکرا دەکات. کاتێک ناوی مقەدەم باسیلی بەزمان هێنا، سامەڕایی داوای لێدەکات، پێی بڵێ باسیل چۆن ڕواڵەتێکی هەیە؟ گاباری دەڵێت: (تەمەنی لە سنوری ٣٥ساڵدایە، موی سەری کەستانەییە، چاوی شین و دەموڕووی چاڵوچوڵە و نیشانەی ئاوڵەیە. باسی سەعاتی دەستی دەکات کە ئەڵقەی پەنجەی دەڕازێنێتەوە.)

بەو هێمایانەی کە گاباری دەیدا، سامەڕایی بێدەنگ کرد و پێی گوت: (بەس، بەس، وەسفکردنی بەم جۆرە هەرگیز بە خەیاڵدا نایەت. من باسیلم هێناوەتە ناو حیزب و لە ڕاست بوونی قسەکانی گاباری دڵنیام. دەگەڕێمەوە ئەم ڕاستییە دەخەمە بەردەمی سەرکردەکانم و ئیتر نازانم چییان لێ دەکەن.)

ئاشکرا بوونی ئەم پیلانەش وەک پیلانەکانی پێشوو، بەبێ سزادانی بکەرەکانی پوشبەسەر کرا. دەربارەی وەڵام دانەوەی شۆڕش بەو پیلانە، مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٨٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (جارێکیان بەرپرسانی دەزگای ئاسایشی شۆڕش هاتن بۆلام و وتیان: ڕێگەمان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوە کە بۆمبێک لەماڵی خێروڵا تلفاح دابنێین و سەرکەوتنی کارەکە ١٠٠% دابینە. منیش لای خۆمەوە وام بەخەیاڵدا هات کارێکی وا لەوانەیە ببێت بە بەڵگەی لێهاتوویی دەزگاکەمان و پلەی خۆمم لەبەرچاوی خۆمدا پێ بەرز بۆوە و چووم بۆلای بارزانی و ئەم پێشنیازەم بردەلای. لێم تورە بوو و وتی:

- هیچ دەستەبەرێک هەیە کە ژن و منداڵی تێدا تووش نابن؟ وتم:

- نەوەڵڵا هیچ دەستەبەرییەکی وا لەگۆڕی نییە. وتی"
- کەواتە جیاوازیی ئێوە لەگەڵ نازم گزار لە چیدایە؟ پاشان سەیری کردم و وتی: باش گوێت لێم بێ، خۆتان دوور بگرن لەوەی کەسانی بێگوناە بەکوشت بدەن. خۆتان دوور بگرن لەوەی ژن و منداڵ بەکوشت بدەن. کاری وا کاری ئەو ترسەنۆکانەیە کە لە خوا ناترسن. ئەگەر منتان لەناو نەبوو ڕێی ئەم جۆرە کارانەتان لێ بگرم، من لێتانی قەدەغە دەکەم، هیچ کاتێک و لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێگەی ئەنجامدانی کاری لەم جۆرە ئابرووبەرانە مەدەن. ئەگەر ئازایی و لێهاتوویی لەخۆتاندا شک دەبەن، تاوانبارانی بەرپرس و ئەنجامدەرانی ئەو کردەوانە خۆیان لەناو بەرن نەک بەکوشتنی ژن و منداڵیان تۆڵەیان لێ بستێنن.)

ئەمە هەڵوێستی بارزانی بوو سەبارەت بە خێزانی ئەو تاوانبارانەی بە ناردنی بۆمبی پاکەتی و ژاراوی کردنی خواردەمەنی، گەورە و بچووکی کوردیان دەکوشت. وانەیەکیش بوو لە مرۆڤ دۆستی بارزانیی کە ئەندامانی پارتی دیموکرات و شۆڕشی کوردستانی پێ پەروەردە دەکرا.

## عێراق دەچێتە ناو بەرەی یەکێتی سۆڤیەتەوە

یەکێتی سۆڤیەت ڕاوەدوونان و کوشتنی شیوعییەکانی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٦٣دا لەبیر بوو، لەبەر ئەوە زۆری باوەڕ بە حکومەتی بەعس نەدەکرد. ساڵی ١٩٦٩- ١٩٧٠ کە وتوویژ لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەت بوارێکی جیددی بەخۆیەوە گرت، بارزانی پێشنیازی کرد حیزبی شیوعییش وەک لایەنێک بەشداریی وتووێژەکان بکات کە سەدام حوسێن و سەرکردەکانی حیزبی بەعس ڕازی نەبوون.

جاری یەکەم کە سەدام دەیویست سەردانی ڕوسیا بکات، داوای لە بارزانی کرد کە ئیدریس بارزانی لەگەڵ بنێرێت، بەڵام بەو زانیارییەی بارزانی لە سەرکردەکانی ڕووسیا هەیبوو سەبارەت بە حیزبی بەعس، دەیزانی ئەوان سەدام بەدڵ وەرناگرن و ئەویش ڕەزامەندیی لەگەڵ چوونی ئیدریس بارزانی پێشان نەدا. بۆچوونەکەی بارزانی بە ڕاست دەرچوو، سەدام لەو سەردانەیدا لەگەڵ ساردیی کاربەدەستانی سۆڤیەت ڕووبەڕوو بۆوە. دواتر کە پێوەندی لە نێوان شۆڕش و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهات و کاربەدەستانی سۆڤیەت پێیان زانی، سەرەتا ویستیان پێش بەو پێوەندییە بگرن کە نەیانتوانی، ئەوانیش لایەنی حکومەتی بەعسیان گرت.

کاربەدەستانی سۆڤیەت بەبێ لەبەرچاو گرتنی تاوانەکانی ڕژێم و جێبەجێ نەکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، تەنیا لەبەر ئەوەی کە پێی ئەمریکییەکان نەگاتە ناوچەکە لە بارزانییان دەویست وەک هاوپەیمانی ڕژێمی عێراق بمێنێتەوە و ئیتر بەجیددی چاویان لە مافی کورد و جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنی ئادار نەبوو. لە لایەکی تردا، بارزانی زۆری باوەڕ بە

یەکێتی سۆڤیەت و بەڵێنەکانی نەمابوو. بە ئەزموونی دوازدە ساڵ مانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت، بۆی دەرکەوتبوو، یەکێتی سۆڤیەت توانای لە ئەستۆ گرتنی ئەو بەرپرسایەتییەی لە جیهاندا نەماوە و ئەمریکا لە دوارۆژدا سیاسەت، ئابووریی و ئەمنیەتی جیهانی دەکەوێتە دەست و ئەگەر بێتو خەیانەت بە کورد نەکات، ئەو دەتوانێ نەتەوەی کورد بە مافی ڕەوای خۆی بگەیەنێت. دەربارەی ئەو کردەوە دوولایەنەی سۆڤیەت، جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکیدا کە ڕۆژی ١٩٧٢/٦/٢٢ ئاراستەی ئیدریس و مەسعود بارزانی کردوە، دەنوسێت:

بەغدا

١٩٧٢/٦/٢٢

برایانی خۆشەویست و بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتان بە ئاوات ئەخوازم

ماوەیێک لەمەوبەر نامەیێکم نووسی بۆتان بەهۆی کاک حەبیبەوە، بەڵام چونکە هاتبوو بۆ بەغدا نامەکەم بۆ گەڕایەوە. وا ئەم جارە بە کوردی بۆتان ئەنووسمەوە. کە گەیشتمە بەغدا بە گەرمی لەلایەن حکوومەت و شیۆعی و ڕووسەوە پێشوازی کرام نوێنەرانی هەر سێ لایان هاتنەلام. هەرچەندە لەهجەی قسەیان جیابوو، بەڵام ئامانجیان یەک بوو. ئەویش بریتی بوو لە هاندانمان بۆ ئەوەی یەکیەتییەکەمان تێک دەینەوە و حزبێکی تەقەدومی کوردی دروست بکەین. بۆ دروستکردنی "مغریات" و "مشجعات" و "وعودی" زۆر هەبوو. هەر لە تەئیید و پشتیوانییەوە تا سەر حوکمی زاتی.

من شیوعی و ڕوسەکانم هاندا بۆ ئەوەی دەست لە بارزانی بەرنەدەن و وەفدێک بنێرن بۆلای کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت وە

"ضمانات" بدا بە بارزانی کە معاهەدەی ڕووس و عێراق ضدی کورد نییە وە حوکمی زاتی بدرێت بە کورد بە کەرکووکەوە وە یارمەتی ماڵی بارزانی بدەن. لەسەر داوای عامر عەبدوڵڵا بەو مەعنایە نامەییێکم بۆ کاک عەزیز محەمەد بەکوردی نووسی کە لە مۆسکۆیە. پاشان بیستمەوە کە کراوە بە عەرەبی و بە برووسکە سەفارەت ناردوویەتی بۆ مۆسکۆ بۆ ڕووس زۆرم قسە کرد وە هەوڵمدا تێیان بگەیەنم کە بارزانی دۆستیانە و دۆستایەتیان لەگەڵ "لەگەڵ کورد" مایەی قووەتە بۆیان لە عێراقدا وە ئەمەش سەبەبی هەقیقیی نێزیکی حوکمی بەغدایە لێیانەوە، بۆیە هەق نییە بارزانی بەردەن.

(١) حکوومەت و ڕووس و شیوعی نیازیان دروستکردنی "تەجەموعێکە" دژی بارزانی بەناوی "حزب" یان "کۆمەڵ" یان شتێکی ترەوە بێت.

(٢) دوکتۆر مراد هاتەلام و داوای لێکردم کە حزبێک دروست بکەم و ڕووس و شیوعی یارمەتیم بدەن. حکوومەتیش حوکمی زاتیمان بداتێ بە کەرکووکەوە. چونکە حازرنین کەرکووک بدەنە بارزانی وە گوتی ڕووس و حکوومەت و شیوعی یارمەتیت ئەدەن و زۆر کەس هەیە ئامادەن لەگەڵت بن لەناو پارتی و لە دەرەوەی پارتی.

(٣) جەماعەتێک هەن لە کوردی موستەقیل وەک هەمزە عەبدوڵڵا، نەژاد، خەسرەو، ساڵح حەیدەری کە خۆیان بە تەقەدومی ئەزانن و عەلاقەیان بە کاک دارا تۆفیقەوە هەیە. زۆر جار هاتنەلام و چوومە لایان. داوای حزبێکی کوردی یان تەجەموعێکی کوردی تەقەدومی ئەکەن کە داخلی جەبهە بێت. من بۆم شەرح کردن کە ئەمە فاشیلە چونکە تەجروبەی ئێمە هەیە. لە وەڵامدا گوتیان بە سێ شەرت ناجیح ئەبێت کە بریتین لە:

آ- پشتیوانی ڕووس بوی- گوتیان ئەبێت.

ب- پشتیوانی حزبی شیوعی و پارتی شۆڕشگێڕی پێشوو، گوتیان ئەمەش پێویستە بێتەدی.

ج- حکوومەت حوکمی زاتی بدات پێی، گوتیان ئەبێت.

لام وایە ئەم فکرەیە لە داهاتوودا تەحقیق ئەکرێت بەیارمەتیی شیوعی و ڕووس و بەعس.

(٤) سەدام ناردی بەشوێن من و فوئاد عارف، لە دیتنەکەیدا باسی کرد کە ئەوان حازرن بۆ هەموو شتێک کە ئێمە داوای بکەین. کاک فوئاد باسی "اشراری" دەوری بارزانی کرد و گوتی ئەبێ وفود بنێرینە سەر بارزانی بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست بگرێ. من لە نەوتەوە دەستم پێ کرد. پاش پیرۆزبایی هەنگاوی تەئمیم گوتم سەرکەوتنی بەندە بە چارەسەکردنی مەسەلەی کوردەوە، ئەویش بێ بارزانی نابێت.

پێشنیهادم کرد کە خۆی بچێت بۆلای. گوتی من ئامادەم نامە بنووسم و بارزانی ڕەئی لەسەرم خراپ بووە. گوتی لە هەموو شتێکی من بەشوبهەیە. تەنانەت کە دەمانچەمان پێک گۆڕییەوە هەر تووڕە بووبوو.

من پێشنیهادم کرد کە وەفدێک دەسەڵاتدار بێت بە سەرۆکایەتی عەبدولخالق بچێت بۆلای بارزانی بەو شەرتەی بتوانێ هەموو شتێکی هەبێت. پێش چوونی، گیراوەکانی پارتی بەردەین و محێ و سەرۆک جاشەکان لە عەقرە سەحب کرێنەوە. عوبێد بچێت بۆ خارجی عێراق. تەعریبی کەرکووک ڕابگیرێت. لە وەڵامدا سەدام گوتی ئێمە با هەرسێکمان دانیشینەوە، بە "ئەکثرییەت چی قەرار درا بیکەین، منیش لە "اکثریەت" ترسام. وتی با چاکتر بیری لێ بکەینەوە و بۆی دانیشینەوە.

(٥) حکوومەت لای وایە کە جەناحێکی تەقەدومی هەیە لە پارتیدا بریتین لە نوری شاوەیس، ساڵح یوسفی، دارا تۆفیق. عەزیز

عەقـراوی، هاشـم عەقـراوی، مەلا ئیسـماعیل، ئەمـانە ئامـادەن لەکاتی پێویستا دژی جەناحی یەمینیی پارتی بووەستن.

ڕووسیش هەرلەو باوەڕەیە، هەوڵیان دا من لەگەڵ ئەم جەناحە یەکخەن وە بۆ مستەقبەل پێکەوە بین.

(٦) حکوومەت هەر خەریکی خەڵک کڕین و تاخم دروستکردنە. زۆر پارە سەرف ئەکەن. بە حسابی خۆیان زۆریان کڕیوە وە زۆر کەسیان هەیە. بەلای منەوە نیوەی درۆیە، بەڵام لەناو پارتیدا خەڵکیان هەیە.

(٧) میسرییەکانم دی، ئەڵێن ئێمە زۆر حەز بە دۆستایەتیی بزووتنەوەی کورد ئەکەین. حەز ئەکەین لەگەڵ بارزانی دۆست بین. ئەڵێن پێمان خۆشە کورد بەهێز بێت هەرچەندە حەز بە هەڵگیرسانەوەی شەڕ ناکەین. ئەڵێن ئیمرۆ شەرکردنەوە بۆ کورد باش نییە چونکە دوای تەئمیم بۆ سومعەتان زۆر خراپە لەناو عەرەبدا. ئەڵێن ئێمە نەمان گوتووە ئێوە لەگەڵ بەعس دۆست بن و پشتیوانیی بکەن. هەروەها ئەڵێن ئاگادارین کە "تەجەمموعی وەتەن" ئێمەی تیانین.

(٨) چینییەکان نەختێ موهتەمن بە وەزعی کورد. ئەیانەوێ بزانن مەوقفمان چییە لە معاهەدەی ڕووس و بەعس؟ لە زاڵبوونی نفووزی ڕووس بەسەر عێراقدا. من گوتم ئێمە زدی ئەوەین. گوتیان ئەمە ڕەئی خۆتە. ئێمە ڕەئی بارزانیمان لا موهیمە.

هەروەها ئەیانەوێ بزانن کورد چەند ئامادەیە زدی ڕووس؟ وە زدی ئەمریکا؟ چین حەز بە حەلی دیموکراتی مەسەلەکە ئەکەن.

(٩) سەربەست بامەڕنی پیاوی میرییە. ئەوان ناردوویانە بۆناو جیهازی پاراستنی پارتی. شەبەکەیەکی جاسووسیی لە دەوری ئەسعەد خۆشەوی بۆ میری دروست کردووە. بەعسییەک گوتویەتی

زۆر مەعلووماتمان بۆ ئەهێنێت. بڕیارە سەری مانگ بینێرنە گەلاڵە و بامەڕنی.

(١٠) بە ڕەئی من زۆر پێویستە (١) یەکیەتی بەهێز کەین. (٢) زۆر وریا بین زۆر ئاگادار بین. (٣) ڕیزەکانمان بژار کەین. (٤) پێوەندی بە میسر و چینەوە بکەین. (٥) لەگەڵ ڕووس نەیپسێنین و پێشیان هەڵنەخەڵەتێین. (٦) لەگەڵ هەموو حزب و جەماعەتەکانی بەغدا و عەرەب پێوەندی بەهێز کەین. (٧) لەناو پێشمەرگەدا جاسوسی بێگانە نەهێڵین. (٨) برادەرە گومان لێ کراو و "تەقەددومییەکان" بەرینەوە گەلاڵە.

ئیتر هەر سەرکەوتوو بن

براتان جەلال تاڵەبانی (پاشبەندی ١١)

بەرلە ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، ڕژێمی عێراق لە ئۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"ی ساڵی ١٩٧١دا، بە ئامانجی نزیکبوونەوەی لە حیزبی شیوعی عێراق و دوورخستنەوەی حیزبی شیوعی لە پارتی دیموکراتی کوردستان، "پەیمانی کاری نیشتمانی"ی ڕاگەیاند. لە هەمانکاتدا دەمی یەکێتی سۆڤیەتی بەوە شیرین کرد کە چەند پەیمانی گەورەی لەگەڵ دەبەستێ وەک: کارکردن لەسەر چاڵە نەوتی ڕۆمیلە، کەڵکوەرگرتنی کەشتییەکانی سۆڤیەت لە لێوارەکانی کەنداو، کڕینی جۆرەها چەکی ڕوسی و یارمەتی وەرگرتن لە کارناسەکانی ڕوسیا لە عێراق. ڕژێمی عێراق بەو ڕێیەدا، دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤیەت دەستەبەر کرد و درزی خستە ناو پێوەندیی نێوان سۆڤیەت و پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەلێکس کۆسیگن سەرۆکوەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتای مانگی چوارەمی ساڵی ١٩٧٢ گەیشتە عێراق و پەیمانەکانی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر واژۆ کرد. بەو پەیمانانە، عێراق بە چەکی

قورسی وەک تۆپی ١٣٠ و ١٥٢ میلم، موشەکی سام، تانکی T62 کە دوا مۆدێلی تانک بوو و چەندان چەکی نوێ و فڕۆکەی بۆمبهاوێژی TU22 و سۆخۆ و میگی ٢٥ پڕچەک کرا کە دواتر هەموویان لە شەڕ بە دژی گەلی کورد بەکارهێنران.

یەکێتی سۆڤیەت دەیویست بەهەر شێوەیەک بێ دەستی بگاتە کەنداو و پێگەیەک لە عێراق دابنێ کە بەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ڕژێمی بەعس، ئاواتەکەی دەستەبەر بوو و ئیتر سەرنجی بە دروشمەکانی و دەستەبەر کردنی مافی گەلی کورد و دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموکرات و بارزانیی نەدا. هەرلەو چوارچێوەیەشدا هانی حیزبی شیوعی دا کە سەنگەری خۆی لە کوردستانەوە بگوازێتەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ حیزبی بەعس بچێت لە بەرەیەکی هاوبەشەوە کە زۆری نەگرت و ڕۆژی ١٧/ ١٩٧٣/٧ ئەو بەرەیە لەنێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعیدا پێکهات.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ، ڕژێمی بەعس سەرلەنوێ کەوتەوە ڕاوەدوونانی شیوعییەکان و حیزبی شیوعی ساڵی ١٩٧٩ گەڕایەوە بۆ باوەشی شۆڕشی کوردستان. ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٢ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سوسیالیستی کوردستان، قیادەی قوتری حیزبی بەعس، حیزبی کارتراکی عەرەبی، تحریر الشعب العراقی کە "دەستکردی "ینک" و قیادەی قوتری بوو، مستقلون و جەماعەتی بیت النهرین، بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتیی عێراق "جوقد"یان پێکهێنا. شازدە ڕۆژ دوای پێکهاتنی بەرەی جوقد، لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لە بەرەی نیشتمانیی دیموکراتیی "جود"دا کۆبۆوە.

## دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی

دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی یەکێک بوو لە پێداویستییەکانی شۆڕشی ئەیلول و بارزانی بە بەردەوامی پێداگریی لەسەر دەکرد، بەڵام ڕۆژئاواییەکان لە نزیکبوونەوە لە کورد خۆیان دەپاراست. یەکەم پێوەندیی شۆڕش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئەوروپی، بەهۆی چالاکیی لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE پێکهات. خوێندکارانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا توانیان لەگەڵ چەند ڕێکخراوی سیاسیی و مەدەنی وڵاتانی سکاندیناڤیا وەک: سوید، دانیمارک، نۆرویژ و فینلاند پێوەندی دامەزرێنن. دواتر ئەو پێوەندییە "کرایسکی" سەرکۆماری ئوتریش "نەمسا" و "فرانز جۆزێف شتراوس" سەرۆکی پارتی کریستیانی ئەڵمانیاشی گرتەوە. هۆی دوورەپەرێزی ئەو وڵاتانە لە کورد دەگەڕایەوە بۆ ڕاسپاردەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەو سیاسەتە لە ساڵی ١٩٧٢وە کە ئەمریکا لە کورد نزیکبۆوە، گۆڕانی بەسەردا هات. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢١٠ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- ( شێخ بابە عەلی شێخ مەحمود چەندجار لە جیاتی بارزانی پێوەندیی بە باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا کرد، بەڵام هیچ کام لەو هەوڵ و تەقەلایانە سودیان نەبەخشی. پاشانیش بارزانی لە ڕێگای سەید عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عەبدولقادری نەهری گەیلانییەوە ئەم هەوڵەی دایەوە، هەروەها بەهۆی شێخ عوبەیدوڵڵای کەماڵی زادە بۆ پێوەندی کرد بە باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە لە تاران و چەند نامەی بارزانیشی بۆ بردن، بەڵام**

دیسان هیچ کام لەم هەوڵ و تەقەلایانە سوودێکیان نەبەخشی و هەموو نامەکان بێ وەڵام مانەوە.

لە ساڵی ١٩٦٥دا لەگەڵ نوێنەری خۆمان لە تاران شەمسەدین مفتی چوومە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران و چاومان بە بەڕێز ئیلسەد سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە کەوت و نامەی بارزانیمان دایە دەستی لەگەڵ ڕاسپێرییەکی دەمی کە ئەویش ڕاسپێرییەکەی نووسییەوە و وتی دەیگەیەنمە سەرچاوەی خۆمان لە واشنتۆن و نامەکەش هەروا دەگەیەنمە دەستیان و چ وەڵامێکیانم بەدەست گەیشت پێتان ڕادەگەیەنم. پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک ئەم وەڵامەی داینەوە: "حکوومەتی ئەمەریکا هیچ شەڕێکی لە کوردستان پێ باش نییە و ئێمەش ناتوانین دەستی تێوەردەین چونکە هەراکە پرسێکی ناوخۆییە هەندێ یارمەتی مرۆییشمان لە ڕێگەی ڕێکخراوی CARE وە ناردووە و بەشی کوردیشی تێدایە. ئێمە ئاواتی هەموو چاکە و ئاشتییەک بۆ گەلەکەتان دەخوازین و هیوامان وایە ڕادەیەک بۆ ئەم شەڕە دابنرێ".) مەسعود بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:

- (بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا تا ساڵی ١٩٧٢ هەروەک خۆی مایەوە و ئەمەریکا هەر خۆی لە شۆڕش دوور ڕادەگرت و نەدەچوو بەدەنگیەوە. کە پێمان نایە ئەم ساڵەوە و پاش سەردانەکەی نیکسۆن بۆ مۆسکۆ و پاشانیش سەردانی بۆ تاران، لێرەدا شا داوای لە سەرۆکی ئەمەریکا کرد حکوومەتەکەی جۆرە پێوەندییەک بە کوردەوە پێکەوە بنێ. بەو جۆرەی ئەو وێنەی بۆ کێشابوو و ئەو پێوەندییەش بە چاودێری و ڕاگرتنی ئێران بێ، چونکە شا دەیزانی هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بەو جۆرەی ئەو ویستوویەتی ئەوەی بۆ دەستەبەر دەکا کە چارەنووسی شۆڕش و بارزانی خۆشی بخاتە ژێردەستی ئەوەوە. لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا ژەنەڕاڵ

مەنسورپوور نامەیەکی لە شاوە هێنا بۆ بارزانی تێیدا نووسرابوو کەوا سەرۆکی ئەمەریکا ڕەزامەندیی لەسەر یارمەتیدانی شۆڕش پێشانداوە و جۆن کۆنالیی ناردووە تا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە و بەڕێوەبەریەتیی ئەمەریکا داوا لە بارزانی دەکا شاندێکی پلەبەرز بنێرێ بۆ لێکۆڵینەوەی توان و دەستنیشانکردنی ئاسۆی پێوەندی و یارمەتی. لە ٢٦ی حوزەیراندا دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی وەک شاند چوونە تاران و شا پێشوازیی لێکردن و هەموو خۆشحاڵییەکی بەم ئەنجامە پێشاندا کە وەدەست هاتبوو ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەم شتە لەسەر داوای ئەو بوو و ڕاستییەکەشی ئەمەیە. هەردوو نێردراو گەشتەکەیان دەست پێکردەوە و چوون بۆ واشنتۆن و لە ١٧ی تەمووز گەڕانەوە بۆ حاجی ئۆمەران. بڕیار وابوو ئیدریس و دوکتۆر مەحمود چاویان بە کیسنجەری وەزیری دەرەوە بکەوێ، بەڵام کیسنجەر لەوێ نەبوو. لەبەرئەوە لەگەڵ ڕیچارد هێڵمزی بەڕێوەبەری هەواڵزانینی ئەمەریکا CIA کۆبوونەوە. کۆلۆنێل کێندیش بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوو. هێڵمز لەو کۆبوونەوەیەدا لەجیاتی کیسنجەر وتی: "ئەم پێوەندییە لەسەر داوای شای ئێران بووە و پێویستە ئەم نهێنییە ڕابگیرێ. مەرجیش بریتییە لە نهێنی ڕاگریی تەواو. بەڕێوەبەریەتیی ئەمەریکا بە چەک و بە پارە یارمەتیتان دەدا. بەڕێوەبەیەتی ١٦ ملیۆن دۆلاری بەشێوەیەکی سەرەتایی بۆ ئەمە تەرخان کردووە، بە مەرجێ کە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران ئەڵقەی پێوەندیمان بێ.".)

وریا ڕەحمانی بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکای لە زمانی ئینگلیزییەوە کردۆتە کوردی و ساڵی ٢٠١٣ لە کتێبێکدا لەژێرناوی "شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا"

بڵاویکــردونەتەوە. ڕەحمــانی لە لاپەڕەی ٢٠ و ٢١ی کتێبەکەیــدا سەرەڕای ئاماژە کردنی بۆ یادداشتنامەکانی ئەمریکا، دەنووسێت:

- (لە تەموزی ١٩٧٢ نوێنەرانی شۆڕشی ئەیلوول "دوکتۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی" بۆ ماوەی دە ڕۆژ بە فەرمی لەگەڵ پـایە بەرزتــرین کاربەدەسـتانی دەوڵەتــی ئەمریکــا "لەوانە بەڕێوەبەری CIA" دانیشتن و بە باشترین شێوە بارودۆخی کورد و کاریگەریی کێشەی کورد لەسەر هاوکێشەکانی عێراق و ناوچەیان شیکردەوە و هەوڵیاندا مەسەلەی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە عێراق و گوشارەکانی سۆڤیەت لەسەر ڕێبەرانی کورد بۆ پەیوەستبوونیان بە بەرەی نیشتمانی عێـراق زەق بـکەنەوە و ئەمریکـا ئاگـادار بـــکەنەوە کە ئەو مەســـەلەیە بەرژەوەنـــدیی ئەمریکــــا و هاوپەیمانەکانی بەتەوای دەخاتە مەترسییەوە. لەو دانیشتنەدا نـوێنەرانی شۆڕشـی کوردسـتان داواکارییەکانیـان بـۆ یـارمەتی سـەربازیی و مـادی ئەمریکـا بە بـزووتنەوەی کـورد خسـتەڕوو و دەوڵەتی ئەمریکاش ئەو داواکارییانەی قەبووڵ کرد و بۆ یەکەم جار پێوەندی فەرمی و ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەگەڵ بزووتنەوەی کورد دەستی پێکردو ئەم پێوەندییە لە ڕادە بەدەر نهێنـی بـوو. هەرلە دانیشتنی یەکەمدا کاربەدەستانی ئەمریکا ڕاشکاوانە بە نوێنەرانی کوردیان ڕاگەیاند: "نهێنـی پارێزی مەرجـی سـەرەکی ئەم پێوەندیەیە و ئەگەر ئەم نهێنیە نەپارێزرێت، پێوەندییەکە ئـاڵۆز دەبێـت. یـارمەتی ویلایەتەیەکگرتووەکـان دەبـێ بەوپەڕی نهێنـی و ئاسایشـی ئیـداری و فیزیکـی ئەنجـام بـدریت بـۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا حاشای لێبکرێت. ئێمە لەکاتی گفتوگۆی زۆرتـر لەگەڵ نـوێنەرانی بـارزانی دەبـێ چاوەڕوانیەکانیـان لەئاسـتی واقیعـدا قەبـووڵ بکەیـن و ئەوەنـدە یارمەتیـان بـدەین کە پاشـان بتـوانین حاشـای لێـبکەین و ناچاریـان بکەیـن هـیچ کـردەوەیەک

ئەنجـــام نەدەن کە ببێـــتە هـــۆی ئەوەی بەربەرەکـــانییەکی نێونەتەوەیی بێتە ئاراوە.)

سەبارەت بە شێوازی یارمەتی کردنی ئەمریکا بە شۆڕشی ئەیلول و بـــارزانی، وریـــا ڕەحمـــانی ئەم نـــامەیەی خـــوارەوەی ژەنەڕاڵ ئەلیکســـاندێر مەیـــس هێـــگ Alexander Meigs Haig جێگـــری فەرماندەی سوپای ئەمریکای بۆ هێنری کیسنجەر جێگری سەرکۆمار لە کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە لاپەڕەی ٣٧٣- ٣٧٥ی کتێبەکەیدا "شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا" بڵاوکردۆتەوە:

کۆشکی سپی، واشنتۆن

١٩٧٢/٧/٢٧

لە ژەنەڕاڵ هێگ

بۆ هێنری کیسنجەر جێگری سەرکۆمار بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی

نهێنی، هەستیار

بابەت: یارمەتی کردنی مادیی و سەربازی ئەمریکا بە شۆڕشی کورد و شێوازەکانی جێبەجێکردنی ئەو یارمەتیە.

هـــاوپێچی ئەم نـــامەیە، یادداشـــتنامەیەکە کە بەڕێـــز هیلمـــز بەڕێوەبەری CIA ئامادەی کردووە و ئەنجامەکانی گفتوگۆی خۆی و "کنێدی" لەگەڵ نوێنەرە کوردەکـان و هەروەهـا پێشـنیازێک بـۆ دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەخۆ دەگرێت. پێشنیازەکە لە چوارچێوەی دوو جۆرە یارمەتی کردن بە بارزانی پۆلێنبەدی کراوە:

یەکەم: یارمەتی مادی.

دووەم: دابینکردنی چەک و تەقەمەنی.

١- لە پێوەندی لەگەڵ یارمەتی مادیدا، پێشنیاز دەکرێت جگەلە یارمەتییەکانی ئێران، ساڵانە سێ ملیۆن دۆلار لەلایەن ویلایەتە

یەکگرتووەکانەوە بۆ کوردەکان تەرخان بکرێت. هیلمز ئەمە "ڕەش کراوەتەوە" تەواو دەکات، بەڵام بە ئاگاداری تەواوی شا و بارزانی.

٢- لە پێوەندی لەگەڵ دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ کوردەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات "جگەلە خەرجی گواستنەوەی ئەم چەک و تەقەمەنییە بۆ ناوچەکە." چەک و تەقەمەنییەکە تەسلیم بە ئێران دەکرێت تا ئەویش تەسلیمی کوردەکانی بکات. وەردەکارییەکانی خەرجی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنییەکە لە بەشی سێی یادداشتنامە هاوپێچ کراوەکەدا نوسراوە.

هیلمز و کنێدی هەردوویان لایەنگری پشتیوانی کردن لە بارزانین. ئەم مەسەلەیە ئێستا بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی میسر کە لەوانەیە ببێتە هۆی توندتر بوونی هەوڵەکانی سۆڤیەت لە عێراق، لە ڕابردوو گرنگترە. لە هەمان کاتدا بەهۆی دەسەڵاتخوازیی لە ڕادە بەدەری سۆڤیەت لە ئەنجامی ڕووداوەکانی میسر، لەوانەیە بارودۆخەکە لە ڕادەبەدەر هەستیار بێت.

٣- لەم ڕەوتەدا ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە: یەکەم خۆمان لە کۆمیتەی چل بدزینەوە و بە ڕێگای یادداشتنامەکەیەوە ڕاستەوخۆ بچینە لای سەرۆک کۆمار و پاش ئەوەش تەنها لەگەڵ OBM و هیلمز مامەڵە بکەین و ڕێگای دووەم ئەوەیە، تەنها ئەندامانی سەرەکی کۆمیتەی چل "جانسۆن، ڕۆش، سەرۆکی JCS و هیلمز" بێ هیچ نوسراوەیەک و تنها بەشێوازی زارەکی ئاگادار بکەینەوە و پێیان بڵێین سەرۆک کۆمار ویستوویەتی وەها بکرێت.

پێشنیازەکان:

بە بۆچوونی من، ئێمە دەبێ ڕێگای دووەم بگرینەبەر، نەکا شتێک ڕووبدات و دەبێ پێداگری بکەین لەسەر ئەوەی کە ڕێوشوێنە

جێکەوتووەکـــان گیـــراوەتەبەر. لەمە زیـــاتر مـــن گومـــانم هەیە بەنیسـبەت ئەوەی ئەم ئۆپەراسـیۆنە ئەنجـام بـدرێت ئەگەر لە هەندێ ڕووەوە لە کەناڵە فەرمییەکاندا نەخرێتەڕوو. ئەگەر ئێوە ڕازی بـن، مـن ئەمە دەکەم بە یادداشـتنامەیەک بـۆ ئەوەی ئێـوە پەسـندی بـکەن و تەسلیمی سـەرۆک کۆمـاری بـکەن و پێـی بڵـێن ئەگەر جەنابتان بڕیاری لەسەر بدەن، ئێمە ئەندامانی سەرەکی کۆمیتەی چل ڕێنوێنی دەکەین و هەروەها دەیخەینە بەردەم CIA و OBM بۆ ئەوەی کە لەم پێوەندییەدا کاری پێویست ئەنجام بدەن.

لە کۆتـایی سـاڵی ۱۹۷۲دا ئەمریکـا بڕیـارەکەی جێبەجـێ کـرد و شـــەش ملیـــۆن دۆلاری ڕەوانەی شـــۆڕش کـــرد و بـــایی دە ملیـــۆن دۆلاریشی لە چەک کڕین و گواستنەوەیدا بۆ کوردستان سەرف کرد. بە دوای ئەو پێوەندییەدا ئیتر پێوەندیی نێوان بارزانی و شۆڕشی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواییدا پێکهات. ئەمریکا بە ڕاسـپاردەی شـای ئێـران پێوەنـدیی لەگەڵ شۆڕشـی ئەیلـول دامەزراند و کاتێک شا لە جەزائیر لەگەڵ سەدام حوسێن ڕێککەوت و خەنجەری لە پشتی کورددا، ئەمریکاش لە پێوەندییەکانی لەگەڵ شۆڕش پاشگەز بۆوە و لە ڕاستیدا هنری کیسنجەر وەزیری دورەوەی ئەمریکـــا لە ســـەردەمی جیراڵـــد فـــۆرددا، کەڵکـــی لە لاوازیـــی سەرکۆماری ئەمریکا وەرگرت و بەشوێن شای ئێران کەوت.

جگەلەو پێوەندییەی کە شۆڕش لەگەڵ ئەمریکا پێکیهێنا، بارزانی لە ساڵی ۱۹٦٦وە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ شا حوسێن دامەزراند و ئیـدریس بـارزانی بـۆ چەنـد جارێـک بە نـوێنەرایەتی بـاوکی سەردانی ئۆردنی کرد و شا حوسێنیش ساڵی ۱۹۷۲ "مەریود تەل"ی وەک باوەڕپێکراوی خۆی نارده لای بارزانی.

## دوا مۆڵەتی ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان

یەکێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دانانی مۆڵەتێکی چوار ساڵە بوو بۆ ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە. بڕیاربوو لە کۆتایی ئەو چوار ساڵەدا، لیژنەیەکی هاوبەش لە حکومەت و پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر خاڵەکانی ڕێککەوتندا بچنەوە، ڕژێم ئۆتۆنۆمی کوردستان بەیاسا بکات و ڕایبگەیەنێت. ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٣و ئەو کۆمەڵە پیلانە ئاشکرابووانەی پیاوانی حکومەت، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی بەو ئاکامە گەیاندبوو کە ڕژێمی بەعس لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆتەوە و هێماکان دەربڕی ئەم ڕاستییە بوون کە سەرلەنوێ شەڕ بەربینگی کورد دەگرێتەوە.

بەرلە پێکهاتنی ئەو لیژنەیە، سەدام حوسێن لە پلەی جێگری سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکردا، داوای لە بارزانی کرد، مەسعود بارزانی بۆ دیدارێکی تایبەت بنێرێتە بەغدا کە بارزانی هاودەنگی لەگەڵ داواکەی نەکرد. بارزانی پیلانەکانی پێشوو و پیلانی تیرۆریستیی بۆسەر گیانی خۆی و ئیدریسی کوڕی لەبیر نەکردبوو، لەبەر ئەوە بەم نامەیەی خوارەوە وەڵامی دایەوە دۆخەکە بۆ ناردنی مەسعود گونجاو نییە و لە جیاتی مەسعود، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی" نارد و ئەویش دووجار لە ڕۆژانی ١ و ١٩٧٣/١٢/١٦دا چاوی بە سەدام کەوت. سەدام دوا پڕۆژەی حکومەتی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان بە سامی عەبدولڕەحمان دا نارد بۆ بارزانی و پێشی گوت: **(ئەگەر ئامادە نەبن مل بۆ دەقی ئەم پڕۆژەیە و ویستی حکومەت ڕابکێشن، حکومەت نیوەی شەتولعەرەب دەدات بە ئێران.)**

بۆ جەنابی ڕێزدار سەدام حوسێن جێگری موحتەرەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

سڵاو و ڕێز

هەواڵی تەندروستیتان دەپرسم و هیوای بەردەوامی تەندروستی و بێمزەڕەتیم بۆتان هەیە. برامان محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان "سامی" ئاگاداری کردم کەوا ئارەزووتان لێیە دووان لە برادەرانتان بنێرن بۆلامان تا منیش مەسعودی کوڕم بنێرم بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنتان، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەندێ هۆ و لەبەر ئەو دۆخە کە شاراوە نییە لێتان، زەحمەتە بۆم لەم کاتەی ئێستەدا مەسعود بنێرم. بەشبەحاڵی خۆمان، ئێمە ئامادەین دڵسۆزانە هاوکاریتان لەگەڵ بکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی لە کایەدان و ئەوپەڕی هەوڵ و تەقەلا بدەین بۆ دۆزینەوەی چارەی لەبار بۆ ئەو پرسانەی بە دەستیانەوە گیرۆدەن. بە جۆرێک کە بەرژەوەندیی گەلی عێراقی تێدابێ. ئەگەر هەر پێویستیش بێ ئەو دیدارە بکرێ، ئێمە ئامادەین لەکاتی لەباردا بە دەنگتانەوە بێین. کاک محەمەد مەحمود بە دەم زیاترتان بە درێژی عەرز دەکا.

ئەمە و هەر بە سەرکەوتوویی بەردەوام بن.

براتان: مستەفا بارزانی

١٩٧٣/٣/٣

دوای ئەو هەڕەشەیەی سەدام، لیژنەی بەدواداچوونی خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لە چەند نوێنەری حیزبی بەعس، کەسایەتی ناحیزبی، سێ ئەندامی حیزبی شیوعی و حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکرات پێکهات و لە ١٩٧٤/١/١٥دا دەستی بە کۆبوونەوەکانی کرد. هەندێکجار حەبیب

مــحەمەد کەریــم و هەنــدێکجاریش ســەدام حوســێن بۆخــۆی سـەرۆکایەتی کۆبوونەوەکـانی دەکـرد. لە ڕەوتـی کۆبوونەوەکانـدا چەند نامەیەک لەنێوان سەدام حوسێن و بارزانیدا ئـاڵوگۆڕ کرا و بارزانی ڕازی بـوو ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٨ وەفدێک ڕەوانەی بەغدا بکات. ساڵح یوسفی سەرۆکایەتی ئەو وەفدەی کرد و ئەندامانی بریتـی بـوون لە سـامی عەبـدولڕەحمان، نـوری شـاوەیس، دارا تۆفیـق. هەروەها ئیدریس بارزانیشی لەگەڵ ئەو وەفدە نارد. لەم بارەیەوە مەسـعود بـارزانی لە لاپەڕەی ١١١ی کتێبەکەیـدا "بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، بەرگـی سێیەم، بەشـی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- (لە یەکەم کۆبـوونەوەدا کە بە دوای گەیشـتنی وەفدی شـۆڕش ئەنجامی گرت، سەدام حوسێن ڕوی لە ئیدریس بارزانی کرد و پێی گوت: لەگەڵ باوکت ڕێککەوتووین کە پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بەیانی ١١ی ئادارا، یاسای ئۆتۆنۆمی دەربچێ و بخرێتە کار. ئەو پرۆژە یاسایەی کە دواجار بۆمان نارد، دوا ڕای ئێمەیە و ئێمە پێمانخۆشە پێی ڕازی بن. ئەوەی دەمەوێ بە باوکتی بڵێیت ئەوەیە: ناچارمان مەکەن تەنازول بۆ شای ئێران بکەین. ئەگەر مەترسییەک بەسەر قەوارەی عێراقدا بێت، ئەوە بۆ لادانی ئەو مەترسییە تەنـازول لە شـەتولعەرەب دەکەیـن و مەترسـییەکە لادەبەیــن. ئەمەش برینێکــی قــووڵ دەکــاتە دڵمــان و ئێــوە ئەنجامەکانی ئەوە لە ئەستۆ دەگرن و بەرپرسایەتی لەسەر ئێوە دەبێ، ئەگەر ناچار کراین تەنازول بۆ شا بکەین، ئەوکاتە ئێوە نرخێکی گران دەدەن.)**

ئیدریس بارزانی و وەفدی شۆڕش چەنـدان ڕێنـوێنی و پێشـنیازیان لە سـەرکردایەتی شۆڕشـەوە پێبـوو. لەو چوارچێـوەیەدا ئیـدریس بارزانی وەڵامی سەدام حوسێنی دایەوە و گوتی:

- (شایەنتر بۆ ئێوە ئەوەیە کە تەنازول بۆ میللەتی خۆتان بکەن، نەک بۆ شای ئێران و باشتر ئەوەیە بەرلەوەی دەست بەشەڕ بکەنەوە، بگەڕێنەوە سەر دەروونی خۆتان، ئەگینا باوەڕ و متمانەی هەموو میللەتی عێراقتان لەکیس دەچێ.)

ئیدریس بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بۆ گیروگرفتەکانی کەرکوک و خانەقین کردو گوتی: (دەست هەڵگرتن لە کەرکوک و خانەقین و شنگار کارێکی نەکردەنییە و ناتوانین قبووڵی بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی خۆمان لە شەڕ لادەین، تکامان وایە بیرلە چارەیەک بکەنەوە کە بگەڕێتەوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە. بۆچوونی ئێمە لەم بارەیەوە ئەمەیە:

١- دواخستنی جاڕدانی یاسای ئۆتۆنۆمی لە وادەی دیاریکراوی خۆی کە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ە بۆ ماوەی شەش مانگەوە بۆ ساڵێک تا هەردوولامان لەو ماوەیەدا پێکەوە هەوڵبدەین ڕێیەک بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزینەوە.

٢- جاڕی بدەن ئەم ناوچانە بەشێکن لە کوردستان، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی ستراتیژی لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە لەژێر دەستی حکومەتی ناوەندیدا دەمێننەوە.

٣- لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سێ ناوچەیە پێک بهێنرێ و دەست بکرێ بە سەرژمێری دانیشتوان لەسەر بنەمای سەرژمێرە گشتییەکەی ساڵی ١٩٥٧ بە مەرجێک ئەو ساختەکارییانە هەڵبوەشێنرێتەوە کە لە ماوەی نێوان ئەو مێژووە و ساڵی ١٩٦٣دا کراون.)

وەڵامی سەدام بە ئیدریس بارزانی بەم جۆرە بوو: (ئەم پێشنیازانە پەسەند نین و دەدرێنە دواوە. تەنیا ڕێیەک کە ماوەتەوە ئەوەیە ڕازی بن بە ئۆتۆنۆمی بەو دارشتنەی ئێمە دامانناوە و مۆڵەتی ١٥ ڕۆژتان هەیە لەم ماوەیەدا هیچ بزووتنەوە

و کارێکمان نابێ. پاش ئەوە، ئەوەی پێی ڕازی نەبێ، ئێمە بەدوژمنی خۆمانی لە قەڵەم دەدەین.)
دوا وەڵامی ئیدریس بارزانی بۆ سەدام ئەوە بوو کە ڕای ئێوە بە باوکم و سەرکردایەتی پارتی دەگەیەنم و پاشان وەڵامی خۆمانتان دەدەینەوە. مەسعود بارزانی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: (ئیدریسی برام کاتێ گەڕایەوە بۆی گێڕامەوە کەوا سەرنجی دا باڵیۆزی سۆڤیەت لەلای سەدام حوسێن بوو و لەگەڵی کۆبووبووەوە و دوای کۆبوونەوە، سەدام جێگەی خۆی بەجێهێشتبوو.)
وەفدی ڕەوانەکراوی پارتی دیموکرات، بەدوای ئەو دیدار و گفتۆگۆیانەدا، ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٩ لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی کرد. شەوی ٩-١٩٧٤/٣/١٠، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لەسەر پێشنیازەکانی ڕژێم دوا و قبوولی نەکرد. بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا قسە بەناوبانگەکەی خۆی کرد کە دەڵێت:
- (خوا شایەتە من ڕکم لە شەڕ دەبێتەوە. شەڕ نالەبارترین شێوازی چارەسەریی هەر کێشەیەکە، بەڵام بەعس ڕێیەکی تری بۆ نەهێشتینەوە. پێشنیازەکەشیان لەوە زیاتر کە وازیان بۆ لە کەرکوک و ناوچەکانی تر بهێنین، هیچ واتایەکی تری نییە. ئەمەشیان مەحاڵە، ئەگەر لە نێوچاوانمان نووسرابێ هەموومان لەناوبچین، با بەرەوپیری ئەم چارەنووسەوە بڕۆین. من ئەوەم لا ناخۆشە کورد بێن تف لە گۆڕەکەم بکەن و بڵێن: بۆچی کەرکوکت فرۆشت.)
ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١٠ ئیحسان شێرزاد و دارا تۆفیق وەڵامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتیان بردەوە بەغدا و ئیتر پێوەندیی لەنێوان حکومەت و شۆڕشدا پچڕا و دۆخەکە بە هەنگاوی توند بەرەو هەڵگیرسانەوەی شەڕ ڕۆیشت.

شەوی ١١- ١٩٧٤/٣/١٢، ڕادیۆ بەغدا بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان خوێندەوە. سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانیش لە وەڵامیدا بڵاویکردەوە کە بەو یاسایە ڕازی نییە و ڕایگەیاند ئەو یاسایە، یاسایەکی کلک و گوێ کراوە و ئۆتۆنۆمییەکی سەر کاغەزە و ناکردەنییە و جەختی لەوەش کردەوە کە دەستبەرداری دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان نابێت.

حکومەتی بەعس لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستاندا، ژمارەیەک کەسایەتی کورد و تاقمە نۆکەرەکانی لە بەغدا کۆکردەوە و دارشتنە ئۆتۆنۆمییەکەی خۆی خستە بەرچاویان کە دارشتنەکەی ڕەوا پێشان بدات، بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دارشتنەکەیان بە ناشەرعی ناسی. لە ئاکامدا لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٧٤وە، وەزیرەکانی سەربە شۆڕش، ژمارەیەکی زۆر مامۆستا و بەڕێوەبەرانی خوێندنگەکان، کارمەندانی مەدەنی، پلەدارانی پۆلیس و سوپای عێراق، پزیشک و بازاڕیی و.... تد، شوێنەکانیان بەجێهێشت و ڕوویان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان کرد. ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی کە شار و شارۆچکەکان لە لایەنگرانی شۆڕش پاک بێتەوە و قورسایی دابینکردنی ژیان و حاواندنەوەیان بخاتەسەر شانی شۆڕش، بەشێکی ئەو خەڵکەی بە ئوتۆمبیلی خۆی دەگواستەوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەکانی ١١٣- ١١٤ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (دەرچوونی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵک لە شار و شارۆچکەکان و گەیشتنیان بۆ ناوچەکانی شۆڕش هەڵەیەکی گەورە و کاریکی

لەخۆوە بوو. بەهیچ کلۆجێ چاوەڕوانی نەبووین تا پێشتر بەری لێبگرین، لە ئەنجامە ڕووخێنەرەکانیشی نەگەیشتین تا گیروگرفتی ژیانیان و جێکردنەوەیان بەرەوڕوومان بۆوە. گومانیش لەوەدا نییە کە حکومەت دەیزانی بەهۆی هاتنی ئەو خەڵکەوە چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر ئەستۆی شۆڕش، چونکە هیچی نەکرد بۆ ئەوەی دڵی ئەو کۆچکردووانە لە کۆچکردن سارد بکاتەوە و ڕێگەی لەو لێشاوە هەڵقوڵیوەی خەڵک نەگرت کە کۆچ نەکەن و بگرە هانیشی دەدان.)

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١٣ بەیاننامەیەکی چەند لاپەڕەیی سەبارەت بە گۆڕانکاریی سیاسیی و بارودۆخی ولات بڵاوکردەوە و لەودا سەرەڕای ئاماژەکردنی بۆ بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستان بە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و سەرۆکایەتی بارزانی، پەنجەی بۆ تاک تاکی ئەو خاڵانە ڕاکێشا کە لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠وە تا ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ڕێگر بوون لەبەر دەم جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکە. لە ڕاستیدا کێشەی جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار لەلایەن حیزبی بەعسەوە بۆ دووخاڵی سەرەکی دەگەڕایەوە. یەکەمیان: ئەوان هەر لە سەرەتاوە ئامادە نەبوون، کەرکوک، خانەقین، شنگار و ناوچەکانی سەر بەو جێیانە بە خاکی کوردستان بناسن و دووەم: لە بیر و هەزری دیکتاتۆرانەی ڕێبەرانی حیزبی بەعسدا نەبوو کە ڕێگە بە کورد بدەن لە هەرێمێکی بەرواڵەت عێراقدا سەردەست بێت و خۆی کاروباری ناوچەی خۆی بەڕێوەبەرێت. ئەوان عێراقیان بە کوردستانیشەوە بە خاکی عەرەب دەناسی و لە ڕووی ناچارییەوە بە ئۆتۆنۆمییەک بۆ کورد قایل بوون کە لەسەر کاغەز بێت کە لە دنیادا پۆزی پێ لێبدەن، نەک سەلماندنی شێوازێکی دیموکراتی لە بەڕێوەبردنی

وڵاتدا کە عەرەب کورد و کەمەنەتەوەکانی تر تێیدا هاوبەش بن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچکام لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێران، تورکیا و سوریا بەوە قایل نەبوون کە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار حاڵەتی کرداریی بەخۆیەوە بگرێ و کورد لەو بەشەی کوردستاندا بە هەندێک لە مافەکانی بگات.

## ڕێککەوتنی جەزائیر

بەرلە هەڵگیرسانەوەی شەڕ، سەرکردایەتی شۆڕش بەو ڕاستییەی دەزانی کە ڕژێمی بەعس بۆ شکاندنی شۆڕش، ئامادەیە بەشێک لە سنوری ئاویی شەتولعەرەب بە ئێران ببەخشێت، بەڵام بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکرات کەمتر ئەوەیان لا گرنگ بوو تا دەستهەڵگرتنیان لە کەرکوک، خانەقین و شنگار و ناوچەکانی سەر بەو سێ شارانە.

لە مەودای ئەو شەڕانەی دوواییدا، ئێران و عێراق لە گفتوگۆدا بوون و ڕژێمی ئێران بەو مەبەستە یارمەتییەکانی بە شۆڕش زیاد کرد کە ڕژێمی عێراقی پتر لاواز بکات و بتوانێت لە گفتوگۆکانیدا، داخوازەکانی باشتر بەسەردا بسەپێنێ.

کێشەی ئێران و عێراق لەسەر هێڵی سنوری ئاویی ئەو دوو وڵاتە، بەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و پێکهاتنی حکومەتی عێراق سەریهەڵدابوو. بە درێژایی ئەو ماوەیە، نە ڕژێمی پاشایەتی و نە حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق کە هەموویان بەرهەمی کودەتای سەربازیی بوون، چاویان لە بستێکی خاکی عێراق نەپۆشی و ئامادە نەبوون لەو مافەیان دەستهەڵگرن. تەنانەت نوری سەعید بەشداریی کۆبوونەوەیەکی پەیمانی ناوەندیی لە تاران نەکرد کە لەودا باسیان لە ناکۆکی هێڵی سنور کرد.

لە لایەکیتردا بارزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەڕی بە محەمەد ڕەزا شا نەبوو. بارزانی ساڵانی ٤٦- ١٩٤٧ی لەبیر نەکردبوو، ئاگای لەوەش هەبوو کە لە ئێراندا چۆن مافی کوردی ڕۆژهەڵات پێشێل دەکەن و ڕۆڵەکانی کورد لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەکرێن. لەبەر ئەوە بە بەردەوامی لە بەرامبەر داواکارییەکانی ئێراندا بە ئەندیشەوە دەجوڵاوە، تا ساڵی ١٩٧٢ کە هنری کیسنجەر وەزیری

دەرەوەی ولآتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا لەلایەن حكومەتەكەیەوە بەڵێنی بە بارزانیدا كە ئەمریكا پشتی دەگرێت و شا وەك پشتیوانی شۆڕش دەمێنێتەوە و لەگەڵ بارودۆخەكە ناگۆڕێ، بەڵام دواتر لە بەڵێنەكانیان پاشگەز بوونەوە و خیانەتیان بە كورد كرد. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ١٦٨ی كتێبەكەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (هاوینی ١٩٧٤ كاتێك شەڕ لە كوردستان گەرم بوو هەندێك زانیاری گەیشتە دەزگاكانی هەواڵزانیمان و وایان دەگەیاند گفتوگۆیەكی نهێنی لەنێوان ڕێژێمی عیراق و ئێراندا هەیە و بەو نیزیكانە ڕێككەوتنێك لەنێوان هەردوولادا دەبەسترێ. یەكێك لە نیشانەكانی ئەوەش كۆبوونەوەیەك بوو لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی هەردوولا: دوكتۆر سەعدوون حەمادی و عەباس خەڵعەتبەری لە ئەستەمبوڵ. پاش ئەم كۆبوونەوەیەش گفتوگۆ لەنێوانیاندا هەر بەردەوام بوو. وترا كەوا ئیسرائیلیش ڕۆڵی گرینگی لەم گفتوگۆیەدا هەیە، چونكە دەزگاكانی ئیسرائیل كاتی خۆی جەختیان لەسەر ئەوە كردبووەوە كە شا هەرگیز ناپاكی لە شۆڕشی كورد ناكات. شۆڕشیش چەند هەوڵێكی بۆ زانینی ئامانجی ئەم لێك نیزیككەوتنەوەی عێراق و ئێراندا. نامەیەكمان بۆ ولآتەیەكگرتووەكانی ئەمەریكا نارد و ئەو زانیارییانەمان تێدا باسكرد كە لەم بارەیەوە دەستمان كەوتبوون و داوامان لێكردن ئەو گفتەی خۆیان بەجێ بهێنن كە بە ئێمەیان دابوو و پشت لە شۆڕشەكەمان نەكەن. بەڕێوەبەریەتی ئەمەریكا بەتوندی نكوڵی ئەوەی كرد كە هیچ لێكنیزیك بوونەوەیەك یا هیچ پیلانێكی سیاسی لە كایەدا بێت كە لەوانە بێ زیان بە خەباتی كورد بگەیەنێت. لە وەڵامەكەدا وترابووش كەوا ئەوان بەشبەحاڵی

خۆیــان زانیارییەکــانی ئێمەیــان نــاردووە بــۆ شــا و ئەویــش بەشبەحاڵی خۆی نامەیەکی نارد بۆ بارزانی لەوە دڵنیای کرد و نووسیبووی هەرگیز دەست لە شۆڕش هەڵناگرێ و یارمەتی خۆی بە شــۆڕش لە هــیچ ڕادەیەک ناوەســتێنێت و هەر لەســەر قســەی خــۆیەتی. هەروەهــا بــارزانی زانیارییەکــانی ئــێمەی بەهــۆی نێردراوێکــی تــایبەتەوە نــارد بــۆ شا حوسێن و ســەرۆک ئەنــوەر ساداتیش.

لە شوباتی ١٩٧٥ محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان "سامی" چوو بۆ قاهیرە و نامەیەکی لە بارزانییەوە بۆ سادات برد. لە نامەکەدا نووسرابوو: ئــێمە حەز دەکەیــن ئێــوەی عــارەب و کەســی تــر نــا، بکەونە نێوانەوە بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتەی لەنێوان ئێمە و عێراقدا هەیە. ساداتیش گفتی دابوو چی پێ بکرێ لەم بارەیەوە بیکات.)

لە ڕاستیدا سەرۆکی هەموو ئەو وڵاتانە لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون کە سەدام و شای ئێران لە جەزائیر بەیەک بگەن و لەسەر حیســابی نەتەوەی کــورد ڕێکــکەون. شــای ئێــران هاوکــات لەگەڵ ناردنی تۆپی قورس و مووشەکی دژە فڕۆکە بۆ کوردستان، چەندان کەمپیشــی بــۆ خێزانــی پێشــمەرگەکان و خەڵکــی ئــاوارەی باشــوری کوردستان، لە نزیک شارەکانی ڕۆژهەڵاتــی کوردستان، لە قەسری شیرینەوە تــا ورمــێ کــردەوە کە کــوردە ئاوارەکــانی وەک بــارمتە لە دەستدا بن کە کۆسپ نەخەنە بەر ڕێککەوتنی لەگەڵ سەدام.

بــارزانی ســەرەڕای نــاردنی ســامی عەبــدولڕەحمان بــۆ قــاهیرە و پێوەندی کردنی بە ئەنوەر سادات و شا حوسێن، نامەیەکیشــی بــۆ هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا نارد و داوای لێکرد کارئاسانی بۆ بکەن کە سەردانی ئەمریکا بکات و گرفتەکــان بخــاتە بەردەمــی بەرپرســانی ئەمریکــا کە کیســنجەر

وەڵامـی دایەوە نـوێنـەرێکی خـۆی ڕەوانە بکـات. بـارزانی، دوکتـۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی نارد. ئەمەی خوارەوە وەڵامـی هنری کیسنجەرە بۆ بارزانی:

ئازیزم ژەنەڕاڵ ١٩٧٥/٢/٢٢

بە وەرگرتنـی نـامەکەت کە مێـژووی ١٩٧٥/١/٢٢ی پێوەبـوو زۆر شادمان بووم. دەمەوێ ڕێزگرتنی خۆمـان لە ئێوە و گەلەکەتـان و قارەمانەتییەکانتـان دەرببـڕم. ئەو گیروگرفتـانەی ڕووبەڕووتـان بوونەتەوە، بەڕاستی گەورەن. من قەدرزانینی خۆم بۆ لێکۆڵینەوە سوپایی و سیاسییەکانتان دەردەبڕم کە لە نامەکەتاندا پێشانتان داوە. دەمەوێ لەوە دڵنیابن کە نامەکەتان شوێنی بایەخ پێدانێکی گەورەی بـــوو لەلایەن گەورەتـــرین پـــلەی حکـــوومەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، چونکە ئەم بابەتە لای ئێمە بایەخێکی گەورەی دەدرێتێ. ئەگەر ئارەزووتان لێ بێ کەسێکی متمانەپێکراو بنێرن بۆ واشنتۆن تا زانیاریی زیاتر لە بارەی دوخەکەوە بدا بە حکوومەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پێی خۆشحاڵ دەبین و سەربەرزمان دەکا لێرە پێشوازیی لێ بکەین. من دڵنیام شاردنەوە و نهێنیکاری لەم پرسەدا کارێکی زۆر گرینگە بۆ تەواوکردنی ئەوەی تا ئێستە کردوومانە. ئەم نهێنیکارییە و لەو لاشـەوە دەربەسـتبوونی دەسـەڵاتی ئێـوە، ئەو هۆیـانەن وام لـێ دەکەن دوودڵ بم لە پێشنیازی بەیەک گەیشتنێکی شەخسی لێرە لەگەڵ ئێوەدا. چاوەڕوانی وەڵامتان دەبم.

هنری کیسنجەر HK (پاشبەندی ١٢)

بەرلە وەڵامـدانەوەی کیسـنجەر، شـا ڕۆژی ١٩٧٥/٢/٦ سـەردانی ئـۆردن و قـاهیرەی کـرد و گەڕایەوە بـۆ تـاران. لە گەڕانەوەیـدا بانگهێشـتی بـارزانی کـرد کە سـەردانی تـاران بکـات. ڕۆژی

١٩٧٥/٢/٢٦، بارزانی لەگەڵ دوکتۆر مەحمود عوسمان و موحسین دزەیی بەرەو تاران بەڕێکەوت، بەڵام نەیتوانی چاوی بە شا بکەوێ و ناچاربوو بۆ بینینی شا ماوەیەک لە تاران بمێنێتەوە. بارزانی لە تاران بوو کە شا ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٤ چوو بۆ جەزائیر تا بەنێوبژیی "هەواری بۆمەدێن" سەرۆکی جەزاییر لەگەڵ سەدام حوسێن پەیمانی بەیەکگەیشتنەکەی واژۆ بکات. دوای واژۆ کردنی کە خەنجەرێک بوو بە هاوکاریی ئەمریکا لە پشتەوە لە پشتی کوردیاندا، ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٦ شا گەڕایەوە بۆ ئێران و ڕێککەوتنەکەیان بڵاوکردەوە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنی جەزائیر، سەرکردایەتی سوپای ئێران فەرمانیدا بە هێزەکانی تۆپخانە و مووشەک کە لە سنوری دەستکردی عێراق بکشێنەوە. لەم بارەیەوە ئیدریس بارزانی لە نامەیەکیدا بە مێژووی ١٩٧٥/٣/٧ بۆ مەسعود بارزانی دەنوسێت:

- (برای ئازیز مەسعود بارزانی هێژا

السلام علیکم و علینا و رەحمةالله و برکاته

چاوی بچووکەکان ماچ دەکەم و سڵاو لە هەمووان دەکەم، هیوام وایە کە لە خۆشیدا بن و چاک بن. دوابەدوای ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان شای ئێران و سەدام ڕوویدا، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەستاین، دیتمان هەموو تۆپە دژە ئاسمانییەکان دەکێشرێنەوە بۆ خانێ، لێم پرسین گوتیان: ئەوان هیچ نازانن، ڕەنگە بیانگۆڕن، بەڵام ئەمە درۆیە. لە محێدینیشم پرسی، ئەویش هیچ زانیارییەکی نەبوو. دەورووبەری سەعاتی یازدە "تیمسار مهام" هات و گوتی فەرمانی بۆ دەرچووە کە تۆپەکان بکێشێتەوە، یەکەم هاوەنەکان و ١٥٥ ملم، دوایی ١٣٠ ملم، بەڵام ئێستە سەعات سێ و نیوە دەبینین هەموو تۆپەکان دەکێشرێنەوە و دەبرێنە خانێ.

بروسکەنامەم بۆ باوکم و بۆ ناوەندکەیان ناردووە لە ڕێگەی محێدینەوە، داوامان لێکردوون هۆی ئەو گۆڕانە لەپڕە ڕوون بکەنەوە.

مهام پێی گوتم کە سەیادیان پێی ڕاگەیاندووە ئەوەم بۆ دووپات بکاتەوە کە ئەوان ئێمە لە مەیدانەکەدا بەتەنیا جێ ناهێڵن- گوتم کشانەوە بەم شێوەیە پێچەوانەی بنەمای جێ نەهێشتنمانە بەتەنیا لە مەیدانەکەدا و داخی زۆری خۆمم بۆ دەربڕی و پێم گوتن ئەگەر ژیانێکی کەرامەتمەندمان وەگیر نەکەوت، دەکرێ مەرگ بە شەرافەتمەندانە قەبووڵ بکەین.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوژمن هێرشی کرد بۆ سەرتیز و ناوڕۆیین و کۆتایی زۆزک و بەرزێوە و هەندرێن و ئێستە شەڕێکی قورس لەنێوان هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی دوژمندا لەگەڕ دایە و فەرمان هەر بە خوایە- بەرگریمان لە بەرزێوە کزە و هێزەکانی تانکەکان پێشکەوتوون تا خەلەکان و مەفرەزەکانی مووشەکەکانمان ناردوون و هەرخوا پشتیوانە. (پاشبەندی ١٣)

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٩، موحسین دزەیی کە لەگەڵ بارزانی چووبوو بۆ تاران، بە نامەیەکی دوکتۆر مەحمود عوسمان بۆ سەرکردایەتی پارتی و بارەگای بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان کە سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و شۆڕشی کوردستان لە پیلانەکانی دوژمن ئاگادار بکاتەوە و ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ بگرنەبەر. (پاشبەندی ١٤)

سەرئەنجام شا ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١١، لە پێنجەمین ساڵڕۆژی ڕێککەوتی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان حکومەتی بەعسو سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، چاوی بە بارزانی کەوت. "ئەسەدوڵا عەلەم" سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران لە یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو دیدارەی شا لەگەڵ بارزانیی دەکات و دەڵێت: (ئەو چاوپێککەوتنە لەو ڕۆژەدا دیارییکرا کە شا تۆڵەی خۆی بەرامبەر

ڕێککەوتنی ١٩٧٠/٣/١١ نێوان بارزانی و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆککۆماری عێراق بکاتەوە.)
لەو چاوپێکەوتنەدا، شا بە بارزانی گوت: من ناچاربووم لەگەڵ بەعسییەکان ڕێک بکەوم، ئەگەرنا دەکەوتمە نێو گیروگرفتی شەڕ لەگەڵیان کە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە پشتیوانی دەکرێن. لەم بارەیەوە موحسین دزەیی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:
- (من بۆ ئەنجامی ئەرکێکی شۆڕش چووبووم بۆ وڵاتی ئۆردن، کاتی گەڕانەوەم بارزانی و دوکتۆر مەحمود لە تاران بوون. بارزانی گوتی نەچمەوە و دوای دوو سێ ڕۆژ پێکەوە دەچینەوە. هەرچەندە من ئەندامی ئەو وەفدە نەبووم، بەڵام لەسەر ئەمری بارزانی بەشداریم تێدا کرد. ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١١ چاومان بە شا کەوت، گوتی: "سەرۆکی وڵاتە عەرەبییەکان گلەییان لێکردوم و دەڵێن ئەگەر تۆ دەست لە یارمەتیدانی کوردان هەڵگری، ڕەنگە سەدام سیاسەتی خۆی بگۆڕێ و بەرەو ڕۆژئاوا بێت. ئێمە ڕامان وایە ئەگەر زیاتر دەست لە کاری عێراق وەردەی، توشی شەڕ دەبین." بارزانی گوتی: ئێمە دەستمان لە دەستی ئێوە نەنا کە دەستمان ببڕن. شا گوتی: "نیگەران مەبە چتان بوێ بۆتانی دەکەین، بەڵام یارمەتی شەڕتان نادەین." دوکتۆر مەحمود گوتی: "میللەتی ئێمە چ بە ئێمە دەڵێن؟"، شا بەو وتەیەی دوکتۆر مەحمود توڕە بوو، گوتی: "بەئێوە دەڵێن سەرکردەکانمان بە لەجبازیی مافی ئێمەیان فەوتاند." شا گوتی: "سێ ڕێگاتان لە پێشە. ئەگەر شەڕ دەکەن، بەبێ یارمەتی ئێمە بچن لە وڵاتی خۆتاندا شەڕ بکەن، ئەگەرنا بچن خۆتان تەسلیمی عێراق بکەنەوە، دەنا وەرن میوانی ئێمە بن. ئێمە وەک ئێرانییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین." من گوتم: بە حوکمی کارەکەم کە سەفیری عێراق بووم، دەزانم ئەمریکا بەرامبەر بە عەرەبستان و خوزستان چۆن بۆچوونێکی هەیە. شا گوتی: "تاقیان دەکەینەوە.

ئێمە وڵاتێکی بەهێزین و تاقیان دەکەینەوە." گوتمان سەدام جێی باوەڕ نییە. گوتی: "تاقی دەکەینەوە.".)

هەروەها دوکتۆر مەحمود عوسمان لە وتووێژێکیدا کە ڕۆژی یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١ لە هەولێر، لەگەڵ وریا ڕەحمانی ئامادەکار و وەرگێڕی بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکا سەبارەت بە شۆڕش ئەیلول ئەنجامی داوە و لە لاپەڕەی ٥٢ی کتێبەکەیدا تۆماری کردوە، ئاماژە بۆ ئەو سێ پێشنیازەی شا بە بارزانی دەکات. هەروەها شا بە بارزانی گوت: ئەم ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندیی نەتەوەی ئێراندایە، هەروەکوو چۆن ڕێککەوتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە بەرژەوەندیی خەڵکی خۆتاندابوو. جگەلەوە، بەدوای ڕێککەوتنی شاو سەدامدا، ئەمریکا، ئیسرائیل، میسر، ئوردن و هەموو ئەوانەی خۆیان بە دۆستی کورد دەزانی، بە بیانووی جیاواز خۆیان لە شۆڕشی کوردستان و یارمەتی گەیاندن بە کورد دزییەوە.

بەدوای ئەوەدا کە چاوی بە شا کەوت، بارزانی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٢ گەڕایەوە بۆ کوردستان. هەرچەندە ڕێککەوتنی جەزائیر هەموو کەسی سەرسام کردبوو و هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد کە سەدام ئامادە بێت دەست لە نیوەی شەتولعەرەب هەڵگرێ بۆ شکاندنی کورد، بارزانی لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات، شۆڕشی کوردستانو دەستەیەک لە ڕۆشنبیران بەڕێوەی برد، داوای لێکردن بێ هیوایی ڕوویان تێنەکات، بە بیری خستنەوە کە شۆڕشی کوردستان بە حەوت کەس دەستی پێکردوە و گوتی هەرگیز دەست لە خزمەتی کورد هەڵناگرێت، بەڵام پیریی، شەکەتیی و نەخۆشیی هەراسانیان کردوە. ئەمە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر بوو بۆ سەرکردەیەکی ٧٢ ساڵە کە ماوەیەک بوو بە نهێنی لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە لە زۆرانبازییدا بوو. بارزانی گوتی:

- (لە کۆبوونەوەی ئەم هەموو بێوێژدانانەی دژمان، دەترسم خۆمان بەتەنیا لە گۆڕەپاندا بمێنینەوە و ئەمەش ببێ بە مایەی

تێداچوونی مەسەلەکەمان و پاکتاوکردنی گەلەکەمان. من خۆم کە گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە، تەمەنم یارمەتیم نادات بۆ شەڕی پارتیزانی کە پێویست دەکا مرۆڤ بەپەلە و بەشەو و بەڕۆژ لەم شاخەوە بگوێزێتەوە بۆ ئەو شاخ. بۆیە لاموایە بەرژەوەندیمان لەوەدا نییە بەردەوام بین لە شەڕ، هیچ زەرەرێکیشی تێدا نییە خەباتمان ماوەیەک پاش بکەوێت. هەر دەبێ هەلێکی تر بۆ گەلی کورد ڕێک بکەوێت بۆ ئەوەی خەباتی خۆی دەست پێبکاتەوە. ئەگەر کەسێکیش هەیە دەتوانێ ئێستە سەرکردایەتی شەڕی پارتیزانی بگرێتە دەست من ئامادەم هەموو یارمەتییەکی بدەم.)

هیچ کام لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و شۆڕشی کوردستان و هەروەها لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال ئامادە نەبون، ئەرکی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئەستۆ بگرن و هەرکام بەلایەکدا کوردستانیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە دەرەوە. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری "عەولائاغای پشدەری" لە لاپەڕەی ١١ی بەرگی سێیەمی کتێبەکەیدا، نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دا، دەڵێت:

- (.... من لێرەدا بۆ مێژوو دەڵێم و هەرگیز نایشارمەوە ئەوەیش ئەوەیە، من هەر ڕۆژی دوای کۆبوونەوەکە "مەبەست لە کۆبوونەوەی بارزانییە لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات، شۆڕشی کوردستان و دەستەیەک لە ڕۆشنبیران-نوسەر"، لە بەرەکانی شەڕەوە بە مەبەستی هێندێ ئیشی تایبەتی پەیوەست بە هێزی باڵەک هاتمە لای سەرۆک بارزانی و لەو کاتەشدا بەرێکەوت خوالێخۆشبوو "عەلی عەسکەری" هات و هەر لەبەرچاوی من سەرۆک بارزانی وتی کاک عەلی ئێوە پێشتر هەردەتان وت ئەگەر مەلا مستەفا ماوەمان بدات ئێمە وادەکەین وادەکەین، دەفەرموون ئێستا "مستەفا" نەک هەر ماوەتان دەدات بۆ ئیشکردن بەڵکو هەموو ئیمکانیەتێکی خۆشم لە ڕووی پارە و چەک و تەقەمەنییەوە دەخەمە ژێر دەسەڵاتتان و بمێننەوە لە کوردستان، خوالێخۆشبوو کاک عەلی وتی ئەزبەنی ئێمە بەبێ

وجوودی خۆت هیچ شتێکمان پێ ناکرێت، ئیتر ئەوە بوو کەوا هەموو هێزەکانی کوردستان دەستیانکرد بە کشانەوە بەرەو سنووری ئێران و....)

دەربارەی بڕیاری بوێرانەی بارزانی بۆ ڕاگرتنی کاتیی شۆڕشی ئەیلول، موحسین دزەیی وەزیری پێشووی عێراق، لە لاپەڕەی ٣٤٤-٣٤٥ی بەشی دووەمی کتێبەکەیدا "وێستگەکانی ژیانم" کە بە زمانی عەرەبی نوسیویەتی و ئیسماعیل بەرزەنجی وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، دەڵێت: (بارزانی دوو ڕێگەی پڕمەترسیی لە پێشدابوو، یەکەمیان قوربانی بە شۆڕش و گەلەکەی بدات و چارەنووسیان بخاتە بەردەم وێرانی و تەفروتوونا بوون، ئەمەش بۆ کەسێک کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی ئەو گەلە تەرخان کردبێت کارێکی مەحاڵ بوو، دووەمیان دەبوایە بڕیار بدات گەلەکەی لەو میحنەتە و مەترسییانە ڕزگار بکات، بۆ ڕزگاربوون لەو تەنگژەیەش ڕاوەستانی شەڕ بوو بۆ ماوەیەک و چاوەڕوانی هەلێکی گونجاو بکات تا بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ بێت و لە بارودۆخێکی باشتردا دەست پێ بکاتەوە، هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایە سەرەڕای ئەوەی حیکمەت و دووربینی و ڕوونیی پێوە دیار بوو، بەڵام قوربانییەکی کەسایەتی گەورەی دەویست، بارزانی بەناو ساڵ کەوتبوو، نیشانەی نەخۆشیی پێوە دیار بوو، بە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایە ناو و ناوبانگ و پایە نێودەوڵەتییەکەی دەخستە مەترسییەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە لەسەر حسێبی ناوبانگی خۆی بڕیاریدا ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێت و میللەتەکەی ڕزگار بکات. لەبەر ئەو هۆیانە بارزانی ڕای وابوو بۆ ماوەیەک بەرگریکردن ڕابگرێت چونکە باشترین ڕێگە بوو بۆ ڕزگار کردنی گەلی کورد لە فەوتان، دوای گفتوگۆ کردن لە بارەی سەرجەم بارودۆخەکە لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکان و کەسایەتییە حیزبی و سیاسییەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون، ئەو بڕیارە وەک پەرداخە ژەهرێک وابوو کە هەموو

بەیەکەوە نۆشی بکەن و وەک هەورە بروسکە بەر ئەوانەش کەوت کە لە ڕاستی کاروبارەکانەوە دوور بوون.)

موحسین دزەیی لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: (داوودەزگاکانمان دەستیان بە پاکتاوکردنی بەڵگەنامەکان کرد و بەشێکی زۆریان فەوتاند، سەرکردایەتی بەشێوەی نهێنی هەندێک چەک و تەقەمەنییان لە چەند ناوچەیەک شاردەوە کە کەس گومانی لێ نەدەکرد، چەند مەفرەزەیەکی بچووکی حیزبی پێکهێنرا و بەسەر هەموو لایەکی کوردستاندا دابەش بوون، ئێزگەی دەنگی کوردستان تا ڕۆژی ٢١ی ئادار واتە جەژنی نەورۆز بەردەوام بوو و بۆ دواجار ئەو یادەی کردەوە و پاشان تەقیندرایەوە، دەبووایە ئێزگەکە لە شوێنی خۆی جێهێڵن یان تەسلیم بە عێراق یاخود دەسەڵاتدارانی ئێرانی بکەن، تەقاندنەوەکەی بە باشتر زانرا، چەکە قورسەکانیش هەندێکیان تەقێندرانەوە.)

بە هەر حاڵ، دواشەڕی شۆڕشی ئەیلول ڕۆژی ١٩٧٥/٣/١٣ لە دۆڵی ئاکۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز ڕوویدا. لەو شەڕەدا لیوایەک لە سوپای عێراق دەیویست دۆڵی ئاکۆ داگیر بکات کە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە شکا و پاشەکشەی پێکرا. لەو شەڕەدا، ساڵح ئاکۆیی وەک دوا شەهیدی شۆڕشی ئەیلول گیانی بە نەتەوەکەی بەخشی.

هنری کیسنجەر لە کتێبی "تراژیدیای کوردەکان" کە شەفیقی حاجی خدر لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، بە درێژی باس لە پێوەندی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلول دەکات و ڕادەی یارمەتییەکانی ئابووریی ئەمریکا، ئیسرائیل، ئینگلیز، ئێران و ئۆردن بە شۆڕشی ئەیلوڵ ڕادەگەیەنێ و لە بەشێکیدا دەڵێت: دوو هەفتە بە دوای هاتنی نامەی بارزانیدا کە داوامان لێکرد نوێنەرێکی خۆی بنێرێ کە مەسەلەکەمان پتر بۆ بکاتەوە، شای ئێران بەبێ ئاگاداریی ئێمە لە کۆبوونەوەی ئۆپێک لەگەڵ سەدام حوسێن ڕێککەوت. بە

نوسـینی کیسـنجەر لە کتێبەکەیـدا، ئەوان لەگەڵ ئۆتۆنـۆمی کوردەکـان بـوون و کـاری شـای ئێرانیـان بەهەڵەیەکـی مەزنـی سیاسیی زانیوە.

## کشانەوە بۆ ئێران و بەرپرسایەتی نوێی ئیدریس بارزانی

لە بەشی "دوا مۆڵەتی ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان"دا گوتم: لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٧٤وە، وەزیرەکانی سەربە شۆڕش، ژمارەیەکی زۆر مامۆستا، بەڕێوەبەری خوێندنگە، کارمەندی مەدەنی، پلەداری پۆلیس و سوپای عێراق، پزیشک و بازاڕیی و...تد، شوێنەکانیان بەجێهێشت و ڕوویان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان کرد. بەشێکی کەم لەو ژمارەیە، جگەلە وەزیرەکان، لە سپتێمبەر "ئەیلول"ی ساڵی ١٩٧٤وە بۆ پاراستنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە چنگ بۆمبارانی فڕۆکەکان، ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و چوون بۆ ماڵی خزمان و دۆست و ئاشنایانیان.

لە ڕەوتی گفتوگۆکانی نێوان شا و سەدام حوسێندا و بەرلە ڕێککەوتنی جەزائیر، ڕژێمی ئێران ژمارەیەک کۆمەڵگای لە پارێزگای ورمێوە تا پارێزگای ئەهواز لە باشوری ئێران بۆ ئەو پەنابەرانە دروستکردبوو کە بەرلە ڕێککەوتن و دوای ڕێککەوتنی جەزائیر، لەو جێیانەدا کۆیان بکەنەوەو سەرپەرشتیی ئەو کۆمەڵگایانەیان بە مانگی سوری ئێران "شێروخورشید" سپاردبوو کە خێوەت و خواردنیان بۆ دابین بکات. هەموو کۆمەڵگاکان لەژێر چاودێریی مەئمورەکانی ساواکدا بوون و هیچ کەسێک بەبێ ئیزنی ئەوان مافی چوون بۆناو ئەو کۆمەڵگایانە و دەرکەوتنی لێیان نەبوو. دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی جەزائیر، ژمارەی ڕەوانەکراوەکانیش بۆ ئێران زیادی کرد.

دوای گواستنەوەی ئەو خەڵکە بۆ ئێران، بارزانی و بنەماڵەکەی جگەلە ئیدریس بارزانی لە حاجی ئۆمەران مانەوە. کاک ئیدریس ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٣ چوو بوو بۆ شنۆ کە بە ڕێگای ئێراندا ژمارەیەک

خێزان لە "خرێنە" ڕزگار بکات کە لەترسی بۆمباران ڕایانکردبووە ئەو جێیە و لە بەفردا مابوونەوە. بە هەوڵدانێکی زۆر ئیدریس بارزانی توانی ئەو بنەماڵانە بە هێلیکۆپتەر بگوازێتەوە.

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٥، سەرتیپ مەنسوورپوور بۆ گواستنەوەی بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ نەغەدە، گەیشتە حاجی ئۆمەران و لەو ڕۆژەدا بارزانی و بنەماڵەکەی گواسترانەوە بۆ نەغەدە.

دوای نیشتەجێکردنی پەنابەرەکان لە کۆمەڵگاکانی ئێران، ئاڵۆزیی و بشێوییەکی زۆر کەوتە نێو کادیران و ئەندامانی پارتی و خەڵکی ئاوارەوە کە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە قورساییەکی زۆری خستبووە سەرشانی سەرکردەکانی شۆڕش. بەم بۆنەیەوە ئیدریس بارزانی کرا بە بەرپرسی کاروباری پەنابەران و ئەویش بە هاوکاریی شەمسەدین موفتی و چەند کەسێکی تر کە لە لاپەڕەکانی دواییدا ئاماژەیان بۆ دەکەم و هەروەها لیژنەی کاروباری پەنابەرەکان لە کۆمەڵگاکاندا و ڕێکخراوی مانگی سوری نێودەوڵەتی و دەزگا پێوەندییدارەکانی ڕژێمی ئێران، کاروبار و گرفت و داخوازیی پەنابەرەکان چارەسەر دەکرد. لە ڕاستیدا ئەوە ئەرکێکی زۆر قورس بوو کە بە دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلولدا خرایە سەرشانی ئیدریس بارزانی.

دوای نیشتەجێکردنی پەناهێنەران لە کۆمەڵگاکانی ئێران، دیاردەیەکی گرنگ و هەستیار بۆ لە خشتەبردنی زیاتری ورەی کادیر و بەرپرسە پەناهێنەرەکان سەریهەڵدا. ڕژێمی ئێران بە تێبینی لە دۆخی پێکهاتوو، ژمارەیەک کۆمەڵگای لە پارێزگاکانی ئێران بۆ پەناهێنەرەکان کردبۆوە کە ئەرکی گرنگی بەرپرسانی ئەو کۆمەڵگایانە هەڵخەڵەتاندن و فریودانی کادیران و بەرپرسە پەناهێنەرەکان بوو بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ عێراق. مەبەست لەو هەوڵەی دوژمن چۆڵکردنی دەوروپشتی بارزانی بوو کە نەکات

سەرلەنوێ شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوە. لەو بوارەدا، ڕژێمی شا هەموو مافەکانی پەنابەرییەتی خستبووە ژێرپێ و بەپێچەوانەی مافی پەناخوازیی و پەیمانی جەزائیر ڕێی بۆ کاربەدەستانی عێراق خۆشدەکرد کە بێن و سەردانی ئەو ئۆردووگایە بکەن و لە کۆبوونەوی جۆراوجۆردا کە بۆی پێکدەهێنان، وتار بخوێننەوەو هانی کادیرانو بەرپرسانی پارتی بدەن کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق و بەڵێنیان پێدەدان کە ڕژێم لێیان دەبووریت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بارزانی لەسەر پێشنیازی دوکتۆر مەحمود عوسمان ئیزنی بەو ژمارە پەنابەرانە دابوو کە بەرپرسایەتیان لە شەڕەکاندا نەبووە و لەترسی بۆمبارانی فڕۆکەکان لە شار و گوندەکان رایانکردبوو بۆ ئێران، بگەڕێنەوە سەر کار و ژیانی خۆیان. لەم بارەیەوە یەکێک لە پاسەوانەکانی بارزانی بەناوی کەمال محەمەدئەمین مەحمود لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی:



- (ساڵی ١٩٧٥ ژمارەیەکی زۆر جوتیار، دوکاندار و کاسبکار ڕایانکردبووە ئێران و لە کۆمەڵگاکاندا بوون. دوکتۆر مەحمود لە نەغەدە بە بارزانی گوت: خەڵکی عێراق هەموو هاتوون بۆ ئێران و لێرە کۆبوونەتەوە و ئەو خەڵکە ئاوارەیە بە ئێمە بەخێو ناکرێن و ناتوانین کێشەکانیان چارەسەر بکەینو ڕەنگە لێرە توشی گیروگرفت بن. لەبەر ئەوە پێشنیازی بە بارزانی کرد کە ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ عێراق و ئەوانەش کە لە خۆیان دەترسن، با

بمێننەوە. بارزانی پێشنیازی دوکتۆر مەحمودی قەبووڵ کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا لە نەغەدە کە سامی عەبدولڕەحمان، ساڵح یوسفی، دوکتۆر مەحمود، حەبیب فەیلی و هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و هەروەها ئەسعەد خۆشەوی و عەلی خەلیل لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون بارزانی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕاگەیاند بچن لە کۆمەڵگاکاندا بگەڕین و بە پەنابەرەکان بڵێن ئەوانەی لەخۆیان ناترسن، با بچنەوە.)

هەرلەم بارەیەوە حاجی خدر عوسمان تەها گەڕۆتەیی ناسراو بە خدر خەیات کە ئەوکاتە ئەندامی پارتی بووە لە شاری هەولێر لەگەڵ شەپۆلی ڕاکردنەکان چووە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی ڕاگەیاندم:

- (ئێمەیان لە حاجی ئۆمەرانەوە بە بارهەڵگری سەربازی بردە مهاباد. ئێوارە بوو گەیشتینە مهاباد. خەڵکی شار نان و پێخۆریان بۆ هێناین و بە ڕادەیەکی زۆر دڵسۆزییان لەگەڵ کردین. لەوێوە بردیانن بۆ میاندواو و مەراغە، شەوێک و دوو ڕۆژ لە مەراغە ماینەوە و دواتر بەسواری قەتار بردیانین بۆ تاران. لە تارانەوە بۆ قوم و ئەراک و ئەندیمشک و لەوێ لە کۆمەڵگایەکدا بەناوی "بابەک" دایانبەزاندین. نزیکەی ١٠- ١٢ هەزار کەس بووین. دوو کۆمەڵگای تریش لە نزیک ئێمە لە شاری شوش لە پارێزگای ئەهواز بوون. دووجار لەلایەن بەرپرسانی عێراقەوە هاتن جارێک کەسێک هات بە ناوی خالید کە کورد بوو و جارێکیش ژنێک لە عەشیرەتی "قەرەگول"ی هات و داوایان لێکردین بگەڕێینەوە بۆ عێراق، بەڵام ئێمە نەگەڕاینەوە. سەرئەنجام مەلا محەمەد مەلا قادر هات و گوتی ئەوانەی بەرپرسایەتیان نەبووە لە بەشی سیاسی و پێشمەرگەدا و لەخۆیان ناترسن، باشترە بگەڕێنەوە سەر کارو ژیانی خۆیان. ئێمە بەو چاوە تەماشایان دەکەین کە لێرە لەلای ئێمەن. ئەوە بوو ژمارەیەکی زۆرمان بە ژن و منداڵەوە بە دوای لێبوردنی گشتی ڕژێم لەسەر ڕەزامەندیی بەرپرسانی پارتی گەڕاینەوە بۆ عێراق.)



بوونی کادیر، بەرپرس و پێشمەرگە و پەنابەری کوردیی باشور لە ئێران و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جێی مەترسی ڕژێمی شا بوو. لەوە دەترسان بەهۆی ئەوانەوە گەلانی ئێران و بەتایبەتی گەلی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتر هوشیار بێتەوە و کێشە و گرفت بۆ ڕژێم پێکبێنن. لەبەر ئەوە کاربەدەستانی ساواک هەوڵەکانیان بەرین کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕژێمی ئێران ڕێگەی بۆ سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خۆشکرد کە بێتە تاران و لەوێوە نامە بۆ پەناهێنەرەکان بنوسێ و دڵنەواییان لێ بکات کە بارزانی و کورەکانی بەجێهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق. لەم بارەیەوە سەدام لە نامەکەیدا دەنوسێت:

- (بۆ ڕۆڵە و برا ئازیزەکانمان، ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەمان لە گەلی کوردمان کە لە ئێران نیشتەجێن. دەمانەوێ ئەوەتان پێڕابگەیەنین کە ئەوەی بگەڕێتەوە ئەمانەی خوارەوە لە سەرمانە:

١- دەگەڕێتەوە، لە خۆی و ماڵ و ناموس و دوارۆژی خۆی و منداڵەکانی دڵنیا دەبێت و هەموو ئەوکارانەی لە سایەی باردۆخی داخباری شەڕ ئەنجامی داون، یاسا و لێپێچانەوە دەستی بۆ نابەن و هەریەک لە ئێوە ژیانێکی تازە لە سایەی شۆڕشەکەی و لە پێناوی خزمەتی نیشتمانەکەی دەست پێدەکات.

٢- جارێکی تریش ماوەی لێبووردنەکە درێژ دەکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بگەڕێتەوە کە لەبەر هەرهۆیەک بووبێت، بارودۆخەکەمان ڕێگەی پێنەداون بگەڕێنەوە بۆ نیشتمان و دوایی ئێمە ڕەگەزنامە لە هەموو ئەوانە دەستێنینەوە کە سوود لەم لێبوردنە وەرناگرن و لە دەرەوەی چوارچێوەی گەل و نیشتمانیان دادەنێین و ئێمە بایەخیان پێنادەین.

٣- گوێ لە پروپاگەندەی سەرلێشێوێن و قین لە زگان مەگرن و ئێمە کاتێک کە بەڵێنێک و پەیمانێک دەدەین، ڕێزی لێدەگرین و ئێمە بەڵێنی پیاوانەتان پێدەدەین و فرۆفێڵ و تەڵەکە بازی لە سیاسەتی ئێمەدا نییە. لێبوردنی گشتی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بەبێ هەڵاواردن جگەلە مەلا مستەفا و کوڕەکانی ئیدریس و مەسعود و هەروەها محەمەد خالید و جگە لەوانە هەموو لێبووردن دەیانگرێتەوە.

٤- فەرمانبەر و کرێکار هەریەکە دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و هەمان مافی دەبێت کە هاوڕێکانی تری هەیانە و ئەفسەریش یان دەگەڕیتەوە بۆ سوپا، یان لە فەرمانگەیەکی مەدەنی دادەمەزرێت بەبێ ئەوەی کە لە ڕووی یاساوە شایانە، هەروەها سەرباز و پلەداریش لە هێزە چەکدارەکان و قوتابی دەگەڕێتەوە بۆ کۆلیجەکەی یان قوتابخانەکەی لەو پۆلەی کە لەکاتی دەستپێکردنی شەڕدا بەجێیهێشتوە.

لە خوا دەپاڕینەوە کە ڕێگە پێشانی گومڕاهان بدات و ڕۆڵە ئازیزەکانی نیشتمان بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکەیان.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

سەدام حوسین



تاران: ١٩٧٥/٤/٣٠ (پاشبەندی ١٥)

هۆی ئەو هەوڵدانەی ڕژێمەکانی عێراق و ئێران بۆ دڵسۆزیی کورد نەبوو کە بگەڕینەوە سەر ژیانی خۆیان و

بە ئـازادیی و بەبـێ گوشـار و ئـازار و بەبـێ مـافی نەتەوەیـی و نیشتمانیی بژین، بەڵکوو هەروەکوو سەدام بە ڕاشکاوی ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ ئەوە بـوو کە پشتی بـارزانی بەردەن تـا ئەو نەتوانێت، حیـــزبەکەی ڕێکبخـــاتەوە و ســـەرلەنوێ شۆڕشـــی کوردســـتان هەڵبگیرســـێنێتەوە، بەڵام هەر ئەوەنـــدە تێیـــدا ســـەرکەوتن کە ژمـارەیەک بگێـڕنەوە بۆ عێـراق. لەم بـارەیەوە جەلیل ڕەزا عەلـی "جەلیـــل فەیلـــی" لە وتـــووێژێکی تایبەتـــدا کە دەنگـــی لای مـــن پارێزراوە دەڵێت:

- (کە شـۆڕش ڕاوەسـتا، مـن بەرپرسـی نـاوچەی قەڵادزێ بـووم و لـەوێـوە پاشەکشـەم کـرد بـۆ کرماشـان، بەڵام چـووم بـۆ نەغەدە و بەشـــداریی کۆبـــوونەوەی جەنـــابی مەلا مســـتەفام کـــرد. لە کۆبـوونەوەکەدا جەنـابی بـارزانی دەسـەڵاتی بەخۆمانـدا و گـوتی: "هیچ کەس ناچارناکەین لێرە بمێنێتەوە، ئەوەی تەحەمولی هەیە و دەمێنێـتەوە بـا بمێنێـتەوە و ئەوەش کە تەحەمـولی نیـیە و دەگەڕێـتەوە، ئـێمە مەنعـی نـاکەین." ئەوە بـوو کە بە دوای کۆبـوونەوەی نەغەدەدا کە جەنـابی مەلا مسـتەفا دەسـەڵاتی بە خەڵـکەکە سپارد، ژمـارەیەک گـوتنی بارزانیـان بە ئیزنـدان بـۆ گەڕانەوە وەرگـرت و گەڕایـنەوە، بەڵام دوای گەڕانەوەمـان بـۆ کوردستان، ئەو ژمارەیە سەرلەنوێ هاتنەوە لای شۆڕش.)

هەروەکـوو دەزانـین ژمـارەیەک بەهەر هـۆیەکەوە گەڕانەوە بـۆ عێراق، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری پەنابەرەکان وەک سەردەمەکانی ١٩٤٥- ١٩٤٦ی کۆمـــاری کوردســـتان و ١٩٤٧- ١٩٥٨ی یەکێتـــی سـۆڤیەت، پشـتی بارزانییـان بەرنەدا و زیـاتر لە ١٨٠ هەزار کەس ئامادە و گوێ بە فەرمانی بـارزانی بـوون و لە گەڕانەوە بۆ عێـراق خۆیـان پاراسـت. لەم بـارەیەوە خـاتوو زوبەیـدە عەبـدولڕەحمان حەسەن هاوسەری شەهید مەلحەم ستونی دەڵێت:



- (کاتی ڕاوەستانی شۆڕش، باوکم و هاوسەرەکەم پێشمەرگە بوون و لەلای ئێمە نەبوون. ئێمە و چەند ماڵی تر، لە گوندی ستونی و دەوروبەرەوە چووین بۆ گوندی "سەرانگی" لە باکوری کوردستان و بۆ ئەوەی کە تورکەکان ئێمە نەبینن بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ بەناو بەفردا، چیاکانمان بڕی تا گەیشتینە ناوچەی تەرگەوەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بچینە لای بارزانی و لە گوندی ئەنبێ دابەزین. من بە کێژێکی ١٠ ڕۆژەوە لەگەڵ ئافرەتەکانی تر بەسەختی توانیمان ئەو ڕێگایە ببڕین، بەڵام بە نزیکبوونەوەمان لە بارزانی دڵمان ئارام بۆوە. لەوێ عادڵ بەگ، حکومەتی ئاگادار کردەوە کە بێن ئێمە ناونوس بکەن. لەو ناوەدا عوبێدوڵا، لوقمان و سابیر، واتە کوڕەکانی مەلا مستەفا کە دواتر سەدام هەرسێیانی گوللەباران کرد، هاتنەلامان و گوتیان حکومەت لێبوردنی گشتی داوە و داوایان لێکردین بگەڕێینەوە بۆ عێراق. نزیکەی ٢٠٠ ماڵ بووین، هەموویان گوتیان تا مەلا مستەفا و ئیدریس و مەسعود لێرە بن، ئێمەش لەگەڵیان دەبین و ناگەڕێینەوە. ڕۆژی شەممە بوو لە مانگی ڕەمەزان کە حکومەت هەر ٢٠٠ ماڵی بردین بۆ کازرون لە پارێزگای ئیسفەهان و هەر ٢٥ ماڵەی لە شوێنێکیان کردین. کۆمەڵگایان نەبوو، ئێمەیان سەرەتا لە حەوشەی ئیمام زادەیەک دانا. لە شانسی ئێمە ئەو ساڵە باران باری و ئێمە هەموومان بە منداڵەوە لەژێر باراندا بووین، خەڵکەکە دەیانگوت حەوت ساڵە لێرە باران نەباریوە. دواتر ئێمەیان بردە

خوێندنگەیەک. سێ ساڵ لە کازرون ڕایانگرتین و دواتر کە ئێران بەرەو ئاڵۆزیی ڕۆیشت، بە ئێمەیان گوت بڕۆن جێیەک بۆخۆتان بدۆزنەوە، چونکە ماڵی باوکم لە قەزوێن بوو، ئێمەش چووین بۆ قەزوێن، بەڵام لەوێش زۆر نەماینەوە و چونکە هاوسەرەکەم ئامر بەتالیۆنی هێزی چوارچەل بوو، چووین بۆ زێوە و سەرئەنجام ساڵی ١٩٩١ گەڕاینەوە بۆ باشوری کوردستان. دیارە هاوسەرەکەم بەرلە ئێمە کرابوو بە فەرماندەی هێزی چوارچەل و گەڕابۆوە.)

هاوکات لەگەڵ ئەو بێ هیواییەی کە مێشکی کادیران و ئەندامانی پارتی دیموکرات و کوردە ئاوارەکانی داگرتبوو، بارزانی و ئیدریس و مەسعود بارزانی هیوایان بەرز بوو، مەسعود هەوڵی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دەدا و ئیدریس خەریکی چارەسەر کردنی کێشەی ژیانی پەناهێنەرەکان بوو. لەم بارەیەوە عەزیز شێخ ڕەزا لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:



- (نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بووم لە لوبنان و وڵاتانی عەرەبی دا. کە شۆڕش ڕاوەستا لە ساڵی ١٩٧٥، من لە نەغەدە بووم. دوکتۆر نەجمەدین کەریم دوکتۆری ماڵی بارزانی بوو. من لە ماڵی ئەو دەمامەوە و ماڵەکەی عایدی ماڵی بارزانی بوو. بەگشتی ڕۆژانە پێوەندیم لەگەڵ کاک ئیدریس و کاک مەسعود هەبوو. ڕۆژێک کاک ئیدریس گوتی: "با بچین پیاسەیەک پێکەوە بکەین." بەرەو زەوییە چاندراوەکانی گەنم چووین و

پاسەوانەکانی کاک ئیدریسیشمان لەگەڵ بوون. لە قەراخ گەنمەکە دەڕۆیشتین کە کاک ئیدریس بە پاسەوانەکانی گوت: "ئێوە لێرە بن، ئێمە دەگەڕێینەوە." لە نزیک پاسەوانەکان لە تەنیشت گەنمەکە دانیشتین، کاک ئیدریس پرسی:

- عەزیز تۆ ئەو وەزعە چۆن دەبینی؟

من بە زانیارییی لەسەر وەزعی زۆر نالەباری خەڵکەکە و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستی دڵسۆزان و ئەو بەرپرسانەی کە پۆل پۆل دەگەڕانەوە بۆ عێراق و برسییەتی و نەخۆشی منداڵ و گەورەکان، گوتم:

- وەزعەکە باش نییە و داهاتوویەکی تاریک بۆ گەلەکەمان و بۆ شۆڕش دەبینم. کاک ئیدریس لێم ڕاما و گوتی:

- عەزیز! هەتا ئێستا بنەماڵەی بارزانی زۆر جار توشی نەهامەتی بوون، بەڵام هەموو جارێ بە هێزی زیاتر گەڕاونەتەوە مەیدان.

ئەم وتەیەی کاک ئیدریس هەمیشە لە گوێمدا دەزرینگایەوە، تا سەرئەنجام بۆم دەرکەوت، بۆچوونەکەی چەندە بە ڕاست دەرچوو، چونکە کاک ئیدریس سەرکردەیەکی زۆر وردبین و زۆریش بەورە و بەغیرەت و ئازا بوو.)

# ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی

زۆربەی پەنابەرەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا کە لە نەغەدە یان شارەکانی نزیکی وەک مهاباد، شنۆ، پیرانشار و ورمێ کۆببنەوە کە بتوانن سەرەڕای پێڕاگەیشتن بە گیروگرفتەکانیان، لە خزمەت بارزانیدا بن. بەرلە بەجێهێشتنی نەغەدە، بارزانی لەگەڵ ئەو ژمارە کوردە پەناهێنەرانە کۆبۆوە کە لە نەغەدە بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا وتارێکی خوێندەوە و لە بەشێکیدا هانی کادیر و پێشمەرگەکانیدا کە خۆیان ڕاگرن و بەئاگا بن و نەهێڵن نائومێدیی ڕوویان تێبکات. هەروەها پەنجەی بۆ دواڕۆژێکی ڕوون بۆ کورد ڕاکێشا و گوتی: **(سەرکەوتنی دوایی هی کوردە.)** ئەو کۆبوونەوەیە، بەشدارانی بەجۆش هێنا و دەردو ئازاری لەبیر بردنەوە و پشتیوانیی خۆیان لە بارزانی دووپات کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی مانەوە، یان گەڕانەوەی پەناهێنەرەکانی بۆ عێراق دایە دەست خۆیان و بە وتەی بەڕێز جەلیل ڕەزا عەلی "جەلیل فەیلی" گوتی: **(هیچ کەس ناچار ناکەین لێرە بمێنێتەوە، ئەوەی تەحەمولی هەیە و دەمێنێتەوە با بمێنێتەوە و ئەوەش کە تەحەمولی نییە و دەگەڕێتەوە، ئێمە مەنعی ناکەین.)**

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، مەسعود بارزانی داوای لە باوکی کرد کە ڕێی پێبدات ناوەند و ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی پارتی ببووژێنێتەوە کە بارزانی هەموو دەسەڵاتی خۆی پێ سپارد. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٠ی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

- (منیش لەلایەن خۆمەوە داوام لە باوکم کرد ڕێگەی دەست پێکردنەوەی خەبات و دووبارە کردنەوەی ڕێکخستنی داوودەزگا و

پێکهاتە حزبی و سوپاییەکان بدات کە لەسەر بنەما و بەگوێرەی چەمکی نوێباوی وا لە بارودۆخی ئێستە و تاقیکردنەوە و شارەزایی لەمەوپێش وەرگیرابێ، پێک بهێنرێتەوە. ئەویش دەستبەجێ و زۆر بەگەرمی و پێخۆشحاڵی و دڵ بە دوارۆژ خۆشی پەسەندی کرد و هەرچی دەسەڵاتی خۆی هەبوو، هەمووی پێ سپاردم و نزای سەرکەوتنی بۆ کردم. ئیتر منیش یەک خولەک کاتم بەفیڕۆ نەدا و هەرکە ئەو نەغەدەی بەجێهێشت دەستبەکار بووین و بایەخێکی تایبەتیشم بە کادیرە لاوەکانمان دا.)

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، ڕژێمی ئێران ڕایگەیاند نابێ بارزانی و ئیدریسی کوڕی لە نەغەدە بن و دەبێ ئەو شارە بەجێهێڵن. ئەوە بوو کە ئەوانیان گواستەوە بۆ کەرەج کە پێوەندییان بە کوردە پەناهێنەرەکانەوە نەمێنێت.

لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی، مەسعود بارزانی بەدوای ڕۆیشتنی باوکی لە نەغەدەوە بۆ کەرەج، ڕێکاری پێویستی بۆ ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکرات گرتەبەر. بۆ ئەو مەبەستە بەوردی سەرنجیدا بە هەڵبژاردنی کادیرە لاوەکان. بە دروستی ورەی ڕوخاو و تێکشکاوی کادیرەکانی لەبەرچاو گرت و لە یەکەم هەنگاودا، جەوهەر نامیق سالم، عارف تەیفور، کەریم سنجاریو محەمەد ڕەزای بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد. چونکە بنەماڵەی بارزانی و کادیر و خەباتکارانی پارتی لە گەمارۆی هەردوو لایەنی ئێران و عێراقدا بوون، ئەرکی بنەڕەتی ئەو گروپە پێنج کەسییە گرتنەبەری ڕێکاری نهێنی و پاراستنی نهێنییەکانیان بوو کە دوژمن بە هەوڵەکانیان نەزانێت. بەو تێبینییە، پرۆگرام و کەرەستەی پێویست بۆ ئەو ئەرکە دیارییکرا. بۆ وەگەڕخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی و زیندووکردنەوەی بزوتنەوەی کورد، پێویستیان بە گەڕاندنەوەی متمانە بە کادیر و پێشمەرگە و خەڵکی

کوردستان هەبوو. دەبوایە زۆر بەجیددی لەسەر ئەم دیاردەیە کاربکەن و ئەمەش پێویستیی بەکاری بەکۆمەڵی ئەو بەڕێزانەوە هەبوو. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤١ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: **(لە ناوەڕاستی مانگی نیسان "ئەپریل"ی ١٩٧٥ کۆبوونەوەیەکمان کرد و بەرهەمەکەی ئەوە بوو کە کاتی خۆی ناومان نا "سەرکردایەتی کاتی" ئەو سەرکردایەتییە کاتییەی شۆڕشی گوڵانی لێ پەیدابوو.)**

هەوڵی گروپی ڕێکخستنەوەی ئۆڕگانەکانی پارتی دیموکرات لەلایەن ساواکی ئێرانەوە ئاشکرا دەبێت. لەبەر ئەوە، ئەو پێنج کەسە و ئیدریس بارزانی و ئەندامانی تری بنەماڵەی بارزانی بە توندی دەکەونە ژێرچاودێری مەئمورانی ساواک. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٥٠ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- (دەزگای ساواک بەهۆی خەفیە و نۆکەرەکانیەوە بەوەی زانیبوو ئێمە هەڤالان جەوهەر نامیق سالم و کەریم شنگاریمان بە مەبەستی دەستدانە چالاکی نواندن و دەستکردنەوە بە ڕێکخستن سازی، ناردوونەتەوە بۆ کوردستانی عێراق. پاشان ئەندامانی چالاک عارف تەیفوور و حەمە ڕەزاش لە نەغەدە گیران و هەندێ بەڵگە کەوتە بەردەست ساواک کە ئەو بەڵگانە و هی تریش دەیانگەیاندە لای من.)**

بەو پێزانینەی ساواک، ئەرتەشبود نیعمەتولا نەسیری سەرۆکی دەزگای ساواکی ئێران کاردانەوەیەکی نامرۆڤانەی دەبێت لە بەرامبەر مەسعود بارزانیدا. ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩ کە مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی و دوکتۆر نەجمەدین کەریم دەیانەوێت

لەگەڵ مەلا مستەفا بچن بۆ نیویۆرک، نەسیری بۆ بەڕێکردنی بارزانی دەچێت. کاتی ڕۆیشتنیان، بۆ دەربڕینی قین و تووڕەیی خۆی لە مەسعود بارزانی، جگەلەو دەست لەگەڵ ئەوانی تر دەداتەوە و مەسعود بارزانی پشتگوێ دەخات. لەگەڵ ئەو پێشڕەوانەی یەکەم هەنگاوەکانیان بۆ ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکرات هەڵگرت، ئیدریس بارزانی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە کۆکردنەوەی کادیر و پێشمەرگەکان و بە هەزاران کادیری سیاسی، سەربازیی و پێشمەرگە بەراسپاردەی ئیدریس بارزانی بەشداریی شۆڕشی گوڵانیان کرد و گیانبەختکەرانە لە مەفرەزەکانی گەڕۆک و دەستوەشێندا گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستان و لە هەورامانەوە تا سنوری دەستکردی باشور لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان، دەستیان لە هێزەکانی ڕژێمی عێراق وەشاند. هەروەها تا ئەو جێیەی من دەزانم، بەڕێزان سامی عەبدولڕەحمان، وریا سەعاتی، فازل جەلال، عەبدولڕەحمان بێداوی، دکتۆر کەمال کەرکوکی، عەلی عەبدولا، نوری شاوەیس، فەلەکەدین کاکەیی، فازل میرانی، دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، دوکتۆر جرجیس حەسەن، محەمەد مەلا قادر، خورشید شێرە، ڕشید عارف، مولازم یونس ڕۆژبەیانی، مولازم علی عوسمان، عومەر عوسمان ئیبراهیم "زەعیم عەلی"، مولازم محەمەد، مولازم فوئاد، لزگین حەیران، محەمەد سەعید دۆسکی، محیەدین ڕەحیم، دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس، هوشیار زێباری، حەمید بەرواری، هجر سندی، ڕئیس عەبدولا سدیق، دوکتۆر شەفیق قەزاز، موحسین دزەیی، دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی، محەمەد سەعید دۆسکی، دوکتۆر پیرۆت، ئازاد بەرواری، دوکتۆر سەعید ئەحمەد بارزانی. نەجمەدین یوسف و فەرماندەکانی وەک: ئەسعەد خۆشەوی، شەعبان غەفار بێدوهی بەرواری، حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی"، مستەفا ساڵح

عەبدوڵا نێروەیی، مەلا ئەمین بارزانی، ئەحمەد شوانە هروری، حەمید حەفیزوڵا سندی، نادر عەلی هەورامی، سەید عومەر حاجی ئۆمەرانی، محەمەد خالید بۆسلی سندی، عەریف دەروێش، سەعدون کورکی گولی، سەید ساڵح بەرواری، وەلی بانی مزوری، عەلی خەلیل خۆشەوی، یاسین تەها مەولود، عەلی عەتا خانەقینی، شێخ جەعفەر بەرزەنجی، حوسێن عەلی، حەمید شەریف موسا، سەلیم ئەسعەد خۆشەوی، حەسۆ میرخان دۆڵەمەری، عەلی شەعبان، مەلحەم دری، نێچیرڤان بارزانی، عەبدولموهەیمن سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی و سەدان کادیر و پێشمەرگەی تر لەگەڵ ڕێکخستنی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتن کە بەداخەی ناوی هەموویانم نییە. ئەوانە و ژمارەیەکی زۆری تریش کە من ناوەکانیان نازانم هەوڵی بوژاندنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتیان لەناو خۆی وڵات، لە ئێران، لە ئەوروپا و لە ئەمریکا داوە. بەشێک لەوانەی دوای ڕاوەستانی شۆڕش بە هەوڵی سەرکردایەتی پارتی ڕوویان لە ئەوروپا کرد، لە لق و لیژنەکانی پارتیدا کۆبوونەوەو لەگەڵ بەشدارییکردنیان لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا، بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکاران کورد لە ئەوروپا کە بەشیوازی مەدنی هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بدەن. لە هەمانکاتدا لەگەڵ چوونیان بۆ خوێندنگە و زانکۆکان و خۆپەروەردە کردنیان، هاوکاریی لقی ٦ پارتی دیموکرات و لیژنەکانی سەر بە لقی ٦ لە ئەوروپا دەکرد. لقی ٦ ی پارتی دیموکرات لە ئەوروپا ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١١ بە بەشداری ٨٠ خوێندکار، بە سەرپەرشتی نوری شاوەیس و سامی عەبدولڕەحمان، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی شورشی ئەیلول و ڕێکخستنەوەی پارتی دیموکرات کۆنفرانسێکی پێکهێنا. ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرلین ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٤ لە

کونگرەی نۆیەمی پارتیدا بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەند کرا. لەم بارەیەدا تارق کامل حوسین ناسراو بە تارق ئاکرەیی یەکێک لە بەشدارانی کۆنفرانسی بەرلین و کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دەڵێت:

- (بەدوای کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورددا، ڕۆژی ١٩٧٦/٨/١١ لقی ٦ پارتی لە بەرلین کۆنفرانسێکی بەرینی پێکهێنا. نوری شاوەیس، سامی عەبدولڕەحمان، ژمارەیەکی زۆر لە کادیرانی پارتی لە ئەوروپا و ئەو کۆمەڵە کادیرانەی کە لە ئێرانەوە گەیشتبوونە ئەوروپا، بەشداریی ئەو کۆنفرانسەیان کرد. کۆنفرانس بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو. لەودا باس لە ڕێکخستنەوەی پارتی کرا و سەرکردایەتی کاتی پارتی کە پێشتر دانرا بوو، پەسەند کرایەوە، لەو کونفرانسەدا ڕەخنەیەکی زۆر لە شۆڕشی ئەیلول گیرا و داوا کرا ئەندامانی پارتی بە ڕوحێکی تازە دەست بە ڕێکخستنی پارتی بکەنەوە. خاڵەکانی کۆنفرانس لە کونگرەی نۆیەم پارتیدا کە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٤، لە زێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات، بۆ درێژەدان بە شۆڕش پەسەندکران.)

## ناساغی ڕوو لە بارزانی دەكات

لە بەشی "ڕێككەوتنی جەزائیر"دا پەنجەم بۆ ئەم وتەیەی بارزانی ڕاكێشا كە لە كۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامامی سەركردایەتی پارتی دیموكرات، سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان و دەستەیەك لە ڕۆشنبیران، گوتی: (من خۆم كە گەیشتوومەتە ئەم تەمەنە، تەمەنم یارمەتیم نادات بۆ شەڕی پارتیزانی كە پێویست دەكا مرۆڤ بەپەلە و بەشەو و بەڕۆژ لەم شاخەوە بگوێزێتەوە بۆ ئەو شاخ. ... و ئەگەر كەسێكیش هەیە دەتوانێ ئێستە سەركردایەتی شەڕی پارتیزانی بگرێتە دەست من ئامادەم هەموو یارمەتییەكی بدەم.)

ئەو دەربڕینەی بارزانی لەخۆوە نەبوو كە ئاماژەی بۆ لاوازیی خۆی لە ڕێگە ڕۆیشتندا كرد. ناوبراو بەر لەو كۆبوونەوەیە و تەنانەت پێوەندی سەدام و شا، بەهۆی ژانی لاقی ڕاستی لەگەڵ دوكتۆر مەحمود عوسمان سەردانی دوكتۆرەكانی ئێرانی كردبوو كە چارەسەریی بۆ نەخۆشییەكەی بدۆزێتەوە. لەم بارەیەوە دوكتۆر مەحمود عوسمان پێشتر لە نامەیەكیدا لە ڕۆژی ١٩٧٤/٧/٤، بۆ ئیدریس و مەسعود بارزانی نوسیبووی:

برایانی بەڕێز كاك ئیدریس و مسعود بارزانی پێشكەش
سەلام و ئیحترام

هیوام وایە صحەتتان باش بێت. صحەتی بابە باشترە و ئەحواڵتان ئەپرسێت وە هەروەها دوكتۆری ئێرە تەماشایان كردووە و پرفیسۆرێكی سلف ئیمرۆ تەماشای كرد و هەموو متەفیقن لەگەڵ ئەو تشخیسەی كە لەكاتی خۆی لەوێ دوكتۆر جەمال و من تەصورمان كردبوو و دەرمانیان داوەتێ لەگەڵ كورسێت و ئێستا باشترە و بەرەو باشتریش ئەڕوات بڕیاریانداوە تا دە ڕۆژی تر

ئیستراحەتی تەواو و دەرمان بەکار بهێنێت وە پاش ئەوە ئەگەر باش بوو ئەوا لە سەری مستمر ئەبێت و ئەگەر خرابتر بوو یان هیچ فەرقی نەکرد، عیلاجی تر دائەنێن و دوکتۆرەکەی سلق ئیقتراحی کرد ئەگەر تا ١٠ ڕۆژ فەرقی نەکرد بچێتە لای ئەوان، بەڵام خۆی دوکتۆرەکە ئەی ووت و منیش هەروا تصور ئەکەم کە ئیحتیاجی بەوە نابێت و انشاالله زۆر زوو چاک ئەبێت و دێینەوە و بە مەصلەحەت نازانرێت ئێستا بەپەلە بگەڕیینەوە چونکە مومکنە ئەزیەت بخوات و مەجبور بێت بگەڕێتەوە ئێرە کە هاتوچوکە خۆی باش نیە لەبەر ئەوە ممکنە ٧ یان ١٠ ڕۆژی تر مجبوربین بمێنینەوە هەرچەندە خۆی و ئێمەش پێمان خۆشە زۆر زوو بێینەوە لەبەر ئەوزاعی شەڕی ئێوە، بەڵام وابزانم گەڕانەوە بە نەخۆشی سوودی نییە بەڵکوو زەرەرە و.....تد.

براتان دوکتور محمود ١٩٧٤/٧/٤ (پاشبەندی ١٦)

دوای ڕاوەستانی شۆڕش، بارزانی هەستی بە ژانی سنگ و پشتی کرد. ژانەکەی بە ڕادەیەک بوو کە بەشێک لە خەوی شەوانەی بەدەرد و ئازارەوە تێدەپەڕاند، بەڵام خۆی بێدەنگ بوو، تا سەرئەنجام ئیدریس و مەسعود بەهۆی دایکیانەوە بە ئازاری باوکیان زانی و قسەیان لەگەڵ کرد، کەچی دیسانیش ئەو گوێی نەدایە و مەسەلەکەی لا گرنگ نەبوو. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٢ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت: (مەسەلەکە بەپێچەوانەی ئەوە بوو کە ئەو دەیوت، نیشانەی تێکچوونی تەندروستی بە ئاشکرا دیاربوو.)

کاک ئیدریس باوکی دەباتە تاران، بەڵام بارزانی ئامادە نابێ خۆی پێشانی دوکتۆرەکانی ئێرانی بدات. لەبەر ئەوە داوا دەکەن

ڕێیان بدەن بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشییەکەی بیبەن بۆ ئەوروپا. ڕژێمی ئێران بە ڕاسپاردەی ڕێبەرانی ئەمریکا هاودەنگی لەگەڵ بردنی ئەو بۆ ئەوروپا ناکەن و واتێدەگەن مەبەستی بارزانی لە چوون بۆ ئەوروپا، بۆ پێوەندیی گرتنە بە دەزگا ڕاگەیاندنەکان بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر وردەکارییەکانی خەیانەتی ئەمریکا و ئێران بە گەلی کورد بۆ ڕای گشتی جیهان، بەڵام بە پێداگریی زۆر، سەرئەنجام ڕازی دەبن بارزانی ڕەوانەی ئەمریکا بکەن، بەو مەرجەی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی لەژێر چاودێریی و کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت و بارزانی مافی ئەوەی نەبێت پێوەندی بە ڕۆژنامەکانەوە بکات و داوای بینینی هیچ کاربەدەستێکی ئەمریکیش بکات.

هەرچەندە بارزانی ئەو بڕیارەی لا پەسەند نەبوو و دەیویست بچێتە ئەوروپا و بەتایبەتی وڵاتانی سکاندیناڤیا، بەڵام باری تەندروستی ڕێگەی پێنەدا کە زیاتر پێ لەسەر ئەو خواستەی پێدابگرێت و لە ئاکامدا ساواکی ئێران و CIA ڕێککەوتن بارزانی بۆ ئەمریکا بگوازنەوە. بەم جۆرە، لەسەرەتای سپتێمبەر "ئەیلول"ی ١٩٧٥، واتە چوار مانگ و نیو بە دوای جێگیربوونی بارزانی لە ئێران، بەڕێزیان لەگەڵ عەلی خەلیل خۆشەوی و شەفیق قەزاز و جەمشید ئەمانی کە ئەفسەرێکی مەئموری ساواک بوو، بە پاسپۆرتێکی بەدەڵی ئێرانی کە ساواک بۆی دروست کردبوو، گواسترایەوە بۆ ئەیالەتی مینیسۆتای ئەمریکا و لە نەخۆشخانەی مایۆ کلینینکی شاری ڕۆچستەر پشکنینیان بۆکردو دەرکەوت توشی هەڵاوسانێکی شیرپەنجە بووە لە سیەکانیدا و نەخۆشییەکەی حاڵەتی گەشەکردنی بەخۆیەوە دیوە و هیوای چارەسەریی و چاک بوونەوەی نییە. دەربارەی هەڵسوکەوتی بارزانی لەگەڵ ئەو

نەخۆشییە، دوکتۆر شەفیق قەزاز لە وتوویژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:



- (من لەگەڵی چووم بۆلای دوکتۆر، تەماشای کرد و ڕۆیشتین. من گەڕامەوە لای دوکتۆرەکە، گوتی شێرپەنجەیەکی گەشە کردوی مەترسیداری هەیە. چوومەوە لای بارزانی، گوتی پێم بڵێ دەزانم سەرەتانم هەیە، بەڕاستی ئەو دڵخۆشی منی دەدایەوە. ئێوارەیەک پێمگوت زۆر خەفەت مەخۆ دەزانم شۆڕشێکمان لە دەستداوە، بەو حاڵەش تۆ سەرکردەی ئێمەی، حەز بکەی، یان نا، ئێمە شتێکمان لە دەستداوە و میللەتێک چاوەڕوانە، دەبێ دەست بکەیەوە بەڕێکخستن، بەڵام ئەو گوتی من شکستم خواردوە و ئەو حەقە بەخۆم نادەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا. کە لەگەڵی چوومە ئەمریکا کەسێک هەبوو بەناوی "جۆن سیسکۆ" سکرتێری کیسنجەر بوو، لە دواکاتەکاندا هات بۆ لامان. من وتەکانم وەردەگێڕایەوە. گوتی من حەزدەکەم پێی بڵێی ئێمە شکستمان خوارد، بەڵام داوا دەکەم ئەمریکا کێشەی کورد و مەسەلەی کورد بکات بە سیاسەتی حکومەتەکەی خۆی.)

دوای ئاگاداربوونی لە نەخۆشییەکەی، بارزانی داوا دەکات ئیدریس یان مەسعود بێن لەلای بمێننەوە. چونکە کاک ئیدریس لە تاران لەگەڵ باوکی بوو، ئەمجارەیان کاک مەسعود ئەرکی کاروباری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سەرکردایەتی کاتیی پارتی

دیمـوکرات بـە کـاک ئیـدریس دەسـپێرێ و خـۆی ڕۆژی ۱۹۷٥/۹/۱۰ دەگـاتە ئەمریکـا. کـاتی گەیشتنی بـۆ نیویـۆرک، بـارزانی لـە شـاری لۆس ئەنجلۆس لەژێر چاودێری دوکتۆرەکاندابوو. لەبەر ئەوە بەبێ ماتەڵ بوون بەسواری فڕۆکە خۆی دەگەیەنێتە لۆس ئەنجلـۆس و بـە سواری تاکسی دەچێ بۆ ئەو هۆتێلەی کە بارزانی و هاوڕێیانی لێی دەژیـان. لـە یەکەم چـاوپێکەوتنی لـەگەڵ عەلـی خەلیـل و شـەفیق قەزاز، هێمای خەمباریی لە سیمایاندا دەبینێ و کاتێک لـە هـەواڵی باوکی پرسیاریان لێدەکات، دەڵێن خەریکی حەمام کردنە و هەرکە پرسـیاری ئاکـامی پشـکنینەکانیان لـێ دەکـات، ئەوان خۆیـان بـۆ ڕانـاگیرێ و دەگـرین. لەم بـارەیەوە مەسـعود بـارزانی لـە لاپەڕەی ۲٤۲ی کتێبەکەیدا "بـارزانی و بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد، بەرگـی سـێیەم، بەشـی دووەم، شۆڕشـی ئەیلـول، ۱۹٦۱- ۱۹۷٥"دا دەڵێت:

- (منـیش خـۆم پـێ نەگیـرا و تەزوویەکـی وەک ئیفلـیج بـوون بـە سـەرتاپێی لەشـمدا هـات و خـوێن لە دەمارەکانمـدا وەسـتا.) لێمپرسین: چـی ڕوویـداوە؟ چـی بـووە؟ زیـاتر دایـانە پرمەی گریـان. لەم ڕەستەیە بەولاوە لێیـان دەستگیر نەبوو: "سـەبرکە تـا باوکـت دێـت." هەرکە لە گەرمـاوەکە هـاتەدەرەوە چـووم بـۆلای. بـە سەرسامییەکەوە لەبەر دەمیدا وەستام. زمـانم گیـرا و وشـەیەکم لـە دەم بـۆ نەهـاتەدەرەوە. ئەو بنیـادمەم لەبەر دەممـدا نەدەدی کە هەمیشـە خـووم بـە دیتنـیەوە گرتبـوو. وەک کەسێکی تـر هـاتەپێش چـاوم کە نەخۆشـییەکی سـەخت پـرزەی لـێ بڕیبـێ و لەڕ و لاواز بـووبێ و چارەسـەرکردن ڕەنـگ و ڕووی گـۆڕیبێ و چـرچ و لـۆچی ئەوەنـدە خسـتبێتە دەموچـاوی کە دیمەنـی جـارانی نەهێشـتبێ و ڕەشـیی مـووە پـڕەکەی سـەری بەهـۆی چارەسـەرەوە سـپی بـووبێ.

تێگەیشت لە چ حاڵێکدام. زوو بە ڕاشکاوییە پێناسراوەکەی خۆی پێی وتم:
- (کورم دەبێ باوەڕت بەوە هەبێ کە مەرگ ڕێگەی هەموو کۆمەڵی ئادەمیزادە و وەنەبێ تەنیا بۆ پیر بێ و گەنج نەگرێتەوە. نەبەستراوە بەساغی و نەخۆشییەوە. ئەگەر قەزا و قەدەر بڕیارێکیدا، بەری لێ ناگیرێ و دوا ناخرێ.) لە درێژەی نوسینەکەیدا مەسعود بارزانی دەڵێت: (هەستێکی بەهێزی هەبوو، لە هەڵسوکەوت و پێوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکدا ئاسایی بوو و بە هەموو جۆرێ خۆی لەوە دوور دەگرت کە لە باری تەندروستیی خۆی و تەنینەوەی نەخۆشییەکی بدوێ.)
بارزانی ترسی لەوە هەبوو کە بە دوای مەرگیدا، ئیدریس و مەسعود پێکەوە هەڵنەکەن و ئەوەی بیستبووەوە کە دەستێک لەکار دایە کە هەوڵدەدات یەکێتی و یەکڕیزیی نێوان بنەماڵەی بارزانی بشێوێنن. ئەوە باشترین دەستکەوت بوو بۆ دوژمن کە بەو ڕێگایەوە بزوتنەوەی کورد بەتەواوی تێکبشکێنن. لەم بارەیەوە جەلیل ڕەزا عەلی "جەلیل فەیلی" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:
- (کاتێک مەسعود بارزانی، جەوهەر نامیق سالم، حەمە ڕەزا، کەریم سنجاری، عارف تەیفور خەریکی ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حیزب بوون و دەیانویست شۆڕش زیندوو بکەنەوە، حاڵەتێک پەیدابوو کە دەیانویست لێکدابڕانێک لەنێو بنەماڵەی بارزانیدا پێک بێنن.)
بێگومان بارزانی خۆی بە ناپاکیی فاخر مێرگەسوریی زانی بوو کە بە ڕێنوێنی دوژمن ئەو ئەرکە ناپیرۆزەی خستبووە سەرشانی خۆی و چەند کادیریش لەناو ڕێبەرایەتی کاتی پارتی دیموکراتدا نەزانانە بەشوێنی کەوتبوون، ئەوە بوو کە بارزانی ئامۆژگاریی

مەسعودی کرد کە یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن و ئیزن نەدەن دووبەرەکی لەنێوانیاندا سەرهەڵبدات. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٦ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا دەڵێت:

**- (لەناو ئەو ڕاسپێرییانەیدا کە ڕای دەسپاردم جێبەجێیان بکەم، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا دۆخ و بارودۆخ هەرچۆن بێ، هیچ دووبەرەکی و ناکۆکییەک لەنێوان من و ئیدریسی برامدا ڕوونەدا. ئێمەش، سوپاس بۆ خوا تا دوایی ئەو ڕاسپێرییەی ئەومان لە گوێ گرت و جێبەجێمان کرد.)**

دەزگای هەواڵگری CIA، مەلا مستەفای بە ناوی خۆیەوە بە نەخۆشخانەی مایۆ نەناساندبوو. پێیڕاگەیاندبوون میوانێکی تایبەتە و هەوڵی دەرمانکردنی بدەن. بارزانییش لەلایەن خۆیەوە هیچ زانیارییەکی بە دوکتۆرەکان نەدابوو، بەڵام هەریەک لە دوکتۆرەکانی ئەو نەخۆشخانەیە لە دوکتۆر "جێمز ڕۆی ماکفرسن" سەرۆکی نەخۆشخانە و دوکتۆر "کاڕ" و دوکتۆر "ئیگان" و ئەوانی تر بەگوێرەی ئەرکی پزیشکیی خۆیان کەمتەرخەمییان لە پشکنین و چارەسەریی بارزانیدا نەکرد. ئەوان بەرنامەیان بۆ بارزانی دانا کە لەگەڵ خواردنی دەرمانەکانی، ڕەچاوی ئەوە بکات کە هەموو مانگێ جارێک پشکنینی بۆ بکەن تا نەخۆشییەکەی سەرهەڵنەداتەوە. لە هەمانکاتدا دەزگای ساواک جەمشید ئەمانی ئاگادار کردەوە کە لەگەڵ بارزانی بگەڕێتەوە.

بەرلە گەڕاندنەوەی بارزانی بۆ ئێران، جۆزیف سیسکۆ سکرتێری هنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی بارزانی کرد و پێی گوت: کۆشکی سپی دەستی لە شانۆگەریی جەزائیردا نەبووە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ٢٤٨ی کتێبەکەیدا

"بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا ئاماژە بۆ وتەکانی سیسکۆ دەکات کە گوتوویەتی:

- (ژەنەڕاڵ، لێت ناشارمەوە تۆ بەرلەوەش کە لێرە بتبینیین، پایە و ڕێزێکی مەزنت لای ئێمە هەبوو. ئێستەش پاش ئەوەی پێت گەیشتین و لەگەڵت دانیشتین، قەدر و پایەت لامان دوو هێندە بووەوە، چونکە وامان لێ چاوەروان دەکردی داوای شتێکمان بۆخۆت لێ بکەی، کەچی بەپێچەوانەوە دیمان تەنیا داخوازییەکانی گەلەکەتمان لێ داوا دەکەی و هیچ بۆخۆت داوا ناکەی.)

بارزانی ئەو دیدارەی لەگەڵ سیسکۆ بەهەل زانی و ئەوەی لە دڵیدا بوو بۆی هەڵڕشت. پێی گوت: (هەرگیز باوەڕی بە شای ئێران نەبووە، بەڵام پێیوانەبوو کە ئەمریکا وا لە بزوتنەوەی کورد بکات.)

لە کۆتاییدا داوای لێکرد ئەمریکا کێشەی کورد و مەسەلەی کورد بکات بە سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا. دوکتۆر شەفیق قەزاز وەرگێڕی قسەکانی بارزانی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، لەم بارەیەوە گوتی:

- (لە ئەمریکا کەسێک هەبوو بەناوی "جۆزیف سیسکۆ" سکرتێری کیسنجەر بوو، لە دواکاتەکاندا هات بۆ لامان. من وتەکانم وەردەگێڕایەوە. بارزانی هەرچی لە دڵیدا بوو پێی گوت و ئەم جارە گوتی من حەزدەکەم پێی بڵێی ئێمە شکستمان خوارد، بەڵام داوا دەکەم ئەمریکا کێشەی کورد و مەسەلەی کورد بکات بە سیاسەتی حکومەتەکەی خۆی. مەلا مستەفا هەستی کردبوو ئێمە چ لەگەڵ ئەمریکا و چ لەگەڵ ئێران، لەگەڵ دەوڵەتدا کارمان نەکردوە، واتە ئەو ڕێککەوتنەی کە هەبوو لەسەردەمی نیکسۆن و کیسنجەر کە وەختی خۆی دوکتۆر مەحمود و کاک ئیدریسی

جوانەمەرگ چوون بۆ ئەمریکا، نارێکی تێداهەبوو، چونکە پێوەندییەکە لەگەڵ دەزگای هەواڵگری دامەزرابوو. لە ڕاستیدا ئێمە پشتگیری ئەمریکامان بەدەست هێنابوو، بەڵام پشتگیرییەکە لەگەڵ CIA بوو.)

مەسعود بارزانی، شەفیق قەزاز و عەلی خەلیل خۆشەوی دەیانەویست لە جیاتی گەڕاندنەوەی بارزانی بۆ ئێران، ئەو ببەن بۆ یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپایی تا بە بەردەوامی لەژێر چاودێریی دوکتۆرەکاندا بێت، بەڵام لەو سەردەمەدا هیچکام لە وڵاتانی ئەوروپا ئامادە نەبوون بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێران و عێراق لە مەترسی هاوێن، ئەوە بوو کە بە ناچار ڕۆژی ١٩٧٥/١١/١٠ بارزانییان گەڕاندەوە بۆ ئێران. لەم بارەیەوە دوکتۆر شەفیق قەزاز لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە ڕۆژی ٢٠١٤/٢/٦ لە سویدەوە پێوەندیم پێیەوە کرد، گوتی:

- (مەلا مستەفا بانگی منی کرد و گوتی داوایان کردوە من و تۆ بگەڕێینەوە و گوتویانە تۆ بەتایبەتی لەگەڵ من بگەڕێیتەوە. دیارە ئێمە لەسەر ئیزنی شا و هاودەنگیی ئەمریکا و بەڵێنی گەڕانەوەمان بۆ ئێران چووبووین. هەرچەندە لەسەر ویستی کاک ئیدریس دەبووایە من لە ئەمریکاوە بچم بۆ لەندەن و لەگەڵ ژمارەیەک کادیری تر کە ڕەوانەی دەرەوە کرابوون بۆ زیندوو کردنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی کار بکەین.)

کاتی گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئێران، دۆخی تەندروستی باشبوو، بەڵام کاتێک شێخ بابۆی برای لە ١٩٧٥/١٢/١٥ کۆچی دوایی کرد، سەرلەنوێ پشت و سنگی دەستیان بە ئازار کردەوە. بەم بۆنەیەوە

ویستیان بیگەڕێننەوە بۆ ئەمریکا، بەڵام هەردوو دەزگای هەواڵگریی ساواک و CIA دژی گەڕاندنەوەی بارزانی ڕاوەستان.
بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو بڕیارەی ئێران و ئەمریکا، داوایان لە محەمەد سەعید دۆسکی کرد کە پێوەندیی بە دوکتۆر جێمز ڕۆی ماکفرسن سەرۆکی نەخۆشخانە مایۆوە بگرێت، تا بەڵکوو بۆ گەڕاندنەوەی بارزانی بۆ ئەمریکا یارمەتی بکات. ناوبراو بە ئاگاداربوون لەو هەڵوێستەی ئەمریکا، دەستبەجێ نامەیەک بۆ بەرپرسانی ئەمریکی دەنوسێ و داوا دەکات بارزانی بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی بگەڕێتەوە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.
محەمەد سەعید دۆسکی دیپلۆماتێکی کورد بوو، لە سەردەمی حوکمی پاشایەتییەوە تا ساڵی ١٩٧١ دیپلۆماتی عێراق بوو لە ئەمریکا. لەو ساڵەدا فەرمانێک لە عێراق دەرچوو بۆ ئەو ئەندامانەی سوپا و دیپلۆماتانەی کە هاوسەرەکانیان لە ڕەگەزی بێگانە بوون کە یان لە هاوسەرەکانیان جیابنەوە یان کارەکەیان بەجێبهێڵن. هاوسەری دۆسکی عەرەبی لوبنان و لەدایکبووی ئەمریکا بوو. دەکرا وەک ژمارەیەک لە هاوکێشەکانی بە عەرەبی بناسن، بەڵام تەنیا بەهۆی کورد بوونییەوە، پۆستەکەیان لێ ستاندەوە. ئەو دۆست و لایەنگری بارزانی و شۆڕشی کورد بوو.

دۆسکی بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی دوکتۆر ماکفرسن، پێوەندی بەو دۆستانەیەوە گرت کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر کۆڕ و کۆمەڵە ڕەسمییەکانی ئەمریکا، وەک جۆرج مینیی سەرۆکی سندیکای کرێکارانی ئەمریکا کە خاوەن دەسەڵاتێکی بەرین بوو، سناتۆر "هنری جاکسن"، سناتۆر "دیک ستۆن" و ژمارەیەک ڕۆژنامەنوسی وەک "ویلیام سافایر". هەرکام لەو کەسایەتیانە بە ڕێگای

خۆیانەوە گوشاریان خستە سەر کاربەدەستانی ئەمریکا و هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر ڕێ لە گەڕانەوە و چارەسەریی نەخۆشییەکەی بارزانی بگرن، هەڵوێستی دژ بە مرۆڤایەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ڕای گشتی جیهان ڕادەگەیەنن.

لە ئەنجامی ئەو گوشار هێنانەدا کیسنجەر و شای ئێران ناچاربوون بەو مەرجە کە بارزانی هیچ دیدارێکی ڕۆژنامەنوسی ناکات و تەنیا مەبەستی چارەسەریی نەخۆشییەکەی بێ، ڕێگای گەڕانەوەی پێدەدەن. بەو مەرجەوە، شا ئیزنی بە بارزانیدا بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا. لەو سەفەرەدا ساواک سەرهەنگ جەمال مبینی لەگەڵ بارزانی خست تا هاتوچۆیەکانی کۆنترۆڵ بکات. لەلای خۆشییەوە، مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی و دوکتۆر نەجمەدین کەریم بارزانییان هاوڕێی کرد و ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩ لە تارانەوە چوون بۆ واشنتۆن. ڕێزدار محەمەد سەعید دۆسکی و ژمارەیەک لە دۆستان پێشوازییان لە بارزانی و میوانەکان کرد. ئەمریکا ئیزنیدا دۆسکی لەلای بارزانی بمێنێتەوە. دەربارەی ئەم سەردانەی بارزانی بۆ ئەمریکا و ڕۆڵی سەرهەنگی ساواک جەمال موبینی پرسیارم لە موحسین دزەیی کرد، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، گوتی:




- (ئێمە لە نیویۆرکەوە یەکسەر چووین بۆ ڕۆچستەر کە مایۆ کلینیکی لێبوو. حەوتوویەک لە هۆتێل کاکلر Kakllir ماینەوە و دوای کۆتاییهاتنی پشکنینەکانی بارزانی، چووین بۆ کالیفورنیا

و حەوتویەکیش لەوێ بووین و دواتر گەڕاینەوە بۆ واشنتۆن. دوای گەڕانەوەی جەمال موبینی بۆ ئێران ماڵێکمان بەکرێ گرت و لەوێ ماینەوە. جەمال موبینی ئەفسەرێکی ساواک بوو، ناردبوویان ئێمە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام زمانی ئینگلیزیی نەدەزانی کە بتوانێ ئێمە کۆنترۆڵ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی باشبوو و دەستی لە کاروباری ئێمە وەرنەدەدا.)

هەروەها سەبارەت بە گەڕاندنەوەی بارزانی بۆ ئەمریکا، دوکتۆر شەفیق قەزاز لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا کە ڕۆژی ٢٠١٤/٢/٦ لە سویدەوە پێوەندیم پێیەوە کرد، گوتی: (بۆ جاری دووهەم کە بارزانی دەگەڕایەوە بۆ ئەمریکا، کاک ئیدریس بەمنی گوت: مەلا مستەفا دەگەڕێتەوە و حەز دەکات تۆ لەگەڵی بچی. گوتم بۆمن جێی شانازییە کە لە خزمەت بارزانیدا بم، بەڵام چوونکە خەریکی ناردنی پەنابەرانی کورد بووم بۆ دەرەوە و لەگەڵ UN کارم دەکرد، کاک موحسین لەگەڵ بارزانی چوو.)

## سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان

پێشتر گوتم بەچوونی مەسعود بارزانی بۆ ئەمریکا بۆلای باوکی لە ١٩٧٥/٩/١٠دا، ئیدریس بارزانی جێی ئەوی گرتەوە. ناوبراو لەکاتێکدا بەتوندی لەژێر چاودێری ساواکدا بوو، بە هاوکاریی جەوهەر نامیق سالم، عارف تەیفور، کەریم سنجاری، محەمەد ڕەزا و بەشێک لە کادیر و پێشمەرگە و فەرماندەکانی پارتی دیموکرات، لەژێر گوشاری ساواکدا بە نهێنی شۆڕشیان وەگەڕخستەوە. دەربارەی گوشاری ساواک بۆ سەر ئیدریس بارزانی، قادر مەلۆ مستەفا دۆڵەمەری یەکێک لە پاسەوانەکانی هاوڕێی ئیدریس بارزانی دەڵێت: (لە سەردەمی شای ئێراندا کە کاک ئیدریس لە ماڵ دەچووەدەر، بە هیوای



گەڕانەوە نەبوو. خۆی و میوانەکانی و تەنانەت ئەو پێشمەرگانەش کە لە ماڵی ئەودا بوون، لە مەترسیدا بوون. من ئەوکاتە ماڵم لە تاران بوو، دەبووایە ئیزن وەرگرم کە بچم سەردانی کاک ئیدریس بکەم لە ڕاستیدا کە دەهاتم لە گرتن دەترسام و هیوام بە گەڕانەوە نەبوو.)

ئەوە بەتەنیا قادر مەلۆ نییە کە بەم جۆرە سەبارەت بە ژیانی نائەمن و پڕلە مەترسیی ئیدریس بارزانی دەدوێت، بەڵکوو دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی و بگرە هەموو ئەو کادیر و پێشمەرگانەی کە لە

کاک ئیدریس نزیکبوون و من لەگەڵیان دوواوم، هەر بەم جۆرە باس لە گوشاری ڕژێمی پەهلەوی بۆسەر ئیدریس و مەسعود بارزانی و کادیرە باڵاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن. ئامانجی دوژمن لەو گوشارهێنانە، ئەوە بووە کە ئەوان گۆشەگیر بکەن و نەهێڵن شۆڕشی کوردستان زیندوو بکەنەوە، بەڵام هەوڵەکەیان پێچەوانەی لێکەوتەوە و ئەوان بە هاوکاریی بەشێک لە کادیر و پێشمەرگە و فەرماندە لەخۆبردووەکانی پارتی دیموکرات ئەو ئاواتەی ڕژێمەکانی ئێران و عێراقیان لە گۆڕنا. لەم بارەیەوە مستەفا ساڵح عەبدوڵا نێروەیی دەڵێت:

- (کاتێک مەلا مستەفا بەهۆی نەخۆشی چوو بۆ ئەمریکا و کاک مەسعودیش لە ئەمریکا بوو، ئیدریس لەناو جەوی توندو تیژی ئەمنیەتیی ساواکی ئێراندا، لەلایەک قیادەی موەقەتی بەڕێوەدەبرد و لە لایەکی تردا لەناو میللەتدا بوو.) هەرلەم بارەیەوە یاسین تەها مەولود دەڵێت:



- (کە قیادە موەقەت پێکهات، کاک ئیدریس شەوێک هاتە ماڵی مولازم یونس ڕۆژبەیانی، عەلی عەتا خانەقینی، شێخ جەعفەر بەرزنجی کە دواتر لە بەفردا شەهید بوو، حوسێن عەلی و عەبدوڵا قادر ڕۆژبەیانی لەوێ بوون. کاک ئیدریس بەنهێنی هاتبوو کە ئێمە بەرێ بکاتەوە بۆ باشوری کوردستان و گوتی: "من بەنهێنی هاتووم. ئێران،

عێراق، تورکیا و سوریا دوژمنی ئێوەن. برسی و تونی دەبن و ڕەنگە بتانگرن، بەڵام ئێوە نابێ بگەڕێنەوە، نابێ خەڵک ئازار بدەن و دەبێ خزمەتیان بکەن، ئەگەر ناتانەوێ بچن، خۆتان بڕیار بدەن، بەڵام کە چوون نابێ بگەڕێنەوە، چونکە ئەگەر ئێران بتانگرێ، من ناتوانم بەرگریتان لێ بکەم. گوتی ئەگەر قبووڵتانە بچن، کە ئێمە هەموومان قبووڵمان کرد و گەڕاینەوە بۆ باشور و لە مەفرەزەی گەڕۆک و زەبروەشێندا جێمان گرت.)

هەروەها حەمید شەریف موسا لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:



- (٥- ٦ مانگ بەرلە شۆڕشی گوڵان ئێمە دەستمان کردبوو بە ئامادەکاری بۆ شۆڕش. ئەرکی ئێمە ئەوە بوو بگەڕێینەوە ناوچەکەمان و دۆست و هەڤاڵانمان کۆبکەینەوە و خەڵک هوشیار بکەینەوە و بەیاننامەکانی حیزب لە ناوچەکەماندا بڵاوبکەینەوە. ئەندامانی پارتیمان ئاگادار کردەوە و ناوی پێشمەرگەمان نوسی. بە دوای ئەوەدا من ڕۆژی ١٩٧٦/٥/٢٤ لەگەڵ ٢٥ پێشمەرگە گەڕامەوە بۆ ناوچەی زاخۆ. جەوهەر نامیق سالم و کەریم سنجاری بەرپرسەکانی ئێمە بوون و جەوهەر نامیق بەرپرسی یەکەم بوو. دیارە ناوچەکانی تریش بەرپرس و پێشمەرگەیان بۆ دیاریی کرابوو و بەشێک لەوان لەژێر بەرپرسایەتی کەمال کەرکوکیدا گەڕانەوە بۆ ناوچەی سۆران.

حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" کە لە ساڵی ١٩٧٩ و کۆنگرەی ٩ی پارتی دیموکراتەوە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکرات و دواتریش وەزیری پێشمەرگەی کوردستان بووە، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، زانیاریی پتر دەدرکێنێت و دەڵێت:

- (دوای ڕاوەستانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ و چوونمان بۆ ئێران، من لە کرمان نیشتەجێ کرام. ساڵی ١٩٧٧، کاک ئیدریس بە دوای من و چەند بەرپرسی سەربازیدا نارد کە زۆر بەنهێنی بچینەلای. من لەگەڵ عەریف یاسین، مستەفا نێروەیی، نادر هەورامی، ملازم یونس ڕۆژبەیانی و مەلا ئەمین حاجی هۆستانی بە خزمەت کاک ئیدریس گەیشتین. ئەو هەرکام لە ئێمەی لەگەڵ ٥- ٦ پێشمەرگە بەنهێنی گەڕاندەوە بۆ کوردستان: من بۆ ناوچەی برادۆست، واتە لە ناوچەی بارزانەوە تا ناوچەی باڵەک. ملازم یونس و مەلا ئەمین بۆ ناوچەی بارزان تا دەگاتە سنوری تورکیا و عێراق. نادر




هەورامی بۆ ناوچەی سلێمانی و هەورامان. مستەفا نێروەیی بۆ ناوچەی نێروە و عەریف یاسین بۆ ناوچەی دۆسکی تا دەگاتە سنوری تورکیا و عێراق. لە ماوەی ٦- ٧ مانگدا ئێمە لە چیاکانی کوردستان توانیمان جێی خۆمان بکەینەوە و بەرە بەرە دەستمان کرد بە شەڕی پارتیزانی و لە سلێمانییەوە تا دۆسکی و نێروە و ڕێکانی و ...تد، سەرکەوتنی باشمان بەدەست خست. دوای ئاڵۆزبوونی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨دا، بواری باشتر بۆ ئێمە ڕەخسا. کاک ئیدریس و سەرکردایەتی کاتی پارتی توانیان لە کەرەجەوە بێن بۆ ناوچەی ورمێ و لە ڕاژان و سلێڤانا مقەڕ دانێن. بە نزیکبوونەوەی سەرکردایەتی پارتی لە سنوری عێراق، لە هەموو لایەکەوە پێشمەرگە لێمان کۆبوونەوە ئیتر بزاڤەکەمان بە دژی حکومەتی عێراق، حاڵەتی ئاشکرای بەخۆیەوە گرت.)

بەو جۆرە دوژمن نەیتوانی کورد لە بێدەنگیدا ڕابگرێ و سەرکردە، کادیر، پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕشی ئەیلول بگێڕێتەوە بۆ عێراق. هەرچەندە ژمارەیەکی کەم فریوی دوژمنیان خوارد، یان بەهۆی جۆراوجۆر گەڕانەوە بۆ عێراق، بەڵام زۆربەی خەباتکاران پاش حەسانەوەیەکی کورت، لە مانگی گوڵانی ١٩٧٦دا گەڕانەوە مەیدانی خەباتی چەکدارانە و لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵاندا، ئاوات و ئارەزووەکانی دوژمنیان گۆڕ کرد.

شەوی ٢٥- ١٩٧٦/٥/٢٦، بیست و چوار پێشمەرگە لە مەفرەزەیەکدا بە فەرماندەیی سەید عەبدوڵا حاجی ئۆمەرانی لە پێگەی "گردی سەڵاواتان" لە ناوچەی حاجی ئۆمەران بەشوێن دوژمنەوە بوون کە خۆیان لە کەمینی دوژمن کەوتن و لە ئاکامدا سەید عەبدوڵا فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە و دوو پێشمەرگە بەناوەکانی نەبی محەمەد موراد و عەلی عەبدڵا برایم بریندار بوون و دواتر سەید عەبدوڵا بەهۆی سەخت بوونی برینەکەی شەهید بوو.

## کۆمیتەیەکی نوێ بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری پەنابەران

لە بەشی "کشانەوە بۆ ئێران و بەرپرسایەتی نوێی ئیدریس بارزانی"دا گوتم: ئیدریس بارزانی کرا بە بەرپرسی کاروباری پەنابەران و ئەویش بە هاوکاریی شەمسەدین موفتی و ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی "شێروخورشید" و دەزگا پێوەندییدارەکانی ڕژێمی ئێران، کاروبار و گرفت و داخوازیی پەنابەرەکانی چارەسەر دەکرد. دوای دوورکەوتنەوەی بەشێک لەو پەنابەرانە لە ئۆردووگاکان، کاک ئیدریس ناچار بوو لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٧٧دا، کۆمیتەیەکی نوێ بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری پەنابەرانی کوردی باشور لە ئێران پێکبێنێت.

ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە: عەبدولوەهاب ئەتروشی، محەمەد ئەمین بەگ، ڕەشید سندی و عەبدوڵا ئاغای پشدەری. ئەو کۆمیتەیە لەژێر چاودێریی کاک ئیدریس دا بە کاروباری پەنابەران ڕادەگەیشت و لە بوارەکانی: گواستنەوەی پەنابەران لەنێوان شارەکاندا، دۆزینەوەی کار و هەوڵدان بۆ دابینکردنی ژیانێکی باش بۆیان، کارئاسانی بۆ پەنابەرەکان دەکرد. ئەو کۆمیتەیە بەهۆی گەڕانەوەی عەبدولوەهاب ئەتروشی و ڕەشید سندی بۆ عێراق هەڵوەشا. لەم بارەیەوە عەبدوڵا ئاغای پشدەری لە لاپەڕەی ٤٣- ٤٤ی بەرگی سێیەمی کتێبەکەیدا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، دەڵێت:

- (کاک ئیدریس پێی وتین ئێوە خۆتان دەزانن بارودۆخی ئێران ئاڵۆز و نادیارە و نازانین کەوا دوارۆژی ئێمە لەو وڵاتەدا بەچی دەگات وە من حەز دەکەم کەوا بچمە ئەمریکا بۆ سەردانی "بابە" واتە سەرۆک بارزانی ئینجا بە پێویستی دەزانم ئێوە ئەو چەند کەسەتان وەکو لیژنەیەک لە جێگای من ئیش بکەن وە هەرچی

خۆتان بەپێویستی دەزانن بۆ پێوەندی کردن لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا هەڵبستن وە دەربارەی




خەرج کردنی پارەش بۆ پێشمەرگە و پەناهەنـــدەی هەژار و نەدار ئەوانەی کەوا لە شـــارەکانی دەرەوە دێن وە دەزانن کەوا باری گوزەرانیـــان زۆر خـراپە ئەوا بە عبدالمهیمن بـارزانی ڕادەسپێرم کەوا خۆی بەپێی فەرمانی ئێوە پارە خەرج بکات واتە ئێوە ئەو چوارەتـــان دەبــنە لێپرســراوی سیاسی و ئیداری لە جیاتی من و ئەگەر زانیتان گیروگرفتێکتان هاتەڕێ ئەوا بچنە لای سەردار جاف تاکو هاوکاریتان بکات لە لای کاربەدەستانی بەرزی "میری" چونکە ئەو زۆر تێکەڵاوە لەگەڵیاندا و زۆر قسەی ئەڕوات منیش دیتم هیچ یەک لە برادەران قسەی نەکرد و دیار بوو ڕازی بوون منیش ڕوم کردە کاک ئیدریس خوالێی خۆش بێت وتم وادیارە ئێمە چاوساغێکمان گەرەکە بۆ ئەوەی دەستمان بکێشێت بۆ ئیش و کار ئینجا ئەگەر وایە تۆ بۆچی هەر سەردار جاف ناکەیتە سەرۆکی لیژنەکە؟ وتم من هەر لە ئێستەوە بەشداری ئەو لیژنە ناکەم چونکە زۆر شەرم لە خۆم دەکەمەوە بە نوێنەرایەتی وەکالەتی جەنابت کوڕی سەرۆک بارزانی ئیش بکەم و ئەوەندە توانایەشم نەبێت کەوا بە دەوری خۆم هەڵبستم وە بە ناچاری بڕۆمە لای سەردار جاف تاکو چارەسەری کێشەکانمان بکات. ئیتر من تکام وایە لە جیاتی من یەکێکی تر دامەزرێنی لەو لیژنەیەدا. ئەویش

وتی باشە مادام تۆ ئەوەندە باوەڕ و متمانەت بەخۆت هەیە زۆر باشە و من موافیقم.)

ڕژێمی ئێران ڕێگای بە ئیدریس بارزانی نەدا، بچێت بۆ ئەمریکا و سەردانی باوکی بکات. سەرئەنجام بواری ئەمنی ئێران ئاڵۆز بوو و ئیدریس لە ئۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"ی ساڵی ١٩٧٨دا توانی بچێ بۆ ئەمریکا. بەرلە چوونی، کۆمیتەیەکی پەنابەرانی لە دوکتۆر شەوکەت یەعقوب بازید بامەڕنی، سەرباز هەورامی و عوسمان قازی پێکهێنا کە بە هاوکاریی دەزگاکانی پێوەندیداری کۆماری ئیسلامی بە کاروباری پەنابەران ڕابگەن. دیارە بەرلە پێکهاتنی ئەو کۆمیتەیە، دوکتۆر شەفق بەرپرس کرابوو کە بە هاوکاریی خاچی سوری نێودەوڵەتی و ئێران، هاوکاری ئەو ژمارە پەنابەرانە بکات کە بۆ دەرەوەی وڵات ناونوس کرابوون. لەم بارەیەوە دوکتۆر شەوکەت دەڵێت:



- (ساڵی ١٩٧٥ وەک پەنابەر لە کۆمەڵگای "ڕەبەت" لە ناوچەی سەردەشت بووم. دواتر بۆ ماوەیەک لە بنکەی دامپزیشکی نەغەدە کارم کرد. بە گۆڕانی سیاسەتی ڕژێمی شا سەبارەت بە پەنابەرانی کوردی باشور، بۆ قەزوین دوور خرامەوە و لە بنکەی دامپزیشکی قەزوێن بووم و دواتریش تا ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، لە بنکەی کشت و سەنعەتی برایانی جاف "سالار و سەردار" کارم کرد. ساڵی ١٩٧٩ لەسەر داوای ئیدریس

بارزانی بۆ بەشی پەنابەرانی کوردی باشور گواسترامەوە و بۆ ئەو مەبەستە چوومە کەرەج و لەسەر ئەمری ئیدریس بارزانی، بەرپرس بووم لە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتی ئاوارەکانی باشوری کوردستان کە هاتبوونە ئێران. بەم بۆنەیەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی ئیشم کرد و دەبێ بڵێم ئیدریس سەرکردەیەکی زۆر بە ئەزمون و نەرم و ئیشکەر بوو. ئەوکاتانەی کە خەڵکێکی زۆر دەهاتنەلای و هەرکامەیان کێشە و گرفتێکیان هەبوو، پێمدەگوت ئیزن بدە من لەگەڵ بەشێکیان قسە بکەم، بەڵام ئەو دەیگوت: "نا دوکتۆر وازیان لێبێنە، چونکە ئەگەر من لەگەڵیان دانیشم و تەنانەت گرفتەکەشیان چارەسەر نەکەم، بە دیتنی من سوکناییان دێتێ و مورتاح دەبن، ئەوانە هەموویان بۆ کورد ئاوارە بوون و زەحمەتی زۆریان کێشاوە." دوکتۆر شەوکەت لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت:

- ڕۆژی وا هەبوو، کاک ئیدریس ٣٠- ٤٠ کەسی لە کەرەج دەبینی و لەگەڵیان دادەنیشت، گوێی بۆ قسەکانیان ڕادەگرت و بە بەردەوامی ئێمەی دەنارده ئیدارەکانی حکومەتی ئێران تا کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکەین. کەسێکی زۆر هێمن و بەسەبر و تەحەمول بوو، قەت توڕە نەدەبوو. من نزیکەی ١٢ ساڵ ئیشم لەگەڵ کرد، زۆر کار هەبوو کە من دەمتوانی بۆ پەنابەرانی ئەنجام بدەم، بەڵام ئەو دەیگوت: "پێمخۆشە خۆم کارەکانیان بۆ بکەم." لەگەڵ خەڵک نەرم و لەسەرەخۆ بوو، سۆزێکی زۆری بۆ ئیشی خەڵک هەبوو، لە بواری کوردایەتییەوە، مێژووی ڕوونی هەیە، زۆری زەحمەت دەکێشا و زۆر بە ئیمان و ئیشکەر و کراوە بوو. ئەم وانەیەی لە مەلا مستەفا وەرگرتبوو کە خزمەتکاری خەڵک و نەتەوەکەی بێت و بەبێ پشودان و سڵکردن کاریان بۆ بکات. هەندێک جار دوو سێ قەڵەمی لە گیرفاندا بوو، ڕۆژێک

پرسیم، بۆچی ئەو هەموو قەڵەمە لە گیرفان دەخەی؟ گوتی: "بۆ ئەوەی کە ئەگەر یەکێک لەوانە ئیشی نەکرد، بەویتر ئیش بکەم و لە کاتی نوسیندا بەشوێن پەیداکردنی قەڵەم نەکەوم." دوکتۆر شەوکەت لە کۆتایی وتەکانیدا دەڵێت:

- (بیرەوەری زۆرم لە خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی هەیە، هەرلە دیدارەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی تا دەگاتە پێوەندیی لەگەڵ ئاوارەکان. زیاتر لە ٣٠ نامەی ئەوم لایە کە سەبارەت بە کاری پەنابەران بۆ منی نوسیوە. ئەو بۆ چارەسەر کردنی کێشەی پەنابەران، زۆر قایم و جیددی لەگەڵ بەرپرسانی ئێران دەجولایەوە. زۆرجار بەمنی دەگوت کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەوانە هوشیاربە کە قسەیەکت کرد، لە قسەی خۆت پەشیمان نەبیەوە، زۆر خاوەن ڕەئی بوو، بەڵام ئەگەر ڕووبەڕووی موشکلەیەکی گرنگ دەبۆوە، پێوەندی بە قیادەی حیزبەوە دەگرت و بۆ چارەسەرکردنی بڕیاری بۆ وەردەگرت و لەسەر ڕەئی خۆی پێی دانەدەگرت.)

## ئیدریس بارزانی پێشمەرگەیەکی سادە و سەرکردەیەکی بەوەفا

ئیدریس بارزانی پێشمەرگەیەکی سادە و سەرکردەیەکی دڵسۆزو بەوەفا بوو. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا خۆی لە پێشمەرگەکان جیانەکردەوە. لە مەیدانەکانی شەڕ و لەکاتی تەنگانە و پێویستدا هاوسەنگەر و هەڤاڵی پێشمەرگەکان بوو. بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی، بە ڕووخۆشی و قسەی خۆش، بە ڕاستگۆیی و وەفا بە بەڵێنەکانی لە دڵی پێشمەرگە هاوڕێکانیدا جێی خۆی کردبۆوە. لەلای پێشمەرگەکان نەرم و نیان و لەلای دوژمن سەرسەخت و کۆڵنەدەر بوو. لەم بارەیەوە



محەمەد عەلی یونس تۆوی بامەڕنی نوسەر و کارگێڕی ئیداریی لەشکری یەکی هێزی ئامێدیی لە ساڵی ١٩٦٥ کە فەرماندەکەی ئەسعەد خۆشەوی بووە، دەڵێت:

- (جارێک من نەخۆش بووم، ئەسعەد خۆشەوی ئیزنی بۆم وەرگرت بچم بۆ تاران. کە شەڕی جولەکە و عەرەبان بوو، لە بامەڕنییەوە چووم بۆ قەسرێ، کاک ئیدریس لەوێ بوو، خواحافیزیم لێکرد و لەگەڵ خێزانم چووم بۆ ئێران. نزیکەی دوو مانگ لەوێ بووم، لە نەخۆشخانەی تاران چاوم بە پێشمەرگەیەکی هاوڕێم کەوت کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتبوو. پێشتر لە زیندانی موسڵ پێکەوە بووین. ئەو ساڵی ١٩٦٥ لە هێزی عیسا سوار

لە ناوچەی زێوکە بریندار ببوو و هەردوو قاچی مردبوو. گوتی: "ئەگەر گەڕایەوە وەزعی من بە ئیدریس ڕابگەیەنە." لە گەڕانەوەدا چووم بۆلای کاک ئیدریس کە لەگەڵ سوپاس کردنم، وەزعی ئەو پێشمەرگەیەشی پێڕابگەیەنم. شەمسەدین موفتی لەوێ بوو. ئەو نوێنەری بارزانی بوو لە تاران، بەڵام کاتێک من چووم، ئەوم لە تاران نەبینی، کە هاتمەوە لەلای کاک ئیدریس بوو. باسی پێشمەرگە بریندارەکەم بۆ کاک ئیدریس کرد، زۆر ناڕەحەت بوو، گوتی: "چۆن بەبێ عیلاج لەوێ خستویانە. وەعد بێت بە زووترین کات پێوەندی پێوە دەگرم." دوای ماوەیەک پێشمەرگە بریندارەکە گەڕایەوە و دوو سێ ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد. لە هاتنەوەیدا



سوپاسی منی کرد و گوتی "کاک ئیدریس پێوەندی پێوە کردم و بە هەوڵی زۆری ئەو عیلاجم بۆ کرا." بە ڕاستی کاک ئیدریس سەرکردەیەکی بە بەڵێن و نەرم و بە کردەوە بوو.)

مستەفا ساڵح عەبدوڵا نێروەیی دەڵێت: (کاتێک بارزانی ساڵی ١٩٦١ هات بۆ ناوچەکەمان، ئێمە نزیکەی ٣٠٠ کەس ژن و منداڵەکانمان بەجێهێشت و لەگەڵ ساڵح عەبدوڵا لە گوندی دزگە، قاهیر محەمەد لە گوندی نێروە، محەمەد تاهیر ڕەشید لە گوندی بێزنوور و نەزمی سەعدوڵا ئەحمەد لە گوندی نێروە کە سەرۆکی هەموو عەشیرەتەکەمان بوو لەگەڵ بارزانی کەوتین. ئیدریس بارزانی ١٩٦٣ هاتە لای ئێمە. بە تێکەڵاو بوونی ئەو، لەگەڵ

شۆڕش خەڵکێکی زۆر خۆشحاڵ بوون و هاتنی خۆشییەک بوو بۆ بارزانییش، چونکە هەستان و دانیشتن و هەڵسوکەوتی زۆر لە بارزانی دەچوو. پیاوێکی زۆر بە کردەوە بوو، لەبەر ئەوە بارزانی بەشێکی زۆر لە کارەکانی بەو دەسپارد. کاک ئیدریس خەڵکی دەبینی و سەرپەرشتی هێزەکانی پێشمەرگەی دەکرد. لە شەڕی هەندرێندا، هەرچەندە بارزانی خۆی سەرپەرشتیی شەڕەکانی دەکرد، بەڵام ئیدریس ڕاستەوخۆ لەوێ بوو تا شەڕەکە سەرکەوت. هەموو کارەکانی مەلا مستەفا لە دەست ئیدریسدا بوو. سەلاحیەتێکی پان و بەرینی هەبوو، مرۆڤێکی باوەڕپێکراو بوو، خەڵکی دەناسی و دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک بکات. لە ساڵی ١٩٦٤وە چ ئەوکاتەی سەرقۆڵ بووم و چ ئەوکاتەش کە ئامر بەتالیۆن بووم، من بەتایبەتی پێوەندیم بە کاک ئیدریسەوە هەبوو و ئەو ئیشەکانی ڕادەپەڕاندم. لە کۆڕەک، گەرووی عەمەر ئاغای، زۆسکێ و هەندرێن کە حکومەت دەیویست جادەی حاجی ئۆمەران بگرێ، ئیدریس لەوێ بوو و فەرماندەیی دەکرد. بە شەو و ڕۆژ لە بەشی سەربازیی و ئیدارییدا کاری دەکرد و ڕاوەستانی نەبوو، پیاوێکی مەیدانیی و ئازا بوو. کاتێک خەڵک لە ئێران ئاوارە بوون، ئیدریس بەڕێوەبەری کاری پەنابەران بوو. دیارە دوکتۆر شەوکەت هاوکاریی دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بۆخۆی تەنانەت کاری نەخۆشەکان و کێشەکانیانی لەگەڵ دەزگاکانی ئێران بەڕێوەدەبرد تا ئەوانەش کە سەفەری دەرەوەیان دەکرد. تەنانەت کێشە و گرفتی منداڵەکانیشان بەهۆی ئیدریسەوە چارەسەر دەکرا.)

بەدرۆ لەشکەری حوسێن بەشداریی کردوە لە شۆڕشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان و کۆماری کوردستاندا و لەگەڵ بارزانی چووەتە ڕوسیا و دوای گەڕانەوەی لە بەغدا کێشکچی ماڵی بارزانی بووە. کە بارزانی ساڵی ١٩٦١ گەڕایەوە بۆ بارزان، بەدرۆش هاتۆتەوە و دەڵێت هاوینان لەگەڵ ماڵی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا دەچووم



بۆ هەوارگەی "چاروێ" لە چیای شیرین. مام بەدرۆ بەشداریی چەندان شەڕی کردوە و سەبارەت بە ئیدریس بارزانی دەڵێت:

- (کاک ئیدیس بەردەستی مەلا مستەفا بوو و ئیشەکانی ئەوی ڕادەپەڕاند. دوای ڕاوەستانی شۆڕش ئێمە لە زێوە بووین. من ژنم نەبوو و داوام لە محەمەد عەلی چیچۆ "حەمۆ" کرد کچەکەی بدات بەمن کە ئەو ڕازی بوو، بەڵام کاک ئیدریس ڕازی نەبوو. گوتی: (ئەو کچە بۆتۆ نابێت و زۆر گچکەیە و ئەگەر دواڕۆژ بە تۆ ڕازی نەبێ کێشە بۆخۆت و بۆ ئێمە دروست دەبێ.) منیش گوتم خودا داویە و بە ئێوە هەڵناوەشێتەوە. ئیدریس گوتی: (ئەگەر خودا بیدات، منیش ڕازیم.) گازی کیژەکەی کرد و لێی پرسی و ئەویش گوتی دەیکەم.

بەم جۆرە ئیدریس ڕازی بوو. دوای نزیکەی ساڵێک لە پاسەوانەکانی پرسی بوو کە ئەو ژنە چی لێهات و دەترسم پێکەوە نەگونجن. ئامین کە لە ماڵی کاک ئیدریس کاری دەکرد، پێی دەڵێ زۆری نەماوە مناڵیان بێ. ئیدریس گوتی: (ئەگەر بەدرۆ کوڕی بێت،

من گایەک دەکەمە خێر)، بەڵام عومری کاک ئیدریس بڕی نەکرد کە کوڕەکەمان ببینی و کوڕمان بوو. سیدات، دڵشاد و مەسرور ناویان نا "سەرکەوت".

کوردستان خانی هاوسەری بەدرۆ چوار کوڕ و کچێکی هەیە، سەرکەوتی کوڕی خاوەن خێزان و منداڵە. بەدرۆ ٨٣ ساڵ تەمەنیەتی و کوردستان ٤٥ ساڵ و ژیانێکی خۆشیان لە گۆڕەتوو ناوەندی ناحیەی مێرگەسور هەیە.) کاک بەدرۆ ساڵی ٢٠٠٧ بەهۆی چاوئێشەوە چوو بۆلای دوکتۆر وعەمەلیاتی چاویان بۆ کرد و لەجیاتی ئەوە کە چاوی چاک بکاتەوە، چاوی ڕاستەیان کوێر کرد.



حەسەن عەبدوڵا کەشار دەڵێت: (هەر کەسێک بە هەر نییەتێکەوە چاوی بە بارزانی دەکەوت، دڵی لە هەموو کینە و نارەحەتییەک پاک دەبووە و ئیدریسیش هەر بەو جۆرە ئەو حاڵەتەی لە مەلا مستەفاوە پێگەیشتبوو. لە ئێران مەلا مستەفا بەهۆی نەخۆشییەوە، ئێمەی هیوابڕ کردبوو، لەبەر ئەوە هەموو ئومێدی ئێمە ئیدریس بوو، ئەو کەسێکی مەیدانی بوو، لەگەڵ خەم و شادی ئێمەدا دەژیا. وشەیەکی لەسەر زار بوو، دەیگوت ئەگەر کورد یەک نەبێ، سەرناکەوێ، لەبەر ئەوە زۆری حەز لە یەکێتی کوردان دەکرد.

هەرکە کاغەزێک بۆ مەلا مستەفا دەهات، ئیدریس دەیخوێندەوە و بە ئامۆژگاریی مەلا مستەفا وەڵامی کاغەزەکانی دەدایەوە. ئیدریس زۆر موتیعی باوکی بوو و قەت لە قسەی دەرنەدەچوو. لە

دیلمانەوە من لەگەڵ ئیدریس بووم. زۆری حەز لە سەبیلە کێشان بوو.)

هەروەها کەمال محەمەد ئەمین مەحمود دەڵێت: (کاک ئیدریس هەروەک مەلا مستەفا لە ژیانیدا هەتا پێشمەرگەکان نانیان نەخواردبایە، نانی نەدەخوارد. خۆی بەشداریی شەڕی دەکرد و زۆر ئازا بوو. خۆشەویستیی خۆی لە دڵی هەموو کەسدا چاندبوو، قەت لەبیرم ناچێ کە کۆچی دوایی کرد، کاک مەسعود بە ئێمە پاسەوانەکانی گوت: "ئێوە نازانن ئیدریس چەندە بە نرخ بوو. بۆ من چیایەک بوو و وەک مامۆستایەک لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و پێشمەرگایەتییەوە کاری دەکرد و مردنی ئیدریس پشتی منی شکاند".)



حاجی مەلا ئەمین حاجی هۆستانی بە شێوەیەکی هەندێک جیاواز، لەم بارەیەوە دەڵێت: (ساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕشی گوڵان هەڵگیرسا، مەلا ئەمینی باوکم لەسەر بڕیاری کاک ئیدریس بارزانی، بە فەرماندەیی مەفرەزەیەکی ١٣ کەسە کە پتر لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان پێکهاتبوو، ڕەوانەی ناوچەی گەردی، شێروان و بارزان کرا کە هەوڵی ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی پارتی بدات. باوکم لەگەڵ شەش ئەندامی مەفرەزەکەی، ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٣٠ لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانییەوە لە "بازێ" شەهید کرا.

ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ دایکم و خوشک و براکانم لە گەڕەکی کوردانی شاری ساوە بووین کە لەنێوان ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکرات و پارتی سۆسیالیستی کوردستان شەڕ هەڵایسا. ئیدریس بارزانی بۆ ئاشتکردنەوە و پێکهێنانەوەی دوو لایەنی شەڕەکە هاتە ساوە و لە ماڵی مەحمود موسا حەسەن چارەسەری کێشەکەی کرد. بە دوای کۆبوونەوەکەدا کاک ئیدریس بەشوێن بنەماڵەی ئێمەیدا نارد و ویستی چاوی بە ئێمە بکەوێ، بەڵام چونکە دایکم لە کۆمپانیای "عالی فرد" کاری دەکرد و لە ماڵ نەبوو، من لە جیاتی ئەو چووم بۆ لای کاک ئیدریس. جگەلە کاک ئیدریس، عەزیز سندی، مەحمود کەلەیی، مستەفا وەلی کەرکوکی، تەتەر عەبدولخالق بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی لە ساوە و ژمارەیەکی تر کە لە پارتی دیموکرات و حیزبی سۆسیالیت لەوێ بوون. کاک ئیدریس زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم و بردمی لەلای خۆی داینام و داوای لێکردم بچم بۆ کەرەج و سەردانی بکەم. مێرمنداڵێکی ١٥ ساڵانە بووم و گوتم نازانم ماڵی ئێوە لە کوێیە؟ گوتی: "لە کەرەجە و ئەگەر بێی بۆ کەرەج و لە عەزیمیە لەهەر کەس بپرسی، پێشانت دەدەن." دوای تێپەڕبوونی مانگێک دایکم ئیزنیدام بچم. ڕۆژی پێنج شەممە بوو، چووم بۆ کەرەج و لە ماڵی کاک کەمال محەمەد ئەمین کە یەکێک بوو لە خزمانمان دابەزیم و لەگەڵ ئاراس کوڕی کاک کەمال چووم بۆ ماڵی کاک ئیدریس. خۆی و نازدار خان پێشوازیان

کردم و بردیانم لەنێوان خۆیاندا دایاننام. کاک ئیدریس بانگی کوڕەکانی کرد، نێچیرڤان، دلۆڤان و بارز هاتن. کاک ئیدریس منی بە کوڕەکانی ناساند و گوتی: "ئەوەی باوکی ئەو کوڕە بۆ ئێمەی کردوە، کەس نەیکردوە." گوتی: "وەسیەتی باوکی گەورەیە کە ئەگەر نانێکمان هەبێ، نیوەی هی ئەو بنەماڵەیە." ئەو ڕۆژە کاک ئیدریس زۆری هەوڵدا کە لایان بمێنمەوە، بەڵام چونکە لە ماڵی کاک کەماڵ شیویان دروست کردبوو، ئیزنیدام بگەڕێمەوە ماڵی کاک کەمال، بەڵام گوتی دوای نیوەڕۆ بچمەوەلای.

من و ئاراس چووینە. دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر، میرخان خەردنەیی دۆڵەمەری، شەهید شەعبان و شەهید حالکە دۆڵەمەری میوانی بوون. ئێمە لەگەڵ عەلی شەعبان خزمایەتیمان هەبوو و ئەو منی دەناسی، کاک ئیدریس پرسیاری لە میوانەکان کرد و گوتی: "ئێوە ئەو کوڕە دەناسن؟" جگەلە عەلی شەعبان، ئەوانی تر منیان نەدەناسی. دوای ئەوە کاک ئیدریس منی بە میوانەکان ناساند، ئەوانیش زۆر بە گەرمی پێشوازییان کردم. دوای نزیکەی خولەکێک قسە و باس، لەگەڵ ماڵئاوایی کردنمان لە کاک ئیدریس و میوانەکان، کاک ئیدریس ٥٠٠ تمەنی دا بەمن و ٢٠٠ دیناریش بە ئاراس دا.



کاک ئیدریس زۆربەی کارەکانی بە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە ئەنجام دەگەیاند. ئێمە سەرەتا هەر سێ ڕۆژەی جارێک دەبووایە بچین خۆمان بە پۆلیس بناسێنین و دەفتەریان بۆ ئیمزا بکەین و

نەماندەتوانی لەنێوان شارەکاندا هاتوو چۆ بکەین. ئەو بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا نامەی بۆ بەرپرسانی پارتی دەنارد و ڕێکخراوەکانی پارتی لە ئێران بەنهێنی زیندوو کردەوە.
پێویستە بۆ مێژوو ئەوە بڵێم کە ئێمە هەر چەند ماڵێک لە شارێک بووین و دەرەتانی هاتوچۆمان نەبوو. لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٧٨دا شیرازەی دەسەڵاتداریەتی ساواک پچڕا و ئێمە بەرەبەرە لە شارەکان کۆبووینەوە و ڕێکخراوەکانمان بەهێز کردەوە.
کاک ئیدریس هەموو ئێمە لاوەکانی لەژێر چاودا بوو. ئەو نەیهێشت ئێمە توشی کاری ناشایست، تیرۆر، پیاو کوژی، دزی و پاڵدانەوە بە ساواکەوە بین.)

# چوونی ئیدریس بارزانی بۆلای بارزانیی باوک

لە ڕۆژی ١٩٧٦/٦/١٩وە کە بارزانی بۆ جاری دووەم، بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی گواسترایەوە بۆ ئەمریکا، کاک ئیدریس چەندجار هەوڵیدا بچێت سەردانی باوکی بکات، بەڵام ئەرتەشبود نیعمەتولا نەسیری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئێران "ساواک"، بەهۆی بەقیندا چوونی لە ناوبراو و مەسعود بارزانی برای کە سەرۆکایەتی "ڕێبەرایەتی کاتی" پارتی دیموکرات و شۆڕشی گولانی دەکرد، نەیدەهێشت کاک ئیدریس لە ئێران بچێتەدەر. کاتێک ئێران لە ١٩٧٨/١/١٨وە توشی ئاڵۆزیی بوو، بە گوشاری خەڵک نەسیری‌یان لە ساواک لابرد و کردیان بە باڵیۆزی ئێران لە پاکستان. بە دەرچوونی نەسیری لە پۆستی ساواک و شل بوونەوەی ساواک لە بەرامبەر گەلانی ئێراندا، ڕێگە بۆ کاک ئیدریس کرایەوە کە دوای نزیک بە دوو ساڵ و چوار مانگ، ئێران بەجێبهێڵێ و لە نیوەی دووەمی مانگی ئۆکتۆبەر "تشرینی یەکەم"ی ساڵی ١٩٧٨دا بچێ بۆ ئەمریکا و لە واشنتۆن بەدیداری باوکی شادبێتەوە.

دوای گەیشتنی کاک ئیدریس بۆ واشنتۆن، کاک مەسعود نزیکەی بیست ڕۆژ لە ئەمریکا مایەوە و پاشان چوو بۆ لەندەن. لەوێ ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتی بەسەر کردەوە و لەوێوە چوو بۆ ئوتریش "نەمسا". لەوێش بە هەمان شێوە چاوی بە ئەندامانی لقی ئەوروپای پارتی کەوتو بۆ ڕێکخستنەوەو دابەشکردنی بەرپرسایەتییەکان ماوەیەک لە ڤیەن مایەوە. دوای پێشاندانی ڕێکاری نوێی ڕێکخستن بۆ بەڕێوەبردنی لق و لیژنەکان، دەیویست بچێت بۆ فەرەنسا کە لەگەڵ بەسەرکردنەوەی ڕێکخراوی پارتی، چاوی بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ئایەتولا خومەینی بکەوێ کە ڕۆژی ١٩٧٩/١/٨ لەلایەن تیرۆریستەکانی باڵیۆزخانەی عێراق وەبەر هێرشێکی تیرۆریستی کەوت. لەو پەلامارە تیرۆریستییە ڕزگاری بوو، بەڵام دوو لە هاوڕێیانی، بە ناوەکانی ئازاد بەرواریی و

دوکتـــۆر پیـــرۆت ئەحمەدیـــان برینـــدارکرد. دوای ئەو هەوڵە تیرۆریســتییەی ڕژێمــی عێـراق، بە پێشــنیازی بــارزانی و کــاک ئیـدریس، مەسعود بـارزانی لە چوون بـۆ فەرەنسا پاشگەز بـۆوە و چـوو بـۆلای یاسـر عەرەفـات و ڕۆژی ١٩٧٩/١/١٢ لە قـوبرس لەگەڵ ڕێـزداران عـارف تەیفـور، دڵشـاد میـران و کەریـم شـنگاری یەکیـان گرتەوە.

## سەرۆک مستەفا بارزانی کۆچی دوایی کرد

دوا پشکنینەکان دەریانخست نەخۆشییەکەی بارزانی تەشەنەی کردوە و بە زۆر لایەنی لەشیدا بڵاوبۆتەوە. دۆکتۆر ماکفرسن نەیشاردەوە کە ئومێدی بەچارەسەرکردنی نەماوە و گوتی: (**دەبێ خودا بڕیاری لەسەر بدات.**) بارزانی وەسیەتی کردبوو کە ئەگەر کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی بەرنەوە بۆ زێدەکەی و لە بارزان بینێژن و ئەگەر بۆیان نەکرا لە شنۆ و لە پاڵ ئارامگای شێخ بابۆی برای بە خاکی بسپێرن. لەو بوارەدا ئیدریس بارزانی، موحسین دزەیی و محەمەدسەعید دۆسکی لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە کە تەرمی بارزانی لە شنۆ بەخاک بسپێردرێت.

بەرلە کۆچی دوایی بارزانی، شا رۆژی ١٩٧٩/١/١٦ ئێرانی بەجێهێشت و رۆژی ١٩٧٩/١/٢٢، ڕژێمی پەهلەوی جێی خۆیدا بە ئایەتوڵا خومەینی و ئەویش بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، ئەندامی دێرینی جبهەی میللی، حکومەتێکی کاتی دامەزراند. ڕژێمی نوێ پێوەندیی نزیکی بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینەوە هەبوو. هانی ئەلحەسەن ئەندامی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە وەک باڵیۆزی فەلەستین لەلای حکومەتی کاتی مەهدی بازرگان لە تاران بوو. بۆ جێبەجێکردنی وەسیەتی بارزانی، مەسعود بارزانی و هەڤاڵانی گەڕانەوە بۆ ئێران و بەهۆی هانی حەسەنەوە ئامادەکاریی تەواویان بۆ پێشوازیکردن لە تەرمی بارزانی کرد. هانی ئەلحەسەن لەلایەن ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستن و محەمەد مونتەزیری کوڕی ئایەتوڵا مونتەزیری لەلایەن ئایەتوڵا خومەینییەوە ئامادە بوون پێشوازیی لە تەرمی بارزانی بکەن.

شەوی پێنجشەممە ١٩٧٩/٣/١ هەواڵی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی لە نەخۆشخانەی "جۆرج تاون" بڵاوکرایەوە و کاری گواستنەوەی بەڕێوەچوو. لە ڕەوتی ئەو کارانەدا مەسعود بارزانی بۆ سوکنایی بەخشین بەدڵی هاوخەباتان و لایەنگرانی بارزانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. ناوبراو لە لاپەڕەی ٢٦٧ی کتێبەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ١٩٦١- ١٩٧٥"دا، ئاماژەی بە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەی کردووە و نوسیویەتی:

- (من دەمزانی بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی بارزانی چەند لەسەر دڵی گەلی کورد گران دەبێ. دەمزانی چ دەردو خەفەتێک لە دڵ و دەروونی هاوڕێکانی خەباتی و هەموو ئەوانەدا بەجێدەهێڵێ کە لەژێر ئاڵای ئەودا تێکۆشاون. من بەتایبەتی لەوە دەترسام ئەم هەواڵە ناخۆشە لەپڕە ئەنجامێکی پێچەوانە لەلای ئەوانەدا بەجێ بهێڵێ کە سەریان نەوی نەکرد و خۆیان نەدا بەدەستەوە و پەیمانیاندا کەوا هەرلە تێکۆشان بەردەوام بن و ئەمە بیاندا بەدەست جۆرە نائومێدی یان ملکەچییەکەوە. لەبەر ئەوە ئەم ڕاگەیاندنەم نووسی و بڵاوم کردەوە کە تیایدا وتبووم: "کۆچی دوایی بارزانی هەرگیز نابێ بە کۆسپ لە ڕێگەی درێژەپێدانی ئەو خەباتەی کە ئەو ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرتبوو. خەبات هەر بەردەوام دەبێ و ڕەوت هەر لەسەر ڕێبازەکەی ئەو دەبێ. لە ڕاستیدا هەر ئەمەیە خواست و ئارەزووی بارزانی. باشترین بەڵگەی وەفاداریش بۆ یاد و بیرەوەریی ئەو ئەوەیە، ئەو مەشخەڵی خەباتەی ئەو هەڵی گیرساندووە هەر بە هەڵگیرساوی بمێنتەوە.".)

ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٤ تەرمی بارزانی لەنێوان پێشوازی گەرمی خەڵک گەیشتەوە تاران. حکومەتی کاتی مەهدی بازرگان دوو هێلیکۆپتەری لە جۆری شنۆک بۆ گواستنەوەی تەرمی بارزانی بۆ شنۆ تەرخان کرد و ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٥ لەناو ئاپۆرەی ماتەمینیی نزیک بە ٣٠٠ هەزار کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر هەواڵنێری ئێرانیی و بیانیی لە شاری شنۆ لە سێ سوچی سنوری ڕۆژهەڵات، باکور و باشوری کوردستان لە نزیک ئارامگای شێخ بابۆی برای، بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

شورای شۆڕشی ئیسلامیی شاری شنۆ بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانییەوە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ ماتەمینیی گشتییی ڕاگەیاند و بەو بۆنەیەوە هەموو خوێندنگەکان، ئیدارەکان، دوکان و بازاڕی شنۆ داخران.

لە ڕێوڕەسمی هێنانەوەی تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانییدا بۆ شنۆ، هەریەک لە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی سوپاسی بەشداریی کردنی خەڵکەکە و بە تایبەتی خەڵکی شنۆیان کرد. دواتر مەلا کەریم شاریکەندی لەلایەن خەڵکی شاری مهاباد، مەلا عەبدوڵا لە لایەن خەڵکی مەریوان، نوێنەرێک لە لایەن کوردەکانی ورمێ و هەروەها ئەسعەد سیراجەدینی لە لایەن شێخ عوسمان سیراجەدینی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندیی وتاریان خوێندەوە و هەزار موکریانی شیعری "بارزانی پاڵەوانی کوردی" خوێندەوە. دوکتۆر کەمال کەرکوکی پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان "سەرکردایەتی کاتی" ئاراستەی بەشداران و خەڵکی کوردستان کرد و لە کۆتاییدا پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا خوێندرایەوە. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٣یدا، هەواڵنێری فەرەنسپرس لە لەندەن دەربارەی کۆچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی نوسی:

- (مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی پێشوی بزوتنەوەی کوردستانی عێراق ڕۆژی پێنجشەممە بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی واشنتۆن کۆچی دوایی کرد. مەلا مستەفا سێ ساڵ بوو نەخۆشیی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە ئازاری دەدا و لە نەخۆشخانە کەوتبوو. نوسینگەی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لەندەن هەواڵی کۆچی دوایی مەلا مستەفای ڕاگەیاند و ئاگاداریان کردینەوە کە فڕۆکەیەک بۆ گواستنەوەی تەرمی بارزانی دەچێتە واشنتۆن، چونکە بڕیار وایە تەرمی بارزانی لە شاری شنۆ لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە خاک بسپێردرێت. مەلا مستەفا چەند ڕۆژ دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەی ئاشتیی لە نێوان ئێران و عێراق لە ١٩٧٥/٣/١٣دا کە کۆتایی هێنا بە بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی کوردستانی عێراق، هاتە ئێران. لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە باکوری عێراق لە گوندی بارزان چاوی بەدنیا کردەوە. ساڵی ١٩٣١ بەشداریی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی کرد و ساڵی ١٩٤٣ هەوڵیدا حکومەتێکی خودموختار بۆ کوردەکانی عێراق دابمەزرێنێت، بەڵام گوشاری هێزەکانی ئینگلیز و عێراق ناچاریان کرد بەرەو ئێران بکشێتەوە و تێکەڵاوی بزوتنەوەی کوردی ئێران ببێت، بەڵام بە ناچاریی لە ئێرانیش کشایەوە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لەوێ مایەوە. لە کشانەوەکەیدا بۆ سۆڤیەت ٥٠٠ ئەندامی هۆزەکەی لەگەڵ بوو. دوای شۆڕشی عێراق و بە دەسەڵات گەیشتنی عەبدولکەریم قاسم، مەلا مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق و سەرلەنوێ شۆڕشی چەکدارانەی کوردی لە باکوری عێراق هەڵگیرساند و لە ١٩٧٠/٣/١١ لەگەڵ حیزبی بەعسی حاکمدا ڕێککەوت و پەیماننامەیەکی مۆرکرد کە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا کوردەکان بە مافی خودموختاریی بگەن، بەڵام تەمەنی

ئەو ڕێککەوتنە کورت بوو، چونکە حیزبی بەعس لە بەڵێنەکەی خۆی پاشگەز بووەوە و سەرلەنوێ ناکۆکیی سەریهەڵدایەوە. ڕژێمی بەعس ویستی بە پلانێکی تیرۆریستی ڕۆژی ١٩٧١/٩/٢٩ بارزانی بکوژێت، بەڵام سەرنەکەوت. ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١١ دەوڵەتی عێراق بە شێوەی یەکلایەنە یاسای خودموختاریی باکوری ڕاگەیاند، بەڵام چونکە کوردەکان پێی ڕازیی نەبوون، قەیرانەکە توند بۆوە. لەو ڕووەوە یەکێتی سۆڤیەت بارزانی تاوانبار دەکرد و یارمەتییەکانی لێبڕی، ئیتر جگەلە ئێران لایەنێکی تر یارمەتی نەدەدا. ئێرانیش لەگەڵ عێراق ڕێککەوت و ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٤ پەیمانێکی لەگەڵ ئیمزاکرد و پشتی لە بارزانی کرد. بەم بۆنەیەوە مەلا مستەفا لە عێراقەوە هاتە تاران و دوای ماوەیەک چوو بۆ ئەمریکا و بەکردەوە لە سیاسەت دورکەوتەوە. دەگوترا مەلا مستەفا دەیەویست بگەڕێتەوە بۆ ئێران کە ئەوەش لە ناو کوردەکاندا بە "هەواڵێکی خۆش" وەسف دەکرا، کەچی مەرگ بواری نەدا. وتەبێژێک بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕایگەیاند: (گەلی کورد لە هەواڵی مردنی کەسێک کە لەو ساڵانەی دواییدا بزوتنەوەی کوردی عێراقی بە شا و دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا "سیا" فرۆشتبوو، هەست بە ئاساییش دەکات!) هەروەها ئەو وتەبێژە گوتی: (بارزانی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عێراق وەک تاوانبارێکی خۆپەرست سەیر دەکرێت کە بە هۆی غرور و خۆبەزلزانینیەوە، هێزی پێشمەرگەی لەناوبرد.)

جگەلەوە بەنوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٦یدا، هەواڵنێری تایبەتی ڕەوانەکراوی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە مهابادەوە ڕایگەیاند: (مەلا مستەفای بارزانی لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردوە. تەمەنی بارزانی نزیکەی ٧٥ ساڵ بوو. لە ساڵانی ڕابردوودا نەخۆشیی شێرپەنجە ئازاریداوە و دوای

شـکانی شۆڕشـی کوردەکـانی بـاکوری عێـراق بـە سـەرۆکایەتی ناوبراو، ئەو ماوەیەک لە "کەرەج" بووە و دواتر چووەتە ئەمریکا. دەڵێن مەلا مستەفای بارزانی وەسیەتی کردوە کە تەرمەکەی لە ناوچەی کوردنشینی شنۆ بە خاک بسپێردرێت. بارزانی لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لە ئێران، یەکێک بووە لە هاوڕێیانی قازی محەمەد و لە لایەن قازی محەمەدەوە پلەی ژەنەڕاڵی پێبەخشراوە. دوای خۆبەدەستەوەدانی قازی محەمەد بۆ ماوەیەک شەڕی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی ئێران کرد و دواتر چوو بۆ ڕوسیا. بارزانی لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی "عەبدولکەریم قاسم" دا گەڕایەوە کوردستانی عێراق و لە ساڵی ١٩٦١دا بۆ وەرگرتنی خودموختاریی دژی حکومەتی عێراق ڕاپەری و کوردستانی عێراقی ئازادکرد. بارزانی لە نامەیەکیدا بۆ "جیمی کارتەر" سەرکۆماری ئەمریکا بە توندیی ڕەخنەی لە ڕاگرتنی یارمەتی ئەمریکا و ئێرانی دۆستی گرت و داوای یارمەتی لە ئەمریکا کرد).

لە لایەکی ترەوە، ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٧یدا نوسی: (ڕۆژی دووشەممە تەرمی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی کۆچکردووی شۆڕشی کوردەکانی عێراق بە هێلیکۆپتەری میللی هێزی هەوایی گەیەنرایە شنۆ و لە ناو ماتەمینیی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کوردی ئێراندا بە خاک سپێردرا. لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی بارزانییدا، سرودی نەتەوەیی کوردستان خوێندرایەوە. خەڵکەکە دروشمی "درود بۆ بارزانی خەباتگێڕ و گیانفیدای گەلی کورد و درود بۆ ئیمام خومەینی قارەمانی ئازادیخوازی ئێران"یان بەرزکردەوە.) ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە بەشێکی تری نوسینەکەیدا دەڵێت: (تەرمی مەلا مستەفا بارزانی لە گۆڕستانێکی تایبەتدا کە ١٣ کیلۆمەتر لە

دەرەوەی شاری شنۆ هەڵکەوتووە و لە کۆنەوە کراوە بە گۆڕستانی کوردە پەنابەرەکانی عێراق، بە خاک سپێردرا. دوێنێ ٣٠٠ هەزار کورد لە هەموو ئێرانەوە خۆیان گەیاندە شنۆ و بەشداریی میتینگێکیان کرد کە بەبۆنەی کۆچی دوایی بارزانییەوە پێکهێنرابوو. لەو میتینگەدا کە ژمارەیەک هەواڵنێری ناوخۆ و دەرەوە بەشداریان تێدا کردبوو، بەڕێز مەحمودزاد نوێنەری شورای شۆڕشی شنۆ بە بۆنەی کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانییەوە سێ ڕۆژی تریش ماتەمەینیی گشتیی ڕاگەیاند. دواتر مەلا کەریم شاریکەندی نوێنەری کوردەکانی مهاباد وتارێکی خوێندەوە و لە بەشێکی وتەکانیدا ڕایگەیاند: (مادەی ٨ داخوازیی گەلی کورد نیە و بەلاوە دەنرێت.) مەلا سالحی ڕەحیمی نوێنەری کوردەکانی نەغەدەش لەو بارەیەوە دوا و پشتگیریی لە وتەکانی مەلا کەریم کرد. مامۆستا هەژار چەند کۆپلە شیعری خوێندەوە و بە توندیی هەستی هەموو بەشدارانی بزواند. لە میتینگی کوردەکانی شنۆدا، مەسعود بارزانی کوڕی مەلا مستەفا، لە وتەکانیدا ڕایگەیاند: (ئیمام خومەینی فەرموویان کوردەکانی ئێران زوڵمیان لێکراوە و بە مافی بەحەقی خۆیان دەگەیەنێت. کوردەکان هەرگیز جیاوازییخواز نەبوون و حازر نین گیروگرفتەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی زیاتر بکەن. بارزانی ڕایگەیاند: لە چوارچێوەی ئەو بەڵێنانەی ڕێبەری مەزنی ئێراندا چاوەڕوانین لەژێر ئاڵای ئیسلام و چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئێوە براکانمان بە مافی خودموختاری بگەن.) مەسعود بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسییدا کە لەگەڵ هەواڵنێرانی ناوخۆ و دەرەوەی پێکیهێنا، گوتی: (ئێمە نەک لە شاری شنۆ بەڵکوو لە هیچ جێیەکی ئێران پێگەمان نیە و پێگەکانی ئێمە لە خاکی عێراقدان.) هەروەها مەسعود بارزانی ڕایگەیاند: (شا خەیانەتی بە ئێمە کرد

و بە لەناوبردنی شۆڕشی گەلی کورد لە عێراق، ٢٠ هەزار کوردی بە کوشتندا و لە پشتەوە خەنجەری لە ئێمەدا.) بەگوێرەی زانیاریی ئێمە نزیکەی ١٠٠ هەزار کوردی عێراق و تورکیا دەیانویست بۆ بەشدارییکردن لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مەلا مستەفا بێنە شنۆ، بەڵام حکومەتەکان دژی هاتنیان بۆ ئێران وەستان و نەیانهێشت بێنە ئێرانەوە.)

هەروەها ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/١٧یدا ڕایگەیاند: (دوێنێ لەسەر بانگهێشتی مامۆستایان و زانایانی شاری مهاباد کۆڕێکی مەزنی ڕێزلێنان لە مەلا مستەفا بارزانی لە مزگەوتی سوری ئەو شارە پێکهات. ژمارەیەک هەواڵنێری بیانیی بەشدارییی کۆڕەکەیان کرد. مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی و مامۆستا مەلا ڕەشیدی قەرەنی لە دوو وتاری جیاوازدا ئاماژەیان بۆ گەورەیی و خۆشەویستیی مەلا مستەفا کرد و ڕێزیان لە ژیانی پڕلە شانازیی و پلەی باڵا و خەباتی قارەمانانەی مەلا مستەفا گرت. بەشدارانی کۆڕەکە جارێکی تریش ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینیان سەلماند و تەئکیدیان کردەوە کە نەتەوەی کورد ئێرانییە و جیاوازییخواز نییە.)

شیعری مامۆستا هەژار موکریانی کە لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی بارزانی لە شنۆ ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٦ خوێندییەوە:

بارزانی نامرێ

بارزانی پاڵەوانی کورد　　هیـــــوای پیـــــر و جەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردوی　　بە دیمەن لەبەر چاو ون بوی
من دەزانم تۆ نامری　　تۆ لە مردن بەهێزتری

----

ڕۆژێک لەناو شاخ و چڕێک دێتە سەر ئەم زەویە کوڕێک
نۆ مانگە ، لەبەر مەمکانە دایکی یەخسیری تورکانە
بێشکەی کوڕ: زیندانی ڕەشە لە ڕۆشنایی بێ بەشە
زڕەی زنجیری دولایی بۆتە دەنگی لای لایی
جێ گاگۆڵکە و دارە دارە گۆشەی زیندانی شەدارە

----

تەمەن چاردە ساڵە جوانێ بە دەوری خۆی دا دەڕوانێ
هەرچی دەی بینی ئەسیرە وەک دایکی مل بە زنجیرە
کوردگەل مەڕی بێ خودانە جەقەڵ بێری ، گورگ شوانە
لە حێرسان خوێنی دەجۆشی ژین بە ئازادی دەفرۆشێ
لێ بڕاوە: تۆڵە بستێنێ بەندی خەنجەر دەترازێنێ
کاڵەی مووین هەڵ دەبەستێ کێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ
کوردخۆران قەڵت و بڕ دەکا ؟ کوردستان گران شڕ دەکا
تورک و عەرەب دەبەزێنێ جەرگی شاهان دەتەزێنێ؛
دوژمن لە زەبری دەتاسێ کێ بێ بارزانی نەناسێ؟

----

بەر لە شۆڕشی بارزانی کەس بە کوردی نەدەزانیی
ئەو کوردی بە دنیا ناساند هاواری بە دنیا گەیاند
لە هەر چوار قوڕنەی دنیادا لەسەر بەژ، لەناو دەریادا
بە کێ بڵێی کوردستانیم پێت دەڵێ: بڵێ بارزانیم
جاشە دوژمنە کوردەکەش بەهۆی ئەو بونە خاوەن بەش
ئەو نانی دەیخۆن هی ئەوە لەوڕا گرچویان پتەوە

----

بارزانی شست ساڵی ڕەبەق جێ خەوی تاشەبەردی ڕەق
بە شاخ و شکێڕانەوە بە بەندەن و لێڕانەوە
لە غوربەت و دەربەدەری غەمخۆر و لە خۆشی بەری
بۆ گەلی کورد: چەوسایەوە قەت تاوێک نەحەسایەوە
بەرەو ئازادیەتی هانی داین ڕێگەی پیاوەتی نیشان داین
دوژمنی بۆ بێ هێز کردین تاریکی لەسەر لابردین
مانگی عاسمانی کوردانە بێ ئاوابوون و نەمانە
ئەوانەی بە مانگ دەوەڕن لە ڕاست لۆمەی ویجدان کەڕن

---

بارزانی بابی هەژاران هەتوانی دڵ بریندااران
شیوەن شایەنی تۆ نیە ئەسرین ڕژتن چی بۆ نیە
من بۆ دەربڕینی هەستم پەیمانت دەگەڵ دەبەستم
تا دەمرم پێت وەفادار بم چۆن بووم؟ هەرهەمان هەژار بم

-----

بارزانی پاڵەوانی کورد هیوای پیر و جەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردوی بە دیمەن لەبەرچاو ون بوی
من دەزانم تۆ نامری تۆ لە مردن بەهێزتری (پاشبەندی ژمارە ١٧)

جگە لەو ڕێوڕەسمەی کە لە شنۆ و مهاباد بەیادی سەرۆک مستەفا بارزانی بەڕێوەچوو، بەگشتی زۆربەی بنەماڵە کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەگوێرەی توانا و لەبەرچاو گرتنی زەبر و زەنگی دوژمن لە شارەکاندا، لە ماڵی خۆیاندا بە تاک و بە کۆمەڵ، بەشداریی ئەو خەمە گەورەی نەتەوەی کوردیان کرد. کوردە ئاوارەکانی باشوری کوردستان لە کەمپ و شارەکانی ئێران، سەردانی "کەرەج"یان کرد و ئەمەکناسیی خۆیان بۆ بنەماڵەی بارزانیو بەڕێزان ئیدریسو مەسعود بارزانی دووپات کردەوە. کوردەکانی نیشتەجێ لە کەرەج چلەی ماتەمین و بیرهێنانەوەیان بۆ سەرۆک بارزانی دانا و ژمارەیەک کوردی ڕۆژهەڵات لە شارەکانەوە چوون بۆ عەزیمیەی کەرەج و بەشداریی چلەی ماتەمینی بارزانییان کرد. لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، سەدان شیعر و سرودی شۆڕشگێڕانە لە لایەن شاعیرانی کوردستانەوە ئاراستەی شۆڕش و خەباتکارانی کوردستان کرا و بە دوای کۆچی دوایی سەرۆک بارزانییشدا، شاعیرانی کوردستان، سۆز و خۆشەویستیی خۆیان بە سەرۆکەکەیان پێشکەش کرد. ماموستا خالید حیسامی "هێدی" ئەم پارچەی شیعرەی لە ڕۆژی چلەی بارزانیدا خوێندەوە:

چلەی بارزانی

لەمێژ نی‌یە هەر لەو هەردە لەناو ئەو زور کەن و بەردە
ئالۆزی بو هاتو چۆبو هەمولا شین و ڕۆ ڕۆ بو
تفەنگ سەرو بن کرابون سۆرانی لەخم درا بون
لەبەر گریان و هاتو چۆ وەک دەشتی مەحشەر بۆ شنۆ

کوردی کوردستان جمی بو
لەو دەوربەرە خزی بو
وەک یەک لە چاوی ژن و مێرد
هاتە خوار فرمێسکی سوێر
کە هات هەواڵی جەرگ بڕ
باوک هۆشی بڕا لە کوڕ
خەفەت ئەباری لەو ناوە
"باوکی کورد"
سەری ناوە

ئەو ڕۆژە باوکی خۆشەویست
سرویێک ئەهات تۆ نەت ئەبیست
هەناسەی پێشمەرگەی تۆ بو
ڕوحیان لەسەر گڵکۆی تۆ بو
چل ڕۆژ تێ پەڕی لەو کاتە
بەڵام کوردستان هەر ماتە
هەڵگورد و پیرس و مەتین
قەندیل و کوڕەک و سەفین
هەڤالانی بەوەفای تۆ
ئامێزیان ئاواڵەیە
بۆت

کورتەی چیرۆکی ژینی تۆ
پێش مەرگێک بوی ماندوو مجرۆ
بەرهەڵستی دوژمنی کورد
لە بێشکەدا دەستت پێ کرد
بن بەردی خۆت لە شاخ و کێو
نە گۆڕیەوە بە زێڕو زێو
نەک هەر ڕەمزی کوردستان بوی
بۆ کورد دەرسی نەوەستان بوی
دەستی خەنجەرت بەهێز بو
جێی خۆشی تۆ مەتەرێز بو
سامی تۆ وای دەنگ دایەوە
مردن لێت ئەپرینگایەوە
لە هەڵبەستا تۆ بوی مەبەست
تۆ بەرزتر بوی لە هەڵبەست
کاتێک لاوەیی نەتەوێ
لە ڕاپەڕینی تۆ
بدوێ

بۆ سەربەرزیت سەر دانوێنێ
بڵێ و دان بەوەدا بێنێ
"کردەوەی ئەو قارەمانە
لە دنیا بۆتە
ئەفسانە"

ئەوەی تۆی دی لە سەنگەرێ
چ بڵێ؟ ناوی تۆ چۆن بەرێ؟
تۆ بوی شانازی گەلی کورد
زۆر شانازیت لەگەڵ خۆت برد

کۆچت دەردێکی بەسۆ بو کوردستان حەوجێی بەتۆ بو
گڵ تۆ لە دڵ دەرناهێنێ خاکی کورد تۆ ناشەمزێنێ
دایک کوڕ لە باوەش ئەگرێ سەد جاریش لەبەری ئەمرێ
مێژوو ١٣٥٨/١/٢١ - ١٩٧٩/٤/١٠

## ئیدریس بارزانی دیپلۆماتکارێکی شایستە

ئیدریس بارزانی دیپلۆماتکارێکی بە ئەزموون بوو. بە هێمنی و بە ڕووی خۆش و زمانی ڕەوانی خۆی کاری دەکردە سەر کەسانی ڕووبەڕووی. لە وتووێژەکانی نێوان شۆڕش و بەغدا و بەتایبەتی وتووێژەکانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا ڕۆڵی گرنگی بینی. لە وتووێژەکانی شۆڕش لەگەڵ ئێران، ئەمریکا، لیبیا، دیمەشق و لایەنەکانی کوردیدا ئیدریس بارزانی نوێنەرایەتی بارزانی و شۆڕشی کوردستانی کرد و دەستکەوتی گرنگی بۆ کورد بەدەستهێنا. بەم هۆیەوە دوژمن گەلێک جاران نوکی تیژی هێرشی خۆی ڕووبەڕوو کردەوە.

دوکتۆر مەحمود عوسمان بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئیدریس بارزانی هاوخەبات بووە، پێکەوە چاویان بە سەدام کەوتوە و لە سەفەرێکیاندا بۆ ئەمریکا پێکەوە بوون، ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من



پارێزراوە، دەربارەی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لە بەڕێوەبەریی و سیاسەت و دیپلۆماسییدا دەڵێت:

- (من لە ساڵی ١٩٦٣وە کە لە ناوچەی بارزان بووم کاک ئیدریسم ناسیوە. ئەوکاتە تازە شەڕی بارزانی دەستی پێکردبوو و تا ساڵی ١٩٨٧ کە وەفاتی کرد بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ پێکەوە کارمان کرد و لە مەکتەبی سیاسییدا بووین، پێکەوە

چـووینـەتە دەرەوە، لە بەغـدا بــووین. دیپلۆمــاتێکی زیــرەک و تێگەیشتوو بوو، قسەزان و قسەکەر بوو، لە بواری کۆمەڵایەتییەوە زۆری دەزانـی و من لـەو باوەڕەدام کە عونسرێکی زۆر بەکەڵک بوو بـۆ شـۆڕش کە بەداخەوە زوو وەفـاتی کـرد و بە وەفـات کردنـی زیـانێکی زۆری بە کـاک مەسعود گەیانـد، چـونکە کـارێگەرییەکی زۆری لە شۆڕشـدا هەبـوو و کـاک مەسـعود خـۆی لە کـاتی وەفـات کردنیدا کە لە بادینان بوو، نوسی کە من پشتم شکا، بەگشتی زۆر



جێـی داخ بـوو کە زۆر زوو ڕۆیشـت. کەسـایەتییەکی بـێ دەعـیە و بـێ تـەکەبوور بوو، زۆر بە سادەیی دەژیا و بەپێچەوانەی کوڕەکانی تری مەلا مســتەفا، کـــاک ئیــدریس و کـــاک مەســعود زۆر جێـــی بـــاوەڕی مەلا مستەفا بوون. بە هەرحاڵ کەسێکی زۆر لێـزان بـوو. ئـێمە لە نـاوچەی نـــاوپردان پـــێکەوە لە مەکتەبـــی سیاسـییدا بـووین، ئەو بەرلە کـاک مەســعود بـۆ مەکتەبــی سیاســی هەڵبژێـردرا. لە بینینـی خەڵـک، لە کۆبوونەوەکانـدا و لـە شـەڕ و شۆڕەکاندا دەوری هەبوو. لە ئەمریکـا بەیەکەوە بـووین کە قسـەی کردوە و لـە ئێران پێکەوە بووین و لـە بەغداش هەربەو جۆرە، زۆر بە ڕوونی قسەی دەکرد. زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی زۆر باش دەزانـی.) هەرلەم بارەیەوە دوکتۆر پیرۆت ئەحمەد ئیبـراهیم دەڵێت:

- (سـاڵی ١٩٨٦ دووجــار لەگەڵ ڕەوانشــاد ئیــدریس بــارزانی ســەردانی لیبیــام کــرد. جــاری یەکەم بەشــداریی کــۆنگرەی

"سـەرکردەکانی هێزی شۆڕشگێڕی عەرەبی سەردەم" بوو. لەو کۆنگرەیەدا خوالێخۆشبوو قەزافی سەرکۆماری لیبیا ڕووی لە کاک ئیدریس کردو گوتی: "هەموو ڕۆژێ گوندتان لێ دەسوتێ و خەڵکتان دەکوژرێ، بۆچی لە جیاتی حوکمی زاتی، داوای سەربەخۆیی ناکەن." جۆرج حاوی سکرتێری حیزبی شیوعی لوبنان گوتی: "سەرۆک قەزافی زیاتر لە کوردەکان داوای حەقی کورد دەکات." کاک ئیدریس لە بەرامبەریدا هەستا و گوتی: "هەر عەرەبێکی بەشەرەف دەبێ ڕەئی بەڕێز قەزافی هەبێت." ئەو وتانە بەداخەوە تەنیا لە باسدا مایەوە و عەرەبەکان ڕووی خۆشیان پێ نیشان نەدا.

جاری دووەم جگەلە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نوێنەری هەموو حیزبە کوردییەکانی باشوری کوردستان لە لیبیا بوون. ڕۆژێک لەلایەن قەزافییەوە هاتن و گوتیان کاک ئیدریس و هەڤاڵانی بێن. کاک ئیدریس نوێنەری حیزبەکانی کۆکردەوە و گوتی: "قەزافی بە دوای من و ئەندامانی پارتیدا ناردوە. من بەبێ ڕەزامەندی ئێوە ناچم. ئەگەر دەتانەوێ من دەچم و نوێنەرایەتی ئێوەش دەکەم، ئەگەرنا من بەبێ ڕەزامەندی ئێوە ناچم." هەموویان گوتیان: "ئێمە ڕازین، بچۆ و هەرچی تۆ بیکەی ئێمە ڕازین." عەدنان موفتی، عادل موراد، سامی عەبدولڕەحمان، عەبوو حروبە سەربە ڕێکخستنی ناسرییەکان و ژمارەیەکی تریش لەوێ بوون. من لەگەڵ کاک ئیدریس و کاک ئازاد بەرواری چووین. لەگەڵ عەبدولسەلام جلود و موسا کۆسە دانیشتین و لە گەڕانەوەدا، ئاکامی کۆبوونەوەکەمان بە ئەندامان ڕاگەیاند.)



لە جێیەکی تردا ڕێزدا موحسین دزەیی سەبارەت بە لێهاتوویی و نەم نیانیی ئیدریس بارزانی دەڵێت:




(تەمەنی کاک ئیدریس نزیکەی ٢٠ ساڵ بوو کە من ناسیاویم لەگەڵ پەیدا کرد، ئینسانێکی زۆر لێهاتوو بوو، بەتوانا بوو، پیاوێک بوو دەیتوانی نەک سەرکردایەتی حیزبێک و شۆڕشێک، بەڵکوو دەیتوانی سەرکردایتی وڵاتێک بکات. من زۆری لێ نزیک بووم، بە ڕاستی لە هەموو بوارەکاندا بەتوانا بوو. پیاو حەزی دەکرد لە مەجلیسی کاک ئیدریسدا دانیشێ، چونکە ئەوەندە قسەخۆش بوو کە مرۆڤ لێی تێر نەدەبوو، ئەگەر کەسێک بۆ کارێک چووبایە لای، تەنانەت ئەگەر توانای جێبەجێ کردنیشی نەبووایە، بەڵام کەسەکە بە دڵی خۆش دەگەڕایەوە، چونکە ئەوەندە باش پێشوازیی لێدەکرد و ئەوەندە قسەی خۆشی لەگەڵ دەکرد کە کابرا شتێکی لە دڵدا نەدەما کە ئیشەکەی بۆ کراوە یان نا. لە وتووێژەکانی شۆڕش لەگەڵ وڵاتانی عێراق، ئێران و ئەمریکا، ئیدریس نوێنەرایەتی شۆڕشی کرد. بە ڕاستی لە دەستچوونی ئیدریس لەوکاتەدا زیانێکی گەورە بوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ نەتەوەی کورد. کاک ئیدریس دەستی باڵای هەبوو لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵاندا، بە هەموو هێزییەوە یارمەتی کاک مەسعودی دەدا و خەڵکی هاندەدا کە بچنەوە ڕیزی شۆڕش و ئەو بوو کە خەڵکی دەستنیشان دەکرد. بارزانیی باوکی سەرکردەیەکی زۆر شارەزا بوو، هەموو کەلێن و قوژبنەکان و هەموو بەرپرسان و دڵسۆزانی کوردی دەناسی. خاوەن

ئەزمـوونێكی زۆر بـوو، خـۆی شـوێنەكانی دەستنیشـان دەكـرد و دەیزانی كێ بۆ كام شوێن گونجاوە. كاك ئیدریس زۆر لە باوكی نزیكبوو، من لە بەرگی سێی كتێبەكەمدا كە هێشتا چاپ نەكراوە، نوسیومە كە من لە ژیانمدا نەمبینیوە پێوەندی نێوان كوڕ و باوك تا ئەو ڕادەیە نزیک بێت، مەلا مستەفا تا ئەو ڕادەیە گوێ لە قسەی ئیدریس بگرێ و هەروەها ئیدریسیش ئەوەندە گوێڕایەڵی باوكی بێت.)

كاک ئیدریس زۆری حەز لە كاک مەسعود بوو، حەزی دەكرد زۆر پێش بكەوێ و چاوی لە بەرپرسایەتی نەبوو و كاک مەسعود بە پێشنیاز و پشتگیریی و یارمەتی كاک ئیدریس بوو بە سەرۆكی پارتی و كاک مەسعودیش كە بوو بە سەرۆک، پتر ڕێزی كاک ئیدریسی دەگرت و ئەو پێوەندییە پاكە بۆ هەمیشە لە دڵمدا زیندووە.)

قادر مەلۆ مستەفا دۆڵەمەری لە ساڵی ١٩٧٨وە تا ساڵی ١٩٨٨ كە كاک ئیدریس كۆچی دوایی كردوە وەک پاسەوان و دواتریش لە ماڵی كاک ئیدریس خزمەتی میوانەكانی كاک ئیدریسی كردوە، دەربارەی ژیان و خەباتی ئیدریس بارزانی دەڵێت: (لە سەفیری وڵاتانی ئەوروپییەوە بگرە تا مەلاكانی ئێران دەهاتنە لای كاک ئیدریس. ئەو كەسایەتییەكی سیاسیی، سەربازیی و كۆمەڵایەتی و دیپلۆماتێكی بە توانابوو، لەگەڵ هەركەسێک وەک كەسی ڕووبەڕووی قسەی دەكرد. لەگەڵ جوتیار، جوتیار بوو و لەگەڵ سیاسیكار، سیاسەتمەدار و لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگەیەكی سادە، نەترس و خاوەن پلان بوو، ئەوانەی لەگەڵ ئیدریس دادەنیشتن، چاویان دەكرایەوە و ئەگەر پێشمەرگەیەک یان كەسێكی ئاسایی شەهید دەبوو، زۆر بە توندی نارەحەت دەبوو. بەرلە شەڕ و جەولە

کردنی پێشمەرگە، لەگەڵ پێشمەرگەکان قسەی دەکرد و ئامۆژگاری دەکردن و بە دوور لە چاوی پێشمەرگەکان، بە بەرپرسەکانی ڕادەگەیاند کە هوشیار بن و پێشمەرگە بە کوشت نەدەن.

جارێک حافز ئەسەد بانگهێشتی کرد بوو و ئەو چوو. لە فڕۆکەخانەی دیمەشق، ڕۆژنامەنوسێک پرسیاری لێدەکات و دەڵێت: "سەدام حوسێن بەعسییە و دوژمنتە و حافز ئەسەدیش بەعسییە. ئێوە چۆن باوەڕی پێدەکەن؟" ئیدریس لە وەڵامیدا دەڵێت: ئێمە دوژمنی هیچ کامیان نین، ئێمە هاتووین ئەگەر هاوکاریمان بکات، قبوڵی دەکەین و ئەگەر بیهەوێ بە قازانجی خۆی بەکارمان بهێنێت، بۆ ئێمە جیاوازییان نابێت.

کاک ئیدریس هەوڵیدەدا کۆماری ئیسلامی لە دوکتۆر قاسملوو نزیک بێتەوە. جارێک وەفدێک لە مەلاکانی ئێران هاتنە لای و گوتیان: "خودموختاری لە قورئاندا نییە و ئێمە قەبووڵی ناکەین." کاک ئیدریس لە وەڵامیاندا گوتی: هەر ئەو پرسەی کە ئێوە لە منی دەکەن، جارێک لە لایەن بەعسییەکانەوە، ئاراستەی باوکم کرا. لە وەڵامیاندا فەرمووی: "وەرن بە قورئانمان لەگەڵ بکەن، بزانن ئەو زیاترە یان حوکمی زاتی."

پێشمەرگەکان شەش ئەندازیاریان گرتبوو. گیراوەکان ئەڵمانی، فەرەنسی و هی دەوڵەتێکی تر بوون. ڕۆژێک سەفیری ئەڵمانیا لە ئێران هاتە لای ئیدریس و داوای بەردانی ئەندازیارەکانی کرد، کاک ئیدریس گوتی: ئەوانە بەردەدەم، بەڵام تۆش بچۆ لەو هەشت هەزار کەسەی کە لە ئێمە گیراوە، یەک کەسمان بۆ ئازاد بکە کە هەموو بنەماڵەکانیان ئاوارەن، منداڵەکانیان بەبێ باوک و ژنەکانیان بەبێ سەرپەرشت ماون. ئیدریس پێی گوت: ئەوەیە دیموکراسی و مافی مرۆڤ کە ئێوە باوەڕتان پێیانە؟)

ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٥٨/٧/٢٦- ١٨/١٠/١٩٧٩دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئیدریس بارزانیی بڵاوکردەوە. ناوبراو لە بەشێکیدا سەبارەت بە بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەڵێت:

- (چونکە ئێمە میوانی میللەتی ئێرانین، بە هیچ شێوەیەک دەست لەکاروباری ناو ئێران وەرنادەین و داوا دەکەین گیروگرفتی گەلی کورد لەڕێی وتووێژ و ئاشتییەوە چارەسەر بکەن. داوای ئێمە لە کوردەکانی ئێرانیش ئەوەیە کە هەوڵبدەن گیروگرفتی خۆیان بە ڕێی ئاشتییخوازانە و برایانە لەگەڵ ئیمام خومەینی چارەسەر بکەن و ڕێگە نەدەن دوژمنانی میللەتی ئێران و دوژمنانی گەلی کورد کەڵکی خراپ وەربگرن. هەرچەشنە ڕێککەوتنێک لەم بوارەدا، یارمەتیدەرە بە یەکیەتی خاک و نەتەوەیی ئێران. ئێستا هەموو ئەوانەی کە ئێمە دەیبیسین لەچوارچێوەی ئیسلامیی و برایەتیدایە و هەروەک خوای گەورە لە قورئانیشدا دەڵێت: إنما المؤمنون إخوة "هەموو موسوڵمانەکان پێکەوە بران"، دیسانیش برای گەورە دەبێت لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەوە مافی برای بچوکی خۆی بدات، بەڵام ڕادەی دروستیی ئەو مافە لەلایەن نوێنەرانی ڕاستینی گەلی کورد و دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دیارییدەکرێت. ڕەنگە دوای خودموختاریی هەندێک گیروگرفت سەرهەڵبدات، بەڵام ئومێدەوارین بە هۆشیاریی هەموو خەڵکی ئێران، گرفتەکان چارەسەر بکرێن. ئەو خودموختارییەی کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردەکانە، بەڵام بوارەکانی سەربازیی، ئابووری و سیاسەتی دەرەوەیان لە دەست حکومەتی ناوەندییدا دەبێت.)

## ئیدریس بارزانی هەڤاڵ و دۆستی گەنجان و مێرمنداڵان

دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلول، ئیدریس و مەسعود بارزانی بە تەواوی لەسەر ئەوە ساخ ببوونەوە کە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، ڕوو لە لاوان و گەنجانی کوردستان بکەن. لەو چوارچێوەیەدا بوو کە کاتێک مەسعود بارزانی دەستی بە زیندوو کردنەوەی ئۆرگانەکانی پارتی دیموکرات کرد، سەرنجی تەواوی بە لاوەکاندا و بە ژمارەیەک لاوی نێو ڕێزەکانی پارتی دیموکرات ئۆرگانەکانی پارتی بوژاندەوە. لە ڕوانگەی ئیدریس و مەسعود بارزانییەوە لاوان کۆڵەکەی ڕاگرتن و گەشەپێدانی پارتی دیموکرات و شۆڕش بوون. ئیدریس بارزانی مامۆستایەکی دڵسۆز بوو، پێگەیەکی فرەوانی لەنێو لاواندا هەبوو و هەرگیز لە پەروەردەکردنی لاوان و بەرەوپێش بردنی ئەو ئەرکەیدا سڵی نەکرد. لەم بارەیەوە ئەدهەم عوسمان بارزانی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:



- (کاک ئیدریس قۆناخێکی سەختی ژیانی لە نەبوونی باوکیدا لە تەبعید تێپەڕاند و دواتریش بێگومان لە ژیانیدا زۆر بەسەختی ژیانی بردە سەر. من کە ئیدریسم بینی لە یەکەم بینینمدا هەستم کرد لەپێش مامۆستایەکی گەورە ڕاوەستاوم، لەپێش کەسێک ڕاوەستاوم کە دەتوانم لە هەر وشەیەک کە لە دەمی دەردەچێ بۆم ببێت بە وانەیەک، ببێت بە قۆناخێک لە

قۆناخەکانی فێربوون و پێگەیشتنی زیاترم. لەو ماوەیەدا کە لە ئێران بووین، بۆ ماوەی مانگێک و دوو مانگ بە بەردەوامی هەتا کاتژمێر ٢٤ی شەو ١ی بەیانی لەگەڵ کاک ئیدریس بووم. پیاوێکی سەنگین بوو لە پەروەردە کردندا، ئەگەر لە شوێنێک دەیزانی پێویستیم بە زانیاری هەیە، لە جیاتی کاتژمێرێک، چەند کاتژمێر لەگەڵم دادەنیشت و بەشێوەیەک دیاردەکانی بۆ شی دەکردمەوە کە بەقەناعەت بگەم. بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەگەر ئەمڕۆ بەشێک لە کارەکانی من وەک ئەدهەم بارزانی باش بن، باشییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیدریس کە من وەک مامۆستایەکی زانکۆ لێی فێری کوردایەتی بووم. جگەلەوە کە من خۆم پەیوەست بەو دەزانم، من نەمبینی لە هیچ کاتێکدا ناڕەحەت بێت، بە توڕەییش وەڵامم داوەتەوە و ڕەخنەم لێگرتووە، بەڵام ئەو هەوڵیدەدا من لەو حاڵەتە دەربێنێ و بگەم بە قەناعەت.)

مەحمود موسا محەمەد عومەر مێرگەسوری دەربارەی نزیکیی ئیدریس بە لاوان دەڵێت: (ئەوکاتەی لە کەرەج بوو، ڕۆژانی هەینی دەینارد و لاوەکانی کۆ دەکردەوە و دەیگوت با باوکیان نەیەت. هەموو جارێ ٢٠ تا ٣٠ کوڕە گەنجی لە هۆڵی ژێرەوەی ماڵەکەی کۆدەکردەوە و هەمووانی بە ناو و ناوی باوک و باپیر و مێژووی ژیانیان دەناسی. قسەی بۆ لاوەکان دەکردن و لە کارەکانی خۆیدا پرسی پێدەکردن و لە سەرکەوتنی کورددا هیوای پێدەبەخشین.)



هەرلەو بارەیەوە ئازاد سوڵتان شێروانی کە لە ساڵی ١٩٦٩وە چایچی مەلا مستەفا بارزانی و دوای ڕاوەستانی شۆڕش لەگەڵ ئیدریس بارزانی بووە، دەڵێت: (ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕش ڕاوەستا و ئێمە چووین بۆ ئێران، منیان بە

بنەماڵەوە نارد بۆ جهرم و دوای هەشت مانگ بۆ کاشان نەقل کرام. من منداڵەکانم لەوێ بەجێهێشت و هاتم بۆ کەرەج و لە خزمەت کاک ئیدریسدا بووم. کاک ئیدریس لە سەفەرەکاندا لەگەڵ هاوڕێکانی زۆر مێهرەبان بوو، بە قسەی خۆش و شیعر گوتن، نەیدەهێشت ماندوو بن، زۆر بە ئارامی قسەی دەکرد. لە ڕێگادا زۆر حەزی لە چایی و سەبیلە دەکرد. لەکن من دادەنیشت و چایی دەخواردەوە و سەبیلەکەی دەکێشا. کاک ئیدریس زۆر لەگەڵ گەنجان بوو. کە ئێوارە دەهات، یان ڕۆژانی هەینی دەیگوت گەنجەکانم بۆ کۆ بکەنەوە، بەڵام باوکیان نەیەت. لە ژێرخانی ماڵەکەیان لە کەرەج، بە ڕیز دادەنیشتن و لەو کوڕە گەنجانەی دەپرسی، شیعری بۆ دەخوێندنەوە و مێژووی کوردی بۆ شی دەکردنەوە و لە کاروباری ژیان و خەباتی ڕۆژانەیدا قسەی بۆ دەکردن. کاک ئیدریس هەموو ئەو گەنجانەی بە بنەماڵە و باوک و باپیرانیانەوە دەناسی.)

لە جێیەکی تردا سەبری دەروێش عومەر کوڕی دەروێش عومەر ئەرگوشی یەکێک لە هەڤاڵانی سەرۆک بارزانی لە یەکێتی



سۆڤیەت کە ساڵی ١٩٥٢ لە تاشکەند لەدایک بووە و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ دایک و باوکی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بۆ ماوەیەک بەرپرسی لقی چواری پارتی بووە لە ئێران و ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە، دەڵێت: (بەرلە ڕوخانی ڕژێمی شا، کاک ئیدریس بەتوندی لەژێر چاودێری ساواکدا بوو. دوای ڕاکردنی شا لە ئێران و

سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، هەندێک ئاسایشی پەیدا کرد. کاک ئیدریس زیاتر لە ڕاژان و سلیڤانا بوو، بەڵام کاتێک دەگەڕایەوە بۆ کەرەج زۆر سەرنجی بە بینینی خەڵک و بەتایبەتی لاوان دەدا. هەر چەندە بە بەردەوامی سەرقاڵی بینینی کوردە پەنابەرەکان، ڕۆژنامەنوسان، نوێنەرانی باڵیۆزخانەی وڵاتان و بەرپرسانی ئێرانی بوو، بەڵام ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی لە ماڵەکەی خۆی دادەنیشت، لە سەرتاسەری ئێرانیەوە دەهاتنەلای. تایبەتمەندییەکی سەیری هەبوو، ئەوانەی بۆ جاری یەکەم دەهاتنەلای، ناوی دەپرسین و ناسیاوی لێ وەردەگرتن، بەڵام ئەگەر بۆ جاری دووەم دەهاتنەوە لای، بەناوی خۆیان قسەی لەگەڵیان دەکرد و لە حاڵ و وەزعی خۆیان و بنەماڵەکانی دەپرسی. لەگەڵ ئەوەشدا لە بچووکترین کات بۆ دیتنی کوردە گەنجەکانی کەرەج و شارەکانی دەوروبەری کەڵکی وەردەگرت. لەگەڵیان کۆ دەبۆوە و ئامۆژگاری دەکردن کە بەروە مادە هۆشبەرەکان نەچن و ڕوو لە کوردایەتی بکەن. مێژووی ڕووداوەکانی کوردستانی بۆ شی دەکردنەوە و یەکەم داخوازی لە لاوان ئەوە بوو کە بەرە خوێندن بچن و خۆیان پەروەردە بکەن. هەموو ئەوانەی دەچوونە لای کاک ئیدریس بەورەیەکی تازەو بەهێز ماڵئاواییان لێدەکرد.

زۆر جار خەڵکم بردۆتە لای کاک ئیدریس، بۆ نمونە جارێک لەگەڵ وەفدێکی "ڕێکخراوی عەملی ئیسلامی" کە حیزبێکی دژبە ڕژێمی سەدام حوسێن بوو، چوومە لای. لە گەڕانەوەدا بە گوێی خۆم بیستم کە یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکە، بە هاوڕێکانی خۆی گوت: "هەرجارەی دێمە لای کاک ئیدریس، شتێکی تازەی لێ دەبیسم." هەروەها خوشحاڵ بوون بە لێکدانەوە سیاسییەکانی کاک ئیدریس و زمانی ڕەوانی ئەو.)

هەروەها مەحمود عەزیز حوسێن کە لەگەڵ عەزیز میرخانی باوکی لە کەرەج ژیاوە، دەربارەی کۆبوونەوەکانی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی لەگەڵ لاوان دەڵێت: (من خۆم بەشداریم لەو کۆبوونەوانە کردوە کە جاروبار نەک هەمیشە کاک ئیدریس لەگەڵ لاوانی شاری کەرەج و دەوروبەری پێکیدەهێنا. کۆبوونەوەکانی گەرم و دۆستانە بوون، وەک یەک بنەماڵە دادەنیشتین و سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و جیهان باسی بۆ دەکردین. باسی لە هەژاریی خەڵکی کوردستان دەکرد و ئێمەی بە دواڕۆژی کوردستان هیوادار دەکرد. ئامۆژگاری دەکرین لەگەڵ مرۆڤی خراپ نەکەوین. دەیگوت لەگەڵ ئەوجۆرە مرۆڤانە، ئەگەر خۆشتان خراپ نەبن، ناوتان بە خراپ دەردەچێت. باسی مەترسییەکانی مادە هۆشبەرەکانی بۆ دەکردین و داوای دەکرد بەرەو خوێندن و خۆپەروەردە کردن بچین. لەگەڵ کۆمەڵێک قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ و پێکەنین و ڕاپرسی لە ئێمە.)



## کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٢ بە بەشداریی ٣٣٢ نوێنەر پێکهات، کۆنگرەکە سەرەتا لە دەربەند لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە پارێزگای ورمێ لەناو ڕەشماڵدابوو، بەڵام دواتر بەهۆی باران و خراپی کەش گوازرایەوە بۆ کۆمەڵگای زێوە و ١٢ رۆژی خایاند. مەبەست لە پێکهاتنی کۆنگرە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕایەوە:

- کوچی دوایی سەرۆک مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران و بەدەسەڵات گەیشتی کۆماری ئیسلامی و ئایەتوڵا خومەینی لە ئێران.
- دوو دڵ بوونی ڕێبەرانی پارتی دیموکرات بە تێروانینی ڕژێمی نوێ سەبارەت بە شۆڕشی کوردستان

لەناو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتدا، دوو ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بە پێکهێنان و پێکنەهێنانی کۆنگرە لە ئارادا بوو. بەڵام سەرەرای ئەم دوو ڕوانینە، بڕیاردرا کۆنگرە پێکبێت. ئەو دوو ڕوانگەیە لە ناکۆکییەکەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتدا هەبوو، هەرچەندە ناکۆکییەکە فیکری نەبوو، بەڵام جیابوونەوەی لە پارتیدا پێکهێنا. سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵ ژمارەیەک لە پارتی جودا بوونەوە و ساڵی ١٩٨١ پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند، بەڵام دواتر حیزبەکەیان هەڵوەشاندەوە و تێکەڵ بە پارتی بوونەوە و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتیش ناوی خۆی کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستان "یەکگرتوو".

لەو کۆنگرەیەدا وەفدێکی حزبی شیوعی بە سەرۆکایەتی ئەبو حیکمت بەشداریی کۆنگرەیان کرد و وتاریان خوێندەوە. هەروەها بروسکەی پارتەکانی کوردستانی تورکیا و سوریا خوێندرایە. کۆنگرە لە ڕەوتی کارەکانیدا ئەم بڕیارانەی خوارەوەی پەسند کرد:

- ڕێبازی پارتی دیموکراتی لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورددا پەسند کرد.
- بڕیاریدا پارتی دیموکرات ڕۆڵی ناوبژیوان لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێراندا ببینێت.
- کۆنگرە بڕیاریدا بۆ چڕکردنەوەی خەبات بە دژی ڕژێمی بەعسی عێراق، هەوڵی دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی و بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی بدات.
- کۆنگرەی نوێیەم توراسی فیکری بارزانی نەمری کرد بە سەرچاوەی فیکری و چەند گۆڕانیشی لە پرۆگرامی حیزبدا کرد.
- کۆنگرە بەکۆی دەنگ مسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی و ٢١ ئەندامیشی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد و مەکتەبی سیاسیی پارتیش لەم ئەندامانە پێکهات: عەلی عەبدوڵا، نوری شاوەیس، فازل میرانی، دوکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، فەلەکەدین کاکەیی، ڕەئیس عەبدوڵا.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی عەلی عەبدوڵا بۆ پۆستی سکرتێری پارتی، محەمەد مەلا قادر دەڵێت: **(کاتی پێکهاتنی کۆنگرە، نوری شاوەیس لە بریتانیا بوو، دەیانویست لەنێوان عەلی عەبدوڵا و نوری شاوەیسدا یەکێکیان ببێتە سکرتێر، عەلی عەبدوڵا پێیدادەگرت کە نوری شاوەیس بێت، عەلی عەبدوڵا و ئیدریس بارزانی تەلەفۆنیان بۆ نوری شاوەیس کرد و ئەویش داوای کرد عەلی عەبدوڵا خۆی ئەو پۆستە وەرگرێت.)** محەمەد مەلا قادر لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: **(لەو کۆنگرەیەدا کۆمیتەکان**

هەڵوەشانەوە و لە جیاتی پێنج لق دامەزران: لقی یەک لە بادینان: جرجیس حەسەن، لقی دوو لە هەولێر: خورشید شێرە، لقی سێ لە کەرکوک: ملازم یونس ڕۆژبەیانی، لقی چوار لە سلێمانی: محەمەد مەلا قادر، لقی پێنج لە بەغدا: ڕەشید عارف.)

سەبارەت بە ئامادە کارییەکان بۆ کۆنگرەی نۆیەمی پارتی و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لەودا، حەمید شەریف موسا دەڵێت: (لە ساڵی ١٩٧٩دا بۆ جاری دووەم چاوم بە خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی کەوت. ئەوکاتە ئێمە قیادەی موەقەت بووین و چووین بۆ بەشداریی کردنی لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات، سەرەتا لە خوێندنگەی زێوە چاوم بە کاک ئیدریس کەوت. سەلیم ئەسعەد هات و گوتی کاک ئیدریس پرسیاری تۆ دەکات. من چووم و بە خزمەتی گەیشتم. ئەوکاتە پێشمەرگەمان کەمبوو، هەموومان بە سەرکردە و پێشمەرگەوە یەکترمان دەناسی. سامی عەبدولرەحمان، عارف تەیفور، کەریم سنجاری و جەوهەر نامیق لەوێ بوون. ئیدریس ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی لە ئەستۆ بوو. لە باشور و ناوەندی ئێرانەوە تا دەگاتە ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستان، نوێنەریان بۆ کۆنگرە کۆکردبۆوە. سەرکردایەتی پارتی کارەکانی بەم جۆرە دابەشکردبوو کە کاک ئیدریس سەرپەرەشتی کوردە ئاوارەکانی ئێرانی دەکرد و کاک مەسعود کاری پێشمەرگەکانی ناوخۆی کوردستانی عێراقی بەڕێوەدەبرد و ئەو کەسانەش کە ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، هاوکاریی کاک مەسعودیان دەکرد.)

## بۆمبارانی کۆمەڵگای زێوە

گەڕانەوەی هێزەکانی پارتی دیموکرات بۆ ناوچەکانی ورمێ، مهاباد، شنۆ و نەغەدە و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارانە و کردنەوەی کۆمەڵگای زێوە لە چل کیلۆمەتری شاری ورمێ بۆ ئەو پەنابەرانە لە لایەک و وەشاندنی زەبری قورس و ڕۆژانەی پێشمەرگەکان لە سوپا و جاشەکانی عێراق لە لایەکەی تردا، ڕژێمی سەدام حوسێنی شەلەل کردبوو. لەبەر ئەوە بە بەردەوامی چیاکانی کوردستان و ئەو شوێنانەی بۆمباران دەکرد کە گومانی هەبوونی پێشمەرگەیان لێ دەکرا. بە بۆمبارانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق لە چیاکانی کوردستاندا، نەیدەتوانی پێش بە چالاکییەکانی پێشمەرگە بگرن. لەبەرئەوە سەدام حوسێن و سەرکردایەتی حیزبی بەعس بۆ زەبرلێدان لە ورەی پێشمەرگە و بەچۆکداهێنانی بزوتنەوەی کورد و هەروەها بە مەبەستی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد، پەنایان بۆ تاوانێکی گەورەی تر برد.

لە ڕۆژانی ١٩٨٣/٧/٣١ تا ١٩٨٣/٨/١٠ پەلاماری کۆمەڵگای قوشتەپەیدا و پتر لە ٨٠٠٠ بارزانی نێرینەی لە تەمەن ١٠ ساڵەوە گرت و بە ئوتۆمبیلی بارهەڵگری سەربازیی بردنی بۆ بیابانەکانی باشوری عێراق و زیندەبەچاڵی کردن.

تاوانی ڕژێمی بەعس و ئەو زیانە زۆر و قەرەبوونەکراوەی کە سەدام حوسێن لە بنەماڵەی ئەو ٨٠٠٠ مرۆڤە و بارزانییەکان و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی کوردی دا، ویژدانی هەموو مرۆڤدۆستانی کورد و بێگانەی بریندار کرد. سەیر ئەوەیە کە ئەو کارەساتە سامناکە نەیتوانی لە کاتی خۆیدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە جیهاندا هوشیار بکاتەوە و پێش بە سەرەڕۆیی و تاوانەکانی سەدام بگرن و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی سەر بە

نەتەوەیەکگرتووەکان نەهاتن لەو کارەساتە بکۆڵنەوە و دەستی سەدام حوسێنیان بۆ تاوانی گەورەتر والا کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارەساتە چۆکی بە پێشمەرگە و سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دانەدا و شۆڕشی گوڵان بە بەردەوامی لە گەشەسەندندا بوو کە ڕژێمی بەعس سەرلەنوێ پەنای بۆ تاوانێکی تر برد. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ چوار فڕۆکەی شەرکەریی عێراق خۆیان گەیاندە بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان و کۆمەڵگای پەنابەرانی زێوەیان بەتوندی بۆمباران کرد. لە ئەنجامی ئەو بۆمبارانە دڕندانەیەدا ١٥١ شەهید و ٣٧٢ کەسیش بریندار بوون کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون. لەم بارەیەوە بەسنا حەسەن سپینداری دەڵێت:



- (مانگی ڕەمەزان بوو، ئێمە لە مەدرەسەی کۆمەڵگای زێوەدا بووین. دووگیان بووم و چاوەڕوانی منداڵم دەکرد. لەبەر دەرگای مەدرەسەکە چاوم بە مام لەشکری حوسێن کەوت، گوتی: بروسکە هاتووە کە تەیارە دێت لێمان دەدا. هێشتا قسەکانی تەواو نەببوو کە تەیارە هات و بۆمبێکی بەسەر مەدرەسەکەدا فڕێدا. بۆمبەکە چوو لە دەشتەکە کەوت و هەموو پەنجەرەی ماڵەکانی شکاند. منداڵەکانم نوستبوون، چوار ساچمە بە پەنجەرەکەدا هاتبوون بۆ ژورەوە و مافورەکەمانی سوتاند، بەڵام مام لەشکری منداڵەکانمی ڕزگارکرد. لەو دەمەدا ئیدریس و مەسعود گەیشتنەجێ، خەڵکەکە نارەحەت بوون و دەیانگوت: ئێوە

نابێ لێرە لەم ئاگرەدابن، بەڵام ئەوان وەڵامیان نەدایەوە و لەگەڵ خەڵکەکە جەنازەکانیان کۆکردەوە و شاردیاننەوە. من خۆم سێ ساچمەم وەسەر و باسک و ڕان کەوت و منداڵەکەشم لە زگمدا مرد. بردیانمە نەخۆشخانەی ورمێ. هەر ئەو کاتە، لە بۆمبارانەکەدا ١٣٠ کەس شەهید و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. خەڵکی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ناوچەکە بە هەموو ئیمکاناتی خۆیان یارمەتیان کردین، لە شاردنەوەی شەهیدەکان و گەیاندنی ئێمە بۆ نەخۆشخانەکان.)

هەرلەو بارەیەوە ئامینە محەمەد سەعید بێرۆخی دەڵێت: (ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ کە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراق کۆمەڵگای زێوەیان بۆمباران کرد، من خەریکی کڕینی کەلوپەلی خواردن بۆ منداڵەکانم بووم کە یەکێک لە بۆمبەکان لەماڵەکەی ئێمە کەوت و لە ئاکامدا شەش نەوەم و هاوسەری ڕەشیدی کوڕم شەهید بوون و هاوسەری مامەندی کوڕیشم و دوو نەوەی تریشم بریندار بوون.)



کاتی بۆمباران کردنی کۆمەڵگای زێوە من لەگەڵ کاک خالید ڕەزازادە و زێنەب خانی هاوسەری و چەند کەسی تر لە دەشتی بەرازگر، میوانی پارتی دیموکرات بووین. بەرلە بۆمبارانی زێوە، فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق، هەر ڕۆژەی جێیەک و ناوچەیەکیان بۆمباران دەکرد، لەگەڵ هەڵدانی پێنج گوللەی خۆمپارە بۆ ئەو ناوچانەی کە گومانی لێبوونی مقەڕی پێشمەرگەی لێدەکرا کە من خۆم بە یەکێک لەو گوللە خۆمپارانە باسکی ڕاستەم بریندار بوو.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٨، کاک خالید پێیڕاگەیاندم کە زێنەب خانی هاوسەری دووگیانە و پێویستی بە یارمەتی هەیە. داوام لە خەلیفە محەمەد جێگری دوکتۆر سەعید ئەحمەد بەرپرسی لق لە مقەڕی حەیات کرد. ئەو برینپێچێک و چەند پیرەژنی نارد، بەڵام چونکە زێنەب نەیدەتوانی بە شێوەی ئاسایی منداڵی ببێ، ئەوان نەیانتوانی یارمەتی بکەن و سەرئەنجام منداڵەکەی ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٩ بە مردوویی بوو کە ناومان نا حەیات و لە گۆڕستانی گوندە وێرانکراوەکەی حەیات بەخاکمان سپارد.

لەو ڕۆژە ناخۆشەدا کە کۆمەڵگای زێوە لە ئاگر و خوێندا بوو، دوو فڕۆکەی شەڕکەری عێراق هاتنە سەرمان و هەموو ناوچەکەیان بە بۆمبی پرژۆڵ و سوتێنەر بۆمباران کردو هەموو دارو درەخت و زەوییەکانی دەشتی بەرازگریان سوتاند. ئاگر لە هەموو جێیەک بەرز دەبۆوە، ئەوان ڕەحمیان بە هیچ بونەوەرێک نەکرد. بۆمبێک لەسەر تەپۆڵکەی پشت چادرەکانی ئێمە کەوت و کۆمەڵێک پریشکی بەسەرماندا باراند و یەکێک لە پریشکەکان زێنەبی پێکا.

## هەڵوێستێکی کوردانەی ئیدریس بارزانی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٩٨٤/١/٢٢ بە بەشداریی ٢٣٠ نوێنەر لە گوندە وێرانکراوەکەی "گەڵاڵە" لە ناوچەی شینکایەتی سەربە پارێزگای سلێمانی کۆنگرەی شەشەمی خۆی پێکهێنا. پێنج مانگ بەرلە پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەم، دوکتۆر قاسملوو لە نیوەی دووەمی مانگی ئاوگوستی ١٩٨٣دا، نامیلکەیەکی تیۆریی لەژێر ناوی **"کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم"** لەلایەن کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزب بڵاوکردەوە کە لە کۆنگرەی شەشەمدا بیکات بە ڕێبازی دوارۆژی حیزبی دیموکرات. لە کۆنگرەدا دەنگ بۆ نامیلکەی کورتەباس وەرگیرا، کاتی دەنگدان لە ٢٣٠ ئەندامی نوێنەر، ٢٠٨ ئەندام لە هۆڵی کۆنگرەکەدا بوون. بەشێک لەو ٢٢ کەسەی کە هۆڵەکەیان بەجێهێشتبوو، دژی کورتەباس بوون، بەڵام بۆ ڕاگرتنی دڵی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندیی، بەشداریی دەنگدانیان نەکرد. دوای دوو جار ژماردنی دەستی ئەندامانی بەشدار، دەرکەوت لەو ٢٠٨ کەسە، ١٠٦ کەس دژی کورتەباسن. لەو ژمارەیە ١٤ کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو بوون.

دوکتۆر قاسملوو بە لەژێر پێنانی دیموکراتیی، بە زۆرەملی کورتەباسی بەسەر نوێنەرانی کۆنگرەدا سەپاند. دوکتۆر سادق شەرەفکەندی بە ڕاشکاوی گوتی: "ئەگەر کورتەباس پەسند نەکەن، من و دوکتۆر قاسملوو حیزبی دیموکرات بەجێدەهێڵین." بەم جۆرە نوێنەرانیان ناچار کرد کە کورتەباس قبووڵ بکەن. من و کاک فەریدون میتران و دوو سێ کەسی تر کە دژی کورتەباس بووین بە ناچار ملمان دا.

دوای کۆتایی کۆنگرە، ڕاونانی بیرجیاوازان لە حیزبی دیموکراتدا دەستی پێکرد و ژمارەیەکی زۆریان ناچارکرد حیزب بەجێبهێڵن. بەشێکیان چوون تەسلیمی ڕژێمی ئێران بوون و ژمارەیەک چوونە لای ڕژێمی عێراق و چەند کەسێک خۆیان گەیاندە ئەوروپا. دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەم، ڕۆژی ١٩٨٤/٧/١٧، پیلینۆمی دووەمی دوای کۆنگرەی شەشەمی پێکهێنا. لەو پیلینۆمەدا، من و کاک فەریدون و سێ کەسی تریان "بە تاوانی لەژێرپێنانی دیسیپلینی حیزبیی" لە حیزبی دیموکرات دەرکرد.

دوای دەرکردنمان لە حیزب، من چووم لە کۆمەڵگای کارێزە ماڵێکم لە کاک ئیبراهیم خەڵکی گوندی قامیش بەکرێ گرت. چەند ڕۆژ دوای نیشتەجێ بوونم لەو ماڵەدا، شەوێک کاک ئیبراهیمی خاوەن ماڵەکەم و کەسێکی تر بەناوی حاجی عوسمان هاتنە لام. حاجی عوسمان خۆی وەک ئەندامی لیژنەی پارتی دیموکرات ناساند و گوتی لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لە خەڵکی دڕی و قامیش کار بۆ پارتی دەکەن. حاجی بە تەواویی ئاگای لە کێشەکانی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات هەبوو، دەیزانی من و ژمارەیەکی تر لە لایەن حیزبەوە دەرکراوین. گوتی لە لایەن ئیدریس بارزانییەوە هاتووە تا ئەگەر خۆم و هاوڕێیانم پێویستییمان پەیداکرد، ئاگاداریان بکەینەوە. داوای کرد لە حکومەتی عێراق نزیک نەبینەوە و هەوڵبدەین لەسەر پێی خۆمان بوەستین. گوتی ئامادەن هەندێک پارە بە ئێمە بدەن کە کاسبی پێوە بکەین. دوای ئەو چاوپێکەوتنە، کاک ئیبراهیم هات و گوتی ئامادەیە دە هەزار دینارمان بداتێ کە کاسبی پێوە بکەین و لە قازانجەکەشی شتێک بەو بدەین. من مەسەلەکەم بۆ کاک فەرەیدون گێڕایەوە و دە هەزار دینارەکەمان وەرگرت کە گۆڕینەوەی دینار و تمەنی پێبکەین.

لەو سەردەمەدا جۆرێک ئاگربەس و وتوویژ لەنێوان یەکێتی نیشتمانی و حکومەتی سەدامدا هەبوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا وتوویژەکان کەم ڕەنگ بوونەوەو هەر ڕۆژەی دەنگۆیەک دادەکەوت کە ڕژێم دێتو کۆمەڵگای کاریزە دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە من و کاک فەریدون و خالید ڕەزازادە و دوو سێ کەسی تر ناچار بووین، ئەو کۆمەڵگایە بەجێهێڵین.

بە یارمەتی حاجی عوسمان و کاک محەمەد ناوێک کە لە سلێمانی لە ڕووبەڕووی مزگەوتی گەورە وماڵەکانی بنەماڵەی شێخ مەحموددا دەژیا و شۆفیر بوو، ئێمە چووین بۆ ناوچەی ژێردەسەلاتی پارتی دیموکرات و لە حەیات و دەشتی بەرزاگر گیرساینەوە. لەوێوە من چووم بۆ شنۆ و ڕۆژی ١٩٨٥/٧/١٩ لە ناوەندی پێوەندییەکانی پارتی دیموکرات کە مولازم بابەکرد زێباری بەرپرسی بوو، بە خزمەت کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی گەیشتم و دوای سێ ڕۆژ گەڕامەوە بۆ دەشتی بەرازگر.

خالید ڕەزازادە بەرپرسی وەرگرتنی ئازوقە و خواردەمەنی ئێمە بوو لە بنکەی حەیات. هەموو جارێ ئەو دەچوو پێداویستییەکانی ئێمەی وەردەگرت. ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٣ کاک خالیدنەیتوانی بچێتو پێشمەرگەیەکیتر گوتی من دەچم. منیش خۆم ئامادەکرد کە لەگەڵ ئەو بچم و لە ڕوباری حەیات بمێنمەوە و تا ئەو دەگەڕێتەوە مەلە بکەم. ئەو چوو، دوای ماوەیەکی کورت بەپەلە گەڕایەوە و گوتی: (کاکە زوو لیباسەکانت لەبەر بکە با بڕۆین.) پرسیم چی بووە؟ گوتی: (پاسدارێک کە پێشتر زیندانیی حیزبی دیموکرات بووە و ئازادیان کردوە، منی ناسییەوە. ئەوان منیان گرت و بردمیان بۆ بنکەی فەرماندەکەیان و خەریکبوون دەستبەسەرم بکەن کە مام خەلیفە و پێشمەرگەکانی پارتی ڕزگاریان کردم.)

باوەڕم بەو پێشمەرگەیە نەکرد و بە ئارامیی خۆم کۆکردەوە و گەڕاینەوە بنکەکەمان لە دەشتی بەرازگر. کەچی دوای ماوەیەک بۆم دەرکەوت ئەو ڕاستی کردوە. دوای دەرچوونی ئەو لەو گرفتە، پاسدارەکان مام خەلیفە ڕادەگرن و داوای منی لێدەکەن. هەر ئەوکاتە دوو هێلیکۆپتەر لە ورمێوە دەنێرن کە من و هەڤاڵانم بگرن و بمانگەڕێننەوە بۆ ئێران. دۆکتۆر سەعید ئەحمەد بارزانیی بروسکەیەک ڕەوانەی کاک ئیدریس دەکات و لێی دەپرسێت کە چی بکەن کە ئەو دژی ڕادەستکردنی ئێمە دەوەستێت.



لەم بارەیەوە ڕەزا خالید محەمەد لە دایکبووی ١٩٥١ی گوندی ژۆکسات لە قەزای ڤریویسکی "ئەلمەزار" لە ئۆزبەکستان. کوڕی ڕەزا و برازای بابەکر محەمەد زوبەیر بارزانی، دوو خەباتکاری شۆڕشی ١٩٤٣- ١٩٤٥ی بارزان و کۆماری کوردستان و دوو هەڤاڵی بارزنی لە ڕوسیا کە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ بنەماڵەکەی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و ساڵی ١٩٦٩ لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چووەتە ڕیزی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوکاتە کادیری ی ناوچە و بەرپرسی سنوری باسیا بوو، لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

**- (هاوینی ساڵی ١٩٨٥ بوو. حامید گەوهەری لەگەڵ پێنج کەسی تر لە قواتی بارزان لە دەشتی بەرزاگر بوون و مقەڕی دوکتۆر**

سـەعید و خەلـیفەش لە گونـدی حەیـات بـوو. ڕۆژێـک سـوپای پاسدارانـی ئێران دوو هێلیکۆپتەری ناردبوو کە کـاک حامید و ئەو پێنج کەسە بگرێ و بیانگەڕێنێتەوە بۆ ئێران. پاسدارەکان مام خەلیفە محەمەدیان گرت و گوتیان تا ئەوانەمان نەدەنەوە، ئێمە خەلـیفە مـحەمەد ئـازاد نـاکەین. دوکتـۆر سـەعید وەسـتابوو و نەیدەزانی چ بکات. ناچار بوو بروسکەیەک بۆ کاک ئیدریس بکات. نـزیکەی نیـو کـاتژمێری پێچـوو، وەڵامـی بروسـکەکە گەڕایەوە. نوسـیبووی: "دەوری پاسـدار و هێلیکۆپتەرەکـان بـدەن و بە پاسدارەکان بڵێن، سوار بن و بگەڕێنەوە. ئەگەر خەلیفەیان ئازاد نەکرد و نەگەڕانەوە لێیان بدەن."

ئێمە بە کادیر و پێشمەرگە بە دۆشکە و ئارپیجی و کلاشینکۆف دەوری پاسدارەکانماندا و گوتمـان: ئەمرمـان بـۆ هـاتووە، ئەگەر



خەلـیفە ئـازاد نەکەن و نەگەڕێنەوە، لێتان دەدەین. ئەوان کە بینیـان هەڕەشەکەمان جیـددییە، خەلـیفە محەمەدیـان بەردا و سوار بوون و گەڕانەوە.

لەو کاتەدا کە هەموو ماڵ و منداڵ و بنەماڵەی بارزانییەکان لە ئێران بـوون، بە بـڕوای مـن ئەگەر قاعیدێکی زۆر جەسور نەبێ، ناتوانێ بڕیارێکی بەو جۆرەی وەک کـاک ئیدریس بدات.) هەرلەو

بارەیەوە کاک ڕێبوار سەلیم کە ئەویش یەکێک بوو لە کادیرانی ناوچە و لە حەیات بوو و لەم وێنەیەدا، لەگەڵ خەلیفە محەمەد لە دەستی ڕاستی من ڕاوەستاوە، دەڵێت:

- (ئەوەی کاک ڕەزا باسی لێوەدەکات، بە تەواوی ڕاستە، چونکە هەموو لایەک لە ناو پارتی و تەنانەت ئێرانیش بە بڕیاری کاک ئیدریسیان دەزانی و بۆیان ڕوون بوو کە ئەگەر ئەو بڕیارێک بدات، جێبەجێشی دەکات و لێی پاشگەز نابێتەوە. هەر ئەوەش بوو کە ئێرانییەکان کە ناوی کاک ئیدریسیان بیست و بینیان ئێمە دەورمان داون، خەلیفە محەمەدیان ئازاد کرد و سواری کۆپتێرەکانیان بوون و ڕۆیشتن.)

## بەرەی کوردستانی

لە بەشی (کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان)دا ئاماژەم بۆ بڕیارێکی ئەو کۆنگرەیە کرد کە دەڵێت: (کۆنگرە بڕیاریدا بۆ چڕکردنەوەی خەبات بە دژی ڕژێمی بەعسی عێراق، هەوڵی دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی و بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی بدات.) جگە لەو بڕیارەی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکرات، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کە دژی پارتی دیموکرات بوو، لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی لەم چەشنە بوو. لەبەر ئەوە، هەریەک لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەرەیەکی جیاواز لە یەکتریان پێکهێنا.

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٢ لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و حیزبی بەعسی عێراق "دەرەوەی دەسەڵات"، بەرەی وەتەنی قەومی دیموکراتی "جوقد"ی لە دیمەشق دروستکرد. ئەم بەرەیە بەهۆی ناکۆکی لەنێوان ئەندامانیدا هەڵوەشا.

لە لایەکەی تریدا، شازدە ڕۆژ دوای پێکهاتنی بەرەی "جوقد"، پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی ١٩٨٠/١١/٢٨ لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی سوسیالیستی کوردستان و پارتی سوسیالیستی کورد بەرەی وەتەنی دیموکراتی "جود"ی لە ڕاژان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکهێنا. ئەم بەرەیە هەتا ساڵی ١٩٨٦ و پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بەردەوام بوو.

سەرئەنجام دوای شەڕ و پێکدادانێکی چەند ساڵەی ئەو دوولایەنە، بە هەوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران، شەڕەکانیان بەکۆتا هێنا و ئیدریس بارزانی کە دواتر مام جەلال نازناوی ئەندازیاری ئاشتی لەسەرنا، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ئەو دوو حیزبەی پێکەوە ئاشت کردەوە. دوو ساڵ بە دوای ئەو

ئاشتبوونەوەیەدا لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، پارتی سوسیالیستی کوردستان، پارتی سوسیالیستی کورد، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان توانیان لە بەرەیەکدا کۆببنەوە کە ناوی بەرەی کوردستانی بوو. لەم بارەیەوە لە ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا نوسراوە:

- (لە سەرەتای مانگی ئەیاری ئەمساڵدا، پاش نزیکەی دوو ساڵ هەوڵ و کۆششی خێرخوایانە و دڵسۆزانەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی کورد لە خوارووی کوردستاندا بەیانی پێکهاتنی بەرەی کوردستانیی ڕاگەیندرا. بەرەی کوردستانی عێراقی کە لە پێنج حیزبی کوردستانی و حیزبی شیوعی عێراقی پێکهاتووە، وەک لە بەیانی ڕاگەیاندنی پێکهاتنی "بەرە" دا دەستنیشان کراوە، "بەرە" بۆ: ڕێبەری کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بۆ یەکخستنی هێز و دامودەزگاکانی شۆڕشەکەی پێکهاتووە کە وەک ئامرازێکی تاقیکراوە و کاریگەر هێزەکانی کوردایەتی یەکبخات و بەرەنگاری ڕژێمە ڕەگەزپەرستە فاشییەکانی عێراقی پێ بکاتەوە. بەرە وەک لە بەیاننامەکەشیدا تەئکیدی لەسەر کراوە، بریتی نیە لە کۆی ئەو هێزانەی پێکیان هێناوە، بەڵکوو لەوە گەورە و بەولاوەترە، چونکە تەعبیر لە ویست و خواستی گەلەکەمان و بەرژەوەندییە بەرینەکانی دەکات، ئەوەی لە هەمووی گرنگتر بێت "بەرە بۆ یەکەم جار و بەبێ پێچ و پەنا بەدەستخستنی مافی دیاری کردنی چارەنوسی گەلی کوردی کردۆتە دروشمی سەرەکی و بنەڕەتی خۆی". بەپێی ئەوەی کە چارەسەری مەبدەئی و ڕاستەقینەی مەسەلەی کورد ناکرێ، بەدەستخستنی مافی دیاری کردنی چارەنوسی گەلی کورد نەبێت. وەک چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە و بنەڕەتی و ڕەوای ئەو مەسەلەیە....تد.)

جگەلەوە، کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی عێراق لە وتووێژێکیدا کە ڕۆژی ٢٠١٣/٤/٢٥، لە سایتی "ئاگا پریس"دا بڵاوکرایەوە، دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، دەڵێت:



- (لەپێناو بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کورددا حزبی شیوعی دەستی کرد بە نامە و نامە گۆرینەوە لەگەل یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و داوای یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکانی لە بەرەیەکی کوردستانیدا لێکردن، بۆیشی روون کردبوونەوە کە چ بەرەیەك و چ جۆرە مافێکی نەتەوەییان دەوێ وەک پێویستی بەرەیەکی وایان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاز کرد لەمەڕ هەمان ئەو ئامانجانە و سەرکردایەتی "پدک" قەناعەتی بەو پێشنیارانە هێنا و شەهیدی تێکۆشەر ئیدریس بارزانی تەواوی ئامادەیی خۆی نیشاندا و پێشنیازەکەشمان بۆ دروستبوونەوەی پێوەندیەکی باشی ئەوان لەگەڵ "ینک" دا سەرکەوتوو بوو و رێخۆشکەریش بوو بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بە کردەوەش چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بۆ وتووێژکردن لەمەڕ دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی و لەسەر بەرنامەکەی بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.)

لەگەڵ ئەوەدا کە جەلال تالەبانی و هێزە سیاسییەکانی تریش ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پێکهاتنی بەرەی کوردستانیدا، بەڵام ئیدریس بارزانی بە ئەندازیاری بەرەی کوردستانی ناوبانگی دەرکرد. لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر دەڵێت:

- (لە ساڵی ١٩٨٦ لە ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی، ئیدریس بارزانی سەرۆکی شاندی پارتی بوو کە لەگەڵ مام جەلال دانیشتن، بەدەسپێشخەریی کۆماری ئیسلامی ئێران لەمانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٦ ئاشتبوونەوەیان ڕاگەیاند، دوای شەڕێکی ناوخۆیی دوورودرێژ. لەوکاتەدا یەکێتیەکان بە "ئەندازیاری ئاشتی" ناوی کاک ئیدریسیان دەبرد.) هەرلەم بارەیەوە دوکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێت:

- (لە ساڵی ١٩٧٦دا یەکێتی نیشتمانی لە لایەک و قیادەی موەقەت لە لایەکی تر دژی یەکتر بوون. دە ساڵ شەڕی یەکتریان کرد، هەتا ئێران لە ساڵی ١٩٨٦ڕێکی خستن. ئیدریس بارزانی ڕەحمەتی لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوتنەکەیان ئیمزا کرد و بەرەبەرە لەگەڵ حیزبەکانی تریش ساڵی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانیان دامەزراند.)

بەرەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو بۆ نەتەوەی کورد لە پێکهێنانی یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکانی باشوری کوردستان و بەدەستخستنی دەستکەوتی شایان لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشوری کوردستان و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا.

## کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە تاران



عەلی عەبدوڵا، ئیدریس بارزانی و دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی لە کۆنگرەی پشتیوانانی گەلی عێراق ١٩٨٦/١٢/٢٤ – ١٩٨٦/١٢/٢٨ لە هۆتێل لالەی تاران

سوپای عێراق بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو بە ناوی "قادسیەی سەدام" و "جەنگی بەرگریی" ڕۆژی ١٩٨٠/٩/٢٢ لە زەوی و ئاسمانەوە پەلاماری خاکی ئێرانیدا و هێزەکانی تانک و پیادەی عێراق بەشێک باشوری خاکی ئێرانیان داگیرکرد. شەڕی نێوان ئێران و عێراق شەڕێکی هەرە پڕ لە کارەساتی مرۆڤ بوو لە سەدەی بیستەمدا و بۆ ماوەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا. ڕژێمی ئێران بە فەرمانی ئایەتوڵا خومەینی هەموو دەرەتانەکانی بۆ شەڕێکیماڵوێرانکەر بە دژی ڕژێمی عێراق تەرخان کردبوو و لە هەر هەلێک بۆ لاوازکردنی سوپای عێراق کەڵکیوەردەگرت. لەو ڕوانگەیەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بە کورد و عەرەبەوە

ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و کارا نەبوو، ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٤ کۆنفرانسێکی لەژێر ناوی کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە هۆتێل لالە لە تاران بۆ پێکهێنان کە بەڵکوو بتوانن بە یەکگرتوویی زەبری کاری و کوشندە لە ڕژێمی بەعس بدەن. ئەو کۆنفرانسە چوار ڕۆژی خایاند.

ڕژێمی ئێران هەوڵیدەدا، لەو کۆنفرانسە وەک پرۆپاگەندەیەکی سیاسی کەڵکوەربگرێت. هەریەک لە ئیدریس بارزانی بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکرات، دوکتۆر فوئاد مەعسوم لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕەسوڵ مامەند لە لایەن حیزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە بە لیژنەیەکەوە بەشداریی کۆنفرانسەکەیان کرد. عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی، ئایەتوڵا حوسێن عەلی مونتەزری و چەند کاربەستی باڵای ئێرانیش لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون. لەو کۆنفرانسەدا ئێران بە ئاشکرا دەیویست داخوازەکانی گەلی کورد پشتگوێ بخات.

لەم بارەیەوە محەمەد مەلا قادر ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وتارێکیدا کە ڕۆژی ٢٠١٤/٢/٢، لە سایتی گۆڤاری سڤیل دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بۆ کۆنگرەی پشتیوانانی گەلی عێراق لە تاران و ڕۆڵی ئیدریس بارزانی لەو کۆنفرانسەدا دەکات و دەڵێت: **(لەکۆنگرەی بەناو "نصره الشعب العراقی" واتە کۆنگرەی دەربازکردنی گەلی عێراق کە نزیکەی ٢٠٠٠ عێراقی و ئێرانی تێیدا بەشدار بوون، خەڵکانی بیانیشی تێدابوو، بە جۆرەها بیروباوەڕی سیاسی و ئاینی جیاواز، کۆماری ئیسلامی سەرپەرشتی دەکرد و ئاراستەی دەکرد، شاندی پارتی بریتی بوون لە حەوت کەس کە کاک ئیدریس بارزانی سەرپەرشتی دەکردن، شاندی یەکێتی چوار کەس بوون کە نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی دەکردن. شاندی حزبی**

سۆشیالیست ڕەسوڵ مامەند سەرپەرشتی دەکرد. هەندێک کوردی ئیسلامیش هەبوون کە لە دواییدا ناویان بوو بە بزووتنەوە و حیزبولڵای کورد بە سەرپەرشتی شێخ محەمەد خالیدی خوالێخۆشبوو. لەو کۆنگرە گەورەیەدا، ١٤ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی و سۆشیالیستی تێدابوو، هەرچەندە ژمارەکە بۆ کورد کەم بوو، بەڵام ئامادەیی باشیان هەبوو، چونکە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بوون و سەر بەسێ حزبی بەهێز بوون، نزیکەی ١٥ هەزار پێشمەرگەیان هەبوو، بۆیە حیسابی تایبەت بۆ نوێنەرایەتی کورد دەکرا. لەناو کۆنگرەکەدا ٦- ٧ لیژنە داندرابوون، لەهەر لیژنەیەک یەک دوو کەس لەم سێ حزبەی تێدابوو، لیژنەیەک هەبوو بەناوی ئاییندەی عێراق، ئەم لیژنەیە کاک ئیدریسی نەمری تێدابوو، لەگەڵ برادەرانی دیکە. کاک ئیدریس وتاری هاوبەشی ئەم سێ پارتەی خوێندەوە کە وتارێکی تێروتەسەل بوو و بە ڕوونی تێیدا باسی لە مافی چارەنووس کردبوو بۆ کورد و کوردستان، بەڵام ئەوکاتە مافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە پێشبینی دەکرا. بەڵام لیژنەی ئایندەی عێراق کە کاک ئیدریس بارزانی تێیدا نوێنەرایەتی لایەنی کوردستانی دەکرد، دەیانەویست بەهیچ شێوەیەک کێشەی کورد لە کۆنگرەکەدا باسی لێوەنەکرێت و بۆ دوارۆژ بمێنێت، بۆیە هەرسێ لایەن کۆبوونەوە و بڕیاریاندا سێ پێشنیار بخەنەڕوو:

یەکەمیان: مافی چارەنووس.

دووەمیان: حوکمی زاتی ڕاستەقینە.

سێیەمیان: مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان.

وەک دەگوترێت کەمترین داخوازی و لاوازترین داخوازی بێت. بڕیاردرا کاک ئیدریس بارزانی نەمر دەسەڵاتدار بێت بۆ گفتوگۆکردن لەکاتی باسکردنی کێشەی کوردستان. هەروەک

بڕیـــاردرا هەمـــوو بەشـــدارانی هەرســێ لایەنەکە لەکـــاتی ئەو بابەتەدا لیژنەکانی خۆمان جێبهێڵین و بچینە ناو ئەو لیژنەیەوە، ئەگەر هـیچ لەو سێ داخـوازیە پەسـەند نەکـرا، ئەوا کـۆنگرەکە بەجێبهێڵین. بە کورتی بابەتەکە لەناو ئەو لیژنەیە هاتە کایەوە، ئێمەش هەریەکەمان چووینە ناو لیژنەی ئایندەی عێراق و لەوێ کێشەکە زۆری خایاند، گفتوگۆی زۆر کرا، لانیکەم دوو سێ سەعاتی پێچـوو، لەئەنجـامی گفتوگۆکانـدا بڕیـاردرا کە کێشـەی کـورد کێشـەیەکی ڕەوایە لە عێراقدا و دەبـێ خەڵکـی کوردسـتان مـافە ڕەواکانی لە ئایندەدا بۆ دەستەبەر بکرێت.

دوای تەواوبـوونی کـۆنگرەکە، کـاک نەوشـیروان مسـتەفا و کـاک دوکتۆر فوئاد مەعسوم هاتن بۆلای ئێمە، داوایـان کـرد بچینە لای کــاک ئیــدریس. مــن و کــاک فــازڵ میرانــی و هەمیشــە زینــدوو فەلەکەدیـن کـاکەیی لەگەڵیـان چـووینە لای کـاک ئیـدریس، لە ژوورەکەی خۆی لە هوتێلەکە. هەر پێنجمان بەیەکەوە چوینەلای، لەوێ کاک نەوشیروان زۆر بەڕاشکاوی سوپاسی کاک ئیدرسی کرد و پێیگـوت: "بەڕاسـتی کەم کەس هەیە لەم کاتـانەدا بەم شـێوەیە بەرگری لەمافی نەتەوایەتی کورد بکات، بۆیەش وەک پێشمەرگەی خۆت حیسابم بکە. بەڕاستی مـن پێشتر لە دوورەوە زۆر لە دژت بـووم، بەڵام لێرە بەدواوە بەپێچەوانەوە دەبـم." بەڕاسـتی کـاک ئیــدریس لەم کــۆنگرەیەدا "پــاڵەوانی بەرگــری لەمــافی کــورد و کوردستان" بوو.

دوکتــۆر شــەوکەت بــامەڕنی وێنەکــان و بەڵگەنامەکــانی ئەو کۆنفرانسەی لای خۆی پاراستوە لەگەڵ وتـاری کـاک ئیـدریس کە لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەشی کردوە. بۆ زانیاریی زیاتر سەرنج بدەنە دەقــی ئەو وتــارە زۆر گــرنگەی ئیــدریس بــارزانی کە بە زمــانی

عەرەبی پێشکەشی کردوە و مامۆستا دڵشاد مستەفا وەسانی وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی:

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

برام سەرۆکی "کۆنگرەی پشتیوانانی گەلی عێراق"ی بەڕێز ...

برایانی ئازیز...

سڵاوی خواتان لێ بێ...

ڕێگەم بدەن سڵاوی پارتیمان "پارتی دیموکراتی کوردستان" و هێزە پێشمەرگە قارەمانەکانتان لە کوردستانی عێراقەوە بۆ بگوازمەوە کە لە ناو وڵاتدا ڕووبەڕوو بەرەنگاری بەهێزترین دوژمنی دڕندە بوونەتەوە. ئاواتەخوازین ئەو کۆنگرەیە سەرکەوتوو بێت و چەندین بڕیار دەربکات کە لە خزمەتی ئەرکی ئاراستەکردنی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی عێراقی بێت، هەروەها تێکۆشانی هاوبەشی گەلی عێراق دژی ڕژێمی خوێناوی بەهێز بکات، لە پیناو ڕووخانی ئەو ڕژێمە، وەکو ئەرکێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ بەرامبەر گشت عێراقییەکان بە جیاوازی بیروڕا سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکانیان.

ئەو ڕژێمە تاوانی بەرامبەر گەل و وڵاتەکەمان کردوە، نقومی ناخۆشی و مەینەتی کردوە، ترسێکی مەزنی لەنێوانیان بڵاوکردۆتەوە، بە جۆرێک مێژووی نوێی عێراق بەم جۆرەی بەخۆیەوە نەبینیوە، هەروەها کارەساتێکی مەترسیداری بەسەردا هێناوە، ئەویش بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگ لە ساڵی ١٩٨٠ لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو کارەساتە تا ئێستاش بازنەو کاریگەرییەکانی فرەوان دەبن و بارگرانی زیاتر دەبێ لەسەر سینگی گەلی تێکۆشەر و ئارامگرمان. ڕژێمیش بەم جەنگە شێتانەیەی خزمەتی ئامانجەکانی ڕێککەوتننامەی "کامب دیوید"ی خیانەتکار دەکات و لە هەمانکاتیش خەباتی گەلانی عەرەبی لاواز

دەکــات، وەک چــۆن بەردەوامە لە هەڵوێســتە دوژمنکارییەکــانی بەرامـــبەر وڵاتـــان و هێـــزە ڕزگـــاریخوازە عەرەبییەکـــان، لە پێشیانەوەش کۆماری عەرەبی سوریاو وڵاتــی لیبیا و بەرگریکاری فەلەستینی و ...تد.

برایانی بەڕێز... ڕژێمی دیکتـاتۆری بەغدا چەنـدە لە ڕووخـان و کەوتـن نزیکتـر دەبێـتەوە، زیـاتر شـێت و هـار دەبێـت کە ئەمەش بەهـۆی بـارگرانی تەنگـژەی سیاسـیی نـاوخۆیی و قەرزە زۆر و زەبەندەکانییەوەیە بەهۆکاری تێچووە زۆرەکانی جەنگ، هەروەها بەرامـــبەر تەریکبـــوونی لەلایەن زۆریـــنەی گەلانـــی عێـــراق و بەرزبـوونەوەی ئاسـتی بەرخـۆدانی سیاسـی و چەکـداری لە دژی، بۆیە هەڵمەتی یەک لەدوای یەکی سەرکوت کردن و ڕاوەدوونـان و لەناوبردنی بەکۆمەڵی نیشتمانپەروەرانی عێراقی بەبێ جیاوازی دەســتپێکردوە و ئـــازادی هەمـــوو ڕۆڵەکـــانی گەلـــی بەرتەســـک کـردۆتەوەو بە دەیـان کەسـیش لە سـێدارە دەدات لەوانەی دژی جەنـگ و ڕژێـم دەنـگ بەرز دەکەنەوە. بە جۆرێـک گەر هەمـوو تاوانەکانی ئەو ڕژێمە بەرامبەر مرۆڤی عێراقی بژمێرین، ئەوا بە سەدان و هەزاران کەسی بە تـاک و بە کـۆمەڵ لەنـاوبردوە، ئەمە جگەلە کاریگەرییەکانی جەنگ و کارەساتەکانی و قوربانییەکانی کە بە سەدان هەزار کەس دەخەملێنرێت.

لێرەدا ڕووداوێکی دەگمەن لە مێژووی تاوانی ڕژێم باس دەکەیـن کە لە سـاڵی ١٩٨٣ زیـاتر لە ٨ هەزار هـاووڵاتی کـوردی بـارزانی دەستگیر کرد و لەو کاتەوەش هیچ هەواڵێکیان نییە و تا ئەمڕۆش چارەنووسـیان نادیـارە، ئەوان هـیچ تاوانێکیـان نەکردبـوو، بـۆیە پیمانوایە هیچ بەشێکی تری گەلی عێراقی ڕووبەڕووی کارەساتێکی بە کۆمەڵی ئاوا نەبۆتەوە.

ڕژێم پیرۆزییەکانی خەڵکی پیشێڵ کردوە، هەستی ئایینی و نەتەوەیی پیشێڵ کردون، پێوەندی مرۆڤایەتی لەکەدار کردوە، کاری تێکدەرانەی گەیشتۆتە پێوەندییەکانی خیزانیش، هەروەها کاری بۆ گۆڕینی پیکهاتەی دانیشتووان و میژووی گەلی عێراقیش کردوە، ئەمەش بە پڕکردنی وڵات بە کەسانی بێگانەو بڵاوکردنەوەی فەسادی کۆمەڵایەتی بە پلانی پێشوەختە.

برایان.. حەزم لێیە باسی لایەنێکی تایبەت بە تاوانەکانی ڕژێمی فاشی بکەم و سەرنجتان بۆ مەینەتی چەند بارەی گەلی کوردستان ڕابکێشم. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە لە گەورەیی مەینەتی هەموو گەلانی عێراق کەم بکەمەوە، چونکە گەلی کورد بەدەست هەمان مەینەتییەکانی ڕۆڵەکانی دیکەی عێراق دەناڵێت، چ بەهۆکاری جەنگە دوژمنکارییەکەی، چ بە هۆکاری چەوساندنەوەی سیاسی. جگە لەمانەش گەلەکەمان ڕووبەڕووی جەنگێکی تریش بۆتەوە، ئەویش جەنگی دوژمنکارانەو زاڵمانەی ڕژێمە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکانە کە زیاتر لە چارەگە سەدەیەکە لە دژی گەڵی کورد بەڕێوەی دەبەن. لە بەرامبەر ئەمانەشدا گەڵی کورد لەم ماوەیەدا شەڕێکی بەرگریکارانەو بەرخۆدانێکی چەکدارانەی دوورودرێژی لەخۆی کردوە. شۆڕشی چەکداری کوردیش لە بەهاری ساڵی ١٩٧٦ دووبارە هەڵگیرسایەوەو تا ئێستاش هەر بەردەوامە، شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش لە ساڵی ١٩٧٩ هێزێکی بەهێزتری بە خەباتی ئازادیخوازیی کورد بەخشی، وەک چۆن بووە ئیلهامبەخشی گەلانی دیکەی ناوچەکەش.

ئەمڕۆ کە شەڕ بەردەوامە لە بەرەکانی جەنگی قادسیەی "شووم" کە ڕژێم هەڵیگیرساندوە، لە لایەکی تریش جەنگێکی زاڵمانەی تری لەسەر خاکی کوردستان هەڵگیرساندوە. ململانییەکان بە شێوەیەک تێک چرژاون کە بووەتە هۆکاری ئەوەی زۆر کەس وەکو

خـۆی شــەڕەکە نەبینێـت. دووبـارە دەڵـێم: مەبەسـتم ئەوە نیـیە خەباتی گەلی عێراق پارچە پارچە بکەم، بەڵام پێویستە هەموو لایەک بە دروستی و بابەتیانە ئەو دیاردەیە ببینن. بۆ سەلماندنی ئەمانەش دەڵـێم: ڕژێمی سەدام بەشێکی فرەوانـی لە کوردستان خـــاپوور کـــردوە، گونـــدی ڕووخانـــدوە، ژیـــانی نەهێشـــتووە، بەرهەمهێنانی نەهێشتووە، شار و ژیانی هاووڵاتیانیشی تێکداوە.

برایـانی ئـازیز... وێرانکردنـی کوردسـتانی عێـراق گەیشـتۆتە ئاستێک کە لە هیچ شەڕێکی نـاوخۆیی هـاوچەرخ نموونەی نییەو نابینـدرێت، ئەمە گەر ڕاسـت بـێ ئەوەی ڕوودەدات نـاوبنرێ بە "جەنگی ناوخۆیی" گەر ئەمانەش لە ڕاستیدا بەرخۆدانی گەلێکی چەوساوەو بێبەش بیت لە هەموو مافێک بەرامبەر ڕژێمیکی فاشی کوێر کە جگەلە وێرانکردن هیچ شتێک نازانێ.

سیاسەتی لەناوبردن کە بنەمای بەرنـامەی ڕژێمە، لەنـاوبردنی گەلی کورد و وێران کردنـی خـاکەکەیەتی، هەڵکەنـدنی کـوردە لە خاکەکەی جا بەهەر ڕێگە و شێوازێک بـێ، ڕژێمەکـانی پێشـووش هەمـان کاریـان دەکـرد، بەڵام لە ئاسـتێکی بەرتەسکتردا. ڕژێمـی ئیســـتا لە ســـاڵی ١٩٧٦ەوە دەســـتیکردوە بە جێبەجێکردنـــی بەرنـامەیەکی بەرفرەوان کە ئەنجـامەکەی: وێـران کردنـی ١٥٠٠ گوند بە درێژایی هێڵی سنووری لەگەڵ تورکیا و ئێران بە قووڵایی ٢٠ کیلۆمەتر بە گوێرەی فەرمانی فەرمی ڕژێم، واتە وێرانکـردن و خـاپوورکردنی ڕووبەری نـزیکەی (١٦٠٠٠) کیلـۆمەتری چوارگۆشـە، بەشێوەیەک وشک و تەڕیان سووتاندو کانیاوەکانیشیان تەقاندەوە. لە ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٨ یش زیاتر لە نیو ملیۆن هاووڵاتی کوردیان لە ناوچەکانی خۆیان ڕاگواست کە زۆربەیـان بـۆ باشـووری عێـراق ڕاگــوێزران، هەمــوو ئەو کـــارانەش بە شــێوەیەکی زۆر دڕنـــدانە ئەنجام دەدران تا ڕادەی ئەوەی پیرۆزییەکـانیش پێشـێل دەکران.

پێشــتر و دواتــریش ڕژێــم هەر بەردەوام بــوو لەســەر بە زۆر کۆچپێکردنی هاووڵاتیانی کورد لە شارەکانی دیالە، کەرکووک، مووسڵ و ...تد، لە شوێنیشیان هۆزە عەرەبییەکانی نیشتەجێ دەکرد، ئەمانەش هاووڵاتیانی شارەکان بە کاسب و کریکارو فەرمانبەرانیشی دەگرتەوە. ئەو پرۆسانە دوای ساڵی ١٩٨٠ بەشێوەیەکی توندتر بەردەوام بوو، بەجۆرێک ئەو گوندانەی کاول کرابوون ژمارەیان لە نیوەی گوندە کوردییەکان زیاتر بوو، تەنها لە ساڵی ١٩٨٥ (٢٦٠) گوند لە شارە کوردییەکان ڕوخێندران و سووتێندران. وردتریش لە (٢٠٠) گوندی خاپوورکراوی شارەکانی هەولێر، کەرکوک و سلێمانی (٤٧٥٠) ماڵ و خانوو خاپوور کران. لە ئاکامی ئەو کارە ترسێنەرانەش ٨٩٠٠ خێزانی جوتیار "کە کۆی خەڵکەکەی نزیکەی ٥٥ هەزار کەس دەبوون" دەربەدەر بوون و زۆربەشیان ڕوویان لە ناوەندی شار و شارۆچکەکان کرد، یاخود ناچار کران دژ بە ڕۆڵەکانی گەلەکەیان چەک هەڵگرن. بەم شێوەیە ڕۆژ دوای ڕۆژ پارچە زەویە کشتوکاڵیە جێهێڵدراوەکان ڕێژەکەی زیاتر دەبوو. لە مانگی شوباتی ڕابردوو ڕژێم ئاگاداری گشت گوندەکانی هەر چوار ناحیەی (دیانا، کەندیناوە، تەقتەق، گویر) ی سەر بە پاریزگەی هەولێری کردەوە بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ کۆچکردن بۆ کۆمەڵگە زۆرەملیەکان کە لە نێوان هەولێر و پردێ دەکرینەوە کە بە گوێرەی ڕووپێوی فەرمی دەسەڵات ڕووبەری زەوی ئەم ناحیانەش (٢٣٨٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ئەمــڕۆکەش ئەو گونــدانەی کە دەکەونە قــووڵایی نیشــتمان و دەورووبەری شارەکان و دوورن لە بەرەکانی جەنگ، بەشێوەیەکی بەرفرەوان خاپوور دەکرێن، واتە هۆکار ئەوە نییە کە گۆڕەپانی جەنگن، گەر دەسەڵاتیش بەهانەی ئەوە بێت کە پێشمەرگەی هێزە کوردستانییەکان دەگەنە ئەو گونــدانە کە ئەمەش واتــای ئەمە

دەگەیەنێت کە چالاکییەکانی پێشمەرگە فرەوانبوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بەرنامەی سەرەکی ڕژێم شتێکی ترە، ئەوان پلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی گوندەکان لەهەر شوێنێک بن خاپووریان بکەن. بۆیە لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ٤٧ گوندی کورد لە شارەکانی کوردستان بە بڵدۆزەر ڕووخێنراون یان بەهۆی تۆپبارانکردن و بۆمبارانکردنی فڕۆکەکان سووتێندراون، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی شارە کوردییەکان زۆر زیاد بکات، لە سەرژمێرییەکی فەرمی ڕژێم دەرکەوتووە کە ٧٣%ی کۆی دانیشتووانی پارێزگەی هەولێر لە ناوەندی شارن، ئاشکرایە هەموو ئەمانەش چ گرفت و تەنگژەیەک بۆ هاووڵاتیان دروست دەکات لە هەموو بوارەکانی ژیانەوە. بۆیە لێرەدا دەپرسین: ئەم بارە بە کوێمان دەگەیەنێت؟

هەروەها کاولکاری و تێکدان گەیشتۆتە دامودەزگاکانی پەروەردە کردن، تەندروستی و خزمەتگوزارییە پێویستەکانیش، هەر لە ماوەی ئەمساڵی خوێندندا (٧٤٨) قوتابخانە لە گوندە کوردییەکان داخراون و ژمارەشیان بەردەوام لە زیادبوون دایە. هەروەها ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و هتد، لە سەدان گوند بڕدراون. بۆ هەموو ئەوانەی باسمان کردن و زیاتریش، لیستی تەواومان هەیە، بەڵام لەبەر کەمی کات تەنها دەپرسین: ئەو لەناوبردنە بەکۆمەڵە بۆچی؟ ئایا توانیومانە هەندێ لایەنی ئەو مەینەتییانە بگوازینەوە بۆ ڕای گشتی دەرەوە؟ هەروەها دەپرسین: گەلی کوردستان داوای چی کردوە تاکو بەم جۆرە دڵڕەقانەیە لەناوببرێت؟ ئایا لە مافی ئاسایی و ساکار زیاتری داواکردوە کە مرۆڤایەتی بۆ هەموو گەلانی دونیای دیاری کردوە؟ ئایا لە مانەوەو تەعبیرکردن لە بوونی نەتەوەیی خۆی زیاتری داواکردوە؟ بزووتنەوەی کوردی تەنها داواکاری بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی

ناوچە زۆرینە کوردنشینەکانی کردوە، ئەمە چ زیان و زەرەرێکی هەیە؟ ئایا گەلانی دیکەی ئیسلام و گەلانی جیهان لەم مافە سادەو ساکارانە بێبەشن؟ ئایا هەموو دانیان بەوەدا نەناوە کە کوردیش گەلێکە وەکو هەموو گەلانی دونیا؟ پاشان گەلی کورد لە عێراق گوتوویەتی و ئیستاش دەڵێت ئەو پێکەوە ژیانی بە برایانەو دڵسافی هەڵبژاردوە لەگەڵ عێراقییەکان بۆ بنیاتنانی دوارۆژێکی باشتر بۆ هەمووان، بەڵام بە مەرجێ ئەو مافەی پێ بدرێت و ئازادانە تەعبیر لە بوونی خۆی بکات و یەکگرتنیشی لەگەڵ هەمووان لەسەر بنەمای یەکگرتنێکی ئازادانە و ڕێزگرتن بێت.

لە بەرژەوەندی گەلی کوردە خەباتی دادپەروەرانەی هەموو گەلانی عێراق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەددام سەرکەوتن بەدەستبێنێ و کۆتایی بێت بە شەڕە دوژمنکارییەکەی و گەلانی عێراق خۆیان سیستمێکی حوکم بۆ خۆیان دیاری بکەن، بە گوێرەی بەرژەوەندی و ئارەزوویان لە ئازادی و پێشکەوتن، ئەمەش بە بڵاوکردنەوەی ئازادیی سیاسی بۆ هەموو هێز و حیزبە نیشتمانییەکان و هەروەها دابینکردنی ئازادییە گشتییەکانی تر بۆ ئەوەی هەموو هێز و حیزب و چین و توێژەکانی گەل و نەتەوەکان لە هاوپەیمانییەکی نیشتمانی کۆببنەوەو یەک هەڵوێست بن بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەوەی دیکتاتۆر خاپووری کردوون. لە ئێستادا ڕژێم لەم جۆرە یەکێتییەی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دەترسێت، ئەوکاتەش ئەمەمان بۆ دەرکەوت کە هێزە کوردستانییەکان توانیان ناکۆکییە داخبارە پێشووەکانیان وەلا بنێن و لوولەی تفەنگەکانیان بەیەکەوە کردە دوژمن، ئینجا تێبینی ئەوەمان کرد کە چۆن هێزەکانی ڕژێم هێرشی توندیان کردە سەر بنکەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دواتریش هێرشیان کردە سەر بنکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و

لایەنەکانی تر، ئەم هێرش و پەلامارانەش ئەمانجی خۆیان نەپێکا، بەهۆی ئازایەتی پێشمەرگەو ورەبەرزییان لەگەڵ ورەبەرزی جەماوەری گەل لەژێر کاریگەری یەکێتی خەباتی هێز و لایەنە کوردییەکان.

ئاواتەخوازین ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەجیاوازی لایەنەکانی و بیروڕایان یەکبگرن، هەروەها گەلانی عێراق بە شیعە و سوننەو کەمە ئاینییەکان و عەرەب و کورد و تورکمان و هتد، یەکبگرن بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان لە مەینەتی، حوکمی گەل بۆ گەلیش بچەسپێت، هەروەها لەپێناو ئەوەی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی شادبێت لە بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆی، هەروەها بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانیش کە بە خوێن و قوربانیدان لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەدەستهاتوون، گەشەیان پێبدرێت، هەروەها بۆ ئەوەی هەموو پرۆسەکانی تەعریبو تەهجیر کۆتاییان پێبێت و هاوولاتیانی کوردیش بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و لە ئاسمانی عێراقی ئازادو خۆشەویستیش ئالای ئاشتی و خۆشەویستی و برایەتی بشەکێتەوە.

دواجار سوپاسی کۆماری ئیسلامی ئیران دەکەین بە ڕابەری ئیمام خومەینی (خوا بیپارێزی) بۆ ئەو پاڵپشتییەی لە خەباتی گەلی عێراقی دەکات و میوانداری ئەو کۆنگرەیەشی کرد لەگەڵ هەوڵەکانی بۆ یەکگرتنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی.

## کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی

ئیدریس بارزان کاتژمێر ٠٦:٠٠ رۆژی ١٩٨٧/١/٣١، لە تەمەنی ٤٣ساڵیدا، لە ناحیەی سلیڤان سەربە شاری ورمێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کردو تەرمی پاکی لە تەنیشت ئارامگەی باوکی، لە گۆڕستانی گوندی هەلەج بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

هەروەکوو لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا بینیمان، کاک ئیدریس بە تەمەنێکی کەم، خزمەتێکی زۆری بە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد و خەڵکانی فەقیر و هەژار کردو شانازییەکی زۆریشی بۆخۆی بەدەستهێناوە و بە مردنی زیانێکی زۆری بە بزوتنەوەی کورد و بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیاند. ئیدریس بارزانی لە رەوتی دوو کۆبوونەوەی ئاشتیدا کۆچی دوایی کرد. کۆبوونەوەی یەکەمیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک بوو لەنێوان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و سوپای ئێران و کۆبوونەوەی دووەم دەگەڕایەوە بۆ پێکهێنانی ئاشتی لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی عیراقدا کە بە دوای کارەساتی ١٩٨٣ی پشتئاشان سەریهەڵدابوو. لەم بارەیەوە حەمید حوسێن مەلا "حەمید ئەفەندی" لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (من لە ناوچەی سلێمانی و شەمیران بەرپرسی لقی پێشمەرگە بووم. هەندێک وردەگلەیی لەنێوان ئێمە و سوپای ئێراندا لە ناوچەکەدا هەبوو، ئەوان شکاتی ئێمەیان کرد بوو. کاک ئیدریس ئاگاداری کردم کە بچم بۆ کەرج و من چووم و لەگەڵ کاک ئیدریس و عوسمان قازی و دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی چووین بۆ تاران و لە سەربازگەیەک لەگەڵ بەرپرسانی ئێران دانیشتن. کاک ئیدریس بە

هەڵسوکەوتی ئارامی خۆی توانی کێشەکە چارەسەر بکات و ئێمە گەڕاینەوە. لە تاران بووین کە کاک ئیدریس گوتی هەندێک گرفتی دڵم هەیە، بۆ نەچین پشکنینێکی دڵ بکەم. گوتمان با بچین، کەچی پەشیمان بۆوە و گوتی مەگەر ئێمە بەیانی ناچین بۆ ورمێ، لەوێ دەوەستم و پشکنینەکە دەکەم.) هەرلەم بارەیەوە غەریب یوسف مزوری "غەریب ئاکرەیی" دەربارەی چۆنیەتی کۆچی دوایی کاک ئیدریس، دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٨٧/١/٢٩، لەگەڵ کاک ئیدریس، حەمید ئەفەندی، عوسمان قازی و دوکتۆر شەوکەت بامەرنی بە ئوتۆمبیلی فیاتی ئیتالی عوسمان قازی، لە کەرەجەوە چووین بۆ تاران. سەربازگەیەک هەبوو لە "پارچین" لە نزیک "آب علی" و جادەی مازندەران. لەوێ چەکیان دروست دەکرد و دیپۆش بوو. لە بەرە بەیانییەوە تا پێنجی ئێوارە کاک ئیدریس لەوێ کۆبوونەوەی هەبوو. کاتژمێر پێنج خەریک بووین دەگەڕاینەوە. گوتی: کاتێک دەستم بە ئاوی سارد دەشۆم، شین هەڵدەگەڕێ. دوکتۆر شەوکەت




گوتی: ئەوە هی لەبەرکردنی جلوبەرگی نایلۆنە. عوسمان قازی لێی کرد بە گاڵتە و گوتی: گوێ مەدە قسەکەی، ئەوە دوکتۆری کەرانە. بەو وتەیەی قازی هەموولایەک پێکەنین. لەوێ دوکتۆرێکمان دەناسی کە ناوی دوکتۆر میرمەجلسی بوو، گوتمان بچین تۆ ببینێ و دوایە دەڕۆین، کاک ئیدریس قبوڵی نەکرد و گوتی: کۆبوونەوەیەکم هەیە لە کوردستان کە پێویستە بگەمە ئەو

کۆبوونەوەیە. ڕووی لەمن کرد و گوتی: من و تۆ دەچینە کوردستان و دوای تەواو بوونی کارەکان، پێکەوە دەچینە دەرەوەی وڵات. من نانم نەخواردبوو، گوتم برسیمە. کاک ئیدریس گوتی: نابێ بڕۆین، بچۆ نان بخۆ و دوایە دەڕۆین. چووم ساندویجێکم کڕی و بەڕیکەوتین. کەوتینە دوو سایتی تاران-کەرەج. لەوێوە بە گاڵتە و گەپ و قسەی خۆش گەیشتینەوە بۆ کەرەج. کاک ئیدریس چوو خۆی ئامادە کرد و لە دەوروبەری کاتژمێر سێ و نیوی بەیانی بەڕێکەوتین.

نێچیرڤان، مەسرور، سەرباز هەورامی و پێشمەرگەیەکمان بەناوی سۆفی لەگەڵ بوو. دوو ئوتۆمبیلمان پێبوو. لاندوڤێرێک و شیفرۆلێت بلێزێک. من لاندڤێرەکەم لێدەخوڕی و جەبار شیفرۆلێتەکە. هەوا نزیکەی ٢٠- ٢٥ پلە سارد بوو. سۆفی لە قەزوێن دابەزی. لە سێ ڕێیانی تاکستان دەسوڕاینەوە، کاک ئیدریس گوتی کاتی نوێژ هاتووە؟ کاتژمێر پێنجی بەیانی بوو. جەمەدانەکەی لەسەر سەهۆڵ ڕاخست و نوێژی لەسەر کرد. بەرەو زەنگان و میانە دەچووینە پێش کە گەیشتینە تەورێز گوتی: بەڵکوو چەند سەنگەکان بکڕی. زۆر گەڕاین، بەڵام نەماندۆزیەوە. بۆ خواردنی نیوەڕۆ گەیشتینە سوفیان.

هەموو جارێ لەوێ نانمان دەخوارد. لە ماڵەوە خواردنیان بۆ دەپێچاینەوە و لە ڕەستورانێک دەمانخوارد و بۆ ئەو نیو کاتژمێرەی لەوێ دەمانخوارد، پارەمان دەدا. ئەوەندە چووبووین کە دواتر کابرای خاوەن ڕەستوران پارەی لێوەرنەدەگرتین. دوای خواردن بە شارەکانی خۆی و شاپووردا، بەرەو ورمێ چووین کە بینیمان خەڵکی ورمێ ڕادەکەن. پرسیم: چی بووە؟ ئوتۆمبیلەکە ڕاگرم؟ کاک ئیدریس گوتی: تەیارەی عێراق لە ورمێی داوە. ئەوکاتە شەڕی

نێوان ئێران و عێراق گەیشتبووە بۆمباران کردنی شارەکان و خەڵکی سویل.

گەیشتینە ورمێ و چووین بۆ بارەگای پێوەندییەکانی پارتی کە کاک شەوکەت شێخ یەزدین بەرپرسی بوو. لەوێ کاک ئیدریس چەند تەلەفۆنی کرد. لەپڕ ئازێر لێیدا و تەیارە هات. ئێوارەی ۱۹۸۷/۱/۳۰، بەرەو گوندی سلێڤانا بەڕێکەوتین. عەبدولموتمن بارزانی هاتبوو بۆ سێ ڕێیانی ڕاژان کە پێشوازیی لە کاک ئیدریس بکات. کاک ئیدریس و هاوڕێیانی چوون بۆ سلێڤانا و من چووم بۆ ڕاژان کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی لە هاتنی کاک ئیدریس ئاگادار بکەمەوە. فەرەیدون عەبدولقادر بە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی و ڕەسوڵ مامەند بە نوێنەرایەتی پارتی سۆسیالیت، لەگەڵ ژمارەیەکی تر لەوێ بوون.

دوای ئاگادار کردنەوەیان، چووم بۆ سلێڤانا و هاتنی میوانەکانم بە کاک ئیدریس ڕاگەیاند. هێشتا کاتژمێرێک تێنەپەریبوو، خەریکبووین خۆمان کۆدەکردەوە کە کاک مەسرور هات و گوتی: هەستن ماڵمان خراپ بوو. بەدوای کەوتین بۆ ژووری کاک ئیدریس، بینیمان کەوتووە و نەفەس ناکێشێ. قۆڵی لیباسەکانی هەڵماڵیبوو کە دەست نوێژ بشوا کە جەڵتە لێیدابوو.

کاتی گەیشتنەوەمان خواردن ئامادە بوو. کاک ئیدریس بەرلە خواردن دەچێ نوێژ بکات و بگەڕێتەوە بۆ خواردن، زۆری پێدەچێ. کاک نێچیرڤان دەچێ، دەبینێ شیوی نەخواردوە و خواردنەکەی سارد بووەتەوە. بانگی دەکات، بەڵام وەڵامی لێ نابیسێ. بەشوێنی دەکەوێ، دەبینێت دەرگای حەمام قفڵە. بانگی باوکی دەکات، بەڵام ئەو وەڵام ناداتەوە و ئەویش دەرگاکە دەشکێنێ و دەبینێ باوکی لەوێ کەوتووە.

سواری ئوتۆمبیلمان کرد و بردمان بۆ نەخۆشخانەی "شیروخورشید"ی ورمێ کە ناویان نابوو نەخۆشخانەی موتەهەری، دوکتۆرەکان پشکنینیان بۆ کرد و بینیان تەواو بووە. تا بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ لەوێ ماینەوە و دواتر بردمان بۆ گوندی هەلەج و لەکن ئارامگەی مەلا مستەفا بە خاکمان سپارد. سێ ڕۆژان لە ڕاژان بۆی دانیشتین، خەڵکێکی زۆر لە ڕاژان و گوند و شارەکانی کوردستانەوە هاتن. ژمارەیەکی زۆر بەپێ هاتبوون.)



هەرلەم بارەیەوە جەبار محەمەد جەبار ئەرگوشی کە لە ساڵی ١٩٧٢وە شۆفیری ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی بووە لە ئێران، سەبارەت بە گەڕانەوەی کاک ئیدریس بۆ سلیڤانا دەڵێت:

- (ڕۆژێک بەرلە چوونی کاک ئیدریس بۆ تاران، من کاک ئیدریس و کاک فەلەکەدین کاکەییم لە سلیڤاناوە هێنا بۆ کەرەج، کاک ئیدریس بە ئوتۆمبیلی غەریب ئاکرەی چوو بۆ تاران و من لە کەرج مامەوە. دوای گەڕانەوەی کاک ئیدریس لە تاران، من و غەریب ئاکرەیی بە دوو ئوتۆمبیل لەگەڵی چووین بۆ سلیڤانا. کاتژمێر نزیک چواری بەیانی بەڕێکەوتین، کاک ئیدریس، ئەحمەد سۆفی و دوکتۆر سەعید ئەحمەد لەگەڵ من سوار بوون و سەلیم مەلۆ، مەحمود موسا و سلێمان حادێ واتە پاسەوانەکانی کاک ئیدریس لەگەڵ غەریب بوون. ئەحمەد سۆفی لە قەزوێن هاتەخوارێ. کاتی ماڵئاوایی کردن، کاک ئیدریس پێیگوت: "من ڕەنگە تۆ نەبینمەوە، بەڵام تۆ

دێیەوە لام. بە دوای ئەو گوتنەدا کاک ئیدریس وەفاتی کرد و ئەحمەد سۆفی لە ئێران نەگەڕایەوە و هەرلەوێ مایەوە. کە گەیشتینە ورمێ، بینیمان فرۆکەکانی عێراق لە خوێندنگەیەکیان دابوو و ژمارەیەک منداڵیان کوشتبوو. چووین بۆلای شەهید شەوکەت شێخ یەزدین لە مەکتەبی پێوەندییەکانی پارتی لە ورمێ. دوکتۆر سەعیدمان لەگەڵ بوو. کاک نێچیرڤانو کاک مەسروریش لەوێ بوون و ئەوانیش بە ئوتۆمبیلێکی تر لەگەڵمان هاتن بۆ سلیڤانا.)

ئازاد سوڵتان شێروانی باس لە چۆنیەتی گەڕانەوەی ئیدریس بارزانی دەکات بۆ سلیڤان و دەڵێت: (ساڵی ١٩٧٥ کە شۆڕش ڕاوەستا و ئێمە چووین بۆ ئێران، منیان بە بنەماڵەوە نارد بۆ جهرم و دوای هەشت مانگ بۆ کاشان نقل کرام. لەوێ منداڵەکانم بەجێهێشت و چووم بۆ کەرەج و لە خزمەت کاک ئیدریسدا بووم. ئەوکاتە کاک ئیدریس لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە زۆری زەخت لێدەکرا و بۆ هەرجێیەک دەچوو بە شوێنیەوە بوون و هەموو میوانەکانی کۆنترۆڵ دەکران.



ساواک بە دوای ئەوەوە بوو کە بزانێ لەگەڵ کێ پێوەندی هەیە و کێ پێوەندی پێوە دەکات.

دوای ڕوخانی ڕژێمی شا و بەرلە ڕوخانی، واتە لە سەردەمی خۆپێشاندانەکانی ئێراندا کاک ئیدریس هەندێک ئازادی بەدەست خست و جموجۆڵەکانی زیاتر بوون.

ڕۆژێک خەریکبووین لە کەرەجەوە بێین بۆ کوردستان، بەیانی ڕۆژی پێشتر کاک ئیدریس گوتی دەچم بۆ ئەو ماڵانە و خوداحافیزیان لێدەکەم و تۆش بچۆ خۆت ئامادە بکە. کاتێک گەڕامەوە، زانیم تەیارەی عێراق لە کاشانی داوە. من تەنگاو بووم، گوتی خەم مەخۆ، ئێستا دەچین و تەلەفۆن بۆ ماڵی ئێوە دەکەین. محەمەد هەرکی بەرپرسی حیزب بوو لە کاشان. قسەی لەگەڵ کرد و تێگەیشتین زیان بە منداڵەکانی من نەگەیووە. گوتی سبەینێ دەڕۆین. چووین بۆ ماڵی شێخ میسر لە کەرەج کە خوداحافیزی لە شێخ جەمال بکات. شێخ جەمال کەسێکی نورانی بوو. کە ئێمە دەچووین قەت نەیدەپرسی ئێوە بۆ کوێ دەچن، بەڵام ئەو جارە شێخ جەماڵ پرسی و گوتی: "ئیدریس بۆچی بەتەنیا هاتووی و جەماعەتت نەهێناوە کە بیانبینم." دوای نان خواردنی شەو، شێخ جەمال دەچێتە ماڵی ئیدریس، دەپرسن بۆچی هاتووی، دەڵێ: "تۆ هاتی خوداحافیزیت لەمن کرد و منیش بۆ ئەوە هاتووم خودا حافیزیت لێ بکەم." ئەو شەوە لەگەڵ سەرباز هەورامی لە ماڵی کاک ئیدریس نانمان خوارد. لە گەڕانەوەدا جەبار و غەریب ئاکرەیی شۆفیر بوون. کاک ئیدریس لەگەڵ جەماعەتێک لە ڕاژان کۆبوونەوەی هەبوو. لە ڕێگەدا چەند جارێک گوتی بروسکی بە سنگیدا دێت، بەڵام ئامادە نەبوو بچێتە لای دوکتۆر.

بەرماڵی ڕاخستبوو و جەمەدانەکەی لە پەنای بەرماڵەکە دانابوو، تا دەستنوێژ بشوات کە جەڵتە لێیدا، دایکە حەمایل، نێچیرڤانی نارد بانگی بکات و بڵێ، بێت نان بخۆا کە چوو، دەبینێ دەرگا داخراوە و کاک ئیدریسیش بێدەنگە، شەقێک لە دەرگا دەدات،

دەرگاکە دەکرێتەوە و لە ڕووی کاک ئیدریس دەدرێ و هەندێک ڕووی بریندار بوو. بە دەنگی دەرگا و نێچیرڤان، دایکە حەمایل چوو. دوای ئەوان من و محەمەد ئەمین مێرگەسوری، محەمەد موسا، دوکتۆر سەعید ئەحمەد، ئەحمەد سەعید، سەلیم مەلۆ، خانەمیر، محەمەد عیسا، ڕەشید یەحیا، ئەحمەد وەسمان، سەرباز هەورامی، مستۆ بێدودی و سلێمان حادێ دۆڵەمەری لێی کۆبووینەوە و بردمان بۆ نەخۆشخانەی ورمێ، بەڵام چارەی نەکرا.) محەمەد مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوسەردەمەی پارتی دیموکرات، لەو کۆبوونەوەیە دەدوێت کە بڕیار وابووە کاک ئیدریس بەشداریی تێدا بکات بۆ ئاشتکردنەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق و دەڵێت:

- (ڕۆژی ١٩٧٨/١/٣١ لە مەکتەبی سیاسی پارتی کۆبوونەوەی هاوبەشمان لەگەڵ شاندی یەکێتی بە سەرۆکایەتی فەرەیدون عەبدولقادری ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتی یەکێتی و شاندی حیزبی شیوعی عێراقی بە سەرۆکایەتی شادڕەوان ئەبوحیکمەتی هەبوو. شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ عەلی عەبدوڵڵا سکرتێری پارتی بوو، بۆ ئاشتبوونەوەی یەکێتی و شیوعی. پاش شیوخواردن، کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو، لەوکاتەدا لە بێتەل ئاگاداریان کردین کە کاک ئیدریس گەڕاوەتەوە و لە ماڵی کاک مەسعودە لە سلیڤان. زۆری پێنەچوو پێیانڕاگەیاندین کە کاک ئیدریس جەڵتە لێیداوەو بردوویانە بۆ ورمێ. پاش ماوەیەکی کەم بەداخەوە هەواڵی کۆچی دواییان پێڕاگەیاندین. هەربەو شەوە شین و گریان دەنگی دایەوە، ئێمە هەموولایەک، بەشاندی یەکێتی و شیوعییەوە چوینە سلیڤان، بۆ بەیانی بردمانە گۆڕستانی گوندی هەلەج لە بناری زنجیرە چیای زاگرۆس کە ١٠ کیلۆمەتر لە زێوە دووربوو. ئەو ڕۆژە هەموو خەڵکی ئۆردووگای زێوە کە مەکۆی




پەناهەندەکانی کوردی خۆمان بوو، ئامادەی مەڕاسیمی ناشتنی ئەم سەرکردە مەزنە بوون. لەو ئان و ساتەشدا بەفر دەباری.
بەڵام شەپۆڕی گریان و داد و فیغان دەنگی دەدایەوە. هەر لەم رۆژەدا ڕادیۆی عێراق بڵاویکردەوە کە ئیدریس بارزانی بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی عێراق لە شاری ورمێ بەرکەوتووە. هەرچەندە ئەو ڕۆژە فڕۆکەکانی عێراق بۆردومانی ورمێیان کردبوو و بە هەزاران کوژراو و بریندار لێکەوتبۆوە.
چەند ڕۆژ پرسەی ئەم زاتە مەزنە لە مزگەوتی گوندی ڕاژان دانرا، لە هەموو لایەکەوە خەڵکی باشوری کوردستان کە لە ئێران بوون و ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە هەموو لایەکەوە ڕوویان دەکردە ڕاژان بۆ پرسە و سەرەخۆشی. جا بەداخەوە ئەو کۆچە ناخۆش و ناوەختە زیانی زۆری بە پارتی گەیاند. هەژاری موکریانی لە کۆچی ئەو نەمرەدا ڕشتەیەکی هۆنراوە هەیە کە تێیدا دەڵێ:

گوتیان کاک ئیدریس کۆچی کرد
بە مەرگێکی کتوپڕ مرد
ئیدریس دڵسۆزی هەژاران
مایەی خۆشی و گەشەی یاران

هەروەها خالیدی حیسامی بەناوی خوازراوی "هێدی" شاعیر لە ڕشتەیەکی خۆیدا لەبارەی بارزانی و ئیدریس دەڵێ:

ئیدریس هاوکار و یاوەری جەوهەر دەڕژا لە پەیکەری
هەم بۆ وی دەستێکی بەهێز و هەم بۆ گەل دەستێکی بەڕێز.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئیدریس گیان تۆ دۆست و یاوەری ڕێبوارانی، ڕێبازی بارزانی باوک بووی، تۆ بۆ هەژاران هاودەم و هاودەرد و

هاودەنگ بووی. ڕێچکە و ڕێبازت ئاوەدانە وەک جاران، ئەوانەی دۆست و یاوەرت بوون هەروا ماون لە مەیدان.) بەسنا حەسەن سپیینداری یەکێک لە ئاوارەکانی باشوری کوردستان لە گوندی هاشم ئاوای ناوچەی مەرگەوەڕ، سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئیدریس دەڵێت:



- (ئێمە لە گوندی هاشم ئاوا لە ناوچەی مەرگەوەڕ بووین. هاوسەرەکەم شەمسەدین خەریکبوو ڕیشی دەتاشی. من چووم بۆ دەرەوەیماڵەکەمان کە بینیم دەنگی گریان دێت، ژنان لە خۆیان دەدا و پرچی خۆیان دەڕنێوە. پرسیم چ بووە؟ گوتیان کاک ئیدریس عەمری خوای کرد. بە گریان گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و هەواڵەکەم بە شەمسەدین ڕاگەیاند. ئەو بە توندی توڕە بوو، گوتی: وست بە، بەڵام کە بینی من دەگریم، خۆی خڕ کردەوە و لەگەڵ چەند پیاوی تر ئێمەیان بەجێهێشت و چوون بۆ سلیڤانا. ئێمە ژنەکان، ئوتۆمبیلمان پێنەبوو کە بچین و بەناچار بە گریان لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە. هەندێک جار باوەڕمان بە هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئیدریس نەدەکرد. چونکە ئیدریس بە دوای مەلا مستەفادا گەورەی ئێمە بوو، گەورەیەکی زۆر دڵسۆز و خەمخۆر بوو لە ژیانماندا، هیچ کەسێک لەو بۆ ئێمە گرنگتر نەبوو، بەداخەوە هەواڵەکە وەڕاست گەڕا، دەتوانم بڵێم هەواڵی کۆچی دوایی کاک ئیدریس دژوارترین کاتی ژیانمان بوو.)



شەمسەدین حوسێن عەمەر مزوری بالا سپیندار دانیشتووی دیانا باس لە ناشتن و پرسەی کاک ئیدریس و دیداری لەگەڵ مەسعود بارزانی دەکات و دەڵێت: (ساڵی ١٩٨٧ من بەرپرسی بەتالیۆنی مزوری بالا بووم. کاک مەسعود لە لقی یەک لە گوندی کانی سارکێ لە بێزنو لە ناوچەی نێروەیەکان بوو. من نامەیەکی محەمەد خالیدم لە ئێرانەوە بۆ برد و وەلامی نامەی کاک مەسعودم بردەوە بۆ زێوە. لەوێ بووم کە کاک ئیدریس کۆچی دوایی کرد. محەمەد خالید و کاک نێچیرڤان کارەکانی ناشتن و پرسەیان بەڕێوەبرد. زۆر باشم لەبیرە کە خەڵک لەوپەڕی خەم و پەژارەدا بوون و کاک نێچیرڤان دڵخۆشیی خەڵکەکەی دەدایەوە و دەیگوت مادام مامم ماوە،- مەبەست لە مەسعود بارزانییە- ئێمە نابێ خۆمان زۆر ناڕەحەت بکەین.

دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەکە، من گەڕامەوە بۆ ناوچەی بەرپرسایەتیم، عەلی خەلیل داوای کرد بچم بۆلای، کە چووم کاک مەسعود لەوێ بوو. گوتی: باسی نێچیرڤان بکە، چۆن پێشوازی لە خەڵک کرد و منیش بۆم گێڕایەوە و باسی دانیشتنی مزگەوتی نار لە گوندی سەید مەزهەر و سەید عەلائەدین لە ناوچەی مەرگەوەڕم کرد.

پێویستە ئەوە بڵێم، کاتێک کاک ئیدریس چوو بوو بۆ ئەمریکا کە باوکی ببینێ، دڵی لەخۆ چووبوو. دوکتۆرەکان پشکنینیان بۆ کردبوو. کاک مەسعود خۆی بۆمنی گێڕایەوە و گوتی: "دوکتۆرەکان گازی منیان کرد و گوتیان ئیدریس تاقەتی بینینی باوکی نەبووە و

لە زەخت دایە و ناتوانێ لە بەرامبەر ئەو زەختەدا خۆی ڕابگرێ و ڕەنگە لە داهاتوودا توشی جەڵتەی دڵ بێت.")

## دۆست و هەڤاڵانی نزیكی یادی ئیدریس بارزانی دەكەنەوە

ئیدریس بارزانی لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە بە شێوەیەكی چڕوپڕ تێكەڵی كاروباری كۆمەلایەتی و سیاسی بووە، ساڵی ۱۹۷۰ یەكێك بوو لە ئەندامانی ئەو گروپەی كە بەشداری وتووێژەكانی سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول و حكومەتی عێراق كرد بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد و حكومەت لە چوارچێوەی ڕێككەوتنی ئۆتۆنۆمی كوردستان لە ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰دا. سەرنج بدەنە یەكێك لەو گفتوگۆیانەی كە لە كۆبوونەوەی ڕۆژی ۱۹۷٤/۳/۸، لەنێوان ئیدریس بارزانی و سەدام حوسێن لە بەغدا كراوە. لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لە لاپەڕەی ۱۱۱ی كتێبەكەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلول، ۱۹٦۱- ۱۹۷٥"دا دەڵێت:

- (لە یەكەم كۆبوونەوەدا كە بە دوای گەیشتنی وەفدی شۆڕش ئەنجامی گرت، سەدام حوسێن ڕوی لە ئیدریس بارزانی كرد و پێی گوت: لەگەڵ باوكت ڕێككەوتووین كە پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بەیانی ۱۱ی ئاداردا، یاسای ئۆتۆنۆمی دەربچێ و بخرێتە كار. ئەو پرۆژە یاسایەی كە دواجار بۆمان نارد، دوا ڕای ئێمەیە و ئێمە پێمانخۆشە پێی ڕازی بن. ئەوەی دەمەوێ بە باوكتی بڵێیت ئەوەیە: ناچارمان مەكەن تەنازول بۆ شای ئێران بكەین. ئەگەر مەترسییەك بەسەر قەوارەی عێراقدا بێت، ئەوە بۆ لادانی ئەو مەترسییە تەنازول لە شەتولعەرەب دەكەین و مەترسییەكە لادەبەین. ئەمەش برینێكی قووڵ دەكاتە دڵمان و ئێوە ئەنجامەكانی ئەوە لە ئەستۆ دەگرن و بەرپرسایەتی لەسەر ئێوە دەبێ، ئەگەر ناچار كراین تەنازول بۆ شا بكەین، ئەوكاتە ئێوە نرخێكی گران دەدەن.)

ئیدریس بارزانی وەڵامی سەدام حوسێنی دەداتەوە و دەڵێت: (شایەنتر بۆ ئێوە ئەوەیە کە تەنازول بۆ میللەتی خۆتان بکەن، نەک بۆ شای ئێران و باشتر ئەوەیە بەرلەوەی دەست بەشەڕ بکەنەوە، بگەڕێنەوە سەر دەروونی خۆتان، ئەگەرنا باوەڕ و متمانەی هەموو میللەتی عێراقتان لەکیس دەچێ.) ئیدریس بارزانی لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بۆ گیروگرفتەکانی کەرکوک و خانەقین دەکات و دەڵێت: (دەست هەڵگرتن لە کەرکوک و خانەقین و شنگار کارێکی نەکردەنییە و ناتوانین قبووڵی بکەین، بەڵام بۆ ئەوەی خۆمان لە شەڕ لادەین، تکامان وایە بیرلە چارەیەک بکەنەوە کە بگەڕێتەوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە. بۆچوونی ئێمە لەم بارەیەوە ئەمەیە:

١- دواخستنی جاڕدانی یاسای ئۆتۆنۆمی لە وادەی دیاریکراوی خۆی کە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ە بۆ ماوەی شەش مانگەوە بۆ ساڵێک تا هەردوولامان لەو ماوەیەدا پێکەوە هەوڵبدەین ڕێیەک بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزینەوە.

٢- جاڕی بدەن ئەم ناوچانە بەشێکن لە کوردستان، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی ستراتیژی لە ڕووی بەڕێوەبەرییەوە لەژێر دەستی حکومەتی ناوەندیدا دەمێننەوە.

٣- لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سێ ناوچەیە پێک بهێنرێ و دەست بکرێ بە سەرژمێری دانیشتوان لەسەر بنەمای سەرژمێرە گشتییەکەی ساڵی ١٩٥٧ بە مەرجێک ئەو ساختەکارییانە هەڵبوەشێنرێتەوە کە لە ماوەی نێوان ئەو مێژووە و ساڵی ١٩٦٣دا کراون.)

وەڵامی سەدام بە ئیدریس بارزانی بەم جۆرە بوو: (ئەم پێشنیازانە پەسەند نین و دەدرێنە دواوە. تەنیا ڕێیەک کە ماوەتەوە ئەوەیە ڕازی بن بە ئۆتۆنۆمی بەو داڕشتنەی ئێمە

**دامانناوە و مۆڵەتی ١٥ ڕۆژتان هەیە لەم ماوەیەدا هیچ بزووتنەوە و کارێکمان نابێ. پاش ئەوە، ئەوەی پێی ڕازی نەبێ، ئێمە بەدوژمنی خۆمانی لە قەڵەم دەدەین.)**

دوا وەڵامی ئیدریس بارزانی بۆ سەدام ئەوە بوو کە ڕای ئێوە بە باوکم و سەرکردایەتی پارتی دەگەیەنم و پاشان وەڵامی خۆمانتان دەدەینەوە. وەفدی ڕەوانەکراوی پارتی دیموکرات، ڕۆژی ١٩٧٤/٣/٩ لە بەغداوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی کرد. شەوی ٩-١٩٧٤/٣/١٠، سەرکردایەتی پارتی دیموکرات لەسەر پێشنیازەکانی ڕژێم دوا و قبووڵی نەکرد. بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا قسە بەناوبانگەکەی خۆی کرد کە دەڵێت:

**- (خوا شایەتە من ڕکم لە شەڕ دەبێتەوە. شەڕ نالەبارترین شێوازی چارەسەریی هەر کێشەیەکە، بەڵام بەعس ڕێیەکی تری بۆ نەهێشتینەوە. پێشنیازەکەشیان لەوە زیاتر کە وازیان بۆ لە کەرکوک و ناوچەکانی تر بهێنین، هیچ واتایەکی تری نییە. ئەمەشیان مەحاڵە، ئەگەر لە نێوچاوانمان نووسرابێ هەموومان لەناوبچین، با بەرەوپیری ئەم چارەنووسەوە بڕۆین. من ئەوەم لاناخۆشە کورد بێن تف لە گۆڕەکەم بکەن و بڵێن: بۆچی کەرکوکت فرۆشت.)**

ئیدریس بارزانی ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە بزوتنەوەی ڕزگاریی خوازیی کورد و ڕێبەرایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. ناوبراو لە سەردەمی ئاوارەیی کوردەکانی باشوری کوردستان لە ئێران خزمەتی زۆری بە زیندووکردنەوەی شۆڕشی کورد، لەژێر ناوی شۆڕشی گوڵاندا کرد. ناوبراو شان بەشانی کاک مەسعودی برای و ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات بەشدار بووە لە گەشەپێدانی شۆڕش و سەرخستنی

ئاشتی و برایەتی لەنێوان گەلی کورددا و هەرگیز خۆی لە هەژاران و لێقەوماوانی کورد دوور ڕانەگرتووە و خزمەتی ئەو چینەی کردوە. بەم بۆنەوەیە لای ئەندامانی پارتی دیموکرات و دۆستان و کەسانی نزیکی زۆر خۆشەویست و جێگەی ڕێز بووە و هەرکەسێک بۆ جارێک لە نزیکەوە چاوی پێی کەوتبێت، بە باشی یادی دەکاتەوە. لەم بارەیەوە قادر مەلۆ مستەفا دۆڵەمەری لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

- (خالید ئاغای حیسامی لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی ئەحمەد زکری لە کەرەج لە ماڵێکدا دەژیان. بەیانیی ڕۆژێک خالید ئاغا زۆر بە نارەحەتی هات و گوتی: "ئەو کابرایە غەدرم لێ دەکات." کاک ئیدریس هێشتا لە خەودا بوو. کە هەستا چووم و گوتم خالید ئاغا هاتووە. مامۆستا خالید چوو بۆلای کاک ئیدریس و پێی گوت: "منیش سەردەمێک نۆکەرێکی وەک قادرم هەبوو. بەیانان کە لە خەو هەڵدەستام، ئاو و خاولی بەدەستەوە بوو." کاک خالید کە ناوی منی هێنا، کاک ئیدریس زۆر نارەحەت بوو، لەژێرەوە تەماشای منی کرد و گوتی: "کاک قادر بڕۆ ئەحمەد زکری بگرە و هەتا دەتوانی لێی بدە و ئەگەر منیش هاتم لێی دەدەم." من چووم و نەقڵەکەم بۆ ئەحمەد زکری گێرایەوە و گوتم کاک ئیدریس گوتوویەتی بێم لێت بدەم. بۆچی ناحەقیت لە خالید ئاغا کردوە. دەستبەجێ بچۆ داوای لێبوردنی لێبکە. ئەحمەد لەگەڵ ژنەکەی چوو بوو بۆلای خالید ئاغا و دڵی وەرگرتبۆوە و ئەویش بەخشیبووی. بەیانی ڕۆژی دوایی خالید ئاغا هاتەوە. سمێڵەکانی قیت و ڕووخۆش



بـوو، بە کـاک ئیدریسـی گـوت: "هـاتووم زکـری ببەخشـی، چـونکە هاتووە و داوای لێبوردنی لێ کردوم." کاک ئیـدریس دوژمنـی غەدر لێکـردن بـوو. هەوڵـی دەدا هەمـوو کەس یەکتریـان خـۆش بوێـت. هەرکەسێک دەهاتە لای ورەی بە قەدەر چیاکـانی کوردستان بەرز دەبۆوە.

وەسـف کردنـی کـاک ئیـدریس زۆر گـرانە. حەجمـی گەورەیە و لە وەسف کردن نایە، ئەو لە ئێران بوو، بەڵام هیچ غەدرێکی لە ئێران قەبووڵ نەدەکرد، بە ئێمەی دەگوت: "هەموو شتێک قەبـووڵ بـکەن، جگەلە غەدر کردن." ئـێمە پاسـەوان و خزمەتکـاری مـاڵی ئیـدریس بووین. هیچ کام لە کچ و کوڕەکانی ماڵی بارزانی توانایـان نەبوو بێڕێـزی بە ئـێمە بـکەن یـان قسـەیەکی ناپەسند بە ئـێمە بڵـێن. هەموومـان وەک یەک بنەمـاڵە یەکسـان بـووین. زۆر جـار دەیگـوت: "فەرقی ئێوە لەگەڵ براکانم نییە."

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم کە شەڕی نێوان پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکرات هەڵگیرسا، کاک ئیدریس و کاک مەسعود زۆریان پێ ناخۆشبوو. کـاک ئیـدریس زۆر بەتونـدی دژی شـەڕ بـوو. بەرلە هەڵگیرسـانی شـەڕ، کـاک ئیـدریس هەوڵـی ئەوەی دەدا کە ڕژێـم لەگەڵ دوکتـۆر قاسملوو و حیزبـی دیموکرات ڕێککەوێ و هەنـدێک دەستکەوتیشـی بەدەسـت خسـت، بەڵام سـەرنەکەوت. خـومەینی دەیگـوت وەک فارسـەکان تەماشـای کوردەکـانیش دەکـات، بەڵام وا دەرنەچوو.)

مەحمـود موسـا مـحەمەد عـومەر مێرگەسـوری لە سـاڵی ١٩٦٣وە پاسـەوانی سـەرۆک بـارزانی بـووە و دواتـر بـووەتە پاسـەوانی کـاک ئیـدریس و تـا کـۆچی دوایـی نـاوبراو لە نـزیکەوە لەگەڵـی بـووە، ناوبراو دەربارەی خووڕەوشتی ئیدریس بارزانی دەڵێت:



- (ئیدریس کەسێکی هوشیار و زۆر نەترس بوو. هەرکە چاوی بە کەسێک دەکەوت، لێی تێدەگەیشت کە چۆن مرۆڤێکە. سەبیلەی دەکێشا و زۆری چایی دەخواردەوە. لە شکاتی خەڵکی دەکۆڵییەوە و هەرکە لە ڕاژانەوە بە سواری ئۆتۆمبیل دەچووین بۆ کەرەج لە ڕێگادا شیعری بۆ دەخوێندەوە و ئامۆژگاری دەکردین کە چۆن لەگەڵ خەڵک و بنەماڵە و منداڵەکانمان هەڵسوکەوت بکەین.

کاتێک لە شنۆ بێحورمەتی بە تەرمی بارزانی کرا، من و خانەمیر ئەحمەد سەعید، سەلیم مەلۆ و غەریب ئاکرەیی کە شۆفیر بوو، لەگەڵ ئیدریس چووین بۆ زیارەتی مەزارەکەی بارزانی لە هەلەج. لە گەڕانەوەدا بۆ سلیڤانا ئیدریس لە ئێمەی پرسی لە بەرامبەر ئەو بێحورمەتیەدا چی بکەین. هەریەک لە ئێمە قسەی خۆمان کرد و زیاتر باس لە تۆڵەسەندنەوە کرا و گوتمان تا تۆڵەی ئەو بێحورمەتییە نەکرێتەوە، نان خواردن لە ئێمە حەرامە و ئەگەر تۆڵەی نەکرێتەوە ئێمە دەچین دەبین بە پاسدار. ئیدریس قسەی ئێمەی پێخۆش نەبوو، هەرچەندە باوکی زۆر خۆشدەویست، بەڵام دژی شەڕی براکوژی بوو، ئەو شەڕی نەکرد، بەڵام دواتر شەڕمان بەسەردا سەپا و ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان لێ گرتین. بەو حاڵەش ئەگەر پێشمەرگەی دیموکراتمان ئەسیر دەکرد. بۆ ئەوەی پاسدارەکان نەیانناسن، جەمەدانی سورمان دەدانێ و دەرزی تفەنگەکانمان دەردێنا، بەڵام تفەنگەکانمان لێوەرنەدەگرتن کە

پاسدارەکان نەیانناسن. هەموو جارێ پاسدارەکان دەیانپرسی: ئێوە کە ڕۆیشتن ژمارەتان ئەوەندە نەبوو.) شەمسەدین حوسێن عەمەر یەکێکی تر لە پێشمەرگەکانی نزیک بە کاک ئیدریس باس لە چاوپێکەوتنێکی ئیدریس بارزانی لەگەڵ ئایەتوڵا تاڵەقانی و دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو دەکات و دەڵێت:

- (ئایەتوڵا تاڵەقانی چاوی بە ئیدریس کەتبوو، داوای لێکردبوو کە دوکتۆر قاسملوو شەڕی ئێران نەکات. من لەگەڵ کاک ئیدریس بووم کە لە ناوچەی مهاباد چاوی بە دوکتۆر قاسملوو کەوت. لەبەر دەرگا گوێم لە قسەکانی بوو کە داوای لە دوکتۆر قاسملوو کرد هەوڵبدات پێوەندی بە تاڵەقانییەوە بگرێ و گوتی تاڵەقانی گوتوویەتی ئێمە خودموختاری بە کوردان دەدەین. کەچی تاڵەقانی زوو مرد و دوکتۆر قاسملوو نەیتوانی لەو ئامۆژگارییەی کاک ئیدریس بۆ وەرگرتنی خودموختاریی کوردستان کەڵکوەرگرێت. کاک ئیدریس زۆری هەوڵدا کە کۆماری ئیسلامی مافی کوردی ڕۆژهەڵات بدات.)




هاجەر عەبدوڵا بیرەکەپران ژیانێکی دوور و درێژی لەگەڵ بنەماڵەی کاک ئیدریس تێپەڕاندوە و گەلێک بیرەوەریی خۆشی لەگەڵ کاک ئیدریس و نازدار خانی خێزانی کاک ئیدریس و منداڵەکانی هەیە. ناوبراو دەڵێت:

- (١٩٦٤ نازدار خانی هاوسەری کاک ئیدریسمان لە سلێمانییەوە هێنا بۆ گوندی دێرێ لە دۆڵەڕەقەی ڕانیە. من لە "بلە"وە هاتم بۆ دیلمان و لە خزمەت نازدار خان و

منداڵەکانیدا بووم. ئەوکاتە نازدار خان تەنیا کچێکی هەبوو بە ناوی "نەدا" و دواتر لە ساڵی ١٩٦٦دا کاک نێچیر و دلۆڤانی بە سکێک بوون. ساڵ ١٩٦٨ش بارز چاوی بە ژین کردەوە. من تا ساڵی ١٩٧٤ لە خزمەتیاندا بووم و هاوسەرەکەشم لەگەڵ سەرۆک بوو. ئەرکی من هاوکاریی کردنی نازدار خان بوو لە بوارکانی خاوێنکردنەوەی ماڵەکەیان و خزمەتکردنی منداڵەکانی.

دوو چێشتخانەمان هەبوو کە خۆراکی بنەماڵەی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکانیان تێدا دروست دەکرد. خواردنەکان بەبێ جیاوازیی بۆ هەردوولا وەک یەک بوون، بەڵام هەندێک جار کە میوان دەهاتن، خواردنی جیاوازیان بۆ دروست دەکردن. حەلیم مامەند بارزانی، خدیجە محەمەد حەلیم، مریەم بیلۆ، مریەم عەزیز سورچی و ئایش مینۆ لەگەڵ عەبدوڵا هوستانی بەرپرسی چێشتخانەی بنەماڵەی سەرۆک و میوانەکان بوو.

کاک ئیدریس گەلێک تایبەتمەندی هەبوو کە لە هیچ کەسدا نییە. دەچوو بۆ بەرەی شەڕ، کە دەهاتەوە لە جیاتی ئێمە لەو بپرسین، دەهاتە لامان و لە هەمووی ئێمەی دەپرسی. مرۆڤێکی بە ڕەحم و مێهرەبان بوو. کەسی وەک ئەوەم لە ژیاندا نەدیوە. لەگەڵ خێزانی و منداڵەکانی وەک هەڤاڵ دەجوڵایەوە و بە دەستی خۆی میوەی بۆ پاسەوانەکانی دەبرد و لێی دەپرسین میوەتان خواردوە؟ زۆر لە منداڵەکانی نزیک بوو و سەرنجی زۆری بە کەسایەتی و ورەی منداڵەکانی دەدا.)



ڕەزا خالید محەمەد کە سەردەمێک بەرپرسی ناوچەی مێرگەسور، بەرپرسی ناوچەی باڵەک، بەرپرسی سنوری باسیا،

بەرپرسی ئاسایشی قەزای سۆران و مێرگەسور بووە. باس لە چوونی بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی و کارکردن لەگەڵ ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی دەکات و دەڵێت:

- (بارەگای بارزانی لە گوندی ڕژدۆر لە نزیک قەسروماکۆس بوو. من چووم و لە خوار جادەکە چاوم بە کاک ئیدریس کەوت. لەگەڵ ٤- ٥ پێشمەرگە بوو، کە منی بینی، پرسی جەماعەت ئەوە ڕەزا نییە؟ من لە ساڵی ١٩٦٠وە لە گوندی چالیە و کویستانەکانی سەروی هەسنێ لە چیای شیرین کاک ئیدریس، کاک مەسعود و کاک سابیرم دەناسی. بانگی کردم و گوتی: لێرە چی دەکەی؟ گوتم هاتووم ببم بە پێشمەرگە. هەگبەکەی کردەوە دە دیناری دەرهێنا و گوتی: بگرە ئەم شەو لێرە بە و بەیانی بگەڕێوە، تۆ جارێ گچکەی. بڕۆ بەو دە دینارە جلوبەرگی نوێ بکڕە و دوای دوو ساڵی تر بگەڕێوە. دەستم بۆ وەرگرتنی دینارەکانی درێژ نەکرد. گوتم هاتووم ببم بە پێشمەرگە. گوتی: دایک و باوکت ئاگادارن؟ گوتم بەڵێ و گوتم ئەگەر وەرمنەگرن، دەچم بۆ شوێنێکی تر.

بە پێداگریی زۆر قبووڵی کردم و ناردمی بۆلای وەیسی عەلی شانەدەری. کە چوومە لای پرسیاری لێکردم و کاتێک منی ناسی، بە حورمەتەوە لە باوەشی گرتم و گوتی: وەرە لێرە لەو خێوەتەی ئەرزاق بە. ماوەیەک لەوێ بووم و دوای ماوەیەک چووین بۆ دۆڵی خشتۆڵە لە نزیک قەسروماکۆس. لەوێ لە بارەگای بارزانی لەگەڵ عەبدوڵا حەسەن "چیچۆ" دۆسکی، شەمسەدین موحسین، محەمەد مەلۆ، ئەیوب محەمەد و پێشمەرگەیەکی تر بەناوی عەزیز خزمەتی پێشمەرگە و میوانەکانمان دەکرد. زۆری پێنەچوو کە وتووێژی ١١ی ئادار دەستی پێکرد، من لەوە بە پەرۆش بووم کە بەبێ بەشداریی کردنم لە شەڕ بە ئاشتی گەیشتین. دەمگوت خوازیا بەشداریی شەڕێکم کردبا.... . دوای ماوەیەک کوڕێک هات و گوتی کاک

ئیدریس تۆی دەوێ. من چووم. لەگەڵ کاک مەسعود ماڵێکی چوار ژورەیان بۆ کاری ڕۆژانە هەبوو. حاڵەتی دەرونی کاک ئیدریس بەجۆرێک بوو کە زۆر زوو خەڵکی دەناسی و دەیتوانی بۆ قسەکردن ڕایبکێشێت و کەسێکی زۆر قسە خۆشبوو. گوتی: کلیدی ئەم ژورانەی من و مەسعود لای تۆ بن و خۆت خاوێنیان بکەوە و پاشماوەکان بسوتێنە و ئەگەر میوانیش هاتن، خزمەتیان بکە و چایی و پێداویستییەکان بێنە و ئیتر کەس نەیەتە ئێرە. نزیکەی ١٠- ١٢ ڕۆژ لەوێ بووم، ڕۆژێک بینیم هەندێک پارە لە عەرز کەوتووە، من پارەکانم هەڵگرت و لە چەکمەچە "کەشەو"ی مێزەکەم نا. ڕۆژی دوایی کە کاک ئیدریس هات، گوتم پارە لێرە کەوتبوو. گوتی چەند بوو؟ گوتم نازانم لە چەکمەچەی مێزەکەم ناوە.

کاک ئیدریس کە بەیانییان دەهات، نزیکەی ١٠- ١٥ خولەک لەگەڵ پێشمەرگەکان قسەی دەکرد، حاڵی دەپرسین و گاڵتەی لەگەڵ دەکردن و ئێوارانەش هەربەم جۆرە بوو. ڕێگای ماڵەکەی بە ئوتۆمبیل و بە پێ ٥- ٦ خولەک بوو، لەو مەودایەدا لەگەڵ پاسەوانەکانی دەدوا و ئامۆژگاری دەکردن. من گەنجێکی باریک و لاواز بووم، گاڵتەی پێ دەکردم و دەیگوت: ئەمڕۆ زۆر کەشخەی "قۆز" و نەیدەهێشت دەوروبەرەکەی تووشی فیکر کردنەوە و پەرێشانی بن. بە ڕاستی مرۆڤێکی تایبەت بوو، زۆر باش دەرونی لایەنی ڕووبەڕووی دەخوێندەوە و ئەگەر ئیشێکت بووایە بە قسەی خۆش بۆی جێبەجێ دەکردی. دۆست و هەڤاڵی کەسانی ئیشکەر بوو و دۆستەکانی لەبیر نەدەکرد. ڕێبەرێکی زۆر ئاشتیخواز و دەرون پاک بوو. ڕێزی لە لایەنگران و دۆستانی خۆی دەگرت. ئەو هیچ بەڵێنێکی بەبێ کردار نەدەهێشتەوە. کە دەهاتنە لای سێ جۆر بەڵێنی پێدەدان:

- دەیگوت: تا ڕۆژی فلان کارەکەت جێبەجێ دەکەم و لە کاتی خۆیدا کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکرد.

- دەیگوت: تۆ حەقت بەسەر ئێمەدا هەیە، بەڵام مەجالم بدە کە ئیشەکەت بۆ جێبەجێ بکەم.

- دەیگوت: دەزانم مستەحەقی، بەڵام دەبێ ئەحەمول بکەی تا ئیشەکەت بۆ جێبەجێ دەکەم.)



جیهان ئەحمەد حەمەد شیرۆکی ساڵێک بەرلە کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی، چۆتە ماڵیان کە لە ڕاگرتنی منداڵو کارەکانی ناو ماڵدا یارمەتی هاوسەری کاک ئیدریس بکات و لەم بارەیەوە دەڵێت:

- (بەهۆی باوکمەوە چووم بۆ کەرەج کە لە کاری ماڵ و ڕاگرتنی منداڵەکانی کاک ئیدریس هاوکارییان بکەم. نزیکەی ساڵ و نیوێک لە ماڵیان بووم لەو ماوەیەدا هیچ کەسێکم نەبینیبوو کە وەک کاک ئیدریس بێت، قەت هەستم بەوە نەدەکرد کە کاریان بۆ دەکەم. هەم بۆخۆی و هەمیش هاوسەرەکەی وەک یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان ڕێزیان لەمن دەگرت و تەنانەت بۆ یەک جاریش من و دلبەر کە ئەویش لەوێ کاری دەکرد، هەستمان بە جیاوازیی لەنێوان خۆمان و منداڵەکانیدا نەکرد. کاک ئیدریس دەهاتە لامان و زۆر بە مێهرەبانیی قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد. من کە پێم لە ماڵیان نا، دنیایەکی نوێم بینی و هەستم بە خۆشی کرد. ئێستاش ئەو مێهرە لەنێوان سەرۆک بارزانی و کاک نێچیردا ماوە. ماڵێکی ئاسایيان هەبوو، خێزانی لەگەڵ ئێمە شیوی دروست دەکرد

و لەگەڵ کاک ئیدریس پێکەوە لە ژورێک نانیان دەخوارد و من و دلبەریش ژوری خۆمان هەبوو. لە نەبوونی کاک ئیدریس دا خێزانی و منداڵەکانی دەهاتنە لای ئێمە و هەموو پێکەوە بووین. کە دەهاتەوە ماڵەوە لە خزمەت هاوسەر و منداڵەکانیدا بوو.)

محەمەد عەزیز قادر "حەمە عەزیز" لە ئازایەتی و ریسک کردنی کاک ئیدریس لە ژیاندا دەدوێت و دەڵێت: (کاک ئیدریس پیاوێکی ئازا بوو، زۆری ریسک دەکرد. جارێک لەسەر بڕیاری ئەو ریسکێکمان کرد. لەگەڵ کاک ئیدریس و مستەفا بەگی سوری خەزوری شێخ نیهاد و دوو سێ حیمایە، بەبێ ئەوەی کە بەهیچ لایەنێک و تەنانەت بە مەلا مستەفاش بڵێین چووین بۆ بەغدا. چووین شێخ بابۆمان لە هۆتێلێک دۆزییەوە. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جاشەکان پلانی کوشتنی کاک ئیدریسیان دارشتبوو و لە دوومان گەڕابوون کە ڕێگامان پێ بگرن و بمانکوژن، بەڵام پەیدایان نەکردبووین و ئێمە بە سلامەتی گەڕاینەوە. جارێکی تریش کاک ئیدریس موجازفەیەکی تری دروستکرد و ڕیسکێکی تری کرد. گوتی دەچین سەرمان دەتاشین. گوتم چۆن بچین؟ گوتی دوو بە دوو. ئوتۆمبیلێکی مارسیدسی ڕەشی بێ ژمارەی ساڵی ١٩٧٠مان پێبوو، ئەحمەد حەسەن بەکر بە دیاریی دابووی بە بارزانی. چووین لەو جادەی ڕەشید، دوکانێکمان دیتەوە و بە نۆرە کێشکی یەکترمان گرت و سەرمان چاک کرد و گەڕاینەوە بۆ هۆتێلەکەمان.)




لە جێیەکی تردا، مولازم نیهاد سابیر بەرزەنجی لە شەڕی بازێ لە هەکاری و ئامۆژگاریی ئیدریس بارزانی دەدوێ و دەڵێت: (سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای کۆبوونەوەی نۆکان

و وەرگرتنی بڕیاری ناردنی پێشمەرگە بۆ ناوچەی بادینان کە ئێمە دەرکەن، مام جەلال نامەیەکی ڕەوانەی جەماعەتی شوانچییەکانی تورکیا (مەبەست لە پارتی کارگەری کوردستان DDKD ە- نوسەر)، کردبوو. نوسیبوی دوای ئەوەی پاشماوەی بەکرێگیراوانی موساد، سیا و ساواکمان لە ناوچەی سۆران پاککردەوە لە بەهاری ئایندەدا هێزێکمان بەسەرکردایەتی چاکترین فەرماندەکانی یەکێتی نیشتمانی حەرەکەت دەکات بۆ ناوچەی بادینان. نامەی مام جەلال گەیشتە دەست کاک سامی عەبدولڕەحمان و ئەویش کاک ئیدریسی ئاگادار کرد. لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی مام جەلال دا، کاک ئیدریس ئامۆژگاریی کردین کە نابێ بیانکوژن.



محەمەد ئەحمەد مورادخان خەڵکی گوندی واژێ لە قەزای مێرگەسور بۆ ماوەیەک لە کەرەج پاسەوانی ماڵی کاک ئیدریس بووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (ساڵی ١٩٧٩دا بەهۆی خزمایەتیم لەگەڵ دوکتۆر سەعید ئەحمەد نادر یەکێک لە هەڤاڵانی بارزانی لە سۆڤیەت و بەرپرسی قواتی بارزان بە کاک ئیدریس بارزانی نەمر ناسێنرام کە بچم ببم بە پاسەوانی ماڵیان. لە نەغەدەوە چووم بۆ ڕاژان و لەوێوە بۆ کەرەج. دوو شەو لە ماڵی دوکتۆر سەعید بووم. لەوێ چووم چاوم بە کاک ئیدریس کەوت، کلاشینکۆفێکیان دامێ و بووم بە حەرسی ماڵیان. مستەفا شێرۆ بەردەری و جەبار ئەرگوشی لە ماڵی ئەو بوون. من و مستەفا حەرەس بووین و جەبار شۆفیر بوو.

نازدار خان لەگەڵ منداڵەکانی: نەدا، نێچیر، دلۆڤان، عەباس، یوسف، بارز و باوەڕ پێکەوە بوون، دیارە نێچیر و دلۆڤان و هەروەها عەباس و یوسف دووانە بوون.

لەو ماوەیەدا کە من لەماڵیان بووم، دوو دیاردەی زۆر گرنگم لە کاک ئیدریس بینی. یەکەمیان مرۆڤێکی زۆر ئارام بوو. بە دایم دەیویست خزمەتی خەڵک بکات، هەرکەسێک دەهاتە لای بە ڕووی خۆش دەگەڕایەوە و هەر بەوجۆرەش لەگەڵ ئێمە مێهرەبان بوو.

دووەم هەرچەندە هەڕەشەی ئێرانی لەسەر بوو، بەڵام زۆر بە غیرەت بوو. شەوێک کاتژمێر دەی شەو هات گوتی: دەچم بۆ ماڵی دایکم. منی لەگەڵ خۆی برد و بەپێ چووین. دوای گەیشتنی من گەڕامەوە. کاتژمێر پێنجی بەیانی دیتم بە تەنیا گەڕایەوە. من بەدڵ نارەحەت بووم، بەڵام هیچم نەگوت. ئەو هاتە پێش و گوتی: ئەگەر تۆ ماندوی و خەوت دێ، بچۆ بنوو من لە جیاتی تۆ کێشک دەدەم. هەروەها جارێک ٧-٨ میوانی هەبوو، من چاییم بۆ بردن و



یەکەم چام لەپێش کاک ئیدریس دانا و دواتر بۆ ئەوانی تر. کە گەڕامەوە بۆ چایخانە، هات و گوتی ئەگەر جارێکی تر چایت هێنا هەر ڕیزێک کە من لێی دانیشتوم، تۆ لە ڕیزی ڕووبەڕووی منەوە چایی دانێ کە من بکەومە کەسی ئاخر و نابێ لەمنەوە دەست بە دانانی چایی بکەی و هەمیشە دوا چایی بۆ من دانێ.)

بە دوای کۆچی دوایی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانیدا، بارزانی مەلا خالید بە سۆزێکی زۆرەوە چەند بابەتی لەسەر ژیان، خەبات و

پێوەندییەکانی ئیدریس بارزانی بڵاوکردەوە. بە باشم زانی هۆی ئەو کارەی و سۆز و یادکردنەوەکانی بزانم، ناوبرا گوتی:

- (با بە وتەیەکی سەرۆک مەسعود بارزانی وەڵامت بدەمەوە کە لە کتێبە بە نرخەکەیدا "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد"دا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە و دەڵێت: "پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١، بارزانی نەمر لە بەرەکانی شەڕدا بوو. بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ و سەرپەرشتی کردنی فەرمانیدا هەموو لایەکمان کاک ئیدریس بە مەرجەع بزانین و لە هەڵسوکەوتەکانماندا پرس و ڕای پێبکەین." لێرەدا نهێنی کارزانی و پسپۆڕیی و گەورەیی کاک ئیدریس بەدەردەکەوێ، تۆ سەیری بکە لە کاتێکدا کاک ئیدریس کۆمەڵێ برای لەخۆی گەورەتری هەبوو، کەچی بارزانیی نەمر ئەوی بە گەورە داناوە و پرس و ڕای پێکراوە. هەروەها لێرەدا قسەیەکی هاوڕێ و تێکۆشەری دێرین مامۆستا عەزیز محەمەدم دێتەوە یاد کە لەم شەوانەدا لەگەڵ هەڤاڵ خورشید شێرە لە خزمەتیدا بووین و لە قسەکانماندا باسی لە بوێری و ژیری کاک ئیدریس دەکرد و فەرمووی: "لە خزمەت بارزانی نەمردا بووم سەبارەت بە بەرپرسەکانی شۆڕش قسەمان دەکرد، من زۆر ستایشی ڕۆڵی کاک ئیدریسم کرد کە سەرنجم دایە بارزانی زۆری پێخۆشبوو، لە ناخەوە دەگەشایەوە."

سۆزی من لەوەوە دێت کە کاک ئیدریس مرۆڤێکی تایبەت بوو، هەرگیز خۆی لە خەڵکی تر جیا نەدەکردەوە و ئەو خۆی لەنێو مرۆڤی کورددا دەبینی، هەستی بە موعانەتەکانی دەکرد و لە یەکەم ڕوانیندا ناخی مرۆڤی دەخوێندەوە و چارەسەری شیاوی بۆ گرفتەکانی دەدۆزییەوە. سەرکردەیەکی خاکی و دڵپاک بوو، هەرگیز خۆی لە کەسی ڕووبەڕووی بە گەورەتر نەدەزانی، پێشمەریەکی سادە و دڵسۆز بوو، لە گەرمەی شەڕ و ئاگردا

سەرکردەیەکی خۆڕاگر، ورەبخش، بیردۆزی چارەسەری گرێ کوێرەکان و زامنکەری سەرکەوتنەکان بوو.

لە دوای کۆچی دوایی بارزانی باوکدا، هەموومان بۆنی ئەومان لە کاک ئیدریس دەکرد. لە ڕۆژانی مێحنەت و ساتە پڕلە مەترسییەکاندا لە پێناو ڕێکخستنەوەی پارتی، کۆکردنەوەی پێشمەرگە، جۆشدانی شۆڕش، پوچەڵکردنەوەی مانۆڕ و پیلانەکانی دوژمن، ناحەزانی پارتی، شەوی دەکردە ڕۆژ و بێباک لە چاوی جاسوسان، پێداویستییەکانی شۆڕش و جێی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی دابین دەکرد. بایەخێکی زۆری بە ماڵ و منداڵی پێشمەرگە دەدا، نەیدەهێشت حەوجێی دەستی ئەم و ئەو بن. ئەوەیە کە من بە شانازییەوە هەتا هەم بە سۆزەوە یادی دەکەمەوە.)

## گواستنەوەی تەرمی مەلا مستەفا و ئیدریس بارزانی بۆ زێدی خۆیان

چارەنوسی کاک ئیدریس بەوە گەیشت کە بە دوای کۆچی دوایی



کردنیشیدا لە سەرۆک بارزانی باوک جیا نەبێتەوە. پێشتر گوتم: بارزانی وەسیەتی کردبوو کە ئەگەر کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەی بەرنەوە بۆ زێدی باب و باپیرانی و لە بارزان بینێژن و ئەگەر بۆیان نەکرا لە شنۆ و لە پاڵ ئارامگەی شێخ بابۆی برای بەخاکی بسپێرن. چونکە لەو سەردەمەدا گواستنەوەی تەرمی بارزانی بۆ گوندی بارزان ئاسایی نەبوو، بەڕێزان، ئیدریس بارزانی، موحسین دزەیی و محەمەد سەعید دۆسکی لە ئەمریکا بڕیاریاندا تا زەمینەی گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ بارزان دەستەبەر دەبێ، تەرمی مەلا مستەفا لە شنۆ بەخاک بسپێردرێت.

دوای بەخاک سپاردنی تەرمی بارزانی لە شنۆ کە لەبەشی پێشووتردا ئاماژەم بۆ کرد، پێشبینییەکان وەڕاست گەڕان و ساڵی ۱۹۹۱ باری سیاسیی عێراق تێکچوو و پێشمەرگە گەڕایەوە بۆ باشوری کوردستان. بە جێگیربوونەوەی پارتی دیموکرات لە باشوری

کوردستان، زەمینە بۆ بەجێگەیاندنی وەسیەتی مەلا مستەفا خۆشبوو. لەبەر ئەوە، دوای جێبەجێکردنی ڕێکاری پێویست، ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٦ تەمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس مستەفا بارزانی، لە گوندی "هەلەج"ەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دوو هێلیکۆپتەری شنۆکی ئێران، هێنرانەوە بۆ باشوری کوردستان و لەنێو ئاپۆرەی سەدان هەزار کەس خەڵکی بە ئەمەکی کوردستاندا و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەی نەتەوەییدا، تەرمەکانیان گواستەوە بۆ گوندی بارزان و ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٨ لە پەنای یەکتر بە خاکی پیرۆزی کوردستانیان سپاردن. لەم بارەیەوە ناسر مەحۆ شینۆ سێلکی لە وتووێژێکی تایبەتدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، دەڵێت:

- ساڵی ١٩٨١ کە تەرمی بارزانییان لە شنۆوە گواستەوە بۆ هەلەج، من لەگەڵ فەرج یوسف و خواجە سلێمان و ٢٧ پێشمەرگەی تر پاسەوانی مەزاری بارزانی نەمر بووین لە هەلەج. تەیمز ئاراب، لەشکری حوسێن جەرگیز و عەلی شکاک بەرپرسی ئێمە بوون.



خەڵێکی زۆر و بە تایبەتی کوردە پەنابەرەکانی باشوری کوردستان لە هەموو شارەکانی ئێرانەوە دەهاتن و سەردانی مەزاری بارزانییان دەکرد. حەمایل خان هاوسەری بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتی تر هەر پازدە ڕۆژەی جارێک بە ئوتوبوس دەهاتنە سەر مەزاری بارزانی و ساڵانەش لە ڕۆژی وەفات کردنیدا لافیتەیان هەڵدەگرت و بە خۆپێشاندان لە زێوەوە بەپێ دەگەیشتنە سەر مەزاری بارزان. کە ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١، ئیدریسیان

لە هەلەج ناشت، هەلەج وەک ڕۆژی مەحشەری لێهات. ژمارەیەکی زۆری لە ژمار نەهاتوو لە هەلەج کۆبوونەوە و هەرکەسە بەشێوەیەک بۆ ئیدریس شینی دەکرد، کۆمەڵێک دەگریان و هاواری خوا و پێغەمبەریان دەکرد و لەبەر شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا دەپاڕانەوە و دەیانگوت: ئیدریس مرد و ئێمە لەناو چووین.

ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/٦ کە بڕیاربوو تەرمی نەمران، بارزانی و کاک ئیدریس بگەڕێننەوە بۆ باشوری کوردستان، هێلیکۆپتەرەکانی کۆماری ئیسلامی دوو کاتژمێر درەنگتر لەکاتی دیاریکراو هاتن، لەبەر ئەوە مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا تەرمی نەمران بە ئوتۆمبیل بگەڕێنینەوە. ٣٠ ئوتۆمبیلیان ئامادە کرد و هەموویان بە لافیتە و وێنەی نەمران داپۆشی. بڕیاردرا ئێمە پاسەوانەکان بەو ئوتۆمبیلانە لەگەڵ تەرمەکان بچینەوە، بەڵام هێلیکۆپتەرەکان هاتن و تەرمەکانیان بردەوە. شێخ نیهاد برای سەرۆک مەسعود، شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، شێخ ئەدهەم بارزانی لەگەڵ دوو مەلا کە من ئەوانم نەدەناسی تەرمەکانیان بردەوە.)



لە ساڵی ١٩٩٣وە کە تەرمی نەمران مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس مستەفا بارزانی، لە گوندی هەلەجەوە هێنرانەوە بۆ بارزان، گوندی بارزان و مەزاری نەمران بووەتە ئارامگەی عاشقانی ڕێی ئازادی، ئاشتی و کوردایەتی و ساڵانە بە دەیان هەزار کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت کەسایەتییە بیانییەکانیش ڕوو دەکەنە بارزان و سەری ڕێز بۆ ئەو سەرکردانە دادەنوێنن و بەبینیی مەزاری سادە و فەقیرانەیان، سوکنایی بەدڵی خۆیان دەبەخشن و بەڵێن تازە دەکەنەوە کە ڕێبازی نەمران بەرنەدەن.

# پاشبەند

## پاشبەندی ۱

تاریخ [illegible] ماه ۱۳۲۱
پیوست ———

وزارت جنگ
اداره [illegible]
دایره ———
شماره [illegible]

تیمسار سپهبد شاه بختی

حسب الامر شاهانه ابلاغ میشود بطوریکه استحضار دارند در تاریخ ۶/۲ بارزانیها بخاک ایران وارد و با [illegible] در پی کمیته لشگر برای تعقیب و سرکوبی آنها فقط لشکر توانست در تاریخ ۲/۱۹ با آن اشرار تصادف نماید در صورتیکه مدت ۹ قوای لشکر برای تعقیب آن عناصر ده برابر عده اشرار بوده و همه قسم وسائل اتومبیل وغیره در اختیار لشکر بوده در صورتیکه بارزانیها عموما پیاده و فاقد وسیله راه پیمائی مجهز بوده اند و حتی اعلیحضرت همایون شاهنشاهی پس از استحضار از جریانات اوامر مبارک صادر فرموده اند که بایستی در مدت ۴۸ ساعت پایان کار خاتمه داده شود آنهم بهیچوجه صورت عملی بخود نگرفته تا آنکه در تاریخ ۲/۱۹ با اشرار در حوالی [illegible] تصادف و در نتیجه عملیاتیکه لشکر [illegible] میدهد ۱ نفر تلفات و ۲۵ نفر زخمی داده شده و بارزانیها هم موفق شده اند با وجود این جریان باز بطرف شمال بروند چون این موضوع از هر لحاظ مهم و قابل توجه است لذا حسب الامر شاهانه مقرر است کمیسیونی تحت ریاست تیمسار و عضویت :

سرلشکر خسروانی — سرتیپ گیلان — سرتیپ وثوق

در محل تشکیل و دقیقا بکلیه جریانات رسیدگی کرده تعیین شود :

۱) چرا لشکر [illegible] اقدام ننموده ؟
۲) چرا ستونها با وسائلی که در اختیار داشته اند موفق [illegible] نشده اند ؟
۳) تقصیر در این عملیات مربوط به که بوده ؟
۴) علت عملیات [illegible] بوده و تقصیر از طرف که بوده ؟

بطوریکه بایستی رسیدگی نموده صریحا تعیین شود تقصیر در این عملیات از طرف که شده چه این پیش آمد به حیثیت و مقام ارتش در نظر همسایگان و حتی جلوی عشایر محلی [illegible] واحد های ارتش را کاملا [illegible] نموده است . نتیجه را زودتر اعلام فرمائید که از طرف [illegible] پیشگاه شاهانه [illegible] .

رئیس ستاد ارتش — سرلشکر رزم آرا

## پاشبەندی ٢

### جێگری وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت
### بۆ جەنەرالیزمی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ستالین ی.ڤ

(١) هەروەک دەزانن ئێمە لە عێراق بۆ ڕزگاریی کورد لە دژی دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕین، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا هاتینە ئێران و، پەنامان بردە بەر سوپای سۆڤیەتیی جێگربوو لەوێ، ئێمە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بۆ ڕزگاریی گەلانی ئازەربایجان و کورد لە ئێراندا بەشداریمان کرد.

(٢) لە ١٠ کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ هێزە دیموکراتییەکانی ئێران لەژێر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا خۆیان بەدەستەوە دا، بەڵام ئێمە لەبەربەرەکانی بەردەوام بووین و، گەلانی تریش لەگەڵ ئێمەدا بەشدارییان کرد. ئەگەر بەگ و ئاغا کوردەکان یارمەتیی دەوڵەتی عێراقیان نەدایە، ئێمە بۆ ئێران پاشەکشێمان نەدەکرد و، لە خەباتی خۆمان بەردەوام دەبووین.

(٣) لەو ماوەیەدا بەهاوبەندیی کۆنەپەرستانی تورکیا و عێراق ئێمە لە مەترسیی لەناوچووندا بووین، ئێمە هێزێکی زۆرمان نەبوو بەڵام هێشتاش خۆمان لەبەر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا ڕاگرت و، زیانێکی گەورەمان لێ دان. ئێمە لەسایەی ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕانەی خۆمانەوە سەرکەوتین و، هێزەکانی خۆمانمان پاراست. ئێمە ئامانجمان کوردستانی عێراق بوو بەڵام بەهۆی دەست تێوەردانی هەندێ تاخمی کۆنەپەرست ناپاکیمان لەگەڵدا کرا. ئێمە لە عێراق سوپای تورکیامان بینی کە یارمەتی کۆنەپەرستانی عێراقیان دەدا و، ئەمەبوو بەهۆی ئەوەی ناچار بین بۆ ماوەیەک واز لە خەبات بێنین و هێزەکانمان بۆ خەبات لە داهاتوو بپارێزین.

(٤) ئێمە ناچار کراین بێینە سەر سنوورەکانی یەکەتیی سۆڤیەت و، لە گەمارۆی سوپای ئێران خۆمان ڕزگار کەین، ئەمەش پاش ئەوە چووینە ناو خاکی تورکیا و لەوێوە بۆ سەر سنووری سۆڤیەت.

لە ماوەی ٢٠ ڕۆژی ڕێپێواندا تا سەر ڕووباری ئاراس، ئەم ٢٠ ڕۆژە کۆنەپەرستانی ئێران نیازیان ئەوەبوو لەناومان ببەن؛ بەڵام پاش شەڕێکی سەخت و خوێناوی گەیشتینە سەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەت.

(٥) لەم وەختەدا پێنج سەد شۆڕشگێڕی بارزانی لەسەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەتدان، لەناو ئێمەدا بریندار و شەکەت زۆرن، ئێمە وەک هەموو گەلانی دیموکراتخواز، پێویستیمان بەئازادی هەیە، چاوەڕێی یارمەتی لە هاوڕێ ستالین دەکەین.

بۆیە هاتینە ناو خاکی سۆڤیەت، دەزانین دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت دیموکراتیترین دەوڵەتی کرێکار و جوتیارە. لەبەر ئەو بارودۆخەی ئێمە تێی کەوتووین، تکایە یارمەتیمان بدەن.

هەر بژی هاوڕێ ستالین و هەموو گەلانی یەکەتیی سۆڤیەت

ڕێبەری بزووتنەوەی دیموکرات و شۆڕشگێڕانەی کوردستانی عێراق

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان: مەلا مستەلا بارزانی

لەلایەن جەنەراڵ لیتینانت ستاخانوف – ١٨ی حوزەیران ١٩٤٧

## پاشبەندی ٣

### جێگری وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت
### بۆ جەنەرالیزمی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ستالین ی.ڤ

(١) هەروەک دەزانن ئێمە لە عێراق بۆ ڕزگاریی کورد لە دژی دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕین، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا هاتینە ئێران و، پەنامان بردە بەر سوپای سۆڤیەتیی جێگربوو لەوێ، ئێمە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بۆ ڕزگاریی گەلانی ئازەربایجان و کورد لە ئێراندا بەشداریمان کرد.

(٢) لە ١٠ کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ هێزە دیموکراتییەکانی ئێران لەژێر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا خۆیان بەدەستەوە دا، بەڵام ئێمە لەبەربەرەکانی بەردەوام بووین و، گەلانی تریش لەگەڵ ئێمەدا بەشدارییان کرد. ئەگەر بەگ و ئاغا کوردەکان یارمەتیی دەوڵەتی عێراقیان نەدایە، ئێمە بۆ ئێران پاشەکشێمان نەدەکرد و، لە خەباتی خۆمان بەردەوام دەبووین.

(٣) لەو ماوەیەدا بەهاوبەندیی کۆنەپەرستانی تورکیا و عێراق ئێمە لە مەترسیی لەناوچووندا بووین، ئێمە هێزێکی زۆرمان نەبوو بەڵام هێشتاش خۆمان لەبەر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا ڕاگرت و، زیانێکی گەورەمان لێ دان. ئێمە لەسایەی ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕانەی خۆمانەوە سەرکەوتین و، هێزەکانی خۆمانمان پاراست. ئێمە ئامانجمان کوردستانی عێراق بوو بەڵام بەهۆی دەست تێوەردانی هەندێ تاخمی کۆنەپەرست ناپاکیمان لەگەڵدا کرا. ئێمە لە عێراق سوپای تورکیامان بینی کە یارمەتی کۆنەپەرستانی عێراقیان دەدا و، ئەمەبوو بەهۆی ئەوەی ناچار بین بۆ ماوەیەک واز لە خەبات بێنین و هێزەکانمان بۆ خەبات لە داهاتوو بپارێزین.

(٤) ئێمە ناچار کراین بێینە سەر سنوورەکانی یەکەتیی سۆڤیەت و، لە گەمارۆی سوپای ئێران خۆمان ڕزگار کەین، ئەمەش پاش ئەوە چووینە ناو خاکی تورکیا و لەوێوە بۆ سەر سنووری سۆڤیەت.

لە ماوەی ٢٠ ڕۆژی ڕێپێواندا تا سەر ڕووباری ئاراس، ئەم ٢٠ ڕۆژە کۆنەپەرستانی ئێران نیازیان ئەوەبوو لەناومان ببەن؛ بەڵام پاش شەڕێکی سەخت و خوێناوی گەیشتینە سەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەت.

(٥) لەم وەختەدا پێنج سەد شۆڕشگێڕی بارزانی لەسەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەتدان، لەناو ئێمەدا بریندار و شەکەت زۆرن، ئێمە وەک هەموو گەلانی دیموکراتخواز، پێویستیمان بەئازادی هەیە، چاوەڕێی یارمەتی لە هاوڕێ ستالین دەکەین.

بۆیە هاتینە ناو خاکی سۆڤیەت، دەزانین دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت دیموکراتیترین دەوڵەتی کرێکار و جوتیارە. لەبەر ئەو بارودۆخەی ئێمە تێی کەوتووین، تکایە یارمەتیمان بدەن.

هەر بژی هاوڕێ ستالین و هەموو گەلانی یەکەتیی سۆڤیەت

ڕێبەری بزووتنەوەی دیموکرات و شۆڕشگێڕانەی کوردستانی عێراق

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان: مەلا مستەلا بارزانی

لەلایەن جەنەرال لیتینانت ستاخانوف – ١٨ی حوزەیران ١٩٤٧

## پاشبەندی ٤

**١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧**

**بۆ هاوڕێ ستالین ی-ڤ**
**بۆ هاوڕێ مۆلەتۆڤ ڤ.م**
**بۆ هاوڕێ بیریا ل. پ**

بۆ خستنەپاڵ ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت لە ١٨ی حوزەیرانی ئەمساڵ، لەبارەی دەستەکانی کوردی عێراقەوە ڕادەگەینم: لە کۆتاییی ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ئەمساڵ دەستەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کە ژمارەی سەرجەمیان ٤٩٩ کەسە هاتوونەتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت و، ئەم شتانەیان لێ سەندراوە: تفەنگ ٣٠٣، تەماتیک ٥، دەمانچە ٥٥، نارنجۆک ٥٤، دووربین ١٣، فیشەک ١٣٠٠٠.

کوردە ڕاگیراوەکان نێردراون بۆ شاری نەخچەوان و لەژێر پاراستنی سنووروانانن، بەپێی ڕاگەیاندنی مستەفا بارزانی لەبەر زەحمەتیی پەڕینەوە لە رووباری ئاراس بەچەک و تەقەمەنییەوە، ناچاربوون لەسەر ڕووبارەکەدا لەناو خاکی ئێران سێ سەد تفەنگ و سەد دەمانچە و ١٥٠ نارنجۆک و هەندێک تەقەمەنییان لەناو قامیشەکان بەجێ بهێڵن، سنووروانان ڕایان گەیاند کەوا ئەم چەک و تەقەمەنییە لەلایەن سوپای ئێران دۆزراونەتەوە و، دەستیان بەسەرداگیراوە. بەدەستووری ئێمە فەرماندەی سوپای سنووروانانی ناوچەی ئازەربایجان جەنەرال مایۆر هاوڕێ مالتسۆڤ لەگەڵ مستەفا بارزانیدا وتوویژی کردووە، بارزانی وتوویەتی: «ئێمە لە بزووتنەوەی دیموکراتی لە ئازەربایجانی ئێران چالاکانە دژی کۆنەپەرستان خەباتمان کردووە و، ئەم خەباتەش تا ئەم ڕۆژانەی دوایی هەر بەردەوام بووە. لەبەرئەوەی بۆ لەناوبردنی شەڕوانانی ئێمە، ئێران سوپایەکی زۆری بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی بەکارهێنابوو، ئێمە بڕیارمان دا لەپێناو پاراستنی دەستەکانی خۆماندا بێینە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە»، هەروەها مستەفا بارزانی ڕای گەیاند کە ئەو و هەموو هەڤاڵەکانی: «وازیان لە کشتوکاڵ هێناوە و، هۆگری شەڕی چەکداری بوون، ئێستا ئامادەی هەر شێوە دەستوورێکی یەکەتیی سۆڤیەتن بۆ خەبات لە دژی کۆنەپەرستانی ئێران».

ئێمە دەستوورمان پێ دراوە بەوردی ئاگەداری مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی بین.

جێگری وەزیری ناوخۆیی یەکەتیی سۆڤیەت: سیرۆڤ

## پاشبەندی ٥

برای ئازا و بەڕێز مەلا مصطفى بارزانی

دوای سلام و احترام

ئەوا بو بیست روژ ئەچی کە لە بەر ئەمری ئێوە لە قەلادزە ماوینەوە بە تەمای چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکومەت بەلام داخمان ناچی کە نە رەئیسی وزرا و نە وەزیر و نە متصرفیشمان نەدی لەم ماوەیەدا، وە دیاریش نیە کە بەم زوانە بێن بولامان. لە لایەکی کەشەوە ئەوەکو بە بەرچاوی ئەم ماوەیە دەرچووە بوونی ئێمە لە نزیکیانەوە هیچ کارێکی نەکردوتە سەر باشکردنی علاقەی ئێوە و پارتی. جگە لەمانەش ماندوومان بەم جێشنە بێ ئیشی و بێ کاری و بو ماوەیەکی دیاری نەکراو بووەتە هوی پەروپاگەندە و قسەیەکی زور لەناو خەلکدا کە هەر دوژمن کەلکی لێ وەرئەگرێ ئەوە و ادیارە هەر ئەمە بووەتە هوی ئەوەی کە برادەرەکانی ئێمە بە پەلە داوای گەڕانەوەمان بکەنەوە بو بەر دەستکردنی ئەو جێشنە پەروپاگەندانە. ئێمەش لە بەر ئەمە لە پێی گوڕانی وەزع و وەختی ئێوە و لە بەر ئەوەش وەختی خوی تێپەڕی بو چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی حکومەت داوای مانەوەت لێ کردبووین بویە هیوامان هەیە لێمان ببووری کە بێ چاوپێکەوتن [illegible] ڕوویشتینەوە

وە لە بەر ئەوەی کاک کەریمیش دوای لابردنی لە فەرماندەیی هێزی [illegible] هیچ ئیشێکی لەم ناوچەیە نامێنی بویە ئەویش لەگەڵ خومان بردەوە

ئیتر خواتان لەگەڵ بێ

برادەرانت

ابراهیم احمد — عمر [illegible] — سید عزیز افندی

## پاشبەندی ٦



١٩٦٤-٥-٤

بۆ جنابی کاک بارزانی مستەفای بەرێز

دوای سڵاو و ئیحترام

بە پێویستی سەرشانی خۆمانی ئەزانین کە ئەم داخوازیانەی خوارەوەتان بخەینە بەرچاو
بە نیازی ئەوەی کە لە چاکترین رێگەوە خزمەتی شۆڕش و گەلەکەمان بکەین.

١- مەکتەبی سیاسی شوێنی بۆ دابندرێت لە بنگرد یان مەرگە یان قەلاتوکە
تا ئەکەوێتە سەر رێکخستنی خۆی لە پێناتانەوە.

٢- دەست بکرێ بە هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەکانی پارتیدا بۆ هەڵبژاردنی
نوێنەرانی کۆنگرەی و لێژنەی ناوچەکان.

٣- دەست بکرێ بە جێبەجێ کردنی ئەو نووسراوانەی جەنابتان لەگەڵ کاک نولاد
و برایانی تر بەستتان کردووە و رازی بوون پێیان.

داتکایە وەعدێکمان بۆ دابنێ بۆ ئەوەی هەموومان چاومان پێتان بکەوێ

لە

ئیتر خۆشتان

علی عبداللە — مام جلال — سید عزیز — نوشیروان — نوری احمد طه

عمر — حلمی

# پاشبەندی ٧

برای ئازیزم مسعودی بەڕێز... لەوەتی هەندێک زانیاویم لەبارەی بارودۆخی کوردستانەوە لە ٤/٢٧ بۆ ناردیت، هێشتا شەڕ لە نێوان کەرتە نەبەردەکانی ئێمە و سوپاکەی عارفدا هەر بەردەوامە و لەو کاتەوە تا ئێستە بەشێوەیەکی بەرچاو شەڕ تاوی سەندووە و سوپاس بۆ خوا و، لە سایەی گەورەیی ئەوەوە حکوومەت تا ئێستە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە کە جێی باسکردن بێت، بگرە لە هەموو شەڕێکدا، چارەنووسی هەر شکستێکی خێرا بووە، هەرچەندە ئەوپەڕی تواناشی بەکارهێناوە و ئێمە بەبێ ئارامی چاوەڕوانی وەدەست هێنانی هەندێ چەکی قورسین بەتایبەتی چەند تۆپێکی چیایی کە ئینشاڵڵا دەبێتە هۆیەک بۆ دەرکردنی دوژمنی ڕووخاو و ورەنەماو تەنانەت لە مۆڵگەکانیشیان (سەربازگەکانیشیان). وا لە خوارەوەش هەندێک لەو زانیارییانەتان بۆ دەنووسین کە لە کەرتە جیاجیاکانی لەشکری ١ و ٢ و ٣وە پێمان گەیشتوون و ئەمەش لە دەقی برووسکەنامەکانیاندا هاتووە لە بارەی ئۆپەراسیۆنی شەڕ لە هەموو ناوچەیەک:

١- شەوی ٢١/٢٢ - ٤ هێزێکی ل٢ لەشکری ٣ عەبدولوەهاب هەڵیان کوتایە سەر سەنگەری جاشان لە هەڵەبجە و بەمووشەک لە یەکێک لە سەنگەرەکانیان دا و ئەمەش بووە هۆی ڕووخانی تەواوی سەنگەرەکە و کوژرانی شەش جاش و ژمارەیەک بریندار کە بەتەواوەتی نەزانراوە.

٢- هێزێکی لقی٢ لە بەتالیۆنی عەلی شەعبان لەشکری ٢ هێرشێکیان کردە سەر گوندی شێخ مەموودیانی سەر بەعەبدوڕەحمان سیساوەی ناپاک و دوای شەڕێک کە نێزیکەی سەعاتێک دەوامی کرد، جاشەکان خۆیان دا بەدەستەوە و دەسکەوتەکانیش ١٩ تفەنگی ئینگلیزی و برنەو بوون.

٣- لە شەوی ٢٩/ ٣٠-٤ هێزێکی لەشکری سەفین هێرشی کردە سەر سەربازگەی شەقڵاوە بەتۆپی هاوەنی ٣ گرێ تۆپبارانی کرد و زیانێکی زۆری پێ گەیاند کە هێشتا بەتەواوەتی نەزانراوە.

٤- دوای شەڕێکی گشتی کە نێزیکەی نۆ ڕۆژ لە دەشتی هەولێر دەوامی کرد، دوژمن زیانێکی زۆری گیانیی لێ کەوت و حەفتا و سێ لاشەی سەرباز و جاش لە مزگەوتی هەولێر بینراون و نەخۆشخانە مەدەنی و سەربازییەکان لە هەولێر پڕ بوون لە بریندار و دوژمنیش بەدەرکراوی کشایەوە دوای ئەوەی تانکێک بەمووشەک پەکی کەوت و زیانی ئێمەش دوو شەهید و بریندارێکە.

٥- شەوی ٢٩/ ٣٠-٤ دوو مەفرەزەی لەشکری ٢ هێرشیان کردە سەر ناوچەی بەستۆڕە لەو هێرشەدا سەنگەرێک دەستی بەسەرداگیرا و ئەوانەی سەنگەرەکەی تر هەڵاتن و دەسکەوت شەش تفەنگی

٣٧٦

ئینگلیزی و یەکێکی پەڕەشووت بوو لەگەڵ دەمانچەیەک و بڕێک فیشەک (عتاد) و هەندێک پەتوو (بەتانی) و مەکینەیەکی دورمان و چادری هەردوو سەنگەرەکەش سووتێنران.

٦- لە ١٩٦٥/٥/١ مەفرەزەیەکی لەشکری ٢ بازگەیەکی لەسەر ڕێی ئەسکی کەلەک - هەولێر دانا و لە ئۆتۆمۆبێلێکی دا کە جاشی تێدابوو و ئەوەی لە ناوی بوون، هەموویان لەنێوبران و دەسکەوتیش ٧ پارچە چەکی برنەو و ئینگلیزی بوو.

٧- لە ١٩٦٥/٤/٢٧ هێزێکی گەورە لە سوپا و جاش پێشڕەوییان کرد کە باڵەفڕ و تۆپخانە پشتیوانیی دەکردن و ئەو هێزە دوای شەڕێکی بێ پچڕانەوەی لەسەر یەک کە سێ ڕۆژ دەوامی کرد، توانی چیای دهۆک بگرێت. بەڵام لە سەرلەئێوارەی ڕۆژی چوارەم، پەلێک پێشمەرگەمان دژە هێرشێکیان کرد و توانییان چیای دهۆک بستێننەوە و کەوتنە دوای دوژمن تا بارەگای لیوای ١٨ لە دهۆک و دوژمن زیانێکی زۆری لێ کەوت کە بەدڵنیایی نەزانراوە و ژمارەیەک چادر و پەتوومان دەست کەوت و زیانی ئێمەش شەهیدێک بوو.

٨- برووسکەنامەیەکمان لە فەرماندەی لەشکری (١)ەوە لەبارەی ئەو شەڕانە بۆ هاتووە کە لەگەڵ هێزەکانی ئێمە لە ٤/٢٧ ڕوویان داوە و ئەوەبوو بەشێکم لەسەرەوە بۆ باس کردیت. مەسەلەکەش ئەوەیە لەو ڕۆژەدا دوژمن لە گەلی زاخۆ بەهێزێکی جەحفەلی فەوج لەگەڵ جاش بەرەو رالو و، هێزێکی تریش بەجەحفەلی لیوایەک بەرەو زێبار لە عاسی و، هێزی جەحفەلی لیوایەکیش لە عاسییەوە بەرەو باغلیجە لەگەڵ جاشان و، بەهێزێکی سوپا و جاش بەرەو زنجیرەی بێخێر بەرەو فیشخابوور پێشڕەوی کرد و ئەو هەموو هێزەش کە خەریکی بەرەو پێشەوە چوونە، باڵەفڕ و تۆپخانە پشتگیرییان لێ دەکات. دوای شەڕێکی سەخت و دژوار کە سێ ڕۆژی یەک لەدوایەکی بێ پسانەوەی لە هەموو بەرەکاندا خایاند، بوو بەهۆی کشانەوەی هێزەکانمان لە هەندێک شوێنی کەم بایەخ لە دەشتەکاندا کە بەرگریی کردنی تێدا زەحمەت و گران بوو بەرامبەر بەتانک و باڵەفڕ و دوژمن لە ناوچەکانی تر بەزی و شکستی هێنا. زیانی دوژمن بەچل کوژراو و بریندارێکی زۆر دادەنرێت و تانکێکیش بەمین تێک شکێنرا. لە هەمان ڕۆژیشدا هێزێکی سوپا و جاش بەپشتیوانیی تۆپخانە و باڵەفڕ بەرەو ئەو گوندانەی دەکەونە باشووری زاخۆ پێش کەوتن و هێزێکی تریش بۆ گوندی حەسەناوا بەرەو گوندەکانی بێتاس پێش کەوتن و هێزێکی ئازا و چاونەترسمان بەریان لێ گرتن و ناچاریان کردن هەڵێن و ڕابکەن دوای ئەوەی زیانێکی زۆری گیانییان لێ کەوت. زیانی ئێمە لەم هەموو شەڕانەدا شەش شەهید و سێ بریندار بوو.

٩- لە ١٩٦٥/٥/٤ پێشمەرگەکانی لقی ٦ بەتالیۆنی ٩ لەشکری ٣ لەگەڵ هێزەکانی سوپا و جاش لە ناوچەی قادرکەرەم و کانی شیرینکا بەرەنگاری یەکتر بوونەوە و شەڕ سێ تا چوار سەعات بەردەوام بوو، دوای ئەوە دوژمن بەزی و شکا و ئەم زیانانەی خوارەوەی لێ کەوت:

١٥ جاش و سەبازی کوژراو و ٣٠ بریندار. ئێمە زیانمان نییە.

١٠- لە ٥/٤ پەلە پێشمەرگەکانمان ڕێیان بەهێزێکی سوپا و جاش گرت لە ڕێگەی دهۆک - مووسڵ و شەڕ حەوت سەعات بەردەوام بوو، لە ئەنجامی ئەوەدا، دوژمن حەوت جاشی لێ کوژرا و یەکێکیش بەدیل گیرا و دەستکەوتمان ٢ تفەنگ بوو، ئەوەش بزانە کە هێزەکانی حکوومەت باڵەفڕ و ٨ تانک پشتگیرییان لێ دەکردن. ئێمە زیانمان نییە.

١١- لە هەمان ڕۆژدا ٥/٤ هێزەکانمان بەریان بە کاروانێکی سەربازی گرت لە نێوان کەرکووک و چەمچەماڵ کە تانک دەیپاراست. لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕ هێز لە کەرکووک و چەمچەماڵڕا هاتن بۆ ڕزگارکردنی کاروانەکە. شەڕ لە نێوان هەردوولادا زێتر لە پێنج سەعات بەردەوام بوو، دوژمن بەهەڵاتوویی کشایەوە دوای ئەوەی هێزەکانمان زیانێکی زۆری گیانیان پێ گەیاندن. لە نێوان کوژراوەکان هەریەک لە ملازم عەدنان سوبحی و حوسێن حەمیدیان تێدایە. لە هەمان ڕۆژیشدا هێزێکی تری سوپا و جاش پێشڕەوییان کرد بۆ سووتاندنی گوندی زەنگەنەی بێ دیفاع کە کەوتووەتە نێزیک ڕێگەی نێوان کەرکووک و چەمچەماڵ و هێزەکانمان خۆیان بۆ بەرگری کردن ئامادە کرد تاکو دوای شەڕکردن توانییان دوژمن بەرەو دواوە بکشێننەوە و زیانێکی زۆریشیان پێ گەیاند. باڵەفڕی هیلیۆکۆپتەر کوژراو و برینداری لە مەیدانی شەڕەکە دەگوێزایەوە. زیانمان یەک بریندارە.

١٢- خۆدانەپاڵ لە سوپای عارەبییەوە لە هەموو بەرەکان بەردەوامە و بۆ نموونە هەندێکتان لە خوارەوە بۆ باس دەکەم:

لە شەوی ٢٨/٢٧-٤ دوو جاشی عارف کە لە کۆیە بوون پێوەندییان بەبارەگای مەلا عەبدوڵلا کرد.

لە شەوی ١/٢-٥ هەقی ئاغا کە لە دەستپێکردنی جووڵانەوەی ئەم دواییە بووبوو بەجاش پێوەندیی بەبارەگای مەلا عەبدوڵلا کرد لە سەرکەپکان و پەشیمانیی خۆیانیان لەوەی پێشوو ڕاگەیاند. هەروەها سەربازێکی عارەب لە ٥/٥ پێوەندیی بەهێزەکەی تاریق ئەحمەد لەشکری (٣)وە کرد. لە ٥/٣ ئەم سەربازە عارەبانەی ناویان لە خوارەوە هاتووە پێوەندییان بەهێزەکەی تاریق ئەحمەد لە بەتالیۆنی ٣ کرد:

١- متلەگ محەمەد. ٢- سەییید یونس. ٣- عەلی ساڵح.

١٣- لە ڕۆژی ١٩٦٥/٥/٦، سەعات حەوتی ئێوارە تۆپە چیاییەکانمان باڵەفڕگەی بامەڕنێیان تۆپباران کرد و زیانێکی زۆری گیانییان لێ دان کە تا ئێستە نەزانراوە. هێزەکانمان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی باڵەفڕگەیان دا و دەوریان گرت. ورەی هێزەکانمان لەوێدا بەرزە. سەرلەئێوارەی ١٩٦٥/٥/٧ بۆ جاری دووەم باڵەفڕگەکە تۆپباران کرایەوە.

ورەی دوژمن ڕووخاوە. باڵەفڕ بەخەستی گوندەکانی ئەوێ، گوندە بێ دیفاعە بەرییەکان بۆمباران دەکات. ئەنجامەکانتان بۆ دەنێرین ئەگەر وەدەست هاتن.

١٤- لە ڕۆژی ٥/٥، یەکێک لە مەفرەزەکانی لقی ٢ ب٥ لەشکری ٣، ١٨٠ سەرمەڕی لە نێزیک

کۆمپانیای زەنبوور کە ٢٥ کیلۆمەتر لە کەرکووکەوە دوورە وەدەست کەوت و ئەو مەڕانە هی جاش و سوپاکەی عارفن.

١٥- لە شەوی ٦/٥-٥دا یەکێک لە مەفرەزەکانی هەمان ئەو هێزەی لەسەرەوە ناوی هاتووە، هێرشی کردە سەر سەنگەری جاشەکان و نارنجۆکێکی فڕێ دایە نێو سەنگەری جاشەکان لە گوندی باداوا بوو بەهۆی کوژرانی ٤ جاش کە تاهیر جاش و خالید جاش لە نێوان ئەو چوارانەدا بوون. هیچ زیانێکمان نییە.

١٦- لە ناوچەی لقی ٦ی ڕزگاری لەشکری ٣ مقەددەم عەزیز، حکوومەت دوو مەرکەزی پۆلیسی بەجێ هێشت، هەرچەندە پێش ئێستە بەپۆلیسی زیادەی تر بەهێزی کردبوون، لە ترسی گورزوەشاندنی پێشمەرگە.

١٧- لە ٦/٦ هێزەکانمان لە ناوچەی ئاکرێ لەگەڵ جاشە ئێزیدی و زێبارییەکان تێک گیران و لە ئەنجامی ئەوەدا ٤ جاش کوژران، هەرچەندە هێزەکانمان مەفرەزەیەکی خولاوە (دورية) بوون.

١٨- هێزێکی حکوومەتی بەجەحفەلی فەوجێک لەگەڵ هێزێکی گەورەی جاشان چوونە پێشێ بۆ سەفین (سپیگرە) و لە دوای شەڕێکی سەخت هێزەکانمان دوژمنیان ناچار کرد هەڵێت و بکشێتەوە، دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان لێ کەوت و ئێمەش (هیچ زیانێکمان نییە).

١٩- سەعات پێنجی عەسری ئەمڕۆ پێنج باڵەفڕی (مێگی ٢١) بۆ ماوەی بیست دەقیقە گەلالەیان بۆمباران کرد و ئۆتۆمۆبێلێکی هاوولاتییەک بەر بۆمبارانەکە کەوت و هیچ زیانێکی گیانی ڕووی نەدا هەرچەندە گوندەکە پڕ بوو لە خەڵک.

ئەمە هەموو ئەو زانیارییانەی لای ئێمەن تا دواکاتی سەفەری (زەکی) و لە داهاتووشدا ئینشاڵڵا ئەوەی دەست کەوێت کۆی دەکەینەوە و بۆتانی دەنێرین.

براتان

ئیدریس

١٩٦٥/٥/٨

پاشبەندی٨

بغداد

٢٠ تموز ١٩٦٨

الأخ السيد الملا مصطفى البارزاني المحترم

تحياتي وارجو لكم الصحة والسعادة .

حملت الأخ صالح اليوسفي موجزاً لما سننتهجه من الوسائل اللازمة لإيجاد حل سلمي للقضية التي بقيت معلقة ولا تزال سنين عديدة .

ثم ارجو مخلصاً الاستماع الى وجهة النظر والتعاون معنا من أجل تحقيق الوحدة الوطنية ولما فيه الخير والرفاه الى الشعب العراقي عرباً واكراداً .

مع فائق احترامي وتقديري وتحياتي لكم والى الأخوة جميعاً وخاصة السيد ادريس ومسعود

وشكراً

المخلص

عبدالرزاق النايف

## پاشبەندی ٩

الأخ الملا مصطفى البارزاني المحترم

تحية اخوية ، وبعد ،

ارجو ان تكونوا وبقية الاخوان في صحة ودوام عافية في هذا الظرف العصيب الذي تعيشه الامة العربية والشعوب المناضلة في بلدان الشرق الاوسط ، حيث العدوان الصهيوني الغاشم والانتهاكات المستمرة لحقوقها كافة من جانب الامبريالية الدولية البغيضة ، اقول في هذا الظرف تهفو به قلوب الملايين من شعبنا العراقي وشعوب الارض المناضلة وتتطلع انظارهم محملة بأمل كبير على نتائج المباحثات الدائرة بيننا متمنية لها ان تكون النهاية لكل الفواجع التي مني بها هذا الشعب المناضل العظيم

انكم ايها الأخ ومن خلال تعيشون ازمة ثقة في الانفتاح كلياً امام أية محادثات من هذا النوع كان مقابل ذلك مرارة القتال ، ونحن من جانبنا نعيش نفس الازمة وللاسباب ذاتها ... هذه الازمة التي خلقتها ونمتها ظروف الحروب الداخلية الطاحنة منذ فترة طويلة واساليب الرجعية والاستعمار ، ولكن الحديث عن ازمة الثقة يجب ان يبقى في اطار البحث عن ايجاد افضل السبل لتجاوزها لا التوسل بها لنسف كل جسر يفيد باتجاه الحلول السلمية الديمقراطية للقضية الكردية ، لكي يعيش العرب والاكراد كقوميتين متحابتين متآخيتين يؤطرهما وطن واحد ويستظلان بظله ويناضلان سوية من اجل حقوقهما وطموحهما البعيدين في عز وازدهار .

وفي الختام ارجو لجهودكم السلمية السداد ووفقنا الله جميعاً لما فيه خير الشعب العراقي بعربه واكراده وبقية الشعوب المناضلة المضطهدة.

اخوكم

احمد حسن البكر

رئيس الجمهورية العراقية

# پاشبەندی ١٠

رئاسة محكمة الثورة
(بغداد)
عدد الدعوى: ١٧٥٨/ج/١٩٧٦
التاريخ: ٢٠/٩/١٩٧٦

**قرار الحكم**

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٢٠/ ٩/ ١٩٧٦ برئاسة الحاكم السيد عبد الكريم ابراهيم النجار وعضوية الحاكمين يونس معروف الدوري والمقدم الحقوقي رالسيب الشمري واصدرت باسم الشعب القرار الآتي :-

١- الحكم على عاصف الزيباري بالسجن المؤبد على أن تحسب له موقوفيته وفق المادة ١٩٤/ ٣٠ من ق.ع.

٢- الحكم على الهاربين محمد ديوالسه ومحمود عيسى غيابيا بالسجن المؤبد وفق المادة ١٩٤/ ٣٠ من ق.ع.

٣- الحكم على كل من عبد القهار فارس الزيباري ولطيف احمد الزيباري بالسجن لمدة سبع سنوات على أن تحتسب لهم موقوفيتهم وذلك وفق الفقرة ١ من المادة ٥٦ من ق.ع.

٤- مصادرة الأسلحة والأعتدة والظروف الفارغة وارسالها الى مديرية العينة وفق الأصول.

٥- اعتبار جريمتهم جناية عادية غير مخلة بالشرف حسب احكام قانون رد الاعتبار المرقم ٣ لسنة ١٩٦٧ المعدل.

قرارا صدر باتفاق الآراء وافهم علنا في ٢٠/ ٩/ ١٩٧٦.

| المقدم الحقوقي | الحاكم | الحاكم |
|---|---|---|
| رالسيب الشمري | يونس معروف الدوري | عبد الكريم ابراهيم النجار |
| عضو | عضو | رئيس محكمة الثورة |

# پاشبەندی ١١

بەغدا
١٩٧٢/٦/٢٢

برایانی خۆشەویست و بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتان بە ئاوات ئەخوازم.

ماوەیێک لەمەوبەر نامەیێکم نووسی بۆتان بە هۆی کاک عوبێدەوە، بەڵام چونکە خۆی هاتەوە بۆ بەغدا نامەکەم بۆگەڕایەوە. وا ئەمجارە بە کوردی بۆتان ئەنووسمەوە.

کە گەیشتمە بەغدا بە گەرمی لەلایەن حکومەت و شیوعی و بەعسەوە پێشوازیم لێکرا، نوێنەرانی هەر سێکیان هاتنە لام. هەرچەندە لەهجەی قسەیان جیا بوو بەڵام ئامانجیان یەک بوو. ئەویش بریتی بوو لە هاندانمان بۆ ئەوەی یەکێتی یەکەمان تێک بدەینەوە و حزبێکی تەقەدومی کوردی دروست بکەین. بۆ دروستکردنی (مغریات) و (تشجیعات) و (وعودی) زۆر هەبوو. هەروەها تائیدی پشتیوانیەوە تا سەر حوکمی زاتی.

من شیوعی و بەعسیەکانم هاندا بوون دەستی لە بارزانی بەرنەدەن و وەفدێک بنێرن بۆلای کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت وە (ضمانات) بیدا بە بارزانی کە معاهدەی رووس و عێراق ضدی کورد نییە وە حوکمی زاتی بەبێت بە کورد بەکەرکووکەوە وە پارەی حالی بارزانی بدەن.

لەسەر داوای عامر عبدالله بەو معنایە نامەیێکم بۆ کاک عزیز ... بە کوردی نووسی کە لەمەو سکوسیە. پاشان پێیان گوتمەوە کە کراوە بە عەرەبی و بەو بۆرسکێ سەرخاوەت ناردوویەتی بۆ موسکۆ بۆ رووس ئەمەم تەنکرد وە هەوڵ ئەدەم تێیانبگەیێنم کە بارزانی دۆستیانە و دۆستایەتیان لەگەڵیا (لەگەڵ کورد) مایەی قووەتە بۆیانە لە عێراقدا وە ئەمەش سەبەبی حەقیقی نزیکی حوکمی بەغدایە لێیانەوە، بۆیە هەق نییە بارزانی بەردەن.

حکومەت وروس وشیوعی نیازیان دروستکردنی (تجمعێکە) دژی بارزانی
بەناوی (حزب) یان (کومەل) یان هەر شتێکی ترەوە بێت.

(٢) دکتور سُرُد هاتەلام داوای لی کردم کە حزبێك دروست بکەم و روس و
شیوعی یارمەتیم بدەن. حکومەتیش موکمن اینتیمان بەهاتی بەکەرکوکەوە.
چونکە حاتەم بنێ کەرکوك بدەنە بارزانی. وەگوتی روس و
حکومەت و شیوعی یارمەتیت ئەدەن جە زورکەس هەیە ئامادەن
لەگەلت بن لەناو پارتی و لەدەرەوەی پارتی.

(٣) جماعەتێك هات لەکوردی مستقل وەك حمزە عبداللە و ئەژاد و حسو وەما
صالح الحیدری، کە هویان بەتقدمی ئەزانن وەولاتیان بەکان داراکو حنیفەوێش
هەیە، زور جار هاتنەلام و بوخویان. داوای حزبێکی کوردی یان
تجمعێکی کوردی تقدمی ئەکەن کە داخلی جبهە ببێت. من پرسیارم
کردن کە ئەمە غا شیلە چونکە تەجروبەی ئێمە هەیە. لە وەرامدا
گوتیان بە (٣) شەرت ناجیح ئەبێت کە بریتین لە:

١- پشتیوانی روس بوی - گوتیان ئەبێت.
٢- پشتیوانی حزبی شیوعی و پارتی شورشگێری بێت و
گوتیان ئەمەش پێویستە بیهێنەدی.
٣- حکومەت موکمنانی بدات ئەی - گوتیان ئەبێت.

لام وایە ئەم فیکرەیە لە داهاتوودا تحقیق ئەکرێت بە یارمەتی
شیوعی و روس و بعث.

(٤) صدام ناردی بەشوێن منلو خوداد عارفا. لە دیتنەکەدا باسیا کردکە
ئەوان حازرن بو هەموو شتێك کە ئێمە داوای بکەین. کاك خوداد
باسی (ئەشرافی) دەورەی بارزانی کرد و گوتی ئەوانن وەعوو بنەرێنە
سەر بارزانی بو ئەوەی رێگەی راست بگرێت. من لە ئەوە
دەستم پی کرد، پاش پێویستە باسی هەنگاوی ئاخیم گرتمە سەرکەوتنی
بەشە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد وە، ئەویش
لە بارزانی نابێت.

٧

پێشنیارم کرد کە خۆی بچێت بۆلای. گوتی من ئامادەم نامەی بنووسم و
بارزانی ڕەئی لەسەرم خراپ بووە. گوتی لە هەموو شتێکی من بەشوبهەیە.
تەنانەت کە دەمانچەمان پێشکەش کردووە هەر تووڕە بوو.
من پێشنیارم کرد کە وەفدێک دەسەڵاتدار بێت بە سەرۆکایەتی
عبدالخالق بچێت بۆلای بارزانی بە وشەیەک بتوانێ هەموو شتێک
ببڕێتەوە. ئەم وەفدە دەسەڵاتی حوکمڕانی و هەموو شتێکی هەبێت.
پێش هەموو ئیدارەکانی پارتی بەردەوین و حەبس و سەرۆکەکان
لەمەتر سەرجەم کردووە. عبید بچێت بۆ خارجی عراق. تقریبی
کە پرۆگرام دابگرێت. لە پاشدا سەدام گوتی ئێمە با لە دەستیان
دانیشینەوە، بە (ئەکسەریەت) چی قەرار درا جێبەجێی دەکەین
بە (ئەکسەریەت) ترسام. دوایی باقی بیری لێ بکەینەوە و بوو
دانیشینەوە.

(٥) حکومەت لای وایە کە جەناحێکی تقدمی هەیە لە پارتیدا بریتین لە
نووری شاوەیس، صالح یوسفی، دارا توفیق، عزیز عقراوی، هاشم
عقراوی، مەلا ئیسماعیل و ئەمانە ئامادەن لەگەڵی بەعسییەکانا
دژی جەناحی یەمینی پارتی بوەستن.
روحیشی هەیە و باوەڕیە. هەولیاندا کە من لەگەڵ ئەم
جەناحە بیانکەن دەبووستن پێکەوە بێت.

(٦) حکومەت هەر هەیکەلی فەلەک کردن و تاکتیکەم دروست کردنە. زۆرە
پارە سەرف ئەکات. بە حسابی خۆیان نووسیان کردووە.
وە ئەوەی کە سیاسەت لە هیچیە. بەڵام ئەو شێوەکی
دەرچیە. بەڵام لە ناو پارتیدا فەرقلیان هەیە.

٤

(٧) حیسیبیەکانیشم دی. ئەلێن ئێمە زۆر حەز بە دۆستایەتی بزوتنەوەی کورد ئەکەین.
هەر ئەکەین لەگەل بارزانی دۆست بین. ئەلێن ئێمە پێمان خۆشە کورد
بەهێز بێت لە ڕوەچەندە حەزە بە هەلگیرسانەوەی شەڕ ناکەین. ئەلێن
ئێمە و شەڕە گردنەوە بۆ کورد باش نیە چونکە [illegible]
زۆر خراپە لەناو عەرەبیدا. ئەلێن ئێمە ئەمانە گوتووە ئێوە
لەگەل بەعس دۆست بن و پشتیوانی بکەن. هەروەها
ئەلێن ئاگادارین کە (تجمع وطنی) ئیوەی تیا نیە.
(٨) چینییەکان نەفتی موهیمیان بە وەزعی کورد. ئەیانەوێ
بزانن موقفمان چیە لە معاهدەی ڕوسیا و بەعس؟ لە زال
بوونی نفوزی ڕوسیا بە سەر عیراقدا. من گوتم ئێمە [illegible] ئەوەین.
گوتیان ئەمە ڕەئی خۆتانە. ئێمە ڕەئی بارزانیمان لا موهیمە.
هەروەها ئەیانەوێ بزانن کورد چەند ئامادەیە دژی ڕوس ؟
وە چەند ئەمریکا ؟ بێت. چین حەز بە حلی دیموکراتی دەکات ئەکەین.
(٩) سەربەست باوەڕی [illegible] پیاوی هەیە. ئەوان [illegible] بوتالە جیاوازی
پاراستنی پارتی. شەبەکەی جاسوسی لە دەوری ئەسعەد و [illegible]
بۆ هەیەی دروست کردووە. بە عەشیرەت گوتویەتی زۆر مەعلوماتیان
بۆ ئەهێنێت. برایا [illegible] سەری مانگ بنێرنە گەلالە و بارەگی.
(١٠) بە ڕەئی من زۆر پێویستە (١) یەکیەتی بەهێز بکەین. (٢) زۆر وریا بین
زۆر ئاگادار بین (٣) ڕیزەکانمان پتر بکەین. (٤) بە پەیوەندی بە ئێران
چینەوە بکەین. (٥) لەگەل ڕوس نە [illegible]
[illegible] (٦) لەگەل هەموو حزب و جەماعەتەکانی بەغدا
و عەرەب بە پەیوەندی بەهێز بکەین. (٧) لە ناو [illegible] ڕێگە ئەدا
جاسوسی بێگانە نەهێلین. (٨) برادەرە گومانلیکراوە
[illegible] ئەستادەکان بە [illegible] دەگەڵە [illegible] براتان
[illegible]

## پاشبەندی ١٢

نامەی هنری کیسنجەر

February 22, 1975

My Dear General:

I was most pleased to receive your message of January 22, 1975. I want you to know of our admiration for you and your people and for the valiant effort you are making. The difficulties you have faced are formidable. I very much appreciated reading your assessment of the military and political situation. You can be assured that your messages receive the most serious attention at the highest levels of the United States Government because of the importance we attach to them.

If you would like to send a trusted emissary to Washington to give the U.S. Government further information about the situation, we would be honored and pleased to receive him. I am convinced that secrecy has been of paramount importance in maintaining our ability to do what we have done; it is only for this reason--plus our concern for your personal safety--that I hesitate to suggest a personal meeting here with you. I look forward to hearing from you.

Please accept my sincerest good wishes and high esteem.

H.K.

## پاشبەندی ١٣

أخي العزيز مسعود البارزاني المحترم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

اقبل عيون الصغار واسلم على الجميع - الوالد بحمد الله إن تكونوا بخير .

على إثر الاتفاق الذي حصل بين شاه إيران وصدام حسين صباح اليوم ورأينا كافة مدافع ضد الجو تنسحب الى خانة وقد استفسرت منهم فقالوا أنهم لا يعلمون وربما يتم تبديلهم ولكنه كذب سألت محي الدين فلم يكن لديه معلومات

حوالي الساعة الحادية عشرة جاء تيمار مرحم وقال بأنه صدرت اليهم الأوامر بسحب المدفعية أولاً الهاونات و ١٥٥ ملم ثم ١٢٠ ملم ولكن الآن الساعة الثالثة والنصف نرى جميع أنواع المدافع تنسحب وتذهب الى خانة

أرسلنا برقيات للوالد والى مركزهم عن طريق محي الدين طلبنا منهم توضيح لهذا التبدل المفاجئ

قال لي مرحم بأن صياديان أخبره بأن يؤكد لي بأنهم سوف لن يتركونا لوحدنا في الميدان - قلت له إن الانسحاب بهذا الشكل يخالف مبدأ عدم تركنا لوحدنا في الميدان وأعربت له عن أسفي البالغ . وقلت لهم بأننا إذا لم نحصل على حياة كريمة فيمكن قبول الموت بشرف .

هاجم العدو صباح اليوم سرتيز وناورديسن وسرية زوزك وبرزيوه وهندرين ويدور الآن قتال عنيف بين قواتنا وقوات العدو على طول الجبهة .

لم نسمع عن انتصارات للعدو لحد الآن ولكن لعدم وجود إسناد المدفعية أخشى من سقوط بعض المواقع بيد العدو ولله الأمر - مقاومتنا في برزيوه ضعيفة وقد تقدمت قوات الدبابات حتى خلكان وقد أرسلنا مغاوير الصواريخ والله المستعان .

هذا ما رأينا من الضروري إخباركم به ولا حول ولا قوة بالله العلي العظيم ودمتم في حفظ تعالى محروسين

المخلص

إدريس البارزاني

٧/٣/٧٥

يقول الوالد بأنه ليست لديه معلومات سوى ما سمع من الإذاعة ويقول بأنه بخير ولا داعي للقلق ولكنه استلمت برقيته قبل أن يستلم هو برقيتنا بخصوص التطورات أعلاه

## پاشبەندی ١٤


م. بسی وبارەگای بارزانی بەڕێز
سلام واحترام
لەبەر ئەو وەزعو تطورە
تازەیەی کە زۆر خطیرە و تێیدا بوە
پاشتی اتفاقی عیراق و ایران کە وادیارە
زۆر قول و اساسیە کاک حسن
هات بۆلاتان بۆ شەرحی وەزعی
بە تفصیل لەم ڕووەوە بەڕاستی وەزعێکی
ناخۆشە بەلام أمری واقعە و وادیارە

...

کاک حسن بگەڕێتەوە پێویستە.
براتان
١٩٧٥ / ٢ / ١٨

٤٥٠

## پاشبەندی ١٥



الى ابنائنا واخوتنا الاعزاء ابناء وطننا
من شعبنا العربي [illegible] من مسيرات
[illegible] في [illegible] نود أن نحيطكم
علماً بأن للعائلة علينا ما يلي:

(١) يعود [illegible] الى [illegible] وعرضه
وشرفه ويستقبل ابنائه وتعتبر
كافة الاعمال التي ارتكبت من قبل [illegible] والاقتتال
المؤسف لا يطولها القانون أو الحساب
ويبدأ الكل حياة جديدة من قبل ثورتنا
ومن أجل حرية وطننا.

(٢) ستمدد فترة العفو مرة أخرى
لكي يشمل من لم تشملهم ظروفهم
لأي سبب كان من العودة الى الوطن
وبعد ذلك سوف تسقط الجنسية
عن كل من لا يستفيد من العفو
ونعتبره خارج إطار الشعب والوطن
ونحن لسنا مسؤولين بأمره.

(٣) لا تلتفتوا الى دعايات المغرضين
والمضللين نحن عندنا [illegible]
وعهد نحترمها [illegible]
[illegible] ولا مجال في سياستنا
للخيانة أو الخداع [illegible] العفو
العام [illegible] كل من يرغب بالعودة
وبدون استثناء [illegible]
[illegible] ادريس
ومسعود [illegible] محمد خالد
وما عداهم فالكل مشمولين بالعفو.

(٤) يعود الموظف والعامل الى عمله
[illegible] بالحقوق التي
يتمتع بها زملائه ويعود الضابط
اما الى الجيش أو [illegible] بوظيفة
مدنية حسب [illegible]
الجنود وضباط الصف [illegible]
[illegible] ويعود
الطالب الى كليته أو مدرسته [illegible]
[illegible]
[illegible]
ويعود أبناء الوطن [illegible]
[illegible]

صدام حسين
١٩٧٥/٤/٢٠

٤٩٣

## پاشبەندی ١٦

نامەی دوکتۆر مەحمود عوسمان بۆ بەڕێزان ئیدریس و موسعود بارزانی


برایانی بەرێز کاک ئیدریس و مسعود بارزانی
پیشکەش

سلام و احترام

هیوام وایە صحەتتان باش
بێت ... صحەی بابە باشترە
واحوالاتی ئیرسێنت وە هەروەها دکتۆری
ئێرە تەماشایان کردوە
وە پرۆفیسۆرێکی سلف ئێرە تەماشای
کرد هەموو متفق لەگەڵ ئەو کەشفەی
کە کاک خۆی لەوێ دکتۆر جلال و من دیتومان

(٢)
فەرقی نەکرد بچینە لای ئەوان بەلام
خۆی دکتۆرەکە ئەوی ووت ومنیش
هەروا تصور ئەکەم کە احتیاجی بەوە
نابێت وان شاء الله زور زوو چاک
ئەبێتەوە دبینەوە و بەمعلومات
نازانێت شتابەپەلە بگەرێنەوە
چونکە ممکنە ئەزیەت بخوات مجبور
بێت بگەرێتەوە ئێرە کە هاتو چونکە
خۆی باش نەبو لەبەرئەوە ممکنە ٧
یان (١٠) رۆژی تر مجبوربێ هەبمێنێ

(٣)
کردبوو و دەرمانیان داوەتێ لەگەڵ
کورسێتی وشتتابا شترە و بەرەو
باشتریشی ئەروات بریاریان داوە
تا دە رۆژی تر استراحەت ئەواو
ودەرمان بەکار بهێنێت وەپاش
ئەوە ئەگەر باشتر بوو ئەوا لەسەری
ستمر ئەبێت وە ئەگەر خراپتر بو
یان هیچ فەرقی نەکرد علاجی تر
دائەنێن و دکتۆرەکەی سلف اقتراحی
کرد کە ئەگەر تا (١٥) رۆژ

(٤)
هەرچەندە خۆی وپێشتر پیمان خۆشە
زور زوو ببینەوە لەبەرئەوەزانی
شەرری ئێوە بەلام وا بزانم گەڕانەوە
بەم خۆشی سوودی نیە بەلکو زەرەر.
دەربارەی ناحیەی سیاسی وعسکری و مشاکل
اقتصادی لێرە لەگەڵ شار دخیری
و دۆستەکان دونێ زور بە دریژی
باسی کراوە وە شار دخیری لەگەڵ
گەورەکەی ئێرە باسی کردووە وبریاریان
داوە تا ئەتوانن هەول بدەن یارمەتی
بدەن بەلام وا دیارە ناحیەی سیاسی

٤٩٦

(٥)

جماعەتی تاج الدین تاشیا هیچی تازەیان
نیە وەلیەشی دیارە نیە بەلام زۆر
خەریکی بەهەموو لایەکێ کە زیاتر
دری ئەیارە و دبابە بنێرن و ئێمەیش
هەر هەمیشە یان لەگەل ئەکەین. شتێکە
هاتین من لە ... دەولەریکا بە تفصیل
تقریرێکیا سیاسیم نفسی دەربارەی
تطوراتە وشتی ... دوو سالی پێشوو
وپێشکەشی هەموولایەکمان کردوە
بو معلومات و یەکێکە مذکرەیەکی مختصر
دەربارەی احتیاجاتی ... بەم ئەبووین بە گەورەی

(٦)

ئێرە وئەوانی تر بو ئەوەی مطالبەیمان لەلا
واضح بێت. ئێمە لە داواکردن و قسەکردن
مقصورمان ناکەین باقیشی بەدەست ئەوانی
ترە.
بو ئەوەی ئاگادار بێت ئەوا
لەگەل کاک سەردار ئەم پارانەمان
بو ناردن ۲۱،۵۰۰،۰۰۰ تومانی
ئێرانی - مانگانەی ئەمان - چونکە
هەشت ملیونیان بو پارە گورینەوە
داوەتە کاک سەردار وە دوو ملیونیش
گێراوەتەوە لە باتی قسطیکی ...

(٧)

شیخ محمد حوسێن دەبێتە ملیونەکە -
هەروەها ملیون دولارەکەی تاجەدین
(١٥٠٠٠)
(½) دینار وە ½ ملیون دولار
هەروەها ١٢٨٠٠٠ دینارمانگانەی
ئەوانی تر وە دە هەزار دولاری
مانگانەی دەرمان وە (٢١٠،٠٠٠)
دینار لە کاک سەردار خۆی گوریویەتی.
کفایە بو ئاگاداریمان. سلام
بو هەموولایەکێ. خوشتان برایان
دکتور محمود ١٩٧٤/٧/١٤

٤٩٧

## پاشبەندی ١٧

ئەم شیعرە لە شینی بارزانی دا لە شاری شنۆ
لە تاریخی ٦/٣/٧٩ = ١٠/١٢/١٣٥٧ ی دا لە لایەن هەژارەوە خوێنراوەتەوە

### بارزانی نامری

بارزانی پاڵەوانی کورد — هیوای پیر و جەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردوی — بە دیمەن لەبەرچاو ون بوی
من دەزانم تۆ نامری — تۆ لە مردن بەهێزتری .

x x x

ڕۆژێک لە ناو شاخ و چیایێک — زێتە سەر ئەم زەوییە کوڕێک
تۆ ماڵگەی لەبەر حەفکانە — دایکی بە خەسیری [illegible]
ئاشکەڵی کوچە زیندانی ڕەشە — لە ڕۆشنایی بێ بەشە
بازرەی زنجیری دوو لایی — بۆتە دەنگی لای لایی
حەی گاگۆڵکەو ژارەدارە — گۆشەی زیندانی [illegible]

x x x

ئەوان چاردەساڵ جوانی — بە دەوری خۆیدا دەیەرانی .
هەرچی دەیبینی ئەسیرە — وەک دایکی مل بە زنجیرە
کوردێ گەل هەری بێ فودانە — چە قەڵبێری، گورگ شوانە
لە خەبەستان خوێنی دەخوێنی — ژین بە ئازادی دەفرۆشێ .
لێ براوە تۆڵە ستێنی — بە نرخی خەنجەر دەتراژێنێ
کاڵەی عەودین هەڵ دەبەستێ — کێ هەیە ئەو پێی نەوەستێ ؟؟
کورد خۆران قەڵیت وبردەکا — کوردستان گرانی شەر دەکا
تورک و عەرەب دەبەزێنێ — جەرگی شاهان دەتەزێنێ
دوژمن لە زەبری دەتاسێ — کێ بێ بارزانی نەناسێ ؟؟

x x x x

بەرلە شۆڕشی بارزان — کەس بە کوردی نەدەزانی
ئەو کوردی بە دنیا ناساند — هاواری بە دنیا گەیاند
لە هەرچوار قوژبنەی دنیادا — لە سەربەرز لە ناو دەریادا

بەڵێ بڵێ: کوردستانیم — پێیت دەڵێن: بڵێ بارزانیم
داشە دوژمنە کوردەکان — بەهێزی ئێوە بونە داوەن پاک
ئەوانی دەیخۆن هێشتە — لەبیرا کردویان پێشەوە

X X X

بارزانی شێست ساڵی ڕەبەق — هێزی خەوی ناشەوەردی ڕەق
بەشاخ و شکێرانەوە — بە بەردان و لێرانەوە
لە غوربەت و دەربەدەری — غەمخۆر و لەخۆشی بەری
لوتکەلی کورد چەوساوەوە — قەت تاوێک نەحەساوەوە.
بەرەو ئازایەتی ئێکان داین — ڕێگەی پیاوەتی نیشان داین
دوژمنی تۆیان هێز کردین — تاریکی لەسەرلا بردین ..
مانگی ئاسمانی کوردانە — دێ ئاوابون وەنەمانە
ئەوانەی بە مانگت دەوەیران — لەبیرا بیت لەوانەی وێچیدا کەیران

X X X

بارزانی بابی هەژاران — هەتۆنی دڵ بریندارا ن
مشیوەن شایانی تۆنیە — ئەمرین زێڕن هی تۆنیە
من تۆ دەربڕینی هەستم — پەیمانت دەگەڵ دەبەستم
تا دەمرم پێت وەفادارم — چۆن بوم؟ هەردەبان هەژارم.

X X X

بارزانی پاڵەوانی کورد — هێوای پیر و جەوانی کورد
خەبەریان پێ دام تۆ مردی — بە نیوەی لە بەرچاو ون بوی
من دەزانم تۆ نامری — لەو لە مردن بە هێزتری ..

# وێنەکان








http://kurdistan-pix.blogspot.com





ئیدریس بارزانی لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردە و پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان لە سنوری ئاڵوەتان لە ساڵی ١٩٨٢
لە ڕاستەوە: محەمەد عیسا، فەقێ ئەحمەد پشدەری، بەهرام شێروانی، ئیدریس بارزانی، شەوکەت شێخ یەزدین و ئەحمەدی سەعید و سێ پاسەوانەکانی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی لە ڕیزی پشتەوە



مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزان و شێخ محەمەد خالید





عەلی عەبدوڵا، ئیدریس بارزانی و شەوکەت بامەڕنی لە کۆنگرەی پشتگیریی کردن بە خەڵکی عێراق ١٩٨٦/١٢/٢٤ – ١٩٨٦/١٢/٢٨ لە هۆتێل لالەی تاران



ئەندامانی تیپی هەڵپەڕکێی گوڵان کە شایی چیمەن "دوو تەبەق" دەکەن.

**لە چەپەوە بۆ ڕاست:** کازم ئەحمەد گەردی، سلێمان سەلیم یەزدین، فەوزی کازم حەسۆ ئەحمەد، جخسی کازم حەسۆ ئەحمەد، نێچیرڤان ئەمەر جەمیل، فەوری کازم حەسۆ ئەحمەد، سەروەر تاهیر عومەر، دڵگەش عەوام حەسۆ، مسکین عوسمان تەها، یونس تیلی خەلیل، حازم لەتیف ڕەمەزان. سەهمی خێروڵا قورتاس، محەمەد ئیبراهیم محەمەد، ئەکرەم فەتاح خواجە، جەمال ئیسماعیل تەها، موراد جەمیل یاسین، شێروان تەمەر جەمیل.

## بەرهەمە چاپكراوەكانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.
٢- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی كوردستان.
٣- كوردایەتی و حیزبایەتی.
٤- كورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی كوردی.
٥- لێكۆڵینەوەیەكی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەكانی كەریم حیسامیی دا.
٦- كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان.
٧- كۆماری دیموكراتی: ئایدیۆلۆژی، ستروكتور، ستراتیژی، تاكتیك و كردەوەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان PKK. ٦ جار چاپكراوەتەوە. جارێك بە زارەوەی كرمانجی سەروو
٨- كۆكردنەوە و ئامادە كردنی ئاڵەكۆك بۆ غەنی بلوریان.
٩- ڕاستییەكان بۆخۆیان دەدوێن.
١٠- كۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریكلو.
١١- چاوخشاندنێك بەسەر وتارەكانمدا.
١٢- باشوری كوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.
١٣- چەككردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.
١٤- كۆماری كوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. وەرگێڕان بەزمانی فارسی: حەسەن ماوەڕانی.
١٥- ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەكەم.
١٦- ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.
١٧- كورد لە سوید.
١٨- تراویكەی پیلانەكان دژ بە نەتەوەی كورد. وەرگێڕان بە زمانی فارسی: حەسەن ماوەڕانی.
١٩- چەواشەكەرانی مێژووی كوردستان.
٢٠- ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەكان باشتر بناسین.

## ئەو بەرهەمانەی كە نوسەر كردوویەتە كوردی

١- مەكسیكی: نوسینی جەك لەندەن.
٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا كەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- كوردەكان: نوسینی حەسەن ئەرفەع.
٤- كورد تورك عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس. چاپی سێیەم
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاك ئاسیمۆف و فرانك وایت.

٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.